**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 70

**ساڵی/ 2011 – بەرگی حەفتا**

---

**چاپی یەکەم/ ساڵی 2011**

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(2011)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 70
چاپی یەكەم: 2011
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرِست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/6/20 ل 5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (28) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/6/21 ل 63

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (29) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2011/6/22 ل 189

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (30) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/6/27 ل 243

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (31) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2011/6/29 ل 291

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (32) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2011/6/30 ل 383



# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (27)**

**دوو شەممە رێكەوتی 20\6\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27)

## دوو شەممە ڕێکەوتی 2011/6/20

کاتژمێر (11،45)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2011/6/20 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (27)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارە (27)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11،45)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2011/6/20 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ماف و ئیمتیازاتی زیندانیە سیاسیە کوردستانیەکان، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (27)، ڕۆژی دانیشتن 2011/6/20، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددە بیست لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (27)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ بێت، بەڵام دواکەوت بۆ (11,45)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2011/6/20 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ماف و ئیمتیازاتی زیندانیە سیاسیە کوردستانیەکان، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان.

بەخێرهاتنی بەڕێزان، وەزیری ڕۆشنبیری دکتۆر کاوەو هەروەها خوشکە پەخشان زەنگەنە، بەڕێز کاك سعد دەکەین، زۆر زۆر بەخێر هاتن، بەخێر هاتنی ئەو خوشکە بەڕێزانەی لە کۆمەڵگای مەدەنی هاتوون

**دەکەین، کە ئەمڕۆ لێرەن و چاودێری دانیشتنەکان دەکەن، زۆر زۆر بەخێر هاتن بەسەرچاو، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین، فەرموون بۆ سەر مەنصە، بۆ خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار، لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ خاڵی یەك لە بەرنامەی کار، فەرموون.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

**خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ماف و ئیمتیازاتی زیندانیە سیاسیە کوردستانیەکان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش کراوە.**

**ئێستا بە زمانی کوردی دەیخوێنمەوە:**

## یاسای ژمارە (  )ی ساڵی 2011

## یاسای ماف و سوود وەرگرتنەکانی بەندکراوو گیراوی کوردستانی

## بەشی یەکەم

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەست لەم دەربڕین و زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:**

**یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان - عێراق.**

**دووەم: وەزارەت: وەزارەتی کاروباری شەهیدو ئەنفالکراوەکان.**

**سێیەم: وەزیر: وەزیری کاروباری شەهیدو ئەنفالکراوەکان.**

**چوارەم: بەندکراوی سیاسی: ئەو کەسەیە کە گیرابێت، یان بەند کرابێت بەهۆی نارەزایی دەربڕینی بۆ رژێمە یەك لەدوای یەکەکان لە عێراق، لەسەر ڕا دەربڕین و بیرو باوەڕ، یان ئینتیمای نیشتمانی، یان سیاسی، یاخود لایەنگیری کردنی ئۆپۆزسیۆن، یان یارمەتیدانیان، یاخود بەشداریکردنی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و، بڕیاری حوکم کردنی درابێ، لەلایەن یەکێك لە دادگاکان، یاخود دەسەڵاتەکانی سەر بە رژێم.**

**پێنجەم: گیراوی سیاسی: هەرکەسێك گیرابێت، یان گلدرابێتەوە، یان ڕاگیرابێ، بەبێ ئەوەی بڕیاری حوکمی لەبارەیەوە لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە دەرچووبێ، بەپێی هەمان هۆیەکانی کە لە پێناسەی بەندکراوی سیاسیدا هاتوون.**

## بەشی دووەم

## ئامانج و بنچینەو کارپێکردنی

**ماددەی دووەم:**

ئامـانجی ئـەم یاسـایە دەسـتەبەر کردنـی مـاف و سـوود وەرگرتنـەکانی بەنـدکراوی سیاسـی و رێزلێنـان و چـاودێری کردنیـان و قەرەبووکردنـەوەیان بـەجۆرێکی وا کـە بگونجێـت لەگـەڵ قـەبارەو پایـەی ئـەو قوربانییانەی داویانە. ئەمەش بۆ سووك کردنی ئازارو کێشەکانیان دەبێ.

ماددەی سێیەم:

هەر کەسێك ئەم کارانەی کردبێ، بە بەندکراو و گیراوی سیاسی بۆ مەبەسـتەکانی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە دانانرێت.

یەکەم: کاری کردبێ لەگەڵ رژێمە سەرکوتکەرەکانی پێشوو لە دامەزراوە جیاجیاکاندا، یان لەو کەسانە بێت کە لایەنگیریان بووە، جا بەند کرا بێ، یاخود گیرابێ، بەهۆی یەکلا کردنەوەی حسابە ناوخۆییەکانیان.

دووەم: کاری کردبێ لەگـەڵ رژێمـە سـەرکوتکەرەکانی پێشـوو و، کەوتبێتـە نـاو کـاری تاوانـەوە لـەکاتی، یـان لەدوای گرتن، یاخود بەندکردنی بێت.

ماددەی چوارەم:

یەکەم: دامەزرانـدنی لیژنەیـەکی تایبـەت، بـە سـەرۆکایەتی دادوەرێـك لـەپۆلی یەکـەم بـێ، کـە ئەنجومـەنی دادوەریی لە هەرێم دەیپاڵێوێ لەگەڵ ئەندامیەتی چەند نوێنەرێك، کە پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ و، نوێنەرایەتی ئەمانەی خوارەوە دەکەن:

1- ئەنجومەنی وەزیران.

2- وەزارەتی کاروباری شەهیدو ئەنفالکراوەکان.

3- وەزارەتی ناوخۆ.

4- نوێنەرێك لە کۆمەڵەی بەندکراوە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

دووەم: بەنـدکراوی سیاسی، یاخود گیراوی سیاسی بەڕێگەی یاسایی لەبەردەم لیژنەیـەکی تایبـەتی پێکهـاتوو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ساغ دەبێتەوە.

سـێیەم: لیژنەکـە بەزۆرینـەی دەنـگ بڕیـاری خـۆی دەردەکـات و، دەکرێـت بڕیارەکـەش تانـەی لـێ بـدرێت لەبەردەمی دادگـای ئیداریـدا، بـەپێی حوکمـەکانی یاسـای ئەنجومـەنی شـوورای هـەرێم ژمـارە (14)ی سـاڵی 2008.

ماددەی پێنجەم:

حوکمەکانی ئەم یاسایە هەموو ئەو بەندکراوو دەستبەسەرە سیاسیانە دەگرێتەوە، کە بەپێی ماددەی یەکەم بە هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان - عێراق دانراون.

## بەشی سێیەم

## "مـاف و بەرژەوەندییەکان"

ماددەی شەشەم:

بەندکراو، یان دەستبەسەری سیاسی ئەم ماف و بەرژەوەندییانەی خوارەوەی دەبێت:

**یەکەم:** پارچەیەك زەویی نیشتەجێ بوونی بەبێ بەرامبەر پێدەدرێت و، بەخشش‌ێکی خانووبەرەشی بەبێ بەرامبەر پێدەدرێت، کە خانوویەکی لەسەر دروست بکات.

**دووەم:** ماوەی بەندکردن، یان دەستبەسەرکردنی فەرمانبەر بە خزمەت هەژمار دەکرێت، بۆ مەبەستی پلە بەرزکردنەوەو سەرمووچەو خانەنشینی ، بۆیشی خەرج دەکرێت، بەبێ ئەوەی تەمەنی بەندکراوەکە، یان دەستبەسەرەکە لەکاتی حوکمدانیدا ڕەچاو بگیرێت.

**سێیەم:** ئەو بەندکراوە، یان دەستبەسەرەی کە فایلەکەی لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە تەصدیق کراوە، مووچەیەکی خانەنشینی مانگانەی پێدەدرێت، بەپێی ئەو ڕێنمایی و مەرجانەی کە دواتر دەردەچێت، بەمەرجێك ئەو مووچەیە لەمووچەی هاوتاکانی لە حکومەتی فیدراڵدا کەمتر نەبێت.

**چوارەم:** ئەو کەسەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە، لەمەرجی تەمەن دەبوێردرێت، کاتێك کە داوای قبوڵ دەکات لەخوێندنی سەرەتایی و خوێندنی باڵادا، بەو کەسانەشەوە کە بەهۆی بەندکردن و دەستبەسەرکرانەوە لەخوێندن پچڕاون.

**پێنجەم:** حکومەتی هەرێم تێچووی خوێندنی بەندکراو و گیراوی سیاسی، یان یەکێك لە منداڵەکانی لە زانکۆکانی حکومەت و زانکۆ ئەهلیەکاندا لەناو هەرێمدا دەگرێتە ئەستۆ.

**شەشەم:** حکومەتی هەرێم ئەرك و خەرجی چارەسەرکردنی بەندکراو و گیراوی سیاسی لە نەخۆشخانەکانی حکومی و ئەهلی لەناو هەرێمی کوردستاندا دەگرێتە ئەستۆ، دوای پیشاندانی راپۆرتێکی پزیشکی، کە لە لیژنەیەکی پزیشکیی پسپۆڕەوە دەرچوو بێت.

**حەوتەم:** کاتێك هەر فەرمانبەرێك لە بەندکراو، یان گیراوی سیاسی خانەنشین دەکرێت، بەخشش (دەرماڵە)یەکی بۆ سەرف دەکرێت، کە لەمووچەی وەزیفی (12) دوازدە مانگ زیاتر نەبێت.

**هەشتەم:** بەندکراو، یان گیراوی سیاسی، چ نێر، چ مێ، بەخشش‌ێکی هاوسەرگیری پێدەدرێت، بۆ یەك جار، بڕەکەی (3) سێ ملیۆن دیناری عێراقی بێت.

**نۆیەم:** بەندکراو، یان گیراوی سیاسی، ئەو ئیمتیازو سوودانە دەیگرێتەوە، کە حکومەتی هەرێم بە چینەکانی دیکەی کۆمەڵگەی دەبەخشێت، بەمەرجێك کە رێژەکەی لە (15٪) کەمتر نەبێت.

**دەیەم:** ئەگەر بەندکراو، یان گیراوی سیاسی فەرمانبەر بێت، ئەوا بۆی هەیە تا ماوەی (10) دە ساڵ مووچەی خانەنشینی و مووچەی وەزیفەکەشی وەربگرێت وەك قەرەبووکردنەوە. بەڵام دوای تەواو بوونی ماوەی ئاماژە پێکراو بۆی هەیە کام مووچەیان باشتربێت ئەوەیان وەربگرێت.

**یازدە:** رۆژی حەوتی مانگی شوباتی هەموو ساڵێك تایبەتمەند دەبێت بە رۆژی بەندکراو و گیراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.

**دوازدە:** بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کاروباری بەندکراو و گیراوی سیاسی تێچووی فەرزی حەج بۆ بەندکراو و گیراوی سیاسی دەگرێتە ئەستۆ، بەپێی ئەو رێژەیەی کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی حەج و عومرە لە هەرێمی کوردستاندا بڕیاری لەسەر دەدات.

سێزده: بەندکراو و گیراوی سیاسی بە مەدالیا رێزیان لێدەگیرێت، وەك رێزگرتنێك بۆ ئەو قوربانیانیدانەی کە لەرێگای بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستاندا بەختیان کردووە.

چوارده: ماف و ئیمتیازاتی بەندکراو و گیراوی سیاسی دوای مردنی دەدرێتە میراتگرە شەرعییەکانی.

**بەشی چوارەم**

**"حوکمە گشتیەکان"**

**ماددەی حەوتەم:**

ئەوانەی تۆمەتبارن بە تێوەگلانی تاوان لەدژی بەندکراو و گیراوی سیاسی رەوانەی دادگا تایبەتمەندەکان دەکرێن.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیری بۆی هەیە، رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچووێنێت.

**ماددەی نۆیەم:**

کار بەهیچ دەقێك ناکرێت، لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی دەیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمیدا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیە پێویستەکانی دەرهێنانی ئەم یاسایە**

وڵاتی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بەماوەیەکی گرژو سەختدا تێپەڕیوە، لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك دەستدرێژو تاوانکار، بەسەرۆکایەتیی دڕندەترین دکتاتۆری مێژوو لەم وڵاتەدا دەست باڵا بووەو حوکمی کردووە، بەو هۆیەوە گەلێك لە رۆڵەکانی گەلی کوردمان تووشی بەندکردن و گرتن بوونەتەوەو، بەهۆی ئەوەی کە لە دژی ئەو حوکمە زاڵمە بوون مافی مرۆڤایەتییان پێشێل کراوە، چونکە میللەت لەدژی راو بیروباوەڕو ئینتیمای سیاسی ئەو کۆمەڵە تاوانکارە بوون، یان دەستی یارمەتییان بۆ بەرهەڵستکارانی ئەو زاڵمانە درێژ دەکرد، جا لەبەرئەوە زەرەرو زیانێکی زۆرو ئازارێکی زۆر تووشی ئەو بەندکراو و گیراوانە بووە، کە ناچار بەرگەی ئەو ناهەمواریيەيان گرتووە، جا بۆ ئەوەی کە بەشێکی کەم لەو زیانانەیان بۆ قەرەبوو بکرێتەوەو لە رێگەی ئەم خاك و میللەتەدا بەختیان کردووە، ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بە عەرەبیەکەیش تکایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**ئێستاش یاساکە بە زمانی عەرەبی پێشکەشتان دەکەم.**

## قانون رقم ( ) لسنة 2011

## قانون حقوق وامتيازات السجناء السياسيين الكوردستانيين

## الفصل الاول

## التعاريف

**المادة الاولى:**

**يقصد بالتعابير والمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:**

**اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.**

**ثانياً: الوزارة: وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين.**

**ثالثاً: الوزير: وزير شؤون الشهداء والمؤنفلين.**

**رابعاً: السجين السياسي: هو من حبس او سجن بسبب معارضته للانظمة المتعاقبة في العراق على الرأي او المعتقد او الانتماء الوطني او السياسي او تعاطفه مع المعارضة او مساعدته لهم او مشاركته في الحركة التحررية الكوردستانية وصدر قرار الحكم عليه من قبل احد المحاكم او السلطات التابعة للنظام.**

**خامساً: المعتقل السياسي: كل من اعتقل او احتجز او اوقف دون صدور قرار الحكم بذلك من قبل محكمة مختصة لنفس الاسباب المذكورة في تعريف السجين السياسي.**

## الفصل الثاني

## الاهداف والاسس والسريان

**المادة الثانية:**

**يهدف هذا القانون الى ضمان حقوق وامتيازات السجناء السياسين وتكريمهم ورعايتهم وتعويضهم بما يتناسب وحجم ومكانة التضحيات التي قدموها للتخفيف عن معاناتهم.**

**المادة الثالثة:**

**لايعد سجيناً او معتقلاً سياسياً لاغراض تطبيق احكام هذا القانون كل من:**

**اولاً: كان يعمل مع الانظمة القمعية السابقة في مؤسساتها المختلفة او من الموالين لها سجن او اعتقل بسبب تصفية حساباتها الداخلية.**

**ثانياً: عمل مع الانظمة القمعية السابقة وتورط في اعمال اجرامية اثناء او بعد الاعتقال او السجن.**

**المادة الرابعة:**

**اولاً: تشكل لجنة خاصة برئاسة قاضي من الصنف الاول يرشحه مجلس القضاء في الاقليم وعضوية ممثلين لا تقل درجتهم عن مدير عام يمثلون ما يأتي:**

**1- مجلس الوزراء.**

**2- وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين.**

**3- وزارة الداخلية.**

**4- ممثل عن جمعية السجناء السياسيين في اقليم كوردستان.**

**ثانياً: يثبت السجن السياسي او الاعتقال السياسي بالطرق القانونية امام لجنة خاصة مشكلة بموجب احكام هذا القانون.**

**ثالثاً: تصدر اللجنة قرارها بالاغلبية ويكون قرارها قابلاً للطعن فيه امام المحكمة الادارية وفقاً لاحكام قانون مجلس شورى الاقليم رقم (14) لسنة 2008.**

**المادة الخامسة:**

**يسري احكام هذا القانون على جميع السجناء والمعتقلين السياسيين والذين تم تحديدهم بموجب المادة الاولى من مواطني اقليم كوردستان – العراق.**

## الفصل الثالث

## الحقوق والامتيازات

**المادة السادسة:**

**يتمتع السجين او المعتقل السياسي بالحقوق والامتيازات الاتية:**

**اولاً: منح قطعة ارض سكنية بدون بدل، ومنح عقارية لبناء وحدة سكنية.**

**ثانياً: تحتسب للموظف فترة السجن او الاعتقال خدمة لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد بصرف النظر عن عمر السجين او المعتقل وقت الحكم عليه بالسجن او اعتقاله.**

**ثالثاً: يصرف للسجين او المعتقل السياسي المصادق على اضبارته من قبل اللجنة الخاصة راتباً تقاعدياً شهرياً وفقاً للتعليمات والضوابط التي تصدر لاحقاً على ان لايقل عن الراتب الذي يمنح لاقرانهم في الحكومة الاتحادية.**

**رابعاً: يستثنى المشمول باحكام هذا القانون من شرط العمر لغرض القبول في الدراسات الاولية والعليا بمن فيهم الذين انقطعوا عن الدراسة بسبب السجن والاعتقال.**

**خامساً: تتحمل حكومة الاقليم نفقات دراسة السجين والمعتقل السياسي او احد اولاده في الجامعات الحكومية والاهلية داخل الاقليم.**

**سادساً: تتحمل حكومة الاقليم تكاليف معالجة السجين والمعتقل السياسي في المستشفيات الحكومية والاهلية داخل الاقليم بعد ابراز تقرير طبي صادر من لجنة طبية مختصة.**

سابعاً: عند احالة اي من الموظفين من السجناء او المعتقلين السياسيين على التقاعد يصرف لهم مكافأة تساوي الراتب الوظيفي بما لا يزيد على (12) اثنتي عشرة شهراً.

ثامناً: يمنح السجين او المعتقل السياسي من الجنسين منحة زواج وقدرها (ثلاث ملايين دينار عراقي) ولمرة واحدة.

تاسعاً: شمول السجين او المعتقل السياسي بالامتيازات والمنافع التي تمنحها حكومة الاقليم للشرائح الاخرى في المجتمع على ان لا تقل نسبتها عن 15٪.

عاشراً: في حالة كون السجين اوالمعتقل السياسي موظفاً يجوز له الجمع بين الراتب التقاعدي وراتبه الوظيفي لمدة عشرة سنوات، تعويضاً له، وله حق اختيار الراتب الافضل بانتهاء المدة المذكورة.

حادي عشر: تخصيص يوم السابع من شهر شباط من كل عام ليكون يوماً للسجناء والمعتقلين السياسيين في اقليم كوردستان.

ثاني عشر: تتكفل المديرية العامة لشؤون السجناء والمعتقلين السياسيين مصاريف اداء فريضة الحج للسجناء والمعتقلين السياسيين، وحسب النسب المقررة من قبل المديرية العامة للحج والعمرة في اقليم كوردستان.

ثالث عشر: تكريم السجناء والمعتقلين السياسيين بمداليات تقديراً لتضحياتهم في سبيل الحركة التحررية الكوردستانية.

رابع عشر: تنتقل حقوق وامتيازات السجين والمعتقل السياسي الى ورثته الشرعيين بعد وفاته.

## الفصل الرابع

## احكام عامة

**المادة السابعة:**

احالة المتهمين بارتكاب الجرائم بحق السجناء والمعتقلين السياسيين الى المحاكم المختصة.

**المادة الثامنة:**

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة التاسعة:**

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**المادة العاشرة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الحادية عشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**الاسباب الموجبة**

**لقد مر العراق وبضمنه اقليم كوردستان بفترة عصيبة، حيث شهد تسلط مجموعة من المجرمين تزعمهم اعتى دكتاتور عرفه التاريخ، وتمخض عن ذلك تعرض الكثيرين من ابناء شعبنا الكوردستاني الى الحبس او السجن والاعتقال وانتهاك حقوق الانسان بسبب معارضتهم السلطة في الرأي او العقيدة او الانتماء السياسي او لانهم تعاطفوا او ساعدوا معارضيها، وترتب على ذلك الحاق الضرر والاذى بالسجناء او المعتقلين الذين تحملوا المصاعب ولاجل الايفاء بجزء بسيط مما قدموه في سبيل المباديء التي ضحوا من اجلها، فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، کە ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئێستا ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی وئابووری و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان دەکەم، پێویست بە لیژنەی ناوخۆ ناکات، چونکە ناوخۆ بۆ ئێستایە، ئەوە هی رابردووە، لە رابردوو زیندان بوونە، بۆیە لیژنەی یاسایی و دارایی و ئابوورییە، ئێستا بۆ خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان، داوا لە لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان دەکەین کەرەم بۆ سەر مەنصە، فەرموون، تکایە لە جێگای خۆتان قسە مەکەن، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.**

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەو کۆبوونەوەی دوێنێ کرا، ئێمە راپۆرتی هاوبەشمان لەلا نییە، هێشتا نەگەیشتۆتە دەستمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کەمێك سەبر بگرە خاتوون، ئەوە لە تەکتەوە وا دەیهێنێت، واتا لەبەرچاوی جەنابتەوەیە، لیژنەی یاسایی فەرموون.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

**هەموومان ئاگامان لێیە کە پرۆژە، دەتوانین بڵێین دوو پرۆژە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە، لە خولی پەرلەماندا، هەروەها لە خولەکانی پێشوودا، بەڵام لەبەر نەبوونی کات، کاتی خۆی پەرلەمانی کوردستان نەیتوانی ئەو پرۆژانە پەسند بکات، ئێستا دەرفەت هاتووە بۆ پەرلەمان، کە ئەو پرۆژەی کاری**

**لەسەر بكات و بیهێنێتە هۆڵی پەرلەمان، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بكرێت و بۆ دەركردنی یاسایەكی گونجاو و، بۆ بەرژەوەندی خێزانی كوردستان و تاكەكانی كوردستان، هەموومان ئاگامان لێیە كە دوای ئەوەی لە راپۆرتی كاروباری لیژنەی یاسایی ژمارە (91) لە 11/5/ 2011 سەبارەت بە پرۆژە یاسای توندوتیژی خێزانی، لیژنەی یاسایی رای خۆی دابوو، لە هەمان كاتدا لیژنەكانی تری پەرلەمان كە پەیوەستن بە بابەتەكە رەئی خۆیان بە جیاوازی پێشكەش بە سەرۆكایەتی پەرلەمان كرد بوو، سەرۆكایەتی پەرلەمان تێبینی ئەوەی كرد، كە ئەم راپۆرتە جیاوازانە لە هەندێك لە برِگەكان و دەقەكانی راپۆرتەكە جیاوازی هەیە لە برِگەكان و ماددەكان كە پێشكەش كراوەو، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاڵۆزی لە گفتوگۆ كردن و دەنگدان لەناو پەرلەماندا، بۆیە بەپێی ماددەی (46)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، سەرۆكایەتی پەرلەمان برِیاریدا كە كۆبوونەوەیەك ئەنجام بدرێت لەنێوان هەموو لیژنەكاندا بە سەرۆكایەتی جەنابی جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان، هەروەها دوا بەدوای ئەو كۆبوونەوەیە، لیژنەكان، واتا هەر پێنج لیژنە، لیژنەی كاروباری یاسایی و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێییەكان و بەرگری لە مافی ئافرەتان و مافی مرۆڤ و كاروباری كۆمەڵایەتی و منداڵ وخێزان، ئەمانە راپۆرتێكی هاوبەشیان ئامادە كردووە، ئێستا راپۆرتەكە بەو شێوەیەی كە ئاماژەی پێ كراوە، لەنێو راپۆرتەكەدا خاڵی جیاواز هەیە، واتا رەئی جیاواز هەیە سەبارەت بە ناونیشانی یاساكە، ئایا ناونیشانەكە ببێتە یاسای پاراستنی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی كوردستان – عێراق، یان یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لەتوندوتیژی لە هەرێمی كوردستان – عێراق، داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم، ئەو بابەتە بخرێتە دەنگدانەوە، كە ئایا ئەو راپۆرتە ببێتە بنەمایەك بۆ گفتوگۆ كردن، یان نا؟ پێش ئەوەی داخیلی ناوەرِۆكی راپۆرتەكە ببین، زۆر سوپاس.**

**بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەرِێزان، ئەم پرۆژە یاسایە كە بە نووسراومان (ك 158) لە 2009/11/19 ئاراستەی لیژنەكان كرا بوو، وەڵامی لیژنەكانی ناو پەرلەمان، كە بۆ سەرۆكایەتی هاتۆتەوە، لیژنەی كاروباری یاسایی لە 2010/8/9 پاشان ئاخیر راپۆرتیان ژمارە (91) لە 2011/5/11 بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان هاتووە، هی لیژنەی ناوخۆ ژمارە (92) لە 2010/9/15 هاتووە، لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت لە پێشدا بە نووسرایان ژمارە (41) لە 2010/6/23 بۆمان هاتووە، پاشان سەحبیان كردەوە ئاخیر وەڵامیان بە ژمارە (17) لە 2011/4/25 بۆمان هاتووە، لیژنەی مافی مرۆڤ بە ژمارە (109) لە 2010/4/21 بۆمان هاتووە، بەرِێزان، دوای ئەوەی كە راپۆرتەكان هەمووی گرنگ بوون، هەموو بیروبۆچوونی باشیان دابوو، بەڵام ئیختیلاف هەبوو، بە سەرپەرشتی رێزدار جێگری سەرۆكی پەرلەمان كاك دكتۆر ارسلان پێرێ لەگەڵیان دانیشت، دوێنێش خۆیان لیژنەكان لە بەینی خۆیان دانیشتن، ئیتیفاقیان كردووە، كە ئەو پرۆژەیان هەیە، ئێستا بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە ببێتە ئەساس و موناقەشەی لەسەر بكرێت، دەیخەینە پێش ئێوەی بەرِێز بۆ دەنگدان، كێ لەگەڵدایە پرۆژەكە ببێتە ئەساس و لەسەر ئەمە موناقەشە بكەین، هەم ببێتە راپۆرتی لیژنەكان و پرۆژەكە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر**

سوپاس، سێ کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا ئەم پرۆژەیە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، فەرموو لیژنەی یاسایی بۆ خوێندنەوەی، پاشان بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا راپۆرتەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان _ العراق**

**م/ تقرير مشترك**

الحاقاً لما ورد في تقرير لجنة الشؤون القانونية المرقم (91) في 2011/5/11 المقدم الى رئاسة برلمان كوردستان بشأن مشروع قانون العنف الاسري، ولكون المشروع كان مقدماً الى اللجان (الشؤون القانونية والداخلية والامن والمجالس المحلية، الدفاع عن حقوق المرأة، حقوق الانسان، ولجنة الشؤون الاجتماعية والطفل والاسرة) وكل لجنة قد درسته على حدة ورأت رئاسة البرلمان تبايناً في النصوص المقترحة قد تؤدي الى تعقيد المناقشة والتصويت في البرلمان. واستناداً لحكم المادة (46) من النظام الداخلي للبرلمان، اجتمعت اللجان المختصة كلجنة واحدة لاعادة دراسته و وضع تقرير موحد عنه.

وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجان الى الصياغة التالية للقانون مع الاشارة ضمن المواد الى الحالات التي فيها راي آخر بشأنها ومنها عنوان القانون وكالآتي:

بالنسبة لعنوان القانون:

الرأي الأول:

**قانون رقم ( ) لسنة 2011**

**قانون الحماية من العنف الاسري في اقليم كوردستان - العراق**

**الراي الثاني:**

**قانون رقم ( ) لسنة 2011**

**قانون مناهضة العنف الاسري في إقليم كوردستان - العراق**

المادة الاولى:

يقصد بالمصطلحات الآتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

1- الاقليم: اقليم كوردستان - العراق.

2- الاسرة: مجموعة اشخاص طبيعيين تربطهم الرابطة الزوجية او القرابة الى الدرجة الثانية اينما اقاموا والاقارب من الدرجة الثالثة والرابعة، شرط اقامتهم في البيت الاسري.

3- العنف الاسري: كل فعل او قول او التهديد بهما صادر من احد افراد الاسرة ضد الآخر من شأنه ان يلحق اضراراً مادياً ومعنوياً وهدراً لحقوقه وحرياته.

وهناك رأي آخر بالنسبة لهذه الفقرة، تقترح الصياغة التالية:

**3- العنف الاسري: كل فعل او قول (او التهديد بهما) صادر من احد افراد الاسرة ضد الآخر او على اساس الجنس من شأنه ان يلحق ضررا ماديا ومعنويا وهدراً لحقوقه وحرياته.**

**المادة الثانية:**

**1- يحظرعلى اي شخص يرتبط بعلاقة اسرية ان يرتكب اي صورة من صور العنف الاسري.**

**وهناك رأي آخر بالنسبة لهذه الفقرة، تقترح الصياغة التالية:**

**1- خاصة تلك التي تستند على العادات والتقاليد السائدة، مثل "منع الزواج، الزواج بالاكراه، زواج صغير، زواج شغار، زواج مقابل دية، تهميش افراد الاسرة، قطع صلة الارحام، والتمييز، إهانة، سب، شتم، قذف، ضرب، وايذاء بهدف التأديب، ممارسة الجنس بالاكراه).**

**2- يحق للمتضرر من العنف الاسري ان يحصل على اجراءات و ضمانات لحمايته من العنف في المستقبل.**

**3- لا تحرك الدعوى الا اذا كان العنف واقعا.**

**4- تحرك الدعوى في قضايا العنف الاسري من قبل المتضرر او من يقوم مقامه قانونا او باخبار يقدم الى قاضي التحقيق، او المحقق او المسؤول في مركز الشرطة او الادعاء العام.**

**5- تكون اجراءات التحقيق والمحاكمة في قضايا العنف الاسري سرية مع مراعاة الخصوصية.**

**المادة الثالثة:**

**1- تشكل محكمة مختصة بقضايا العنف الاسري وفق قانون السلطة القضائية للاقليم رقم (23) لسنة 2007.**

**2- على وزارة العمل والشؤون الاجتماعية في الاقليم انشاء دور لضحايا العنف الاسري في مراكز محافظات الاقليم.**

**3- شمول ضحايا العنف الاسري بخدمات قانون الرعاية الاجتماعية عند عدم وجود معيل له.**

**4- تختص المديرية العامة لمكافحة العنف ضد المرأة في وزارة الداخلية بمتابعة قضايا العنف الاسري.**

**المادة الرابعة:**

**اولاً:**

**1- تصدر المحكمة عند الضرورة (امرالحماية) كاجراء مؤقت لحماية ضحايا العنف الاسري.**

**2- لاي فرد من افراد الاسرة او من يمثله ان يطلب من المحكمة اصدار امر الحماية.**

**3 - لا يجوز للمحكمة رفض اصدار (امر الحماية) بحجة وجود وسائل قانونية اخرى متاحة امام المتضرر.**

**4- على المحكمة تحديد مدة ( امر الحماية) وتمديدها كلما دعت الحاجة.**

**5- لمن يطلب امر الحماية التنازل عن هذا الامر بناء على المستجدات وعلى المحكمة التأكد من ان طلب الالغاء قدم باختيار وانه في مصلحة المتضرر.**

**ثانيا: يتضمن امر الحماية:**

1- تعهد من المشكو منه بعدم التعرض للمتضرر او اي فرد من افراد الاسرة.

2- نقل الضحية الى اقرب مستشفى او مركز صحي للعلاج عند الحاجة او اذا طلبت الضحية ذلك.

3- ضمان نقل المتضرر الى مكان آمن عند الضرورة.

4- اعادة تأهيل المتضرر من العنف الاسري من الناحية النفسية والبدنية.

5- عدم السماح للمشكو منه بدخول البيت الاسري لمدة لا تزيد على (48) ساعة في حالة وجود خطر على اي فرد من افراد الاسرة.

ثالثاً: في حالة انتهاك امر الحماية يعاقب المخالف بالحبس مدة لا تزيد على (48) ساعة او بغرامة لاتقل عن (300,000) الف دينار.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

1- يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن (ستة اشهر) ولا تزيد على (سنتين) وبغرامة لا تقل عن (مليوني) دينار ولاتزيد على (خمسة ملايين دينار) او باحدى هاتين العقوبتين كل من اجرى عملية ختان انثى او حرض على اجرائها او ساهم فيها.

2- ويعد ظرفا مشدداً للجاني اذا كان الفاعل طبيباً او صيدلياً او كيميائياً او قابلة او احد معاونيهم وعلى المحكمة ان تأمر بمنعه من مزاولة مهنته او عمله مدة لا تزيد على ثلاث سنوات.

وهناك رأي ثاني، كالآتي:

المادة الخامسة:

1- يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ثلاثة اشهر ولاتزيد عن سنة، وبغرامة لاتقل عن (1) مليون دينار ولا يزيد عن (5) ملايين دينار كل من حرّض على اجراء عملية ختان انثى.

2- يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن (6) اشهر ولاتزيد عن (2) سنة، وبغرامة لاتقل عن (2) مليون دينار ولاتزيد عن (5) مليون دينار ، كل من اجرى او ساهم في عملية ختان انثى.

3- يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن (1) سنة ولاتزيد عن (3) سنوات، وبغرامة لاتقل عن (4) مليون دينار ولاتزيد عن (10) ملايين دينار كل من ساهم او حرض او اجرى عملية ختان انثى اذا كانت قاصرة.

المادة السادسة:

مع عدم الاخلال باية عقوبة اشد ينص عليها القوانين النافذة في الاقليم:

يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن (ستة اشهر) ولا تزيد على (ثلاث سنوات) وبغرامة لا تقل عن (مليون دينار) ولا تزيد على (خمسة ملايين دينار) او باحدى هاتين العقوبتين كل من ارتكب عنفاً اسرياً.

المادة السابعة:

تطبق احكام قانون العقوبات العراقي رقم 111 لسنة 1969 المعدل وقانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (23) لسنة 1971 المعدل وقانون تعديل تطبيق قانون الاحوال الشخصية رقم (15) لسنة 2008 والقوانين الاخرى النافذة في الاقليم فيما لم يرد به نص في هذا القانون.

المادة الثامنة:

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة التاسعة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

الاسباب الموجبة

العنف ظاهرة سلبية مخالفة لمبادىء حقوق الانسان ولكون الاسرة اساس المجتمع ومن اجل حمايتها من التفكك واتخاذ الاجراءات القانونية لسلامتها واستقرارها ومنع العنف الاسري بالطرق الوقائية قبل وقوعه وبحث الحلول الاصلاحية والعلاجية بعد وقوعه، فقد شرع هذا القانون.

راجين التفضل بالاطلاع وعرض التقرير المشترك بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب والتصويت، مع تقدير.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەش بخوێننەوە تكایە.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان_عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش**

دوا بەدوای ئەوەی كە لە ڕاپۆرتی كاروباری لیژنەی یاسایی ژمارە (91) لە 2011/5/11 سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (توندوتیژی خێزانی) هاتووەو پێشكەش بە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان كراوەو لەبەر ئەوەش پڕۆژەكە ڕەوانەی لیژنەكانی (كاروباری یاسایی، ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجییەكان، بەرگری لە مافی ئافرەت، مافی مرۆڤ، كاروباری كۆمەلأیەتی و منداڵ و خێزان) كرابوو و هەر لیژنەیەكیش بە تەنیا دیراسەتی كردبوو و، سەرۆكایەتی پەرلەمان بینی كە جیاوازی لە دەقە پێشنیاركراوەكان دەبێتە هۆی ئالۆزی لە گفتوگۆكردن و دەنگدان لە پەرلەمان و بەپێی حوكمەكانی ماددەی (46) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لیژنە تایبەتمەندەكان وەك یەك لیژنە كۆبوونەوە بۆ دووبارە دیراسەتكردن و دانانی ڕاپۆرت لەبارەیەوە. دوای گفتوگۆ و تاوتویٚ كردن لیژنەكان داڕشتنەوەی یاساكەیان بەم شێوەیە خستەڕوو لەگەڵ ئاماژەدان بەوەی كە لەنێو ماددەكاندا ڕای جیاواز هەیە دەربارەی و سەبارەت بە ناونیشانی یاساكە دوو ڕەئی هەیە:

★ ڕای یەکەم:

**یاسای ژمارە (   )ی ساڵی 2011**

**یاسای پاراستنی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان _ عێراق**

★ ڕای دووەم:

**یاسای ژمارە (   )ی ساڵی 2011**

**یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان- عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:**

**1- هەرێم: هەرێمی کوردستان- عێراق.**

**2- خێزان: کۆمەڵە کەسێکی سروشتین، پەیوەندی هاوسەرگیری، یان خزمایەتیان تاکو پلەی دووەم هەیە، جا لەهەر جێیەك دابنیشن و لەگەڵ خزمی پلە سێەم و چوارەم، بە مەرجێك لە ماڵی خێزان نیشتەجێ بن.**

**3- توندوتیژی خێزانی: هەر کردارێك، یان وتەیەك، یان هەڕەشەیان پێ لێبکرێت لە تاکەکانی خێزان لە دژی یەکێکی دیکەیان، کە زیانی ماددی و مەعنەویان پێبگەیەنێ و ماف و ئازادییان لە دەست بدات.**

**و ڕایەکی دیکە، پێشنیاری ئەم داڕشتنەوەیە دەکات:**

**3- توندوتیژی خێزانی: هەر کردارێك، یان وتەیەك، یان (هەڕەشەیان پێ لێبکرێت) لە تاکەکانی خێزان لە دژی یەکێکی دیکەیان، یان لەسەر بنەمای ڕەگەز، کە زیانی ماددی و مەعنەویان پێبگەیەنێ و ماف و ئازادییان لە دەست بدات.**

**ماددەی دووەم:**

**1- هەر کەسێك کە پەیوەستی هەبێ بە پەیوەندییەکی خێزانی، ئەنجامدانی هەر جۆرە توندوتیژییەکی خێزانی لێ قەدەغە دەکرێ.**

**و ڕایەکی دیکە هەیە کە پێشنیاری ئەمەی خوارەوە دەکات:**

**1- بەتایبەتی ئەوانەی کە لەسەر نەریت و کەلتوری باو وەك (نەهێشتنی شووکردن و شوودان بە زۆر و شوودانی بچووك و شووکردن بەرامبەر بە خوێن، فەرامۆش کردنی ئەندامانی خێزان، دابڕانی پەیوەندی خێزان، جیاوازی کردن، سووکایەتی کردن، جوێندان، لێ دان، ئازاردان بە مەبەستی تەمبێ کردن، کرداری سێکسی بەزۆر).**

**2- زەرمەند لە توندوتیژی خێزانی مافی ئەوەی هەیە کە ڕێکارو دەستەبەرکردنی پاراستنی هەبێ لە توندوتیژی دواڕۆژدا.**

3- هیچ داواكارییەك پێشكەش ناكرێت، تەنیا ئەگەر توندوتیژییەكە ڕوویدابێ.

4- داواكاریی لە بابەتی توندوتیژی خێزانی لەلایەن زیان لێكەوتوو، یان ئەوەی بەپێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە، یاخود بە ئاگادارییەك كە پێشكەش بە دادوەری لێكۆڵینەوە دەكرێ، یان لێكۆڵەرەوە، یاخود بەرپرس لە سەنتەری پۆلیس، یان داواكاریی گشتی دەخرێتە ڕوو.

5- ڕێكارەكانی لێكۆڵینەوەو دادگایی كردن لە بابەتەكانی توندوتیژی خێزانی نهێنی دەبن لەگەڵ ڕەچاوكردنی تایبەتمەندەكان.

ماددەی سێیەم:

1- دادگایەكی تایبەتمەند بە باتەكانی توندوتیژی خێزانی پێكدەهێنرێ، بەپێی (یاسای دەسەڵاتی دادوەریی بۆ هەرێم) ی ژمارە (23)ی ساڵی 2007.

2- پێویستە لەسەر وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەلایەتی خانوو بۆ قوربانیانی توندوتیژی خێزانی لە سەنتەرەكانی پارێزگاكانی هەرێم دروست بكات.

3- قوربانیانی توندوتیژی خێزانی یاسای چاودێری كۆمەڵایەتی بیان گرێتەوە لە كاتی نەبوونی بەخێوكەر.

4- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە دژی ئافرەت لە وەزارەتی ناوخۆ تایبەتمەندە بە بەدواداچوونی بابەتەكانی توندوتیژی خێزانی.

ماددەی چوارەم:

یەكەم:

1- دادگا لە كاتی پێویستیدا (فەرمانی پاراستن) وەك ڕێكارێكی كاتی بۆ پاراستنی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی دەردەچووێنێ.

2- هەر تاكێك لە تاكەكانی خێزان، یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەكات، داوا لە دادگا بكات فەرمانی پاراستن دەربكات.

3- دادگا بۆی نیە دەرچوواندنی (فەرمانی پاراستن) ڕەت بكاتەوە بە بیانووی هۆی دیكەی یاسایی لەبەردەم زیان لێكەوتوودا هەیە.

4- پێویستە لەسەر دادگا ماوەی (فەرمانی پاراستنەكە) دەستنیشان بكات و، ئەگەر هەر جارە پێویستیشی كرد درێژی بكاتەوە.

5- ئەوەی داوای فەرمانی پاراستن دەكات واز لەو فەرمانە بێنێ، بەپێی هاتنە كایەی شتی نوێ و دادگا دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بكاتەوە كە داواكارییەكەی هەڵوەشانەوەی فەرمانەكە بە ئارەزووی داواكراوەو لەبەرژەوەندی زیان لێكەوتوودایە.

دووەم: فەرمانی پاراستن ئەمانە لە خۆ دەگرێ:

1- ئەگەر ئەوەی شکایەتی لێکراوە بەیاننامەیەکی پێشکەش کرد، کە دەست درێژی ناکاتەوە بۆ سەر زیان لێکەوتوو، یان هەر تاکێك لە تاکەکانی خێزان.

2- گواستنەوەی قوربانیەکە بۆ نزیکترین نەخۆشخانە، یان سەنتەرێکی تەندروستی بۆ چارەکردنی لە کاتی پێویستدا، یاخود ئەگەر قوربانیەکە داوای ئەوەی کرد.

3- دەستەبەرکردنی گواستنەوەی زیان لێکەوتوو بۆ شوێنێکی ئەمین لەکاتی پێویستیدا.

4- دووبارە شیاندنی زیان لێکەوتوو لە توندوتیژی خێزانی لەلایەنی دەروونی و جەستەیی.

5-ڕێگەنەدان بەو کەسەی کە شکایەتی لێکراوە بچێتە ماڵی خێزانی بۆ ماوەیەك لە (48) کاتژمێر زیاتر نەبێ لە حاڵەتی بوونی مەترسی لەسەر هەر تاکێك لە تاکەکانی خێزانەکە.

سێیەم: لە حاڵەتی پێشێل کردنی فەرمانی پاراستن، سەرپێچیکەر دەگیرێ بۆ ماوەیەك لە (48) کاتژمێر زیاتر نەبێ، یان بە غەرامەیەك لە (300,000) دینار کەمتر نەبێ.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم:**

1- هەر کەسێك کرداری خەتەنەی مێینە بکات، یان هانی کردنی بدات، یاخود بەشداریی تێدا بکات، بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ، کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە دوو ساڵیش زیاتر نەبێ و بە غەرامەیەك حوکم دەدرێ لە (دوو ملیۆن) دینار کەمتر نەبێ و لە (پێنج ملیۆن دینار)یش زیاتر نەبێ، یاخود بە یەکێك لەو دوو سزایە.

2- ئەگەر ئەو کەسەی ئەو کارەی کرد پزیشك، یان دەرمانساز، یاخود کیمیاگەربوو، یان مامان، یاخود یەکێك لە یاریدەدەرانی بوو، ئەوە بارێکی گرانتر دەکەوێتە سەر تاوانبارو دەبێ دادگا فەرمان بدات بە قەدەغەکردنی لە دەستدانە ئەو پیشەیەی، یان ئەو کارەی دەیکات بۆ ماوەیەك کە لە سێ ساڵ زیاتر نەبێ و ڕای دووەم هەیە بەم شێوەیە:

**ماددەی پێنجەم:**

1- سزا دەدرێت بە بەندکردن لە (سێ) مانگ کەمتر نەبێ وە لە(ساڵێك ) زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە (1) ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە (5) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر کەسێ هانی کرداری خەتەنەی مێ ینە بدات.

2- سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەی (شەش) مانگ کەمتر نەبێ و لە (دوو) ساڵ زیاتر نەبێ و بە غرامەیەك لە (دوو) ملیۆن) دینار کەمتر نەبێ و لە (5) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر کەسێك هەستا بە کردنی تاوانی خەتەنەی مێینە یاخود بەشداربوو تێیدا.

3- سزا دەدرێت بە بەندکردن لە (ساڵێك) کەمتر نەبێ و لە (سێ) ساڵ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە (4) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (10) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت ئەگەر هەر کەسێ کاری خەتەنەی مێینە ئەنجام بدات یان بەشدار بێت ئەگەر تاوانلێکراو هەرزکار (قاصر) بێت.

4-بەهەلومەرجی توندو تیژی دەژمێردرێت ئەگەر بکەری توندو تیژی دکتۆر بێت یاخود دەرمانساز یاخود کیمیایی یاخود مامان ، یان هەر هاوکارێکیان بێت. پێویستە لەسەر دادگا بڕیار دەربکات بە ڕێگری کردنی ، لە دەستدانە پیشەکەی بۆ ماوەی (3) سێ ساڵ زیاتر نەبێت.

ماددەی شەشەم:

لەگەڵ زیان نەگەیاندن بە هەر سزایەکی توندتر کە دەقی لە یاساکانی بەرکار لە هەرێمدا هاتووە:

هەر کەسێك توندوتیژی خێزانی ئەنجامدا بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە (شەش مانگ) کەمتر نەبێ و (سێ ساڵ) یش زیاتر نەبێ و بە غرامەیەکیش حوکم دەدرێ کە لە (ملیۆن دینار) کەمتر نەبێ و لە (پێنج ملیۆن دینار) یش پتر نەبێ: یاخود بە یەکێك لەم دوو سزایە.

ماددەی حەوتەم:

حوکمەکانی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969 و یاسای ئوسوولی دادگایی کردنە سزاییەکانی ژمارە (23)ی ساڵی 1971ی هەموارکراو و یاسای پیادەکردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە (15)ی ساڵی 2008و یاساکانی دیکەی بەرکار پێادە دەکرێن، ئەگەر هیچ دەقێك لەم یاسایەدا نەهاتبوو.

ماددەی هەشتەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی نۆیەم:

ئەم یاسایە لە مێژووی بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**هۆیە پێویستیەکانی دەرچوونی**

توندوتیژی دیاردەیەکی سەلبی دژ پرنسیپەکانی مافی مرۆڤە، چونکە خێزان بنەمای کۆمەڵگەیەو لەپێناوی پاراستنی لە هەڵوەشانەوەو دەستدانە ڕێکاری یاسایی بۆ دروستی و سەقامگیری و قەدەغەکردنی توندوتیژی خێزانی بەرێگای خۆپاراستن بەر لە ڕوودانی و دۆزینەوەی چارەسەری چاکسازیی و چارەکردن دوای ڕوودانی، بۆیە ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

تکایە ئاگاداری بفەرموون و ڕاپۆرتەکە و ڕای لێژنەی یاسایی لە بارەیەوە بخەنە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆ لەسەرکردنی و دەربڕینی ڕای گونجاو لەبارەیەوە و دەنگدان لەسەری، لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی یاسایی لەسەر عینوانی پرۆژە یاساکە، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا بابەتی ناونیشانی یاساکە، ئایا ببێتە (قانون الحماية من العنف الاسري في اقليم كوردستان – العراق)، يان (قانون مناهضة العنف الاسري في اقليم كوردستان – العراق)، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، کە ئەم بابەتە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و پاشان بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی یەکلا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان، تکایە.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ هەڵبژاردەی دووەمین بەناوی (قانون مناهصة العنف الاسري في اقليم كوردستان – العراق) بێت، بەلاًم هەڵە هەیە لە تەرجومەی کوردیەکەی، دەبێت ببێتە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەرەبیەکە دەکرێتە ئەساس، چونکە لەسەری زیاتر کار کراوە، پاشان تەرجومەیەکی دروست دەکرێت بۆ زمانی کوردی، بەڕێزان، ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەن ناویان دەنووسین، ئێستا ئەم بەڕێزانە ناویان نوسیووە دەیانەوێت موداخەلە بکەن، رێزداران (گەشە دارا، عونی بەزاز، عمر عبدالرحمن، عمر عبدالعزیز، د.احمد وەرتی، ئەڤین عمر، سۆزان شهاب، کوێستان محمد، عبدالرحمن حسین، ئاشتی عزیز، شەونم محمد، هاوڕاز خۆشناو، عبدالسلام بەرواری، صبیحە احمد، نەریمان عبداللە، پەیمان عزالدین، زکیە سید صالح، سالار محمود، ئاواز عبدالواحد، رفیق صابر)، کەسی تر هەیە قسە بکات؟ تارا ئەسعەدی، گەشە خان فەرموو، بەڕێزان، چوار دەقیقەیە، تکایە تیکرار نەبێت، کاتەکە موحەدەد بکەن، فەرموون.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پێموایە ناونانی یاساکە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بێت، هەم لە رووی زمانەوانیەوە شێوەیەکی جوانتر وەردەگرێت، لەبەر ئەوەی کاتێك دەڵێی پاراستنی خێزان لە توندوتیژی خێزانی، واتا دوو جار ناوی خێزانی هاتووە، واتا بە جۆرێك رستەکە رێك ناکەوێت، بەنیسبەت بەرەنگاربوونەوە، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کە تۆ بەرەنگاری دیاردەیەك دەبیتەوە کە لە موجتەمەعدا هەیەو هەدەفی قانونە عیقابیەکانیش ئەوەیە، کە تۆ ردەع و زەجری غەیر بکەیت، رەدعی ئەوە بکەیت کە ئەو کارە، ئەو تاوانە دووبارە نەبێتەوە بەرامبەر بە کەسانی تر، زەجری ئەو کەسەش بکەیت، عیقابی ئەو کەسە بدەیت کە تاوانەکەی کردووە، لەبەر ئەوە من پێموایە بەرەنگاربوونەوە باشترە، چونکە تۆ جۆرێك

لە شەرعیەت دانە بە بوونی توندوتیژی، یەعنی تۆ حیمایە ئیقرار دەکەیت بەوەی کە توندوتیژییەکە هەبێت، بەڵام من دەیپارێزم، بەڵام بەرەنگاربوونەوە راستەوخۆ بۆ ئەوەیە کە بەرەنگاری ئەو دیاردەیە بیتەوە، پێموایە مانایەکی باشتر دەبەخشێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عەونی بەزاز کەرەم بکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من لەگەڵ رەئی یەکەمم سەبارەت بە ناونیشانی یاساکە، واتا ببێتە (قانون الحمایە من العنف الاسری في اقلیم کوردستان – العراق) بۆچی؟

لەبەر ئەوەی ئامانج لە یاساکە ئەوەیە پاراستنی خێزان لە توندوتیژی، واتا ناونیشانەکە دەبێت بگونجێت لەگەڵی، تەنها بڵێین بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، ئەوە ئامانجی یاساکە ناگەیەنێتە دی، بۆچی؟

لەبەر ئەوەی توندوتیژی دوو جۆرە، توندوتیژی جەسەدی، واتا لێدان، برینـدار کـردن........ هتـد، توندوتیژی تر، کە پەیوەستە بە کیانی ئیعتیباری کەسەکە، واتا مەعنەوییە، لێرەدا حیمایەکە بە باشی دەزانم وەکو ناونیشانی یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عمر عبدالرحمن کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە خۆی لەخۆیدا یاسایەکە پارێزگاری لە خێزان دەکات لە هەموو توندوتیژییەك، لە ئەسبابی موجیبەی یاساکە وا هاتووە، ئەم یاسایە، یاساکە هەدەفی پاراستنە، هەروەها ویقایە کردنی خێزانیشە لە هەموو توندوتیژییەك، مادام یاساکە پاراستن بێت و ویقایە کردن بێت، بەواتا دەبێت موعاقەبەیەکی تیا بێت، کە گوترا موعاقەبە یەعنی حیمایە کردنی خێزانە، بەڵام ئەگەر بێتو باس لە موناهەزە بکەین، موناهەزە من پێموایە رووبەڕوو بوونەوە، ئەمە مەسەلەیەکە پێویستی بە ئیرشادو تەنیا نوصح و تەوجیهات هەیە، بەڵام لێرە کە عونفەکە دروست دەبێت، یەعنی بڵێی ئازاردان، ناخۆشی، شتی خراپ بەرامبەر بە تاکە کەسەکانی خێزان، بە واتا دەبێت عیقابێکی بۆ دابنرێت، ئەی تۆ چۆن حیمایەی خێزان دەکەیت؟ خۆ ئەگەر عیقابی نەبێت، بە تەنیا هەر بە موناهەزە بڕواتەوە، کەواتە ئەم یاسایە پێویست بەوە ناکات بابە عیقابیەکانی تێدا بمێنێت، دەبێت عیقابیەکانی لێ دەربهێنین، بۆ ئەوەی یاساکە گونجاو بێت و، موتەبەعیشە لە یاساکانی دەوروبەریشمان لە یاسای ئوردن، لە یاسای میسری، لە ئیتیفاقیە دەولیەکان هاتووە، بەتایبەت نەمانی تەمییز بەرامبەر بە عونصری نسوی، هەدەفی رەئیسی لەم یاسایە، بەڕاستی زیاتر

**پارێزگاری کردنە لە عونصری نسوی لەم یاسایە، دەقاو دەق گونجاندنی هەدەف لێرە، دەبێت عینوانی ئەم یاسایە عینوانی (قانون الحماية من العنف الاسري في اقليم كوردستان – العراق) بێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالعزیز کەرەم بکە.**

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەنیسبەت ئەم دوو ناوەوە، بەڕاستی هەردووکیان لە رووی وەرگێڕانەوە سەرەتا ئیشکالیان هەیە: یەکەمیان/ کە وەرگێڕانە کوردیەکە تەواو نییە، ئێمە دەبێت بڵێین (یاسای پاراستنی خێزان لە توندوتیژی) نەك بڵێین (یاسای پارێزگاری لە توندوتیژی خێزانی)، چونکە ئەوە دەبێتە یاسای دیفاع، یەعنی تۆ دیفاع لە دیاردە سلبیەکە دەکەیت، بە عەکسەوە دەبێت بڵێین (یاسای پاراستنی خێزان لە توندوتیژی)، وەکو تێبینیەك بۆ وەرگێڕانەکە، ئەگەر عەرەبیەکەشی هەر عەینی شت ئەو ئیحایە دەگەیەنێت، بۆیە دەقاو دەق وەرگێڕانە کوردیەکەش ئەو هەڵەیەی تیایە (قانون الحمايە من العنف الاسرى) کە ئەنەما تۆ حیمایەی عونفی ئوسەری دەکەیت، راستە نەمانگوتووە (قانون الحمايە العنف الاسرى)، بەس لە عەرەبیدا ئەو (من)ـەش ئەوە دەگەیەنێت بۆ ئاگاداری بەڕێزان، لەبری ئەوە من پێم باشە بکرێتە (قانون الحمايە الاسره من العنف)، چونکە موشکیلە نییە، تۆ عونفی ئوسەری لێرە مادام ناوەکە دامان نا، دەڵێن (قانون الحمايە الاسره من العنف)، ئەوە ئەگەر یەکەممان ئیختیار کرد، دەبێت ئەو دوو تێبینیە رەچاو بکرێت.**

**بەنیسبەت دووەمیشەوە، من ئەو تێبینیە عەرز دەکەم، کە لەوێش بڵێین (یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی خێزان)، چونکە لەوێش وەرگێڕانەکەی ئیشکالی تیا بوو، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار د.احمد وەرتی کەرەم بکە.**

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە ناونیشانی یاساکە، من لەگەڵ رەئی یەکەمدامە، کەوا ناونیشانەکە (قانون الحمايە من العنف الاسرى في اقليم كوردستان – العراق) بێت، واتا لە کوردیەکەی وای لێ دێت (یاسای پاراستنی خێزان لە توندوتیژی خێزانی)، دیارە لێرە مەبەست پاراستنی خێزان نییە لە هەموو توندوتیژییەك، بەڵکو مەبەستی پاراستنە لەو توندوتیژییانەی کە سەرچاوە دەگرن لەناو خێزانەوە، لەناو ئەفرادی خێزانەوە، بۆیە (من العنف الاسرى) لێرە دروستترە، دیارە ئامانجیش لەم یاسایە پاراستنی خێزانە بەڕاستی، بۆیە رەئی یەکەم بەلای منەوە دروستترە، چونکە لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە تۆ ئەفرادی خێزان بپارێزی لە توندوتیژی، ئەو توندوتیژییانەی کە لە ئەندامانی خودی ئەو خێزانەوە رووبەڕووی یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکە دەبێتەوە، بۆیە هەدەفەکە پاراستنە، نەك بەرەنگاربوونەوە، دیارە پاراستن باشترە، بۆ ئەوەی تۆ**

خێزان بپارێزی، کە پاراستت، مانای هەم بەرەنگاربوونەوەشی تێدایە، تۆ ئەندامانی خێزان دەپارێزیت بەم یاسایەی کە ماددەکانی دیاری کردووە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئەڤین عمر کەرەمکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە هاوکارانم پێشی من دیارە زۆربەیان ڕەئیان ئەوە بوو کەوا یەکەم بێ، من پشتگیری ئەو ڕەئیە ئەکەم کەوا ڕەئی یەکەم بێ، لەبەر ئەوەی ئێمە لێرەدا توندو تیژیەکە هەیە، زاهیرەکە هەیە، عونفەکە وجودی هەیە، بۆیە ئێمە لێرەدا تەنها کار لەسەر ئەوە ناکەین، بە یاسایەك ئیرشادو تەوعیەی خەڵکی بکەین، ئێمە لێرەدا ختوتی عامە دادەنێین، بۆ ئەوەی کەوا ئەو جەریمە هەیە، ئەو عونفە هەیە، بەڵام چارەسەری بکرێ، بەشێوەی عیقابی بەشێوەی یاسایی، بۆیە بەڕەئی منیش پشتگیری ڕەئی هاوڕێیانم ئەکەم کەوا ڕەئی یەکەم ڕەئی تەندروسترە، کە ئێمە بڵێین(قانون حمایە الاسرە من العنف) بۆیە بەڕاستی ئەگەر بێتو ئێمە لێرەدا حیمایەمان کرد، پاراستنمان کرد، بەم یاسایە ئەتوانین ئەم خێزانە، شەرت نیە تەنها ئافرەت بێ، پیاو و منداڵ هەمووی کە لە خێزان هەیە، کە توندو تیژی بەرامبەر دەکرێ، ئێمە بەم یاسایە حیمایەیان دەکەین و ئەیانپارێزین، بۆیە من لەگەڵ ڕەئی یەکەمم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز سۆزان شەهاب کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئێمە کاتێك کە یاسایەك دەردەکەین، عینوانەکەی دەبێ بگونجێ لەگەڵ ناوەڕۆکی یاساکە، لەناوەڕۆکی ئەم یاسایە پاراستنیشی تیایە، عقوبەشی تیایە، لە ڕێگەی چیەوە مەنعی توندو تیژی ئەکات، لە ڕێگەی دیاری کردنی زاهیرەکە، فیعلەکە، بەرامبەریشی عقوبەکەی چیە؟، ئەگەر هاتو ئەم فیعلە کرا، بۆیە من لەگەڵ ڕای دووەمم، (مناهضة العنف الاسری) لەسەر چەند ئەساسێك، ئەساسی یەکەم ئەوەیە کە عیراق لەساڵی 1993 لە جاڕدانی لە ناوبردنی توندو تیژی ژنان ئیمزای کردووە، شتێك هەیە لە دونیادا پێی ئەڵێن جاڕدانی نەهێشتنی توندو تیژی بەرامبەر بە ژنان، بۆیە لەسەر ئەساسی ئیتیفاقیات کۆمەڵێك ئیتیفاقیات هەیە، کۆمەڵێك جاڕنامەی نێودەوڵەتی هەیە، کە عیراقیش ئیمزای کردووە، هەرێمی کوردستان بەشێکە لەو ئیتیفاقیاتانە، بۆیە دەبێ یاسایەك لەسەر ئەساسێك تۆ دایدەڕێژی، لەسەر زاهیرەیەك کە ئومەم موتەحیدە ناوی لێناوە، کە بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژیە، نابێ یاساکەی تۆ تەغلیف بکرێ بە ناوێکی تر، بۆ ئەوەی ئەو مانایە نەدا کە لەو ئیتیفاقیانەیە، یەکێك لەو مەرجانەی ئەو جاڕدانە، ئەوەیە لەگەڵ وشیاری کردن، دەرکردنی یاساکانە، کەواتە ئەبێ ئەو یاسایەی کەتۆ دەری دەکەی، ئەساسێکت هەبێ،

یاخود لەگەڵ ئەوبابەتەدا بگونجێ، کە ئومەم موتەحیدە ئیعلانی بۆ کردووە، دوای ئەوە مەسەلەن ئیتیفاقیاتمان هەیە (اتفاقیات مناهضة التعذیب) 1984 دەرچووە ئەڵێ (مناهضة التعذیب) نەهێشتنی تەعزیب، لەگەڵ ئەوەش ئیتیفاقیاتێکی تر هەیە بەناوی (حمایة المدنیین) (اتفاقیة جنیف الرابعة 1949)ە، یەعنی هەردوو ناوەکە واردە، بەلاّم ئێمە لێرە ئەساسەکەی دەرکردنی ئەم یاسایە، ئەو هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژیە، کە چەند ساڵە ئومەم موتەحیدە یەکێکە لە ئامانجەکانی هەزارەی سێهەم، کە دەبێ لە ڕێگەی یاساوە توندو تیژی بەرەنگاری ببینەوە، لە ڕێگەی یاساکانەوە، بۆیە دەبێ ئەو یاسایەی ئێمە دەری دەکەین، لەگەڵ مەعایری دوەلی یەك بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کوێستان محمد کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پێشەکی لەگەڵ ڕای دووەمم کە موناهەزە بێت، کەبەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی بێت لەسەر ئەو ئەساسە، خاڵی یەکەمم ئەوەیە کە ئەو دوو پڕۆژەیەی لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە تەقدیم کراوە، هەردووکی یاسایی بەرەنگار بوونەوەی خێزانیە، هەردوو یاساکە ئاوا هاتووە، دووەم، ئەو یاسایانەی کە دەرچوون چ لەناوچەکە چ لە یاسا نێودەوڵەتیەکان موناهەزە هاتووە، یاسای پاراستن نیە، خاڵی سێیەمم ئەوەیە کە بە پێی ئەو ئامارانەی کە حکومەتی هەرێم هەر شەش مانگ جارێ دەری دەکات، ئەوە ئەخاتەڕوو کە هەر شەش مانگ جارێك لەم هەرێمەی ئێمە توندو تیژی لە هەڵکشاندایە، کەواتە دیاردەیەکە هەیەو دیاردەیەکی مەترسیدارە، کە ئەبێ ڕووبەڕووی ببینەوە، تەبعەن ئەم یاسایە لەگەڵ ئەو ڕایەی گەشە خانم، ئەگەر پاراستن بێ، کەواتە شەرعیەت دانە بە دیاردەکە، بەلاّم تاکەکان ئەپارێزین، ڕووبەڕووی نابیتەوە، ئەمە مەنعی بکەیت یان نەیهێڵی یان چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزیتەوە، ئەم یاسایە ئەگەر یاسای پاراستن بێ ئەبێ بابە عیقابیەکان لابرێت، ئەمە ناوەڕۆکی یاساکە ئەگەر سەیری بکەین، سەیرەکەین میکانیزمەکەی میکانیزمی بەرەنگار بوونەوەیە نەوەك پاراستن، بۆیە من لەگەڵ ئەو ڕەئیەدام کە بەرەنگار بوونەوە بێ نەوەك پاراستن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عبدالرحمن حسین کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەروا لەگەڵ ڕای دووەمم، یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی خێزان، چونکە هەر لە خۆیەوە کە ئەم دیاردەیە واردە لە ناو هەرێمی کوردستان لە ناو خەڵکی ئێمە، کە دەبێ ئێمە یاسایەك دابڕێژین بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو کردەوانەی کە دەبن لە ناو خێزاندا، کەواتە ئێمە گوتمان حیمایە دەکەین، حیمایە

بە چ شێوەیەك بكەین، هەروا هەروەكو جەنابی برادەران ئیشارەتیان پێیدا، كە حیمایە بكرێن بە عقوبە حیمایە بكرێن، هەروەها بەم یاسایە و بەم ناونیشانە ئەتوانین عقوبەی بۆ دانراوە و ئیشارەتی پێیداوە، سزا بدرێن ئەوانەی كە بەرەنگار دەبنەوە، ئیتر منیش هەروا لەگەڵ ڕەئی دووەمم، گونجاو تر و باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بەڕێز ئاشتی عزیز كەرەمكە.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ساڵانی ڕابردوو وەكو دۆكیۆمێنت حكومەتی هەرێم مەودایەكی باشی هەبووە بۆ تێگەیشتن لەو توندو تیژیانەی كە بەرامبەر بە خێزان و، بەتایبەت بەرامبەر بە ژن كراوە لەلایەن ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی بەدواداچوونی توندو تیژی كەسەر بە وەزارەتی ناوخۆ بووە، زانیاریەكی زۆریان لە لا كۆبۆتەوە، بۆیە ئێمە ئێستا لەسەر دیاردەیەك كە دیاردەیەك نیە بەتەنها توێژینەوەی لەسەر نەكرابێ، زانیاری پێویستی لەسەر كۆ نەكرابێتەوە، لەسەر حاڵەتێك لە چەند ساڵانی ڕابردوو جۆرێك لە واقیعە بە خۆیەوە دەبینێ كە ئێستا هەیە، بۆیە من بڕوام وایە ئێمە ئەگەر ئیش لەسەر تەنها حیمایە بكەین، ئەمە ئەبێتە هۆكاری ئەوەی كە ئەگەر ناونیشانی یەكەم بەكاربهێندرێت، مەنزلەیەكی لاوازو موستەزعەف ئەدرێ بە منداڵ، ئەدرێ بە ژن، ئەدرێ بە پیر لەناو خێزان، كە تۆ شەرعیەت ئەدەی بە بوونی كردارەكە، مەرحەلەی حیمایە كردن، لە نەتیجەی یان رەدی فعل یان بابڵێین لە دەرئەنجامی توندو تیژیەكەدا، كە ئەمە حیمایە لێرەدا وەكو كردارێك وەكو واقعێك جۆرێكە لە سەپاندنی یان شەرعیەت دان، بەردەوام دانە بە عەمەلیەی توندو تیژی، كە ئەمە بڕوام وایە كە ئەمە تەنها خزمەت بە پڕۆژەكە ناكات، چونكە پڕۆژەكە ڕاستە وەكو هەندێك بەڕێز وتیان كۆمەڵێك بەندی قانونی تیایە سەبارەت بە حیمایە كردن، بەڵام لەهەمان كاتدا ئەم قانونە تەنها حیمایەی لەخۆی نەگرتووە، بۆ نموونە ئەگەر بەتەنها ناوی حیمایە هەڵبگرین، ئەی ئەو ماددانەی كە ئاماژە بە مەسەلەی وشیار كردنەوە ئەكات، بۆ كارمەندان و بۆ خێزان و بۆ كۆمەڵگا، ئەمە لە كوێ شوێنی ئەبێتەوە لە حیمایە؟، بۆیە تەنها پڕۆژەكە جوزئێكی بریتیە لە حیمایە كردن، كە بریتیە لەو سزایانەی كە دانراوە، جوزئە گشت گیرەكەی، بەشە گشت گیرەكەی ئەوەیە كە بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژیە، بۆ ئەوەی ژن و منداڵ و پیر لە خێزان لەو مەنزلە موستەزعەفەی كە پێی فرۆشراوە، كە بە پێی خۆی نیە، پێویستە ڕێزێكی زیاتری لێ بگیرێت، بە هەمووومان بەرەنگاری ببینەوە، بۆیە من پشتگیری لە ڕای دووەم دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بەڕێز شەونم محمد كەرەمكە.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە بەنیسبەت ئەم بڕگەیەوە بڕگەی دووەم، واتە بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی تەسبیت بکرێ لە یاساکەدا، چونکە لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی پڕۆژەکەی لیژنەی ژنان، هەموو بڕگەکان ئیشارەت بەوە ئەدات کە بەرەنگار بونەوەی توندو تیژیە، نەوەك حیمایە کردنی خێزان، وەکو هاوڕێکانم پێشتریش باسیان کرد، جگە لەوە توندو تیژی بە هەموو جۆرەکانیەوە، جۆرەکە توندو تیژی مەعنەوی بێ، یان توندو تیژی ماددی بێ کە بەرامبەر ئەندامەکانی خێزان ئەکرێت و زەرەریان لێ ئەدات، لەبەر ئەوە پێویستە ئەم توندو تیژیە بەرەنگاری ببیتەوە بۆ ئەوەی حیمایەی خێزان بکەی، بەو یاسایانەی کە دەرئەچێت وە بەو عقوباتانەی کە دەرئەچێت بۆ حیمایە کردنی خێزانەکان، لەبەر ئەوە پێم باشە پڕۆژەکە بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی بێ، نەوەك حیمایە کردنی خێزان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس دەست خۆش، بەڕێز هاوڕاز خۆشناو کەرەمکە، بەڕێزان، بۆ بیر ناکەنەوە لە دەمج کردنی، یەعنی تێکەڵێکی بکەن زۆر موهیمە، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە یاساکە لە جێبەجێ کردنی قوەتی هەیە، نەوەك لە ناوەکەی، ئەمە شتێکی گرنگە، ئەمە کاتێ دەبێتە یاسا و جێبەجێ دەکرێ، قوەتی ئەو لەوێدا دەردەکەوێ، سەبارەت بە ناوەکەی من پێم باشە بەڕاستی لەگەڵ ڕای یەکەمدام، من پێموایە پاراستنی خێزان لە توندو تیژی زیاتر لەگەڵ سروشتی خێزاندا دەگونجێت، بەڕاستی وشەی بەرەنگاربوونەوە کەلیمەکە ئەگەر بە کوردی تەعبیری لێ بکەم، وا هەست دەکەم وێنەیەکی شەڕ دەدات وێنەیەکی خێزان شوێنێکی ئارامگەیە بۆ کەسەکان، ئەم کەلیمەیە ئەم وشەیە زۆر لەگەڵ ئەوە ناگونجێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز عبدالسلام بەرواری.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی یاسا، دەربڕی ناوەڕۆکی یاسایە، ئەگەر بێین یاسایەکە بخوێنینەوە لە وشەی یەکەمی هۆیە پێویستەکان، دەست پێ دەکات بە توندو تیژی دیاردەیەکی سلبیە، بکەر، فاعل ئەوەی کە یاسایەکە بایەخی پێ ئەدات، توندو تیژیە خێزانیەکەیە، لێرە بەو سیاغەیە بە ناو (الحمایە فاعلە) پاراستنی خێزان فاعلە، ئێمە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە بەینی وەکو پاراستنی مناڵ لەتیشکی خۆر، واتە من هیچ دژی تیشکی خۆر نیم، تیشکی خۆر خراپ نیە، بەلام من چی ئەکەم؟، مناڵەکەم ئەپارێزم لەو تیشکە، هیچم نەکرد

بەرامبەری، پاراستنی خانووی خۆم لە لافاو، ئەم یاسایە مەسجێکی هەیە، ئەم یاسایە نایەت ئیجرائاتی ویقائی دابنێت و عقوبە دانێت، خۆ قانونی عقوباتی بەغدادی و ئیجرائاتی هەمووی کاملە لە ڕووی هەر کردارێکی توندو تیژ عیقابی بۆ دانابێت، ئێمە بیر کردن لە دەرکردنی ئەم یاسایە دەمانەوێ ڕووبەڕووی و بەرەنگاری دیاردەیەك ببین، کولتوری باو، کۆمەڵگای ئێمە بەڕەوای ئەزانێت، ئەمە مەسجی ئەم یاسایەیە، بۆیە زۆر من لەگەڵ ئەوەمە کە بکەرەکە لە ناو یاسا توندو تیژی خێزانی بێت، چی لێ ئەکەی؟، ئەیپارێزی، مەعقول نیە، ئەو پاراستنی توندو تیژی خێزانی ناچێتە عەقڵم، بەرەنگار بوونەوە یان ئەوە بەدڵ نیە، دەبێ ئێمە ناوێك دابنێین ناوەڕۆکەکەی فیعلەن ناوەڕۆکەی یاسا ئینعیکاس بکات، واتە ئێمە هەڵوێستێك بەرامبەر بە توندو تیژی خێزانی وەردەگرین، باش بیری لێ بکەینەوە، موناهەزە وەکو سۆزان خان و ئەوانەی تر گوتیان، موناهەزە هەموو ئیجرائاتی هەیە، موناهەزەی تەمیزی عونسوریمان دیت، موناهەزەی زۆر شتی ترمان دیت، بۆیە من جارێکی تر تەنها ئەوە ئەڵێم، ئێمە ئەمانەوێ بەم یاسایە هەڵوێست وەربگرین، بەرامبەر بە دیاردەیەك کولتوری کۆن، کۆمەڵگای ئێمە گۆڕانکاری گەورەی تێدا ڕووداوە، هەندێ کرداری ڕەوان بە پێی کەلتوری باو ئەمانەوێ بەرەنگاری ببینەوە، بۆیە ئەو بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژیەی خێزانی یان موناهەزەت عونف الاسری، دەربڕە لە ناوەڕۆکی، بێجگە لەوەی تەرجومەکەش تکاتان لێ دەکەم پاراستنی خێزان توندو تیژی نیە، یان بەرەنگاربوونەوەی خێزان، ئێمە ناچین بەرەنگاری ببینەوە، ئێمە ئەمانەوێت یاسایەك هەبێت بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی خێزانی بیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز صبیحە خان کەرەمکە.

**بەڕێز صبیحە احمد مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش هەموو شتێك دەست خۆشی لە هەر پێنج لیژنە دەکەم، کە بەڕاستی عەزیەتێکی زۆریان کێشاوە، بەڵام بەنیسبەت ناوی یاسایەکە من پشتگیری لە ڕەئی دووەم دەکەم، کە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی خێزانیە لە هەرێمی کوردستان، چونکە لێرەدا ناوی یاسایەکە لەگەڵ ناوەڕۆکی یاسایەکە دەگونجێ، لە لایەکی تر، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو دیاردانەی کە لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا هەن، هەموویان سەرچاوەیان لە داب و نەریت وەرگرتووە، زۆر بە ئاسایی تەماشای ئەم کردارانە دەکەن کە بەرامبەر بەخێزان ئەنجام دەدرێت، بۆیە لێرەدا ئێمە دەمانەوێ لە ڕێگەی ناوی یاسایەکە پەیامێك بۆ کۆمەڵگای خۆمان بنێرین، کە نابێت ئەم کردارانە بەردەوام بن، بۆیە من لەگەڵ ڕەئی دووەمم، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز نەریمان عبدالله کەرەمکە.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاردەیەکی نەخوازراو هەیە لە هەرێمی کوردستان و لە ناوچەکەش هەیە، وە دیاردەیەکە لە عالەمیش تا حەدێك، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرفراوان هەیە، دیارە مەبەست لە داڕشتنی یاسایەکی وەها، حەتمەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە کە هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئێمە ئەگەر بێت و بچینەوە سەر داڕشتنی شێوەی یاساکە، ڕەئی یەکەم کە دەڵێ (قانون الحماية من العنف الاسرى) بە کوردیەکەی( یاسای پاراستنی خێزان) لێرەدا ئێمە ئەگەر بێت و حیمایە بەکاربهێنین، کەواتە ئەبێ ئوسرەکە لەگەڵ حیمایەکە بێ، نابێ (من العنف الاسرى) ئەبێ بڵێین (قانون حماية الاسرة من العنف)لەبەر ئەوە لەڕووی تەرجەمەکەوە، شەرت نیە من لەگەڵ ئەوە ڕەئیە بم، دێینەوە سەر ڕەئی دووەم، کە ئەڵێ (قانون مناهضة العنف الاسرى) یان حمایەکە تەنها پاراستنە، بەڵکو چارەسەری بۆ دانەناوە، بەرەنگاربوونەوەی تێدا نیە، نەهێشتنیشی تێدانیە، کەواتە من پێموایە کەمتر ئەتوانێ چارەسەری کێشەکە بکات حمایە، دیینە سەر(قانون مناهضة العنف الاسرى) ئەگەر بێت و موناهەزە ئێمە تەرجەمەی بکەین، کە بە بەرەنگاربوونەوە تەرجەمە کراوە، بەرەنگاربوونەوە بەڕاستی موقاوەمە دەگەیەنێ، نەوەك موناهەزە دەگەیەنێ، ئەوە لەوێ هەڵەیەکی زمانەوانی هەیە، لەگەڵ هەردوو ڕەئیەکە من ڕەئیەکم هەیە کە بەڕاستی ئەبێ ئێمە هەوڵ بدەین بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە، یان لەناو بردنی ئەو دیاردەیە، بۆ ئەو مەبەستەش عینوانی یاساکە، من پێم باشە بکرێتە (قانون مكافحة العنف الاسرى) کە کردمانە(قانون مكافحة العنف الاسرى) ئێمە لێرە هەم لەناوبردن و هەم نەهێشتنەکەش دەگرێتەوە، کە حیمایەکەشی تێدایە وەبەرەنگاربوونەوەکەشی تێدایە، بۆیە ئێمە ئەگەینە ئەنجامێك کە چارەسەرەکان دەدۆزێتەوە، لە نەتیجە ئێمە لە یاساکە سزامان داناوە، سزاکانیش مەبەست لە نەهێشتن و لە ناوبردنی ئەو جۆرە دیاردەیەیە کە هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، لەگەڵ ڕەئی دووەمم، ڕەئی دووەم، موناهەزەکە بکرێتە موکافەحە، نەوەك موناهەزە، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باسم کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەیمان عزالدین کەرەمکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر وەکو ئەوەی کە هەندێ لە برادەران باسیان کرد، کەناوی یاسا ئەبێ تەعبیر لە ناوەڕۆکەکەی بکات، بەڕاستی ئێمە ئەکەوینە هەڵەیەکی یاسایی و پێموابێ کۆمەڵایەتیشەوە، گەر هەر کام لەو دوو ناوەی دانراوە ئیختیاری بکەین بۆ ئەم پرۆژە یاسایە، لەبەر ئەوەی هەردوو ناوەکە کە تەرکیز لەسەر خێزان ئەکات، ئەو توندو تیژیانەی لە خێزان ئەنجام ئەدرێت، ئیتر پاراستنی خێزان بێ یان بەگژاچوونەوەی توندو تیژی بێ، گرنگ من قسەم لەسەر توندو تیژی خێزانیە کە هەیە، لە دوو ڕووەوە ئێمە ئەم دوانە

هیچی ناتوانین، ئەگەر بەشێوەیەکی قانونی قسەی لەسەر بکەین، ناتوانین ئەم ناوە بکەین بە دەلیل بۆ ئەم قانونە، یەکەمیان، ئەگەر ئێمە سەیری ماددەکانی تری ناوەوەی قانونەکە بکەین کە ناوەڕۆکەکەیەتی، جگە لەوەی کە لەماددەی یەکەم باسی ئەوە کراوە، کە هەر توندو تیژیەك لە لایەن هەر ئەندامێکی خێزانەوە بەرامبەر بە ئەندامێکی تر ئەنجام بدرێ، لە هیچ ماددەیەکی تر باسی پیاو وە باسی مناڵ نەکراوە، جگە لەوەی کە ئەو فیعلانەی کە بە توندوتیژی حیسابی بۆ کراوە، وە علی سبیل المثال، هێنراوەتەوە، هەموویان ئەوانەن کە لەلایەن پیاوەوە بەرامبەر بە ژن ئەنجام ئەدرێ، یان زۆینەی ئەوەیە کە بەرامبەر بە ژن ئەنجام ئەدرێ، نەوەك بەرامبەر بە پیاو ئەنجام ئەدرێ، بێجگە لەوە لە ماددەی 7 بە وازحی وتوویەتی هەموو ئەوانەی لێرە ناویان نەهاتووە، بە پێی قانونی عقوبات یان ئەحوالی شەخسی، یان ئسولی مەحاکەماتی جەزائی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، ئەوانەی کە ناویان نەهاتووە و توندو تیژی بەرامبەر ئەکرێ، پیاو و منالن، کەواتە لەکاتی ئەنجامدانی توندو تیژی بەپێی ئەم یاسایە بەرامبەر منال وەبەرامبەر پیاو، ئەبێ بگەڕێیتەوە بۆ قانونی عقوبات و قانونەکانی تر، کەواتە ئەمە بەلگەی 100٪ ە، بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیەی لەبەر دەستی ئێمەدایە، پرۆژەیەك نیە بە فیعلی بۆ ڕێگە گرتن لە توندو تیژی خێزانی بەدەر لەوەی کە بۆ توندو تیژی دژ بە ژنانە، لە لایەکی ترەوە لە ڕووی مەعنەویەوە، لە بەڕێزتەوە کەیەکەمجار ئیشارەتت کرد، ئەمە بۆ ئەوەیە خانمان، ژنان، ئافرەتان زوڵمێکیان لەسەرە ئەمڕۆ ئەو زوڵمە لا ئەبەین، لە قەناعەتی هەر یەکێکیشمان کە هەڵئەستین، وە بەڕێز سۆزان خانیش ئیشارەتی پێیدا فیعلەن دەقیق بوو، کە ئەبێ ئەم ناونیشانە لەگەڵ ئەو ناونیشانەی کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەری ڕێکەوتوون، کە ئەو بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی دژ بەژنانە، کە واتە لە قەناعەتی هەر یەکێکمانە توندو تیژیەکە دژ بە ژنانە، ئەمەش لە خۆڕا نەهاتووە، لەوەیە کە ڕاستە توندو تیژی بەرامبەر بە پیاویش هەیە، بەلام نەبۆتە زاهیرە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی، ئێمە بە فیعلی ئەو زوڵمە لاببەین کە لەسەر ژن هەیە، وەبە فیعلی دەقیق بین لەوەی ناو لەگەڵ ناوەڕۆکا بێ، ئەو دوو ناوە هەردووکی لابەین، ناونیشانی پرۆژەکە ببێ بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، چونکە بەم نەوعە ئەگەر ئێمە بەمە بیهێڵینەوە، لە ناوەڕۆکا توندوتیژی دژ بە ژنان، وە بە خێزان ئەیهێڵینەوە ئێمە زوڵم زۆر لە ژن زیاتر ئەکەین، لەبەر ئەوەی توندو تیژی لەسەر ژنان تەنیا لە خێزان نیە، لە دەرەوەی خێزانیشە، بۆیە بکرێ بە توندو تیژی دژ بە ژنان بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز زەکیە سەید صالح کەرەمکە.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دەست خۆشیێ لیژنەی پەیوەندیدار دکەم، بۆ دروست کرنا ڕاپۆرتەکا هاوبەش ب ڤی ڕەنگی، ئەز گەل ڕەئیا دوێمە، بۆچی؟، چونکو ئەگە ئەم بهێین سەح کەینێ، ڕەئیا ئێکێدا ئەگەر ئەم زڤڕینەڤە ب ئەسڵێ

مەشروعی ژ حکومەتی هاتی، ڕێکارێت ویقایێژی تێدا هەبوو، ژبەر هندێژی ئەم دشیاین پاراستنێ بکەینە دوێرێدا، بەس وێرێدا ڕێکارێت ویقایە نەهاتنە، بەس ڕێکارێ بێت عقوباتێ هاتی، ژبەر هندێژی ئەز دبینم یاسایی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی خێزانی، باشترین ناڤە کۆ بۆ هندێ بۆ ڤێ یاسایێ بێتە دانان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سالار مەحمود کەرەمکە.

**بەڕێزسالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لە خوێندنەوەی هەردوو ناونیشانی پڕۆژە یاساکە دەردەکەوێ کە ئێمە ڕووبەڕووی پرەنسیپێك دەبینەوە، کە لەسەر بنەمای ڕاست و ڕاستتر، دروست و دروستتر، باش و باشتر هاتووە، من تەسەوڕم وایە هەردوو ناونیشانەکە جۆرێك لە گونجانی تیایە، بەلاّم بە حوکمی ئەوەی کە ئەوتری عینوانی یاسا ئەبێ دەربڕی ناوەڕۆکی یاساکە بێ، بۆ ئەو مەبەستەش بێ کە لە ئەساس پڕۆژە یاساکەی لەسەر بنیاد نراوە، بۆیە تەسەوڕم وایە ڕای دووەم گونجاو ترە، بۆیە پێویست ئەکات ئیستینادی بکەین لەسەر، چونکە خودی یاساکە یاسایەکی تایبەتە، بۆ بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی خێزانی، واتە ئەو توندو تیژیانەی لە هەناوی خێزانەوە دێنەکایەوە، پێش دروست بوونی خێزان، لەگەڵ دروست بوونی خێزان، لەبەر دەوامی ژیانی خێزان، لەو ڕوانگەیەوە ئەم یاسا تایبەتە، ئەبێ لەناو قەوسا هەمیشە ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ کە هەندێجار مەسەلەی پاراستن، بۆ نموونە بڕگەی دووەم کە باس دەکرێ، پاراستنی خێزان لە توندو تیژی ئەو توندو تیژیانەش ئەگرێتەوە، کە یاسا بەرکارەکانی عیراق و کوردستان دایناوە، بۆ نموونە، بۆ نموونە یاسای ژمارە(111) عقوباتی ساڵە 1969، هەندێجاریش ئەو توندو تیژیانە لە دەرەوەی خێزان ئاراستە دەبن بۆ ناو خێزان، ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بەلاّم ئەمە کت و مت بۆ ناو خێزانە لەناو خێزانیش ئێمە ئەبێ ڕاست گۆ بین لەگەڵ خۆمان و لەگەڵ کۆمەڵگاکەمانە، عونسری سەرەکی و ئەوەی ئەبێتە نیشان بۆ توندو تیژی ئاراستەو بەرامبەر دەکرێ، ژنە، کچە، ڕەگەزی مێیە، لەبەر ئەوە من تەسەوڕم وایە یاسایەکە لەم ساتە وەختەدا لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە، کە کۆمەڵگای کوردەواری یان کۆمەڵگای کوردستانی، لەگەڵ بەرەوپێش چوونەکانی، لەگەڵ تاك و لەگەڵ کۆمەڵگا، لەگەڵ ئاشنا بوون بە مافەکانی، بە مومارەسە کردنی بەشێك لەئازادیەکانی، وە لەگەڵ گەشەکردنی تەکنەلۆجیاو پەیوەندیەکان، ئەو هەموو بەرهەمانەی کە دونیای تازەی هێناوەتە کایەوە، لەگەڵ خۆشیدا بەهۆی خراپ بەکارهێنان یان ئاشنا نەبوون پێی، یان نەبوونی ڕۆشنبیری لەگەڵیدا، جۆری توندو تیژی ئەهێنێتە کایەوە لەناو خێزاندا، بۆ ئەم مەبەستە بوونی ئەم یاسایە لە ئان و ساتی خۆیدا، دیّگەی دەست خۆشیە من پشتگیری لە بۆچوونەکانی گەشە خان و سۆزان خان و کوێستان خان دەکەم، کە پشت ببەسترێ بە بڕگەی دووەم، وە دواجاریش دەست خۆشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکەین، کە بەبێ گوێدانە بەشێك لە مەحتەواکەی بۆ کۆمەڵگای ئێمە،

من ناوی نانێم شۆڕش، بەڵام تەحەدایەکی زۆر گەورەیە بۆ نەریتی باو، کە ژن و ئافرەتی ئێمەی زۆر پێ شێل کردووە لە مافەکانی بۆ ئەم خولە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆ لیژنەکان، بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ چالاکوانانی بواری ژنان و خانمان، جێگەی دەست خۆشیەو، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڕەفیق صابر کەرەمکە.

**بەڕێز د.رفيق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە قانونە لە بنەڕەتدا بەو مەبەستەیە کە چارەسەری گرفتێکی کۆمەڵایەتی بکات، کە ئەویش توندو تیژیە، وە جۆرێکە لە توندو تیژی، کە بە توندو تیژی خێزانی ناو دەبرێت، ئەم جۆرە توندو تیژە لە بنەڕەتدا لەناو خێزاندا ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەکرێتەوە کە لاوازن لە ناو خێزانەکەدا، بە پلەی یەکەم ژن، دووەم منداڵ، سێیەم پیر، دیارە هەندێجار پیاوی لاواز بابڵێین یان مێرد بابڵێین، من لەگەڵ ئەوەم کە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی، خێزانی پەسەند بکرێ، لەبەر ئەوەی لە هەردوو پرۆژە قانونیەکەدا ئەمە هاتبوو، مەسەلەی پاراستنی خێزان لە لایەن لیژنەی یاساییەوە هاتووەو، بۆیە ڕەنگە سەیریش نەبێ کە لیژنەی یاسایی تەنیا یەك ژنی تێدایە، کە بۆیە پیاو پشتگیری پێشنیارەکەی ئەوان نەکات، لە هەمان کاتدا من پێموایە ئەو سەرەنجانەی کە بەڕێز پەیمان خان باسی کرد، سەبارەت بە تێهەڵکێش کردنی یان تەرکیز خستنە سەر ئەندامانی تری خێزان، جگە لە ژن کە ڕووبەڕووی توندو تیژی دەبنەوە شتێکی گرنگە، هیوادارم لەکاتی موناقەشە کردنی ماددەکانی ئەم پرۆژە قانونەدا ئەمەیان لەبەرچاو بگرین، لەهەمان کاتدا ئێمە دەڵێین بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی، جگە لەوەی کە لە یاسا نێودەوڵەتیەکان، لە نەتەوە یەکگرتووەکان یان سەبارەت بە توندو تیژی دژی ژنان، وشەی بەرنگاربوونەوەیان هەڵبژاردووە، لە هەمان کاتدا وشەی بەرەنگاربوونەوە خۆی جۆرە کەمپینێك دروست دەکات، کە لە هۆشیار کردنەوە، لە کرداری تر بۆ ڕێگە گرتن لە توندو تیژی خێزانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەندێجار نیە تەعەدا لە ئافرەت دەکرێ، زۆربەی جارە کاکە، بەڕێز تارا ئەسعەدی.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو ڕای خۆم شەخسی، وام بە باش زانی کە یاساکە بەم شێوەیە بێت، ناو نیشانەکەی (یاسای بەرەنگاربونەوەو پاراستنی خێزان لە توندو تیژی خێزانی) لەبەر ئەو سەبەبە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئێمە بەرەنگاربوونەوە یەکێکە لە هەدەفەکانی کە ئەمانەوێ، توندو تیژیەکە لەناو خێزاندا هەیە، دەمانەوێ پیشانی بدەین بە هەموو دونیا، کە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ئەم توندو تیژیە نەمێنێ، بە خەڵك دەڵێین دەبێ نەمێنێ، بەڵام چی ئەکەین بۆ ئەوەی نەمێنێ، دێین دەیپارێزین لەو توندو تیژیە، بەڵام ئەگەر بە

تـەنها پاراسـتن لـەعونفی ئوسـەری بڵـێین، نـازانم مـن وای دەبیـنـم کـە تونـدو تیـژی لـە دەوروبـەری هەیـە بەرامبەر بە خێزانەکە ئەکرێ، ئێمە ئەم قانونـە دەرئـەهێنین لەبـەر ئـەوەی لـەناو خێزانـدا بـەهۆی داب و نەریتێکی تایبەت، بەهۆی هەقدانێکی تایبەت کە لەلایەن بەشێك لە خێزانەکە بۆ بەشەکەی تـر، مـن هـیـچ کاتێك ناڵێم تەنهابەس ئافرەت بەرامبەری غەڵەت دەکرێ، زۆرجاریش بە پێچەوانەیە، زۆر جاریش برایەك لە براکەی خۆی، یان باوکێك لـە منداڵەکـەی خـۆی دەدات، واتـە ئێمـە هـەدەفی ئەساسـی خۆمـان ئیعـتیراف کردن کە توندو تیژی هەیە لە هەر لایەك، کە ئەکرێت بەرامبەر بە بەشێك لـەناو خێزانەکـە کـە زۆر زۆر گرنگە بەتایبەتی ئافرەتەکە، لە هەمان کاتدا بەرامبەر بە نەفەرەکانی تری ناو خێزانەکەش، ئەگەر ناوەکە بەم شێوەیە بێ یاسای بەرەنگاربوونەوەو پاراستنی خێزان لە توندو تیژی خێزانی، وابـزانم زیـاتر ماناکـەی دەپێکێ، چونکە ئێمە مەبەستمان هی ناو خێزانە نەوەك دەرەوەی خێزان بەرامبەر بە خێزان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بەڕێز د.ئەرسەلان فەرموو.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێموایـە یاسـایی بـەرەنگار بوونەوەکـە ڕاسـتە، چـونکە کـە وتمـان بـەرەنگار بوونـەوە، حیمایەکـەش ئۆتۆماتیکی حیمایەکەش بە خۆیەوە دەگرێ، بەڵام ئەگەر وتمان حیمایە مەرج نیە ڕووبەڕووی ببێتەوە، لە ڕووی داڕشتنیشەوە ئەبێ بوترێ (یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندو تیـژی خێـزان لـە هـەرێمی کوردسـتاندا) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورن یەك خانمێك مابوو، ئاواز عبدالواحد، ببووری فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام بۆ ڕای دووەم بۆ ناوی پڕۆژە یاساکە، کە ببێتە (بەرەنگاربونەوەی توندو تیژی بەرامبـەر بـە خێـزان) چـونکە بـەم نـاوە دەتـوانین پـەیامێك بـەڕوونی بگەینینـە هاووڵاتیـان، بـۆ ئـەوەی یاسـایەك هەیـە ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە دەبێتەوە کە دیاردەی توندو تیژیە بەرامبەر بە خێزان، بـەڵام لـە ڕای یەکـەم کـە پاراستنی خێزانە ئەمە تەواوی ئامانجی یاساکە نـاپێکێ، چـونکە خێـزان یـاخود تونـدو تیـژی تـەنیا بـەم یاسایە چارەسەر ناکرێ، لەم ناوەدا سیفەتێکی لاواز دەدرێتە ئافرەت و منداڵ و ئەندامانی تری خێـزان مـن هاوڕام لەگەڵ پێشنیاری دووەم بۆ ناوی پرۆژە یاساکە، کە ببێتـە بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی بەرامبـەر بە خێزان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەلەمانی كوردستان پێشنیاری باشیان تەقدیم كرد، سەبارەت بە ناونیشانی یاساكە، بۆچوونی جیاواز هەیە، توانیان دەوڵەمەندی بكەن، هەر كەسێك بە بۆچوونی خۆی، لەوانەش بەشێك پێیان باشە یاساكە ببێتە (مناهضة العنف ضد المرأة)، بەشێكی تریان (قانون الحماية من العنف الاسري ومناهضته في اقليم كوردستان)، هەندێكی تریشیان (قانون مناهضة العنف الاسري وحماية الاسرة في اقليم كوردستان)، ئەندامێكی بەڕێز دەڵێت ببێتە (یاسای بەرەنگاربوونەوەی پاراستنی خێزان لە توندوتیژی خێزان)، ئەم بۆچوونانە ئەگەر كۆی بكەینەوە، بە رەئی من دەبێت بە جیاوازی بیخەینە دەنگدانەوە، چونكە لە راپۆرتی هاوبەشدا تەنها دوو بۆچوون هاتووە، ئایا یاسای پاراستنی خێزان بێت، یان بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی خێزان، تەبیعی رەئی سەرۆكایەتی پەرلەمان، ئایا بە چ ئالیەتێك ئەو دوو ناونیشانە بخەینە دەنگدانەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەك/ وەكو لە پرۆژەكە هاتووە.

پێشنیاری دوو هەیە، پێشنیارێكی دەمج بە نووسراو لە چەند بەڕێزێكەوە بۆمان هاتووە، ئێستا بە تەسەلسول دێین، جەنابی وەزیر موداخەلەت هەیە؟ ئاخیر موداخەلە، فەرموو.

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەمەوێت تەئكید بكەم لەسەر سێ موداخەلە، بەس ناویان دەهێنم، موداخەلەكەی كاك ئەرسەلان، موداخەلەكەی كاك عبدالسلام بەرواری، موداخەلەكەی كوێستان خان، كە مەبەستی حكومەت لەم قانونە، بەشێكە لەو میكانیزمەی كە هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە كۆمەڵدا، بەشێكیش ئەوەیە كە ناوی دەنێین توندوتیژی خێزانی، مەبەستەكە هەر ئەوە نییە، كە وەكو تاكیش، پاراستنی تاكیش لەناو خێزان و ئیلتیزامێكە، بەو ئیلتیزاماتە نێودەوڵەتیانەی كە هەمانە، كە لە ئیعلانی جەمعیەی عامەی نەتەوە یەكگرتووەكاندا هەیە، بەشێكی هەیە، ئەوەی پێی دەڵێن ئیعلانی عالەمی رووبەڕوو بوونەوەی، یان بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، ئەمە بەشێكە لەو ئەركەی كە جێ بەجێی دەكەین، كە حكومەت بە گونجاندن لەگەڵ ئیلتیزاماتمان لەگەڵ موجتەمەعی نێودەوڵەتیدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەس موداخەلەی گشت ئەندامە بەڕێزەكان، موداخەلەیەو جێگای رێزە، رێزمان بۆ حكومەتیش هەیە، بەلاَم لێرە ئەو بەڕێزانە بڕیار دەدەن بە تەسەلسول دێینە خوارەوە، (قانون الحماية من العنف الاسري في اقليم كوردستان – العراق)، (قانون مناهضة العنف الاسري في اقليم كوردستان – العراق)، ئەو پێشنیارەش كە هاتووە بۆ دەمج (قانون الحماية من العنف الاسري ومناهضته في اقليم كوردستان – العراق)،

ئەمەی ئەخیر دەمجە، ئێستا بۆتان وازیح بوو، عینوانی یاساکەیە، (قانون الحماية من العنف الاسري في اقليم كوردستان – العراق) دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (4) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ لەگەڵدا نینە.

ئێستا دەچینە دووەم/ (قانون مناهضة العنف الاسري في اقليم كوردستان – العراق)، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ناچینە سەر سێیەم، بۆیە دووەم بووە عینوانی قانونەکە، لیژنەی یاسایی بۆ ماددەی یەکەم، فەرموون.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

1-هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- خێزان: کۆمەڵە کەسێکی سروشتین پەیوەندی هاوسەرگیری، یان خزمایەتیان تاکو پلەی دووەم هەیە، جا لەهەر جێگایەك دابینشن و لەگەڵ خزمی پلە سێیەم و چوارەم، بە مەرجێك لە ماڵی خێزانی نیشتەجێ بن.

3- توندوتیژی خێزانی: هەر کردارێك، یان وتەیەك، یان هەڕەشەیان پێ لێ بکرێت لە تاکەکانی خێزان لە دژی یەکێکی دیکەیان، کە زیانی ماددی و مەعنەوی پێ بگەیەنێت و ماف و ئازادییەکانی لە دەست بدات.

ڕایەکی دیکە هەیە بۆ پێشنیاری ئەم دارشتنەوەیە دەکات:

(توندوتیژی خێزانی: هەر کردارێك، یان وتەیەك، یان (هەڕەشەیان پێ لێبکرێت) لە تاکەکانی خێزان لە دژی یەکێکی دیکەیان، یان لەسەر بنەمای ڕەگەز، کە زیانی ماددی و مەعنەویان پێبگەیەنێ و ماف و ئازادییان لە دەست بدات).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەرەبیەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

يقصد بالمصطلحات الآتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

1- الاقليم: اقليم كوردستان - العراق.

2- الاسرة: مجموعة اشخاص طبيعيين تربطهم الرابطة الزوجية او القرابة الى الدرجة الثانية اينما اقاموا والاقارب من الدرجة الثالثة والرابعة شرط اقامتهم في البيت الاسري.

3- **العنف الاسري: كل فعل او قول او التهديد بهما صادر من احد افراد الاسرة ضد الآخر من شأنه ان يلحق ضررا ماديا ومعنويا وهدراً لحقوقه وحرياته.**

**وهناك رأي آخر، تقترح الصياغة التالية:**

3- **العنف الاسري: كل فعل او قول او (التهديد بهما) صادر من احد افراد الاسرة ضد الآخر أو على أساس الجنس من شأنه ان يلحق ضررا ماديا ومعنويا وهدراً لحقوقه وحرياته.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لە راپۆرتی هاوبەشدا، ئەندامانی هەر پێنج لیژنە كۆكن لەسەر داڕشتنەوەی بڕگەی یەك و دوو، بەڵام سەبارەت بە بڕگەی سێ جیاوازی هەیە، واتا دوو را هەیە، بۆیە پێشنیار دەكەم تەنها گفتوگۆ لەسەر بڕگەی سێیەم بكرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ناكرێت، چونكە هەموو ئەندامان لە لیژنەكان نەبوونە، بۆیە حەقی خۆیانە موناقەشە بكەن، خیلافەكەش قەیدی ناكات، ئەندامانی پەرلەمان حەقی خۆیانە، یەعنی ئەوە ناكرێت، ئێستا دوو رەئی هەیە، ئەو دوو رەئیە، تكایە گوێتان لێرە بێت، ئەو دوو رەئیە، لە هەر رەئیەیەك چەند بەڕێزێك قسەی لەسەر بكات، بۆ ئەوەی یەكلای بكەینەوە، پاشان لەسەر كامە رەئی موناقەشەیەكی عام بكرێتەوە، جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەندێك ئیشكالیات هەیە لەم پێناسانە:**

**یەكەمین/ ئێمە پێناسەی توندوتیژی ناكەین بەگشتی، ئێمە پێناسەی توندوتیژی خێزانی دەكەین، ئەمە یەك.**

**دوو/ پێناسە كردنی خێزان، لەگەڵ عیلاقاتی ئوسەری تۆزێك گرفتمان بۆ دروست دەكات، چونكە ئێمە تەبیعەتی خێزانی خۆمان دەزانین، هەندێك حاڵەتی عونفی ئوسەری هەیە پێكەوە ناژین لە ماڵەكە، بەڵام بوار دەدرێت بە دەرەوەی ماڵەكەش دەژیت و دێت تەدەخول بكات و عونف بەكار بێنێت، واتا توندوتیژی بەكار بێنێت، ماف بە خۆشی دەدات، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی دوور بكەوینەوە لەم ئیشكالیەتە، ئێمە پێویستمان بەوە هەیە پێناسەی عونفی ئوسەری بكەین، كە پێناسەی عونفی ئوسەریمان كرد بەو مانایە پێناسەی عونف دەكەین لە چوارچێوەی عیلاقاتی ئوسەری، ئەو كاتە تەجاوزی پێناسەی ئوسرە دەكەین،**

من لێره داوا دەكەم پێناسەی ئوسره لێره لابرێت، چونكه موستەقبەلەن ئیشكالیاتمان بۆ دروست دەكات له جێ بەجێ كردنی قانونەكه، ئەمه دوو.

سێ/ بەنیسبەت پێناسەی عونفی ئوسەری، ئێمه مەرجعیەتێكی نێودەوڵەتیمان هەیه، ئەو مەرجعیەته نێودەوڵەتیه، كه هەموو وڵاتانی شارستانی خۆیان پێوه دەبەستن، ئەوەیه ئەو ئیعلانه نێودەوڵەتیه لەلایەن نەتەوه یەكگرتووەكانەوه دەرچووه، ئەو ئیعلانه باسی ئەوه دەكات، كه توندوتیژی خێزانی لەسەر ئەساسی نەوعی ئیجتیماعیه، به مانایەك هەم ژن دەگرێتەوه، هەم مندالٚ دەگرێتەوه، هەم پیرو پەككەوته دەگرێتەوه، كه به ساڵا داچووه، لەبەر ئەوه ئەگەر موستەلەحی نەوعی ئیجتیماعی بەكار بێنین، ئەم سێ فیئەته دەگرێتەوەو دوور دەكەوینەوه له تابعی جنس، كه تابعێكی بایلۆجیه، ئەمه سێ.

چوارەم/ ئەم توندوتیژیه زەرەرەكه زەرەری ماددی و مەعنەوی نییه، مەرجەعی نێودەوڵەتی به ئاشكرا دەڵێت دەبێت ئەو زەرەره (من الناحية الجسدية والجنسية والنفسية)، له هیچ كاتێكدا زەرەری ماددی، زەرەری جەسەدی ناگەیەنێت، زەرەری جنسی ناگەیەنێت، لەبەر ئەوه ئێمه وەكو وڵاتێكی شارستانی كه پابەندین به پرۆژەیەكی مەدەنی و شارستانیەت، كه پابەندین به رێكەوتنه نێودەوڵەتیەكان، من داوا دەكەم پێناسەكه وا بێت:

یەكەمین/ تەعریفی ئوسره لابرێت لەوێ، بۆ ئەوەی تووشی ئشكالیەتمان نەكات.

دووەم/ بڵێین (العنف الاسري كل فعل او قول او التهديد بهما على اساس النوع الاجتماعي في اطار العلاقات الاسرية المبنية على اساس الزواج او القرابة الى الدرجة الرابعة)، ئەو كاته شوێنی ئوسره موهیم نییه، (من شأنه ان يلحق ضرراً من الناحية الجسدية والجنسية والنفسية وهدراً للحقوق والحريات)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا چوار كەسم ئەوێ دیفاع له رەئی خاڵی سێ بكات، چوار كەسیش لەوی تر، پاشان یەكلای دەكەینەوه، كه یەكلامان كردەوه، ئەوجا ماددەكه موناقەشه دەكەین، فەرموو كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێك ئەندامی پەرلەمان هەیه هەمان رەئی جەنابی وەزیریان هەیه، لەسەر خێزان، بۆیه وا پێویسته ماددەكه هەمووی موناقەشه بكرێ، چونكه تەعریفەكه.........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نا گوتمان هەمووی، ئەگەر ئیجازه بدەیته برات، ماددەكه هەمووی به تەفصیلی موناقەشه دەكەین، ئەوه یەك، بەڵام ئێستا ئەوه یەكلا دەكەینەوه، یەكێك لەو دووانه لا بردرێ، ئەو خاڵه ئەمینێ، پاشان ئەتوانن صیاغەیەكی بكەینەوه، ئەتوانن دایبرێژنەوه بەو شكلەی كه بۆچوونی ئێوەی بەڕێز دێته سەری.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كەواتە كاتێك كە بڕگەی سێ موناقەشە دەكەین، دەتوانین دایڕێژینەوە بە شێوازێكی تر كە بەدەر لەمە، چونكە ڕای جیاوازمان هەیە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا سێ كەسم ئەوێ دیفاع لە خاڵی سێ بكات، كێ و كێ ئەیانەوێ؟ خاڵی سێ، ئاخر دوو ڕا هەیە، سێ دیفاع لەو بكات و سێی تریش لەوی تر، خۆ هەر هەموو پێكەوە قسە ناكەن؟ غیر سڕەیان پێ بدەم، بەڵێ، بۆ ئەوەی خاڵی سێ (العنف الاسري: كل فعل او قول او التهدید بهما صادر عن احد افراد الاسرة ضد الاخر من شأنە ان یلحق ضررا مادیاً ومعنویاً وهدرا لحقوقە وحریاتە)، كێ دەیەوێ دیفاع لەوە بكات؟ سێ كەسم دەوێ، نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی دوو ڕەئیەكە تەنها لەسەر خاڵی سێیەمە، لەبەر ئەوە ئەم ڕاپۆرتە، ڕاپۆرتی هاوبەشە، ئی هەموو لێژنەكانە، ماددەكە هەمووی بەتێكڕا با موناقەشە بكرێ، لە سەر خاڵی سێیەم كە ڕەئیەكی دیكە هەیە، نەك دوو ڕەئیە، تەبعەن دوایی ئەمە بەو شێوەیە صیاغە كراوە، كە تۆ لە زمنی موناقەشەكەیدا با ئەو خاڵەش موناقەسە بكرێ، دوایی بەڕێزانی لێژنە لای خۆیان ڕەئیەكان كۆ ئەكەنەوەو دواتر ئەخرێتە دەنگدانەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوەی ئەخیر كە لێرە داڕێژراوە لێرە هەڵی دەگرین، یەك نەوعی تر ئەمینێ، ئەوجا موناقەشەكان كەمتر ئەبێ، چونكە ئێستا بێتن (40، 50) كەس قسە دەكات، با ئیختیصاری وەقتەكە بكەین، كێ ئەیەوێت لەوەی خوێندمەوە دیفاعی لێ بكات، چەند كەسە؟ (پەریهان و پەیمان، سەرگوڵ، پەریهان فەرموو، خاڵی سێ (العنف الاسري: كل فعل او قول او التهدید بهما صادر عن احد افراد الاسرة ضد الاخر من شأنە ان یلحق ضررا مادیاً ومعنویاً وهدرا لحقوق وحریاتە)، سێ كەسم ئەوێ لەسەر ئەوە قسە بكات، سیوەیل عثمان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە سێیەم من لەگەڵ ئەو ڕەئیەمە، ئەوە بمینێتەوە، بەڵام دوایی ئەگەر موناقەشەی دەكەن، ڕەئیم لەگەڵ ڕەئی بەڕێز وەزیرە، كە لەو تەعدیلاتانەی كە باسی كرد، بەڵام ئەوەی سێیەمی، دووەم ئیلغا بكرێ و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت رەئی یەكەمەوە لەسەر عونفی ئوسەری، كە تەعریف كراوە باس لەوە ئەكات كە هەموو كردارێك، یان وتارێك، یان تەهدید، كە ئەمەمان باس كرد، باس لەوە دەكەین كە ئەو كردارە، یان وتارە لە یەكێك لە ئەندامانی خێزان دەردەچێ، ئەندامانی خێزانیش نێر و مێیە، كەواتە ئێمە پێویست ناكات دیاری بكەین كە لەسەر ئەساسی ڕەگەز، یەعنی كە ئێمە لەسەر ئەوەمان دیاری كرد، ئەوەش ئەگرێتەوە، لە رەئی دووەمدا تەنها ئەوەی بۆ زیاد كراوە، لەسەر ئەساسی جنس، لەبەر ئەوە من پێموایە رەئی یەكەم باشترە و داوا دەكەم ئەوە تەسبیت بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش لەسەر خاڵی سێیەم، (العنف الاسری)، من بەڕاستی هەر تێبینیم هەیە لەسەر ئەو پێناسەیەی كە بۆ عونفی ئوسەری كراوە، بەڕاستی لە هەردوو خاڵەكەدا، من پێم باشە یەعنی بە شێوەیەكی دیكە ئەگەر دواتر، نازانم بوار هەیە دواتر موناقەشەی لەسەر بكەینەوە؟ بەڵام من لەگەڵ ئەوەم بەڕاستی لێرە لەسەر ئەساسی جنسی تێدا نەبێ، بۆ ئەوەی ئێمە جارێكی دیكە تووشی ئەو ئیشكالیەتە نەبینەوە، كە جۆری كۆمەڵایەتی بەكار بێنین لە جیاتی ڕەگەز، كە هەمان جەندەرەكەی پێشوو دەكات، من پێم باشە لێرە، چونكە باس لە توندوتیژی ناو خێزان دەكرێ، توندوتیژی ناو خێزان لەسەر ئەساسی ڕەگەز بێ، لەسەر ئەساسی غەیری ئەوە بێ، دەگرێتەوە وا بزانم ژن بێ یان پیاو بێ هیچ جیاوازیەكی نەكردووە لەنێوان ئەندامانی خێزانەكە، لەبەر ئەوە من پێم باش نییە لێرە لەسەر ئەساسی جنسی تێدا بێ بەڕاستی، لەگەڵ ئەوەمە خاڵی یەكەم بە نەزەر ئیعتیبار وەرگیرێ، بەڵام بە هەندێك گۆڕانكاری و، لەگەڵ ئەوەشم كە لێرە ئەفرادی خێزان، ئەوانەی كە خێزان ئەیانگرێتەوە، زیكر بكرێن بەڕاستی، بۆ ئەوەی لەو ئیشكالیەتەی دەرچین، خێزان مانای چیە لە كۆمەڵگای ئێمەدا؟ چونكە ئێمە باس لە كۆمەڵگای خۆمان دەكەین، كۆمەڵێك قەوانینی دیكەش هەیە كە مەسائیلی خێزانی رێك خستووە، قانونی عقوباتمان هەیە، قانونی ئەحوال شەخصیمان هەیە، قانونی دیكەمان هەیە كە ئێمە لێرە هەموارمان كرد لە پەرلەمانی كوردستان، بۆیە ئێمە لێرە پێویستە پێناسەی خێزان بەپێی كۆمەڵگای خۆمان بكەین، ڕاستە عێراق هەندێك ئیتیفاقیاتی مۆر كردووە، بەڵام ئێمە قانونێكی ناوەخۆیی دائەنێین، قانونێكی دەوڵی دانانێین، لەبەر ئەوە من پێم باشە لێرە مەبەست لە ئەفرادی ئوسرەش روون بكەینەوە، كە زەوج و زەوجە

ئەگەینێت، بە عەقدی زەواجی شەرعی (وابناءهم واحفادهم، وابناء احد الزوجين من زواج شرعي اخر، والد و والدة اي من الزوجين، الاخوة والاخوات لاي من الزوجين)، یەعنی هەموو ئەوانەی کە ئەفرادی ئوسرەو خێزان دەگەینن، بەپێی قەوانینی ئێمە، ئێمە لە پێناسەی ئوسرە لێرەدا داخیلیان بکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، ئێستا ئەو خاڵی سێ کە خوێندمانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە، (العنف الاسري: كل فعل او قول او التهديد بهما صادر عن احد افراد الاسرة ضد الاخر من شأنه ان يلحق ضررا ماديا ومعنويا وهدرا لحقوقه وحرياته)، کێ لەگەڵ ئەوەیە، ئەمە بمینێتەوە؟ (11) بەڕێز لەگەڵە کە بمینێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە لا بچێ لێرە؟ بە زۆرینەی دەنگ لاچوو، ئێستا بۆ ئەو بەڕێزانە ناویان بنووسن کە بەسەر گشت ماددەکە موناقەشە دەکاتن، سێ لاچوو بەزۆرینەی دەنگ، ئێستا فەقەرەی سێ، دوو ئەوە هەبوو، یەکی لاچوو و یەکی ماوە، ئەوەی تر ئێستا موناقەشە دەکەین و ئێوە رەئیتان دەدەن و دەتوانن صیاغەشی بکەن، ئەگەر پێتان گرنگ بێت، کی ئەیەوێ قسە بکات؟ ئێستا ئەو ئەندامە بەڕێزانە ئەیانەوێ موداخەلە بکەن، ئەگەر پاشان یەکێك ناوی نەنووسرا بێ، داوا بکات ناوی بنووسین، ڕێزداران (عمر عبدالعزیز، احمد وەرتی، ئارام قادر، امیر گۆگا، سۆزان شهاب، د.بشیر، کوێستان محمد، پەریهان قوبلای، پەیام احمد، بێریڤان سەرهەنگ، پەروین عبدالرحمن، امنە زکری، سەرگوڵ رەزا، شڤان احمد، عظیمة نجم الدین، شێرزاد حافظ، ئاشتی عزیز، سمیرە عبدالله، شەونم محمد، ناسك توفیق، گەشە دارا، تارا ئەسعەدی، بەیان احمد، عبدالسلام بەرواری)، کەرەم بکە کاك عمر عبدالعزیز.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر ماددە یەك، تێبینیەکی لائیحیە، پەیوەندی بە ناوەڕۆکی هینەکانەوە نییە، سێ دەستەواژەمان پێناسە کردووە، یەکێکیان ئیقلیمە، یەك ئوسرەیە، یەك عونفی ئوسەری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئێستا بەس لەسەر خاڵی سێ ئەڕۆین، چونکە ئەوە خرایە دەنگدانەوە، لەسەر گشت ماددەکە وتم؟ باش، زۆر تەبیعیە فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی یەکەمەوە، سێ دەستەواژە پێناسە کراون، یەکەم/ ئیقلیم، دووەم/ئوسرە، سێیەم/ عونفی ئوسەری، موستەلەحێکی تر لە یاساکە حەوت جار دووبارە بوویتەوە، کە پێویستی بە پێناسە کردنە بە رەئی من، ئەویش موستەلەحی مەحکەمەیە، لەبەر ئەوە خاڵێك ئیزافە بکەین وەکو خاڵی چوارەم لە ماددەکە، بنووسین (المحكمة)، تەعریفەکەشی ئەوە بێ، (محكمة مختصة بقضايا العنف الاسري)،

چونكه ئەو كەلیمەیە لە ماددەی سێ لە بەندی یەك، لە ماددەی چوار لە بەندی یەك و دوو و سێ و چوار و پێنج، ئەوە شەش جار، لە ماددەی پێنجیش جارێك دووبارە بوویتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە كە باسی ئیقلیم و ئوسرە دەكەین، تەنها وابزانم جارێكە، یان دوو جارە ناوی هاتووە، لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەو رایەی وەزیریشم، ئەگەر ئێمە پێناسەش نەكەین ئیشكالێكمان نییە، چونكە لە كوردستاندا قەوانینی ئوسەری و شت وازیحە كە مەبەستمان لە ئوسرە چیە؟ بەڵام من تێبینیەكەم ئەوەیە كە ئەو وشەیە دوو جار هاتووە و تەعریفمان كردووە، بەس وشەی مەحكەمە كە بۆ یەكەم جار لێرە باسی مەحكەمەیەكی تازە دەكەین، شەش جار، حەوت جار لە یاساكە هاتووە، بۆیە پێشنیار دەكەم تەعریفی مەحكەمەش بكەینە خاڵی چوارەم لەناو ماددەی یەكەم و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەكەم، من پێشتر پێشنیارم كرد كە پێناسەیەكی تر بەڕاستی بۆ خێزان بكرێت، جگە لەوەی كە لێرە هاتووە، (الاسرة: مجموعة الاشخاص الطبيعين تربطهم رابطة الزوجية والقرابة الى الدرجة الثانية)، تا ئەگاتە كۆتاییەكەی، من پێم باشە لێرە ناوی ئەفرادانی خێزان بهێندرێ، وەكو پێشتر قسەم لەسەری كرد، هەموو ئەوانەی كە بەپێی قەوانینی ئێمە، بەتایبەت قانونی ئەحوالی شەخصی، ئەوانە بە ئەفرادی خێزان حیساب بكرێن، دیارە خێزان بناغەی كۆمەڵگایە، لە ماددەی 29 لە دەستووری عێراقدا هاتووە، وەكو دەڵێ (الاسرة اساس المجتمع وتحافظ الدولة على كيانها وقيمها الدينية والاخلاقية والوطنية)، لێرە باس لەوە دەكات كە خێزان بناغەی كۆمەڵگایەو بنەمایەكەی ئایین و ئەخلاق و نیشتیمانە، كەواتە لێرە دین و ئەخلاق و خۆشەویستی نیشتمان لە خێزاندا پێویستە، عونفی ئوسەری، ئەوەی كە لێرە هاتووە، توندوتیژی خێزانی، بریتیە لە هەر كردارێك، یان وتەیەك، یان هەڕەشەیان پێ لێ بكرێت، (او التهديد بهما)، یەعنی لێرە كردار، یان وتە تا نەبووبێتە فیعل، من پێموایە لە رووی قانونیەوە دروست نییە، چونكە (لاجريمة ولا عقوبة الا بنص)، كە فیعلێك و، قەولێك هێشتا نەبوو بێ بە فیعل، یەعنی بە فیعلی و اقیع نەبوو بێ، ناكرێ ئیستینادی بكرێتە سەرو عقوبەی لەسەر موتەرەتیب بێ، ئەگەر بگەڕێینەوەو بچینە سەر ماددەی دووەم، خاڵی سێیەم ئەڵی (لاتحرك الدعوى الا اذا كان العنف واقعاً)، وەختێك دەعوا دەجووڵێندرێ، كەوا توندوتیژیەكە بە فیعلی واقیع بوو بێ، یەعنی بوونی هەبێ، لێرە تەهدید بە كردارێك، یان بە وتەیەك كە هێشتا نەبووە، ئەمە واقیع نەبووە، ئیتر بۆ چی لێرە تۆ بە عونفی دادەنێی؟ من پێموایە هەر لێرە پێویست ناكات بەڕاستی، لەگەڵ ئەوەشەم كە لەسەر بنەمای ڕەگەز، (على اساس الجنس) لێرە لابردرێ وەكو پێشتر ئاماژەم پێدا، چونكە هەر توندوتیژیەك كە روودەدات لەسەر ئەساسی ڕەگەز بێ، یان ڕەگەز نەبێ ئەیگرێتەوە، توندوتیژی من پێم باشە لێرە یەك پێناسەی تری بۆ بكرێ، لە

جياتی ئەوەی کە هەر کردارێك، یان وتەیەك لە تاکەکانی خێزان لە دژ یەکێکی دیکە، یان لەسەر بنەمای ڕەگەز زیانی ماددی و مەعنەویٚ پیٚ بگەینیٚ کە ماف و ئازادیەکانی لە دەست بدات، ئەمە شێوەیەکی تەقریبەن مەتاتی هەیە، من ئەگەر قبوڵ بکەن لێرە، پێناسەیەك بۆ عونفی ئوسەریم پێشنیار کردووە، (العنف الاسري: كل عنف يتسبب او قد يتسبب في ايذاء او الم جسدي او نفسي للمعتدى عليه، يقع في اطار الاسرة، من قبل احد افرادها، بما له سلطة او ولاية او علاقة بالمعتدى عليه، و يمكن ان يكون المعتدى عليه الزوج او الاب او الاخ او غيرهم من افراد الاسرة)و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (تهديد بالعنف) هەر عنفە، بەڕێز ئارام قادر فەرمووو.

**بەڕێز ايوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پێشنیارم هەیە بۆ ماددەی یەك، ئەویش مەسەلەی دادگایە، پێناسەیەك بکریٚ بەوەی کە دادگای تایبەتمەند کە لەو دواییەدا دێینە سەر گفتوگۆکردن لەسەر جۆری دادگاکان و، هەروەها پێشنیارێکی دیکەشم هەیە، کە وەزارەت دیاری بکریٚ، کە بریتیە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، کە لە بڕگەی 5 و 18ی ماددەی دووی ئەم وەزارەتە، بەڕاشکاوانە باس لەوە کراوە، کە ئەو وەزارەتە ئەرکی لە پاراستنی خێزان و، هەروەها بەدواداچوون بۆ ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی کەلەناو خێزاندا دروست دەبێت، چونکە ئەگەر بێتو ئێمە سەیری ماددەکە بکەین، تەنها ڕووبەڕووی تاوانبار نابێتەوە، بەڵکو زەحیەش لێرە بایەخی پیٚ بدریٚ، لەبەر ئەوە پێم باشە وەزارەت بکریٚ بە بڕگەیەکی تر، کە پەیوەستە بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز کاك ئەمیر.

**بەڕێز امير گۆگا يوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددە یەکیٚ لە ئیقلیما، دوو، یێ دووی لابردنی وشەی (الاسرة)، تەعریفا ا(لاسرة) بێتە لا بردن، چونکە تەعریفا (الاسره) هاتیە تەعریف کرن گەلەك لە دەستوورا عیراقی، هەڕەوەسا لە لای مەحاکما ژی هاتیە تەعریف کرن، پێویست ناکات دووبارە بێتە تەعریف کرن، سیٚ، ئەز پشتگیریا رەئی بەڕێز جەنابی وەزیریٚ دکەم، کۆ ئەو پێناسە هاتیە بۆ (العنف الاسرى)، ئەو پێناسە بێتە وەکی بێژن پەسند کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تەعریفەکە هەر بۆ قانونەکەی خۆمانە، حەقمان چیە بەوی، بەڕێز سۆزان شهاب فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

من جارێکی تر وەبیر هێنانەوەیەکتان بۆ دەهێنمەوەبیر، کە ئێمە ئەم یاسایە لەسەر ئەساسی ئەو جاڕنامەی کە داڕێـژراوە، دەبێ ئـەو بنەمایانـەی کـە هەیـە، فیعلـەن لـە دەنگدانی بـۆ ناوەکەی، ئێمـە ئیتیبـاعی ئـەو ئیسلوبەمان کرد، کە ئیعتیماد بکەینە سەر ئەو جاڕنامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی توندوتیژی، بۆیە لەوێـدا هاتووە بەم شێوەیە کە بە عەرەبی و بە کوردیش دەیخوێنمەوە، یەك، دوو ئیزافەشم هەیە، یەکەم/ خێـزان لابرێ لەسەرەوە، هاوڕام لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عمر، کە دەبێت مەحکەمە لەبەر ئەوەی زیاتر لـە دوو، سـێ جار ناوی هاتووە، دەبێ تەعریف بکرێت، مەحکەمە مەبەستمان ئەوەیـە مەحکەمـەی عـونفی ئوسـەری کـە دروست دەکرێت، مەحکەمەی عونفی ئوسەری، بۆیە من نەصە کوردییەکەی جارێ لە پێشدا دەیخوێنمـەوە، دوایـی نەصـە عەرەبیەکـەی، دەڵێـت: (توندوتیـژی خێزانـی، یـاخود هـەر کردەوەیـەکی توندوتیـژی لەسـەر بنەمای جۆری ڕەگەز ئەنجام بدرێ و ببێتە هۆ، یـان لەوانەیـە ببێتـە هـۆی ئـازاردان، مەینـەتی بـۆ ژنـان، چ لەلایەنی جەستەیی، یان سێکس، یان دەروونی بێت، بە هەڕەشـە لێکردنیشـەوەو، بـە ئەنجامـدانی ئـەم کـارە زۆرلێ کـردن، یـان بـێ بـەش کردنـی زۆرەملـێ لـە ئازادیـدا چ لـە بـواری ژیـانی گشـتی، یـان تایبـەتی)، ئـەوە تەعریفەکەیە کە لە جاڕنامەکەدا هاتووە، بۆیە دەبێ ئەساسی ئەم تەعریفە لە نـاو یاسـاکەی ئێمـەدا ڕەنـگ بداتەوە، بۆیە دەتوانین بە عەرەبیەکەی کە کەس ئێستا فریانەکەوتن بکرێ بە کوردی، (كل فعل أو قـول أو التهديد بهما على أساس النوع الإجتماعي في إطار العلاقـات الأسـرية المبنيـة علـى أسـاس الـزواج أو القرابـة إلى الدرجة الرابعة من شأنه أن يلحق ضرراً من الناحية الجسدية والجنسية والنفسية وهدراً لحقوقه وحرياتـه)، جا لە پاڵ ئەوەدا ئێمە بابەتێك هەیـە کـە باسـی خێـزان زۆر زۆر دەکـەین، دەبـێ باسـی ئـەوەش بکـەین کـە عومریش، چونکە منـاڵیش لێـرەدا بەشـێك دەبـێ لـەو خێزانـە کـە توندوتیـژی دەکـرێ بەرامبـەری، لەگـەڵ قودرەی جەسەدی، قودرەی بەدەنی، لەبەر ئەوە ئەگەر عومریشی بخرێتە پاڵـەوە، ئـەم نەصـە بـەم شـێوەیە بێت ئەوە هەدەفەکەی خۆی دەپێکێت، کە لە ناو جاڕنامەی توندوتیژیدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز د. بشیر، فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوە کە خـاڵی دووەم لـەو ماددەیـە تـەعریفی ئوسـرە لابچـێ پێویسـتیمان پێـی نییـە، دەکرێ بە دوو وشە لە خاڵی سێیەمدا لە پێناسەکەی عونفی ئوسەریدا جێگەی (أسرة) بکرێتەوە، لە جیاتی خـاڵی دووەم، کـە پێناسـەی ئوسـرەیە مەحکەمـە لـەوێ پێناسـە بکـرێ، خـاڵی سـێهەمیش عـونفی ئوسـەری، منیش ڕام لەگەڵ ئەوەیە کە تەهدیدەکە لابچێ، لەبەر ئـەوەی تەهدیـد فیعـل نییـە، ڕاسـتە جـاری وا هەیـە

تەهدیـد دەبێتـە فیعـل، بـەڵام زۆرجـاریش وایـە تەهدیـد ناکاتـە فیعلەکـە، ئێمـە مـەرج نییـە لـە دانـانی پێناسەکاندا ئیللا پابەند بین بە جاڕنامە جیهانییەکان لە هەموو بوارەکانـدا، پێویسـتە ئێمـە تایبەتمەنـدی خۆمـان بپـارێزین، هـەتا جاڕنامـە جیهانییـەکانیش جـەخت لەسـەر تایبەتمەنـدی دەوڵەتـەکان دەکەنـەوە، مەنتیقـەکان دەکەنـەوە، کـە دەکـرێ هـەر وڵاتێـك بۆخـۆی بـەگوێرەی تایبەتمەنـدی کۆمەڵایـەتی خـۆی، بەگوێرەی تایبەتمەندی یاسایی خۆی یاسایەکان دابڕێژێ، یان پێناسەکان دابڕێژرێ، بۆیە من لەگـەڵ ئـەوەم کەوا پێناسەکە (كل فعل أو قولٍ صادر من أحد أفراد الأسرة ضد الآخـر وحتـى الدرجـة الرابعـة)، لێـرە ئـەو دەرەجە رابیعەیە دەکرێ لە جیاتی (تعريف أسره) بە کار بێ، (مـن شـأنه أن يلحق ضـرراً مادياً أو معنوياً)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز کوێستان محمد، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم، منیش لەگەڵ ئەوەم پێناسەی خێزان لابدرێت، پشتگیری ئەو پێناسـەیە دەکـەم کە سۆزان خان خوێندیەوە، لەبەر ئەو سێ هۆکارە:

یەکەم/ بۆیە پێویستە کـە هەڕەشـە لێکردنـی تیـا بـێ، ئێمـە خۆمـان هـەر لـەم هەرێمـەی خۆمـان چـەندین حاڵەت هەبووە، کە پێشتر هەڕەشەی کوشتن لە کەسێك کـراوە، کاتێـك کـە ڕێکاری یاسـایی نەگیراوەتـە بـەر دواتر کوژراوە کەسەکە، بۆیە تەهدیدەکە گرنگە بمێنێتـەوە، خـاڵی دووەمـم/ کـە پشـتیوانی لـەم پێناسـەیە دەکەم ئەوەیە کە ڕزگارمان دەکات لە پێناسەی خێزان، خـاڵی سـێیەمم کـە پشـتگیری لـەو پێناسـەیە دەکـەم ئەوەیە کە رزگارمان دەکات لە پێناسەی خێزان لە خاڵی سێیەم کە پشتگیری لەم پێناسـەیە دەکـەم ئەوەیـە، کـە دەبـێ بـە ئاشـکرا تیایـدا ڕەنـگ بداتـەوە، کـە ئـەو کەسـەی توندوتیـژی بەرامبـەر دەکرێـت لـە ڕووی جەستەیی، لە ڕووی سێکسی، لە ڕووی دەروونییەوە زیانی پێ گەیشتووە، ئـەخیر پێشـنیارم ئەوەیـە، ئەگـەر ئەندامانی بەڕێز دەنگیان نەدا خێزان لابرێ و پێناسەکەی مایـەوە، پێشـنیار دەکـەم (بەمـەرجێك لـە مـاڵی خێزاندا نیشتەجێ ببن) لابرێت، لەبەر ئەوەی زۆرجار کەسی سێیەم و چوارەم لە دەرەوەی خێزان هەڕەشە لە ئەندامانی خێزان دەکات، بۆیە ئەگەر مایەوە ئەوە لابرێ و سوپاس، ئەوەش پێناسەکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز پەریهان قبلای، فەرموو.

**بەڕێز پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی یەکەمەوە، تەعریفی ئوسـرە، مـن لەگـەڵ ئـەوەم کـە ئوسـرە لابرێـت، لەبـەر ئـەوەی لـە تەعریفەکە وازیحە، لە قانونی عێراقی و لە هەموو یەعنی، بەڵام ئەگەر لەبەر ئـەوەی کـە بەنـدێکی تیایـە،

دەڵێ: (شرط إقامتهم في البيت الأسري)، ئێمە خۆمان موجتەمەعێکی شەرقین، موتەرابیتەو موتەکامیلە، دەبینین ئەگەر لەگەڵ یەکیش نەژیاین لە ناو یەك ماڵ دا، بەڵام تەئسیری کوڕی مام و کوڕی خاڵ لە دەرەوە لەسەر ئوسرە زۆر زۆرە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو تەعریفەش مایەوە ئەو بڕگەیە لابىرێ کە (شرط إقامتهم في البيت الأسري)، بۆ ئەوەی قوەتێ بدات بەو قانونە، بتوانێ زیاتر بەرفراوان تر بێت، هەموو کەسێك کە تەهدید دەخرێتە سەر ئەفرادی ئوسرە، کە لە دەرەوە بێ یان لە ناوەوە بێ ئەو قانونە بیانگرێتەوە.

دوو/ لەگەڵ ئەو ڕایەم بەڕاستی، ئەو تەعریفەی کە سۆزان خان و کوێستان خان کردیان، من لەگەڵ ئەوەدام، زۆر زۆر لەبەر ئەوەی کە لە بڕگەی سێیەم هاتووە: (العنف الأسري: كل فعل أو قول أو التهديد بهما صادر من أحد أفراد الأسرة ضد الآخر أو على أساس الجنس، من شأنه أن يلحق ضرراً مادياً)، ئەگەر بێتو ئێمە بێینە سەر ئەوەی کە بزانین عونف چییە؟ خۆی زەرەری جەسەدی و نەفسی و مەعنەوی زیاتر لە زەرەرە مادديەکە موهيم ترە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی کە تووشی بڵێین عونف دەبن، زۆر زۆر گرنگە ئەو بڕگەیەی تیا بێ، کە لە ڕووی ئەوەی کە تەهدید بێت بە وازیحی لە ناو ماددەکە، لە ڕووی تەهدید بە عونفی جەسەدی و نەفسی و مەعنەوی تیا بێ، هەتا ئێستا ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا تەعەدای جنسی هەیە لە وڵات، زۆربەی ئەوەی کە ناتوانێ قسە بکات، یان ئەوەتا شکات بکات لە مەحکەمە، لەبەر ئەوەی لەسەر خۆی دەترسێ، یان لەسەر عائیلەکەی دەترسێ، لەبەر ئەوە دەبێ بە وازیحی لێرە دیار بکرێ، بۆ ئەوەی بتوانین قوەتێ بدەین بۆ موکافەحەی ئەو دیاردەیەو لە قانونەکە بچەسپێ ، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز پەیام أحمد، فەرموو.

**بەڕێز پەیام أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەگەڵ بۆچوونی هاوڕێکانم سۆزان خان و کوێستان خان، لەگەڵ ئەوەی کە تەعریفی خێزان نەمێنێ، ئەگەر هاتو ئەوەش هەر ما دەبێ ئەوە ڕێکخرێ، بەمەرجێك لە ماڵی خێزان نیشتەجێ نەبێت، چونکە ئەوە بەڕاستی ئێمە دەبینین دەرەجەی سێیە، دەرەجەی دووە لە ماڵی خێزانەکە نیشتەجێ نەبووە، بەڵام توندوتیژی بەرامبەر ئەو ئەندامانەی خێزانە دەکات، لەسەر ئەوەی سێهەم پێناسەکەی کاك دکتۆر کاوە زۆر بە جوانی پێناسەی کرد، کە ئەوە هەر کارێك، یان وتەیەك، یان هەڕەشە کردن لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندی خێزانی بنەمای گرتبێ لە ژنهێنان، یان خزمایەتی تا پلەی چوار، یان تەمەن، کە سۆزان خانیش ئیشارەتی پێ کرد، کە زیان لە ڕووی بەدەنی و دەروونی و سێکسییەوە بگەیەنێ، پێشێلی ماف و ئازادیەکان بکات، دیارە ئەوە بۆخۆی ئەوە پێناسەیەکی باشترە بۆ عونفی ئوسەری، لێرەدا هەموو ئەو کردەوانەو، ئەو وتانەمان بۆ دیاری دەکات کە لەسەر نەوعی ئیجتیماعی هاتووە، چونکە ئێمە خۆمان دەزانین لە کۆمەڵگای ئێمە زیاتر توندوتیژییەکان بەرامبەر ئەوە دەکرێ، جۆری

کۆمەڵایەتییەکە دەکرێ، زیاتریش بەهۆی ڕەگەزەوە، ئەوانەی کە کچن، یان ژنن لەماڵەوە بۆ نموونە باوکەکان، کچەکان لە خوێندن دەردەکەن، لەبەر ئەوەی کچە لە خوێندنەکە دەری دەکەن، یان بۆ نموونە، لەبەر ئەوەی کچە نایەڵێ بڕوات بۆ ئیش کردن، دیارە ئەوە پێویستە ئەوەی تیا بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان إسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو پرۆژە یاسایە پرۆژەیەکی زۆر گرنگە، بۆیە داوا دەکەم گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر بکرێت، چونکە ڕای زۆر جیاواز......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە موحازەرە مەدە، شەرحی ڕەئی خۆت بدە ڕجائەن.

**بەڕێز بێریڤان إسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕەئی من هەڵەیە، خێزان تەنها دایك و باب و منداڵ دەگرێتەوە، بۆیە پلەی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم، ئەوانە بە خێزان دانانێم، هەرچەندە لە ماڵەوەش لەگەڵی بن، زۆرجار خاڵۆزا و ئامۆزا و پوورزا ئەوانە توندوتیژ دەبن بەرامبەر ئەو کەسە، ئەگەر هاتو پێناسەی خێزان هەڵبگیرێ باشترە، ئەگەر هاتو مایەوە تەنها باوك و دایك و منالْ دەگرێتەوە خێزان، بەنیسبەت ئەوەی پێناسەی توندوتیژی ڕەئیم ئەوەیە لەگەڵ بەڕێز دکتۆر کاوە پێناسەکەی زۆر جوانە، هەروەها ئەو ڕایەی تر هەیە، کە باسی پێناسەی توندوتیژی کرایە لەسەر بنەمای ڕەگەز، من لەگەڵ ئەوە نیم ڕەگەزی تێدا بێ، چونکە سێ چارەکی پرۆژە یاساکە بەرامبەر ژنانە، هەرچەندە ناویشی خێزانە، بۆیە ئەگەر هاتو بنەمای ڕەگەزی تێدابێ، هیچ بەلگەیەکت نییە، هەڵسەنگاندن نییە، بڵێ لەبەر ئەوەی من ژنم لێم دەدرێ، لەبەر ئەوەی ژنم هەڕەشەم لێ دەکرێ، لە کاتی بڕیاردان بەرامبەر توندوتیژی عەدالەتی پێشان نادا، لەسەر بنەمای ڕەگەز ئەوە لە مافی مرۆڤ (discrimination)ـە دەربارەی ئەوەیە کە تەمیزە، یاسایەکی جیاوازە، بەڵام بۆیە بنەمای ڕەگەزی تێدا نابینم، ئەگەر هاتو ئەو کاتە بنەمای ڕەگەز دیاری دەکرێ، ئەگەر تۆ لە دەرەوەی خێزان بووی ئافرەتێك چوو داوای ئیشی کرد لە دائیرەیەك، لەبەر ئەوەی ئافرەتە تەعینی ناکەن، ئەو وەختە دەتوانی بڵێی لەسەر بنەمای ڕەگەز، بەڵام لە ناو خێزان دوو کەسن، لە دیالۆگ ناگەنە یەك، توندوتیژی بەرامبەر یەك بەکار دێنن، ئەوە بۆیە لەسەر بنەمای ڕەگەز لەگەڵ ئەوەدا نیم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز پەروین عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە هەموو لیژنەکان دەکەم بۆ هەموو ئەو ئەرك و ماندووبوونەی کە کێشاویانە، من پێشنیار دەکەم کە پێناسەی خێزان لاببردرێت، هەروەها دەڤاودەق پشتگیری وتەکانی کاك دکتۆر کاوە دەکەم، بەنیسبەت ئەو پێناسەیە کە دەڵێ: هەر کردارێك، یان وتەیەك هەڕەشەیان پێ لێ بکرێت لە تاکەکانی خێزان لە دژی یەکێکی دیکە لەسەر ئەساسی جۆری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییە خێزانیەکان و بنچینەی هاوسەرگیری و خزمایەتی بە پلەی چوارەم، کە زیانی دەروونی و جەستەیی و جنسی پێ بگەیەنێت، بەڕاستی لە کۆمەڵگای ئێمە ئەوڕۆ زۆر زۆر بڵاوە، کە کاتێ مام، یاخود خاڵ دەستێوەردان دەکات لە خێزانەکەی تر بە حوکمی ئەوەی کە بۆ دەرهێنانی هێزی ماسولەکەکانی بەرامبەر ئەو خێزانە، من دەڤاودەق پشتگیری وتەکانی کاك دکتۆر کاوە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز ئامینە زیکری، فەرموو.

**بەڕێز آمنة ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای پشتگیری کرن ل ڕەئیا بەڕێز وەزیرێ ڕۆشنبیری کو تەعریفا خێزانێ ژێ دەربچیت و تەعریفا کا دی بۆهاتیە دانان کو پێناسە سەر هەندێ هەر کردار، یان ئاخافتنەك، یان هەڕەشە و گەف کرن دگەل دا ل سەر بنەمای یا جورێ جڤاکی، د چاچوڤێ پەیوەندییێن خێزانی ئو ل سەر ئەساسێ هاڤژینی، یان خزمایەتی حەتا پلە چارێ سەرچاوەی کرد بیتن ئو زیانێن ژ لایێ لەش، دەروون و سێکسی بگەیەنێ و پێشیلیا مافێ ئازادیێ وان بکات، پێشنیار دکەم ژی کو تەعریفا خەتەنێ ژی بێتە کرن، ڕاستە، یا تایبەتە ئەو تەعریفە کو ڤێرە مەسەلە خەتەنە کردنێ ئەو حاڵەتی کو بۆ هاتیە دەستنیشان کرن، یا تایبەتە بە ژنان ڤە، ژبەرهەندێ ژی کو ڤێرەدا تەعریفەك بێتە کرن، یان وازیح و ڕوون بیتن، کە مەبەست پێ چیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سەرگوڵ رضا، فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك تەعریفاتە، بەڕای من زۆر گرنگە تەعریفەکان بە وردی ئێمە تەعریفیان بۆ بکەین و دیاریان بکەین، سەبارەت بە پێناسەی ئوسرە، زۆر قسە لەسەر ئەوە کرا کە نەمێنێ ئەو پێناسەیە، بەڕاستی خۆی یاساکە، یاسای توندوتیژی خێزانییە، کەواتە دەبێ ئێمە پێناسەی خێزان بکەین، بۆ ئەوەی تەحدید بکەین، خێزان لە کێ و کێ پێك دێ؟ ئەوانەی کە توندوتیژی خێزانی دەکەن لە ناو خێزاندا کێن؟

**من پێم باشە تەعریفەکە بەم شێوەیەی لێ بکرێ، بۆ ئەوەی پێموایە هەندێ ئیشکالی تیایە لەوەی (بە مەرجێ نیشتەجێ بێ لە ناو خێزان) لە ماڵ خێزان، یان نا؟ پێموایە تەعریفەکە بکرێ بەوەی (کۆمەڵێ کەسی سروشتین پەیوەندی هاوسەرگیری، یان خزمایەتیان تاکو پلەی، لێرە بکرێ بە پلەی چوارەم، لە هەر شوێنێك نیشتەجێ بن) ئەمە بکرێتە پێناسەیەك بۆ خێزان، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی تر کە جگە لە کەسی سەرەکی خێزان پلەی سێ و چواریش کە توندوتیژی دەکەن بەرامبەر بە کەسەکانی ناو خێزان، ئەوانیش بگرێتەوە لەهەر کوێیەك نیشتەجێ بن، مەرج نییە لەناو خێزانەکان نیشتەجێ بن، سەبارەت بە خاڵی سێ، ئەوە بڕیاری لێدرا کە بەو شێوەیە بێت، بەڵام من پێم باشە ئەوەی کە باسکرا لەسەر توندوتیژی خێزانی، کە باس لەوە دەکرێت کە ئەو کردارە، یان ئەو وتەیە هەتاوەکو نەکرێ و جێ بەجێ نەکرێت نابێ بە تاوان، بەڵام ئێمە خۆمان دەزانین لە قانونی عقوباتیشدا تەهدیدی بە وتەش کە ئەوترێت سەب و شەتم ئەگرێتەوە لە قانونی عقوباتدا، ئەوانە خۆی تاوانێکە پێشتر، کەواتە ئێمە دەتوانین لێرە دایبنێین و ئەوانە، کە دەکرێ لەشێوەی توندوتیژی ئێمە دایدەڕێژین بۆ یاساکە، ئەوانەش بە تاوان دائەنرێت، لە دواتردا کە ئێمە لە ماددەکانی تردا ئێمە عقوبەیان بۆ دادەنێین، پێویستە ئێمە لێرە بە دەقیقی تەعریفەکەی دابڕێژینەوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ جەنابت، کاك شڤان فەرموو.**

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەسەر بڕگەی دووەم، منیش هاوڕام لەگەڵ خوشك وبرایانی پەرلەمانتار، کە تەعریفی ئوسرە موشکیلەمان بۆ دروست دەکات، یان بێین عیلاجی بکەین بە شێوەیەکی کە موشکیلەمان بۆ دروست نەکات، لە ئاخیری بڕگەدا هاتووە کە (شرط اقامتهم فی البیت الاسری) ئەمە موشکیلەمان بۆ دروست دەکات، ئەگەر هەڵی بگرین موشکیلەمان بۆ دروست نابێت، تەعریفەکی وافیەو کافیە بۆ ئەم یاسایە، ئەگەر هەڵی نەگرین لێرەدا کوڕە مام و مام و ئەوانە ودەرەجە سێ و چواریش نایەنە بابی ئوسرە، یەعنی دەکرێت کوڕە مامێك، ئان مامێك عونفێك پیشان بدات، کە هیچ عقوبەیەکی لەسەر نەبێت، چونکە تەعریف نەکراوە لە تەعریفی ئوسرەدا نەهاتووە، بۆیە ئەمانە ناگرێتەوە، بەڵام لە بڕگەی سێیەم کە (العنف الاسری کل فعل أو قول أو التهدید بهما) ئەمە دەبێت بە سورەتێك لە سورەتەکانی تەهدید، سورەتەکانی عونف دابنرێت، ئەگەرنا کە لە ماددەی دوودا داهاتووە لە (لاتحرك الدعوی الا اذا کان العنف واقعا) هیچ ئەوەیەك نییە، ئەو وەختە هیچ شتێك نەبووە، بەڵام ئەگەر ببێتە سورەتێك لە سورەتەکانی عونف، دەکرێت تەحریکی دەعواش بکرێت لەسەر ئەو تەهدیدەی کە کراوە، بۆیە یان دەبێ لێرە هەڵی بگرین، یان بە سورەتێك لە سورەتەکانی عونف دابنێین، ئەمە یەك.**

دووەم/ من هاوڕام لەگەڵ زۆر لەو خوشك وبرایانەی کە باسی بڕگەی سێیەم دەکەن، ئەگەر تەعریفی ئوسرە هەڵبگرین، لێرە بە یەك کەلیمە دەتوانین ئەو هەدەفەی کە تەعریفی ئوسرە هەیەتی لێرە جێ بەجێی بکەین، (العنف الاسری/ كل فعل او قول او التهديد بهما صادرا من احد افراد الاسرة ضد الاخر او على أساس الجنس حتى الدرجة الرابعة) ئەوە لێرە کافیە، بۆ ئەوەی کە تەعریفی ئەوەشمان لە کۆڵ دەبێتەوە، کە موشکیلەشمان بۆ دروست نابێت، وەکو پێشتر ئیشارەتم پێی کرد، بەلام من لەوێ بەولاوە موشکیلەم لەگەڵی هەیە، (من شأنه ان يلحق ضررا ماديا ومعنويا وهدرا لحقوقه وحرياته) هیچ وەختێك ناتوانێ ئیسپات بکرێت ئەمانە هەمووی پێکەوە، چۆن ئیسپات دەکرێت؟ ئەمە دەبێ وابێ، (أو ماديا أو معنويا) دەکرێت زەرەرێك ماددی بێت و مەعنەوی نەبێت، دەبێ (أو) بۆ ئیزافە بکرێت، نەك (و)، ( او معنوياً وهدرا لحقوق وحرياته) ئەمە زۆر زۆر توندە، بەحەقیقەت ئەم هەدرە زۆر موتڵەقە، من ئەوەم پێ باشە بنووسرێت (ويشكل تضيقا أو يحد من حقوقه وحرياته)، هەدرەن زۆر ئەوەیە، زۆر حاڵەتی نادرە ئەمە، حاڵەتی زۆر وەقتینە، ئافرەتێك لە پیاوەکەی توڕە دەبێت بۆ دوو ڕۆژ و سێ ڕۆژ ئەوە هەدر نییە نیهائیەن، پاش چوار ڕۆژی دیکە موشکیلەیان لە بەین نامێنێت، بۆیە بە تەزیق، یان یوحەد کە تەحدیدی دەکات (من حقوق وحرياته) ئیزافە بکرێت بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری سەد لە سەدی د.کاوە دەکەم پێناسەیەکی زۆر جوان و گشتگیری کرد بۆ ئەم پێناسەیەی خێزان، لەم پێناسەیە من پێموایە قسە لەسەر هەرسێ، چوار لایەنەکە کراوە، کە پێناسەی هەڕەشە کردن، یان با بڵێین توندوتیژی دەکات، کە ئەگەر بە کردەوە بێت، یان بە قسە کردن بێت، یان بە هەر جۆرێکی هەڕەشە بێت، لە خاڵێکی تردا دیاری کردووە کە جۆری کۆمەڵایەتیە لەناو ئەم پێناسەیە، خاڵێکی تر، کە باسی خێزان دەکات، پەیوەندی خێزانیەکە لەسەر بنەمای ژنهێنان و شووکردن، واتە خێزانێکی ژن وپیاو و مناڵەکانی بێ، یان لەسەر بنەمای خزمایەتی بێت، کە چەندکەسێکی تر لە دەرەوەی خیزان لەناو چوارچێوەی ئەو ماڵەدا بژیت، واتە پێی دەوترێت هەر خێزان، بەلام چی کۆی کردوونەتەوە، با بڵێین بەشێوەی بنەمای خزمایەتی، زیانەکەشی زۆر بە جوانی ڕوونکراوەتەوە، کە لەڕووی بەدەنی و سێکسیەوە دیاری کردووە زیان بگەیەنێ، وا پێشیلی ماف و ئازادیەکان دەکات، من بۆیە پشتگیری دەکەم و ئەم پێناسەیەی کە زیادم کردووە، تەنها تەمەنە تیای نەبووە لە پێناسەکەی دکتۆر، ئەویش بەو شێوەیە من پێناسەی دەکەم، هەر کارێك، یان قسە پێ کردنێك، یان هەڕەشە کردن لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندی خێزانی بنەمای یەکگرتوو لە ژنهێنان، یان خزمایەتی تا پلەی چوارەم لەهەر

تەمەنێکدا بێت، تەمەنەکەی تیا بێت گونجاوترە، چونکە کە زیانی لەڕووی بەدەنی و دەروونی و سێکسیەوە بگەیەنێ و پێشیلی ماف و ئازادیەکان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من هەمووی کرا یەك/ لە برگەی دوو دەمەوێ تەئکیدی لێ بکەمەوە، ئەویش دەڵێ، خێزان کۆمەڵە کەسێکی سروشتین پەیوەندی هاوسەرگیری، یان خزمایەتی تاوەکو پلەی دووەم هەیە، جا لەهەر جێیەك دابنیشن دەبێ خزمی پلەی سێ و چوار، بەمەرجێك لەماڵی خێزان نیشتەجێ بن، یەعنی ئێمە لێرە ئەوە دەزانین ئەگەر کچێك لە ماڵەکە شووی کردو ڕۆیی دەچێتە ماڵێکی دیکە، لەو کاتەی براکەی دەتوانێ بچێ لەوێ توندوتیژی بەرامبەری بکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئەوە لابەرن بە مەرجێك لە ماڵی خێزانی بێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێناسەی یەکەم، کە خێزانە خۆی لە خودی پێناسەکەدا تەناقوزێکی تیا هەیە، کە سەرەتا تەعریفی خێزان دەکات بەوەی کە کۆمەڵێك کەسی سروشتین و پەیوەندیەکی هاوسەرگیری، یان خێزان بەیەکەوەیان دەبەستێتەوەو لە کۆتایی پێناسەکەدا هاتووە کە باس لەوە دەکات یەکێك لە مەرجەکانی مانەوەیانە لەناو خێزاندا، یان لەناو ماڵێکدا، یان با بڵێین زۆر خێزان هەیە کە پەیوەندی مەرج نییە سروستی کۆیان بکاتەوە، لەوانەیە بە قانون ئەو خێزانە تەشکیل بوو بێ، بەپێی قانونی عیراقی، ئەگەر (ضم) بێ، ئەگەر بەپێی قانونی وڵاتانی تربێت تەبەنیە، واتە ئەوانەی کە منداڵێك دەگرنە خۆیان، ئەمە تەشکیلاتی ئەم خێزانە، تەشکیلاتێکی قانونی بڕوا پێکراوە، بەپێی قانون و دەستوور، بەڵام خێزانێکی سروشتی نییە، بەڵام مەرجێکی تری تیا هەیە ئەو منداڵە کە لەناو خێزانەکەدا دەمێنێتەوە، لەسایەی چەتری ئەو خێزانەدا پەروەردە دەبێ، بۆیە مەرجی دووەمی تیا دەبێ بەپێی تەعریفەکە، بەڵام بەشی یەکەمی تیا نییە، کە بەشێوەیەکی سروشتی، بەڵکو ئەو خێزانە خێزانێکی دروست کراوە بەپێی یاسا، بۆیە خودی پێناسەکە خۆی پێناسەیەکە گشتگیر نییە، کە هەموو ئەندامانی خێزان بگرێتە خۆ و، ئەمەش قانونە، پێویستە ئەمەی بەسەردا نەڕوات.

سەبارەت بە پێناسەی دووەم، من پشتگیری و بەرگری لەو ڕایە دەکەم، کە پێویستە تەحدید بکرێت جۆری کۆمەڵایەتی، یان ڕەگەز تیایدا جێ بکرێتەوە لەناو ئەو پێناسەیە، چونکە ڕاستە ڕایەك هەیە کە ئەم

یاسایه بۆ توندوتیژی خێزانیەو تۆمارکردنی ڕەگەز دەبێتە هۆکارێك کە جۆرێك لە تەمیز دروست بکات، بەپێچەوانەوە، بەپێی ئەو داتایانەی کە لە لامانەو کۆکراوەتەوە لەچەند ساڵی ڕابردوودا، دەبینین کە زۆربەی توندوتیژیەکان بەداخەوە لەسەر بنەمای ڕەگەزە، کە ئەمە حەقیقەتێکە، دەبێ ئێمە ڕووبەڕووی ببینەوە، بۆ نموونە، ئەگەر بە تەنها کۆمەڵێك لە توندوتیژیەکان بخەینە بەرچاوی خۆمان کە لە خێزاندا هەیە لە هەرێمی کوردستاندا هەمووی لەسەر بنەمای ڕەگەزە، بۆ نموونە، دەست درێژی سێکسی، بازرگانی کردن زۆر جار بە ژن لەڕووی سێکسیەوە، خەتەنەکردنی ژنان، بەزۆر خۆپێ کوشتن، یان هاندان بۆ خۆکوشتن، هاوسەرگیری بە زۆر، نەتوانینی هەڵبژاردنی هاوسەرگیری کە زۆر جار یەکێك دەخرێتە ژێر فشارەوە لە دەرەوەی ئیرادەی خۆی یەکێك هەڵبژێرێ، توندوتیژی پەیوەست بەمارەیی، ئەمە زۆرترە لەسەر ڕەگەزی نێر زەق نەبووەتەوە، فرەژنی، هەڕەشەی کوشتن لەسەر نامووس، کوشتن لەسەر نامووس، هەموو ئەمانە کۆمەڵێك جۆری توندوتیژیە، کە لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی ڕەگەزی بەرامبەر بەشی شێری بەر ژن دەکەوێ، بۆیە گرنگە لەناو ئەو پێناسەیە جۆری کۆمەڵایەتی تەحدید بکرێت، چونکە بەداخەوە بەشێکی گەورە لەو توندوتیژیانە لەسەر ئەو بنەمایانەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت پێناسەی خێزان منیش هەر ڕەئیم لەگەڵ ڕەئی برادەرانە کە لابچێت، چونکە ئەو پێناسەیە پێناسەیەی خێزان نییە، پێناسەی عائیلەیە، یان دەکرێت بیکەینە خانەوادە، یان بنەماڵە، نەك خێزان، ئەوە گۆڕانکاری پێ بکرێت، بەنیسبەت بڕگەی سێیەم هەر لە ماددەی یەکەم پێناسەی توندوتیژی خێزانی، منیش هەر هاوڕام لەگەڵ برادەرانم و د.کاوە، کە تەعریفەکەی وای لێ بێت، توندوتیژی خێزان/ بریتیە لە ئەنجامدانی هەر ڕەفتارێك، کردەوەیەك، یان وشەیەکی توندوتیژی، یان هەڕەشە کردن بە ئەنجامدانی لەلایەن هەریەك لە ئەندامانی خێزان بەرامبەر بە ئەوەی تر، یان لەلایەن هەرکەسێکەوە بەهۆی پەیوەندی خێزانی و خزمایەتیەوە، بەیەکیان دەبەستێتەوە تا پلەی سێ یان چوار، بەتایبەتی بەرامبەر ئافرەت، بەساڵاچوو و منداڵ لە ئاکامدا زیانی دەرونی و جەستەیی و سێکسی لێ بێتە کایەوەو ماف و ئازادیەکان زەوت بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ لەسەر ماددەی یەکەم بڕگەی سێ قسە بکەم، (العنف الاسری) باس لەوە کرا کە لەم بڕگەیە تێیدا هاتووە، کە تەهدید کردن، واتە هەڕەشە کردن، بێگومان مانەوەی ئەم واتایە زۆر گرنگە لە پرۆژەکەداو ئیشارەتی پێ بدرێت، چونکە هەڕەشە کردن یەکێکە لەو توندوتیژیانەی کە لە خێزانەکاندا بەرامبەر هەموو ئەندامانی خێزان دەکرێت، چ لە ژن، چ لە پیاو، چ لە منداڵ، زۆرجار منداڵ وا لێ دەکرێت کە ئازادیەکانی بەهۆی هەڕەشە لێ کردنەوە لێ سەلب دەکرێ و وای لێ دێت منداڵەکە منداڵێکی نەخۆش دەردەچێت و ئەوەندە چاوی لێ سوور کراوەتەوەو ئەوەندە تووڕە بوون لێی، منداڵەکە شەخسیەتێکی نوقسان دەردەچێ، هەروەها بەنیسبەت ئافرەتانەوە، زۆر جار ئەو هەڕەشە کردنانەی کە لە خێزاندا کە کراوە و کاری یاسایی لەسەر ئەنجام نەدراوە، یاخود نەگەیەنراوەتە مەحاکم کە ئیشی لەسەر بکرێت، هەروەك کوێستان خان پێشتر باسی کرد، بەهۆی ئەوەی کە کاریسەی گەورەی لێ ببێتەوەو تاوانی لە دواوە دروست ببێت، پاشان دانانی وشەی جنس بێگومان ئێمە دوێنێ لەگەڵ ئەو لیژنانەی کە کۆبووینەوە قسە و باسێکی زۆر لەسەری کرا، بۆیە بەدوو راش ئەو ڕایە دابەزی بە دوو بڕگەی جیاواز، چونکە بەڕاستی لەناو خێزانەکاندا ڕاستە توندوتیژی خێزانی ئێمە باس دەکەین، توندوتیژیەکان لەسەر پیاو لەسەر ژن و منداڵ و، بەڵام زۆربەی زۆری توندوتیژیەکان لە خێزانە، ئێمە هەموومان لە خێزانەکانی خۆمانەوە لە دنیاشدا کە دەکرێت، بەرامبەر بەڕەگەزی مێینە دەکرێت، بەرامبەر بە جیاوازی ڕەگەزیەکان دەکرێت، لە بەسیت ترین حاڵەت کە منداڵێ لە خێزانێك دا لە دایك دەبێت جیاوازی دەکرێت، ئەوە کوڕە، ئەوە کچە، تا دەگاتە هەموو حاڵەتە توندوتیژیەکانی تر کە بەرامبەر هەموو یەکێکمان لەڕۆژانەدا ڕەنگە ئەو توندوتیژیانە پیادە دەکەین و، هەموو یەکێکمان ئەو حاڵەتانە لە خێزانەکانماندا دروست دەبێت هەتا دەگاتە حاڵەتی خوێندن، یەکەم کەس دەر دەهێنرێ، کچەکانن لەباتی کوڕەکان، بەتایبەتی لە لادێ نیشینەکاندا، کە لادێکە مەکتەبی تیا نییە، یاخود کە خێزانەکە دەگەڕێتەوە بۆ لادێ توندوتیژی بەرامبەر کچەکە دەکرێت، کە کچەکە دەرئەهێندرێ لە مەکتەب، نەك کوڕەکە لەمەکتەب دەربهێندرێ، هەروەها توندوتیژیەکانی دیکەش بە هەموو جۆرەکانیانەوە، لەبەرئەوە ئەو نوقتەیەمان بۆ ئەوە ئێمە لێرەدا داخڵ کرد، بەڵام د.کاوە ئیقتراحێکی کرد، بەڕاستی سەرنجراکێش بوو، کە لێرەدا لەسەر ئەساسی جۆری کۆمەڵاتیەوە، واتە جەندەر، چونکە ئەم وشەیە شمولیە، منداڵیش دەگرێتەوە و ژنیش دەگرێتەوەو پیاویش دەگرێتەوە، ئێمە ئەو نوقتەیەمان کە لەگەڵ لیژنەکان ئیزافە کرد، بەس بۆ ئەوەی کە بەتایبەتی تەرکیز بکەینە سەر ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەر ژنان دەکرێت، بەڵام ئەگەر جۆری کۆمەڵایەتی لێرەدا بەکاربهێندرێت، یاخود جەندەر، ئەمە لێرەدا شمولی تر دەبێت بەنیسبەت خێزانەکانەوە، هەروەها لە کۆتاییدا ئەگەر ئەمەش نەیەتە دەنگدان، پشتگیری لە ئیقتراحەکەی د.کاوە دەکەم، چونکە زۆر نزیکە لەم سیاغەیەی کە لیژنەکان

کردوویانەو، هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆ نیە لە سیاغەکەدا، چونکە هەمان هەدەف دەدات بە دەستەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من سەرەتا لەبەرئەوەی ئێمە وەکو لیژنەی ژنان و زۆرێك لە لیژنەکانی تر ماوەیەکی زۆرە مەشغولین بەم موناقەشەو گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم یاسایەوە، فەترەیەکی زۆر ئەم یاسایە لەبەردەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی ژنان بووە، ئەمەی کە ئێستا ئێمە دامان ڕشتووە وەکو لیژنەی ژنان تەمەنام دەکرد ئەندامانی لیژنەی ژنان دیفاعیان لە ڕەئیەکەی خۆمان بکردایە، وەك لەوەی ڕاستەوخۆ بچینە سەر ڕەئی ئەندامێکی بەڕێز کە ئێستا تەرحی دەکات، بۆیە من پێموایە یەکەم جار ئوسرە زەرورە ئێمە لێرە پێناسەی بۆبکەین، بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەسڵی یاساکە توندوتیژی خێزانیە، ئەمە یەك، دوو/ئێمە بۆیە پێناسەی دەکەین، بۆ ئەوەی ئەو پێناسەی کە لە قانونی ئەحوالی شەخسی هاتووە و ئەو مەبەستە ناگرێتە خۆی کە ئێمە دەمانەوێ، دەمانەوێ لەم یاسایە بە خەڵك بڵێین ئەم توندوتیژیە شمولی کێ و کێ دەکات؟ یەعنی ئەم یاسایە بۆ کێ و کێ یە؟ بۆیە هاتووین وتومانە قەرابە، یاخود بڵێین خزمەکانی پلە یەك و پلە دوو و پلە سێمان داناوە، تەنانەت ئێمە وەکو لیژنەی ژنان ڕەئیمان لەگەڵ ئەوانە بوو کە شەرتە (في البيت الاسري)دابنرێت، ئێمەش کە قەناعەتمان وایە لە هەندێ شوێنی ئەترافا، ئامۆزاو مامەکان توندوتیژی بەرامبەر بە داخیلی خێزان دەکەن، بۆیە مانەوەی ئوسرە، لەبەر ئەوەی لە پێناسەی خێزان ئەبێ بمێنێت، بۆ ئەوەی ئێمە بە خەڵك بڵێین ئەم خێزانەی لێرە ئەمانەوێ لێرە کێیە؟ ئەمە یەك.

دوو/ مەوزوعی عونفی ئوسەری، ئەمە شتێك نییە تەنها ئێمە هەستی پێ بکەین، ئەمە ئەسڵەن ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆر بە جوانی بنەمای ئەم عونفەی لەسەر ئەساسی ڕەگەز دیاری کردووە، بۆچی؟ چونکە ئەفەرموێت ( فإذا المؤودة سئلت) ئەوەی کە کچ زیندە بە چاڵ ئەکات، نێرینەکان بوون، یاخود کاتێك کە ئەفەرموێت (اذا بشر احدهم بالأنثى ضل وجهه مسودة) کاتێك موژدەیان پێ ئەدرێت کچیان ئەبێ، کێ پێی ناخۆش بووە؟ پیاوەکان بوون، کەواتە کاتێك لەسەر زمانی دایکی مریم، خوای گەورە پێمان ئەڵێ کچ وەکو کوڕ نییە، بەڵام خوای گەورە ئەفەرموێت (فتقبلها ربها بقبول حسن) بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە کچ و کوڕ وەکو یەك وان، ئەڵێ نا جوانترین قبوڵ کردن قبوڵی ئەکات ئەو نەزرە، ئەم عونفە شتێکە لە سایکۆلۆژی ئینسان هەیە، بۆیە ئێمە کە ئەڵێین یەکێك بەرامبەر بە یەکێك ئەیکات، ئەمە هەمووی شمول دەکات، یەعنی ئەوەی کە کوڕێك بەرامبەر خوشکەی ئەیکات، کچێك بەرامبەر بە باوکی ئەیکات، خەسوویەك بەرامبەر بووکەکەی ئەیکات، ئەمە بەشی یەکەمی پێناسەکە شمولی ئەکات، ئەڵێ (من احد افراد الاسرة ضد

الآخر)، ئەوەی دووەم کە ئەبێت تیای بێت لەسەر بنەمای ڕەگەز، بۆ ئـەوەی تەحدیـدی بکـەین، کـە ئەگـەر سووکایەتیەك بە ئافرەت بکرێت لەناو خێزان، لەبـەر ژن بـوونی، ئەمـە جـورمێکی گەورەیـە خـوا دژایـەتی ئەکات، نەك ئینسانەکان، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەگەر بکرێت ئێمە وەکو لیژنـەی ژنـان بەڕاسـتی داکۆکی لەم دوو پێناسەی خۆمان بکەین، کە چەنیدکە موناقەشەی لەسەر دەکەین، ئەم پێناسەی ئوسرە بمێنێت و، عونفی ئوسەریەکەش بەو شێوەیەی لێ بکرێت کە لە عەلا ئەساس جنسەکەشی تیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستت خۆش بێ، بەڕێز گەشە دارا.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دیارە لە لیژنەکەمان راستە پێشتر ئەو پێناسەیەی هەبوو، بەلأم کە بەڕێز د.کاوە ئەو پێناسـەیەی کـرد، مـن قەناعـەتم بـەوەوە پەیـدا کـرد، کـە ئـەوە زیـاتر تـەعریفێکی جـامع مانعـە، یـەعنی جـامع هـەموو ئـەو ئامانجانەی کە ئێمە لە یاساکەدا مەبەسـتمان بـێ بیکـەین، لـەو تەعریفـە کۆبۆتـەوەو، مانعیشـە لـەوەی کـە تەسەروبێ هەر مانایەکی تر بکات لە دەرەوەی ئەو ئامانجانە کە ئێمە لە یاسایەکە ئەمانـەوێت، ئـەوەی کـە من مەبەسـتمە زۆر تەئکیـدی کردۆتـە سـەر مەسـەلەی ئیجتیمـاعی، ئەگـەر ئێمـە مەبەسـتمان توندوتیـژیـە بەرامبەر تاکەکان لەسـەر ئەساسـی ڕەگـەز، نـەوعی ئیجتیمـاعیش کـە جۆری کۆمەلأیەتیـە هـەردوو ڕەگـەز دەگرێتەوە، واتە ئەگەر ئـەو توندوتیژیـە لەهـەر یـەکێك لـە هاوسـەرەکان بەرامبـەر ئـەویتر بیکات، یـاخود لەسەر ئەساسی تەمەن بێت، گەورە بەرامبەر بە بچووك بیکات، یـان بچووك بەرامبـەر بـە گـەورە بیکـات، ئەمە هەمووی ئەگرێتەوەو، بەنیسبەت ئەوەشەوە کە وەکو کوێستان خـان گـوتی، ئێمـە ڕزگارمـان ئـەبێ لـە تەعریفی خێزان، کە بڵێین وەڵلاّ با دەرنەچین لە دەرەوەی خوشك و برا و دایك و باوك، چونکە کەلتووری موجتەمەعەکەی ئێمە وایە، بونیادی کۆمەلگەکەی ئێمە وایە، کـە لـە دەرەوەی خێزانـەکانیش بڕیـار دەدەن لەسەر چارەنووسمان، لەسەر چارەنووسی تاکەکان، ئامۆزاو پورزا، ئێمـە قەزیـەمان هاتۆتـە لیژنەکـە، ئـامۆزا کچێکی کوشتووە بە سك پڕیـەوە خسـتویەتیە چاڵەوە، لەبـەر ئـەوە ئێمـە ئـەتوانین بڵێین ئـەو تەعریفـە، تەعریفێکی زۆر جامعە ومانعە، ئەو ئاسارە جەسەدی جنسی و نەفسیەی کە بەجێی ئـەهێڵێ، پێموایـە ئـەو توندوتیژیە کە بەسەر جەسەدی ئەو کەسەوە بەجێ ئەمێنێت، جیاوازە، یەعنی کە ئەڵێی ماددی، زیاتر بـۆ لایەنی ماددی و پـارە ئەچێت، بـەلأم جەسـەدی ئینسـان، پێموایـە کـەناوی بهێنـدرێت، مـن زۆر لـەم یاسـایە تەئکیـد لەسـەر ناوهێنـان ئەکەمـەوە، چـونکە پێموایـە یاسایەکە، تـەنها هـەر یاسـایەك نییـە، بـۆ گـۆڕینی کلتورێکیشە، لەبەر ئەوە زەق کردنەوەی هەندێ ناو بە زەروری ئەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز تارا ئەسعەدی.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم پێناسەی خێزان بمێنێت، چونکە ئێمە کە ئەم یاسایە دەردەهێنین بۆ خێزانە، ئەم پێناسەیەش کە کراوە لە دوای ئەو کۆبوونەوە هاوبەشەش کە کردومانە هەمووی ئێمە ئیستینادمان کردووە، لەسەرئەوەی کە چی بگونجێت وەکو پێناسە بۆ خێزان بە گشتی، ئێمە هێناومانە تا پلەی سێیەم، چوارەم لەگەڵی، بەلاَم من لەگەڵ ئەوەم مەرجیش نییە، ئەگەر لەناو خێزان، ماڵی خێزاندا بێ، چونکە زۆر جار هەیە، هەروەکو برادەران ئیعادەی ناکەمەوە، زۆر شت ڕوویداوە، هەر لە هەمان خێزانە، بەلاَم لەگەڵی ناژی، لەبەر ئەوە مەرجی بوون لەناو خێزان لابرێت لە پێناسەکە، هەتا وەکو بزانین خێزان بە گشتی ئەوانەش ئەگرێتەوە، هەتا ئەگەر لە دەرەوەی خێزانەکەش بێت.

دووەم/ شت لە توندو تیژی خێزانی، من لەگەڵ ئەوە پێناسەیەم دیسانەوە کە ڕای دووەمە، ئێمە لە ناو لیژنەکە هاوڕابووین وەکو کۆمەلاَیەتیش لەگەڵ هی ژنانم، کە ئێمە زۆری ئەو پێناسەیە وەکو خۆی بێت، بەس ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێت، کە لە دژی یەکێکی تردان، کە لەسەر بنەمانی ڕەگەز لەگەڵێم، یانیش لەسەر بنەمای جۆری کۆمەلاَیەتی، ئەوەش ئیزافە بکرێت زیانی ماددی و مەعنەوی باس نەکرێت، بەڵکو ماددی و مەعنەوی چی ئەگرێتەوە؟ جەسەدی و نەفسی و جنسی، کە ئەمانە هەموو بەشەکانیەتی لەناو ماددی و مەعنەوی، بەلاَم بۆیە باسی دەکەین، ڕاستە خەڵکانی ڕۆشنبیرو ئەوانەی دەیخوێننەوە زۆری لێی تێ دەگەن چیە ماددی و مەعنەوی؟ بەلاَم زەق کردنەوەی هەندێ بابەت، لێرەدا مەبەستمان خزمەتکردنە، بۆ ئەم پرۆژەیەی کە ئێمە لێرەدا دەیهێنین، بۆ ئەوەی ئەو دابونەریتانەی کە هەمانە ئەوەی جوانەو ڕێکوپێکە تەنزیمێکی بۆ بکرێت، ئەوەی کە بەپێی، یان بەناوی مافەوە بەخۆی دەدات، هەر ڕەگەزێك بە ئەوەی تر کە پێشێلی مافەکەی بکات، لێرەدا بە قانون بوەستێندرێت، لەبەر ئەوە لەناو توندوتیژیەکە، ئیزافەی جەسەدی و نەفسی و جنسی بکرێت و، بنەمای جۆری کۆمەلاَیەتی بۆ زیاد بکرێت، من دەقاودەق بەڕاستی تەئید دەکەم ئەو شتە جوانانەی کە لەناو پێناسەکەی د.کاوەش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز بەیان احمد.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل دەستپێکێ ئەز پشتەڤانیا ل هەمی وا نگوتنێت ناسك خانێ دکەم، یا دوێ دگەڵ هندێ دامە کو ئوسرە بمینیتن، چونکی وەکو عورفەکی یاسایی ناو ڤی پەرلەمانیدا چەند جار وەختی موستەلەحەك دووبارە بوو، ڤێتن بێتە پێناسە کرن، ئەڤە خالەك، خالا دوێ ژی مەزموونێ ڤێ پرۆژەی یاسایی، چارچێوەی هەمی بەحسێ خێزانێ دکەتن، ل بەر هندێ مانەوەی خێزانێ دەف من گەلەك و گەلەکا زەروریە، چونکی ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینێ، ل دەستوورا عیراقا فیدراڵی پێناسەی خێزانێ هاتیە کرن، ڕەش نڤیسێ پرۆژێ

دەستووریٚ هەریٚما کوردستانیٚ هەروەسا یا تیٚدا هەی، لەو ما ئەز بیٚژم بلا بمینیتن، بەس ئەخیرا ویٚ ( شرط اقامتهم في البيت الأسري) ئەز بیٚژم ئەو شەرت حەزف ببیتن، (سواءً ان كانوا مقيمين في مسكن واحد ام لا) یەعنی ئەڤە ئیزافە ببیتن، پیٚم باشە، هەروەسا پشتەڤانیا ل بۆچونا مامۆستا عمر عبدالعزیزیٚ دکەم بۆ پیٚناسە کرنا مەحکەمەش ژی ل ویٚریٚ بیٚتە کرنیٚ، ئو عونف ئوسەری ل سەر ئەساسی جنس بیتن، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، عبدالسلام بەرواری.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس قسەکانی من کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، کاك نەریمان ناوت نەنووسرابوو، نازانم، دەباشە فەرموو، مادەم دیفاع لە خانمان دەکەی فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێناسەی ئوسرە، ئەگەر ئەو پێناسەی بەڕێز جەنابی وەزیر تەبەنی بکرێت، ئیشکالێکم لەسەری نییە، بەلاّم ئەو پێناسەیەی ئێرە کە کراوە (مجموعة اشخاص طبيعين تربطهم رابطة زوجية او المصاهرة او القرابة الى الدرجة الرابعة)، لەبەر ئەوەی موساهەرەش هەندێ جار توندو تیژیەکان بەهۆی زاوایەکەو خزمەکانی زاوایەکە ڕوو ئەدات، بۆیە ئەبێ ئەوەش مەنع بکەین، بۆ ئەوەی شامل تر بێت، ئیتر ئەوەکەی تر پێویست ناکات بینووسین کە وتمان لە دەرەجە رابیعە، (شرطهم اقامتهم في البيت الأسري)، توندوتیژیەکان شەرت نییە هەر لەناو خێزان ڕوو بدات، بەڵکو کەسانێك هەیە لە دەوەی خێزان، بەلاّم بەهۆی خزمایەتیەوە تەنانەت بەهۆی عەشیرەتیشەوە هەندێ جار ئەو توندوتیژیانە دەکرێت، سەبارەت بە پێناسەی عونف ئوسەری، من لەگەڵ ئەو پێناسەیەی یەکەمم، بەلاّم جەسەدیەن و نەفسی بۆ زیاد بکرێت، (وهدرا لحقوقه) ئەوە بکرێت بە جەمع (هدرا لحقوقهم)، لەبەر ئەوە (حقوقه) لە ڕووی زمانەوانی بۆ مێ ناگونجێت، کەواتە دەبێ بڵێین (لحقوقها) بەلاّم کە وتمان (هدرا لحقوقهم وسلبا لحرياتهم) سلبەن جیایە، هەدرەن جیایە بەڕاستی، بۆیە لە قانونیش هەر بە سەلب هاتووە حوریات، بۆ سزادانی، من لەگەڵ ئەوەم کە ئەمە فەرعی (أ)ی تەعریفی عونفی ئوسەری بێت، لەبەر ئەوە هەندێ جار جۆری تر توندوتیژی ڕوو ئەدات، بەلاّم دەبێت ئێمە ئەوە بکەین بە (أ)، دووەم بکەین بە (ب/ كل من حصل العنف الأسرى امامه او علم بها لم يقم بمنعها دون عذر شرعي)، هەندێ جار تاوانێك ئەکرێت لە بەرامبەری، لەناو خێزان، جا عادەتەن ئەو تاوانانەی کە لەناو خێزان دەکرێت، زۆر زەحمەتە ئیسپات کردنی لە رووی مەحکەمەوە،

لەبەر ئەوە من خۆم لەو بوارە زۆر ئیشم کردووە، هەموو خێزانەکان کۆکن بەناوی سومعەت و بەناوی ئەوەی کە خێزان تێك نەچێ، کەس نە شاهێتی ئەدات، کەس نە بەڵگە هین ئەکات، بە بەرچاویشت دێت و دەڕوات، هەندێ جاریش هەیە، هەر خێزانەکە خۆی مناڵێك دادەنێ عونفەکە بکات، دەمانچەیەك دادەنێت، فیشەکێك لە پێشەوە دادەنێت، فێری ئەکات کە دەستی پیا بنێت، دوای ئەو مناڵە قانونیش نایگرێت، من خۆم لەو بوارە ئیشم کردووە، چەندین جار تاوانی وەها کراوە، بۆیە ئەبێت قانونەکەمان بە شێوەیەك بێت کە ڕێگەی لێ بگرین، ئەوە بکرێت بە (ب)، (ج/ کل من حرض او ساهم او مهد على العنف الأسري)، بەڕاستی ئەمە زۆر گرنگە، هەندێ خەڵك هەیە هەڵنان ئەکات، ئەوەمان نەکردووە، کە ئەوە لە زیمنی عونفەکە دایە، یان هاوکاری ئەکات (ساهم)، یان (مهد) ئەو ڕێ خۆشکەری ئەکات، ئەم سێ حاڵەتە زۆربەی حاڵەتەکان ڕوودەدات لەناو خێزان بەم شێوانە ڕوو ئەدات و، خۆشی دەرئەکات لەم یاسایە سبەینێ، کە بیگرێتەوە، بۆیە ئەوە بکرێت بە (أ) و (ب) و(ج) من ئەوەم پێ باشە، لەگەڵ ئەوەشم کە ئێمە لێرە کە موستەلەحەکانمان هێناوە، باسی عونفی ئوسەری دەکەین، باشە ئێمە ئەنواعی عونفی ئوسەری چیە؟ ئێمە نابێت ئەنواعی عونفی ئوسەری لێرە دایبڕێژین، کە عونفەکان چین؟ ئەگەر لێرە دامان ڕشت لەماددەی دووەم، لە جەدوەلێکی تری ماددەی دووەم ڕزگارمان ئەبێ، کە دوو ڕەئی هەیە بۆ ئەو حاڵەتە، ئەنواعەکانیشی لێرە هاتووە، بەڵام بە کەموکورتی هاتووە، کەمی تێدایە، بۆ نموونە قەتل و جەرحی هەرتیا نییە ئەسلەن، لە ماددەی دوو، ڕەئی دووەمیان، کە ڕەئی یەکەم دەڵێت (يحظر على أي شخص يرتبط بعلاقة أسرية أن يرتبط أي صورة من صور العنف الأسري) سوەرەکانی عونفی ئوسەری چیە؟ واتە ئەنواعەکانی چیە؟ هیچ نەهاتووە، ئەنواعی عونفی ئوسەری ئەبێ دەست نیشان بکرێت، خۆ ئەگەر عونف بێت بە شێوەیەکی عام، قانونی عقوباتی عێراقی ژمارە (111) ساڵی 1969، عونف بەشێوەیەکی عام هاتووە، ئێمە لەبەر ئەوەی قانونێکی خاس دادەنێین، بۆ عونفێکی خاس دادەنێین، ئەبێ نەوعی عونفەکانی بۆ دەستنیشان بکەین، لەبەر ئەوە تێکەلاویەك دروست دەبێ لەبەینی عونفەکان، لێرەو لە قانونی عامەکە، هەندێ جار وەکو ئەوەی لە یاسای ڕۆژنامەگەری و عقوباتی عێراقیمان لێ دەکرێ، ئێستا بۆتە کێشەیەکی گەروە لە هەرێمی کوردستان، هەندێ جار پەنا بۆ ئەوە ئەبرێت، بۆیە قانونێکی خاسمان دانا، ئەبێ نەوعی تاوانە خاسەکەشی بۆ دەست نیشان بکەین، بۆیە پێویست ئەکات ئەنواعی عونفی ئوسەری ئێمە پێناسە بکەین، کە لە بڕگەی یەکەمی هاتووە لە ماددەی دووەم، کە بە دوو ڕەئی هاتووە، ئەمە ببەینە ئەوێ قەتل و جەرحی بۆ زیاد بکەین، (تهميش أفراد الأسرة)، بەڕاستی معیارێك و پێوەرێکی قانونی ناتوانێت (تهميش أفراد الأسرة) بکەیتە شێوەیەك لە تاوانەکان، بچێتە ئەوێ ئەنواعی عونفی ئوسەری پێ پێناسە بکەی و، مەحکەمەی عونفی ئوسەریش کە هاتووە، بەڕاستی مەحکەمەی عونفی ئوسەری پێویستە پێناسە بکرێت، وەکو کاك عمر فەرمووی مەحکەمەمان هەیە، ئەبێ پێناسە بکرێت، ئیدیعایەکی عامی خاسی عونفی ئوسەریش ئەبێ لێرە دەست نیشان بکرێت، بۆیە من پێم باشە بەبێ ئەو خاڵانە جێبەجێ بکرێت، لەبەر

**ئەوەی یاساکەمان بە کاملی بێت، مەبەستەکەمان ئێمە موکافەحە کردنە، بۆ ئـەوەی ئـەو عونفـە نـەمێنێت لە ئوسرەدا، هەروەها ..........**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس دەست خۆش، خەلاس تەواو، بەڕێزان، ئێستا ئەو بەڕێزانەی ویستیان موداخەلە بکەن، هەموو موداخەلەیان کـرد، دەسـتان خـۆش بێـت شـتی باشـتان وت، جارێکی تـر زۆر زۆر بـەخێرهاتنی بـەڕێز کاك د.کاوە وەزیری ڕۆشنبیری دەکەین، بەخێرهاتنی بەڕێز ئەمینداری گشتی ئەنجومـەنی بـاڵای خانمـان خـاتوو پەخشان زەنگەنە دەکەین، زۆر زۆر بەخێرهاتن، هەروەها مامۆسـتا سـعد مونەسـیق لـە بـەینی پەرلـەمان و ئەنجومـەنی وەزیـران، خوشـکان برایـان، موداخەلـەکانتان گـوێ لێ بـوو، ئێسـتا دانیشـتنەکەمان کۆتـایی پـێ دەهێنین، بۆ بەیانی سەعات 10:00، داوا دەکەین باش خۆتان بۆ حازر بکەن لیژنەکان، بۆ ئاگاداری ئێـوەی بەڕێز، ڕۆژی چوارشەم سەعات 11:00ی بەیانی وەزیـری کارەبـا، ئەهێنینـە پەرلـەمان بـۆ ڕوونکردنـەوەی بزانین وەزعی هـەرێمی کوردسـتان لـە بـارەی کارەبـا چیە؟ بۆیـە پاشـان لـە بەرنامـەی کـار دادەنـدرێت، بـۆ ئاگاداریتـان، سـبەی سـەعات 10:00 لێـرە دەبـن، سـبەی یاسـایەکە خـوا پشـتیوان بێـت تـەواوی دەکـەین، بەیانیەکەی و دوای نیوەڕۆکەی دائەنیشین، خوا ئاگادارتان بی.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (28)**

**سێ شەممە رێکەوتی 21\6\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (28)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2011/6/21

كاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێكـەوتی 2011/6/21 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (28)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (28)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2011/6/21 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی خێزانی لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان. دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێـدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (28) ڕۆژی دانیشتن 2011/6/21.

بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە(1) ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هەموار كـراوی سـاڵی 1992 ی پەرلەمانی كوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان، بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمـارە (28) ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات 10 ی پێش نیوەڕۆ، بەڵام دوا كەوت بۆ سەعات 11 كـەم چارەك، ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2011/6/21 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی خێزانی لـە هـەرێمی كوردستان.

جارێكی تر بەخێرهاتنی بەڕێز كاك(د.كاوە) وەزیری ڕۆشنبیری دەكەین، هەروەها بەخێرهاتنی ئەمینـداری گشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان لە هەرێمی كوردستان خوشكە (پەخشـان زەنگەنـە) دەكـەین، بـەخێرهاتنی كـاك (سـعد) مونەسـقی نێـوان پەرلـەمان و ئەنجومـەنی وەزیـران، زۆر زۆر بـەخێربێن، بـەخێرهاتنی ئـەوە خوشكە بەڕێزانەش و ئەو برایانە، كە لە كۆمەڵگای مەدەنیەوە چالاكن لە بواری پاراسـتنی مـافی ئـافرەت و مافی مرۆڤ، زۆر زۆر هەمووتان بـەخێربێن، ئێستا داوا لـە لیژنـەی یاسایی دەكـەین كەرەمكـەن بـۆ شـوێنی

خۆتان، لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ، لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەت، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی، لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ بەردەوام بوون، دوێنێکە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان موداخەلەکانیان تەواو کرد، ئێستاش لیژنەکان وەڵامی ئامادەکردنی ئەو بابەتانەی کە پێویستی بە دەنگدان هەیە، دارشتنەوەی ماددەکە کەرەمکەن فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان، لە دانیشتنی ژمارە 27 ی ڕۆژی دووشەممە، دوێنێ، سەبارەت بە ناونیشانی یاساکە، ئەمە بە دەنگدان تەسبیت کرا، کە یاساکە ناوی بووە یاسای بە عەرەبیەکەی( قانون مناهضة العنف الأسري في اقليم كوردستان)، سەبارەت بە ماددەی یەکەمی پڕۆژەکە، ئەندامانی پەرلەمان موداخەلاتەکی زۆریان کرد، پێشنیار و ڕای باش پێشکەش کرا، هەموو ئەو قسەو بۆچوونانە جێگای ڕێز بوون، وەبەهەند وەرگیران، ئەو خاڵانە کە قسەی زۆری لەسەر کرا، لابردنی پێناسەی خێزان، ئەگەر ماوە، بە مەرجێك لە ماڵی خێزان نیشتەجێبن، واتە ( شرط اقامتهم في البيت الاسري)، دارشتنی نوێ بۆ پێناسەی خێزان، ئەمە دوو بابەتی ئەساسی بوو لە پێشنیارەکان، بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان، قسەیان لەسەر ئەوە کرد بابەتی (ضم) وە بەشێکی تریان قسەیان لەسەر ئەوە کرد، ئایا ماددەکانی پڕۆژەکە باسی تەمەن بکات، وە شمولی کێ دەکات، تەبیعی لە لایەنی یاساییەوە ئێمە چەند ڕوونکردنەوەیەك دەدەین، سەبارەت ئەو پێشنیارانەو ئەو قسانەی کە کرا، یەکەمیان، دەرەجەی خزمایەتی، بەپێی قانونی باری کەسایەتی، لەماددەی 79 موعالەجە کراوە، واتە ئێمە مەبەستمان لەو ماددەیەیە کە پێشنیارمان کردووە، دەرەجەی قەرابە دیاری بکرێت بە وازحی، مەبەستمان ئەوەیە ئەو کەسەی کە قانونەکە دەخوێنێتەوە، وە ئیتیلاعی لەسەر دەکات، پاش دەرچوونی، بزانێت خزمایەتی چیە؟، کێیە؟، دەرەجەکان چۆنەو چۆن نیە، دووەمیان هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان، ئاماژەیان بەوە کرد، کەوا بەوازحی ئیشارەتی هەموو حاڵەتەکانی توندو تیژی بکرێت لە یاساکەدا، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ ڕای لیژنەکانی تر کە هاوبەش بوون لەگەڵمان لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەدا، بە باشی نازانین بەشی زۆرمان، کە ئەو پێناسەیە بۆ هەر برگەو ماددەییە، بڵێین ئەوە توندو تیژیە، ئەوە توندو تیژی نیە، ئێمە هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکەین، تووشی کێشەیەکی گەورەمان دەکات، چونکە ناتوانین ئەگەر کێشەك لە ئایندەدا ڕوویدا، حاکم کە تەماشای کێشەکە دەکات، بە پێی قاعیدەی (لاجريمه ولا عقوبه الا بنص) ئەگەر حاڵەتێك لە پەرلەمان لەبیرچوو، یان ئاماژەی پێ نەکرا، واتە ئیعتیبار ناکرێت بە جەرائیم، بەڵام ئێمە لە پێشنیارەکەمان ئاماژەمان بەوەدا کە ماددەی حەوتمان داناوە، لەو ماددە حەوتە، ئیشارەتمان داوە بە قانونی عقوباتی عیراقی، کە لە کوردستان ئیشی پێ دەکرێت، وەقانونی ئسول مەحاکەماتی جەزائی، وە قانونی جێبەجێ کردنی هەموار کردنی یاسای ژمارە 15 باری کەسایەتی کە ساڵی 2008 لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، ئەو حاڵەتانە کە لە پەرلەمان چەند قەرارێکی پێ دەرچووە، ئاماژەی بە وازحی داوە بەو

حاڵەتانە، وە كۆی ئەو قانونانە كە لە كوردستان ئیشی پێ دەكرێت، ئێمە لە ماددەی حەوت ماددەكمان دانا، كە ئەو قانونانە هەمووی جێبەجێ دەكرێ، بۆ ئەوەمان كرد، هەتا كێشەی یاسایی ڕۆژنامەگەری ژمارە (35) ی ساڵی 2007 بۆمان دووبارە نەبێتەوە، چونكە كاتی خۆی كە موناقەشەی ئەو یاسایەمان كرد، هەندێ پێشنیار كرا كە دوو، سێ وشە، وە دوو، سێ تەعابیر لە یاساكە دوور بخرێتەوە، لە ئەنجامی دورخستنی ئەم دوو، سێ وشەیە، لە كاتی جێبەجێ كردنی یاسای ڕۆژنامەگەری لە كوردستان، كێشەی زۆر گەورە دروست بوو، لە بەردەم دادگاكان، دادگا ناچار بوو، حاكمەكان بگەڕێنێتەوە سەر قەواعدی عامەی قەوانین، وە گلەیی زۆر كرا، عەلەساس پەرلەمان قانونی دەرهێناوە، بەڵام مەحكەمەكان جێبەجێی ناكەن، واقعەكەش ئەوها نەبوو، مەحكەمە مولزەمە بە تەتبیقی قەوانین، كە پەرلەمان قانونێ دەردەكات، مەحكەمە تەتبیقی دەكات، حكومەت جێبەجێی دەكات، بەڵام حاكم كە تەتبیقی نەكرد، گەڕایەوە سەر قەواعدی عامەی قەوانینی كارپێكراو لە هەرێمی كوردستان، بە مەبەستی ئەوە بوو حاڵەتەكان دیاری نەكرابوو، مەجبورە كە حاكمیش كێشەیەك لەبەر دەمی بێتن، دەبێت تەماشای بكات، حەسمی بكات و كۆتایی پێ بێنێت، لێرە ئێمەبە باشی نازانین ئەو وردەكاریە، بە وردی لە قانونەكە دیاری بكرێت، ئێمە وەكو لیژنەی قانونی، بەنیسبەت حاڵەتی (ضم)، ئەندامێك ئاماژەی پێی كرد، كە (ضم) واتە، مندالێكی یەتیم بێ باوك و دایك، یان مندالێكی باوك و دایكی دیار نیە، كە سێك هەڵی دەگرێتەوە بەخێوی دەكات، ئەمەش لە قانونی(رعایة الاحداث) ئیشارەتی پێ دراوە، بە وازحی ئەحكامەكانی دیاری كراوە، چۆن؟، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بە باشمان زانی ئەوەش ئیزافە بكرێت، هەتا قانونەكە كەلێنێكی وای تێدا نەبێت، چونكە پێناسەی خێزانمان كردووە، ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەكەین، كە پێناسەی خێزان بمێنێتەوە، لە قانونەكە، چونكە قانونەكە تایبەتە بە خێزان، واتە ئەگەر ئەوەمان لادا، مانای ئێمە هەڵەیەكی یاسایی گەورە دەكەین، ڕۆحی قانونەكە لەو پێناسەیە، كۆی ئەو پێشنیارانە كە ئێمە وەرمانگرت، سیاغەی ماددەكەی بەم شێوەیە دارشتراوە، ئەم سیاغەیەش دەتوانن ئەگەر مولاحەزاتی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر بوو، دووبارە سیاغەكەی بگۆڕینەوە، وە ئێستا سیاغەكە بە زمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە بەو شكلە:

المادة الاولى:

يقصد بالمصطلحات الآتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

1- الاقليم: اقليم كوردستان-العراق.

2- الاسرة: مجموعة اشخاص طبيعيين تربطهم رابطة الزوجية او القرابة الى الدرجة الثانية اينما اقاموا ، والاقارب من الدرجة الثالثة و الرابعة.

3-العنف الاسري: كل فعل او قول او التهديد بهما على أساس النوع الاجتماعي في اطار العلاقات الاسرية المبنية على اساس الزواج او القرابة او من يكون قد تم ضمه قانوناً من شأنه ان يلحق ضرراً من الناحية الجسدية و النفسية و الجنسية و سلباً لحقوقه وحرياته.

4- المحكمة : محكمة مناهضة العنف الاسري.

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان:**

نیزامیە سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاش گوێ گرتن لە ڕای لیژنەی یاسایی، لەگەڵ هەموو ڕێزێکما، ئێمە زیاتر لە 20، 30 ئەندام پەرلەمان کە هەڵساوین وتوومانە ئەو تەعریفی خێزانە لێرە ئیشکالمان بۆ دروست دەکات، بەڵام ئەمان هاتوون جارێکی تر دایان ناوەتەوە، بگرە دەرەجەکانیشیان کەم کردۆتەوە، هێناویانە هەتا دەرەجە دوو، بۆیە من داوا لە بەڕێزت دەکەم، لە پێشا ئەوە بخەینە دەنگەوە کە ئەو پێناسەیە بمێنێت یاخود نەمێنێت، ئینجا لە دوایی ماددەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرست موداخەلەیەکی هەیە، ئەگەر باش گوێی لێ بگرن، تکایە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر قانونێك دەربچێت، سنووری سەرەیانی هەیە، یەعنی (نطاق سريان القانون) بە عەرەبی پێی دەڵێن، سێ عونسری موهیمی تێداهەیە، یەك، زەمانە، وەختەکەیە، یەك مەکانە جێگایەکەیە، یەك، ئەو کەسانەیە ئەوەی کە قانون لەسەری تەتبیق دەبێت، ئەم قانونە لەسەر خێزان تەتبیق دەبێت، ئەگەر ئێمە تەعریفی خێزان لابدەین لێرە، قانونەکە موعەلەق دەمێنێتەوە لەسەر کەس تەتبیق نابێت، یانیش دوورنیە یەکێك بڵێت حاکم تەتبیق دەکات، بەس هەر حاکمێك بە کەیفی خۆی نیتاقی ئوسرە تەحدید دەکات، چونکە نەسەکە مادام تەحدیدی نەکرد، خازعی ئیشتیهادە، هەر حاکمێکیش بۆخۆی ئیشتیهاد دەکات، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من نە بەس ئەوە بمێنێت، هەر قانونەن نابێت تەسویت لەسەر لادانی بکرێت، چونکە خیلافی بەدیهیاتی قانونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە قانون دادەنێین بەڕاستی لە پێناسە ئەبێ زۆر دەقیق بین، ئەو پێناسەی کە بۆ ئوسرە کرا، هەروەها ئەو پێناسەیەی کە بۆ عونفی ئوسەریش کرا، هیچیان بە پێی ئەو سەرچاوە یاساییە، ئەو سەرچاوە کۆمەڵایەتیە، ئەو سەرچاوە موعتەبەرانە دەقیق نین، بۆیە یەعنی پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، هیوادارم بگەینە پێناسەیەکی گونجاوی ڕاست و جامیع و مانع، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان کەرەمکە.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەك هاوکارم كاك صباح باسی کرد، لە تەعریفەکان ئەبێ دەقیق بین، تەعریفی مەحکەمەکە، لە دواتـر لە ماددەی سێ باس کراوە، بەڕێزان لە لیژنەی قانونی وتیان (محكمة مناهضة العنف الاسرى)، مەحکەمەکە (محكمة مختصة بقضايا العنف الاسرى) لەبەر ئەوە ئەبێ مولاحەزەی ئەوە بکەن.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

كاك عمر عبدالرحمن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت كاك د.صباح کە باسی لـە ئوسـرە کـرد، ئێمـە بۆیـە لێـرە باسمـان لـە خێـزان کـردووە، هـەتا ئـەو عیلاقەیەی کە بە زەواج دروست دەبێت، ئەو عیلاقەی کـە بـە قەرابـە دروسـت دەبێـت، هـەتا دەرەجـە دوو، ئەمـە موتەبەعـە لـە عـورف و عـاداتی هـەموو لایـەك لـە لای ئێمـە، تـا دەرەجـە 4 نـەبووە بـە یەکـەوە، لـە خانوویەك لە شوێنێك بە یەکەوە بژین، دەرەجە چوار ئەگاتە ئامۆزا، خاڵۆزا، پـوورزا، خـالۆزا زا، ئـامۆزا زا، ئەمـە موتەبـەع کـەس لـە خێزانێـك لـە مانـە بەیەکـەوە کۆنابنـەوە، بـەڵام خـۆ ئەگـەر ئەمانـە کێشـەیەك بنێنەوە، خیلافێکیـان هـەبێ، عـونفێکی ئوسـەری ڕووبـدەن لەسـەر کـەس و کارەکـانی خۆیـان، ئێمـە یاسـای عقوباتی عیراقیمان هەیە، قانونی عقوباتی عیراقی بەسەر هەموو لایەك جێبەجێ دەبێت، ئەمە یەك، دوو، لە ماددەی حەوتی ئەم ڕاپۆرتە، باس لەوە کراوە هەر شتێك لەم کارانە ڕوو بدات، ئەگەر لەم مـاددە یاسـایە باس نەکرابێت، ئەگەڕێتەوە بۆ قانونی عقوبـات و ئـەحوالی شەخسـی و ئـسولی مەحاکـەماتی جـەزائی، ئـەما بەنیسـبەتی نـاوی مەحکەمەکـە، نـاوی مەحکەمەکـە لەبـەر ئـەوەی یاسـایەکە یاسـای موناهـەزەی عـونفی ئوسەریە، ئەبێ مەحکەمەکەش مەحکەمەی عونفی ئوسەری بـێ، ئـەما ئیختیساسـەکەی ئەمـە بـە گـوێرەی یاسـای مەجلسـی قـەزای کوردسـتان، تەحدیـدی ئیختیساسـەکەی دەکرێـت بـە تەئکیـد ئـەم مەحکەمەیـە، مەحکەمەی تەحقیقە، لێکۆڵینەوە لەو کێشانە دەکات، لەو تاوانانـە دەکـات، کـە لـەناو خێـزان ڕوو ئـەدات، دواتر ئەم مەحکەمەیە حەواڵەی مەحکەمە تایبەتیەکان دەکات، خۆ شـەرت نیـە تـەنیا لێـدانێکی ئیعتیـادی بێ، لەوانەیە لە نەتیجەی ئەو تەعەدایانە ئەو خراپەکاریانەی کە لە بەینی ئەندامانی خێـزان دژ بـە یـەك ڕوو ئەدات کوشتنی لێ بکەوێتەوە، لەبەر ئـەوە ئـەم مەحکەمەیـە تـەنیا مەحکەمەیـەکی تەحقیقیـە، دواتـر ئـەو قەزایـە گرنگانـە حەواڵـەی مەحکەمـە تایبەتیـەکانی خـۆی وەکـو جینایـات و جونـەح دەکرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان دوێنێ ئەندامانی بەڕێز موداخەلەیان کرد، مەجموعەیەکیان ویستیان لە دەرەجە رابیعە بێت، ئێستاش ئەو لیژنانە، ئەیانەوێت دەرەجەی ثالثة بێت، ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەمەیان وازح بێ، تکایە کێ لەگەڵ ئەوەیە لە دەرەجەی رابعە بێت، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 63 بەڕێز لەگەڵدایە، سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سێ کەس لەگەڵدانیە، سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ بۆ دەرەجە رابیعە، ئەوە یەك، موختەسە، (محكمة مناهضة العنف الاسری) هەندێك بەڕێز دوێنێ ئەوەیەکیان کرد، (محكمة مختصة لمناهضة العنف الاسری) کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم دادگایەی کە دائەندرێت، بۆ لێکۆڵینەوەو ئیش و کاری هەموو ئەو تاوانانەی کە لە نێوان ئەندامانی خێزان دژ بە یەکتری ئەکرێت، نابێت مەحکەمەی موختەص هەبێ، مەحکەمەی موختەصە، یەعنی مەحکەمەی جینایات، یەعنی مەحکەمەی جونەح، یەعنی مەحکەمەی بەدائە، یەعنی مەحکەمەی ئەحوالی شەخسی، ئەم مەحکەمەیە تەبیعەتی لێکۆڵینەوەیە لەو تاوانانەی کە ڕوو ئەدات، دواتر کێشەکان حەواڵەی مەحکەمەی تایبەت دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

لە سیاغە وەری دەگرن، ئەگەر وەری نەگرن ئەیدەینە دەنگدانەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە دەبێت ئاگامان لە دەرکردنی یاسا بە تایبەتی ئەو بابەتانەی کە پەیوەستە بە حاکم، تەبیعی بە پێی مادده 31ی یاسای دەسەڵاتی دادوەری، کە لە بڕگەی دووەمدا هاتووە، دەڵێت (ثانیا: لرئیس مجلس القضاء بناءً على اقتراح من رئيس محكمة الاستناد ان يخصص محكمة تحقيق لنوع او انواع من الجرائم) واتە مەحکەمەی (مناهضة العنف الاسری) دەبێت بەقەرارێکی ئەنجومەنی دادوەری دابمەزرێت، کە لە ماددەکانی دواتر ئاماژەمان پێیداوە، داوا دەکەین کە تەشکیل بکرێت، وەکو کاك عمر تەوزیحی کرد، ئەو مەحکەمەیە لێکۆڵینەوە دەکات، لەو تاوانانە کە دژ بە ئەندامانی خێزان ئەنجام دەدرێت، لێکۆڵینەوەکە کە تەواو دەبێت، ئیحالەی مەحاکمی موختەس دەکرێت، وە مەحاکمی موختەس تەبیعی ئەگەر کێشەکە قەتل بوو، دەبێ ئێمە ئاگامان لەوە بێت، جینایات چیە؟، جنحە چیە؟، موخالەفە چیە؟، جینایات بە پێی ماددەی 20، لە قانونی عقوباتی عیراقی دەڵێت( الجرائم من حيث جسامتها) یەك، جینایاتە، دوو، جونەحە، سێ، موخالەفاتە، وە دەڵێت (يحدد الجريمة بنوع العقوبة الاشد المقرر لها قانوناً) ماددەی 25 ی قانونی عقوباتی عیراقی، ئیشارەت بەوە دەدات دەڵێت( الجريمة معاقبة عليها باحدى العقوبات التالية) یەك، الاعدام، دوو، السجن المؤبد، سێ، السجن اكثر من خمسة سنوات الى خمسة عشرة سنة، واتە ئەوانە هەمووی جینایاتن، حاکمی موختەس بە (قضايا العنف الاسري) کە تەحقیق دەکات، بە گوێرەی

ئەو تاوانانەی کە ئەنجام دراوە، موتەهەمەکەی ئیحالەی مەحکەمەی مەعنی دەکات، ئەگەر جینایای بوو، ئیحالەی مەحکەمەی جینایات دەکات، وە سەبارەت بە مەحکەمەی جونەح، ئەو جەریمانە کە مەشمولن بە حاکمی جونەح لە ماددەی 26 ئیشارەتی پێ دراوە، هی (الجريمة المعاقب عليها باحدى العقوبات التالية ) یەك (الحبس الشديد او البسيط اكثر من ثلاثة اشهر الى خمسة سنوات)واتە هەر قەزیەك، حاکمی تەحقیق دیتی کە حوکمەکەی وا تەوەقوع دەکات، لە سێ مانگ هەتا پێنج ساڵ بێت، ئەوە جونحەیە ئیحالەی مەحکەمەی جونەحی تایبەتمەند دەکات کە بە دیتنی دەعواکە، وە سەبارەت بە موخالەفەکان، موخالەفە لەماددەی 27 ی قانونی عقوباتی عیراقی، موعالەجە کراوە، (هی الجريمة المعاقب عليها باحدى العقوبات التالية: الحبس البسيط لمدة اربعة وعشرين ساعة الى ثلاثة اشهر وبغرامة) واتە ئەو تەوزیحەی دەدەم مەبەستمان لە دامەزراندنی مەحکەمەکە، کە لە دوایی دادەمەزرێ، ئەوەیە لێکۆڵینەوە دەکات لەو تاوانانەی کە ئەنجام دەدرێ، دژی ئەندامانی خێزان، زدی با بڵێین، لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا ئاراستەی مەحکەمەکانی تایبەتمەند دەکرێت، بەگوێرەی ئیختیساسەکانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سۆزان خان کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیستینادەن بۆ قسەکەی بەڕێز کاك عونی، هەر خۆتان لەناو ڕاپۆرتی هاوبەش، نووسیوتانە (تشكل محكمة مختصة بقضايا العنف الاسري) خۆتان ناوەکەتان ناو ناوە(مختصة بقضايا العنف الاسري) بۆ لە تەعریفەکەیا بڵێین (محكمة مناهضة العنف الاسري)، ئەبێ جارێکی تر بڵێینەوە ( المحكمة: محكمة مختصة بقضايا العنف الاسري) وەك چۆن لەناو ڕاپۆرتە هاوبەشەکەی ئێوە هاتووە، ئەگەر جەنابیشت لەسەر ئەو شتانەی کە ئەو ئەسبابانەی کە هاتووە، ئەبوایە ئەو ئەسبابانە لە ئەسلاً مانع بوایە لەوەی کە ئەم دەقە بەم شێوەیە نەنووسرێ.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عبدالسلام بەرواری.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێینەوە مەوزوعمان، ئایا پێناسەی مەحکەمە هەبێت یان نەبێت؟، ئەو شتە لەماددەی سێیەم، دادگاکە پێناسە کراوە، من ئەبینم پێویست نیە لەتەعریفەکان باسی بکەین، تەنها لەوێ بنووسین لەمەودوا بە دادگا ناو ئەبرێت و تەواو، یەعنی بۆچی لەوێ بنووسین مەحکەمە دادگای تایبەتە بە بابەتەکانی توندو تیژی، کە خۆی ماددەی سێ ئەو تەعریفەی کردووە، لەوێ لە خوارەوە کە وتمان

دادگا، ئەگەر پێویست بوو لە هەموو یاسایەکان لە عورفی تەشریعەیە، ئەڵێت فلان شتەو لەمەودوا بە دادگا ئاماژەی پێ دەدرێت و تەواو.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عمر عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی سۆزان خان باسی دەکات، هەر (ولا تقربوا الصلاة)ەکەیەتی، بەڵام لەماددەی سێ کە ئەڵێت(تشکل محکمة مختصة بقضایا العنف الاسری وفق قانون السلطة القضائیة للاقلیم) ئێمە باسمان کرد، کە ئەڵێن (محکمة مختصة بقضایا العنف الاسری) عونفەکە گۆڕابوو بە موناهەزەی ئوسرە، موختەسەکەشی بە گوێرەی قانونی ژمارە 23ی سولتەی قەزائیە، ئیختیساسی لێکۆڵینەوەیە لەو کێشانەی کە لە نێوان ئەندامانی خێزان ڕوودەدات.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك د.ئەرسەلان کەرەمکە.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە کە ئێمە دەڵێین مەحکەمەی موناهەزەی عونفی ئوسەری، ئەوە خۆی تەشخیسە، ماناکەی تەشخیسە، چ پێویست دەکات کەلیمەی تەشخیس جارێکی تر بەکاربهێنیەوە، خۆی کە مەحکەمەکە دادەندرێت ناوەکەی بەخۆیەوەیە، لەگەڵ سەرەتای قانونەکە یەکتری دەگرێتەوە، کەواتە کە بڵێین تەشخیسە بۆ ئەو مەسەلەیە، تەشخیسەکەی زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك د.صباح.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من دوو پێناسەم پێشنیار کردووە بۆ بەڕێز لیژنەیاسایی، ئەگەر لە ڕووی سەرچاوە یاسایی و کۆمەڵایەتیەکانیشەوە دەرهاتووە، ئەگەر بەڕێز کاك حاکم عونی سەیرێکی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرگوڵ خان.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت مەحکەمەکانەوە، خۆی مەحکەمـەکان لـە قـانونی سولّتەی قـەزائی دیـاری کـراوە، ئەگـەر ئێمـە نەڵێین مەحکەمەی تەحقیق، نەڵێین مەحکەمەی موختەسە، ئەوکاتـە ئـەوە ئەگرێتـەوە لـە دوای تـەحقیق ئیحالـەی ئـەو مەحکەمـە موختەسـە ئـەکرێت کـە جونحـە یـان جینایەتـە، بـەلاّم ئەگـەر ئێمـە مەبەسـتمان مەحکەمــەی تەحقیقــە، ئــەبێ بنووســین مەحکەمــەی لێکۆڵینــەوە، بــە کوردیەکــەی بنووســین دادگــای لێکۆڵینەوە، بە عەرەبیش بنووسین (محکمه التحقیق)، بەلاّم ئەگەر نووسیمان موختەسە، ئەوکاتـە وا لێـك ئەدرێتەوە، ئەم مەحکەمەیە لە دوای ئەوەی لێکۆڵینەوە تەواو ئەبێ، ئینجا ئـەم مەحکەمەیـە ئـەم داوایانـە دەبینێت کـە تونـدو تیژیـە، ئەمـەش پێموایـە غەڵەتێکی قانونیـە، چونکە مەحکەمـەی موختەسـە، دواتـر تەحقیق دیاری ئەکات کە ئەم بابەتە ئەگەر جونحە بێت بۆ مەحکەمەی جونـح، ئەگـەر جینایـەت بێـت بـۆ مەحکەمەی جینایەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا موختەسە ئیزافە بکرێت؟، ئەیدەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە مەحکەمە موختەسـەی بۆ زیاد بکرێت، دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟، وازحە موختەسە لە دوای مەحکەمەوە بێ یان نا، دەست بەرز بکەنەوە تکایە؟، 20 بـەڕێز لەگەڵدایـە، کێ لەگەڵدانیـە تکایـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟، بـە زۆرینـەی دەنـگ (محكمة مناهضة العنف الاسري) مایەوە وەکو خۆی، فەرموو سیاغەکەتان، کاك نەریمان نیزامیە، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو خستنە دەنگدانە لەم ماددەیە هەڵەیەکی گەورە بوو، لەبەر ئەوە ناوی مەحکەمە......

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو بوو، دانیشە، ڕەجائەن دانیشە، کاك عبدالسلام نیزامیە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکی سەرەکی هاتبوو دوێنێ، کە پێناسەی خێزان نەمێنێت و لەناو پێناسـەی تونـدو تیـژی خێزانـی هەبێ.......

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە موخالفی قانونە نایدەینە دەنگدان، بەڕێز کاك فرست زۆر وازح ڕوونی کردەوە، شتێك موخالفی مەبادئی یاسا بێت، نایدەینە دەنگدانەوە، تکایە دانیشە، لیژنەی یاسایی کەرەمکەن بەردەوام بن، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

يقصد بالمصطلحات الآتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

1- الاقليم: اقليم كوردستان-العراق.

2- الاسرة: مجموعة اشخاص طبيعيين تربطهم الرابطة الزوجية او القرابة الى الدرجة الثانية اينما اقاموا ، ومن يكون قد ضم الى الاسرة قانوناً.

3-العنف الاسري: كل فعل او قول او التهديد بهما على أساس النوع الاجتماعي في اطار العلاقات الاسرية المبنية على اساس الزواج او القرابة او من يكون قد تم ضمه قانوناً من شأنه ان يلحق ضرراً من الناحية الجسدية و النفسية و الجنسية و سلباً لحقوقه وحرياته.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

القرابة الى الدرجة الرابعة، تەصويت کرا، ئەوە ئیزافەی کەرەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثلاثة: العنف الاسرى: كل فعل او قول او التهديد بهما على اساس النوع الاجتماعى في اطار العلاقات الاسرية المبنية على اساس الزواج او القرابة الى الدرجة الرابعة ومن تم ضمه الى الاسرة قانونا من شانه ان يلحق ضرراً من الناحية الجسدية و الجنسية والنفسية و سلبا لحقوقه ولحرياته.

اربعة: المحكمة: محكمة مناهضة العنف الاسرى.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، یەك کەسێك، کاك عبدالسلام لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی دوو فەرموو، لیژنەی یاسایی بەردەوام بن.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دووەم:

هەرکەسێك کە پەیوەستی هەبێ بە پەیوەندیەکی خێزانی ئەنجام دانی هەر جۆرە توندو تیژیەکی خێزانی لێ قەدەغە دەکرێت.

ئەمە ڕای یەکەمە، ڕای دووەم، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەسەر نەریت و کولتوری باو، وەك نەهێشتنی شووکردن، بە شوودان بە زۆر، شوودانی بچووك، شووکردن بە خوێن، فەرامۆش کردنی ئەندامانی خێزان، دابڕاندنی پەیوەندی خێزانی، جیاوازی کردن، سووکایەتی کردن، جنێودان، ئازاردان، لێدان بە مەبەستی تەمێ کردن، کرداری سێکسی بە زۆر.

دوو: زەرەرمەند لە توندو تیژی خێزانی، مافی ئەوەی هەیە کە ڕێکارو دەستەبەرکردنی پاراستنی هەبێ لە توندو تیژی دواڕۆژدا.

سێ: هیچ داواکاریەك پێشکەش ناکرێت، تەنیا ئەگەر توندو تیژیەکە ڕوویدابێت.

**چوار: داواكاری له بابەتی توندو تیژی خێزانی له لایەن زیان لێ كەوتوو یان ئەوەی بە پێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە، یاخود بە ئاگاداریەك كە پێشكەش بە دادوەری لێكۆڵینەوە دەكرێ، یان لێكۆڵەرەوە، یاخود بەرپرس له سەنتەری پۆلیس، یان داواكاری گشتی دەخرێتەڕوو.**

**پێنج: ڕێكارەكانی لێكۆڵینەوەو دادگایی كردن له بابەتەكانی توندو تیژی خێزانی نهێنی دەبن لەگەڵ ڕەچاو كردنی تایبەتمەندیەكان.**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموون بە عەرەبیش بیخوێننەوە.**

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثانية:**

**1- يحظرعلى اي شخص يرتبط بعلاقة اسرية ان يرتكب اي صورة من صور العنف الاسري.**

**وهناك رأي آخر تقترح الصياغة التالية:**

**خاصة تلك التي تستند على العادات والتقاليد السائدة، مثل "منع الزواج، الزواج بالاكراه، زواج الصغير، زواج الشغار، زواج مقابل دية، تهميش افراد الاسرة، قطع صلة الارحام، والتمييز، إهانة، سب، شتم، قذف، ضرب، وايذاء بهدف التأديب، ممارسة الجنس بالاكراه).**

**2- يحق للمتضرر من العنف الاسري ان يحصل على اجراءات و ضمانات لحمايته من العنف في المستقبل.**

**3- لا تحرك الدعوى الا اذا كان العنف واقعا.**

**4- تحرك الدعوى في قضايا العنف الاسري من قبل المتضرر او من يقوم مقامه قانونا او باخبار يقدم الى قاضي التحقيق، او المحقق او المسؤول في مركز الشرطة او الادعاء العام.5**

**5- تكون اجراءات التحقيق و المحاكمة في قضايا العنف الاسري سرية مع مراعاة الخصوصية.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ڕەئیتان؟**

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەم ماددەیە، هەڵبەتە ئێمە لەگەڵ ئەو ڕەئیەین كە هەندێ نموونە هەیە، على سبيل المثال لا على سبيل الحصر، چونكە ئەو تاوانەی كە دامانناوە، عنف و كە له ماددەی شەش عقوبەمان لۆ داناوە، كە له ماددەی شەشی ئەو مەشروعی قانونەكە، لەبەر ئەوەی كە بگونجی هەتا لەبەر راگەیاندنی ڕووبەڕووبوونەوەی توند و تیژی، قانونەكەشمان قانونی بەرەنگاربوونەوەیە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو موقتەرەحەی كە هاتووە، خاصەتەن بگۆڕێ بەم جۆرە، تعتبر الافعال التالية على سبيل المثال لا الحصر،**

عنفأ اسريا، ئەمە وا دەكات هەندێ دیاردە هەیە، ئەو دیاردەیە هەندێکی بە پێی کەلتوور گۆرانکاری هەیـە، ئەمانەوێ لە کەلتووری ئێمە هەندێ دیاردە هەیە لەوانەیە بە توند و تیژی حیساب نەکرێ، بۆ نموونە تف کردن لـە ژن، تـف کـردن لـە ژن ئیهانەیـەکی زۆر زۆر گەورەیـە، بـەلاّم لەوانەیـە لـە کـەلتووردا حیسابی بـۆ نەکرێ، ئەڵێ چیە؟ تفێکی لێ کردووە، بەلام ئەگەر ئێمە ئیشارەتی پێ بکەین، لە چوارچێوەی عونفدا ئـەو کاتە قازی بە هەنـدی وەرئـەگرێ، لەبـەر ئـەوەی ئەمانـەوێ ئـەم قانونـەش هانـدەرێك بـێ بـۆ گـۆڕینی ئـەو عیلاقـە تەقدلیدیانـەی کـە هەیـە، عیلاقـاتێکی مـەدەنی دروسـت بکـرێ، علـى سـبیل المثـال لا الحصـر، زۆر زەرووریە ئەمەی تێدا بێ، ئەوە یەك، ئەو شتانەی کە ئیشارەتی پێکـراوە، حاڵـەتی دووەم، لێـرە هـاتووە: لا تحرك الدعوى الا اذا کان العنف واقعاً، ئێمە دەبێ بڵێین: الا اذا کان العنف الاسري واقعاً، ئەگەر بڵێن : الا اذا کان العنف واقعاً، دوایی لەوانەیـە التهدیـد بـالعنف کـە لـە عـونفی ئوسـەری هەیـە، نایگرێتـەوە، باشـتر وایـە بڵێین: : لا تحرك الدعوى الا اذا کان العنف الاسري واقعاً، بە نیسبەت خاڵی چوارەم، تحرك الدعوى من قبـل المتضرر او من یقوم مقامە، تا نیهایەتی فەقەرەکە، ئێمە داوای ئەوە ئەکـەین کـە حـەق بـدرێ بـە ئەوانـەی ئیشی عام ئەکەن، عاملین فی مجال الصحە، و التربیە و المراکز الرسمیە لتقـدیم المساعدە لضحایا العنـف، کـە حەقی ئەوەیە ئیلزام بکرێن کە تەبلیغی ئیدیعای عام بکرێن لە حالاتی عـونفی ئوسـەری، لەبـەر ئـەوە مـن ئەمەوێ بۆ چوارەم ئیزافەی ئەوە بکرێ، على العاملین في مجال الصحة و التربیـة و المراکـز الرسمیـة تقـدیم المساعدة لضحایا العنف الاسري ابلاغ الادعاء العام عن حالات العنف الاسري، چونکە مامۆستا دەبینی منالێ لێ ئەدرێ بە لێدانەوە هاتووە، لە مەراکزی صحە ئافرەت تووشی عونفی ئوسەری بووە، ئەمە ئەرکێتی، چونکە ئێمە ئەمانەوێ ئەم مەسەلەیەی بکەینە مەسەلەیەکی ئیجتیماعی، ئێمـە بۆیـە قـانون بـۆ عـونفی ئوسـەری دائەنێن، ئەمانەوێ بە موجتەمـەع بڵێین ئـەم عونفـەی لـە چوارچـێوەی ئوسـرەدا روو ئـەدات، شـتێك نیـە داخراو بێت و لە چوارچێوەی خێزاندا بێت، موجتەمەع بەرپرسە، بۆیە قانونی بۆ دائـەنێن، ئیـدیعای عـام بەرپرسە، المعنیون بالشأن العام، بە خیدمەی عامە کە لە تەربیە و لە صیحە و لە تەقدیمی زەحایا، ئیشەکە ئەوان بەرپرسن، بۆیە نامانەوێ یەکسەر ئەوان شەکوا تەسجیل بکەن، بەڵام ئیبلاغ بکەن، یەعنی حاڵەتێکی خوارترە کە ئیلزامیان بکەن، ئیبلاغ بکەن بۆ ئیدیعای عام، ئەو کاتە ئیدیعای عام خۆی تەقدیری قەزیەکە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك عبدالسلام نوقتەی نیزامیت هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامی لەبەر ئەوەیە بە شێوەیەکی سەقەت ئەوەلەن نووسراوە، ئەگەر تەماشا بکەین بەو شـێوەیە نووسراوە کەئەنهو رەئیەك هەیە، ئەو تێکستەی هەر کەسێك بیت، رەئی دووەم بە تایبـەتی بێـت، بەراسـتی ئەوە وا نیە، رەئی دووەم ئەڵێت: تێکستی یەکەم تەواو ببێت، ئەمەی خوارەوە ئیزافە بکرێت بۆی، بۆیە....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نیزامی نیە، کەی سرەت هات قسە بکە، رەجائەن دانیشە، لە سرەی دووەمدا دەست پێ بکەن، ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێ موداخەلە بکەن: پەیمان عزالدین، ئاسۆ کەریم، ئامینە زکری، بێریڤان سەرهەنگ، گوڵیزار قادر، حمە سعید، عمر عبدالعزیز، احمد وەرتێ، ئارام قادر، هاژە سلێمان، ئەڤین عومەر، سۆزان شهاب، بشیر خلیل، کاردۆ محمد، کوێستان محمد، پەریهان قبلای، پەیمان عبدالکریم، زکیە سید صالح، ژیان عمر، سالار محمود، سمیرە عبداللە، سەروەر، شلێر محی الدین، کاوە حمدامین، عەزیمە نجم الدین، پەیمان عزالدین، نەسرین، نەریمان عبداللە، رفیق صابر، عبداللە علی، صباح بیت اللە، هاوڕاز خۆشناو، ناسك توفیق، شەونم محمد، دلێر محمود، ئاشتی عزیز، عبدالرحمن، ڤیان عبدالرحیم، گەشە دارا، تارا ئەسعەدی، شیلان عبد الرزاق، کەسی تر مایە؟، پەیام خان کەرەم بکە.

**بەڕێز پەیام احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی دوو، دیارە من لەگەڵ پێشنیارەکەی دووەمم، ئێمەش پێشتر لە لێژنەدا باسمان کرد و، لە کۆبوونەوەکەی هاوبەشدا لەگەڵ لێژنەکانی تردا باسی ئەوەمان کرد، علی سبیل المثال بوو لا علی سبیل الحصر، تەئکیدشمان لەسەر ئەوە کردەوە، بۆیە نموونەشمان هێناوە، چونکە ئێمە خۆمان ئەزانین کە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵێك عادات و تەقالیدی تێدایە، بۆ نموونە کچێك کە ئەدرێ، ژن بە ژنی پێ ئەکرێ، ئەو لە لای خۆی وایە کە ئەمە حەقێکە کە ئەو ئیشە ئەنجام بدات، لێرەدا کە ئێمە باسمان کردووە لە عونفدا کە ئێمە نموونەمان بۆ هێناوە، کەواتە ئەو کچەش بەوە هەست ئەکات کە ئەمە، تەعەدایەکە و لێی کراوە هەر وەکو نموونەکەی دکتۆریش کە ئەو تفە ئەوە عونفێکە بەرامبەر ئەو کەسە ئەیکەی، ئایا منداڵ بێ، ئایا ژن بێ، ئایا پیاو بێ، جگە لەوە، من بۆ نموونەیەکی دیکە، ئێمە زۆر منداڵمان هەیە لە خوێندن بێبەش ئەکرێن، ئەویش نموونەیەکە لەو عونفە و حەق وایە لێرەدا دیاری بکرێ، تەنانەت ئیش کردنیش بە منداڵ، ئەویش حەق وایە ئێمە لێرەدا میسالێك بینین کە تۆ مادام باسی ئوسرە ئەکەی، ئەبێ باسی منداڵەکەش بکەی، لێرەدا ئەو نموونەیەش بۆ منداڵ بێنێتەوە، چونکە ناکرێ ئەو عونفە بەرامبەر منداڵیش بکرێ، لە خاڵی چواردا، دیارە ئێمەش تەئکیدمان کردەوە، چەند جارێکیش دکتۆر خۆی بەشدار بووە لە کۆبوونەوەکانیشدا چەند جارێك، ئێمە باسی ئەوەمان کردووە کە ئەوانەی کە ئیش ئەکەن لەوبوارەدا بۆیان هەیە بڕۆن ئەخباری ئەو عونفە بکەن، بۆ نموونە ئەو ژنەی کە تەعەدای لێ ئەکرێ، یان ئەومنداڵەی کە تەعەدای لێ ئەکرێ، بۆ خۆی ناوێری لە ترسی باوك یان برا یان کەسوکارەکەی، ناوێری باسی بکات، بەڵام ئەو دکتۆرە یان ئەو مومەریزەیە یان ئەو شوێنەی کە ئەو کەسەی کە تێدا رۆیشتووە، ئەتوانێ بچێ نیابەتەن عن ئەو دەعوایە تەسجیل بکات و ئیبلاغی ئەو مەسەلەیە، ئەو عونفە بکات، لە خاڵی سێ، هەر پشتگیری بۆچوونەکەی دکتۆر دەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، داوای لێبوردن دەکەین، زۆر زۆر بەخێرهاتنی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئاسۆس نەجیب دەکەین، کەمێك تەئخیر هات و بەخێرهاتنمان نەکرد، دووبارە بەخێر بێت، بەڕێز ئاسۆ کەریم فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم، دیارە لە بڕگەی یەکەمدا نووسراوە: یحظر على اي شخص يرتبط بعلاقة اسرية، ان يرتكب اية صورة من صور العنف الاسري، دیارە ئێمە لە ماددەی یەکەمدا تەعریفی عونفی ئوسەریمان کردووە، لێرە دیارە دیارە لە صیاغەی یەکەمدا کە ئەمە پێشنیاز کراوە، ئەمە ئیزافە بکرێ بۆ ئەم فەقەرەیە، باسی کۆمەڵێك نموونەی هێنا، تۆ هەر چەندە بە پێی با بڵێین زانیاری مِن بەراستی موحەبەز نیە لە قەوانین نموونەکان بهێندرێتەوە، چونکە بەراستی ناکرێ هەموو وێنەکانی، ئەو وێنانەی کە عونفی ئوسەری دەگرێتەوە، چونکە کۆمەڵێك وێنە هەیە، لەوەش زیاترە کە بەراستی لێرەدا ئیشارەتیان پێ کراوە، بەڵام بە حەقیقەت من لێرەدا لەگەڵ ئەو پێشنیازەی د.کاوەم کە بە حەقیقەت بەم شکلەی لێ بکرێ: يحظر على اي شخص يرتبط بعلاقة اسرية، ان يرتكب اية صورة من صور العنف الاسري، و تعد الافعال الاتية عنفاً اسرياً على سبيل المثال لا الحصر، ئیتر پاش ئەوە وێنەکان دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز امنە زکری فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت مادده ئێکێ ئەگەر بێن ئەم سەح کەینێ، ناڤهێنانا هەر حاڵەتێکی یا ژمڤە درست نینە، کو ژ بۆ هندێ ئەم ژ رزگار ببین، هەندێك تەعاریفی عامیت یێ توند و تیژیێ ئەم دکەین کو شامیلی هەمی نەوعێك بگرێتەوە و هەر حالەتێکی ئەگەر تەعریفە وی بێتە کرن بێ هەمی نەوعێت ڤان حالەتە خۆ گریتەڤە، بۆ نموونە ئەگەر ئەم بێین سەح کەینی من هندەك پێشنیارێت هەین وەکی بێین بیژین تەعریفا توند و تیژیا، جۆری توند وتیژیا، ئەنواعی توند وتیژیا بێتە کرن، هەر ئێك ژ وان پێناسە ببیتن، بۆ نموونە توند و تژی هۆسا نەبیتن، توند و تیژیا یا لەشی، توند و تیژیا جینسی، توندو تیژیا لەفزی و عاتیفی، کو ئەو ژی شامیلا چەند بەشا دێکەت، و توند و تیژیا ئیقتیصادی، بۆ توند و تیژیا یا لەشی کو ئەم شێین بێژین وی حالەتی دگریتە خۆ، کو ئەو زیانێت لەشی، دەرد و رەنج و ئەو خەتەرە کو بۆ ژیان، و لەشی وی کەسی تیدا بکار ئینان، ببیتە ئەگەرێ هندێ کو رەوشتا تەندروستی وی قوربانی کەڤیتە ژێر خەتەری، وەکی جرائم التعرض، تحدید ئەڤ کارێ دی شامل بکەت، توند و تیژیا یاجنسی پێك دێتن ژ هەر کارەکێ کو کارتێکردنی ژ حسیەت یان ئابروو ژنێ دکەتن، وی بچیت کو هەر سەبەبەکێ لەتمەیەکی لێ بکەڤیتن، توند و تیژیا یا لەفزی و عاتیفی کو ژ خالین خارێ پێك دێت، ئیهانە، ئیستیهزا، تەحقیر، دانا

لەقەبێ ناشایستە، ب تایبەت تەعن، ئەگەرا هەندێ کو زارۆك نەبن یان زارۆکێ کوڕی نەبی، تەهدیدێت بەردەوام کو زیانێت لەشی بۆ هەر کەسێك تەهدیدا بەردەوام بوو وی کەسێ بێتە کرن کو زیانێت لەشی ب قوربانی گەهیتن، توند و تیژیا ئیقتیصادی ژی ئەم دیسان بهێین پێناسە بکەین، شاملی سێ خالا بکات، ئێك مەحرومیەتێت یێت کولی وە یا جوزئی سەرو مەنابیعێت کاری کو ئەو قوربانی نەشێتن ، وەکی قانونەن یان عورفەن حەقێ وێ قوربانیە، چ ژن بی چ زەلام بیتن، وەکو موحتاجییێت رۆژانێ مولکێ ئیشتیراکی یان ئینفرادی، خالا دووێ، ئینتیقالا کەل و پەلی مالێ ، جۆرا نەقدەیاتێت سەرمایێ مەنقول و غەیرە مەنقول، یان ژی هەر کەل و پەلێت بەها، شاملی ڤانا بکات، یەعنی تەعریفا وێ ئەم دیار بکەن، ژ لایەکی دیکە ڤە چێترکرنا مەمنوعیەت یا ژنا قوربانی، یان ژن یان هەر کەسەکی قوربانی، ژوان ئیمکانیاتێ یان ئیعتبارا پەیوەندیا خێزانی موستەهەقە وەکی مولکی موشتەرەك، یەعنی ئەو مولکە موشتەرەکە جێیا ئاکنجی بوونێیە موشتەرەك بەینا هەردوو کەسا پێکهاتی، ئەگەر ڤێ ئەنواعێ توند و تیژیێ تەعریف بکەین و خالێ بەندی بکەین، ئەم دێ ژ وان ناڤ ئینانێت، جوزئی دێ تەمام بی، دێ شامل بیت، هەمی نەوعێ توند و تیییژی ڤی گا ڤێ مەحکەمە دشێتن تەعامولی دگەل نەوعی توند و تیژی کەتن، چونکە ئیحتیمالا ڤێ گاڤێ ئەڤ ناڤ ئینانە گەلەکێ دیتر مەژ بیر کری وەکی گەف لێ کرن، بێبەش کرن ژ میراسی، ئیجبار کردنا شول کردنا زارۆکا و ژنان، یان ئیجبار کردنا هەندەك ژن دەست کارێ خۆ بەردەتن، یەعنی گەلی حالەتی دی تریێت هەی کە ئاماژە پێ نەهاتینە دانان، ئەڤە دێ بۆ مەحکەمێ موشکیلە چێکەت، بەس ئەگەر تەعاریفێت تێ بێنە کرن، دێیا کامل و شامل بیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان سەرهنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەمدا رایەك هەیە، باسی جۆرەکانی توند و تیژی کردیە، ئەو چەند نموونەکی هێناوە، بە رەئی من ئەو بەشی یەکەم ببێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، چونکە ئەساسی پرۆژەکەیە کە جۆری توند و تیژی تێدایە، بەڵام توند و تیژیەکە من داوا دەکەم زیاتر روون بکرێتەوە، ئەویش توند و تیژی کە سێ جۆری توند وتیژی جەستەیی هەیە و هەروەها دەروونیە و هەروەها ئابووریە، جەستەییش چەند نموونەیەك هێنراوە لە پرۆژەکە، خۆی، بەڵام من داوا دەکەم زیاتر روونکردنەوەی تێدا بی، بۆ ئەوەی ناسراو بێ لە لای خەڵك ئەو توند و تیژیانە چین، بۆ نموونە مەسەلەن ئەوەی لێدانی تێدایە، ئازاردانی تێدایە، بە زۆر لێکردنی و ناڕەزایی ئەو ژنە بۆ سێکس لەگەڵی، بەڵام لە ئەوەی دەروونی، توند و تیژی دەروونیش هەڕەشە کردنی تێدایە، هەڕەشە کردنیش پێویستە روون بکرێتەوە، هەڕەشە کردنی کوشتن هەیە، هەڕەشە کردن هەیە، جارێ وا هەیە وا دەکات منداڵەکانی لێ بستێنی، دەڵێت ئەگەر قسە بکەیت منداڵەکانت لێ دەستێنم، منداڵەکان شتێکیان لێ دەکەم، هەروەها توند وتیژی دەروونی ئەوەشی تێدایە

جیاوازی بەینی کوڕو کچ، ئیهانە کردنە، تف کردنە، جنێودانە، زۆر نموونەی تریشمان هەیە بۆ توند وتیژی دەروونی، ئەویش ئەوەیە ئەگەر چاودێری دابنێت لەسەر خێزانەکەی، ئەگەر دڵی پیس بێت، بەردەوام چاودێری لەسەر دابنێ، ئەوەش توند وتیژی حسابە، هەروەها ئەگەر هات و ئاگاداری ئەوە بکاتەوە کە بۆی نیە لەگەڵ ئەو کەسە بگەڕێ، بۆی نیە لەگەڵ ئەو هاوڕێیە بگەڕێت، ئەگەر بەردەوام زەختی لەسەر بکات، ئەوەش توند و تیژی حیسابە، ناڕەزایی ئەو کەسەیە، توند و تیژی داراییش هەیە کە ئەوەش پێویستە ئێمە بیزانین، ئەو زۆر جار لە کاتی توند و تیژی و گفتوگۆکردن ناگەنە نەتیجە، هەڵدەستێ هەموو کەل و پەلی ئەو کەسە کە خۆشی دەوێ لێی دەستێنێ، یان ڕێی لێ دەگرێ کار بکات، یان ئەو پارەی کە مەعاشی وەردەگرێ دەبێ بیدات بە پیاوەکە، ئەوەش توند و تیژیە، یانیش دەبێ بیدات بە ژنەکە، یانیش ناهێڵێ هەر کار بکات، هەندێ جار هەندێ وتە هەیە، قسە هەیە، ئەویش توند و تیژی حیسابە، بەڵام لە ڕۆژانە ڕوودەدات لە نێوان دوو کەس، دوو هاوسەر توند و تیژی دانانێن، جنێودان بۆ نموونە وشەی جنێودانیش دەبی بناسین، چ حاڵەتێك توند و تیژیە، ئەگەر ببورن بە خێزانەکەی بڵێت (بێ ئەخلاق) و بەردەوام جنێوی پیسی پێ بدات، ئەوە توند و تیژیە، یان پێی بڵێ گێل، یان درۆزن، یان وشەی لەوە ناشرینتر هەیە، بە خزم و کەسەکانی جنێو بدات، بەو هاوڕێیانەی کە خۆشی دەوێ جنێو بدات، ئەوانە هەمووی توند و تیژینە، بە رەئی من.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان، ئەمانە لە مەحکەمە، مەحکەمە قەرار ئەدات، ئەو تەفصیلە لەنا قانون نانووسرێ.

**بەڕێز بێریڤان سەرهنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

توند و تیژیەکە چیە؟، چونکە زۆر کەس ئەوەی بە توند و تیژی دانانێت، تەنها لێدان بە توند و تیژی دادەنێت، بە نیسبەت بەشی دووەم، من داواکارم بەشی دووەم کە نووسراوە زەرەمەند لە توند و تیژی خێزانی، مافی ئەوەی هەیە، ئەوە بکرێتە بەشی سێیەم، چونکە هێشتا توند و تیژی نەکرایە دەڵێ زەرەمەند ئەوەیە، دەبی پێشتر داواکاری پێشکەش بکەی، بۆیە ژمارە سێ ببێتە ژمارە دوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز گوڵێزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو، لەگەڵ رای یەکەمم، لەگەڵ ڕای دووەمدا نیم کە چەند جۆرێکی توند و تیژی ڕیز کردووە، چونکە کارە تاوانکارییەکان ناکرێ بە نموونە و بە تایبەت باس بکرێن، بەڵکو بە شێوەی حەصری دەبێت، جگە لەوە، زۆربەی ئەوخاڵانەی کە لەو رەئیەدا هاتووە، وەکو ژن بە ژن و نەهێشتنی شووکردن، ئەمانە هەموویان چارەسەر کراون بە تایبەت لە یاسای سزادانی عیراقی، من لەگەڵ ئەوەشدا

نیمە بەڕاستی لەسەر تفێك ژنێك بچێت شكات لە پیاوەكەی خۆی بكات، لە هاوسەرەكەی خۆی بكات، چونكە لە ئەنجامدا لەیەك جیا دەبنەوە و منداڵەكان دەبنە زەحیە و ژنەكەش زەرەر دەكات، كاتێ وامان كرد، ڕێژەی تەڵاق زۆر دەبێ، تا ئێستا ڕێژەی تەلاق، كێ زامنی ژیانی ئەو ژنانەیە كە تاوەكو ئێستا تەڵاق دراون؟، من لەگەڵ ئەوەدا نیم كە جنێوێكی بەسیت كە نزیكە بۆ خۆیان ئاشت ببنەوە، بۆچی بچنە مەحكەمە؟، یان تفێكی بەسیت، دوایی خۆیان، شتەكە خەراپە، بەڵام خەراپتری ئەوەی لێ بكەوێتەوە كە كابرا ژنەكەی تەڵاق بدات و منداڵەكانی سەرگەردان ببن، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام كە وشەی جنێودانیش لە ڕەئی دووەمدا، لابچێ، چونكە بەراستی لە ئەنجامی ئەو كارانە هەر ئافرەت دەبێت بە زەحیە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم، ئەوەی كە خاڵی یەكەم و خاڵی دووەم ئەبێ تەكمیلەی یەك بن، ئەگینا دوو خاڵی جیا نین، ئەگەر تەكمیلە نەبێت، ئەو خاڵەی دووەم، جوملەكە نوقسان ئەبێ، ئەبێ دوای: من صور العنف الاسری، یەكسەر بڵێ: و خاصە تلك التی، ئەگینا ئەبێ دەمج بكرێ، ئەگەر ئەوەی دووەم كرا، نابێ، ئەگینا جوملەكە نوقسان ئەبێ، ئەوە یەك: دوو: لەگەڵ ئەوەم كە، تەبعەن هەردووكیان دەمج بكرێ، و علی سبیل المثال بێ لا الحصر، ئینجا بۆ ئەوەش كە ئەنواعی دیكە زۆرە عونفی ئوسەری، لە ئاخیری جوملەكە دوای بالاكراە الی اخرە، یەكی تری بخرێتە سەر بۆ ئەوەی هەموو ئەو عونفانە بگرێتەوە، ئەوانەی تر، لە خاڵی دووەمدا، كە باسی: یحق للمتضرر من العنف الاسري ان یحصل علی اجراءات و ضمانات لحمایتە من العنف، تەبعەن (الاسری) بۆ زیاد بكرێ لەوێ، چونكە داواكارم لە هەر شوێنێكی ئەم ماددەیە لە عونف هاتووە، الاسری بۆ زیاد بكرێ، جەماعەتی قانونی، چونكە ئێمە موستەلەحەكە هەر عونفی ئوسەریمان پێناسە كردووە، هەمووی بۆ زیاد بكرێ، هەر بە نیسبەت خاڵی دوو، المتضرر، كە ئەو كەسەی موتەزەریر بووە، ئەبێ بنووسین ئیجرائاتێك بۆ ڕەدی حقوقەكەی و ئیجرائاتێكیش بەحەقی ضارەكە، بەحەقی مورتەكبی جەریمەكە، چونكە تۆ زەمانەتی دەكەی و حیمایەتی دەكەی كە لە موستەقبەلدا ڕوو نەدات، ئەوە باشە، بەس خۆ زەرەمەند بووە، ئیجرائاتێك بەرامبەر ئەو كەسەی كە زەرەرەكەی كردووە ئەبێ بنووسرێ لەوێدا زیاد بكرێ و جەماعەتی قانون بۆی زیاد بكەن، خاڵێكی تر بە نیسبەت چوارەمەوە، من پێم وایە ئەم نەصە نەصێكی كافی و شافیە، ئەگەر ئەوە بگرینە بەر، ڕاستە ئێمە ئەگەر بە ئیعلامی بێ، بە تەوعیە بێ، بە هەموو شێوازێك عونفی بەشەری بەرامبەر بە پیاو، بە ژن، بە منداڵ، كوڕ بۆ كوڕ، كچ بۆ كچ، هەمووی ڕوودەدات، بەس ئەگەر ئێمە بڵێین معاون توبیەك، یان دكتۆرێك، یان كەسێك لە تەربیە زانی عونفێكی ئوسەری ڕوو ئەدات و خەبەر ئەدات، جارێ ئەوە جەماعەتی قانونی ئەزانن تا مودەعی نەبێت ئەوە جەریمە تەحریك ناكرێ، ئەبێ مودەعییەك هەبێ ئینجا تەحریك ئەكرێ، ئیخباریش، ئەمە

قەزیـەکی ئیسـتیخباراتی و ئـەمنی و ئاسایشـی نیـە تـۆ هـەوالگری بکـەی، دواتـریش ئەگـەر ئەمـە بکـەی، مەحکەمـە وەرینـاگریّ، بـە خەبـەریّکی شەخصـیّکی تـر، دەعواکـە وەرنـاگریّ، ئـەبیّ خـۆی موتەزەریرەکـە دەعواکـە قەیـد بکـات، دیسـان کێشـەی کۆمەڵایەتیشـی لـیّ روو ئـەدات، راسـتە ئێمـە بـە هـەموو شـێوازێك هەوڵبدەین ریّگە بگرین لە عونفی ئوسەری بەراستی، هەر شێوازێك بۆمـان بکریّ، بـەڵام ئـەو شـێوازەی کـە ئیخبار و ئیخبارکاری بێت، من پێم وایە ئەو کەسەی کە خۆی موتەزەریرە خۆی دەعواکە قەیـد بکـات، لـە خاڵی پێنجەمیشدا ئەبیّ، ئەڵیّ: سریە، کەواتە، مـادام سـریە، ئـەو ئیخبـارە جیّگـای بوویتـەوە لـە قانونەکـە، بۆیە پێویست ناکات کەسێکی تر ئیخبار بکات و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عمر عبدالعزیز.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسـبەت مـاددەی دوو، مـن وا ئـەزانم خۆمـان ئەخەینـە مەتاهاتێکـەوە کـە لێـی دەرناچـین، هێنانـەوەی نموونەی زۆر، من ئەوەتان بۆ عەرز دەکەم کە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، بەداخەوە زۆر لەم نموونانە زیـاتر هەن کە لەناو میسالەکاندا باس نەکراون، چونکە هەوڵ دراوە، ئەوەی هاتووە بـەجیّهێنان نووسـراوە، چـەند نموونەیەکتان عـەرز دەکـەم، یـەعنی مـن سـەرەتا ئەمـەویّ رەئیەکـەی خـۆم بڵـیم، پاشـان نموونـەکان عـەرز دەکەم، ئێمە کـاری مەحکەمـە و قـازی و لێکۆڵینـەوە، بەشـی ئـەوە بهێڵینـەوە، قـانونی عقوبـاتی عیراقیمـان هەیە ماددەی 111 هەموو ئەم شتانە، ئەبیّ قانون شتێك دەربکات ئیزافەیـەك بـیّ، ثغـرەیـەك، فجوەیـەکی قانونی چارەسەر بکەین، ئەگەر بێین لێرە هەر چی نموونەیە باسی بکەین، ئەبیّ رێیەکی تـر بگرینـە بـەر، ئەگەر ئەمانەویّ فیعلەن یاسا دەربکەین، نەمازیجی عونفی ئوسەری ئێمە دیاری بکـەین، یـەعنی مـن نـاڵێم، نابیّ حەصریش بیّ، نابیّ بۆ نموونەش بیّ، ئەبیّ حەصر بیّ، بڵێین ئەمە عونفی ئوسەریە، ئەگەر بمانـەویّ فیعلەن چارەسەری عونفی ئوسەری بکەین، ئەبی بڵێین لە ماددەیەکی سەربەخۆ ئەمانە عـونفی ئوسـەرین، ئەمـە 1، 2، 3، 4 بـۆ ئـەوەی فیعلـەن بنبڕیـان بکـەین، یـان خۆمـان ئەخەینـە مەتاهاتێکـەوە، مـن 3،4 نموونەتان عەرز دەکەم، لە قورئانی پیرۆز و شەریعەتی ئیسلامیدا باس کراون، و لە کۆمەڵگەی کـوردەواری و زۆربـەی کۆمەڵگـە شـەرقیەکانەوە، بەداخـەوە رۆژانـە دووبـارە ئەبنـەوە، قورئـان باسـی نشـوزی کـردووە، بەداخەوە نازانم لێژنەی یاسایی چۆن لە بیری چووە؟، نشـوز کـە لـە زۆربـەی تێکسـتە یاساییەکاندا هەیـە، ئاماژەی پیّ نەکراوە، عزل باس کراوە کە راگرتنی ژنـی موتەلەقـەی، ئـەوەی تـەلاقی رەجعیـە، ئامـاژەی پـیّ نەکراوە، باسی زیهار کراوە کە رۆژانە لە کوردستاندا هەیە، ئەوەی کە لە کوردەواری خۆشماندا وەکو دایکـم بیّ، وەکو خوشکم بیّ، بەڵیّ منیش ئەوە ئەڵێم، ئەڵێم هەیە لە یاسا، باسـی زیهـار نـەکراوە، باسـی ئیکراهـی تەلاق نەکراوە، وەکو زەواجی ئیکـراه، تـەلاقی ئیکراهیشـمان هەیـە، کچـی دامـاو بـە زۆر ئەسـندنەوە، حاشـا پێکردن هەیە، خۆمان ئەم نموونانە ئەزانین، زەواجی تەحلیل لێرە هیچ ئاماژەی پیّ نەکراوە، ئەویش هـەر

ژن زەحیەیە بە دەرەجە یەكدا، لەبەر ئەوەی بەڕێزان تكایە خاڵی یەكەم كافیە، با خۆمان نەخەینە مەتاهاتێكەوە و لێ دەرناچین، ئەمە پێشنیاری یەكەممە، یان ئەبێ بەراستی، بە جورئەتەوە بڵێین، نموونەكانی عونفی ئوسەری لە كوردستاندا حەصرەن دیاری بكەین، بۆ ئەوەی خزمەت بكەین بە ژنان و بە كچانی كوردستان، ئەگینا رەخنەی زۆرمان دێتە سەر، ئێستا رێكخراوەكانی ژنان بێ، رێكخراوەكانی مافی مرۆڤ بێ، خۆمان بین وەكو پەرلەمانتار، ئەوەتا كەوتووینە نموونە هێنانەوە، چونكە هەر چەندی بینینەوە نموونە، ئەوە من سێ، چوارێكم هێنا، ئەوەی تر هەندێكی دێنێ، ئەوەی تر، 10ی تری ئیزافە بكات، لەبەر ئەوە من رەئیم وایە مەجال بهێڵینەوە بۆ قازی، بۆ مەحكەمە، بۆ تەحقیق، بۆ قانونی ژمارە 111 كە تا ئێستا موتەبەعە، زۆرێك لە دەقە یاسایەكانیتێ، چونكە ئەگەر وا بكەین بەڕێزان، ئێمە لەوانەیە تەئدیبێكی بەسیت كە لە یاسا جێی دەبێتەوە، باوكێك بە منالەكەی بڵی وا مەكە، لەوانەیە بیباتە بابی عونف، تۆ تا ئێوارە بڵی ئەمە عونفە و بە نموونە ئەیهێنێتەوە، مەحكەمە و قازی قسەی خۆی ئەكات، دەقی یاسایی لەبەر دەستدایە، تەحقیق ئەكات، وا بە ئاسانی ناتوانین، لەوانەیە هەموو ئەو نموونانە كە ئەبنە تەئدیب، كابرا بە خەیاڵی خۆی، چ ژن ببێتە زەحیە، چ منداڵ بێ، تەنانەت مێرد بێ، شەرت نیە ئێمە هەر لێرە باسی منداڵ و ئافرەت بكەین، خۆی بە عونف لە قەڵەمی ئەدات، بەڵام كە چووە مەحكەمە بڵێن ئەوە تەئدیبە و وتوویەتی دانیشە و مەرۆوە دەروە و وتوویەتی وا بكە، ئەوە كەی ئەچێتە بابی عونف؟، لەبەر ئەوە ئێمە ئەگەر میسال بینینەوە ناتوانین دەربچین لەمە، بەس ئەگەر كردمان بە حەصر، قانونەن ئەو وەختە قازیش مولزەم ئەكەین، ئەڵێ بەڵێ ئەمە عونفە و ئەبێ تۆ بە عونف دایبنێی، چونكە عونفەكە لە كوردستان، تەواو قانونمان بۆ دەركردووە، ئەگینا ئەوەتا هەر لەناو پەرلەماندا خۆمان دوو رەئیمان هەیە لەسەر هێنانەوەی نموونەكان، ئەوە مولاحەزەی یەكەمم، مولاحەزەی دووەمم، پێشنیار دەكەم بۆ لێژنەی یاسایی كە ئەو (يحق للمتضرر) تۆزێك توند و تۆڵ بكەینەوە، كەنەما تۆزێك مەجالێكمان داوەتێ موتەزەریر تۆزێك دەنگ هەڵبڕێ، پێشنیار دەكەم بەم شێوەی لێ بكرێ، یەعنی بیكەینە حەصیلە، چونكە ئێمە باسی ئەوەی دەكەین عونف لەناوبەرین، عونفی ئوسەری لەناو بەرین، بڵێین: يحصل المتضرر، كانما تحصيل حاصله، قانونیش پشتگیری لێ ئەكات، ئێمەش پشتگیری لێ ئەكەین، نەڵێین: يحق للمتضرر، يحصل المتضرر من العنف الاسري، على اجراءات و ضمانات لحمايته، صیاغەكە بەو شێوەی لێ بكرێ، ئەوە دوو، سێ پێشنیاری ترم هەبوو، یان مولاحەزەی تر بەڕێزان باسیان كرد با كاتت نەگرم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز د.أحمد وەرتێ، فەرموو.

**بەڕێز د.أحمد إبراهيم وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم منیش لەگەڵ ڕەئی یەكەمم، كە لێرە تاوانەكان ئەوانەی كە بە عونفی ئوسەری دادەنرێن بە نموونە نەهێندرێتەوە، چونكە ئەو كارانەی كە بە كاری تاوانكاری یان ئیجرامی دادەنرێن لە

قانون دا، نابێ بە شێوەی میسال، (على سبيل المثال) باس بکرێن، بەڵکو دەبێ (على سبيل الحصر) بن، چونکە ئەوە پێچەوانەی ئەو قاعیدە قانونیەیە کە دەڵێ (لاجريمة و لاعقوبة إلا بنص)، ئەگەر یەکێك لەو تاوانانەی کە بە عونفی ئوسەری لە واقیع دا حیسابە، بەڵام لێرە لە قانونەکەدا نەبێت، لە دادگاکان دا ناتوانرێ ئیستینادی بکرێتە سەر، لەبەر ئەوەی بە نەص نەهاتووە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو کارانەی کەوا بە عونفی ئوسەری دادەنرێن و بە توندوتیژی خێزانی حیساب دەکرێن، پێویستە بە شێوەی حەصر باس بکرێن نەك بە شێوەی میسال، کە دیارە لێرەش ناتوانین هەموو ئەو تاوانانەی کە بە عونفی ئوسەری دادەنرێن لێرە کۆیان بکەینەوە، هەموو ئەو کردەوانەش، ئەو کارانەی کە لەو فەقەرانەدا هاتوونە بە توندوتیژی حیسابن، لە قانونی عقوباتی عیراقی ژمارە (111)ی ساڵی (1969) موعالەجە کراون، بۆ نموونە (إكراه) لە زەواج، بە زۆر بە شوودان، یام مارەکردنی منداڵی بچووك، بە پێی ماددەی (6) فەقەرەی (1) و (2) لە قانونی باری کەسی عیراقی ژمارە (188)ی ساڵی (1959) چارەسەر کراوە کە بە یاسای ژمارە (10)ی ساڵی (2008) هەموار کراوە، ئیهانە کردن و جنێودان و سووکایەتی پێ کردن لە قانونی عقوبات دا هاتووە لە ماددەکانی (433)، (434)، (435) ئەوە لەوێ موعالەجە کراوە، مەسەلەی لێدانی خێزان و منداڵ بە ماددەی (41) لە یاسای سزادانی عیراقی ڕێکخراوە بە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی (2007) لەلایەن پەرلەمانی کوردستان هەموارکراوە، تەهمیش کردن، فەرامۆش کردن، ئەوە بەڕاستی وشەیەکی مەتاتیە، ڕستەیەکی مەتاتیە، فەرامۆش کردنی چی؟ یەعنی لە چی ڕوویەکەوە فەرامۆش کراوە؟ مومارەسەی جنس بە (إكراه)، ئەوە هەندێکی پەیوەندی بە لە ڕووی شەرعەوە، قانونەوە حەقی داوە بە پیاوەکە، لە هەندێ حاڵەتی دیکە دا بۆ پیاوەکەش جائیز نیە لەو حاڵەتانە داوای سەرجێی هەتا لە خێزانەکەی بکات، لەبەر ئەوە ئەوانە بە تەفصیل هەم لە شەرع، هەم لە قانون دا باس کراوە، لێرە من پێموایە زیاتر مەسەلەی توندوتیژی لەلایەن پیاوە بەرامبەر ئافرەت زیاتر لەبەرچاو گیراوە، وەکو لەو دەقانەدا وا دەردەکەوێ، لە کاتێك دا ناوی یاساکە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی یە، واتا هەر توندوتیژیەك بەرامبەر هەر تاکێ لە تاکەکانی خێزان بکرێت، دەبێ ئەو یاسایە موعالەجەی کردبێت، ئەی چی دەکەین ئەگەر هاتو کڕین و فرۆشتن بە یەکێك لە ئەفرادی خێزان کرا؟ بۆ نموونە کڕین و فرۆشتن بە منداڵ کرا، ئەوە توندوتیژی یە، ئەگەر هاتو بۆ نموونە بە زۆر کاری بە منداڵ کرد، بە زۆر لەش فرۆشی بە یەکێك لە ئەفرادی خێزان کرا، یان بە زۆری سواڵی پێ کرا، ئەوانە هەمووی توندوتیژی یە، ئەوانە تۆ دەبێ ڕەچاو بکەی، ئەوانەی کە مامۆستا عمر ئاماژەی پێ دا (نشوز)، بە زۆر تەلاق دان، ئەوانە هەمووی لەبەر ئەوە ناکرێ هەموو ئەو نموونانە لێرە حەصر بکەین لەو فەقەرەدا بیهێنینەوە، ناتوانین هەمووی حەصر بکەین، باشتر ئەوەیە کە لێرە باسیان نەکەین، تەنها ئیکتیفا بکەین بە فەقەرەی یەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، توندوتیژی پەیوەندی بە باری کۆمەڵایەتی یەوە هەیە، پەیوەندی بە مەسەلەی دادوەری یەوە هەیە، پەیوەندی بە پۆلیسەوە هەیە، پەیوەندی بە هۆشیاری کۆمەڵگاوە هەیە، پێویستە ئێمە گۆڕانکاری لە واقیعی کۆمەڵگای خۆمان دا دروست بکەین، کواڵتی پۆلیس

پێویستە بەرز بکرێتەوە، بە دواداچوونی خێرا لە کاتی خۆی دا بکرێت، ئەوانە زیاتر موعالەجەی ئەو مەسائیلانە دەکەن، نابێ ئێمە یاسایەك دابنێین کە لە جیاتی چارەسەر کردنی، شیرازەی خێزانی کۆمەڵگەی خۆمان تێك بدەین، دەبێ زۆر وریابین لەو ڕووەوە، مافێکی زیادە نەدەین بە لایەك لەسەر حیسابی لایەکەی دیکە، پەرلەمان کە یاسایەك دەردەکات دەبێ یاساکە جێبەجێ بکرێ، ئەگەر یاساکە جێبەجێ نەکرێ هیچ سوودێکی نیە، ئێمە ماوەیەك لەمەوپێش لیژنەی یاسایی کۆنفرانسێکی سازدا بۆ دادوەران و حاکمەکان و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی یەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی لە پارێزگاکانی هەرێم هەولێر و سلێمانی و دهۆك، بەڕاستی ئێمە کەم سوودمان لە ڕاو بۆچوون و تەوصیاتی ئەو بەڕێزانە وەرگرت کە ئەوان لە ناو واقیعی مەسەلەکان دان، ئەوانەی کە بەتایبەت بەڕێوەبەرایەتی یەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی لە پارێزگاکان، ئەوانەی کە بۆ ئێمەیان باس کرد کە ئەوان بە شێوەی مەیدانی لە ناو مەسەلەکان دانە، تەنانەت ئەوان لەگەڵ دەرچوونی یاسایەکیش نەبوون تا دەستووری هەرێمی کوردستان پەسند دەکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە یاساکە دەردەچێ، دەبێ ئێمە بەڕاستی ڕەچاوی ئەو مەسائیلانە بکەین، دەبێ ڕاوبۆچوونی ئەوان کە بە شێوەی مەیدانی تەعامول دەکەن، مامەڵە دەکەن لەگەڵ مەسەلەکان دا لەبەرچاو بگرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز ئارام قادر ، فەرموو.

**بەڕێز أیوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕای دووەمدام، بەڵام دەبێ دێری یەکەمیشی لەسەر بێ، چونکە ئەو وەختە لەنگ دەردەچێ وەکو هەندێ لە هاوکارانم باسیان کرد، بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵە نمونە بهێنرێتەوە، بەڵام نموونەیەکی تریش پێشنیار دەکەم کە بخرێتە سەری، مەسەلەی هۆکار بۆ خۆسووتاندنی ئافرەتان کە بۆتە دیاردە، بە تایبەتی لە ناو کوردستان، جەختی لەسەر بکرێتەوە لە ناو یاساکەدا، بۆ ئەوەی خۆشمان ڕزگار بکەین لەوەی کە کۆمەڵێك توندوتیژی تر هەن لەوانەیە سەر هەڵبدات، پێشنیار دەکەم ئەو دێرەی بخرێتە سەر فەقەرەکە، هەروەها ئەو توندوتیژیانەی کە سەر هەڵدەدات و لە تایبەتمەندی دادگای تایبەتمەند نین، کە ڕووبەڕووی تاکەکانی خێزان دەبنەوە، بە توندوتیژی خێزان دادەنرێت، کۆمەڵێ توندوتیژی هەیە کە لەوانەیە لە قانونەکانی تر دا نەبێت، بۆ نموونە لەسەر بیروڕای جیاواز کە زۆر دەکرێ لە ئافرەتێك کە بێتە سەر بیروڕای سیاسی مێردەکەی، کە ئەوەی تێدا نی یە و ڕوویشی داوە لە ناو خێزانەکانی کوردستان دا، هەروەها پێشنیارێکی تریشم هەیە زیاد بکرێ وەکو فەقەرەیەك لە یاساکەدا، بۆ ئەوەی تەواو بێ، چونکە ئەو یاسایە باس لە چارەسەرکردنی کێشەیەك دەکەین کە بریتی یە لە توندو تیژی ئەندامانی خێزان، کاتێکیش یاساکە تەواو دەبێ بەڕاستی کە تەدابیری ویقائی هەبێت، عقوبات و تەدابیری ئیحتیرازی، عقوباتی تێدا دەستنیشان کراوە لەم یاسایە، هەندێ تەدابیری ئیحتیرازیش، بەڵام تەدابیری ویقائی دەستنیشان نەکراوە،

پێشنیار دەکەم کە فەقەرەیەك زیاد بکرێ (لەسەر وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پێویستە کە بە کۆمەڵێك ڕێکاری یاسایی هەوڵ بدات بۆ کەم کردنەوە و تەشەنەنەکردنی توندوتیژی خێزانی کە بە پێی بڕگەی (5) و (18)ی یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) ئەویش ئەرکی خۆیەتی بکرێتە فەقەرەیەك بۆ ئەوەی یاساکەمان تەواو بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز هاژە سلیمان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی دووەم یەکەم، من لەگەڵ ڕای دووەمم چونکە بەڕاستی ئەو توندوتیژیانەی کە لە ناو کۆمەڵگای ئێمە دەکرێ، زۆربەی بووە بە نەریت و کەلتووری باو لە ناو کۆمەڵگای ئێمەدا، زۆر لە خەڵکانی ئێمە پێیان شتێکی ئاسایی یە ئەگەر ئەو توندوتیژیانە بکرێ، بۆیە بەڕاستی من پێشنیار دەکەم کە بەو شێوەیە توندوتیژیەکان ڕیزبەندیان بۆ بکرێت،

تعتبر الأفعال التالية على سبيل المثال لا الحصر عنفاً أسرياً:

1-إكراه المرأة على الزواج، تزويج الصغيرة، عقد قران الإناث الرضع، زواج الشغار، تزويج المرأة بدلاً عن الدية.

2-الإهانة و السب و شتم الأهل و إبداء النظرة الدونية تجاهها و إيذائها و تهديدها و ممارسة الضغط النفسي عليها و إنتهاك حقوقها و المعاشرة الزوجية دون رضاها.

3-ضرب الزوجة و الأطفال بحجة التأديب.

4-ختان الإناث.

بەڕاستی مەسەلەی خەتەنە کردن، ئێمە لە ماددەی پێنجەم دا سزای بۆ دانراوە، بەڵام لێرە بە هیچ شێوەیەك ناوی نەهاتووە، بۆیە زۆر پێویست دەکات کە مەسەلەی خەتەنە لێرە ناوی بهێندرێ، دەربارەی ئەوەی کە ئەو کەسانەی کە حەقیان هەیە کە شەکوا تەسجیل بکەن، بەڕاستی من پێشنیار دەکەم کە ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ (على العاملين في مجال الصحة و التربية و المراكز الرسمية لتقديم المساعدة لضحايا العنف الأسري إبلاغ الإدعاء العام عن حالات العنف الأسري)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز ئەڤین عمر، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەو یاسایە ڕۆحی یاسا و سەنگی یاساکە ئا لەم ماددەیەدا خۆی دەگرێتەوە، چونکە ئێمە باسی عونفێك دەکەین کە عونفی ئوسەریە، خۆ ئەگەر بێت و ئێمەش کۆی بکەینەوە هەموو یاساکە، دەبێ لەم ماددەیە شی بکەینەوە کە عونفی ئوسەری چی یە؟ تاوەکو ئێمە عیقابی بۆ دانێین، یاخود مەحکەمەیەکی

بۆ دانێین کە کار بکات لەسەر ئەوانە، بۆیە بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە بەم شێوەیەی کە هاتووە لەو ماددەیە، چونکە بەو شێوەیە زۆر لاوازی دەکاتەوە، بۆیە ئەگەر بکرێت ئێمە سەرەتا ماددەی دووەم بۆ ئەوە دانێین کە تەنها و تەنها باسی عونفەکان بکەین، جۆری عونفەکان بکەین تاکو بزانین چ شتێك لە ناو ئێمەدا، لە کۆمەڵگای ئێمەدا عونفە و ئێمە بە جەریمەی دانێین و کاری لەسەر بکەین، بۆیە بەڕاستی ئەگەر بکرێت و ئەو ماددەی بە تایبەتی دانرێ بۆ ئەوەی کە شێوازەکانی عونفەکان، تەصنیف کردنی دانرێ، هەروەها ئەو شێوازانەی یاخود ئەو عونفانەی کە لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا ئێستا باوە، ئێستا ڕوو دەدا، چونکە بەڕاستی بۆ میسال ئەو نەوعە عونفانە کە دانراوە، بەڕاستی ئەو عونفانە ئێستا ئەگەر بێت و شی بکەینەوە، 5٪ کۆمەڵگا ئێمە دەگرێتەوە، هیچ ئێستا خەڵکی ژن بە ژن ناکات، بەڕاستی زۆر کەمە ئەو دیاردەیە، یاخود شیغار و زەواجی شیغار ئەوانە زۆر کەم بۆتەوە، لەبەر ئەوە کۆمەڵگای ئێمە خۆی لە مەرحەلەیەکی ئینتیقالی دایە، ئێستا ئەو نەوعە شێوازانە، ئەو عونفانە ڕاستە هەبووە، لەوەیە موخەلەفاتی مابێ لە ناو کۆمەڵگای ئێمەدا، بەڵام خۆی لەگەڵ مروردا، لەگەڵ ئینتیقالی کۆمەڵایەتی ئێمەدا خۆی کەم بۆتەوە، نەك لەبەر ئەوەی خاتری منە کە ژن بە ژن ناکات لەگەڵ من، برای من لەبەر خاتری خۆیەتی، خۆی ئیمانی بەوە نیە کەوا ژن بە ژن بکات، بۆیە ئێستا ئەو جۆرانەی کە بە میسال هاتۆتەوە زۆر کەمە، نابێ بکرێ بە میسال و ئێمە لەسەر ئەوە ئیقتیداء بکەین، بڵێین ئەوە عونفی ئوسەری یە، بەڵکە ئەگەر بێت و ئێمە ئێستا ئەو عونفانەی کە ئێستا وجودی هەیە لەگەڵ کۆمەڵگا، لەگەڵ مروری زەمەن دا وەکو دەڵێ لەگەڵ تەقەدومی موجتەمەعی ئێمە دا کە بۆتە کێشە بۆ ئێمە بێت ئەوانە بێنینەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو یاسایە، یاخود ئەو ماددەیە حەصر بکرێ، جۆرەکانی عونفی ئوسەری دیاری بکرێ، وەکو بەڕێز کاك عمر عبدالعزیز باسی کرد، ئێمە بە (حصراً) بیهێنینەوە لەم یاسایە، تاوەکو ئێمە بۆ مەحکەمە یاخود بۆ قازی نەهێڵینەوە بە کەیفی خۆی، بە مەزاجی خۆی، بە بیروبۆچوونی ئەو، بە ئایدیۆلۆجیای ئەو، یاخود بە موعتەقەداتی ئەو ئیجتیهادات بکات بە عونف، ئەوی تر بە عونف حیساب نەکات، بۆیە بە ڕەئی من ئەو ماددەیە حەصرن دیاری بکرێ عونفەکان چی یە؟ بە چ شێوازێکە؟ تەنانەت حەصر نەکرێ بۆ ئافرەت، چونکە ئێمە دەڵێین عونفی ئوسەری، دەزانین بەشێکی زۆر لە ئوسرەدا مناڵە، زەعیفترین عزووە لە ناو ئوسرەدا، زەعیفترین ئەندامی ئوسرەیە، دەبێ ئێمە لە بیری نەکەین، بۆیە میسالەکانمان بگۆڕین، یاخود تەعمیمی بکەین بە ئەمسیلەی تر وەکو ئیتیجار کردن بە مناڵ و ژنەوە، هەروەها ئیجبار کردنی مناڵ و ژن بۆ کارکردن، ئێمە ڕۆژانە سەدان مناڵ دەبینین لەسەر شەقامەکان دا کلینیکس و ئاو و بنیشت و ئەو شتانە لەسەر جاددەکان دا دەفرۆشێ، ئەوە هەمووی عونفە بەرامبەر ئەو مناڵە دەکرێ، یاخود حیرمان کردنی مناڵ و کچ لە خوێندن، ئەوانە هەمووی عونفن، ئەو جۆرە عونفانە ئێستان، عەصرین هیچ وەکو ئەوە نیە کە ژن بە ژن و نازانم شیغار و ئەو شتانە، هەروەها خیانەتی زەوجی، خیانەتی زەوجی کێشەیەکە، دەبێ ئێمە باسی ئەو میسالانە بکەین هەمووی بە (حصراً) بێنینەوە، دیاری بکەین لە ناو ئەو ماددەیە کەوا ئەوانە فیعلەن دەردی ئەو کۆمەڵگای ئێمەیە، دەبێ دیاری

بکەین و چارەسەری بۆ دانێین، بۆیە بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدا نیم بەو میسالانە و بەو شێوازە لاوازە کە هاتووە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە تێپەڕێت، ئەگەر هاتو دەنگی نەهێنا و لە دەنگدان دا دەرنەچوو، جیا نەکرایەوە، نەکرا بە ماددەیەکی تایبەتی، من لەگەڵ ئەوەشم خاڵێکی تری بۆ ئیزافە بکەین کە ئیخبار کردن، یان ئیبلاغ کردن، خەڵکێ هەبێ، بۆی هەبێ کەوا من حاڵەتێك دەبینم، دراوسێکەمە، یاخود خەڵکێکی نزیکی خۆم دەبینم تەعەدا لە منالەکەی دەکات، زیرەی منالەکە بۆ لای من دێ، یاخود دەیبینم لە شوێنێکی تردا منالەکەی زۆر زۆر دەچەوسێنێتەوە، یاخود ژنەکەی دەچەوسێنێتەوە، بەلام بۆم نەبێ هیچ ڕێکارێ بگرمە بەر، نەخێر ئێمە با دەستی خەڵکیش بکەینەوە کە خەڵکی تر بتوانن دیفاع بکەن لە خەڵکانێك کە زوڵمیان لێ دەکرێ، شەرت نی یە، من غەدرم لێ بکرێ لەبەرە ئەوەی نامەوێ شیرازەی خێزانەکەم تێك چێ، بۆیە من ناچم ئیبلاغ بکەم و دەعوا ڕەفع بکەم، بەلام خەڵکانێکی تر هەبن لە خاریجی ئوسرە بۆیان هەبێ، دەستیان والا بێ کە بتوانن ئیبلاغ و ئیخبار بکەن، بتوانن دادگا و جێگای تایبەتی ئیبلاغ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاسۆس خان فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کار و کاروباری کۆمەلایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕام وایە ئەو نمونانەی کە هاتوونەتەوە حەصر نەکرێ، لەبەر ئەوەی ئێمە شێوازی تری توندوتیژیمان هەیە لێرە دیاری نەکراوە، کەیسمان هەیە کە لەلایەن مێردەکەیەوە، یاخود براکەیەوە، یان باوکییەوە (إکراه) کراوە بۆ (بغاء)، ئەوە بەو شێوەیە تا ئێستا ئەوە لێرە دیاری نەکراوە، بەلام کەیسمان هەیە و ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەو کێشانە دەبینەوە، دوو/ (ختان الإناث) لێرە باس نەکراوە، توندوتیژی یە، بەلام داوای ئەوە دەکەم کە لەسەر سەبیلی حصر نەبێ، میسال بێ، ئێمە ڕۆژانە فەرمانبەر هەیە واز لە دەوامەکە دەهێنێ لەبەر ئەوەی مێردەکەی ئیکراهی دەکات، (إکراه الزوج للزوجە علی ترك العمل)، ئەوەش هەر توندوتیژی یە، نموونەی تریشمان زۆر زۆر هەیە، بۆیە داوای ئەوە دەکەین ئەوە لەسەر (علی سبیل الحصر) نەبێ (علی سبیل المثال) بێ، بۆ برگەی سێیەم (لا تحرك الدعوی إلا إذا کان العنف واقعاً)، نازانم لێرە چاوەڕێی ئەوە بکەین ئێمە ئەندامێکی خێزانەکە بکوژرێ، سەر ببڕێ، ئەو کاتە ئێمە بتوانین دەعوا ئیقامە بکەین، بۆیە ئێمە دەبێ باسی ئەوە بکەین عونفی ئوسەری بە هەموو ئەشکالی یەوە، چونکە ئەگەر ئێمە لە قۆناغی هەڕەشە کردن دا بتوانین فریای بکەوین کە هەڕەشەی لێکرا، بتوانین ڕێکاری یاسایی وەربگرین، لەوانەیە ئێمە بتوانین ئەو کەسە نەبێتە قوربانی کوشتن، یاخود لێدان، یان هەر (case)ێکی تر، چونکە زۆر (case)مان هەیە ئێمە لە دادگاکان بینیومانە، کە وتراوە، باسی ئەوەی کردووە، شکاتی کردووە هەڕەشەی لێ کراوە هیچمان بۆ نەکراوە، بۆتە قوربانی کوشتن، لە برگەی چوار (تحرك الدعوی في قضایا العنف الأسري من قبل المتضرر أو من یقوم مقامهم)، بە پێی ماددەی (3) لە ئصولی موحاکەماتی جەزائی

ئـەو ڕێکارانـەمان هەیـە، بـەڵام پێویسـتە لـەم یاسایە حـەق بدرێتـە ئـەو کەسانەی کە بۆیـان هـەبێت کـە توندوتیژییەکە ببینن ئیخباری بکەن، بۆ نموونە لە هەندێ وڵاتان هەیـە، بەشـی تـەواری، ئیمێرجنسـی لـە نەخۆشخانەکان ئـەو سـتافەی لـەوێ یـە فێرکـراون، دەوراتیـان وەرگرتـووە کـە توندوتیـژی ببیـنن ئیخبـاری لایەنی پەیوەندیدار بکەن، هەروەها حەقێك بدرێتە من بۆ نموونە کە دراوسێ یەکم توندوتیـژی بەرامبـەر بکرێت، ئەگەر بە پێی ئەو ماددەیە بێت ئـەو کەسـە خـۆی نـەتوانێت داوای ئـەوە بکات، باسـی ئـەوە بکات هەڕەشەی لێ کراوە، توندوتیژی بەرامبەری کراوە، باشە ئەگەر لەو حاڵەتانەی کـە ناتوانێـت ئیخبـار بکـات، لـە وڵاتـانی تـر ئـەوە هەیـە دراوسـێ بـۆی هەیـە ئیخبـاری لایـەنی پەیوەندیـدار بکـات کـەوا دراوسـێکەم توندوتیژی بەرامبەر دەکرێ، بەڵام ناشتوانێت ئیخباری سـوڵتات بکـات، یـاخود لایـەنی پەیوەندیـدار بکـات، واتا بۆمان هـەبێت ئێمـە لێـرە حـەق بدەینـە کەسانی تـریش کـە هەسـت بکـەن توندوتیـژی هەیـە، یـاخود ببینن بە بیستن، بە بینین، حەقی پێ بدرێ کە داوای ئیجرائاتی یاسایی بکات بەرامبـەر ئـەو کەسـەی کـە توندوتیژیەکە ئەنجام دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕاستی هەر توندوتیژییەك بوو لە ناو عائیلە مەحمی بێ، یەعنی ئـەوە نوقتەیەکـە، توندوتیـژی پێویسـتە عیقـابی یاسـایی هـەبێ، ئینجـا ئـەو کەسـە خـۆی دەچـێ شـکات دەکـات یـان ناچـێت، ڕەبتـە بـە کەسێکەوە، ئەگەر توند بێ، زۆر بێ، کەسێك زانی، دەنگی دەرچوو، دەچێت شـکات دەکـات، عیقـابی قـانونی هەیە، حاکمیش نەصی لەبەر دەستە، ئەگەر نا، ئەوە زۆر زۆر تەبیعی یـە، بـەڵام مـەحمی بکـەین بڵـێین لـە ناو ئوسرە هەندێ توندوتیژی ببێت قەیناکە، ئەوە خەتەرە، نابێت، یەعنی نابێت هـیچ توندوتیژییـەك لـە ناو هیچ ماڵێك هەبێ، بۆیە دەتوانن زۆر ئەوەی بکەن، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێشەکی من دەمەوێ ئـەوە ڕوون بکەمـەوە کـە ئـەم یاسایە تایبەتـە، یـەعنی ئێمە جارێکی تر نەیێین بڵێین وەڵلا لە ناو یاساکانی تردا چارەسەری ئەو بابەتانە کراوە، ئەگـەر هەیـە، لـە ناو یاساکانی تردا چارەسەری ئەو بابەتانە کراوە، ئەی بۆ توندوتیژی لە ناو کۆمـەڵگای ئێمـەدا ڕۆژ بـە ڕۆژ زیاد دەکات، نەك کەم بکاتەوە، کەواتە سوودمان وەرنەگرتووە لەو یاسایانە، بۆیە ئـەو یاسـایە تایبەتـەی بـۆ دەردەکەین، بۆیە من لێرە پشتگیری لە ڕای برادەرانم کـاك حەمـە سـعید، مامۆسـتا عمـر عبـدالعزیز و کـاك ئارام دەکەم، کە دەڵێن/ دەبێ ناوی بێت، توندوتیژییـەکان چـی یـە؟ هەنـدێ توندوتیـژیش هەیـە کـە نـاوی نەهاتووە لە ناو ئەوەدا نەك (علی سبیل المثال و لکن علی سـبیل الحصـر) بێـت، نـەك (علـی سـبیل المثـال)، دەبێ حەصـری بکەینـەوە، بڵـێین ئەوانـە توندوتیـژی یـە، ئەگـەر نـەڵێین ئەوانـە توندوتیژییـە بـە جێـی دەهێڵینەوە بۆ تەقدیری حاکم، تەقدیری حاکم دەڵێ ئەوە توندوتیژی نی یـە، بـە پێـی فلان عقوبـە و بـە پێی فلان یاسا مامەڵەی لەگەڵ دا بکات، لەبەر ئەوە من داواکارم لێرە لە ئەندامانی بـەڕێز، ئـەوە یاسـایەکی

تایبەتە، با ئێمە تایبەتمەندێتی خۆی بدەینێ، چونکە یەکەم جارە ئەو یاسایە لە هەرێمی کوردستان دا دردەچێ، بۆیە من پێم باشە یا ئەوەتا بە ماددەیەکی جیاواز بڵێی/ (تعتبر الأفعال التالية عنفاً أسرياً) یاخود کە هێنات لە سەرەتاوە باست کرد وتت/ توندوتیژی خێزانی یاخود هەر کەسێ کە پەیوەستی هەبێت، پەیوەندییەکی خێزانی ئەنجامدانی هەر جۆرە توندوتیژییەکی خێزانی لێ قەدەغە دەکرێت، بە تایبەتی ئەوانەی خوارەوە بێی هینی بکەی:

أ-(إكراه المرأة على الزواج) ، بە زۆر بە شوودان، شوودانی منالْ، (عقد قران)ی منالی سەر بێشکە، گەورە بە بچووك، لە بری خوێن ژن، (زواج الدية).

ب-ئیهانە، جنێودان، جنێودان بە کەس و کار، سەیر کردنی بە کەم، ئەوانە مومارەسەی زەغتی نەفسی، ئینتیهاکی مافەکانی، (معاشرة الزوجية دون رضاهما)، (دون رضاهما) هەردووکی بۆ هەردوو لایان بێ، نەك (دون رضاها)، بۆ هەردوو لایەن بێت، مادام ئێمە دەڵێین حیمایەی ئوسرە بێ، لە حاڵەتی واش هەیە مومانەعە هەیە، مومانەعەش جۆرە سیلاحێکە ژن بەکاری دەهێنێ بەرامبەر بە پیاو، ئەوەش دەبێ باس بکرێ.

ج-(ضرب الزوجة و الأطفال بحجة التأديب)، لێدان لەبەر ئەوەی وەڵڵا عاقلی دەکەم، بەڕێزان لە (Facebook) و (youtube) دا وێنەیەك بڵاو کرایەوە، من زۆر زۆر دڵخۆشم بەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان خستی یە حیسابی توندوتیژی بەرامبەر بە منالێك کە مامۆستاکەی دەیکات، سزاشی دا، ئەوە مانای ئەوەیە ئێستا ئێمە تێگەیشتنەکانمان بۆ توندوتیژی نەفسی وردە وردە خەریکە بەرفراوان دەبێت، ئێستا حاڵەتێکی تر هەیە لە (youtube) و (facebook)دا بڵاو کراوەتەوە ژنێکە منالێکی ساڵو نی و دەشوات، باوەڕتان هەبێ ئینسان گریانی دێت، هەموو چڵك بە گیانیدایە، بە لەقە دەیشوات، من قەت هەتا ئێستا شتنی ئەو حاڵەتەم نەبینیوە، قاچ دەخاتە سەر سنگی منالێکی ساڵ و نیو، ژنێك باوەڕتان هەبێ بەس بیبڕنەوە هەزاری وەکو ئەو منالەی تیادا دەبێت، ئەو نەوعە توندوتیژییەیە لە ناو وڵاتی ئێمەدا، منالْ دەبێ بپارێزرێ، بە صەراحەت دەیڵێم یەعنی ئەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، باسی خەتەنە کردنی مێیینە نەکراوە لە جۆری تەعریفی عونفەکان دا، لە تەعریفی عونفەکان دا باسی خەتەنە کردنی مێیینە نەکراوە، ماددەشی بۆ دانراوە، ئەی تۆ کە ماددەت بۆ داناوە و دەتەوێ مامەڵەی لەگەڵ دا بکەی وەکو بە ماددەی یاسایی، دەبێ باسی بکەی کە ئەوانە عونفن، (التحريض على الإنتحار)، کامتان لە ڕۆژنامەکان دا نەتانخوێندۆتەوە کە چۆن تەحریزی ئینتیحار دەکرێ و کەسەکە پەنا دەباتە بەر خۆسووتاندن، (الحرمان من الميراث)، حەقت دراوەتێ بە شەرع، نایدەنێ لایەنێکیان، ئیتر هەر کامێکیان دەبێت، (إجبار الطفل و المرأة على العمل)، سەعات (12)ی شەو لەبەر ترافیك لایتی لای عەنکاوەوە منالی پێنج، شەش ساڵم بینیوە میزەڵڵان دەفرۆشێ، بە دەم خەوەوە، (الإتجار بالطفل و المرأة)، (الإكراه على ممارسة البغاء)، ئەوانە بێنین بیخەینە ناو ماددەیەکی جیاوازەوە، من لە کۆبوونەوەکەی تر حاکمە بەڕێزەکان لێرە بوون تەحەموولم نەکرد دانیشم، هەڵسام بە جێم هێشتن، بۆیە داواتان لێ دەکەم بەڕێزان بە جێی مەهێڵن بۆ تەقدیری هیچ

کەسێك، تەحدید بکرێ، پشتگیری قسەکەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەکەم کە توندوتیـژی نـابێ بمێنێـت، هەموو کەسێك لە شوێنی خۆی دا هەست بە ئەمینی و ئەمانی بکات، ئینجا سـەبارەت بـە ئیبلاغەکـە ئێمـە مەجالی ئەوە بدەین، خۆ ناچین بڵێین وەڵلا ئەو تەحریکی دەعوا بکات، بەڵام ئیـبلاغ کـردن بـۆ حاڵەتەکـە زۆر زۆر زەرووریە، چ لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی، چ لەلای داواکاری گشتی.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، کاك د. بشیر خلیل، تەواو سـۆزان خـان، بـەس پـێش کـاك بەشـیر، قـەتل جەریمەیـە، بـەڵام بـە قانونیش هەندێ شـوێن ئـەمر ئیعـدامی لەسـەرە، بـەس هەیـە، دەشـبێ، یـەعنی تـۆ نـاتوانی ئـەوەش بکـەی، عیقابیش دەبێ، خەڵکیش حەبس دەبێ، بەردەوام دەبێت، هەر هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە گفتوگۆی پرۆژە یاسایەکی زۆر گـرنگ دەکـەین، کـە لەوانەیـە گۆڕانکارییـەکی زۆر ئیجابی و ئـەرێنی بەسـەر پەیوەندییـە کۆمەڵایـەتی یـەکان و نـاو خێزانـی بـێنێ لـە نـاو کۆمـەڵگادا، زۆر لـە مێـژە پێویستیمان بەوە هەیە، بـەڵام زۆر زۆر پێویستە کە ئێمـە زۆر واقیـع بینانـە لەگـەڵ ئـەو پـرۆژە یاسـایەدا مامەڵە بکەین، نەك بە سۆز و عاتیفە، بە شێوەیەکی ئاوا کەوا ئیستیفادە و سوودی لە جێبەجێ کردنەکەی زیاتر بێ لەلایەنە سلبی یەکەی، بۆ ئەوەمان بێ کە بەڕاستی موشکیلەیەك حەل بکەین، بۆ ئەوەمان بێ کـە بەڕاستی ئەو توندوتیژیانەی کە هەیە لە ناو خێزان، لە ناو کۆمەڵگا لابدەین، نەك لەبـەر ئـەوەمان بـێ کـە موجەرەد قانونێکمان هەبێ بە ناوی قانون، بۆ زاتی قانون بۆ ئەوەی خـەڵکانێك لێـرە و لـە دەرەوە یـان لـە ناوەوە دەستخۆشیمان لێ بکەن بڵێین وەڵلا ئەوەتـە کوردسـتان قـەوانین دەردێـنێ، ژمـارەی قەوانەینـەکان و ناوی یاساکان گرنگ نیە بە قەدەر ئەوەندەی کە بە شێوازێکی ئاوا بێ کە لە ناو واقیـع دا جێبـەجێ بکـرێ، واقیعـی کۆمـەڵگای خۆمـان جێبـەجێی بکـات، بـەڕێزان کێشـەی ئێمـە لەگـەڵ توندوتیـژی بەڕاسـتی کێشـەی ئەنجامدانی توندوتیژییەکە نیە، بـە قـەدەر ئەوەنـدەی ئێمـە لەگـەڵ توندوتیـژی ئـەو کێشـەیەمان کێشـەی فیکرە، کێشەی کلتوورە، کێشەی بیرو هزرەکەیە کە لە ناو عەقل و بیر و هۆشی زۆر لە خـەڵکانی کۆمـەڵگای ئێمەدا ئەوە ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە، کە ئەوە دەبێتە هۆی ئەنجامدانی توندوتیژییەکە، بۆیـە مـن پێموایـە قانونێکی ئاوا پێویستە موعالەجەی ئەوە بکات کە چۆن ئێمە بتوانین لە ناو عەقل و بیر و هۆشەکان دا لـە ناو کلتووری خۆمان دا ئەوە نەیەڵین، ئێمە نامانەوێ مرۆڤێك دروست بکـەین یـان مرۆڤێـك پەیـدا بکـەین، کە ئەو مرۆڤە توندوتیژی ئەنجام نـەدا، نـا، ئێمـە دەمانـەوێ مرۆڤێکمـان هـەبێ کـەوا ڕقـی لـە توندوتیـژی ببێتـەوە، هـەروەها توندوتیـژی لای شـتێکی قێـزەوەن بـێ، لـە فیکـرو بـیر و هۆشـەوە، نـەك بـەس بۆخـۆی ئەنجامی نەدا، بەڵکو حەزیشـی لـێ نـەبێ کـەوا خـەڵکی تـریش ئـەنجامی بـدا و لـە نـاو کۆمـەڵگادا وجـوودی هەبێ، ئەوەش پێویست بـەوە دەکـات کـە ئیجرائـاتێکی تەوعیـە و هوشـیارکردنەوە دەسـت پـێ بکـەین، مـن پێموایە ئەو یاسایە بە قەدەر ئەوەندەیە کە لەوانەیە جێبەجێ ناکرێ بە قەدەر ئەوەندە نیـە کـەوا شـتێکە

ئیستیفادەی بۆ کۆمەڵگا هەبێ، چونکە ئەوە ماددەکانی ئەو یاسایە زیاتر موعالەجەی توندوتیژی دەکات پاش ئەنجامدانی، بەڵام ئێمە پێویستە پێش ئەنجامدانی توندوتیژی ڕێی لێ بگرین، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی مانای ئەوە نیە تۆ بوەستی تا توندوتیژییەکە دەکرێ، ئینجا بێی نەیەڵێ بیکەی، عقوبە و سزای بۆ دانێی، بەڵام چۆن وا بکەین ئێمە کە نەکرێ ئەوە، هەر لە بنەڕەت دا نەکرێ، بۆیە ئەوە من دەڵێم پرۆژە یاسایەك پێشتر پێشکەش کرابوو لەلایەن حکومەتەوە، ئەو پرۆژە یاسایە حکومەت سەحبی کردەوە، بەڵام ماددەی چوار و پێنج و شەش و حەوت و هەشتی ئەو پرۆژە یاسایەی کە لە حکومەت سەحب کراوە، زۆر شتی چاك و ئیجابی باشی تێدابوو کە ئیجرائاتی ئیعتیرازی تێدا بوو، یەك لەوانە مەسەلەن دەیوت وەزارەتەکانی ئەوقاف و پەروەردە و ڕۆشنبیری و ئەوانە پێویستە لە سەریان کە دەست بکەن بە هەڵمەتێکی وشیاری و ئیرشادات مەسەلەن، پێویستە هەیئەتێکی موکافەحەی عونف دابمەزرێ بۆ ئەوەی ئەوانە دەست بکەن بە چاکسازی و چاککردنەوە، ئەوانە پێویستە ، منیش لێرە بە چاکی دەزانم لە جیاتی ماددەی (2) ماددەیەکی پێشترمان هەبێ کە ئەو ماددەیە و من شێوازەکەشم داڕشتووە، پاشان بۆ بەڕێزان ڕەوان دەکەم، کە ئەوەیە شێوازی ئیحتیرازی پێش ڕوودانی ئەو توندوتیژیانە، بۆیە بەڕاستی ئەو یاسایە بە ڕای منەوە بە شێوازێکی فیعلی نابێتە هۆی بەرەنگاربوونەوە، لەبەر ئەوەی تەنها لایەنی سزادانی تێدایە، لایەنی وشیار کردنەوەی تێدا نیە، خاڵێکی تر کە لە ماددەی دووەم دا هاتووە، ئەویش ئەو تەفصیلەی کە لە شێوازی توندوتیژیەکان دا هەیە، بۆ نموونە ئەوە و جنێودان و ئەو شتانە، من پێموایە ئەو نموونە هێنانەوە ئەصڵی توندوتیژیەکان زەعیف دەکات، چونکە ئەوانەی کە باس کراوە، دیارە شتی گرنگن، بۆیە ئەوانەی کە ماون گرنگ نین، بۆیە ئەوە هەر موجەرەد باس کردنی ئەوانە و بە نموونە هێنانەوەی ئەوانە، ئەوانی کە بە نموونە نەهاتوونە زەعیفیان دەکات، لەوانەیە پەراوێزیشیان بخات، بۆیە ئەگەر لە ماددەیەکی موستەقیلیش باس بکرێ بە حەصر باس بکرێ، یەك و دوو و سەد و دوو سەد نیە، ڕۆژ بە ڕۆژ و سەعات بە سەعات شێوازی نوێ لە توندوتیژی دروست دەبێ، پەیدا دەبێ بۆیە من پێموایە ئەوەی کە لە تەعریفەکەدا هاتووە زۆر چاکە، (كل أنواع العنف الأسري) ئەوە نەکرێ، ئەوەی کە زیانی بە جەستە و بە جنس و بە لایەنی دەروونی دەگەیەنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاردۆ محمد.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئامانج لە دەرکردنی یاساکە چارەسەر کردنی دیاردەیەکە کە پەیوەندی بە توندوتیژی خێزانەوە هەیە، کە پێشم وایە یاسایەکی گرنگە، کاریگەری دەبێ لەسەر کەم کردنەوەی توندوتیژی، کە ئەوەش ڕۆڵی دەبێ لە کۆمەڵگاش، بەڵام قسەیەك هەیەکە ئەگەر من لەگەڵ ئەو ڕایەم ئەگەر یاساکانی تر کە تا ئێستا ڕێگرن لە جەریمە و توندوتیژی، ئەگەر بیانتوانی بایە هیچ پێویست بەو یاسایە نەدەکرا، کەواتە ئەم

یاسایە تایبتمەندی هەیە، بۆ دیاردەیەك كە توندوتیژیە و پەیوەندی بە خێزانـەوە هەیـە، بۆیـە دەبـێ ئـەم یاسایە عەلا سەبیلی حەسریش باسی توندوتیژیەكان و دیاردەكان بكات، تۆ ناتوانی بە یاسایەك چارەسـەری هەموو كێشەكانی كۆمەڵگا بكەی، ئەم یاسایە تایبەتە بە خێزان و توندوتیژی لە خێزاندا هەیە و چین ئەم توندوتیژیانـە؟ دەبـێ بـاس بكرێـت، ئەمـە هـەم بـە پێچـەوانەی قاعیـدەی قـانونیش نابێـت كـە بـۆ هـەر جەریمەیەك دەبێ نەسێك هەبێ، ئەمە بە پێچەوانەی ئەمەش نابێ، كاریگەریشی دەبـێ لەسـەر ئـەوەی كـە ئێمە چارەسەری دیاردەیەك دەكەین كە خزمەتی كۆمەڵگاكەمان دەكات، پێشموایە كە موناقەشەی ئەوە كـرا كە ڕاستە توندوتیژیەكە سەبارەت بە ژن و بە منالێشە، بەڵام ئێمـە دەتـوانین، چـونكە خـەڵكی معـەوەقیش هەیە یان بڵێین خاوەن پێداویستیە تایبەتەكان زۆرجار توندوتیژیان بەرامبەر لە كۆمەڵگا بەكاردەهێندرێ، لەناو خێزان بە تایبەتی، یان بەرامبەر بە ساڵاچووان، ئەمانـە دیـاری بكـەین كـە هـەر ڕەفتارێـك یـان هـەر هەڕەشەیەك لەلایـەن ئەنـدامێكی خێزانەكـەوە بكرێـت لەبەرامبـەر ئـەوەی تـر ئەمـە پیـاویش دەگرێتـەوە، یەعنی زۆرجار پیاویش تووشی ئەو توندوتیژیە دەبێتەوە كە پێم وابێ ئەو ئەشكالەمان چارەسـەر دەكـات، جگە لەوە بەلای منەوە دیاردەیەك هەیـە كـە زۆر زەقـە لـە كۆمـەڵ ئـەویش كوشـتن بـە بیـانووی نـاموس، یەعنی ئەمە زۆر زۆر لەكۆمەڵی ئێمـە زەقـە و پاساوی بـۆ دەهێنـدرێتـەوە، جگـە لـەوە ئەگـەر ئەمـە دیـاری نەكرێت، كەلتوری ئێمە یان دەتوانم بڵێم نەریت و عاداتی ئێمـە پاساوی هەنـدێ توندوتیـژی دانـاوە، هـەتا لەلای حاكمەكانیش، یەعنی ئەمە یەك لە كێشەكانە، هەندێك توندوتیژی هەیە لـە كـەلتوری ئێمـە یـان لـە نەریت و عادات و تەقالیدی ئێمە ڕێگەی پێدراوە، ڕەنگە كابرایەك پێی سەیر بێت، بڵێ تۆ قسـەیەكی تونـد لەگەڵ خێزانەكەت مەكە یـان بـە پێچەوانەوە، بـەڵام بـە ڕەئـی مـن كـە ئێمـە حەسـر تەحدیـدی دیاردەكـە بكەین، چارەسەری قانونیش بدۆزینەوەو قانونیش بەشێكە لە وشیاری، یەعنی ئەوە نیە تۆ بتـوانی ئەگـەر بە مەوعیزە با و بە ڕێنوێنی با بۆ بەشەریەت ئێستا دەبووایە بەشەریەت لە موجتەمەعەك بـژی كـە هـیچ كێشەی تیا نەبێت، بەڵام ئەوە قانونە ڕێ دەگرێ لەوەی كە ئینسان كارێك نەكات كە پێچەوانەی بێت، جگە لەوەش هەندێ ناكۆكی بەڕاستی دەكەوێتەوە سەر خیلاف یەعنی فەرق دەكات، حەقە قانون ڕێی لێ بگرێت، ناچێتە چوارچێوەی جەریمە، یەعنی ئێمە چارەسەرێك بۆ بكەین، هەندێ ناكۆكی هەیە لە خێـزان ناچێتە چوارچێوەی جەریمە، ئێمە پێویستە قانون عیلاج بۆ ئەوە بدۆزێتەوە، جگە لەوە ئێمـە لەگـەڵ دادوەرەكـان قسـەمان كـرد یـەكێك لـە كێشـەكانی ئـەوان حیمایـە بـوو، ئایـا وەزارەتـی كاروبـاری كۆمەڵایـەتی ئایـا موئەسەسەیەكی هەیە بۆ شوێنێك كە حیمایەی ئەو ئەندامانە بكات كـە ڕووبـەڕووی توندوتیـژی دەبنـەوە، پێش ئەوەی ئیجرائاتی كۆتایی پێ بێت لەڕووی قانونیەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر بۆ ئاگاداری قانون لەسەر ناموس هەموارمان كرد لە پەرلەمانی كوردستان، ئەوە هەموار كـراوە، وەكـو ئەوەی عیراق نیە، وەكو جەریمەیەكی قەتل حساب دەكرێت، ئەوە قانونی پێ هەیە، كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددەی 2 تەبعەن ئەم حاڵەتەم پێ باشە، هەرکەسێك کە پێوەندی هەبێ بە پەیوەندیەکی خێزانی لە ئەنجامدانی هەر جۆرە توندوتیژیەکی خێزانی لێ قەدەغە دەکرێ و ئەم ڕووداوانەی خوارەوەش وەك نموونە بە توندوتیژی خێزانی دەژمێردرێن، پێش ئەوەی بێمە سەر نموونەکان، ئەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە بۆ من پشتگیری لەوە دەکەم کە بە نموونە بێت نەك بە حەسر، لەبەر ئەم سێ هۆیە، یەکەم/ ئێمە ناتوانین لە ماددەیەك دا هەموو توندوتیژیەکان بنووسین، بە تایبەتی لەگەڵ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنەکاندا جۆری توندوتیژی تازە دێتە ئاراوە، بۆیە ئێمە ناتوانین هەموو توندوتیژیەك حەسر بکەین لەناو ئەم یاسایەدا، دووەم/ تەنها یەك توندوتیژیمان بیر بچێت، ئەو کاتە ئێمە بەڵگەیەك دەدەینە دەست دادگا کە ئەمە توندوتیژی نیە، ئەو مافەشی دەبێت، چونکە لە یاسایەکەی تۆ دا ناوت نەهێناوە، سێیەم/ ئەوەیە کە ئێمە نابێ ترسمان هەبێ لەوەی کە ڕەنگە قسەیەك یان کردەوەیەك ببێتە هۆی ئەوەی کە بە توندوتیژی و لەبەریەك هەڵوەشانی خێزانی، لەبەرئەوەی لە پێناسەی توندوتیژی دا دەڵێ دەبێ زیانی جەستەیی و دەروونی و سێکسی لێ بکەوێتەوە، ماف و ئازادیەکانی لێ زەوت بکات، لەبەرئەوە هەر توندوتیژیەك ئەمانەی لێ نەکەوێتەوە بە توندوتیژی حساب نیە، بۆیە نابێت ترسمان لەوەهەبێ، نموونەکانیش من بە چەند خاڵێك نووسیومە، یەکەم/ بەزۆر کچ بەشوودان و ڕێگە لێ گرتنیشی بە منداڵ بە شودان، یان مارەبڕینی سەر بێشکە و ژن بەژنی و ژن لە جیاتی خوێن، دووەم/ سوکایەتی پێ کردن و جنێو دان بە ژن و کەسوکاری ژن، تف لێ کردن و بەکەم تەماشا کردنی، ئازاردان و هەڕەشە لێ کردن و فشاری دەروونی، بەزۆر جوت بوون لە گەڵی داو، زەوت کردنی مافەکانی، سێیەم/ لێدانی ژن و منداڵ بەناوی تەمێ کردن، چوارەم/ بەزۆر کارپێکردنیان یان ڕێگە لێ گرتنی، پێنجەم/خەتەنەکردنی مێینە، هەر لەم ماددەیە خاڵی دووەم، زەرەرمەند لە توندوتیژی خێزانی مافی ئەوەی هەیە کە ڕێکار و دەستەبەرکردنی پاراستنی هەبێ لە توندوتیژی لەدوا ڕۆژدا، ئەو دواڕۆژە دەبێ لابەرین، یەعنی بەڕای من ئەوەندە بەسە زەرەرمەند لە توندوتیژی خێزانی مافی ئەوەی هەیە کە ڕێکارو دەستەبەرکردنی پاراستنی هەبێ لە توندوتیژی، سەبارەت بە خاڵی 4 من ئەم پێشنیارەم هەیە، ئەم کەسانەی خوارەوە مافی داوا تۆمارکردنیان هەیە لەلای پۆلیس یان داواکاری گشتی لەبەردەم دادگا، ئەویش بە خاڵ نووسیومە، خاڵی یەکەم/ هەرکەسێ دووچاری توندوتیژی خێزانی بۆوە یان یەکێ لە ئەندامانی خێزان یان دراوسێ یان هەرکەسێ بەبەرچاویەوە توندوتیژی بکرێت، دووەم/ داواکاری گشتی و جێگرەکانی و ئەوانەی لەبواری تەندورستی پەروەردە یان ئەو کەسانەی لەناوەندە فەرمیەکانی قوربانیانی توندوتیژی کاردەکەن وئاگاداری حاڵەتەکانی توندوتیژی دەبن، من بۆ ئەوانەم نووسیوە، دیارە نموونە زۆرە و هاوڕێکانم زۆر نموونەیان هێنایەوە، بەڵام

من چەند نموونەیەك ئیزافە دەكەم، كەسێك خۆی دەسوتێنێ و دەچێتە خەستەخانە، ئەوانەی كە خۆیان دەسووتێنن حەتمەن لەژێر فشارێكی دەروونی دا تەحریز كراون، هەموو ئەو حاڵەتانە بە پەرەمێز نووسراون، لەیەكەم تەماشاكردنی پزیشك یان كارمەندی تەندروستی یەكسەر دەزانێ ئەوە خۆی سووتاندووە، بەلام لەبەرئەوەی لە دەمی خۆیەوە یان كەسوكارەكەیەوە دەڵێین ئەمە بە پەرەمێز سووتاوە، یەكسەر مەسەلەكە دائەخرێ فایلەكەی، بۆیە پێویستە هەم پزیشك و هەم كارمەندی تەندروستیەكەش ئەمە بە توندوتیژی بناسێنن، چونكە ئەوان دەتوانن حاڵەتەكە دەست نیشان بكەن، نەك خۆی و خێزانەكەی و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پەریهان خان فەرموو.

**بەڕێز پەریهان قوبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 2، بەڕاستی خۆی جوانی ئەم قانونە كە بڵێم قانونێكی خاسە و تایبەتە بە عونفی ئوسەری، ئینجا من لەگەڵ ئەوەم عەلا سەبیلی میسال بێت، حەسر نەكرێت، حەسربكرێت لەو میسالانەوە وەكو برادەرانم باسیان كرد تەنها ئەوان دەگرێتەوە، كە لەو قانونە دەنووسرێن، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەم بۆ نموونە عەلا سەبیلی میسال بێت، لێرەشدا ئەگەر بتوانین ئەو نموونانە وەكو كوێستان خان و كاك كاردۆ و برادەرانیش باسیان كرد، لەگەڵ ئەوەی كە فیئاتی عومری دیار نەكراوە تیایدا بۆ نموونە ئەوانەی كە گەورەن لە عومر، بڵێین باپیرە باوكی گەورەیە كە دەردەكرێت لە ماڵەوە یان ئەوەتا كە مناڵ ترە كە ئیجبار دەكرێت بۆ ئیش كردن یان لە مەكتەب دێتە دەرەوە، ئەیهێننە دەرەوە بۆ شتی تر، شتێكی تریش هەیە ئیجباری زەوجە، یەعنی بڵێین (على ممارسة على الدعارة والبغاء) یەكێ لە گرنگی ئەم هینە كە میسال بۆ خەتەنەی ژنان (ختان الاناث) داوا دەكەم لێرە دیاری بكرێت بە نوقتەیەكی تایبەت، لەبەرئەوەی لە قانونەكە هاتووە و تا ئێستا من خۆم بووم یەكێك لەوانەی كە بەحسی ماجستێرەكەم لەسەر خەتەنەی ژنان بوو، چوار ساڵە دەیان كۆنفرانس كراوە لەسەر خەتەنەی ژنان، لێرە لە دەرەوە، نەتوانراوە قانونێك یان سزایەك دابندرێت بۆ ئەوانەی كە موشاركن لە خەتەنەی ژنان و ئەوەی كە دەشكرێ، لەبەرئەوەی بە نەسی قانون نەهاتووە، بۆ ئەوەی كە دیار بكرێت، لە 100 ژندا كە وەرگیرا، 73,3 لەو 100 ژنە خەتەنەی ژنانیان هەبوو، تەبعەن دەرەجاتی هەیە، بێجگە لە دەرەجەیان یان ئەوەی كە كاریگەری نەفسی هەیە، من دەتوانم دوایی ئەو بەحسەش بخەمە بەردەستی پەرلەمان ودەتوانێ تەرجومەكەی بكات بۆ عەرەبی یان كوردی بۆ ئەوەی خەڵك ئیستفادەی لێ بكات، بۆیە داوا دەكەم خەتەنەی ژنان بە هینێكی تایبەت بێت لەوە، بە نیسبەت ئەوەی دووەم، (للمتضرر من العنف الاسرى ان يحصل على اجراءات و ضمانات لحمايته من العنف فى المستقبل) هەروەكو هاوكارم كوێستان خان باسی كرد، (ويحق) لابرێت، لەبەرئەوەی (للمتضرر) يحق یەعنی موتەزەرر بۆچی حەقی هەبێ؟ ئەوە حەقێكە خۆی هەیەتی، بۆ موتەزەرر هەر چ

موتەزەررێك بێت عونفی ئوسەری دەتوانێ ئیجرائات و زەمانات وەربگرێ، سێیەم/ لاتحرك الدعوی الا اذا کان العنف واقعا، یەعنی ئیللا عونفەکە لە شێوەیەکی جەستەیی ببینی، (لاتحرك الدعوی)یە، بۆیە ئەو (لا) لابرێت، (تحرك الدعوی اذا کان ای من العنف الاسری و واقعا)، ئایا بە جەستەیی بێت یان مەعنەوی بێت یان بە ئیکراه بێت، ئەوەش تەبعەن بۆ ئەوەیە قوەتێك بدات بە قانونەکە زیاتر، (تحرك الدعوی فی قضایا العنف الاسری) بە نیسبەت (رابعا) (من قبل المتضرر)، بەڕاستی ئەمە موشکیلەیەکی زۆر زۆرە، من نموونەیەك دەهێنم لەسەر ئەوەی کە دکتۆرەکان کە خۆشم پێشتر موشکلیەم بینیوە دەیان زاهیرەم بینیوە کە بەلێدان بووە، تەبعەن دێتە خەستەخانە تۆ وەرەقەی شورتەی بۆ دەکەی، بەڵام دوای ئەوە سەیر دەکەی ئەمە حەقێکی عامە بەلای منەوە، تۆ کە ژنێك یان پیاوێك یان منالێك ئیهانە بکرێت بە لێدان بێت یان حەقێکی ئیدعای عامە کە بتوانێ ئەو دەعوایە رەفع بکات یان من حەقم هەبێ وەکو دکتۆرێك یان مامۆستایەك یان هەر چ کەسێك، وەکو ئەڤین خانیش ئیشارەتی پێی دا کە وتی بڵێین دراوسێ بێ کە بتوانم ئەو بەلاغە بکەم، زیاتر دکتۆر بێت یان مامۆستا بێت ئەو دیارەدەیە دەبینێ لەسەر منالەکە یان لەسەر گەورەکان، بۆی هەبێ کە ئیبلاغی سوڵتات بکات، بۆ ئەوەی ئەو ئەشکالەش لابردرێت کە رەفعی دەعواکە دەدرێت بە ژنەکە کە دوایی ناوێرێ دەعوا رەفع بکات لەبەرئەوەی شێوازی ئوسرەکە تێك نەچێت، بۆیە من لەگەڵ ئەو خاڵانەم کە کوێستان خان بەجوانی هینی کرد، ئەگەر ئەوەش بخرێتە دەنگدانەوە، (تکون اجراءات التحقیق والمحاکمة فی قضایا العنف الاسری سریا مع مراعات الخصوصیة)، من لەگەڵ ئەوەم بەڵام دەکرێ دوایی ئەوانە بکرێن بە میسال (مع عدم ذکر الاسماء) بۆ ئەوەی بتوانێ موجتەمەعیش ئیستفادەی لێ بکات، کە بۆ ئەوەی وەکو ئەوەی هۆشیاریەکە، کە تۆ بۆ موستەقبەل دەدەی کە ئەو نەوعە عونف و ئەو جۆرانەی کە ئەوە سزاکەی دەبێ، یەعنی باشتر وایە، بەڵام دەتوانی کە ئەسما فعلەن سریش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری کردنم لە قسەکانی کوێستان خان و پەریهان خان، کە داوای ئەوە دەکەن عەلا سەبیلی میسال بێت، نەك حەسر، بەڵام مەسەلەن حاڵەتی تر هەیە کە لێرە، حاڵەتی تر هەیە زۆر زەرەمەندە، بە تایبەتی بۆ ئافرەت کە لێرە باس نەکراوە، یەك لەو حاڵەتانە کە خۆی لە خۆیدا توندوتیژی دروست دەکات ئەو حاڵەتانە، ئەویش وەکو مافی ژنی تەڵاق دراو کە هەر ژنێك دووچاری ئەو حاڵەتە دەبێتە بەڕاستی رۆژانە گلەییەکانیان بەرز دەکەنەوە بۆ ئێمە کە وەکو ئەندامانی پەرلەمان کە مافەکانیان خوراوە، وەکو بێ بەشیان لە مووچە و موخەسەساتی منداڵەکانیان کە ئەوان دەبنە موعیل منداڵەکانیان، ئیتر لێرە ئەوانە خۆی لە خۆیدا توندوتیژیە وابزانم بەرامبەر ئەو ژنانە دەبێ لایەنی پەیوەندیدار هەبێ کە ئەو جۆرە

کێشانە چارەسەر بکات، یانیش ئەو ژنانـەی کـە پیاوەکـەی تووشـی مەحاکەمـە و دەعـوای قـەزائی دەبێـت و ئاخریەکـەی دەکەوێتـە سجن و ئـەو ژنـە بـە بـێ موعیـل دەمێنێتـەوە، ئـەوە خـۆی لـە خۆیـدا توندوتیـژی بەرامبەر دەکات کە بێ موعیل دەمێنێتەوە و سەرچاوەیەکی ژیانی نیە، ئەو ژنە بـێ گومـان دووچاری زۆر مەشاکیلە دەبـێ وزۆر جـار شـیرازەی خێزانەکە هەڵدەوەشـێتەوە و تەڵاقـدان دروسـت دەبێـت، ئـەوە چـەند تێبینیەك بوو، وێڕای ئەوەی زەوت کردنی مافی منداڵ و دەست بەسـەر داگرتنـی و کـارپێکردنی بـە زۆری، ئەمانە هەمووی دەخرێنە چوارچێوەی ئەو توندوتیژیانەوە، بۆیە دەسـت نیشـان کردنـی و بەسـتنەوەی بـە چەند توندوتیژیەك ئەمە زەرەرمەندە بۆ دوارۆژی یاسایەکە، خـاڵی 3 (لاتحـرك الـدعوی الا اذا کـان العنـف واقعا) تەبعـەن ئێمـە بتـوانین لێـرە جێگـای ئـەوە بکەینـەوە کـە نـەهێڵین لـەزۆر حاڵـەت دا توندوتیژیەکـە ڕوودات، واتە زۆر ژن هەیە هەست دەکات تەهدید دەکرێت، پیاوەکەی تەهدیدی دەکات، کە تەهدیدی کـرد لایەنێك هەبێ گوێی لێ ڕابگرێ، خۆم چەند حاڵـەتێکی وام بینیـوە کـە پـێم وتـووە دەعوایەکـە بەرزبکـەوە، دەڵێ دەمکوژێ ئەوجارە، جا ئەگەر هەبێ لایەنێکی پەیوەندیدار بۆ وەرگرتنی تەهدیدەکە، کەلێرە لە خاڵی 3 دا جێگەی بکرێتەوە، ئەوەش زۆر باشە، پشتگیری ئەو خاڵەش دەکەم لە خاڵی 5 کە ڕاستە ئەوە هەمووی سڕی بێت، ئەو محاکەمەو ڕوونکردنەوەی کێشەکە، بەڵام وەکو عەینە وەربگیرێ کە ئەو جۆرە کێشانە هەیە لە کۆمەڵگا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 2 ئەز دگەل هەندێ دامە کو ببیتە خاڵا ئێکێ و خاڵا دوویێ، نـەکو ڤـی ڕەنگـی هـاتی و کو ڕەئیەکا دییا هەی، خاڵا دوهـێ ژی دا بڕێـز سـەرۆکێ پەرلـەمانێ، بئەنـدامێت بڕێزێـت پەرلـەمانێ، ئـەم نەشێین حەسرا شێوازێت ێت توندوتیژیەت خێزانێ دا بکەین، بۆچـی ئـەم نەشـێین ئـەڤێ نوکـە دڤێـرێ دا هاتینە کو هزرا مە بۆ گەلەك تشتێ دی نوکـە لڤێـرێ هاتنـە ئیشـارە کـرن کو ئەسـڵەن تێـدا نەهاتینـە، بـۆ نموونە مەسەلەن خەتەنەیا هاتی، کو ئەسڵەن دڤێرێ دا نەهاتیە، ئەگەر ئەم بهێین سەح کـەینێ، ئیسـتغلالا یا ئابووریا زارۆکا کو سۆزان خانێ ئاماژە پێدا لسەر جادەێت مە یان ژی ل مەیدانێت مە تێن تشتا دفرۆشـن، یان ژی ئیستغلالا ئابووریا ئافرەتێ بخۆ ژی لڤێرێ ئاماژە پێ نەهاتە کـرن، هـەتا مەسـەلەیا هـزر و بـیرا کـو دەربڕینا هزر و بیرا، بۆ نموونە دەچینە ماڵاکی پرسـیارا یـا زارۆکـێ دکـەی و دبێـژیێ تـو نـاجح بـووی ئـان چوویە مەدرەسێ دبینی دایك و باب پێش وێ جواب ددات، یان دگەل ژنکا ئاخاڤـە دبینـی زەلام دێـت پـێش ڤە جواب ددات، واتە گەلەك نەوعیەت توندوتیژی هەن کە دچنە بوارێ نەفسی و جەسـەدی ئـەز لڤێـرێ دا ئاماژە پێ نەهاتیە کرن، ژ بەر هەندێ ئەم نەشێ حەسرا یا نەوعێت توندوتیژێ بکەین، دگـەل هەنـدێ ژی دانە هەنـدێ توندوتیژیـەت هـەین، دیـڤ هـەتا وڕایـە موجتەمـەعێ تێنـە وجودی، بـۆ نموونـە ئەگـەر ئـەم

بينينه بيرا خۆ بەری 15 سالا موشكيلەيا موبايلێ نەبوو كو توندوتيژی لێ بكەتن، لێ ئەڤرۆكە ئەم دبينين ل 2006 بەرا پتر ئەو موشكيلەيا غەڵەت بكارهينانا موبايلێ و ئيستغلال كرنا وێ بۆ توندوتيژی كرن بەرامبەر يێ موقابلێ خۆيا هاتيە وجوديش، ژ بەرهەندێ ژی ئەم نەشێين هەمی نەوعێت يەت يان شێوازێت توندوتيژيێ دڤێرێ دا حەسر بكەينەڤەوە، ئەم شێين وەكو بۆ نموونە هەندەكا بينين ل دوماهی هەتا دوايێ، ئەڤە نسبەتا خالا ئيكێ و يا دويێ، يا ديتن نسبەت ئيبلاغێ، ئيبلاغێ ئەم دزانين ئەگەر بنڤيسين هەر كەسەك دشێت ئيبلاغێ بكات واتە هەمی موئەسەساتێت فەرمی ژی وەدەگريتەوە، بۆ نموونە موئەسەسەيەت پەروەردەينە هی سحەينە، چونكە هەر كەسەكی موكەلف بێت يا موزەف بيتن دشێت ئيبلاغێ بكاتن، بۆ هەندێ كو توندوتيژيەك چارچيڤەيێ ئەو تێ دا كار دكاتن يێ هاتيە ڕيدان، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ژيان خان فەرموو.

**بەڕێز ژيان عمر شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منيش پشتگيری لە قسەكانی زكيە خان دەكەم، كە پێويستە ئەوە بمێنێتەوە و بكرێت بە خاڵی يەكەم و خاڵی دووەم، بەڵام باشتر وايە بەشێوەيەك تەسەلسولێكی مەنتقی بۆ بكرێت، بەشێوەی مەترسيەكانی نەك بڵێی بۆ نموونە و هەمووی لەيەك ئاست دا سەير بكرێت، بۆيە باشە كە بمێنێتەوە و شێوەكانی دياری بكرێت، چونكە زۆر كەس هەيە كە تف كردن و جنێودان پياو دەڵێ ئەم ئيعتياديە، مافی خۆمە، كە نازانێ ئەوە چەند ئيهانەيە بۆ ئافرەت كە تفی لێ بكەی يان جنێوێكی پێ بدەی، قسەی كوردەواری خۆمان هەيە دەڵێ شوێنی فيشەك چاك دەبێ، بەڵام شوێنی قسەيەكی ناخۆش قەت قەت چاك نابێتەوە وهەر ئەمێنێتەوە، يان زۆر جار باوك بە مافی خۆی دەزانێ كە ژن بە ژنی بكات يان مارەيی بخوات كە مانگێك پێش ئێستا من خۆم دراوسێيەكی خۆمە كچەكەی داوە بە مارەيی لەشاری سلێمانی كە شارێكی ڕۆشنبيريە، مارەييەكەی خواردووە، يەعنی بە نموونە من ئەم ماڵە دەناسم ئێستا خۆم، چونكە زۆرجار خەڵكەكە بە هەڵە تێ گەيشتووە، جياوازيەك ناكات لەنێوان عورف و شەرع كە ئەوانە عورفێكن لە پێش ئيسلامدا هەبووە، كە چۆن زيندەبەچاڵ كردنی كچ هەبووە، ئەوەش ژن بەژنی هەبووە مارەيی هەبووە، كچ نەيانهێشتووە بخوێنێ، لەبەرئەوە يەعنی پێويستە شتەكان دياری بكرێت بۆ ئەوەی كۆمەڵگاكەی ئێمەش بەرچاو ڕوونيەكی پێ بدرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشتر نيە دەمج بكرێت؟ مەسەلەن بڵێی (ومنها) ئەوانەش لەگەڵيا، چونكە ئەوە ببێتە ماددەيەكی سەربەخۆ چی لێ دەكەی، كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر لە بۆچوونەكەی جەنابتەوە دەست پێ دەكەم من ڕام وایە هەر دەبێ دەمەج بكرێت، تەسەورم وایە لەوانەیە هەرهەڵەی مەتبەعیش بێت بەو جۆرە هاتووە، من وای دەخوێنمەوە كە ئەم مەسەلەی كە پەیوەندی بە توندوتیژیەوە هەیە لەڕاستی دا ڕاستە یاسایەكە تایبەتە بە توندوتیژی خێزانی، هەندێ توندوتیژی هەیە تەداعیاتی بۆ تاكەكانی ناو خێزان هەیە و هەندێ توندوتیژی دەگوازرێتەوە بۆ ناوچە و هەروەها ناو كۆمەڵگاش، هەندێ توندوتیژی هەیە لەناو خێزاندا ڕەنگدانەوەی بۆ سەنگی كۆمەڵگا بە تەواو ەتی هەیە لە چ ئاستێك، لە ئاستی دەرەوەی كۆمەڵگاكەی خۆی، واتە لە ئاستی نێودەوڵەتی دا، لەو ڕوانگەیەوە ئێمە دەبێ ئەو نموونانەی كەلەناو ئەم بڕگانەدا هاتووەتەوە كە تەئیدی دەكەم عەلا سەبیلی میسال بهێندرێتەوە و تەركیز یان دیقەت هەبێ و هەر یەك لەو نموونانە بە پێی بایەخی خۆی پێگەیەك یان مەسافەیەك لە زۆر نموونەی ورد تر داگیر بكات، بۆیە بۆ نموونە مەسەلەی جنێو دان و لێدان بە مەبەستی تەمێ كردن، لەكاتێك دا ئەمە هەر دەچێتە چوارچێوەی جنێودانەوە، هەروەها دەچێتە چوارچێوەی لێدانەوە، ئەگەر قسەكە لەڕابردوو دا وەكو فەزیلەیەك قسە لەسەر ئەوە بكرێت لێدان هەبووە و بۆ مەبەستی تەمێ كردن و یان جۆرێك لە پیشاندانی نەزعەی پیاوسالارانە لەسەر ژن و خێزاندا قۆناغ بە قۆناغ ئەو مەسەلەیە تێ پەڕی كردووە، بۆیە دەكرێت مادام ئێمە دەرفەتمان لەبەردەست دایە، كۆمەڵێك نموونەی پەیوەندی بە سومعەی كۆمەڵگاكەمانەوە هەیە لە ئاستی نێودەوڵەتی لە مەسەلەی كوشتن بەناوی شەرەف و هەروەها مەسەلەی زەوت كردنی بیروباوەڕ چ بە بیروباوەڕی ئازادی بێت، یان عەقائیدی بێت، یان هەندێ مەسەلەی تر دەكرێ ئێمە لە نموونەكان بۆ نموونە نموونەی كوشتنی دوعا و نموونەی تر كە لە ئاستی نێودەوڵەتی دا تەئسیراتی لەسەر كۆمەڵگاكەمان هەبوو، دەكرێ بە جۆرێك لە جۆرەكان سوود لەم مەسەلەیە وەربگرین، چونكە لەڕاستی دا كۆمەڵگای جیهانی بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەكانی ماف و ئازادیەكان، هەروەها بە پشت بەستن بە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ، دەكرێ ئێمە قسە لەسەر ئەوە بكەین كۆمەڵگای مرۆڤایەتی خودی خۆی ئەویش جۆرێكە یەعنی خێزانێك كە بەشێوەیكی گشتی ئەم تەداعیاتانە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر ئەو پرسانەی كە پەیوەندی بە چارەسەركردنی ئەو گرفتانەوە هەیە كە بە پێی یاسا ئێمە كاری بۆ دەكەین، ئەمە بڕگەی $1$، ئەوەی پەیوەندی بە بڕگەی دووەمەوە هەیە، سەبارەت بە داواكاری لەبری زیان لێ كەوتوو، من ڕام وایە لەم بڕگەدا ئێمە بتوانین سەنتەرەكانی داڵدەدانی ژنان یان شێڵتەرەكانیش ئیزافە بكەین، بۆ ئەوەی بتوانن ئەوانیش تەحریكی دەعوا بكەن، چونكە هەندێ جار ژنان یان كەسێك و فەردێك پەنایان بۆ ئەبا بۆ هەر هۆكارێك كە ناتوانێ سكاڵا تۆمار بكات، من نموونەیەك دەهێنمەوە پار ساڵ وەكو لیژنەی مافی مرۆڤ كە چووینە زیندان و گرتووخانەی دهۆك ژنێك لە گرتووخانەدا تاوانەكەشی تەواو كردبوو یەعنی حوكمی خۆی وەرگرتبوو، بەڵام بە حوكمی كۆمەڵێ هۆكاری خێزانی نەی دەوێرا لە گرتووخانە بێتە دەرەوە، بۆیە ئەمانە دەبێ لە ئاستێكی بەرفراوان تر بیری لێ بكرێتەوە، خەڵكیش یەعنی ئێمە هەمووومان داكۆكی كاربین لە ماف و ئازادیەكانی یەكتر، واتە

بازنەی پارەزێرانی مافەکانی مرۆڤ بەرفراوان تر بکرێت، چونکە دەزگا و ڕێکخراو و چالاکوان ئەوانیش بهێندرێنە ناو چوارچێوەی بازنەوە، لە ئاستی مەسەلەی شەخسی دا بتوانێ تەحریکی دەعوا بکەن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر ڕەئیم لەگەڵ هەردوو ڕەئی دایە، بۆ نموونە ئێستا تەوزیحەك دەدەم یەعنی ڕەئی یەکەم ودووەم، تێبینی ئەوە دەکرێت ئەو سەرجەم دەستەواژانەی لەو یاسایە کەموکورتی تێدا هەیە، ئەو یاسایەی تریش پێناسە نەکراوە بۆیە دادگاو دادوەر دەکەونە بەرامبەر هانا بردن بۆ ئیجتهاد کردن بۆ هەژمار کردنی کردارەکە بە تاوان، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی فەوتانی مافێك چ لە مافی داواکاری یان داوا لێکراو، بۆ نموونە ڕۆژانە حاڵاتی نوێ دێتە گۆڕێ، بەسەدان حاڵەت هەیە ئێستا مەسەلەن باسیان کرد کە نوێنە وباس نەکراوە لەو نموونانەدا، ئیجهاض یەك لە نموونەکانە کە ئێستا ئێمە باسمان نەکردووە، بەڵام پێویستە ئەو نموونانەش وەکو نموونە باسی بکرێت، بەڵام تەسەلسولێکی بۆ دابندرێت هەم وەکو ژیان خانیش گوتی بە پێی مەترسیەوە ئەگەر دابەش بکرێت یان دابندرێت، تەسنیف کردنی تاوانەکانیش لەسەر پۆلین بیکات، کارپێکراو لەیاسای عیراقی جینایە و جنح موخالەفات، ئەمانە هەموو دیاری بکرێت، ئەو پرۆژەیەش داندراوە هەر بۆ خۆشی ئافرەت و ئازادی لەناو کۆمەڵگا هەست بە هاووڵاتی بوونی خۆی بکات، یەکسانی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا ئەگەر بۆ نموونە بڵێین، ئێمە وڵاتێکی ئیسلامینە لەگەڵ ئێمە ناگونجێت، تەماشای وڵاتانی تریش بکەین، تورکیا، مالیزیا، ئەندەنوسیا، دەوڵەتانی پێشکەوتونەو زۆر ئیسلامیشن و لەو پەڕی ئازادی و دیموکراسی ئافرەتی تێدایە حقوقی مافی ئیسلامەتی و کۆمەڵایەتی خۆیان تێك نەدایە، ئێمەش هەر کۆمەڵگایەکین لەو دونیایە، موجتەمەعێکین لەناو موجتەمەع، هەر بە نیسبەت بڕگەی سێیەم( عنف واقعا) واقعا یەعنی چی، کەموکورتیەکی تێدایە تەناقوزیش دەکات لەگەڵ ئەسبابی موجبە، هەروەکو د.کاوە وتی ئەگەر ئوسەری ئیزافە بکەین، سیاغەکەی جوانتر دەبیت، لەسەر قانونی ئیخبار، ئیخبار (من قبل من؟)، یەعنی کێ ئیخبارەکەی دەدات، ئایا دەروجیرانە، ئایا خۆی؟ ئایا ناو کۆمەڵگایە؟ ئایا مەکتەبە یان موستەشفایە؟، یان وەکو کاك سالار گوتی شەڵتەرە، ئەمانەش دیاری بکرێن و زۆر باشە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەوەوە دەست پێ دەكەم ئەو پرسیارە دەكەم ئاخۆ مەبەست لە دەركردنی ئەم یاسایە چیە؟ دیارە ئەمە یاسایەكی تایبەتە وەكو هاوڕێم سۆزان خان باسی كرد، ئەگەر بێتو جیاوازی نەبێ لەگەڵ یاساكانی تردا، كەواتە ئێمە هیچمان نەكردووە، لەزۆربەی بابەتەكان دا كە دێینە سەری بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی دەڵێن ئەمە لە یاسای 111 ی سزادانی عیراقی دا موعالەجە كراوە، ئەمە لەوێ، ئەگەر ئەو هەموو شتانە لەوێیە بەڕاستی پێویست ناكات ئێمە ئەو یاسایەش دەركەین، هەر بۆیە من لەوەوە دەست پێ دەكەمەوە ئێمە لە كۆمەڵی كوردەواری دا لەبەرئەوەی ئەم یاسایە بوعدێكی كلتوری هەیە، كۆمەڵێك داب و نەریتی باشمان هەیە هەروەكو ئەوەی لە كۆنەوە ڕۆژهەلاَت ناسەكانیش و ئەوروپیەكانیش كە هاتوون باسیان كردووە، هەقە ئێمە شانازیان پێوە بكەین، بەلاَم لە پاڵ ئەمەشدا كۆمەڵێك داب و نەریتی داڕزیو هەیە، ئەم دابونەریتانە كەوا لێرەدا هەن، وەكو ئەوەی لەو بڕگەیەی كەوا بەڕێزان داوایان كردووە ئیزافە بكرێت، هاتوون كۆمەڵێك نموونەن و حەقە تیایدا هەبێت، ڕایەك هەیە و دەڵێ ئێمە ناكرێت و لەوانەیە شەرم بكەین و لەوانەیە پێمان عەیب بێت كە لە یاسادا ئەم جۆرە شتانە بێت، نەخێر شەرم ئەوەیە نیە ئێمە لە یاسادا جەردیان بكەین، شەرم ئەوەیە ئێمە ئەو شتانە بشارینەوە، ئێمە حەقە لێرەدا پەنجەیان بخەینە سەر و ڕووبەڕویان ببینەوە، بەڕاستی دەركردنی ئەم یاسایە لە پەرلەمانی كوردستان جورئەتێكی زۆر گەورەیە، بۆیە پێویستە بەو جۆرە بێت كەوا ئێمە مەبەستمانە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، من لەگەڵ ئەوەدام كە ئەوانە جەرد بكرێن و دیاری بكرێن، مەرج نیە حەسر بكرێت، بۆ نموونە و لەوانە، چونكە مەبەستی تری لە پشتەوەیە، یەك/ بۆ ئەوەی هیچ نا زۆربەی هەرە زۆری جەرد بكرێن تاوەكو مەجالێك نەمێنێ ئیجتهاداتی تری پێ بكرێت، خۆتان دەزانن لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ حاكمەكان، بەلاَم ئەوانیش و ئێمەش هەموومان لەو موجتەمەعە داین، هەموومان ڕەنگدانەوەی ئەو داب و نەریت و كلتورەین كەوا لەو كۆمەلگەیەدا هەیە، وەكو ئەوەی ئێستا بەڕێزان باسیان كرد، كەوا لەوانەیە بە ئیجتهادی حاكمێك ئەمە توندوتیژی بێت و بە هی یەكێكی تر توندوتیژی نەبێ، خاڵی دووەم/ ئەم یاسایە لە پاڵ ئەوەدا كە یاسایە، مەبەستی هۆشیار كردنەوەشی دەبێت، چونكە ئەگەر بێتو ئێمە لە یاسادا جەردی بكەین، كێ هەیە لە ئێمە یاسای سزادانی عیراقی بە گشتی كە دەڵێم خەڵك یاساكەی خوێندبێتەوە و پێی ئاشنا بێت، بەداخەوە لە كوردستاندا سالاَنە لە زانكۆكاندا زۆرترین ژمارەی خەڵكی یاسایی تەخەروج دەكەن و دەردەچن، بەلاَم كەمترین هۆشیاری یاسییمان هەیە، ئێمە ئەگەر بێتو بەو یاسایە ئاشنا نەبین، بێ گومانم لەوەی كە لێرەدا جەرد بكرێت هیچ نەبێ بەشێك دەبێت لەو هۆشیاریە كەوا خەڵكێك بسلەمێتەوە لەوەی كە ئەمە جۆرێكە لە تاوانێك كەوا دەیكات، خاڵی سێیەم/ ئێمە ڕووبەڕووی ئەو دیاردە باوانە دەبینەوە كەوا لێرەدا یەكەم شوێن پەرلەمانی كوردستانە پێویستە ڕووبەڕووی ئەم دیاردە باو و داڕزیوانە ببێنەوە، هەوڵی قەدەغەكردنیان بدات، چوارەم/ بەڕاستی من لێرە دا دەبینم هیچ مەنبەعێكی یاسایی نیە ئەگەر بێتو ئەوانە دەست نیشان بكرێن، ئەگەر دەڵێین كەوان ناكرێتەوە، ئێمە عورفێكمان هەیە لە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری دا كەوا نەمان كردەوە بە وشەی جێندەر، ئەمە بوو بە عورفێك كە زۆر ئاساییە لێرەش كەوانە

بکەینەوە، ئەگەر بۆ ئەمە نابێت بۆ ئەویش نەدەبوو، ئەگەر بۆ ئەو کردمان حەقە بۆ ئەوەشیان ببێت، خاڵێکی تر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بەوەی کە ئێمە ناکرێ بەدوو جۆر تێڕوانینمان هەبێت، بەڕێز کاك عمر و کاك عونی باس لەوە دەکەن لە لیژنەی یاسایی لە ماددەی یەکەم دا سەبارەت بە خێزان بوو باسیان لەوە دەکرد کەوا ئەگەر بێتو شتێك تیایدا نەبێ ئەو کاتە لە یاسایەکە دا نەبێت بۆ یاسای سزادانی عیراقی دەگەڕێینەوە، باشە، قبوڵمە، زۆر جوانە ڕایەکەیان، لەمەشدا ئەوانە جەرد دەکەین، ئەگەر شتێك نەهاتبوو ئەو کاتە لێرەدا بە با بۆ یاسای سزادانی عیراقی بگەڕێینەوە، واتە زۆر گرنگە لێرەدا ئەوانە جەرد بکرێن و تیایدا بێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بەس بۆ ئەوەی ئەو بەدحاڵی بوونە نەبێ حەق بوو لیژنەی یاسایی پێشتر ئەمەدیاری بکات نەك ڕای یەکەم و ڕای دووەم، بەڵکو ئیزافە کردنی ئەو بڕگەیە و ئیزافە نەکردنی، چونکە هەردووکی یەك بڕگەیە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم، دیارە ئێمە لەمەشیاندا، هەست دەکەم، ئێمە یاسا دادەڕێژین پێویستە ڕوون بێت، چونکە ئەمەش جۆرێك مەتاتیەتی تێدایە، دواخاڵم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بڕگەی سێیەمە، کە ئەمەش پێویستە دەستکاری بکرێت، بەو شێوەیە بێت کە پێویستە لەکاتی بوونی هەر هەڕەشەیەك، سکاڵا تۆمار بکرێت، نەك ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شلێر محمد، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بەنیسبەت ئەو ڕەئی ئەخیرە کە خۆی هەر یەك ماددەیە، ئەو ڕەئیەی دکتۆر کاوە زۆر ڕاستە، (على سبيل المثال) ئەوە زۆر باسکرا، بەس لێرەدا مەنعی تەعلیم و عەمەل، بەڕاستی زۆرجار بەرامبەر بە ژنان و کچان ئەوە دەکرێت، هیچ شتێکیش نیە ڕەدعی ئەو خێزانانە بکات کە ناهێڵن کچەکانیان مەکتەب تەواو بکەن، هەروەها ئیستغلالی ماددی ژن، چ لەلایەن مێردەوە چ لەلایەن برایەوە بەتایبەتی، چونکە ئەو ژنانە، وەزیفەیان هەیە، بەپێی هەموو شەرعیش ژن ئەبێت ئیستقلالی ماددی خۆی هەبێت، کە بەهیچ شێوەیەك کەس نەتوانێت بەزۆر لێی وەربگرێت، حەتا ئەوان بەپێی دینیش کە ئێمە هەموومان ئیمانمان پێیەتی، هەر لەسەر ئەوە دەڕۆن حەقە ئەو ژنانەی کەبەو شێوەیە ئیسغلال دەکرێن، ئەو ماددەیەشی تێدا بێت، بە نیسبەت ( ایذاء بهدف التأديب) من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسایی، ماددەی 41 یاسای سزادانی عێراقی، ئەڵێت (لاجريمة في تأديب الزوج لزوجته وتأديب الاباء والمعلمين ومن في حكمهم للاولاد القصر في حدودهم) یەعنی ئەمە بەپێی ئەو ماددەیە کە یەکێ شکایەتی کرد، کە دەڵێت(ایذاء بهدف التأديب) دوایی کە ئێمە دێینە سەر ئەو یاسای سزادانی عێراقیە، ئەوە ڕێگر نابێت لەوەدا؟، چونکە ئەو ماددەیەو ماددەی 409 ماددەی 393ش زۆر لە صاڵحی ژندا نیە، کە دێتە سەر مەحاکم، هەروەها ماددەی 362کە بۆ ئیتصالاتی سلکی و لاسلکی بۆ تەحەروش دانراوە، بەڵام ئێمە ئێستا مۆبایل و ئەنتەرنێت و شت

زۆر عەزیەتی ئافرەتی تێدا دەدرێت، زۆر ئیهانەو زیان بە ئافرەت دەگەیەنێت، بەتایبەت ناو زڕاندن و بەتایبەتیش لەمەسەلەی وێنەو گرتەو ئەو شتانە، تکام وایە ئەوەش بەخاڵێك وەربگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاوە محمد امین، فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمود/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش هەر لەگەڵ ئەوەدام بەحەسری نەمێنێتەوە، ئەو نموونانەی کە بۆ توندو تیژی هێنراوەتەوە، با بەکراوەیی بێت بە نموونە بێت، چونکە لەوانەیە ئێمە ئێستا دەنگی لەسەر بدەین، لەسەر ئەو نموونانەی توندوتیژی خێزانی، بەیانی بێین و هەریەکەمان دوو، سێ نموونەی تریشمان پێ بێت، کە لێرە ناوی ناهێنین، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە لەسەر نموونە بمێنێتەوە، تا کۆتاییش لەگەڵدا بێت، ئەوە عیلاجی دەکات، تێبینی دووەم ئەوەیە، بڕگەی سێیەم لەماددەی 2 ئەڵێت،( لاتحرك الدعوى الا اذا كان العنف واقعاً)، یاخود بەکوردیەکەی دەڵێت داواکاری لە بابەتی توندو تیژی هیچ داواکارییەك پێشکەش ناکرێت، تەنها ئەگەر توندوتیژییەکە ڕوویدابێت، من پێم وایە ئەمە زیادە، ئەگەر برادەرانی یاسایی تۆزێك بە دیقەتەوە تەماشا بکەن، چوارەم خۆی لەخۆیدا وەڵامیەتی بۆی، دوایی ئەگەر شتێك واقعی نەبێت، تەقدیمیشی بکات خۆی باتڵە، مەحکەمە خۆی چارەی دەکات، بۆیە بەڕاستی من بڕگەی سێیەمم پێ زیادە، ئەگەر زیادیش نیە حەز دەکەم ڕوونکردنەوەم بدەنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، بەڕێز عزیمە نجم الدین، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قسەکردن لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایە کە پرۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان، یەکێکە لە پرۆژە هەرە باشەکان، کە پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا کاری لەسەر کردبێت، لەبەر ئەوەی ئێمەش لەم پرۆژە یاسایەدا نەچووینەتە ناو ئەو وردەکارییانەی کە گەورەترین کێشەیە لە کۆمەڵگادا، کە کێشەی توندوتیژییە، بەڕاستی ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی پێ دەناسرێتەوە، ئەوەی کە کێشەی گەورەیە لە ناو خێزان و لەناو کۆمەڵگادا، ئەم توندوتیژییە بووەتە هۆکاری سەرەکی کۆمەڵێك کێشەو گرفت، لە زۆربەی کایەکانی ژیانماندا، بۆیە من ئەم پرۆژە یاسایە بەگرنگ دەزانم، بەڵام گرنگی ئەم یاسایە لەوەدایە ئێمە لەوانەیە لەپێشتردا لە یاسای سزادانی عێراقی کۆمەڵێك یاسامان هەبێت بۆ ئیجرائات کردن لەسەر ئەوانەی کەتوندوتیژی و ئەوانەی کوشتن بەیاسا دەیانگرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە کاری پێنەکراوە، بۆیە ئەوەی کە دڵمان پێی خۆش بوو، مایەی خۆشحاڵی ئێمە بوو، لەم پرۆژە یاسایەدا، تایبەتمەندی ئەو دەزگایەیە یان با بڵێین ئەو دامەزراوەیە کە دروست دەبێت، یان ئەو دادگا تایبەتمەندەیە کە بۆ ئەم

پرۆژەیە کاری لەسەر دەکرێت، بەڕاستی بوونی ئەو دادگا تایبەتمەندە زۆر پێویست بوو پێش هەموو شتێك بەڕۆحی ئەم پرۆژە یاسایە دادەنرا، کە بتواندرێت کار لەسەر ماددەکانی ئەم یاسایە بکات، بەڕاستی ئەگەر ئێمە قسە لەسەر مەسەلەی توندوتیژی خێزانی بکەین، یەکێکە لەهەنگاوەکان کە لەم پروژە یاسایەدا هەنگاوی بۆ نراوە، دوای ئەوە ئێمە لە پرۆژەی با بڵێین چاکسازی کردن لە خێزانەوە ئینجا بۆ پەروەردە، ئینجا بۆ کۆمەڵگا، بەڕاستی ئەمە هەنگاوێکی باشە، من بەپێویستی دەزانم کە ئەم پرۆژەیە هەبێت، بەڵام ئەوەی کەلێرە هەیە، لە ماددەی $2$دا، من لەم خاڵانەدا بە گرنگی دەزانم ئیزافەیەکی بۆ بکەم، لە ماددەی دووەم، هەردوو ڕەئیەکە کە دوو ڕەئی هەیە، من پێم وایە تەواوکەری یەکتری بن ئەو دوو ڕەئیە، نەك هەریەکەو ڕەئی جیا بێت لەوی تر، لەماددەی دووەم دەڵێت(هەرکەسێك کەپەیوەندی هەبێت بە پەیوەندییەکی خێزانی) لێرەدا بابڵێین نەقسێك هەیە، کەدەڵێت(هەرکەسێك کەپەیوەندی هەبێت بە پەیوەندییەکی خێزانی)کە باس لە توندوتیژی خێزانی دەکەین شەرت نیە ئەم توندوتیژییە تەنها پیاوەکە بێت بەسەر ماڵەکەدا، جاری وا هەیە برای گەورەیە، یان کوڕی ماڵەکەیە بەسەر خوشکەکانیدا، بەسەر دایکیدا، جاری وا هەیە کەسێکی بچووکتر لەماڵەکەدا خۆی فەرز کردووە، بۆیە من بەپێویستی دەزانم لێرەدا، کە دەڵێین لەهەر تەمەن و لەهەر ڕەگەزێکدا بێت، واتە لێرەدا جیاکاری ناکات لەبەینی ئەوەی کە تەنها ئەو کەسەی کە توندوتیژی دەکات، پیاوەکەیە یان ژنەکەیە، ئێمە نابێت ئەو تۆمەتە بخەینە پاڵ ئەوە کە بڵێین تەنها ڕاستە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کۆمەڵگایەکی پیاو سالارییە، هەموو توندوتیژییەکان زۆربەی پیاون، بەڵام ئێمە دەبێ لەوەش نەگەڕێین کە لەبەر ئەوەی کەبت هەیە، کەبتی ئینسان بەرامبەر بە ژن کراوە، لەوانەیە توندوتیژی لەلایەن ژنیشەوە هەبێت، بۆیە من بەپێویستی دەزانم بۆ ئەوەی هاوسەنگیەك هەبێت و ڕای بگرین، بۆ ئەوەی یەکسانیەك هەبێت لەبەرەنگاربوونەوە لەم حاڵەتەدا، هەر کەسێك کە پەیوەستی هەبێت بە پەیوەندییەکی خێزانی لەهەر تەمەنێك و ڕەگەزێك بێت، ئەنجامدانی هەر توندوتیژییەکی خێزانی لێ قەدەغە بکرێت، لەهەر تەمەن و ڕەگەزێك، واتە لێرەدا حەق دەدەین بەهەردوولایەنەکە، نەك جیاکاری لەنێوان ئەوەی کەژن بێت یان پیاو بێت، توندوتیژییەکەی کردووە، بەڵام ئەوەی کە لەڕاکەی تر هاتووە، من بە پێویستی دەزانم ئەوانەی کە لەسەر نەریت و کلتوری باو، ئەو نەریت و کلتورە باوانەی کە لێرەدا باسی لێوە کراوە، وەك نەهێشتنی شووکردن و ژن بەشوودان و مناڵ مارەکردن لەسەر بێشکە، من پێم وایە ئەمانە بۆ خۆی لە $70$٪ی ئەم کێشانە نەماوە لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا، بە تێپەڕبوونی کات، لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگا، لەگەڵ گەشەکردنی هۆشیاری ئەمانە بۆ خۆی کەم بووەتەوە، بەڵام ئەوەی کە گرفتە ئێستا، ئەگەر ئێمە ئەو کەسەی کە ئەم پرۆژە یاسا کە دەرچووە، یان ئەو کەسانەی کە ئەم بڕگانەی داناوە، ئەبێت ئامارێکی لەبەردەست بێت، ئەبێت توێژینەوەیەکی زانستی لەبەردەستدا بێت، تۆ تەنها ئەمانە بەگرفت دەزانی کەتەنها نەهێشتنی شووکردن ومندال لەسەر بێشکە بەشوودان و تەڵاقدان و نازانم ئیهانە کردن، بەڵام ئێمە دەبێت سەرچاوەی ئەو وردەکارییانە کە لەناو خێزانەکاندا هەیە، قسەی لەسەر بکرێت، نەك تەنها ئەمانە، هەرچەندە ئەمانەش ماوە، بەڵام بەشێوەیەکی

کەمتر جاران، وەکو ئەوەی کە وتم لەوانەیە لە 70٪ کەم بوو بێتەوە، خاڵێکی تر ئەوەی کە دەڵێت هەر ئیزافە کردنە بۆ جیاوازی کردن و سووکایەتی کردن و جنێودان و ئازاردان بەمەبەستی تەمێ کردن، هەروەها کرداری سیکسی بەزۆر، بەڵام خاڵێکی تر کەمن لێرەدا ئیزافەی دەکەم، کارکردن بەمنداڵ و رێگەگرتن لەکارکردن بەژن بێت یان کچ بێت لەماڵدا، لەبەر ئەوەی کارکردن تاکە رێگایە کە ژن رووبەرووی کۆمەڵگا دەبێتەوە، هۆشیار دەبێتەوە، خۆی ئەناسێت دەبێت بەخاوەن داهات و داراییەکی سەربەخۆ، بۆیە ئێمە دەبێت کارکردنی ژن لەم یاسایەدا بەهەند وەربگرین، لەبەر ئەوەی کارکردن بەمنداڵێش لەم یاسایەدا بەهەند وەربگرێت، هەروەها رێگەدان بەژن یان کچ لەماڵدا بۆ ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی ئابووری و کۆمەڵایەتی باوك و براو مێرد دەربچێت، پێویستیمان بەوە هەیە کە لەیاساکەدا رێگەدان بە کارکردنی ژن، هەرکاتێك ژنێك سکاڵایەکی کرد، بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەواو بەڕێز پەیمان عزالدین، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەم ماددەیە بەڕاستی من چەند تێبینیەکم هەیە، یەکەمیان: ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، پێم وابێ پێشنیاری خاتوو ئامینە بوو، کە لەخاڵی یەکەمدا ئێمە جۆرەکانی توندوتیژی باس بکەین، لەوەی کە بچینە ناو مەسەلەکانەوە، چونکە بەهێنانەوەی نموونە ڕاستە هێنانی نموونەکان گرنگی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی ئەو جۆرانە بەتوندوتیژی بناسرێن، کە تا ئێستا بەتوندوتیژی نەناسراون، بەڵام کێشەیەك هەیە، کە ئەگەر ئێمە ئەم کەوانەیە بکەینەوە ڕەنگە، پێویست بکات سێ بەقەدەری یاساکە، کەوانەکە دوورودرێژ بێتەوە، چونکە شێوازی توندوتیژی لەخێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر، لە تێگەیشتنێك بۆ تێگەیشتنێکی تر، لە شێوازی مامەڵەکردنی ئەندامانی خێزانێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕدرێت، بۆیە ناتوانین ئێمە بەنموونە چەند بهێنینەوە، لەبەر ئەوەی ڕاستە نموونەکە گرنگە، بەڵام من دڵنیام لەوەی کە دواتر لە کاتی جێبەجێکردندا، ئەوەندەی ئەم نموونانە لەسەر سەبیلی حەسر حسابی بۆ ئەکرێت، لەلایەن دادوەرەکانەوە ئەوەندە بە نموونە حسابی بۆ ناکرێت، بۆیە ئەوسا زۆر زەحمەت دەبێت کە دەمێنێتەوە بۆ ئیجتیهاد و بۆ ڕای دادوەرە بەڕێزەکان، کە بەتوندوتیژی دەزانن یان نایزانن، بۆیە من بۆ خاڵی یەکەم، جگە لەوە لەناو نموونەکاندا ببورە، هەندێکی هەیە، کە لێرەدا هاتووە، دواتر لە تەنفیزدا ئیشکالیەتێك دروست دەکات، لەگەڵ ئەوەدا من لەگەڵ ئەوەدام مومارەسەی جنس بە ئیکراه تەنانەت لەنێوان ژن و مێردیشدا بە توندوتیژی حساب بکرێت، بەڵام ئەمە دەمانباتەوە سەر کۆمەڵێك یاسای تر کە یاسای باری کەسی و یاسای سزاکان بۆ تەعریفی ئیغتیصاب بۆ پێناسەی ممارسەی جنس لەنێوان ژن و پیاودا، کە ئەمە بەتاڵ دەکاتەوە دواتر لەجێبەجێکردندا، زۆرینەی تەوجوهی دادوەرەکانیش بەڕاستی بەو ئاراستەیە کە دواتر ئەوە بەتاڵ بکاتەوە، بۆیە ئەگەر ئێمە شێوازەکانی توندوتیژی وەکو ئەوەی کە ئامینە خان باسی کرد، کە خاڵی

یەکەمی حەزری ئەوی توونـدوتیژییانە دەکات، دواتر خاڵێکی تری بۆی ئیزافە بکرێت هەموو ئەو شێوازانە کامە بە توونـدوتیژیی خێزانی دادەندرێت، توونـدوتیژیی کۆمەڵایەتی، هی سێکیسی، هـی ئـابووری، هـەموو ئەو جۆرانەی توونـدوتیژیی دەرج بکرێت کـە خۆمـان بـەدوور بگـرین لـەوەی کـە چـەند نموونەیـەك دواتـر بمانخاتــە هەڵــەوە، خــاڵێکی تــر کــەمن دەمــەوێت قســەی لەســەر بکــەم، حیکمــەت لــە هــەر یاســایەك جێبەجێکردنیەتی، ئەوەش کەوا دەکات زۆرتر یاسا جێبەجی ّنەبیت، زۆرجار ئەوانەیـە کـە ئـەو کەسـانەی یاسایەکەیان بۆ دەرچووە، یان نازانن ئیستیفادەی لێ بکەن و پەنای بۆ ببـەن، یـان نـاوێرن ئیسـتیفادەی لـێ بکەن و پەنای بۆ بەرن، لـەم یاسـایەدا ئـەوەی کـەبۆی دەرچووە بەزۆرینـە ژنـە، بەدڵنیاییـەوە دەبێتـە ئـەو فیئەی کە ناوێرێت ئیستیفادە لەم یاسایە بکات، کە ژنیش نەیوێرا ئیستیفادەی لێ بکات، لەسەر یەکێك لەو جۆرانەی توونـدوتیژیی شکات بکات، ئەم یاسایە حیکمەتی خۆی لەدەست دەدات، بۆیـە مـن پێشـنیار دەکـەم لەگەڵ ئەوەی لـە مـاددەی 3دا نووسـراوە، کـە (ضحايا العنـف الاسـري) شمـول بکـرێن بـە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگرێتەوە بەوەی لـە مـاددەی 2دا خاڵێـك زیـاد بکرێـت ئـەو خاڵە زەمانـەتی بژێوی و ژیانی (ضحايا العنف الاسري) بکات، بۆ ئەوەی ئێمە لە یاساکەدا پشتیوانی بـدەین بـەو ژنانـەی کـە لە ترسی تەڵاقدانی تەعەسوفی لەلایەن مێردەکانیانەوە، بەهۆی تەسجیل کردنـی دەعوایـەك نـەوێرن سـوود لەم یاسایە وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز نەسرین جمال، فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم یاسایە هەمووومان کۆکین لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە، کە پـرۆژە یاسـایەکی گرنگـە بـۆ کۆمەڵگاکـەی ئێمە، پرۆژە یاسایەکیشە کە دەبێت تایبەتمەندییەکی باشی پێ بدرێت، بۆیە لـەماددەی 2دا کـە هـەموومان داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەین، کە ماددەی 2 رۆحـی ئـەم پـرۆژە یاسایەیە، مـن لـەوەوە دەسـت پێدەکـەم، کـە جۆرەکانی توونـدوتیژیی زۆرن، ئەگەر بێت و توونـدوتیژییەکان دابنیشین لەسەری و ڕیزبەندییەکی بکەین، وابزانم بە 3 تا 4 لاپەڕە تەواو نابێت، ئەم توونـدوتیـژیی لەخێسـەکردنێکەوە بـۆ تـەعلیقێك تـاوەکو کـاری سێکسـی بـەزۆر و تـاوەکو کوشـتنیش ئەمـە هـەمووی توونـدوتیژییـە، بۆیـە ئـەکرێت ئێمـە لەسـەرجەمی ئەمانەدا، کۆبەندییەك دروست بکـەین، بتـوانین بەشـی یەکـەم و بەشـی دووەم دەمـج بکـەین، چونکە ئـەم دووبەشە، هەردووکیان تەواوکەری یەکترین، کەتوانیمان ئـەم دوو بەشـە دەمـج بکـەین ئـەو کاتـە دەتـوانین، بەنموونە ئەو توونـدوتیژییانەی کە هەیە بە نموونە دەستنیشـانی بکـەین، بـەڵام کـەهاتوو ئێمـە ئەوانـەمان بەنموونە دەستنیشان کرد، لەوانەیە لەداهاتوودا کۆمەڵێك توونـدوتیژی تر بێتە ئـاراوە، لێـرەدا دەستنیشـان نەکراوە، ئەو کاتە لە مەحاکمدا پێمان دەڵێن کە ئەمـە دەستنیشـان نـەکراوە، بـۆ زانیـاری ئـەم یاسـایەی کـە ئێمە دەری دەکەین بۆ ئەو توونـدوتیژییانەی کە ئێستا لێرەدا دەستنیشانی دەکەین، بـۆ ئـەوە باسـی دەکـەم،

کە لەداهاتوودا توندوتیـژیی تـر، ئەگـەر هاتـە ئـاراوە، ئایا ئـەوە لەکوێـدا جێگـای ئەکرێتـەوە؟، ئایا ئـەوە مەحکەمە خۆی قەراری لەسەر دەدات؟، بۆیە من پێم باشە بڕگەی یەکەم و دووەم هەردووکی دەمج بکرێت وەکو وتم چونکە تەواوکەری یەکترین، ناکرێت جیا بکرێنەوە لەیەکتری ئەو کاتە، ئەگـەر ئەمانـە بەنموونـە دەستنیشان بکرێت، شتێکی خراپ نیە، لەگەڵ دەرچوونی ئەم یاسـایە و جێبـەجێکردنی لەمەحاکمـدا ئێمـە لەپەسـەند کردنـی ماددەکـەوە پێویسـتمان بەهەڵمـەتێکی هۆشـیارکردنەوەی کۆمەڵگاکـەی خۆمـان هەیـە، بەتایبەتی لـەدەزگاکانی ڕاگەیاندنـەوە، چـونکە ناکرێـت ئەمـە ببرێـت بـۆ مـەحاکم جێبـەجێی بکـات، بـەڵام کۆمەڵگاکەمانی لێ هۆشیار نەکەینەوە، بۆیە پێویستمان بەو هەڵمەتە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز نەریمان عبداللە، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم گرنگیەکی تایبەتی هەیە لـە یاساکەدا، مـن پـێم باشـە، کـە ئـەم ماددەیـە بەڕاسـتی تـەدەروج بکەین یان بە بڕگەی جیاواز دایبنێین، تێکەڵاوییەکی تێدا دەبینم، من پێم باشە، تاوانەکان کە دەستنیشـان دەکـرێن، جوزئیـاتی خـۆی بـۆ دەستنیشـان بکـەین، بـۆ نموونـە لەیاسـادا، جینایـات و جـنح و مخالفـات، جیاکراوەتەوە، ئێمەش لێرەدا باسی تاوان دەکەین، کەڕوودەدات و پێی دەوترێت توندوتیژیی

بۆیـە مـن پـێم باشـە بـە ( أ و ب و ج)ئێمـە تاوانـە قورسـەکان و سـووکەکان دەستنیشـان بکـەین، پاشـان عقوباتەکانیشی لە قانونی عقوبات و یاساکانی تردا بۆی دانراوە، ئەو کاتە ئەچێتە قاڵبێکی تایبەتەوە، ئەو مادانەی لێرە کە ناوەکانی نەهێندرێن ئێمە ئەو مەحکەمەیەی کە دروستی دەکەین مەحکەمەی موختەسـە سبەی دەسەڵاتی ئەوەی نیە، بچێت، لەو قەزیانەدا تەداخول بکات، کە لێرە نیـە، بۆیـە ماددەکـە لـە بڕگـەی یەکەم پێویست ناکات من لەسەر بڕگەی دووەم قسە دەکەم، بەڕاسـتی هەنـدێ کـەموکورتی تێدایـە، زیـادەی تێـدا هـاتووە بـۆ نموونـە یـەکێك لەتاوانـەکان ( تهمـیش افـراد الاسـرة) ئەمـە پێوەرێکـە بەڕاسـتی موبهەمـە ناکرێت، بتوانێـت دەستنیشان بکرێت، چۆن ئـەم تەهمیشـە دەستنیشـان دەکرێـت، ئـەو کاتـە ئیتیهاماتـەکان ئەوەنـدە زۆر دەبێـت، مـەحاکم تووشـی کێشـەیەکی زۆر گـەورە دەبێـت، بۆیـە ئـەوە دیـار نیـە، وە (ممارسـة الجـنس بـالاکراە)ئەگـەر هـاتو لـەدەرەوەی خێـزان و شـەریعەت بێـت، ئـەوە تـاوانێکی تـری هەیـەو زینایـە، عقوباتی خۆشی هەیـە بەڕاسـتی، لێـرەدا (ممارسـة الجـنس بـالاکراە)لەوانەیـە ممارسـەیەکی شـەرعی و ژن و مێردێك کـە کارێکیـان کردبـێ سـبەی شـەرێك دەکـەن، ئەچێتە مەحکەمـە دەڵێـت بـەو شـێوەیە بـوو بـەس ئیسپاتاتیشی دروست نابێت، شایەت چیە کە تۆ بڵێی بە ئیکراه بووە یـان بـە ئیکـراه نـەبووە؟، بۆیـە ئـەوە حاڵەتێکە بەڕاستی کێشەیەکی گەورە دروست دەکات، چارەسەریشی نابێت، بۆیە ئەو دووانە بەزیادە دەزانم، هەروەها کەموکورتیەکی زۆری تێدایـە، یـەعنی ئـەو تاوانانـەی کـە ئێمـە دەستنیشانی دەکـەین، بـۆ نموونـە (قتل و جرح)ی تێـدا نـەهاتووە، کـە ئەمانـە گـەورەتری توندوتیـژیین، وە ( ئینتحـار)ی تێـدا نـەهاتووە، (

سووتاندن)ی تێدا نەهاتووە، (دەرمان خواردن)ی تێدا نەهاتووە، (تهدید)ی تێدا نەهاتووە، بەڕاستی ئەمانە زۆر بەرفراوانن لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا، یان بەشوودان بەزۆری تێدا هاتووە، کە ئەمەش تەنها مێینە دەگرێتەوە، بەڵام ئێمە زیاتر تەبعەن لە عەرەبیەکەدا بەباش هاتووە، (الزواج بالاكراه) هاتووە، بەڵام لە تەرجومە کوردییەکەدا هاتووە شوودان بەزۆر، ئەوە دەبێت بکرێت بە هاووسەرگیری بەزۆر، لەبەر ئەوەی هەندێجار کوڕیش بەزۆر ژنی بۆ مارە دەکەن، ئەو حاڵەتانە زۆر هەیە، بۆیە لەکوردییەکە بکرێت بە هاوسەرگیری بەزۆر بۆ هەردوو ڕەگەزەکە، جۆرێکی تری زەواجیش هەیە کە لەکوردستاندا بە شێوەیەکی کەم هەیە، بەڵام لەهەندێ ناوچە بەشێوەیەکی تایبەتی وەك دیاردە هەیە، نەك وەك حاڵەت، پێی دەوترێت زواجی بن تووێ، ئەوانەی کە لە سکی دایکدایە دەیکەن بە هدیە بۆ کەسێك، نازانم ئەوە لەهەندێ ناوچەی کوردستاندا تەنها وەکو دیاردەیەکی لێهاتووە، بۆیە گرنگە ئەویش ناوی بهێندرێت، بڕگەی دووەم، دەڵێت( يحق للمتضرر من العنف الاسري ان يحصل على الاجراءات اللازمة) چ ئیجرائاتێك کە لازم بەو ئیشە بێت، و( الضمانات المؤن للحماية من العنف في المستقبل) ئەوە هیچ مانایەکی نیە، چی لە موستەقبەل دەکەی؟، تۆ لەحاڵەتی ڕوودانەکەدایت، بۆیە داهاتووەکە بەزیادە دەبینم، بڕگەی سێیەم( لاتحرك الدعوى الا اذا كان العنف واقعاً)ئەمەش بەزیادە دەبینم، لەبەر ئەوە لەماددەی چوارەم، ئاماژەی داوە بەوەی کە کێ بۆی هەیە شکایەت بکات، واقیعەتەکە ئەبێتە کێشەیەك، سبەینێ هەندێ جار هەیە، تەهدید ئەکرێت بەوەی کە ئەو توندوتیژییەی بەرامبەر بکرێت، ناتوانێت شکایەت بکات، لەبەر ئەوە ئەڵێت واقیعەن نەبووە، بۆیە ئەوە هەر زیادە، ئەوی تردەڵێت( تحرك الدعوى في قضايا العنف الاسري من قبل المتضرر) زەرەرمەند لێرە دەستنیشان نەکراوە، لەجیاتی ئەوە بوترێت ( المجني عليه)ئەوەی کە تاوانەکەی بەرامبەر کرا، او المتچرر ئەویش لەنێوان کەوانەیەك(ماددی و مەعنەوی)بۆیە پێویست دەکات تەحدید بکرێت، پێنجەم لێرە دەستنیشانی کردووە(تكون اجراءات التحقيق والمحاكمة في القضايا العنف الاسري سرية) یەعنی لێرەدا فەرزی کردووە کە دەبێت سڕی بێت، خۆ هەموو عونفەکان پێویست ناکات مەسائیلێکی ئەخلاقی تێدا بێت، هەیە تەهدیدە، جوێنێکە، پێویست ناکات سڕی بێت، بۆیە دەکرێت بوترێت، ( يجوز ان تكون اجراءات التحقيق والمحاكمة في القضايا العنف الاسري سرية اذا دعت الضرورة) یەعنی لە 90٪ی پێویست ناکات سڕی بێت، بۆیە لەکاتی پێویستدا دەبێت ئەوە سڕی بێت، چونکە کە تۆ هێنات ئەو کاتە هەر دەبێت سڕی بێت، بەشێوەیەکی گشتی، بۆیە من داوا دەکەم ئەو ماددەیە بەو شێوەیە جیا بکرێتەوە، نەوعی تاوانەکان و شێوەی پێشکەش کردنی دەعواکان بکرێت بەدوو ماددەی جیاواز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ڕەفیق صابر، فەرموو.

**بەڕێز د. رفيق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەم پرۆژە یاسایە لەبنەڕەتدا بۆ پاراستنی ئەندامانی خێزان پێشنیارکراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا، دەتوانێت کۆمەکێکی زۆر بەکەمکردنەوەی توندوتیژی لەناو کۆمەڵگادا بکات، لەبەر ئەوەی ڕەنگە زیادە ڕۆیی نەبێت گەر بڵێم خێزان بۆ خۆی کارخانەی بەرهەم هێنانی توندوتیژییە بۆ ناو کۆمەڵگا، یان ئەو شوێنەیە، کە توندوتیژیی گەرای تێدا دەکات و لەوێوە دواتر توندوتیژییەکە بەرەو کۆمەڵگا دەڕوات وبڵاو دەبێتەوە، زۆر باس و لێکۆڵینەوە ئەوەیان سەلماندووە، کە لە 40٪ی ئەوانەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن لەکۆمەڵگادا، یان ئەوانەی لەژنەکان و منداڵەکانیان دەدەن، پێشتر بە منداڵی لەخێزانێکدا پەروەردە بوون کە توندوتیژیی تێدا باو بووە، لەبەر ئەوە کەمکردنەوەی توندوتیژی و ڕێگەگرتن یان بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژیی لەناو خێزاندا سەرەتایەکی جدییە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژیی لەکۆمەڵگادا کە بەداخەوە، ژیانی ئێمەی بەتەواوەتی تەنیوە بەڕادەیەك کە باوك کچی خۆی و دایك منداڵی خۆی و برا خوشکی خۆی بەجۆرێك دەکوژێت هەر بەو شێوەی کە سێك مریشکێك یان چۆلەکەیەك بکوژێت، من لەگەڵ ئەوەدام کە ئێمە ئەو مەسەلانە دیاری بکەین کە شێوەی کاری توندوتیژیی هەموو ئەو شتانەی کە لێرەدا باسیان لێوە کراوە، بۆ جۆری توندوتیژیی خێزانی بخرێنە ناوەوە، لەبەر یەك شتێ زۆر گرنگ، ئەویش ئەوەیە بەڕاستی بەشێکی زۆر لەو توندوتیژییانەی کە لەخێزانی کوردەواریدا پەیڕەو دەکرێت لەبنەڕەتدا ڕیشەیەکی کلتورییان هەیە، لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە قبوڵ کراون یان بە توندوتیژیی دانانرێن، بەواتایەکی تر، ئەگەر ئێمە ئەمانە بۆ ئیجتیهادی مەحاکمەکان بەجێ بهێڵین، بەدڵنیاییەوە لێدان لە منداڵ و جنێودان، دابڕین و گۆشەگیرکردنی ئەندامێکی خێزان لەناو ماڵدا، زۆر حاڵەتی تر، کە لەکۆمەڵگەدا لە خێزاندا ڕوودەدەن، ئەمە بەتوندوتیژیی حساب ناکرێن، لەکاتێکدا ڕێکەوتنێکی جیهانی هەیە، لەبارەی ئەوەی کە توندوتیژیی چیەو شێوازەکانی توندوتیژیی چۆنن و لەجاڕنامەی گەردوونی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی 1993 دا کە نەتەوە یەکگرتوەکان پەسەندی کردووە، پێم وایە هەرێمی کوردستان و عێراقیش دەبێت پابەند بێت پێوەی هاتووە، کە لەماددەی 4دا هاتووە، لەبارەی نەهێشتنی توندوتیژیی دژی ژن، دەڵێت ( دەبێت دەوڵەتان توندوتیژیی دژی ژن( ئافرەت) مەحکوم بکەن، نابێت بەبەهانەی هیچ جۆرە داب ونەریتێك یان لەبەر هۆی ئاینی خۆیان لە بەرپرسیارێتی نەهێشتنی توندوتیژیی بدزنەوە) بەم مانایە ئەگەر بەشێکی زۆر لەو توندوتیژیی خێزانیەی کەلەبڕگەی 1ی ماددەی 2دا هاتووە، لەوانەیە بڕژێتە ناو چوارچێوەی کلتورییەوە، ئێمە بەم یاسایە، تەنها پێش لەتوندوتیژی ناگرین، بەڵکو ئەم یا سایە کۆمەك بەنەهێشتنی کۆمەڵێك داب و نەریتی دواکەوتووانە یان لەکلتورەکەمان یان کۆمەڵگاکەماندا هەیە، داڕزیو، کە دژی مافی مرۆڤە، دژی ئینسانیەتن ......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕەفیق 5 خاڵ لەبەردەم جەنابتە، تۆ ڕەئیت لەسەر ئەوانە بدە، تکایە، خاڵەکان یەك، یەك چیە باس بکە، لە مەوزوع دەرمەچۆ، چیت دەوێت کەبمێنێ یان دەمج ببێت یان لابچێت؟، فەرموو.

**بەڕێز د. رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەماددەی دووەمدا هاتووە، زەرەرمەند لە توندوتیژیی خێزانیدا دەتوانێت و مافی ئەوەی هەیە کە ڕێکاری دەستەبەر کردنی پاراستنی هەبێت، لە توندوتیـژیی دوارۆژدا، کێ دەتوانێت ئـەوەی بـۆ دەسـتەبەر بکات، ئێمـە ئاگادارین ژنـان لـە هەنـدێ سـەنتەرەوە، هەنـدێجار پـەلکێش دەکـرێن، دەردەهێنـدرێن، کـێ دەتـوانێ پارێزگارییان لێ بکات، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێز عبداللە علی، فەرموو.**

**بەڕێز عبداللە علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هـەموو شـتەکان زۆر وتـران، تـەنها لەسـەر خـاڵی یەکـەم یـەك، دوو مولاحـەزەم هەیـە، یـەکێکیان: هـەم لـە نووسینە عەرەبیەکـەدا هـەم لـە کوردییەکەشـدا، مانایـەکی تـەواو بـە جوملەکـە نـادات، ئـەڵێت(هەرکەسـێك کەپەیوەستی هەبێت بە پەیوەندییەکی خێزانـی ئەنجامـدانی ئـەم کارانـەی لـێ قەدەغـە دەکرێـت) یـەعنی ئەوانەی لە دەرەوەی خێزان بـن، ئەنجامـدانی ئـەو توندوتیژییانـەیان لـێ قەدەغـە ناکرێت؟، لەعـەرەبی و کوردیەکەشدا هەر واهاتووە، پێم وایە دەبێت بڵێین ئەم یاسایە دەیانگرێتـەوە، ئـەوەی لـەناو خێزانـدا ئـەم توندوتیژییانە بکات ئـەم یاسـایە دەیگرێتـەوە، کـار بەیاسایەکی تـر ناکرێـت، دووەم: کەزۆربـەی بـرادەران ئیشارەتیان بەوەکرد، لە بڕگەی یەکەمدا یەکەم بێت یان دووەم، ئێمە لـە لیژنـە فەرعیەکانیشـدا کـەباسمان کرد، ئەمە دوو خاڵ نیە، بەڵکو یەك خاڵە، یەکەم بێت، فەقـەرەی دووەمیشـی پێـوە زیـاد بکرێـت، یـان نـا؟، بەڵام بەدوو شێواز خوێندرایەوە، یەکەم بێت یـان دووەم بێـت، بـەڵام دووەمـی بـۆ زیـاد بکرێـت کـە بـەڕائی ئێمەش زۆرتر بوو کە دووەمی پێوە زیاد ناکرێـت، چونکە ئەگەر بێت و نموونە بهێنینەوە ئەوە نموونـەکان یەکجار زۆرترن لەوە، لەناو ئەوانەدا دوو نموونە نووسراوە، یەکێکیان: فەرامۆش کردنی ئەندامانی خێـزان، دووەم: دابڕانی پەیوەندیی خێزانی، ئەگەر ئەمە بخرێتە یاسایەك بە توندوتیژیی بەپێی ماددەی شەشەم، خەڵك حوکم بدرێت، لەسەر ئەوەی ماڵێك دۆستایەتی یان برایـەتی لەگـەڵ مـاڵی خـەزووری کوڕەکـەی یـان کچەکەی ناکات، سزا بدرێت، کارێکی زۆر خەتەرە لەکۆمەڵگادا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێز دکتۆر صباح بەرزنجی، فەرموو.**

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەماددەی دووەم، لەبڕگەی یەکەم کـە دەڵێـت( یحظـر علـى اي شخصـين يـرتبط بعلاقـة اسـرية ان يرتكب بأي صورة من الصور العنف الاسري) ئەو قەیـدی (يـرتبط بعلاقـة اسـرية) پێویسـت ناکـات، چـونکە**

ئەگەر ئەو قەیدە هەبێت، مەفهومی موخالفەکەی ئەوەیە کە ئەگەر کەسێك بەتاقی تەنها خۆی بێت، بۆی هەیە بچێت، توندوتیژیی خێزانی ئەنجام بدات، مەبەستی ئێمەش ئەوەیە بەڕاستی هیچ کەسێك نەتوانێت توندوتیژیی خێزانی ئەنجام بدات، ئەگەر کەسێکی ڕەبەنیش بێت فەرزەن، کەواتە ئەگەر هەر بووترێت،( یحظر علی اي شخص ان یرتکب اي صورة من صور العنف الاسري) ئەوە باشترە، غەرەزەکەش باشتر ئەپێکێت، وە ئیقتراح دەکەم بەڕاستی ئێمە هەموو جۆرەکانی یان زۆرینەی جۆرەکانی توندوتیژیی خێزانی بەماددەیەکی سەربەخۆ دابنێین، نەك ئاوا بەم شێوە بەم تێکەڵ و پێکەڵییە، یەعنی ئەو ئیجرائاتەی کەدوایی باس دەکرێت، ( یحق للمتضرر) ئەوە بکرێت بەماددەیەکی جیاواز، پشتگیری لەوەش دەکەم، بەڕاستی زۆرینەی مەصادیق و جۆرەکانی توندوتیژیی لەم یاسایەدا هەبێت، ئەگەر (علی سبیل المثال)یش بێت، هیچ کێشە نیە، چونکە بەڕاستی ئێمە کەسمان ناتوانین ئیحاتە بکەین بەهەموو جۆرەکانی، یەعنی بە ئەندامانی پەرلەمان هەر هەموویان ئەگەر هەمووشی کۆبکەینەوە ڕەنگە هەندێ جۆری تر هەبێت ئێمە نەتوانین تەصەوری بکەین، بەشێك لەو جۆرە بارزو زۆر بەرجەستەن لەکۆمەڵگای خۆماندا بە نەص بیانهێنین، ئەگەر جۆرێکی تریش هەبوو دوایی دەرکەوت، پێناسەکە لەماددەی یەکەمدا دەیگرێتەوە، چونکە پێناسەکە پێناسەیەکی جامع و مانع بوو، ئەبێت ڕاستیەکیش هەیە دەبێت بیزانین بەڕێزان کە قەواعیدی یاسایی، زەرورییە، بەڵام کافی نییە، یەعنی قەواعیدی قانونی بۆ ڕێگە گرتن، بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، بەڕاستی هەنگاوێکی زۆر پێویستە، بەڵام نابێت بە تەما بین تەنها بە قەواعیدی قانونی چارەسەری ئەو کێشانە بکەین، چونکە لە پاڵ قەواعیدی قانونی قەواعیدی ئەخلاقیش هەیە، قەواعیدی ئەخلاق، قەواعیدی دین، مەوازیعی فیترە، فیترەتی بەشەری، یەعنی بۆیە بەڕاستی جاری وا هەیە کەلیمەیەکی بەسیت دەبێت بە توندوتیژی، بەڵام جاری وا هەیە ئەو کەسەی کەلیمەکەی بەرامبەریان ئەنجامدراوە چاوپۆشی دەکات بەپێی قەواعیدی ئەخلاق، بۆیە ئێمە دەبێت ئاگامان لەوە بێت، بە تەنها ئەو یاسایە ناتوانێت بەرەنگاربوونەوە بکات، بەڵام زەرورە ئەم یاسایە، بۆ ئەوە نییە کە بڵێین ئەم یاسایە نەبێت، وێڕای هەندێك مەوازیعی فیتری بەشەریش، یەعنی فیترەتی بەشەری جاری وا هەیە قەواعیدی ئەخلافیشی چارەسەری مەوزوعەکە ناکات، بەڵام ئەو ئولفەت و مەحەبەتەی کە لەنێوان خێزانەکاندا هەیە، لەنێوان ئەندامەکانی خێزاندا هەیە، زۆر بەهێزترە لەو پەیوەندیەی لەنێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگادا هەیە، بۆیە ئێمە نابێت بەڕاستی بڵێین بەو شێوەیەو بەو ڕەهاییە بهێڵینەوە، چونکە وەکو شاعیرەکە دەڵێت (نظرة فبأبتسامة فسلام، فحنینن، فموعد، فلقاء)، یەعنی جاری وا هەیە مەحکمە چارەسەری مەوزوعەکە ناکات، قەواعیدی ئەخلاقیشی فریای ناکەوێت، بەڵام لێرە ئەو تەبیعەتە بەشەریەی لەنێوان ئینسانەکاندا کەفیلە بۆ ئەو مەوزوعە، ئێمە نابێت هیچ جۆرە توندوتیژییەك بە کەم و بە سووك بزانین، یەکێك لە بیرمەندەکان دەڵێت وەکو بناغەی خانوو بریتیە لە خشتێك، جاری وا هەیە بناغەی شەڕێکی خێزان لە کەلیمەیەکەوە دەست پێ دەکات، لە وشەیەکەوە دەست پێ دەکات، ئەم یاسایە تەبعەن تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە لە ئاخیر خاڵم ئەوەیە یاسایەکی زۆر گرنگە، بۆی هەیە ببێت بە

نوقتەی تەحەول لە کۆمەڵگای کوردستاندا، بۆیە داوا دەکەم زۆر بە وردی و بە کاوەخۆیی و بە نەزڕەیەکی شمولی ئیستیعابیەوە دایبڕێژین، چونکە ئەگەر وا نەبێت ئێمە لەحیاتی ئەوەی چاوەکە برێژین، چاوەکەی کوێر دەکەین، ئەو پەندەمان بەسەر هاتووە دەڵێت (اراد ان تكحلها فعماها)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار هاوڕاز خۆشناو کەرەم بکە.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو، منیش پێموایە ئەم رەئی یەکەم و رەئی دووەمە، دەبێت دەمج بکرێت، چونکە لە ماناو تێگەیشتن و لە ناوەڕۆکدا بەڕاستی ئەمە زیاتر مانادار دەبێت لە دەمج کردنی، بەڵام سەبارەت بە رەئی دووەم بەڕاستی ئەم تایبەت کردنەو تەحدید کردنەو حەسر کردنە، بۆ خۆی لەوێدا بەڕاستی دیارە ئێمە هەمووومان دەزانین بەر لەو شتانەی کە ژماردراون و هەژمار کراون، شتی تر هەیە، توندوتیژی تر هەیە، بەرامبەر بە خێزان دەکرێت، لەبەر ئەوە کە ناکرێت ئەمانە لە رووی یاساییە ئیشکالاتێکی گەورەمان بۆ دروست دەکات، ئەمە بەشێکی بەڕاستی ئەمە ناکرێت ئەم هەژمار کردن و ئەمانە بەو شێوەیە بێت، لە روویەکی ترەوە ئەم کەوانە کردنەوەیەو داخستنی کەوانە کە لە دوای هەژمار کردنی ئەوانە بەڕاستی بەبێ ئەوەی (....... الى اخره) یان (تا دوایی) لەوێ دیاری بکرێت، ئەمە دیسان ئیشکالاتێکی تری گەورەیەو تۆ بە راشکاوانە دەڵێی ئەو شتانەن و بە دەر چی تر نینە، ئەمە بەڕاستی بۆ خۆی جێگای ئەوەیە، من پێم باشە شتی مەتن بگوترێت، نەك ئەم وردەکارییانە باسی لێوە بکرێت، ئەگەر شتی مەتن بگوترێت، ئەو کاتە بەو یاسایانەی کە هەیە دەتوانین تەحدیدی بکەین.

سەبارەت بە خاڵی سێیەم، من نازانم دەبینم ئەم خاڵە یەعنی تۆزێك پێویستی بە روون کردنەوەیە، چۆن دەسەڵمێندرێت ئەمەی کە باس لەوە دەکات هیچ داواکارییەك پێشکەش ناکرێت، تەنیا ئەگەر توندوتیژییەکە روویدا بێت، لە ماددەی یەکەمدا کە باسی ئەوە دەکات، کە توندوتیژی خێزانی پێناسە دەکات، باس دەکات کە هەر کردارێك، یان وتەیەك، ئیتر تا دوایی ئەم پێناسەیە، لەبەر ئەوە من وای دەبینم ئەم خاڵە، خاڵی سێ لابچێت، یان بەشێوەیەکی تر روون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ناسك تۆفیق کەرەم بکە.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆربەی قسەکان کران، تەنها ئەوەندەیە شتێك بە بیری خۆمان و ئەندامانی لیژنەی ژنان بێنمەوە، ئەوەیە کە ئەسڵی ناوهێنانی ئەم جۆرەی توندوتیژی بۆ ئەوە بوو، کە هەر ئەو پرۆژەیەی کە یەکەم جار

هاتۆتە ناو پەرلەمان، جۆرەکانی توندوتیژی تیایە، دیارە ئەم پرۆژەیەش زۆر لە زووەوە هاتووە، یەعنی لە خولی پێشووی پەرلەمانیشدا هەبووە، یەعنی ئەوە زیاتر لە پێج، شەش ساڵی بەسەر چووە، بۆیە هەندێك لەم توندوتیژیانە لەوە دەچێت وردە وردە بەرەو کەم بوون چوو بێت، نەتیجەی ئەوەی کە لە ئیعلام و لە بواری پەروەردەیی و هۆشیارییەوە ئیشی لەسەر کراوە، هەندێك لەم توندوتیژیانە بەرەو نەمان چوو بێت، بۆیە وەکو هاوڕاز خان گوتی داخستنی ئەم قەوسە، ئەو کاتەش من پرسیارم کرد لە لیژنە وتم ئەمە بۆ میسالە، یان بۆ حەسرە، گوتیان بۆ میسالە، بەڵام دیارە دەبێت ڕۆشن بێت، بۆ ئەوەی حەسر نەبێت لەم نموونانە، (الى اخره) بۆ زیاد بکرێت، ئەوە خاڵێك.

خاڵی سێیەم، هەر من پێموایە زیادە، هەر لایببەین، خاڵی یەکەم ئەوەی کە کراوە بە (هناك رأي اخر) ئەوە دەمج بکرێت لەگەڵ یەکەمدا، یەعنی یەکەم هەر بمێنێت، ئەمەی کە دەڵێت رەئی ئاخر تەکمیلە بێت بۆ ئەویتر، نەك یەکێکیان بێت، یەعنی یەکێکیان لە بڕی ئەویتریان دانێین، یەك مولاحەزەی ترم هەیە لە ئەخیردا ئەویش ئەوەیە خۆزگە هەمووومان کە بیر لەم یاسایە دەکەینەوە بیرمان بێت ئەمە بۆ ئوسرەیە، یەعنی ژنان وا بیر نەکەنەوە، ئەمە تەنها بۆ ژنانە، یەعنی وا بیر بکەینەوە کە ئەمە تەنها ماڧی ژنی تیا دەپارێزرێت، بیرمان بێت بۆ ئەوەی منداڵەکانمان سبەینێ نەتوانین بەو شێوەیەی دەمانەوێت، یاخود برامان، خوشکمان، بۆ ئەوەی هەمووومان بتوانین بە کاملترو شاملتر بیر لەوە بکەینەوە، ئەمە بۆ ئوسرەیە، یەعنی تەنها ژن تیایدا قازانجبار نابێت، ئوسرە بەعام تیایدا موستەفید دەبێت، ئەگەر زەرەریش بکەین، هەمووومان بە یەکەوە زەرەر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرمان:**

زۆر سوپاس، ڕاستە یاساکە زۆر لە زووەوە تەقدیم کراوە، بەڵام ئاخیر ڕاپۆرت بۆ ئێمە لە 2011/5/11 گەیشتە دەستمان، ئێمە دامانناوە، بۆ ئاگاداری جەنابت، ڕێزدار شەونم محمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی دووەوە من پێم باشە خاڵی یەك و دوو یەکبخرێت، واتا دەمج بکرێن بە یەکەوە، چونکە بە هەردووکیان ئینجا بابەتەکە تەواو دەکەن، هەروەها ئاشکرایە بابەتەکانی توندوتیژی مەوداکانی ئەوەندە زۆرو بڵاوەو جۆرەکانی بڵاوەو، وابزانم لەم پرۆژەیەدا ناتوانین هەموو بابەتەکان بە تەواوەتی باس بکەین، هەروەها پێشکەوتنی تەکنیك و تەکنەلۆجیا لە هەموو دنیادا ڕۆژانە جۆرەها جۆری تازەی توندوتیژی دەهێنێتە کایەوە، بۆ ئەوەی ئەندامەکانی کۆمەڵگا بە ژن و پیاو و منداڵەوە پێوەی گیرۆدە ببن، لەبەر ئەوە پێم باشە لەم خاڵەدا (على سبيل المثال) دابنرێت، ئەم توندوتیژییانەی کە باس کراوە، بکرێت بە (على سبيل المثال) تاکو لە داهاتوودا جۆرەکانی تری توندوتیژی کە دێتە ئاراوە، دەرگا ئاوەڵا بێت بۆ ئەو دادوەرە بەڕێزانەی کە کاری تیا دەکەن، جۆرەکانی تری توندوتیژیش بخرێتە ئەم حاڵەتەوەو ئیشی لەسەر بکرێت، بەڵام ئەوەی لە ئێستادایە ئێمە باسی ئەم بابەتانە بکەین، لەم قانونەدا لەبەر هەندێك

هۆیە، چونكە ئەم توندوتیژیانە ئەگەر سەیری بكەین زۆربەی زۆری ئەو توندوتیژیانەیە كە رۆژانە لەناو خێزانەكانی كۆمەڵگای ئێمەدا بەڕێوە دەچێت، بووە بە كەلتوورێكی عام لە كۆمەڵگادا، لە زۆربەی زۆری ماڵەكاندا بەڕێوە دەچێت، بۆ نموونە، لەوانەی كە باس كراوە مەسەلەن تف كردن لێیان، لە زۆربەی خێزانەكان ئەم توندوتیژیانە بە مەبەستی تەمێ كردن، یاخود ئیرشاد كردن، یان لە منداڵ دەدات زۆر بە خراپی لەسەر ئەساسی ئەوەی كە منداڵەكەی تەمبێ دەكات، بەلاَم توندوتیژیەكان هەر هەیە لە كۆمەڵگاو هەر بەردەوامە، رەنگە نیسبەتەكانی كەم بوو بێتەوە، لەبەر پێشكەوتن و شارەزایی خەڵك بە هۆیەكانی راگەیاندن، هەروەها پێشكەوتنی كۆمەڵگا، بەلاَم لایەزال بەنیسبەتێكی زۆر هەر ماوە لەناو كۆمەڵگادا، ئینجا پێموایە جگە لەوەش لە حاڵەتێكی تردا باس كردنی ئەو توندوتیژییانە لەناو قانونەكەدا دەبێتە هۆی ئەوەی كە تۆ قانونێك دەردەكەیت لە پەرلەمان، بەتایبەتیش ئێستا، بەڕاستی ئەو قانونانەی لە پەرلەمانەوە دەردەچێت خەڵك زۆر گوێی لێ دەگرێت، خەڵك هۆشیارە، موتابەعەی دەكات، لە حاڵەتی رووبەڕوو بوونەوەشدا لەناو مەحكمەكاندا، هەر خەڵك لە قانونەكە شارەزا ببێت، باس كردنی ئەم بابەتەو ئەم جۆرە توندوتیژییانە ئاشنا كردنی خەڵكە بەم بابەتانە، لە رووی سایكۆلۆجیەوە من تەسەور دەكەم تەئسیرێكی باشی لەسەر خەڵك هەبێت، كە گوێی لێ بێت، بۆ نموونە ئەو پیاوەی كە بە حەقی خۆی دەزانێت ئەگەر تف لە ژنەكەی بكات، یاخود زۆر بە توندی لە منداڵەكەی دەدات و ئازاری دەدات، كاتێك كە ئەم قانونەی گوێ لێ دەبێت و دەیبیستێت، من تەسەور دەكەم هەڵوێستیەك بكات جارێك و دوو جار هەر هەڵوێستە دەكات لەسەر ئەوەی ئەو قانونە رەدعێكە بۆ كەم كردنەوەی ئەو توندوتیژییانە لە داهاتوودا، بۆیە پێم باشە ئەو بڕگانە لە قانونەكەدا (علی سبیل المثال) باس بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دلێر محمود كەرەم بكە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بەپێی ئەم یاسایە، ئەگەر مەبەستمان ئەوە بێت كە پرەنسیپە بنچینەییەكانی مافی مرۆڤ بچەسپێنین بە كردەوە، لەبەر ئەوە من وا بەباشی دەزانم لە قوتابخانەكاندا، لەوەزارەتی پەروەردە بابەتێك هەبێت كە بەرنامەی تایبەت بێت بە مافی منداڵان و مافی مرۆڤ بخوێندرێت، چۆنیەتی هەڵسوكەوت كردنی، بۆ ئەوەی لە ئێستاوە بناغەیەكی بۆ دابڕێژرێت، نەوەكو ئێستا هەر ماددەیەك، ئەوەی كە لەناو خێزاندا هەیە چارەسەری بكەین و بناغەیەكی بۆ دانەڕێژین، ئەمە لەلایەكەوە.

لەلایەكی ترەوە، ماددەی دووەم كە ئێمە دەڵێین توندوتیژییە بەرامبەر بە توندوتیژی خێزانی، لێرەدا تەنها توندوتیژی بەپێی ماددەی دووەمی لە خاڵی یەكەمدا، من پێم چاكە یاخود یەكەمیان بەكار بهێنرێت كە دەڵێت هەر كەسێك كە پەیوەستی هەبێت پەیوەندییەكی خێزانی ئەنجامدانی هەر جۆرە توندوتیژییەكی خێزانی لێ قەدەغە دەكرێت، ئەگەر رەئی دووەم بێت، ئەوەی كە جۆرەكانی دەست نیشان

کردووە، ئەو جۆرانە زۆر کەمن، زۆری زۆر لەوە زیاتر هەیە، ئەوەی کە لێرە هەیە تەنها پەیوەندی هەیە لە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانەوە، باشە توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان، منداڵێك کە بە زۆر لەلایەن گەورەکەیەوە لەشفرۆشی پێ دەکرێت، بەزۆر لە فوتابخانە دەردەهێنرێت و ڕێگای پێ دەگرێت بەبێ هیچ عوزرێکی مەشروع، لێرە تەنها دەینرێتە ناو بازاڕو شتی پێ دەفرۆشێت، یاخود توندوتیژی لەو کاتە ئەوە تەبعی ئینسانە، کە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنەکەی کەم دەکاتەوە، دێت بەرامبەر بە منداڵەکانی بەشێوەیەکی تر ئیفرازاتی تر دەردەبڕێت و بەبێ ئەوەی هیچ سۆزێکی باوکایەتی هەبێت بەرامبەر بە منداڵەکەی، لەم حاڵەتەدا کەواتە پێویستە ئەگەر ئێمەجۆرەکانی توندوتیژی تەسنیف بکەین و جۆرەکانی زیاتر بکەین و مافی منداڵیشی تێ بکەین، کە منداڵیش بەو شێوەیە دوور بێت لە توندوتیژی، لە هەمان کاتدا هەر لێرە بەرامبەر بێنێت ئافرەتیش لەوەی کە زۆر زیاتر ئێستا باوە، مەسەلەی خۆ سووتاندن، کوشتن بەناوی نامووسەوە، ئەمانەش هەر لەخۆیەوە شوێنی کراوەتەوە، من بە چاکی دەزانم کە شوێنی بۆ بکرێتەوە، لەهەمان کاتدا لە بڕگەی چوارەمدا باسی ئەوە دەکات کە ئەو کەسە خۆی بچێت شکایەت بکات، باشە لە کوردستانی ئێمە، یاخود لە هینی ئێمە زۆر منداڵ هەیە باوەپیارەی هەیە، یاخود باوە ژنی هەیە، ئەم منداڵە ئەگەر تووشی ئازار دەبن، کە ئەوانەی باوەژنیان هەیە، یان باوەپیارەیان هەیە تووشی عەزیەتی زۆر دەبن، ئەو عەزیەت و ئازارانەی دەبن لەوانەیە ئەگەر خۆی بچێت شکایەت بکات، تووشی ئەوە بێت زیاتر وەزعی خراپ بێت، بەڵام ئەگەر دراوسێیەکەی، یان خزمەکەی دەرەجە سێ و چواری ڕێگا بەوەش بدات کە خزمی دراوسێیەکەی، یان خزمی دەرەجە سێ و چواریش بچێت شکایەت بکات و سکاڵای ئەو منداڵە بگەیەنێتە شوێنی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاشتی عەزیز کەرەم بکە.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم، من رام وایە کە بڕگەی یەکەم بە گونجاوی نازانم بۆ پرۆژەکە، ئەویش بە پاساوی ئەوەی کە بەڕاستی ئەگەر تەحدید نەکرێت کە شێوازەکانی توندوتیژی لەبەر ئەوەی ئەو سەنەدەی کە قانون لە کوردستان و لە عێراقدا، لەم مەنتیقەیەدا ئیعتیماد ناکاتە سەر عورفی محاکم، واتا عورفی محاکم و ئەو مومارەسەی لەناو محاکمدا دەکرێت بە سەرچاوەیەکی قانونی دانانرێت و سوود لە کەیسە جیاوازەکانی محاکمەکان نابینیرێت، بۆ ئەوەی بکرێت بە مەتنێك تا هەموو مەحکمەیەکی جیاواز بتوانێت سوودی لێ ببێنێت، لەبەر ئەوەی سروشتی کارکردنی قانون، سەرچاوە قانونیەکانی عێراق بەو شێوەیە کە ئێمە ناتوانین ئیستیفادە لە عورفی محاکم بکەین، ئێمە یەك ڕێگامان لەبەردەم دایە، بەڕاستی ئەوەیە کە بەردەوام قانون دەربچێت، بۆ ئەوەی بتوانێت مواکەبەی شتە تازەکان بکات، ئەمە چ ڕێگرێکە لەبەردەمی ئەوەی کە یاسای سزادانی عێراقی ساڵی 1969 کە بۆ کۆمەڵێك کێشە دروست بووە، کە مواکەبەی تەتوری

ئێستا ناکات، بۆیە پێویستە بەردەوام یاسا لە تازە بوونەوەدا بێت، بتوانێت وەڵامی هەموو ئەو گۆڕانکاییانە بداتەوە، چونکە مرۆڤ بەپێی تەتور کردنی ئیبداع دەکات لە شێوازەکانی توندوتیژیدا، بۆیە ئەمە پاساوێکیشە بۆ خاڵی دووەم، کە حەسر نەکرێت (علی سبیل المثال) بێت، چونکە چەند تەکنەلۆجیا لە پێشکەوتندا بێت، ئەوەندە ئینسانیش لایەنە ئیبداعەکانی وا حیلە دەدۆزێتەوە بۆ شێوازەکانی توندوتیژی کە لەوانەیە ئەگەر حەسر بکرێت تیای نەدۆزرێتەوە، تیایدا قەید نەکرێت، ئەمە یەکێك لەخاڵەکان.

رەئیەکی تر هەیە، کە ئەم پێناسەیە بەشی دووەم شمولی منداڵ ناکات، یان منداڵ تێدا فەرامۆش کراوە، من رەئیم وایە کە دەڵێین (الزواج بالاکراه)، ئایا ئەمە منداڵ ناگرێتەوە؟ (زواج الصغیر)، (زواج مقابل الدیە)، یەعنی تەهمیشی ئەفرادی ئوسرە، مەرج نییە ئەمە بە تەنها مەبەست لە پەیوەندی نێوان ژن و مێرد بێت و ئەم روئیایە، روئیایەکی تەسەکە، بۆ ئێمە کە عورفێکی دروست بووە بەرامبەر ئەو ناونانە، بڕوام وایە ئەمانە منداڵیش دەگرێتەوە لە خێزاندا، منداڵێك کە تۆ لە بەرپرسیاریەتی خوێندن و دابین کردنی پێداویستی خوێندن، ئەمە جۆرێکە لە فەرامۆش کردن، کە ئەمە منداڵیش دەگرێتەوە، هەروەها تەمییزیش، جیا کارییە لەنێوان کچ و کوڕدا، مەرج نییە تەنها لەنێوان کچێك کە لەسەرووی پازدەساڵەوە بێت، ئەمە منداڵیش دەگرێتەوە، ئیهانە، سەب، شەتم، قەزف، زەرب، (ایذاء بهدف التأدیب) هەموو ئەمانە منداڵ دەگرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە عورفێك لەلامان دروست بووە، کە زۆر جار روئیایەکمان هەیە بۆ ئەم مەسەلانە، لەبەر ئەوەی کێسەکانی ژن زۆرە، ئەمە وای کردووە زەمینەیەك دروست بووە، کە ئەم شتانەت گوێ لێ بێت و ژنمان بیر بکەوێتەوە، کە ئەمە دەبێت ئێمە دیدگای خۆمان بگۆڕین سەبارەت فراوانی بکەین و مەودای بیر کردنەوەمان بەرامبەر بە کەیسی توندوتیژی، دەبێت ئێمە ئیزافە بکەین بەرامبەر بە بۆچوونی خۆمان بەرامبەر بە حاڵەتەکان، بڕوام وایە ئەگەر وشەکان بێت، دەتوانێت وشەکان هەمووی بپارێزێ، بۆیە من یەك ئیقتیراحی ئەخیرم هەیە، ئەگەر هاتو دووەم تەسبیت بوو، جۆرەکان، چەند جۆرێك هەیە، کە ئیقتیراح کرا لەوانە کار پێ کردن بەمنداڵ و لەشفرۆشی کردن و ئەمانە، من بڕوام وایە تاوەکو لە عێراقدا یاسای بازرگانی کردن بە مرۆڤ نییە، لە هەرێمی کوردستانیشدا نییە، کە ئێستا ئەمە یاسایەکە لەسەر ئاستی نێودەڵەوتی زۆربەی زۆری وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش یاسای تایبەتیان هەیە، ئێمە فەقەرەیەکی تیا ئیزافە بکەین، ئەویش بازرگانی کردن بێت بە مرۆڤ، کە لەشفرۆشی و کار پێ کردن و جۆرەکانی تری چەوساندنەوە دەگرێت، ئەوە شێوەیەکی شمولیترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عبدالرحمن حسین کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم یاسایە تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیە، بۆیە کە دیاردەی توندوتیژی لەناوخێزاندا هەیە ئەمڕۆ تایبەت لەسەر ژن، بۆیە ئێمە ئەمە دەبێت بە گرنگی وەربگرین و بە جددی بێینە پێش و، نەك بە یاسایەکی تر وەکو بڵێین یاسای سزادانی عێراق و نازانم ئەولاو ئەولا، ئەمە یاسایەکی تایبەتە بە خێزان و بە ژنەوە گرێ دراوە.

سەبارەت بە ماددەی دووەم، من پێموایە هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەم دەمج بکرێت، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، بڵێت (هەر کەسێك کە پەیوەستی هەبێت بە پەیوەندییەکی خێزانی ئەنجامدانی هەر جۆرە توندوتیژییەکی خێزانی، بێینە سەر بڕگەی دووەم، کە دەڵێت لەسەر دابونەریتی کەلتووری باو، بۆ نموونە مەسەلەن وەك نەهێشتنی شوو کردن و ئیتر شوودان بەزۆر و شوودانی بچووك و تا دوایی، ئەمە تەواو بکرێت، پێموایە ئەمە باشتر دەبێت.

سەبارەت بە خاڵی دووەم، خاڵی دووەم هەر وا بمێنێت، خاڵی سێیەم کە دەڵێت هیچ داواکاریەك وەرنەگیرێت تا توندوتیژییەکە روو نەدات، کەواتە ئەگەر پیاوێك ژنەکەی کوشت ئینجا بچێت شکایەت بکات، ئەوە خێزانەکەمان تێکدا، هیچی بۆ نەما، دەبێت ئەو داواکارییە بە تەهدید بێت، بەقسە بێت، لەسەری حاکمەکە وەربگرێت، داواکارییەکە وەربگرێت، بەدواداچوونی بۆ بکات، بزانێت ئایا ئەوە راستە، یان راست نییە؟ ئەگەر راستە شتێکی بۆ بکات، من پێموایە ئەم بڕگەی وا دابڕێژرێتەوە (هەر داواکارییەك پێشکەش بکرێت، ئەگەر توندوتیژییەکە روویدا بێت، دەبێت بە هەند وەربگرێت)، نەك بڵێین هیچ داواکارییەك پێشکەش نەکرێت، مەسەلەن ناکرێت تەنها تا روودانی رووداوەکە، کە رووداوەکە روویدا ئەمە بۆچیە، هەردووکیان زەرەرمەند بوون و هەردووکی بگرین، خێزانەکە زەرەرمەند دەبێت.

بەنیسبەت خاڵی چوارەم، کە دەڵێت دەبێت شکایەت، یان خەبەردان جیران بێت، یان کەسانێکی تر بێت، من پێموایە کە جیران بوو ئەمە کێشە دروست دەکات، بۆ جیران تەداخولی کێشەی بکات، بەڵکو خێزانەکە خۆی رازی بێت بەو عادەت و تەسروفە کە مێردەکەی لەگەڵی بکات شتێکی تری لێ بکات، ئەگەر رازی بێت با بچێت شکایەتی خۆی بکات، بۆ جیرانەکە بچێت شکایەتی بکات؟ یەعنی هیچ حەقێکی نییە تەدەخولی ئەو خێزانە بکات، کێشەیەکی تر دروست دەبێت، یان بڵێت فەیدی نییە ئەگەر یەکێك پەیوەست بێت بەو خێزانە مەسەلەن بە دەرەجە چواریش بێت بچێت هاوکار بێت لەگەڵی، یان پەنا بباتە بەر، مەسەلەن ژنەکە ئەگەر کێشەیەك روویدا لەناو خێزانەکەی بچێت پەنا بباتە بەر جیران تا یارمەتی بدات، بیباتە لای دادگا، فەیدی ناکات، بەلام کە خۆی بچێت تەداخول بکات و ئاگای لێ نەبێت بچێت شکایەت بکات بڵێ ئەو خێزانە وا بووە، ئەمە زۆر شتێکی یەعنی بەڕاستی هیچ دابونەریتێکی نییە، بەرەئی من تەدخولێکی یەعنی نارێك و پێکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ڤیان عبدالرحیم کەرەم بکە.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانم کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار گەشە دارا جلال کەرەم بکە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، وابزانم زۆر لە قسەکان کرا، لەبەر ئەوەی کەوتمە کۆتایی، ئەخیر کەسم، بەڵام دێمەوە سەر ئەو بابەتەی کە ئەمە یاسایەکی تایبەتە، بۆ مەبەستمانە بەنموونە باس بکرێت ئەو تاوانانەو بژمێردرێت؟ یاسایەکی تایبەت بە تەنها یاسا نییە، یاسایەکە بوعدێکی کەلتووری هەیە گۆڕانکاری لەسەر ئاستی کۆمەڵگە دروست دەکات، بەڕاستی یەعنی ئەو تاوانانە کە لەلایەن کەسانی توندوتیژکارەوە دەکرێت، لەناو خێزاندا بەمافێکی خۆی دەزانێت، هەر ئەو کارە دەزانێت ئەگەر لەسەر جادەیەك، یان لە شوێنێکی تر بیکات، یان لە دائیرەیەك بیکات، ئەمە تاوانە، بەڵام پێی وایە ئەگەر لەناو ماڵدا بیکات ئەمە مافێکی خۆیەتی، ئەمە پارێزراوە، مەصونە، یەعنی لەلایەن شەرعەوە، ئەمە کەلتوورێکە، نە لە شەرع وایە، نە لە قانون وایە، راستە یاسای سزادانی عیراقی باسی لەو توند و تیژیانە کردووە، بەڵام ئایا بۆ نموونە ئێمە کە باسی خەتەنەمان کردووە، کە ماددەی 412 لە یاسای سزادانی عیراقی باسی (بتر العضو) دەکات، تا ئێستا چ کەیسێك چووە بەردەستی مەحکەمە لەسەر بابەتی خەتەنە ماددەی 412 بە سەریدا تەتبیق بکرێ، لەبەر ئەوە ئێمە کە ئەڵێن بە نموونە باس بکرێ، زیاتر بوعدێکی کولتوری و گورانکارییەکی سەقافی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و لە پەیوەندیە خێزانیەکان بەدەست بێنی، ئەم یاسایە و موعالەجەی ئەمەشمان کردووە کە ئیجتیهادی قازی نەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەمڕۆ تاوانێك لە شوێنێك بە تاوانێکی توند و تیژی خێزانی بە تاوان بێ و لە شوێنێکی تر نەبێ، بەداخەوە من ئەم حاڵەتەم بینی کە بەڕێزان لێژنەی یاسایی کۆبوونەوەیەکیان بە یاساناس و حاکمەکان کرد، حاکم هەبوو باسی لەوەی کرد کە ئایا بە زۆر بە جووت بوون لەگەڵ خێزانەکەیدا مافێکی شەرعی خۆی نیە؟، یەعنی ئەمە تێڕوانینی خەڵکی ئێمەیە، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە لەم یاسایە زۆر بە روون و ئاشکرایی ئەو نموونانە بژمێرین، بەڵام بەس بە نموونە نا علی سبیل الحصر، موعالەجەی ئەوەشمان کردووە لە ماددەی حەوتدا کە ئەڵێ: بە پێی یاسای سزادانی عیراقی هەر حاڵەتێك لەم یاسایەدا باس نەکرابێ، قانونی 111 ی1969 بەسەردا تەتبیق بکرێ، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: ئەم تاوانانە توند و تیژی خێزانین، وەك نموونە: زۆر کردن لە هاوسەرگیری، زۆر کەس باسی لەوەی کرد، بۆ ئێمە تەنها باسی کچ بکەین، راستە ئەمە یاسایەکی خێزانیە، لەبەر ئەوە هاوسەرگیریەکە باشترە، بەزۆر تەلاقدان و شوودانی کچ و شووکردن لە جیاتی خوێن، ژن بە ژن بە کەم سەیر کردن، جنێو دان بە خۆی و کەس و کاری، لێدان، لێدان، لێدان بە مەبەستی تەنبیە کردن، فەرامۆشکردنی ئەندامانی خێزان، ڕێگە گرتن لە پەیوەندی خزمایەتی، کە زۆر باوە لە

**کۆمەڵگای ئێمەدا، فشاری دەروونی، بە زۆر جووت بوون لەگەڵیدا، ڕێگە گرتن لە خوێندن و توند و تیژی ئابووری، پشتگیری ڕایەکەی شلێر خان ئەکەم، خۆ سووتاندن کوێستان خانیش باسی کرد، کە ئامارەکان ئەدوێن، کە ساڵانە لە زیادبووندایە، خۆسووتاندن یاخود کوشتن لە ئەنجامی کاری توند و تیژی بە گشتی باس بکەین، اکراه الزوجه علی البغاء ، بە زۆر واز هێنان لە کار کردن، هەروەها پشتگیری ڕایەکەی د.کاوەی دەکەم، ئەو کەسانەی کە لە بواری تەندروستی و پەروەردە و شوێنە ڕەسمیەکان، کە حاڵەتەکانی توند و تیژی دەچێتە بەردەمیان، هاوکاری قوربانی بکەن بۆ ئەوەی کە تەبلیغی داوە کاری گشتی بکات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز تارا ئەسعەدی فەرموو.**

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕاستی ئەم یاسایە کە هاتووتە دەرێ بۆ ئەم کۆمەڵگایەی خۆماندا، حەز دەکەم لێرەدا بە بچووکی بڵێم، ئەمە بۆ دانانی ئەو ماف و داب و نەریتانەیە کە هەموومان بەندین پێوەی، هەر تەنها بۆ لایەك نییە، لەبەر ئەوە من بۆ خاڵی یەکەم، وای ئەبینم کە ئەم دوو کردنەی یەکەم و دووەمەکە ئەتوانین بیکەین بە یەك، بەم شێوەیە کە پشتگیری خۆم بەڕاستی لە گەشە خان دادەنێم کە بێت ئەمە لەگەڵ یەك ببسترێتەوە، بەس من بەم شێوەیە دایئەڕێژمەوە، کە هەر کەسێك پەیوەندی خێزانی کە دوچاری هەر جۆرێك لە توندوتیژی ئەبێت کە ئەبێ پێکەوە بێت کە شێویەك لە شێوەکانی توندوتیژی کە ئەڵێت: یرتکب اي صورة من صور العنف الاسري، ئێمە دەڵێین (اي صورة من صور)، بەس ئێمە هیچ صورەتێکمان باس نەکردووە، تاکو بەم شێوەیە بێت وەکو ئەوانەی کە هاوکارانم کە دەستنیشانیان کرد، لەبەر ئەوە من وای دائەنێم کە ئێمە ئەتوانین بڵێین بە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی توندوتیژی کە دەتوانین وەکو نموونە، نەك بەشێوەیەکی حەصر کردن، یەعنی (علی سبیل المثال لا الحصر)، بە تەرخان کراوی نەبێ، بەڵکو بە نموونە، بەم شێوەی خوارەوە: یەکەم: توندوتیژی کۆمەڵایەتی، کە هاوسەرگیری بەزۆر ئەگرێتەوە، نەهێشتنی شووکردنی ژن بە ژنی، گەورە بچووك، شووکردن بە خوێن، فەرامۆشی خێزانی ئەندام کە صیلەی ڕەحمە، ئەمانە هەمووی توندوتیژی کۆمەڵایەتیە، دووەم: توندوتیژی زارەکی، کە سووکایەتی کردن بە زار و تفکردن و ئازاردان بە مەبەستی تەمبێ کردن، سێیەم توندوتیژی نەفسی، کە ئەمە زۆر زۆر باوە، بە داخەوە دەیڵێم، کە لە زۆربەی وڵاتان و بەتایبەتی لە وڵاتی خۆشمان ئەمە هەیە، وەلادان و کەمکردنەوە و جنێودان و گەورەترین ڕێژەی ئینتیحارو خۆکوشتن، کە نەتیجەی ئەم لایەیە، بەڕاستی لایەنی دەروونیە، کە کار ئەکات، کە بەداخەوە ئەیڵێم، من ئەوەش ئیقتیراح ئەکەم، کە ئینتیحار کە ئەمە بەشێکە بەتایبەتی سووتان، کە ڕاستە لە قانون و عقوبات لە 408 هەیە کە باسی کوشتن دەکات بە گشتی، کە سووتان یەکێکە لە شێوەکانی، بەڵام بەشێوەیەکی زەق لێرەدا باسی سووتان بکات، بەڵام پشتگیری خۆم ئەکەم لەوانەی کە**

باسیان کرد لێرەدا وابزانم کاك کاروانیش باسی سووتانیان کـرد، زۆر هاوکـارانی تریشـم کـە سـووتان ببێتـە یەکێك لەوانەی کە زۆر جـار هەیـە لـەناو خێزانەکـە یـەکێك لـە ئەندامـەکان خـۆی ئەسـووتینێ، بـەڵام کـێ بەدوای سووتاندنی بووە؟، بۆ خۆی دەرئەچێت و نازانرێـت و سـەبەبەکەی وا دادەنرێـت، یـان نەخۆشـیەکی نەفسـی هەیـە، یـان مێشـکی وای وەرگرتـووە، یـانیش بێـزار بـووە لـە ژیـان، بـەڵام خـۆی لـە دوایـدا ئەکیـد سـەبەبێك هـەبووە کـە بوویتـە ئـەوەی کـە خـۆی بسـووتێنیت، کـە بەداخـەوە ئەمسـاڵ ڕێژەکـەی زۆر لـە بەرزبووندایە، چوارەم: توندوتیژی ئابووریش، ئەوەش بەشێکە لەوانەی، ئەوانەی کە زۆرترین لە لادێکان و گوندەکان زیاتر ئەمە ئەبێت، پێنجەم: توندوتیژی رۆشنبیری کە زۆر لـە هاوکارەکـانم باسـیان کـرد، دەنگـی خۆم ئەخەمە پاڵیان، کە زۆر جار هەیە لە خوێندن و ئەوانە دادەبڕێن، پێش ئەخیر، توندوتیژی منداڵ کە لەگەڵ ئەوانەی کە وتیان و باسـی منـداڵیان کـرد، بەڕاسـتی د.رفیقـیش یـەکێك بـوو لـەو کەسـانەی کـە مـن پشتگیری ئەکەم، توندوتیژی منداڵ نەفسی و جەسەدی و جنسی، کە سێ شتە لەناو کۆمەڵگاکەی خۆشمانـدا ئەوە دائەنرێت، کە هەر دێینەوە سەر ئەو خاڵەی، ئەگەر لە منداڵییەوە توندوتیژی بەرامبەر نـەکرێ، ئـەم توندوتیژیە خێزانیەی کە دەبێتە دایك، خۆی غـەدر لـە منداڵەکـەی خـۆی دەکـات، یـان دەبێتـە بـاوك هـەر هـەمان شـتە، لەبـەر ئـەوە توندوتیـژی منـداڵ زۆر زۆر گرنگـە، یـەکێك لـە صـنفەکانی عـونفی ئوسـەریە، هەشتەم و خەتەنە کردن، کە بابێکی بۆ دانراوە، دەبی دیسانەوە سورەتێك لە سورەتەکانی عونفە، کە ئێمە بە یەکتریەوە ئەبەستین، دەبێ ئەوەش بە زەقی باس بکرێ، سەبەبەکەشی ئەوە بوو کـە وەکـو وتمـان تـەنها ئـەوە نیـە بـەس ئـەوە هەیـە لـەناو کۆمـەڵگای کـوردی، بـەڵکو شـتی تـریش هەیـە، بـەڵام ئەمـە شـتە هـەرە دیارەکانە کە لەناو کۆمەڵگاکەی ئێمە دیارە، بە تایبەتی توند و تیـژی جەسـەدی، کـە کوشـتنی بەدواوەیـە و سووتانی بەدواوەیە، ئەوەش خاڵە هەرە گرنگەکەیە، ئینجا هـی نەفسـی و دەروونـی، ئینجـا هـی سـێیەم هـی زارەکی کە شتێکی زۆر باوە، زۆر بە تەبیعی باسی ئەکەین، ئەمەش خاڵەکـەی یەکـەم بـوو، خـاڵی دووەم کـە ئەمـەویت بیڵێم: یحق للمتضـرر مـن العنـف، ئـەوەی بـۆ لابـبرێ کـە لـە دوا ڕۆژی تێـدا نـەبێ، چـوارەم مـن پشتگیری خۆم لە ئاسۆس خان و دکتۆر کـاوەش دەردەبـڕم لێـرەدا، کـە شـوێنی تریشـی بـۆ زیـاد بکـرێ، ئـەو کەسانەی کە لە تەندروستی و لە پەروەردەو لە مەراکزی صیحی کە ئەوانیش شتێك ئەبینن کە توندوتیژی تێدایە، بۆیە ئێمە ئەوانەمان هەڵبژاردووە، چونکە بەڕاستی چاو بوونی ئێمـە زۆر جـار هەیـە پیاوەکـە یـان ئافرەتەکە یان منداڵەکە ناتوانێ خۆی بچێت خەبەر بدات، ئەگەر یەکێك ببینیت بەس بە مەرجێك، ئـەو مەرجانەی تێدا بێ کە ئایا راستە ئەو توند و تیژیەی تێدا بێت، با ببێتە هاوکارێك وەکو حیمایەتێك بۆی، کە ئەو توند و تیژیە نەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس تەواو، کاتت تەواو، شیلان خان فەرموو.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من تێبینیەکم هەیە لەسەر ماددەی دوو، بڕگە یەك، بەشی یەك وەکو پێشنیار هاتیە، ئەو رستە بە عەرەبی هاتیە، خاصە تلك التي تستند على العادات والتقاليد السائدة، بەڵێ راستە هەندێك دیاردە موخابن و هێدی هێدی وەکو چەند قۆناغا بووینە عادات لەناو کۆمەڵگا کوردیدا، وەکی شووکردن یان ژنهێنا بە زۆری، یان شووکردنا بچووك، یان شووکردن بەرامبەری خوێن، بووینە عادات لەناو کۆمەڵگای کوردی، بەلێ، ئیهانە، سب و شتم و قذف و ضرب، کەنگی بوتە عاداتی کوردەواریە، بەلکی ئەوە رەوشتی مرۆڤی خەراپە، یانیش پەروەردەی خەراپە، چونکە لە کۆمەڵگای کوردیدا، یان لە هەر کۆمەڵگایەکی تر دا، لە سەرانسەری جیهانیدا، ئەز ژ بەر هەندێ پێشنیار دەکەم کو ئەڤ رستانە، (خاصة تلك التي تستند على العادات و التقاليد السائدة)، نەمینێت، بەشی یەك دەمج بێت لەگەڵ بەشی دوو، ئەز دگەل ئەڤ پێشنیارەم کو زۆربەی هەڤالی مە ئەندام پەرلەمان ئەڤرۆکە، کو چەند نموونەیەکی هێنایە دیاردەی توند و تیژی، چەند نموونەی هینایەتن کو چوویتە چوارچێوەی توندوتیژیدا، ناڤ تە ئەڤ لێرە هاتینە نووسین، کو گەلەك دیاردەی دینە ئەو ژی کە چوارچێوەی توندوتیژیدا ئەو بێتن لێ زێدە کرن وەکی خەتەنە کردن، ژن بە ژن، دیاردەیەکی تر کە ئەز دبینم خراپترین تشتە کە دێتە کرن توندوتیژیا بەرامبەری بچووکی ناڤ خێزانێدا ئەو ژی پێ دو فیلی یان ژی سێکس کرن گەل کچێك لەناو خێزان گەل بچووك، چ کچ بێت، چ کوڕ بێت ژێر تەمەنی (18) ساڵی، چ باب گەل کچ بێتن، یان برا مەزن گەل خوشکێ بێتن، یان ژن مام گەل برازی، یان برا گەل برای بچووك، کە ئەڤە نوکە سەرانسەری جیهانیدا دیاردەیەکە مەزترین بەرامبەریدا بکا، ئەگەر هاتو ئەڤ دەستکاری هاتە کرن کو ئەڤە ژی وەکی توندوتیژییەکە بەرامبەری بچووکدا لەناو خێزاندا ئەو ژی بێتە ئیزافە کرن، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان، ئێستا هەموو ئەوانەی کە ویستیان موداخەلە بکەن، موداخەلەی خۆیان کرد، دەستتان خۆش بێت، هەرچەندە دووبارەی زۆر تێدا بوو، بەلاّم رەئی خۆتان زۆر زۆر بەجوانی گوت، ئێستا دانیشتنەکە دوا دەخەین بۆ سەعات (6)ی ئێوارە، بەردەوام دەبین لەسەر بەرنامەکەمان، زۆر سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەرەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان داوا لە لیژنە پەیوەندیدارە بەڕێزەکان دەکەین فەرموون بۆ سەر مەنەصە، بۆ بەردەوام بوون لەسەر بەرنامەی کار، لیژنەی یاسایی فەرموون بەردەوام بن لەسەر بەرنامەی کار، بۆ ماددەی 2 فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ئەنجامی گفتوگۆ کردنی ماددەی 2ی پڕۆژەکە، ئێمە لیژنەی هاوبەش سیاغەی ماددەی دووەمان بەو شێوەیە کرد.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئەم سیاغەیە لەسەر موداخەلەی ئەندامانی پەرلەمانە، نەوەك هی لیژنەکان بەتایبەتی هی خۆیانە، ئەو موداخەلانەی کەبەیانی کردتان هەمووی لەبەردەستیان کۆیان کردەوە، سیاغەیان کردووە، ئێستا عەرزی ئێوەی بەڕێزی دەکەن، فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثانية:**

**اولاً: يحظر على أي شخص يرتبط بعلاقة اسرية ان يرتكب عنفاً اسرياً ومنها العنف البدني والجنسي والنفسي في اطار الاسرة، وتعتبر الافعال الاتية على سبيل المثال عنفاً اسرياً:**

**1- الاكراه في الزواج.**

**2-زواج الشغار وتزويج الصغير.**

**3- التزويج بدلاً عن الدية.**

**4- الطلاق بالاكراه.**

**5 -قطع صلة الارحام.**

6- اكراه الزوج للزوجة على البغاء وامتهان الدعارة.

7- ختان الاناث.

8- اجبار افراد الاسرة على ترك الوظيفة أو العمل رغماً عنها.

9- اجبار الاطفال على العمل والتسول وترك الدراسة.

10- الانتحار اثر العنف الاسري.

11- الاجهاض اثر العنف الاسري.

12- ضرب افراد الاسرة والاطفال بأية حجة.

13- الاهانة والسب وشتم الاهل وابداء النظرة الدونية تجاهها وايذائها وممارسة الضغط النفسي عليها وانتهاك حقوقها والمعاشرة الزوجية بالاكراه.

ثانياً: للمتضرر من العنف الاسري ضمانات لحمايته من العنف.

ثالثاً:

1- تحرك الدعوى في قضايا العنف الاسري من قبل المتضرر او من يقوم مقامه قانوناً باخبار يقدم الى المحكمة او المحقق او المسؤول في مركز الشرطة او الادعاء العام.

2- للعاملين في مجال الصحة والتربية والمراكز الرسمية تقديم الاخبار لمساعدة ضحايا العنف الاسري.

رابعاً: تكون اجرائات التحقيق والمحاكمة في قضايا العنف الاسري سرية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان تەنها لە خاڵی هەشت(رغما عنها) (رغما عنهم) چونكە جەمعە، ئەو چاك بكرێ، ئێستا بەڕێزان كێ لەگەڵە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا بۆ ماددەی سێ، زۆر سوپاس بۆ ئێوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

1- تشكل محكمة مختصة بقضايا العنف الاسري وفق قانون السلطة القضائية للاقليم رقم (23) لسنة 2007.

2- على وزارة العمل والشؤون الاجتماعية في الاقليم انشاء دور لضحايا العنف الاسري في مراكز محافظات الاقليم.

3- شمول ضحايا العنف الاسري بخدمات قانون الرعاية الاجتماعية عند عدم وجود معيل له.

4- تختص المديرية العامة لمكافحة العنف ضد المرأة في وزارة الداخلية بمتابعة قضايا العنف الاسري.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردیەكەش فەرموو بخوێنەوە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێیەم:**

1- **دادگایەکی تایبەتمەند بە بابەتەکانی توندو تیژی خێزانی پێك دەهێندرێت، بە پێی یاسای دەسەلآتی دادوەری بۆ هەرێم ژمارە (23)ی ساڵی 2007.**

2- **پێویستە لەسەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی خانوو بۆ قوربانیانی توندو تیژی خێزانی لەسەنتەرەکانی پارێزگاکانی هەرێم دروست بکات.**

3- **قوربانیانی توندوتیژی خێزانی یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی بیان گرێتەوە لە کاتی نەبوونی بەخێوکەر.**

4- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی لە دژی ئافرەت لە وەزارەتی ناوخۆ تایبەتمەندە بە بەدواداچوونی بابەتەکانی توندوتیژی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێش ئەوەی موناقەشەی ئەو برا بەڕێز و خوشکە بەڕێزانە دەست پێ بکات، ماددەی سێ(تشکل محکمة مختصة بقضایا العنف الاسری)ئێمە لە ماددەی یەك دەنگمان لەسەری دا کە بۆتە (محکمة مناهضة العنف الاسری) لەبەر ئەوە پێشەکی ئێمە خۆمان بەناوی هەموو لیژنەکە (تشکل محکمة مختصة بقضایا مناهضة العنف الاسری) زیاد دەکەین زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز جەنابی وەزیر کەرەمکە.**

**بەڕێز کاوە محمود شاکر/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەماددەی سێ هەروەکو ئەوەی کە هاتووە، ئەوەی (قضایا العنف الاسری) ببێت بە ( مناهضة قضایا العنف الاسری) ئەمە یەك، بەنیسبەت فەقەرەی دوو لە ماددەی سێ، (علی وزارة العمل والشؤون الاجتماعیة في الاقلیم انشاء دور لضحایا العنف الاسری) من پێم وانیە بڵێین (في مراکز محافظات الاقلیم) چونکە زۆر تەحدیدی دەکات، ئێمە شوێنی ترمان هەیە، لەوانەیە سبەی لە ڕانیە بکرێ، لە زاخۆ پێویست بێ، لەبەر ئەوە (في مراکز محافظات الاقلیم) لابەرین، ئەم جوملەیە ئیزافە بکەین کەلە هین هاتووە، لەماددەی 4 فەقەرە دوو هاتووە(اعادة تاهیل المتضرر من العنف الاسری من الناحیة النفسیة والبدنیة) یەعنی هەدەف لە (انشاء الدور لضحایا العنف الاسری من اجل اعادة تاهیل المتضرر من العنف الاسری من الناحیة النفسیة**

والبدنية) ئەم فەقەرەیە ئیزافە بکرێ بۆ فەقەرە دوو لەماددەی سێ، بەنیسبەت ماددەی چوارەوە، ئەوەی (تختص المديرية العامة) خۆی (لمكافحة) نیە (متابعة)یە (متابعة العنف الاسری) ئەمە ئەیکات، بەلاّم جگە لەوەش لەو مدیریەیە، ئیشی ئەو مودیریە جیایە لە ئیشی ئەوەی کە لە وەزارەتی ناوخۆ پێویستە قسمێکی خاس هەبێ لە سلکی شورتە، ئەو قسمە خاسە لە سلکی شورتە کە پێکهاتەکەی شورتەی ژن بێ، بۆ ئەوەی تەعامول بکات لەگەڵ قەزایەی عونف ئوسەری، یەعنی من پێموایە چۆن ئەڵێی (على وزارة العمل) بڵێین (على وزارة الداخلية انشاء قسم خاص في سلك الشرطة قوامها الاساسی من النساء التعامل مع القضايا العنف الاسری) بۆ ئەوەی فەقەرەیەکی تر ئیزافە بکەین، ئەویش کە زۆر گرنگە، ئەم مەسەلەی قەزیەی موتابەعە، ئیشی یەك وەزارەت نیە هەر عەمەل و شئونی ئیجتیماعی و داخلی بێ، کۆمەڵێك وەزارەت ومەجالیس هەیە هەیئات هەیە، موختەسە بەو جانبە کە ئەبێ ئیشی بۆ بکات، لەبەر ئەوە من موفتەرەحم وایە(على الوزارات والهيئات المختصة بتعامل مع الشأن الاجتماعی في حكومة اقليم كوردستان) مەبەستمان ئەوەیە، (الترويج بثقافة مناهضة العنف الاسری) یەعنی ئەمەش ئیزافە بکرێ، ئەوە تەکلیف دەکرێ ئیشی ئەعلای مەجلسی ئافرەتان ئەبێ، وەزارەتی تەربیەو و وەزارەتی تەعلیمی عالی ئەگرێتەوە، وەزارەتی رۆشنبیری ئەگرێتەوە، یەعنی بەو سیغەیە بێ(على الوزارات والهيئات المختصة بتعامل مع الشأن الاجتماعی في حكومة اقليم كوردستان الترويج لثقافة مناهضة العنف الاسری) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامیە پاشان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێ ئێستا ڕێم بدەی یەك ڕوونکردنەوە لەسەر ئەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگار بوونەوە، کە بەڕێز د.کاوە باسی کرد، چونکە ئەمە لە خولی پێشوو ئەم بەڕێوەبەرایەتیە دروست کراوە.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان ئێستا سرەت دێ قسە بکە لەسەری، ئاسۆس خان فەرموو.

**بەڕێز ئاسۆس محمد نجيب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ، بڕگەیەك نووسراوە (تشكل محكمة مختصة بقضايا مناهضة العنف الاسری) لێرە هیچ شتێك دیاری نەکراوە، مەحکەمە موختەسەکە ئیشی چیە، تەنها تەحقیق ئەکات لە کەیسەکە؟، چونکە لێرە تەداخولیەك و تێکەڵیەك هەیە، چونکە مەحکەمەی تەحقیقمان هەیە، جونەحمان هەیە، جینایەتمان هەیە، ئەگەر بکرێ تەوزیحێك زیاتر بدرێ، شتێکی چاکە، دوو(على وزارة العمل والشؤون الاجتماعية في الاقليم أنشاء دور) لە کوردیەکەش نووسراوە (ئەبێ سەنتەر دروست بکات) یەك کێشەیەکمان هەیە لێرە، لێرە بنووسرێ (على وزارة العمل والشؤون الاجتماعية في الاقليم توفيردور) من هەندێك جار

لەوانەیە پێویست بەوە نەكات ئەو ژنانە لەبەر ناحیەی ئەمنی و پاراستنی ژیانیان لەوانیە من دابەشیان بكەم بەسەر چەند شوێنێك، حالاتمان هەیە ئێمە ژنەكان لە سلێمانیەوە نەقل دەكەم بۆ هەولێر، زۆر جار لە هەولێرەوە نەقلیان دەكەین بۆ دهۆك، لەبەر ئەوەی بتوانین ژیانیان بپارێزین، لەوانەیە ئێمە لەدوارۆژ بتوانین سەنتەرێك یاخود بتوانم چەند خانوویەك بەكرێ بگرم بۆ پاراستنی ژیانیان، لەوانیە لە قەزاكانیش بێت، مەبەستم ئەوە لێرەیە نەوەك تەنها ئینشائی دور بێت، یەك سەنتەر بێ یاخود دوو سەنتەر بێ، شوێنەكەی دیاریكراو بێ، ئێمە ئەگەر بمانەوێ ژیانی ئەو ژنانە بپارێزین، نابێ بەو شێوەیە بێ شوێنەكەی دیاری بكرێ، داوای ئەوەش دەكەم كە بڕگەیەكی تر زیاد بكرێت (علی وزارة الصحة تأمین الرعایة الصحیة والنفسیة لضحایا) چونكە ئێمە ئێستا وەكو هاوكاری وزارەتی تەندروستی هاوكاریمان ئەكات، بەڵام لێرە لەیاساكە جێگەی بۆ بكرێتەوە، چونكە زۆرجار ئەو ژنانە پێویستیان بە عیلاجی نەفسی هەیە، ئەچنە سەنتەری ئەوانەی كە عیلاجی نەفسی وەردەگرن و ئەوسا ئەیانهێننەوە بۆ سەنتەری شەڵتەرەكانی لای خۆمان، ئەگەر بكرێت ئەو بڕگەیەش زیاد بكرێ، بەسەر وەزارەتی تەندروستی، كە ئەو رعایەی سەحی و نەفسیان بۆ جێبەجێ بكات، (شمول ضحایا العنف الاسری بخدمات قانون الرعایة الاجتماعیة عند عدم وجود معیل له) لێرە ئێمە نابێ بەو شێوەیە بڵێین (عدم وجود معیل له) ئەو موعیلی هەیە ئەوكاتە، بەڵام ئێستا هەڕەشەی لەسەر كراوە، ئەو كاتی كە كێشەكەی ئەبێ، ئیزافەی ئەوە بكەین كە كێشەكەی تەواو بوو، كێشەكەی كۆتایی هات بەوەی كە چارەسەر كراوە، گەڕایەوە بۆ ناو خێزانەكەی خۆی، لەو رعایە ئیجتیماعیە، ئەوكاتە دەردەكرێت لە تۆڕەكەو سوودمەند نابێ، ئەمە تۆزێك تەوزیحی زیاتری ئەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕاستی بەڕێز ئاسۆس خان ڕاست دەكات، یەعنی ئەگەر لە ناحیەیەكی بچووك مەركەزێك هەبێ، ئافرەتێك لە ماڵەكەی ڕا بكات بچێتە ئەوێ، لەوێ بچنە سەری هەر كوشتنیش دروست بێت، بۆیە ئەمە ئەبێ ورد بیری لێ بكرێتەوە، ئێستا ئێوەی بەڕێز كێ ئەتانەوێ قسە لەسەر ئەم ماددەیە بكەن ناوتان ئەنووسین، كوێستان محمد، ئارام قادر، احمد وەرتی، عمر عبدالعزیز، خلیل عثمان، عظیمة نجم الدین، كاوە محمدامین، شوان كریم، شڤان احمد، شیلان عبدالجبار، نەریمان عبدالله، تارا ئەسعەدی، د.بشیر، ئەم بەڕێزانە داوایان كردووە موداخەلە بكەن، فەرموو كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم پێویستە ئەمە بنووسرێ(دادگای تایبەتمەند بۆ بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی) لە بڕگەی دووەم ئەوەی بۆ زیاد بكرێ، بۆ دووبارە ئامادەكردنەوەیان لە ڕووی جەستەیی و دەروونیەوە، هەروەك هەردوو ئەو بەڕێزانەوە هەردوو وەزیریش ئاماژەیان پێی كرد، لەسەر بڕگەی چوار من ئەمەوێ یەك ڕوون كردنەوە بدەم، ئەگەر یارمەتیم بدەن بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگار

بوونەوەی توندو تیژی، دیارە ئەم بەریوەبەرایەتیە ڕاستە ئێستا بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژیە، بەلاّم پێموایە ناوەکەی بە هەڵە هاتووە لە یاسایەکە، لەبەر ئەوەی من ئەمەویّ ئەوە تەوزیح بکەم، لەخولی پێشوو کاتێك کە یاسای وەزارەتی ناوخۆ موناقەشەکرا، یەکێك لەوانەی کە بلّێی پێشنیارمان کرد، من پێشنیارم کرد کە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندو تیژی هەبیّ، ئەوکاتە سۆزان خان وتی با ئەو بەڕێوەبەرایەتیە، بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی بیّ، چونکە یاسایەك هەیە لە لیژنەکە بەناوی یاسایی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، دواتر کەخرایە دەنگەوە بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خرایە دەنگەوە، جەنابیشت ئیدارەی کۆبوونەوەکەت ئەکرد، دوایی من سەیری پرۆتۆکۆلیشم کردووە، بە بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی خراوەتە دەنگدانەوە، لەناو یاسایەکە لە سایتی پەرلەمانیش بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی هاتووە، بەلاّم دواتر نازانم بۆ کەلە سەرۆکایەتی هەرێم گەڕاوەتەوە کراوەتە بەدواداچوون، بۆیە ئێستا تەبعەن حکومەت ئیش لەسەر وەقائیع ئەکات، بەدواداچوونی بۆ کردووە، بەلاّم ڕاستیەکەی لە پەرلەمان بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ڕۆیشتووە، بۆیە من پێموایە لێرە پێویستە هەر بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی بیّ، ئێمە هەوڵ بدەین ئەوەی حکومەت وەك ئەوەی پەرلەمان ليّ بکەینەوە، چونکە پەرلەمان وا تەسدیقی کردووە، من خۆم بەدواداچوونم بۆی کردووە، خالّێکی ترم هەیە بڕگەیەك زیاد بکریّ، کە پێشتریش لە ماددەی پێشوو هەندێك لە هاوڕێکانم باسیان کرد، کە هەندێك لە وەزارەتەکان کاریان ئەوەبیّ، کە هۆشداری بدەن لەسەر بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی، بۆیە من پێموایە ئەم ماددەیە جێیەتی کە بنووسریّ، هەندێك لە وزارەتەکان ئەکریّ ناویشیان بێت، بەشداربن لە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی، وەکو پەروەردە، وەکو ئەوقاف، وەکو صەحە ئەمانە ناویان بێت کە فعلەن لە پرۆژەکەی پێشوو کە دە ئەندامی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە، کاتی خۆی حکومەت ناردی، ئەوەی تیایە کە ئەو وەزارەتانە کاریان ئەوەبیّ هەڵمەت بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژانەی کە بڕوات بۆ سەرۆکایەتی هەرێم دەستکاری یەك کەلیمە، یەك حەرفی ناوەڕۆکی ناکریّ، لە پرۆتۆکۆڵ چۆنە ئێمە بەو شێوەیە دایدەڕێژین، چەندجار تەدقیق ئەکرێت، ئاخیر جار لە لایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان تەدقیق دەکرێت، پاشان منیش سەیری دەکەم، بۆیە بە تەئکید لەناو پرۆتۆکۆل بەو شێوەیە هاتووە، چونکە سەرۆکایەتی هەرێم هەر بۆ مەعلوماتی جەنابت، بەندێك ڕەفز بکەن، یان ئیرادیان لەسەر گشت پرۆژەکە هەبیّ، ئەڵێن ئەمە لابچیّ، ئەمە بگەڕێتەوە، بەلاّم ئەتوانین سەیری پرۆتۆکۆل بکەین من و جەنابت، بزانین بە چ شێوەیەکە، کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆم بەدواداچوونم بۆ کردووە، لە پرۆتۆکۆلیش وایە، لە سایتی پەرلەمانیش وا دابەزیوە، بۆیە ئەگەر بەداداچوونێك بکەن، بەپەلە دەرئەکەویّ، کە پەرلەمان وای پەسەند کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ئەوە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەو نوقتەیە بە هەند وەربگرێ، بەڕێز ئارام قادر کەرەمکە.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکم هەیە بۆ ئەوەی ئەم یاسایە بە شێوەیەکی جدی جێبەجێ بکرێ، سەبارەت بە پێکهێنانی مەحکەمەی تایبەت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی توندو تیژی، ئەمە شتێکی زۆر زۆر باشە، بەلاّم وەکو ئاگادارین کە پێکهێنانی دادگایەکی تایبەت لەماوەیەکی کورتدا جێبەجێ ناکرێ، نموونەشمان هەیە کە لە ساڵی 2008ەوە تاوەکو ئێستا بڕیاری پێکهێنانی مەحکەمەیەکی موکافەحە هەبووە لە هەولێر تا ئێستا دانەمەزراوە، ئەویش کۆمەڵێك پاساوی خۆیان هەیە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کە لە پاش ئەو بڕگەیەوە، بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ، بکرێتە یەك شت، بوترێ یاخود ئەو دادگا تایبەتمەندانەی کە دەکەوێتە سنووری نیشتەجێ بوونی تاوانبار، یاخود قوربانی دەر یاخود ئەو شوێنەی توندو تیژیەکەی لێ دەکەوێتەوە، چونکە ئەو جۆرە توندو تیژیانەی کە هەیە، جۆرێك جینایەهەیە جونحەیە، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ پاش دەرچوونی یاسایەکە مەحاکم بتوانێت ئەو دەعوایانە ببینێت و بەدواداچوونی بۆ بکات، سەبارەت بە بڕگەی چواریش تەبعەن ئەو مودیریە عامەی کە دانراوە تەنها بۆ توندوتیژی ژنانە، بەلاّم سەبارەت بۆ بەدواداچوون بۆ کاروباری خێزان بە شێوەیەکی گشتی منالّ و هەروەها لاوان و توندو تیژی بەرامبەر بە پیاوان، لە ئیختیساسی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلاّیەتیە، پێویستە ئەو لێرە جیا بکرێتەوە لە خالّی 2، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز د.احمد وەرتی.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێهەم، دەربارەی خالّی یەکەم، دادگای تایبەتمەند بە بابەتەکانی توندو تیژی، پێموایە هەر ئەوە دروست ترە کە بلّێی، دادگای تایبەتمەند بە بابەتەکانی توندو تیژی خێزانی، یەعنی (محكمة مختصة بقضايا مناهضة العنف الاسرى) چونکە مەحکەمە بۆ قەزایەی بەرەنگاربوونەوەکە نیە، بۆ قەزایەی عونفەکەیە، یەعنی بۆ مەسائیلی عونفەکەیە توندوتیژیەکەیە، واتە لێرە ناوەکەی هەر ئەوە دەبێ، چونکە مانای ئەوە نیە کە قانونەکە قانونی موناهەزەی عونفی ئوسەریە، تۆ مەحکەمەکەش هەروا ناو بنێی، یەعنی دادگای تیابەتمەند بە بابەتەکانی توندوتیژی خێزانی، سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتیش، وەکو

جەنابی وەزیر باسی کرد، دیارە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی نیە ئەو بەڕێوبەرایەتیەی کە هەیە، بەڕێوەبەرایەتی توندو تیژی خێزانیە، من پێشنیار دەکەم خاڵێکی تر زیاد بکرێ، کە لیژنەی ویثاقی خێزانی دروست بکرێت، بە قەراری وەزیر، بەو شێوەیە (تألف بقرار من الوزير لجان وثاق الاسري وتتولى بذل مساعي الاصلاح والتوفيق بين افراد الاسرة ولها الاستعانة بذوى الخبرة والاختصاص من أى جهة ذات العلاقة لتحقيق هذه الغاية ليرد اصلاحه ليوثق له بينهم) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز عمر عبدالعزيز.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی سێ، دوو، سێ تێبینی بەسیتم هەیە، یەك دوانێك باس کران بە نیسبەت کەلیمەی ناوی مەحکەمەکەوە، ئێمە لەماددەی دوو وتومانە (محكمة مختصة بمناهضة العنف الاسرى) بەو سیاغە وتومانە لە تەعریفەکە، ئەو مولاحەزەیەی کاك دکتۆر وتی منیش لەگەڵیام کە هەر وای ناو بنێین (تشكل محكمة مختصة بمناهضة العنف الاسرى) لەخاڵی سێ تێبینیەکی لوغەویە برایان چاکی بکەن، کە (ضحايا العنف الاسرى) ئەبێ بڵێین (عند عدم وجود معيل لهم) چونکە کۆیە جەمعە لەوێ، بەنیسبەت ئەو مولاحەزەی بەڕێز وەزیر باسی کرد، من تێبینیەکی گشتیش لێرە ئەڵێم، کە ماددەی سێ و چوار تێکەڵیەکیان هەیە، بۆ نموونە ئەو ئیقتراحەی جەنابیان باسیان کرد لێرە، لە ماددەی چوار هەمانە، کە ئەڵێ (اعادة تأهيل المتضرر من العنف الاسرى من الناحية النفسية والاجتماعية) تەقریبەن دەقاو دەقی ئەوەیە کە ئاماژەی پێ کرا، لەبەر ئەوە بەڕاستی بە بۆچوونی من ئەو دوو ماددەیە پیاچوونەوەیەکی تری ئەوێ، لە ماددەی چوار باسی (ضمان نقل المتضرر لمكان اخر) کراوە(مكان امن) لێرەش وتومانە ، (على وزارة العمل أنشاء دور لضحايا العنف الاسرى) تێکەڵیەك هەیە لە بەینی ئەم دوو ماددەیە، پێویستە ئیعادە نەزەریە بکرێتەوە لە سیاغە، یەعنی دوو بەیەك ئەخۆن ماددەکان و تکراریشی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز خليل عثمان.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی سێ قسەم لەسەر خاڵی یەکەم نیە، برادەران زۆر قسەیان لەسەری کرد، بەڵام خاڵی دوو(على وزارة العمل والشؤون الاجتماعية في الاقليم أنشاء دور لضحايا العنف الاسرى من للرجال والنساء والاطفال) واتە هەریەکەی جیا بکرێتەوە، هەر لە سەنتەری پارێزگاکانیش نەبێ، هەروەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی پێی کرد، یەعنی هەموو ئەو داتایانەی کەتاوەکو ئێستا لەبەر دەستدایە، هەموو ئاماژەکان پێمان دەڵێن لەمەنتیقە نائیەکان ئەو قسانە زۆر زیاترن وەکو ئەوەی کە لە سەنتەری پارێزگاکان، هەروەها لەو

دەورانەش لە ئەخیری ئەوە زیاد بکرێ( ان تراعى فيها خصوصية كل صنف من المذكورين اعلاه) واتە خسوسیەتی هەر یەك لە پیاو ژن و منداڵ لەو دەورانە واتە لەم شوێنی حەوانەوەیە لەبەرچاو بگیرێ، سەبارەت بەخاڵی سێیەم دیارە قسەی زۆری لەسەر کرا، بەڵام ئەوەی کە لێرە ئاماژەی پێ کرا، ئەوە دیارە (تختص المديرية العامة لمكافحة ضد المرأة) ئێمە پێمان وایە کە ئەمە کافی نیە، هەروەکو برادەران وتیان بە موتابەعە، چونکە ئەم مدیریەتە ناتوانێ بە تەنیا موتابەعەی ئیشی قوربانیانی ژن بکات، بەڵکو دەبێ ناوەکەی بگۆڕدرێت، یان بەشێك لەناو ئەمەیا بکرێتەوە، کەیسی پیاو هەروەها منداڵیش لەوێ موعالەجە بکرێت، من پێموایە دەبێ لەناو ئەو مودیریەتانە بەشێك هەبێ، هەروەکو چۆن بەشی موخەدەرات و بەشەکانی تر هەیە، ئەمەش هین بکرێتەوە، خەڵکی شارەزاو پسپۆڕ لەو بوارە کاری بۆ بکات، لەوێ پێویستیت بە باحسی ئیجتیماعی بێ لەوانەیە، پێویستت بە کۆمەڵێك خەڵکی شارەزابێ، تۆ پۆلیسێك ئەنێری ئیمانی بە قەزیەکە نەبێ، بۆ کەیسێکی وەها لەوانەیە هین نەکات، من پێموایە دەبێ ئەمە ئەو خەڵکانەی بەدوای ئەو کەیسانە دەچن، ئەو پۆلیسانە زۆر جیاواز بن لە پۆلیسی تر، ئەبێ بەڕاستی ئیمانیان بە قەزیەکە هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز عظیمە نجم الدین.

**بەڕێز عظیمە نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی تێبینی منە لەسەر ئەو ماددەیە لە زیاد کردنی دوو بڕگەدایە، یەکێك لەو بڕگانە زیاد بکرێ بە ڕەئی من، ئەویش وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ئاسۆس خان دەگرێتەوە، خۆی پێویست بوو، ئەبوایە پێشتیریش لە کۆبوونەوەی لیژنەکان ئاسۆس خان ئاگادار بکرابایەوە و ڕەئی خۆی بدات لەگەڵ ئەم بڕگانەی کە ئێستا لە ماددەکە هاتووە، کە تایبەتە بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، من پێموایە لێرە ئامانج تەنها بەرەنگاربوونەوەی ئەو توندو تیژیانە نیە کە دروست بووە، بەڵام ئەبێ ئامانجمان ئەوەش بێ کە چۆن چارەسەرێك بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی کە ئەم توندو تیژیانەی کە ڕوویداوە، بۆ ئەوەی کە جیل بە جیل ئەمانە کەم بکرێتەوە و کاری بۆ بکرێت، یەکێك لەوانە من پێشنیار دەکەم کە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، سەنتەرێکی تایبەت دروست بکرێت لە توێژەرانی کۆمەڵایەتی و توێژەری دەروونی، لەحاڵەتێك کە خێزانێك توندو تیژیەکی تیا ڕوو دەدات ئەتواندرێت لە ڕێگەی ئەو سەنتەرەوە، ئەو توێژە بە بەردەوامی لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەو حاڵەتە هەیە، ئەو توێژەرە ئەنێردرێتە ناو ئەو خێزانەوە، تەنیا کەسێك نا، ئیحتیمالە لەناو خێزانەکەیا جار بە جار موتابەعەی ئەو کێشەیە بکات، یان چارەسەری دەروونی بۆ بدۆزێتەوە، یان بیباتە ئەو شوێنەی کە چارەسەری تیا دەکرێت، وەکو ئەو شوێنانەی کە بابڵێین چارەسەری دەروونی چاکسازی تیایە، خاڵێکی تر پێویستە لەسەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی خانوو بۆ قوربانیانی توندو تیژی خێزانی لە سەنتەرەکانی پارێزگاکانی هەرێم دروست بکات،

ئەمە لێرە مەبەست ئەو سەنتەرانە نیە، سەنتەری دالّدەدان و شەلتەرەکان کە ژنانی تیایە لەسەر مەسەلەی بابڵێین کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێك مەسائیلی تر لەناو ئەو سەنتەرانە دانراون، ئێمە باس لە حاڵەتێك دەکەین کە توندو تیژی بەرامبەر بە منالّ و بە پیرو بە مێردمنالّ ئەکرێ، ئەگەر لەو حاڵەتانە، یان لەو تەمەنانە بوو، ئێمە پێویستمان بەمە یە کە ئەو سەنتەرەی کە لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی هەیە، لەگەڵ ئەم سەنتەرە جیاواز بێ، کۆمەڵێك باحیسەی تیا بێ، موئەسەسەیەك بێ بۆ چاك کردن، لە ڕووی پەروەردەی دەروونیەوە، لە ڕووی چاکسازیەوە سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بێ، تەنها لە سەنتەری پارێزگانیش نەبێ، من پێموایە لە قەزاو ناحیەکان زۆرتر کێشەو توندو تیژی هەیە، پێویستە لەناو قەزاکانیش ئەم سەنتەرانە دروست بکرێت، خاڵێکی تر کە بە گرنگی دەزانم ئەگەر ئیزافەش نەکرێت وەکو پێشنیارێك بۆ وەزیری ڕۆشنبیری و وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، بۆ وەزارەتی پەروەردەو تەنها ئێمە مەبەستمان ئەوە نیە بە یاسایەك بتوانین پێشی ئەوە بگرین، ئێمە ئەتوانین چەندین بەرنامەی وشیاری لە ڕێگەی وەزارەتەکانەوە، لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەکانەوە، بەرنامەمان هەبێ، بەردەوام بین لەسەر ئەمە، کە ئێمە بمانەوێ، تەنها بە یاسایەك بەبێ دەنگی بتوانی ئەم کێشانە چارەسەر بکەین، بۆیە پێویستیمان بەوەیە کە ئەم سێ، چوار وەزارەتە مەعنیەی کە باسم کرد، وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا، دەوریان هەبێ لە وریا کردنەوەو وشیار کردنەوە، لە ڕێگەی بەرنامەکانەوە، لە ڕێگەی مەنهەجەکانەوە، لە ڕێگەی گۆڤارو ڕاگەیاندنەکانیانەوە، من پێموایە ئەگەر بەم شێوەیە بێت چارەسەر ئەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز کاوە محمد امین.

**بەڕێز کاوە محمود شاکر/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو هەموو لایەك دەزانین ئەو پڕۆژە یاسایە، پڕۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژیە وەپاراستنی خێزان، یەکێك لە ڕێگاکان دادگایە پەنای بۆ دەبەین، بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی، بەڵام هەموو ئەو تاوانانەی کە دژی، یاخود ئەو حاڵەتانەی کە ڕوودەدەن لە ئەندامانی خێزان، دادگا هەمووی موعالەجە ناکات، بەشێکی پێش ئەوەی بگاتە دادگا بە هۆشیاری دەکرێت، بە قەناعەتی من ئەوەی کە کاك د.کاوە و بەشێکیش عەزیمە خان ئیشارەتی پێدا، لەو وەزارەتانەی کە مەعنین بە پەروەردە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە پاراستنی خێزان، دوو وەزارەت هەیە کە خێزان خۆی بەردەوام پەیوەندی پێوە هەیە، ئەندامەکانی خێزان، یەکێکیان وەزارەتی ئەوقافە، لە مینبەری مزگەوتەکان و لە کەناڵەکانی کە لەوێ پەیوەندیەکی توند و تۆڵ هەیە لە بەینی ئەندامانی خێزان لەگەڵ ئەو شوێنانە، ئەوەکەی تریشی کە قوتابخانەکانە بەڕاستی، ئەندامانی خێزان زۆربەی زۆری لە هەموو مەرحەلەکانی قوتابخانە هەتا دەگاتە خوێندنی باڵا ئەندامانی خێزان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە، بۆیە

من تەئکید دەکەمەوە لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، ئەوانە لێرە بخرێتە ناو پرۆژە یاسایەکە، ئەو وەزارەتانەی مەعنینە، لەگەڵ ئەوەش دا ئەگەر بکرێت لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەگەر بکرێ مودیریەتێك یان بەشێك هەبێ بۆ هۆشیار کردنەوەی بڵاوکردنەوەی ئەو سەقافەتە، شتێکی زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز شوان کریم کابان، فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسەبت ماددەی (3) سەرەتا من پشتگیری لەو ئیزافانە دەکەم کە بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری ئاماژەی پێدا، پێموایە ئیزافەی گرنگ دەبن و ئەو ماددەیە تێرتر دەکات بەڕاستی، دووەم، لە خاڵی دووەم (علی وزارة العمل و الشؤون الإجتماعية في الإقليم إنشاء دور لضحايا العنف الأسري)، بەڕاستی من پێموایە ئەوە لە ڕووی زمانەوانی یەوە زۆر رەکیکە (إنشاء دور)، یەعنی لەوانەیە وا تەفسیر بکرێ کە ئەم یاسایە خانوو دروست دەکات بۆ ئەوانەی کە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێ، خۆی لە ڕاستی دا ئەوەی کە بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی وتی تەوفیرە، ئەو (إنشاء)ە بکرێ بە تەوفیر، لەجیاتی (دور)ەکەش، (إنشاء دور) (توفير مراكز لرعاية ضحايا العنف الأسري)، یەعنی دەبێت بە (توفير مراكز لرعاية ضحايا العنف الأسري)، ئەوە دوو، سێهەمیش/ من پێموایە بەڕاستی ئەو تەوزیحەی ئەوەی کە باس لەوە دەکات کە لە قەزا و ناحیەکان سەنتەری لەو بابەتە هەبێ بۆ چاودێری ئەوانەی کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، بەڕاستی لە سەنتەری شارەکان بێ باشترە، چونکە ئەوەی بەڕێزیشت وتت لەوانەیە لەو شوێنانە نەتوانرێ پارێزگاری لەو شوێنانە بکرێ وەکو پێویست، جارێکی تر ئەو کەسە ڕووبەڕووی لەوانەیە ئەوجارە گرفتێکی، پێشتر لێی درابێت ئێستا لەو سەنتەرە چاودێری دەکرێ، لەوانەیە ئەوەی کە تاوانەکەی بەرامبەر کردبێ ئەوجارە بچێتە سەری، لەوێ لەوانەیە ئەزیەتەکەی زیاتر بێ، ئیحتیماله بگاتە ڕاددەی کوشتن، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز شڤان أحمد، فەرموو.

**بەڕێز شڤان أحمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (3) بڕگەی یەکەم، ئەم مەحکەمە خاصە بە حەقەت من بە زەرووری نازانم، بۆ؟ مەحکەمەیە بۆ قەزیەی عونفی ئوسەری (إما) جونحەیە، (إما) جنايەیە، هەردوو مەحکەمەش لە هەموو شوێنێك هەنە، لەلایەکی تریش ئیمکانیاتی سوڵتەی قەزائی لەوبەرە وەکو من ئاگادارم حدودی (200) قازی زیاترمان لە کوردستان نیە، ئەگەر تەقسیم بکرێ بە پێی نیسبەی سوکانی لە ستانداردێکی یەکجار زۆر عالەمی دوور

دەکەوینـەوە، کـە بـە پێـی سـتانداردی عالـەمی هـەر قازییـەك دەبـێ بـۆ چـەند نفـوس بێـت، بۆیـە مـن نـە ئیمکانیەتی قەزا دەبینم لەوەدا، نە بە پێویستی دەزانم کە عیلاجی بکات، ئەوە بە نیسبەت بڕگەی یەکەم، بڕگـەی دووەم/ بـەو موتلەقییـەی کـە مـن ئێسـتا دەبیـنم، دەخـوێنم، مـن دەبیـنم ئـەوە قسـەیەکی زۆر مەسئولیەتی تێدایە، بەڵام من مەسئولم لە قسەی خۆم، ئەوە دەبێتە تەفکیکی (أسرة) نـەك بینـای (أسـرة)، لە جیاتی ئەوەی بینای (أسرة) بکەین، تەفکیك دەکرێت، من مەسئولم لە قسەی خۆم، ئیللا ئەگـەر بگۆڕین لە حاڵاتی زەرووری، حاڵاتی ئیستیسنا، ئەوەی کاك شوان باسی کرد، یـەعنی دەبـێ ئـەو صیغەی کـە لێـرەدا هاتووە بەو شێوەیە بە حەقەت من دەبینم تەفکیکی (أسرة)ی تێدایە، نەك بینای (أسـرة)، بڕگـەی سـێیەم/ ئەو مودیریەی کە لە وەزارەتـی داخلی هەیـە موختەصـە تـەنیا بـە موکافەحـەی (ضـد المـرأة)، (عنـف ضـد المرأة)، ئەوە ئەو تەوسیعەی کەوا ئێستا لەو قانونە هاتووە بە تەئکید لە توانای ئەو مودیریـە عامـەدا نیـە، ئەوەش دەبێ صیغەیەکی بۆ ببینینەوە، هەروەها بە ئیتلاقی بەجێی نەهێڵین، مودیریەیەك کە توانای ئەو هەموو مەسئولیەتەی نەبێت، پێی ناکرێت، چونکە تەنیا لە دژی ئافرەت بووە، ئیحتیمالە لـە کاروبارەکـانی زۆر سەرکەوتوو نەبووە، توانای نەبووە ئەوەندە، بە پێی ئەو کادیرە شارەزا و تواناییانەی کە پێویسـت بـووە هەبێت، بۆیە ئەوەش پێویستی بە عیلاجێکە لەو قانونەدا عیلاجی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز شیلان عبدالجبار، فەرموو.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت مادەدا (3) بڕگە (2) (علی وزارة العمل و الشؤون الإجتماعیـة في الإقلـیم إنشـاء دور لضـحایا العنـف الأسري في مراكز محافظات الإقلیم)، ئەڤێ پشتەڤانیا وێ پێشنیارێ دکەم کـو نـە تـەنێ سـەنتەرێ پارێزگاهـا ئیقلیمی بیت، بەلکی لە قۆناغا ئێکی لە قەزایێ، قەزاشی بیتن، ژبـەر دوو هۆیـا، هۆیـا ئێکـێ ئەگـەر حـەمی قوربانیا توندو تیژیێ لە سەنتەرێ پارێزگاها کۆ ببن، فشارەکی مەزن دروست دبیتن لەسەر سەنتەری، بارێ عەمەلیشی  کار وەسف زەحمەتە، چ مەسەلە دیڤچوونێ، یـان هاتووچـوونێ، تـەحقیقی وانـە هـەمی لەسـەر سەنتەری دەبن، سەبارەت بڕگا چارێ (تختص المدیریة العامة لمكافحة العنـف ضـد المـرأة في الـوزارة الداخلیـة بمتابعة قضایا العنف الأسـري)، ئـەڤێ دەنگـا خۆیـا دەخەمـە پـاڵ دەنگـێ بـرای بـەڕێز کـاك شـڤانی، کـو ئـەڤ مودیریە عامە زیاتر شارەزایە لە بوارێ توندوتیژیێ دژی ژنێ ڤە، بـەلکی ئـەوانا ژ ئـەڤ شـارەزاییا پسـپۆریا بێتن بۆ دیکچوونا توندوتیژیێ کو بەرامبەری، بچی یان زولم دێتە کرن، کو ئەڤەژی کەس ببیـنم حەلـەکی چارەسەرەکی دی بۆ بێتە کرن، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز نەریمان عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (3) (تشكيل محكمة مختصة)مان لابرد لە موناقەشەکانی پێشوو، پێویست دەکات لێرەش لابچێت (قضايا مناهضة) (مناهضة)ی بۆ زیاد بکرێ کە ئێمە لە جیاتی موختەصە بۆمان دانا، دروستکردنی ئەو مەحکەمەیە بەڕاستی بەو پێیەی کە هاتووە، یەك مەحکەمە دروست دەکرێ لە هەرێمی کوردستان، لە ڕووی پراکتیکی یەوە ئەوە کێشەیەکی گەورە دروست دەکات بۆ هێزەکانی پۆلیس و ئەوانەی کار لەم بوارە دەکەن، بەڕاستی کێشەکانی عونف، ئێمە چووینەتە ناو وردەکارییەکانییەوە، کێشەی مەحکەمەش دەزانین چۆن ئەنجام دەدرێ، بۆ یەك مەحکەمە و تا بە ئەنجام گەیاندنی لەوانەیە (10) جار پێویست بکات تاوانبار و موددەعی بێتە مەحکەمە، یەعنی ناکرێ لە کفرییەوە، لە کەلارەوە یەك مەحکەمە لە هەولێر دا هەبێ، لەوێ بێ تا ئێرە، یان لە دهۆکەوە، لە زاخۆوە بێتە ئێرە، بۆ نەقل، بۆ سەر فیئەتی زیادە، بۆ مەشغول کردنی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش، بەڕاستی ئەمە ئیشکالێکی عەمەلی دروست دەکات، بۆیە ناکرێ تەنها یەك دادگا بڵێین، بۆیە پێویست دەکات چەند دادگایەك دروست بکرێ، لە کۆتاییەکەدا من پێشنیار دەکەم بۆ لێژنەی یاسایی ئەوە زیاد بکرێ (في مراكز المحافظات و الإدارات)، لەبەر ئەوە ئیداراتەکانیش هەموو پێداویستیەکانی موحافەزە و هەیکەلەکانی ئیداراتی موحافەزەی تێدا دروست کراوە، بۆیە موحافەزات و ئیدارات پێویست دەکات چوار دادگا بێت، بۆ ئەوەی زووتر ئیشەکان ئەنجام بدرێ لە رۆتینات و لەسەر کاتێکی زیاتر، هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشیش ڕزگارییان بێت لەو هیلاکی و ماندووبوونە، بۆیە تەنها مەحکەمەیەك ناتوانێ هەموو ئیش و کارەکان جێبەجێ بکات، خاڵی دووەم/ (على وزارة العمل و الشؤون الإجتماعية في الإقليم)، منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی برای بەڕێزم کاك شوانم، (إنشاء)ەکە لابدرێ و بکرێتە (توفير دور) أو (مأوى)، یەعنی شوێنی داڵدەدان، شەرت نیە هەتا هەتایی بمێنێتەوە، تۆ خانوویەکەی بۆ دابین بکەی، (مأوى) تا ئەو کاتەی کێشەکەی حەل دەبێ، بۆیە دابین کردنی شوێنێك یان مەئوایەك، (في مراكز المحافظات في الإقليم) لابرێ وەکو بەڕێز جەنابی وەزیر وتی/ ئەوە پێویست ناکات لە مەراکزی، کە وتت (مراكز محافظات الإقليم)کەواتە دەبێ ئیداراتیشی بۆ زیاد بکرێ، بۆیە موحافەزاتەکەش هەبێ بە پێی پێویست ئەو کاتە دادەنرێ، چوارەم/ (تختص المديرية العامة لمكافحة العنف) لێرە دەمەوێ هەڵەیەك ڕاست بکەمەوە، ئەوە (مكافحه العنف) نیە، ئەوە (متابعة العنف)ە ئەو بەڕێوەبەرایەتی یە (ضد المرأة)، بۆیە ئەوە حەز دەکەم ئاگادار بن، ئیختیصاص کراوە بەوەی کە موتابەعەی قەزایەی عونفی ئوسەری بکات، بۆ ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە تەنها بۆ موکافەحەی عونفی ئوسەری نیە، بۆ عونفی (ضد المرأة)یە بە تایبەتی، بەڵام دەکرێ بوترێ لە کۆتاییەکەی (إضافةً إلى مهامه) ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، لەبەر ئەوە بێجگە لەوە ئەو بەڕێوەبەرایەتی یە ئیشی هینی عونفی ئوسەری نیە، بەلکو بەدواداچوونە، کاری ڕۆشنبیری یە، هەماهەنگی یە لەگەڵ وەزارەتەکانی تر، تەنانەت لەگەڵ پۆلیس و پۆلیسی ئەنتەرپۆلیش بۆ قەزایەی عونفی ئوسەری و ئەو شتانە، مەهامی تری هەیە، تەنها ئەو مەهامە نییە، ئەگەر کردمان بەو مەهامە دەبێ ناوەکەشی بگۆڕین لە (ضد المرأة)ەوە بیکەین بە (مناهضة العنف

الأسري)، بۆیە (إضافة إلى مهامه) ئەوەی بۆ زیاد بکرێ لە ئەخیردا، برگەی چوارەم، لێرە بەڕاستی دەوری ئەنجومەنی خانمان لەم یاسایە زۆر زەرووره، لەبەر ئەوە بە پێی یاسا ئەنجومەنی خانمان و بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان دوو جیهەتی موختەصن کە کار بکەن لەسەر ئەوە، بۆیە لە یاسا زۆر زەرووره جێیان هەبێ، شوێنیان هەبێ لەم بوارە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، یەکێ لە کێشەکانی مودیریەی موتابەعەی عونفی ئوسەری لەبەر نەبوونی یاسا نەیانتوانیوە کار بکەن، باڵییان بەستراوەتەوە، بە کۆمەڵێ تەعلیماتی سەرپێیی ئیش دەکەن، مەحکەمەکان دانی پێ دانانێن، هەر بە نوێنەری نازانن، بۆیە من داوا دەکەم لێرەدا برگەیەك زیاد بکەین، (على المحاكم المختصة بقضايا العنف الأسري الإستعانة بممثل مجلس المرأة) ئەو مودیریەتی (متابعة العنف ضد المرأة كخبير الإستماع إليهما)، وەکو خەبیر وەربگیرێ لە مەحکەمەکان دا کە قسە بکەن لە مەحکەمەکان دا، بۆ دیفاع کردن بێ یان ئیسپات کردنی عونفەکە بێ، بۆیە لە زۆربەی بوارەکان لە مەحاکم دا خەبیر ئیستیعانەی پێ دەکرێ، بەڵام خەبیر لە بواری ئەو عونفی ئوسەری یە کێیە؟ ئەو دوو موئەسەسەیە کە دروست کراوە، بۆیە نوێنەرەکان وەکو خەبیر پێویستە جێیان بۆ بکرێتەوە لە ڕووی یاساییەوە کە کاری خۆیان بکەن، هەروەها ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتی یە دەسەڵاتێکی تریان پێ بدەین لە ڕووی قانونییەوە دادگاکانمان بیانناسن، خاڵێکی تر زیاد بکرێ (لمجلس السيدات) یان (المرأة) نازانم (سيدات) یان (مرأة) لە عەرەبیەکەی دەنووسن، (لمجلس السيدات أو المرأة و مديرية متابعة العنف ضد المرأة، تحريك الدعوى في قضايا العنف الأسري) بۆیان هەبێ تەحریکی دەعوا بکەن، بۆیە هەندێ لەو تاوانانەی کە ڕوودەدا لە عونفی ئوسەری کەس شکاتکەر نیە، من خۆم لەو بەڕێوەبەرایەتی یە بووم تاوانەکە ڕوویداوە، بە فراوانیش ڕوودەدا، کەس شکاتکەر نیە، بۆیە ئەوانە بۆیان هەبێ شکات تەحریکی دەعوا بکەن، ئەو مەجلیسە و ئەو بەڕێوەبەرایەتی یە موختەصیشن بتوانن تەحریکی دەعوا بکەن، بۆ ئەوەی دیفاع بکەن لەو مافانە و نەفەوتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لەسەر خاڵی دووەم بەس ئەوەندە بەو شێوەیە داڕێژرێتەوە، (على وزارة العمل و الشؤون الإجتماعية بالتنسيق مع وزارة الصحة في الإقليم توفير دور لضحايا العنف الأسري لإعادة تأهيلهم من الناحية الصحية و النفسية)، بەڕاستی لێرە زۆر گرنگە کە ئەو دورانەی کە دەکرێت، یان بڵێین ئەو شێوەی کە بەرامبەریان دەکرێ لە توندوتیژی شوێنیان هەبێ وەکو ئەم داڵدانە، یان ئەو سەنتەر و شەڵتەرانەی کە هەیە، ئەوەی دەزانین شەش مانگە دوای ئەو چی دەکەن؟ یەعنی من نازانم ئێرە کە دادەنرێ مەفرووزە مودەتەکەی دابنرێ چەند حیمایەت بکرێ؟ چەند دەتوانن ئەو توندوتیژییەی کە دەکرێ لێرەدا وەزارەتی عەمەل لەگەڵ وەزارەتی صحە کە ئیشی ئەوەیە تەئهیل کردنەوەیان لەلای من بەڕاستی لە ناحیەی صحی و

نەفسی، چونکە بەدەنی زۆرجار هەیە جۆرێ لێیان دەدرێت هەندێ شت هەیە چاك ناکرێتەوە لەلایەنی بەدەنییەکەی، تەنها بە جیراحە و شتە، ئەوەش وابزانم هەر چاك کردنەوە نیە، بەڵکو تەرکیئەکە، چاککردنەوەیەکی موەقەتە، یان مەسەلەن ئەو بڵێین ئەو خیتانە کە دەکرێ بە چ لایەنێکی بەدەنی چاك دەکرێتەوە، یان تەعەدایەك لە چەند کەسانێك لە هەندێك ئافرەت دەکرێت لە ناو سجنەکان دا ئێستا هەیە، هەندێکی لە دالدەکان هەیە، من نازانم لایەنی جەسەدی ئەوە چۆن چاك بکرێ، لەبەر ئەوە نەفسیەن و صحیەن ئەو دووە زیاتر هەوڵ بدرێت کە لەوێدا موعالەجە بکرێ، سێیەم/ (شمول ضحايا العنف الأسري بخدمات شبكات الرعاية الإجتماعية)، زۆرجار هەیە ئافرەتێکە موعیلی نیە، خۆی بەسەری دا هاتووە، یان هاوسەری نیە، یان بڵێین تەلاق دراوە، یان بڵێین کچێکە لە ماڵ دا ئیشکەرە، لە کاتی ئیش دا تووشی تەعەدا بووە، تووشی شتێکی ناخۆش بووە، واتا هیچ موعیلێکی نیە، تەنها خۆی نەبێ، کاتێ دەخرێت، شتێکی بەسەر دێت و دەخرێتە شوێنێك کەسی نامێنێت صەرف بکات لەسەر خێزانەکەی، لەو کاتەدا ئەو خێزانە دووچاری شتی تری ناخۆش دەبێ، بە تایبەتی ئەگەر ئافرەتی هەبێ، یان کەسێکی هەبێ لە ماڵ دا لە کاتی هەرزەکاری بێ، یان شتێکی ناخۆش بەسەریان دابێ، ئەگەر شەبەکەی ریعایەی ئیجتیماعی بۆی تەرخان بکرێ بۆ ئەو کەسانەی کە هیچ موعیلێکی تریان نیە، ئەوەی کە خێزانێکی هەیە بەجێی هێشتووە جودایە، بەڵام تەنها حاڵەتێکی خاصە ئەوە بۆی زیاد بکرێ، چوارەمیش لەگەڵ ئەو ئیقتیراحەی د.کاوەم، بەڕاستی لێرەش ئەندامانی تر وەکو کوێستان خان و ئەوان وایان ئیقتیراح کردووە کە شورتەیەکی ژنان هەبێ بۆ (case)ی ژنان کە دەکرێت، بەڕاستی قسەکردن و گفتوگۆکردن لەو کاتەدا ئافرەتێ لەگەڵ ئافرەتێ زۆر زیاتر دەتوانێ (case)ەکەی بە ڕێك و پێکی لێ ببات، شەرم و ئەوەی کە لە ناو کۆمەڵگاکەی خۆمان هەیە وای لێ دەکا زۆرجار مومکینە لەگەڵ پیاو، زۆرجار هەیە کە لە کاتی تەحقیق کردن قسەی دێتە سەر و کێشەش دروست بووە زۆرجار ئێمە ئەوەمان دیوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بشیر، فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر گرنگە لە کاتی موناقەشەی پرۆژە یاسایەکی ئاوادا ئەوەمان لەبیر بێ کە ئیش و کارەکانمان، قسەکانمان لە پێناو یەکگرتوویی خێزان بێ، لە پێناو پاراستنی خێزان بێ، نەك تێکدانی عیلاقاتی خێزان، لەبەر ئەوە ئەوەندەی پێویستیمان بەئیجرائاتی ئیصلاحی و چاککردنەوەو تەوعیەی ڕۆشنبیری هەیە، بەلای منەوە ئەوەندە پێویستیمان بە جەزاو عقوبات نییە، وا تێنەگەن لە قسەکەی من کەوا پێویستیمان بە سزا نییە، نەخێر سزا دەبێ هەبێ، عقوبە دەبێ هەبێ، بەڵام عقوبە بە تەنها کار ناکات ئەگەر وشیار کردنەوەو تەوعیەی لەگەڵدا نەبێت، بۆیە من پێموایە مەسەلەی تەشکیلی مەحکەمە، ئەوە ئەگەرچی شتێکی پێویستیشە مەحکەمە هەبێ، بەڵام مەحاکم هەیە، یەعنی ئێمە تەداخول لە ئیشی بەعزەك

مەحاكمەكان دروست دەكات وەكو مەحكەمەی ئەحوالی شەخصی و مەحكەمەی جونح و مەحكەمەی جینایات، یەعنی وەك بەڕێزە حاكمەكان ئەوەیان باس كرد كاتێ ئێمە لێرە چاومان پێیان كەوت، بۆیە لە ساڵانی ڕابردوودا مەحكەمەكانی كوردستان زۆر مەسائیلی توندوتیژیان موعالەجە كردووە، سزایان بەسەر زۆر لەو (case)انەدا سەپاندووە، بەعزێكیان گەیشتۆتە حەددی لە سێدارەدان، ئێ باشە كەواتە لەوە زیاتر چی بكات مەحكەمە؟ بەڵام جێبەجێ نەكردنی بەعزێك مەوادی قانونی بەسەر بەعزێ لە كەیسەكان دا، مەعنای ئەوە نیە مەحكەمە موقەصیرە، بەڵام مەعنای ئەوەیە كەوا وشیارییەكەی ڕۆشنبیریمان لەوانەیە نەبێت، بە نیسبەت خاڵی دووەم/ (على وزارة العمل و الشؤون الإجتماعية) من پێم باشە ئەو خاڵەی دووەمە بكرێتە سێ فەقەرە، بەو شێوەیە:

- على وزارة العمل والشؤون الإجتماعية في الإقليم:

أ- توفير مراكز الإيواء و التأهيل.

ناوی نەنێین (إنشاء دور) منیش ڕەئیم لەگەڵ ڕەئی كاك شوانە، بیكەینە (توفير مراكز الإيواء و التأهيل) هەتا هەم بۆ ئەو شوێنەی كەوا حەوانەوە بێ، هەم بۆ تەئهیلیش بێ.

ب-شمول ضحايا العنف الأسري بخدمات قانون الرعاية الإجتماعية.

واتا خاڵی سێیەم ببێتە (ب) لە زیمنی خاڵی دووەمدا، خاڵی (ج) بۆ ئیزافە بكەین، ئەویش ئەوە ئیزافە بكەین، بڵێین:

ج- تشكيل لجان من الجهات ذات العلاقة والباحثين الإجتماعيين.

بەڕاستی لێرەدا ڕۆڵی توێژەری كۆمەڵایەتی زۆر زۆر گرنگە، یەعنی پێش مەحكەمە، پێش سزادانەكە ئەگەر كرا ئەم (case)ە بە دانیشتن و بە ڕۆشنبیری و بە موصالەحە و پێكهاتنەوە، هوشیاركردنەوەی لایەنەكان پێك بێ، باشتر لەوە نیە كەوا مەسەلەن بچنە مەحكەمەو سزایەكە بسەپێندرێ، بۆیە كوا ڕۆڵی باحیسە ئیجتیماعییەكان لێرە؟ بۆیە من پێموایە لێرەدا خاڵێك، لیجان تەشكیل بكرێ، وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی چەند لیجان تەشكیل بكات بۆ ئەوەی كە ئەو باحیس ئیجتیماعییانە و نوێنەری ئەوقاف و پەروەردە و لایەنەكانی تر تێیدا بەشدار بێ، بە نیسبەت ئیقتیراحەكەی جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری (الترويج لثقافة اللاعنف) پێموایە بەیانییەكەی ئیقتیراحێكم نارد بۆ سەرۆكایەتی بۆ جەنابتان، من پێموایە ئەوە كە دەبێ لە ماددەیەكی موستەقیل بێ، ماددەیەكی موستەقیل دابنێین كەوا (على الوزارات ذات العلاقة) ئەوەی كە ئەوقاف و تەربیە و تەعلیم عالی و ڕۆشنبیری و ئیجتیماعی و ئەوانە لەگەڵ هەیئەی مافی مرۆڤ و لەگەڵ لایەنەكانی تر، لەگەڵ موجتەمەعی مەدەنی و ئەوانە (الترويج لثقافة اللاعنف)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ئێستا موداخەلەكان تەواو، لێژنەی یاسایی لەسەر ئەو موداخەلانە و موداخەلەی جەنابی هەردوو وەزیر ئاخیر صیاغەتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە ماددەی سێیەم پرسیار کرا تەوزیح بکرێ مەحکەمە چیە سەبارەت بە قەزایەی عونفی ئوسەری؟ چۆن تەشکیل دەکرێ؟ کارەکانی چیە؟ ئێمە لە ماددەکە هەرچەندە صیاغەکە چاك دەکەینەوە، دەبێ بە گوێرەی ئەو گۆڕانکاری یە کە لە عینوانەکە کرا یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (23) ساڵی (2007) لە ماددە (31) تەئکید لەوە دەکات چۆنیەتی دامەزراندن چۆن دەبێ؟ واتا لێرە ئەو مەحکەمەیە تایبەتمەندە بە لێکۆڵینەوە، تەحقیق، پاش ئەوەی تەحقیقات تەواو دەبێ ئینجا ئیحالەی مەحکەمەی موختەص دەکرێ بە گوێرەی جۆری دەعواکان قەتلە بۆ مەحکەمەی جینایاتە، کەمتر بێ بۆ مەحکەمەی جونحە، موخالەفەیە بۆ مەحکەمەی (جنح) بە گوێرەی کارەکەی کە لە یاسای عقوبات دیاری کراوە، ئەوە یەکەم، سەبارەت بەوەی کەوا ئایا وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بەو کارەی هەڵبستێ و بە تەئمین کردنی، واتا نا (إنشاء دور)، فیعلەن پێشنیارێکی چاکە، (إنشاء دور) ئیحتیمالە ئەو ئیمکانیاتە نیە بڵێی (إنشاء دور) مەقسەدی ئەوە دەبێ کە بینا بکەی، بەڵام تەئمین بکەی، ئیمکانیات نیە، دەتوانی لە هەر موحافەزەکان بێ، لە قەزا و ناحیەکانیش بێ، صیاغەکە ئیحتیمالە دەستکاری لێ بکەین بە گوێرەی ئەو پێشنیارەی کە کرا، پێشنیار هاتووە دەڵێ/ مەحکەمە پێش ئەوەی تەماشای دەعواکان بکات یان لە کاتی دیتنی دەعوا، ئەگەر دیتی کێشەکە ئیحتیمالە چارەسەر بکرێ، پێش ئەوەی ڕەوانەی مەحکەمەی بکات، مەحکمەی موختەص، واتا قەزایەکە قابیلی صولحە، بۆ کێشەکە گەورە بێت، هەر خۆی بە پێکهێنانی لێژنە، یان ئیحالە کردنی مەوزووعەکە بۆ تەوافوقی ئوسەری لێژنە، لێژنە پێك بێ یان چەند کەسێك بکەونە نێوانیان بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکرێ پێش ئەوەی ڕەوانەی مەحکەمە بکرێت، بەر لەوەی ڕەوانەی مەحکەمەی موختەص بێ لەو قەزایانەی کە قابیلی صولحە، نازانم ئەو پێشنیارە ئەگەر قبوڵ کرا، دوایی دەتوانین صیاغەکەش بکەین، ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن جەنابی نوێنەرانی حکومەت کە پێشکەش کرا، صیاغەکەی بەو شێوەیە ئێستا دەیخوێنمەوە، ئەوە قابیلە دووبارە گۆڕانکاری لەسەر بکرێ، ئیمکانە موعالەجە بکرێ،**

**المادة الثالثة/**

**1- تشكل محكمة مختصة بقضايا مناهضة العنف الأسري وفق قانون السلطة القضائية للإقليم رقم (23) لسنة (2007).**

**2- على وزارة العمل والشؤون الإجتماعية في الإقليم توفير مراكز لإيواء ضحايا العنف الأسري.**

**3- شمول ضحايا العنف الأسري بخدمات شبكة الحماية الإجتماعية.**

**4- على وزارة الصحة بالتنسيق مع وزارة العمل و الشؤون الإجتماعية تأمين الرعاية الصحية و إعادة تأهيل المتضرر من العنف الأسري.**

**5- تختص المديرية العامة لمكافحة العنف ضد المرأة في وزارة الداخلية بمتابعة قضايا العنف الأسري.**

ئێمە لە ڕاپۆرتی هاوبەشمان ئیشارەتمان بەوە دابوو موکافحە، (المديرية العامة لمكافحة العنف ضد المرأة)، ئەو عینوانە تەسبیت کرا لە قانونی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (6)ی ساڵی (2009)، واتا دەبێ عینوانەکە بگونجێ لەگەڵ ئەو ناونیشانەی کە لە قانونەکەدا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو وەزارەی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەو دکتۆر بێنێ، نەك وەزارەتی صحە دکتۆر بێنێ، یەعنی بۆچی؟ کە مادام ئەوان سەرپەرشتی شتەکە دەکەن، ئەوان تەئمینی دکتۆر بکەن، نازانم تەئهیل، جەنابی وەزیر پاشان دێمە لای تۆ، کەرەمکە.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وامان کردووە، داوای ئەوەمان کردووە تەئمینی ریعایە صحییەکە بە تەنسیق لەگەڵ ئێمەدا بێ، واتا بە قانون وەزارەتی تەندروستی مولزەم بێ بەو ئیشە، ئێستا هاوکارن، بەڵام ئێمە لێرە لە پرۆژە یاساکە ئیلزامی دەکەین، بەڵام دوای ئەوە کە تەنسیق لەگەڵ ئێمە بکات، لەوانەیە ئێمە هەندێك پزیشك هەبێ نەهێڵین بڕواتە ئەو مەرکەزە، چونکە ئێمە ڕێگە نادەین هەموو کەسێ بچێتە ئەو شەڵتەرە و هاتوچۆ بکات، ئەگەر بە بێ تەنسیقی ئێمە بێت لەوانەیە خەلەلێك دروست بێ، نهێنی شەڵتەرەکەش بچێتە دەرەوە، ویستم بەرچاو ڕوونییەکە بۆ بەڕێزان بخەمە ڕوو، ئێستا دوو وەزارەت مەعنی یە بە پرسی ژنان، بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ (72) سەعات لەوێ دەمێنێتەوە ئەو (case)ە، دوای (72) سەعاتەکە ڕەوانەی لای ئێمە دەکرێ، دەبێ ئێمە ئەوە دیاری بکەین چی کاتێك داواکە دەڕواتە بەردەم مەحکەمەی موختەص، لە شەڵتەرەکانی لای خۆمان لە داڵدەدانی ئەو ژنانە باحیسی ئیجتیمعیمان هەیە، ئیشی زۆر باش دەکەن، ئێمە پێش ئەوەی ئەو ژنە بگێرینەوە بۆ ناو خێزانی، ئیشێکی زۆر دەکرێ، ئەوەی وا ئێستا د.بشیر باسی ئەوەی کرد کە چۆن لێژنەیەك پێك بهێنێ، ئەگەر بمانەوێ ئیش بکەین لێژنە نابێ پێك بهێنرێت، ئەو لێژنەیە زۆر زەحمەتە پێکهێنانی، بەڵام ئەوەی ئێستا ئیشی لێژنەکە دەکات باحیسی ئیجتیماعی یە لەگەڵ خێزانەکە قسە دەکات، واتا تەدەخولێکی موباشیری هەیە لەگەڵ خێزانی قوربانییەکە، بۆ نموونە لە هەولێر (157) حاڵەتمان هەبووە، نزیکەی (127) حاڵەت لەلایەن توێژەری کۆمەڵایەتییەوە چارەسەر کراوە، ئیشێکی زۆر باشی کردووە، بەڵام لەسەر وەزارەتمان ئەوەیە ئێمە دەوراتی زیاتر بۆ ئەو ستافە بکەینەوە، بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر (case)ەکان چارەسەر بکەن، بۆیە لێرە بتوانین مەحکەمە موختەصەکە دیاری بکەین، لە چ کاتێك داواکە دەچێ بۆ ئەوێ؟ سەبارەت بەوەش ئێمە سیستەممان هەیە ئێستا بۆ ئەنجومەنی وەزیران ڕەوانەمان کردووە، کە ئیشی ئەو داڵدەدانی شەڵتەرەکان لە هەرێمی کوردستان ڕێك بخرێ، یەك سیستەم بێ، سوپاس بۆ ئێوەش.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خانم، فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت مەحكەمەكەوە ئێمە لە دانیشتنی بەیانی دا ئەوەمان یەكلا كردۆتەوە، خستوومانە دەنگدانەوە، بە زۆرینە بڕیار درا موختەصەكەی لێ بكرێتەوە، ئەوەی كە كاك عەونی باسی كرد ماددەی (31)ی قانونی ئەنجومەنی دادوەری باس لە دروست كردنی مەحكەمەی تەحقیق دەكات، ئێمە دەبێ بە صەریحی بنووسین مەحكەمەی لێكۆڵینەوەی عونفی ئوسەری، لەو كاتە كە ئەوەمان دانا ئەو ئیشكالەش حەل دەبێ كە دەوترێ/ ئێمە یەك مەحكەمە چارەسەری كێشەكان ناكات، چونكە بە پێی قانونەكە لە هەر شوێنێ مەحكەمەی بیدائە هەبێ مەحكەمەیەكی تەحقیقیش تەشكیل دەكرێ، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ ئەوە لێرە حەسم بكەین كە مەحكەمەكە هی تەحقیقە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عونی، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

فەقەرەی دووەم لە ماددەی (31) بەو شكلە نیە،

ثانیاً/ لرئیس مجلس القضاء بناءاً على إقتراح من رئیس محكمة الإستئناف ، یخصص محكمة تحقیق لنوع أو أنواع معینة من الجرائم.

واتا لێرە ئەنجومەنی دادوەری خۆی قەرارێك دەردەكات بە گوێرەی ئەو ئالیەتەی كە لەو ماددەیەدا هاتووە، سەبارەت بە چۆنیەتی دامەزراندنی ئەو دادگایە، هۆكارەكانی، لە ئەمرەكەی دامەزراندن تەحدید دەكرێ، فەقەرەی شەش لە پێشنیارەكان كە پێشكەش كرا (على وزارة الداخلیة إنشاء قسم خاص في سلك الشرطة قوامها الأساسي من الشرطة النسائیة للتعامل مع قضایا العنف الأسري).

(سبعة/ على الوزارات و الهیئات الرسمیة المختصة الترویج لثقافة مناهضة العنف الأسري)،

پێشنیار كرا كەوا تێكەڵییەك هەیە، واتا ئیختیلاتێك هەیە بەینی ماددەی سێیەم و چوارەم دا، فیعلەن ئێمەش وا هەست دەكەین كە نەوعە ئیرتیباتێك، تێكەڵییەك هەیە لە بەینی ئەو دوو ماددەیە، بۆیە ئێمە پێشنیاز دەكەین لێرە بە ناوی لێژنە كە ئەو بابەتە، واتا ئەو دوو ماددەیە یەك بخرێتەوە، ئەوەش بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان دەبێ، لێرە پێشنیارمان ئەوەیە سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەو بابەتەی عەرزی ئەندامانی پەرلەمان بكات، ئایا موافەقەت دەكەن ئەو دوو ماددەیەی دەمج بكەین تا بتوانین ئیش لەسەر هەردووك بكەین، ئەحكامەكانیش لێك نزیك بكەینەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەی یاسایی تکایە ئاخیر صیاغەتان بکەن، چونکە موناقەشە خەلاص بوو، کەس ئو بابەتەی نەهێنا، ئەوە شتێکی تازەیە، ئاخیر صیاغە بکەن دەیدەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامێك ئەو بابەتەی ئیسارە کرد، وابزانم کاك عمر عبدالعزیز بوو، فیعلەن ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین کە نەوعە تێکەڵییەك هەیە، ئیمکانە بڵێین فەقەرەی یەکەمی ماددەی سێیەم بینینە پێش ماددەی چوارەم، واتا بیکەینە فەقەرەی یەکەم لە ماددەی چوارەم، ئەو وەختی ئیشەکان دیار دەبێ، تەشکیلی مەحکەمە مەعلوم دەبێ، کارەکانیش چۆن کار دەکات، دیار دەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ و ماددەی چوار دوو ماددەی جیاوازن، ماددەی سێ سیاساتێکی عام دادەنێ بۆ کۆمەڵێك وەزارات، تەعامولێکی سیاسی ئەوەی پێی دەڵێن (policy) لەگەڵ ئەو قەزییەیە، ئەمما ماددەی چوار کۆمەڵێك شتی میکانیزم و ئیجرائی یە کە چۆن ئەو مەحکەمانە، ئەو شتە کار دەکات، لەبەر ئەوە تێکەڵ کردنی باش نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ڕەئی تەنها ئەندامێك ناخرێتە دەنگدانەوە، وەکو جەنابیشت ئیشارەتی پێدا، ئێمە موناقەشەمان تەواو کردووە، کەس باسی تێکەڵ کردنی ئەو دوو ماددەیەی نەکردووە، یەك کەس نەبێت، ناخرێتە دەنگەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغە حەسمی بکەن تکایە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة/

1-تشكل محكمة مختصة بقضايا مناهضة العنف الأسري وفق قانون السلطة القضائية للإقليم رقم (23) لسنة (2007).

2-على وزارة العمل و الشؤون الإجتماعية في الإقليم توفير مراكز الإيواء لضحايا العنف الأسري.

3-شمول قضايا العنف الأسري لخدمات شبكة الحماية الإجتماعية.

4-على وزارة الصحة بالتنسيق مع وزارة العمل و الشؤون الإجتماعية تأمين الرعاية الصحية و إعادة تأهيل المتضرر من العنف الأسري.

5-تختص المديرية العامة لمكافحة العنف ضد المرأة في وزارة الداخلية بمتابعة قضايا العنف الأسري.

6-على وزارة الداخلية إنشاء قسم خاص في سلك الشرطة قوامها الأساسي من الشرطة النسائية للتعامل مع قضايا العنف الأسري.

7- على الوزارات و الهيئات الرسمية المختصة الترويج لثقافة مناهضة العنف الأسري.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا بۆ ماددەی چوار، فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش سید مجید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

یەكەم/

1- دادگا لە كاتی پێویست دا (فەرمانی پاراستن) وەك ڕێكارێكی كاتی بۆ پاراستنی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی دەردەچوێنێ.

2-هەر تاكێك لە تاكەكانی خێزان یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەكات داوا لە دادگا بكات فەرمانی پاراستن دەربكات.

3-دادگا بۆی نیە دەرچواندنی (فەرمانی پاراستن) ڕەت بكاتەوە بە بیانووی هۆی دیكەی یاسایی لەبەردەم زیان لێكەوتوودا هەیە.

4-پێویستە لەسەر دادگا ماوەی (فەرمانی پاراستن)ەكە دەستنیشان بكات و ئەگەر هەرجارە و پێویستیشی كرد درێژی بكاتەوە.

5-ئەوەی داوای فەرمانی پاراستن دەكات واز لەو فەرمانە بێنێ بە پێی هاتنە كاری شوێنی شتی نوێ دادگا دەبێ جەخت لەوە بكاتەوە كە داواكارییەكەی هەڵوەشانەوەی فەرمانەكە بە ئارەزووی داواكراوە و لە بەرژەوەندی زیان لێكەوتوودایە.

دووەم/

فەرمانی پاراستن ئەمانە لەخۆ دەگرێ:

1-ئەگەر ئەوەی شکایەتی لێ کراوە بەیاننامەیەکی پێشکەش کرد کە دەست درێژی ناکاتەوە بۆ سەر زیان لێ کەوتوو یان هەر تاکێك لە تاکەکانی خێزان.

2-گواستنەوەی قوربانییەکە بۆ نزیکترین نەخۆشخانە یان سەنتەرێکی تەندروستی بۆ چارەکردنی لە کاتی پێویست دا یاخود ئەگەر قوربانییەکە داوای ئەوەی کرد.

3-دەستەبەر کردنی گواستنەوەی زیان لێ کەوتوو لە شوێنێکی ئەمین لە کاتی پێویست دا.

4-دووبارە شیاندنی زیان لێ کەوتوو لە توندوتیژی خێزانی لایەنی دەروونی و جەستەیی.

5-ڕێگەنەدان بەو کەسەی کە شکایەتی لێ کراوە بچێتە ماڵی خێزانی بۆ ماوەیەك لە (48) کاتژمێر زیاتر نەبێت لە حاڵەتی بوونی مەترسی لەسەر هەر تاکێك لە تاکەکانی خێزانەکە.

سێیەم/

لە حاڵەتی پێشێل کردنی فەرمانی پاراستن سەرپێچیکەر دەگیرێت بۆ ماوەیەك لە (48) کاتژمێر زیاتر نەبێت یان بە غەرامەیەك لە (300) هەزار دینار کەمتر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیش بخوێننەوە.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

أولاً/

1- تصدر المحكمة عند الضرورة أمر الحماية كإجراء مؤقت لحماية ضحايا العنف الأسري.

2-لأي فرد من أفراد الأسرة أو من يمثله أن يطلب من المحكمة إصدار أمر الحماية.

3-لايجوز للمحكمة رفض إصدار أمر الحماية بحجة وجود وسائل قانونية أخرى متاحة أمام المتضرر.

4-على المحكمة تحديد مدة أمر الحماية وتمديدها كلما دعت الحاجة.

5-لمن يطلب أمر الحماية التنازل على الأمر بناءاً على المستجدات و على المحكمة التأكد من أن طلب الإلغاء قدم بإختيار وأنه في مصلحة المتضرر.

ثانياً/

يتضمن أمر الحماية:

1-تعهد من المشكو منه بعدم التعرض للمتضرر أو أي فرد من أفراد الأسرة.

2-نقل الضحية إلى أقرب مستشفى أو مركز صحي للعلاج عند الحاجة أو إذا طلبت الضحية ذلك.

3-ضمان نقل المتضرر إلى مكان آمن عند الضرورة.

4-إعادة تأهيل المتضرر من العنف الأسري من الناحية النفسية و البدنية.

5-عدم السماح للمشكو منه بدخول البيت الأسري لمدة لاتزيد على 48 ساعة في حالة وجود خطر على أي فرد من أفراد الأسرة.

ثالثاً/

في حالة إنتهاء أمر الحماية يعاقب المخالف بالحبس لمدة لاتزيد على 48 ساعة أو بغرامة لاتقل عن (300) ألف دينار.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەندێك خەتەئی ئیملائی تێدایە، یەكەم لە عەرەبییەكە/ (تصدر المحكمة عند الضرورة أمر الحماية) نا (أمر حماية)، (ألف و اللام)ەكەی زیادە لێرە، لە چوارەم/ (على المحكمة تحديد مدة أمر الحماية)، ئەو (أمر)ەش لێرە زیادە، (الحماية) (مدة الحماية)، پێنجەم (لمن يطلب أمر الحماية) (أمر) لێرە زیادە، (التنازل عن هذا العمد عن طلبه) چونكە (لمن يطلب عن طلبه)، ئیتر ئەوانی تر وەك خۆیەتی، بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز كاوە محمود شاكر/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جگە لە تەوزیحەكانی جەنابت كە ئێمە لە گەڵیداین، ئێمە پێمانوایە یەكەمین لە دووەم (يتضمن الحماية) لە هین، لە سێیەم (ضمان نقل المتضرر إلى مكان آمن عند الضرورة خلال فترة لاتتجاوز 12 ساعة)، یەعنی فەترەیەكی تێدا بێ، (12) سەعاتی تێدا بێ، ئەوە یەك، دووەمین/ چوارەم/ ئێمە چوارەممان نەقل كرد فیكرەكەی بۆ ماددەی سێ، لەبەر ئەوە چوارەم پێویست ناكات بمێنێتەوە (إعادة تأهيل المتضرر)، چونكە ئێمە گواستمانەوە بۆ ماددەی سێ، من دەمەوێ لەسەر پێنجەم قسە بكەم، بۆ ئەوەی لە شروحات و لە موداخەلاتدا بە هەڵە تێنەگەیەنرێ، تێگەیشتنی هەڵەی تیا نەبێ، قەدەغەكردن كە نەچێتە ماڵەوە، مەبەستی ئەوەیە كە تاوانی گەورەتر ڕوونەدات، حاڵەتەكەش بە ئەمری مەحكەمەیە، لە چوارچێوەی بوونی مەترسییەكی گەورەیە لەسەر فەردێك لە ئەفرادی ئوسرە، لەسەر تاكەكانی خێزان، لەبەر ئەوە ئەم ئەمرە بۆ (48) سەعاتەكە یەكەمین كەس ئەو كەسەی كە مومارەسەی عونف دەكات، ئەو دەپارێزێ، جگە لەوەی ئەندامێكی تری خێزانەكە دەپارێزێ، لە حاڵەتی زەروورەیە و بە قەراری مەحكەمەشە، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی بە هەڵە حاڵی بوون نەبێ لە خاڵی پێنجەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان كێ دەیەوێ لەم مەوزووعە موداخەلە بكات؟ پێش ئەوە لە خاڵی پێنجی ئەخیر، لە (ثانياً) ئاخیر (سطر) (خطر على المشكو منه أو أي فرد من أفراد الأسرة)، ئەوەش ئیزافە بكرێ، ئێستا ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ موداخەلە بكەن: حمە سعید حمە علي، جلال علي، جمال طاهر، بێریڤان سەرهەنگ، ئاسۆ كریم، ئامینە زیكری، بشیر خلیل، بەیان أحمد، سۆزان شهاب، سیوەیل عثمان، شلێر محي الدین، شڤان

أحمد، صباح بەرزنجی، ئاشتی عزيز، قادر حسن، شيلان عبدالجبار، فازل بەشارەتی، عمر عبدالعزيز، کەسی تر هەیە؟ نەريمان عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز حمه سعيد حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێڕای ئەوەی کە لەگەڵ مولاحەزەکانی جەنابتم، ماددەی چوار (أولاً) عينوانی بۆ دانەنراوە کە هەموو فەقەرەکانی (1) و (2) و (3) و (4) و (5) باسی ئەمری حيمايە دەکات، کەواتە ئەو عنوانەی کە بۆ (ثانياً) دانراوە پێموایە بۆ عينوانی یەکەم دەشێت، چونکە هەموو خاڵەکان باسی ئەمری حيمايەيە، عينوانی دووەميش بکرێ بە (قضايا متعلقة بالمتضرر) چونکە هەموو خاڵەکانی باسی (متضرر) دەکات کە چی بکرێ بەرامبەری و ئیجرائات، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر/ لە (ثانياً) خاڵی (2) و (4) لە ماددەی سێ دا باسمان کرد، دەنگدان بە دەنگدان باسمان کرد، ئێستا پێویست ناکات لێرە باس بکرێتەوە، تیکرار بکرێتەوە، چونکە (نقل الضحية إلى أقرب مستشفى أو مركز صحي للعلاج)، عيلاجيش هەر شێوەيەکە لە تەئهيل، تەئهيلێکی جسمی يە، ئەوە خاڵێك، بە نيسبەت خاڵی (3) هەر لە فەقەرەی (2) (ضمان نقل المتضرر إلى مكان آمن) ئەو (مكان آمن)ە بە موتلەقی يە، دەبێ شوێنەکە دياری بکرێ، ئايا بۆ ئەو سەنتەرەيە کە باسی ئيوائەکەمان کرد، (مركز الإيواء) يان دياری بکرێ بۆ ئەوەی شوێنێکی موتلەق نەبێ، خاڵێکی تر لە حاڵەتی مانەوەی خاڵی (4)ی فەقەرەی (2)دا، کە دەڵێ (إعادة تأهيل المتضرر من العنف الأسري من الناحية النفسية و البدنية)، ئەوە تەواوە، من پشتگيری ئەو تەئهيلە دەکەم، بەڵام هەندێ حاڵەت هەيە تەئهيل نابێ، بۆ نموونە ئەگەر عزوويەکی لە دەست دابوو، يان عزوويەك تەشويە ببوو، يان حاڵەتێکی نەفسی وای بۆ دروست ببوو ئەو (متضرر)ە تەئهيل نەدەبووەوە، پێويست بە قيساس دەکات، من پێموايە پێويستە لەو حاڵەتانەی کە مەسەلەن چاوی لە دەست دا لە ئەنجامی لێدانەوە، لە ئەنجامی شتێك بووە کە ئەوە تەئهيل نابێ، چاوی لە دەست داوە چۆن تەئهيل دەبێ؟ کەواتە پێموايە پێويستی بە قيصاصە و بە غەرامەيە کە لێی بسەنرێ، خاڵێکی تر، خاڵی پێنجەم/ کە بەڕاستی ئەگەر ئەو تەوزيحەی کاك د.کاوە نەبوايە، يەعنی وازح نەبوو، کەواتە پێويست دەکات ئەو تەوزيحەی تيادا دابنرێ، ئەو تەوزيحەی کە بەڕێز وەزير باسی کرد، کە باس دەکات دوای (48) سەعات (مشكو منه) نەيێتەوە بۆ ماڵەوە، ئەی ئەگەر دوای (48) سەعاتەکە هاتەوە، خۆ هەر موعەرەز نيە بۆ ئەوەی کە بڵێين زەرەر بگەيەنێ بەو فەردە؟ يان هەر فەردێکی ئوسرەکە؟ کەواتە پێويست بەوە دەکات ئەويش تەعەهودێکی لێ وەرگيرێ، يەعنی دوای (48) سەعاتەکەش کە هاتووە تەعەهودێکی لێ وەرگرێ لەلايەن مەحکەمەوە کە هيچ ئيرتيکابی جەريمە نەکات بەرامبەر بە ئەندامانی خێزانەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جلال علي، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لە ماددەی (4)دا (ثانياً) عیبارەتەکە زۆر ڕەها و کراوەیە، یەعنی (أي فرد من أفراد الأسرة)، یەعنی هەموو ئەندامێکی خێزان بۆی هەیە بچێتە مەحکەمە، بەڵام بکرێ بە (لأي فرد من أفراد الأسرة التي تتعرض للعنف الأسري)، چونکە ئەوە ڕەها و کراوەیە، هەموو کەسێ، هەموو فەردێ لە خێزان بۆی هەبێ داوای حیمایە بکات، حەز دەکەم ئەوە چاك بکرێ، چونکە لە وەقائیعی کوردستان دا بڵاودەبێتەوە، خەڵك دەیخوێنێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێز جمال طاهر، فەرموو.**

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر بێین و سەیری ئەم ماددەیە بکەین، (أولاً) دەبینن جۆرێك تەناقووز هەیە، یەعنی جوملەکان لەگەڵ یەکتر ناگونجێن، یەکەم دەڵێ (تصدر المحكمة عند الضرورة)، دووەم دەڵێت/ (أي فرد من أفراج الأسرة)، پاشان دەڵێت/ (لايجوز للمحكمة رفض إصدار الأمر)، ئایا (عند الضرورة) یان (بناءاً على طلب)ە، یانیش (لايجوز)ە؟ پاشان دەڵێ/ (على المحكمة تمديد مدة أمر الحماية) بۆچی؟ من پێشنیار دەکەم خاڵی سێیەم (لايجوز للمحكمة رفض إصدار أمر الحماية) هەر لێرە لابدرێت، نەمینێت، چونکە مادام (عند الضرورة)یە و (بناءاً على طلب)ە، مەحکەمە موختەصە، یەعنی خۆی دەزانێت، داعی نیە لێرە زیکر بکرێت و پێویستە لابدرێت، بە باشتر دەزانم خاڵی یەکەم و دووەم و چوارەم بە یەك خاڵ دابرێژرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**1-تصدر المحكمة عند الضرورة أمر الحماية عند الضرورة و بناءاً على طلب أي فرد من أفراد الأسرة أو من يمثله كإجراء مؤقت لحماية ضحايا العنف الأسري على أن يتضمن الأمر فترة الحماية و للمحكمة تمديدها كل ما دعت الحاجة.**

**ئەوە هەمووی بە ماددە (1) دا بێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ، فەرموو.**

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ماددەی چوارەم لە بەشی یەکەم، لە بڕگەی یەکەم دەڵێ/ (دادگا لە کاتی پێویست دا (فەرمانی پاراستن)ی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی دەردەچوێنێ)، مەعنای ئەوەیە دادگا ئەو فەرمانە دەردەچوێنێ، بەڵام لە بەشی دووەم دەڵێ/ (فەرمانی پاراستن ئەم شتانە لەخۆی دەگرێ) مەعنای ئەوەیە فەرمانەکە ئێمە دەری دەکەین، ماددەی دووەم لەگەڵ یەکەم ڕێك ناکەوێ، بۆیە بە ڕەئی من باشە ئەو فەرمانە ناوەڕۆکی**

فەرمانەکە، خاڵەکانی کە ئێمە لێرە نووسیمان بهێڵینەوە بۆ دادگا، دادگا ئازاد بێ، چونکە دادگا دەزانێ جۆری توندوتیژییەکەی بە پێی ڕاپۆرتی پزیشکی کە نەخۆش حەواڵەی ئەوە دەکرێ، ئێمە لە پەرلەمان فەرمانی پاراستنی دادگا دەردەکەین، بەڵام لە عەینەن وەختیش لە بەشی یەکەم دەڵێین دادگا فەرمانی پاراستن دەردەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئاسۆ کریم، فەرموو.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی چوارەم دیارە لە یەکەم بڕگەی (1) و (2) من پێموایە پێویستە پاش و پێش بکرێ، بەم شکلەی لێ بێ/ (للضحية أو من يمثلها أو لأي فرد من أفراد الأسرة أن يطلب من المحكمة إصدار أمر الحماية)، پاش ئەوە ئینجا بنووسرێ/ (تصدر محكمة مناهضة العنف الأسري)، چونکە لێرە بنووسرێ (المحكمة) کام مەحکەمە؟ بۆیە پێویستە دیاری بکرێ (محكمة مناهضة العنف الأسري)، (عند الضرورة أمر الحماية كإجراء مؤقت لحماية ضحايا العنف الأسري)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئامینە زیکری، فەرموو.

**بەڕێز آمنة ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ دووەم فەرمانی پاراستن چەند پێشنیار هەنە، کو زێدە کرن تێدا بهێنە کرن، یا ئێکێ ژ بلی هندێ کو ئەوێ زیان لێ کەفتی ژ لایێ دەرونی و کۆمەلایەتیڤە، شیاندنا وان بێتە کرن، چارەسەریان بێتە کرن، پێتڤیا تۆمەتبار ژی ئەوێ توندو تیژی کری، شیاندنا وان بێتە کرن، مەرکەز و سەنتەرێت تایبەتمەند د بوارێ دەرونیڤە بێنە عیلاج کرن، چونکە ئەوێ توندو تیژیێ دکەت، حەتمەن خەلەلەکیا هەی کو ئەوە حالەت چێ بوی توندو تیژیێ دکەتن، خالەکادی بێتە زێدە کرن، ئەم هەمی دزانین کو، گەلەك جارا ژ لایێ پۆلیسا، یا ڕێڤەبەرا نەهێلانە توندو تیژیا ئەز ب خۆ ئێك ژ ڤان کەسان بووم، بەرێ نوکە من ڕێکخراوەکێ شۆل کر، ڕێکخراوێ یەکێتی ئافرەتانی کوردستانێ، گەلەك جارا ئەو ڕێڤە بەریا نەهێلانا توندو تیژیا ژنان، ئەو توندو تیژیا کو چونە وێرێ، پۆلیسا نە دوێران حەتا داخازیا خۆ بگەهێنتێ، گۆتنا هەڕە مالێ پێتڤی ناکەتن، ڤێ موشکیلێ هەڕە مالێ چارەسەر بکە، ژ بۆ هندێ کو ئەڤ کێشە یا بەردەوام نەبیتن و بۆ هاندانا پۆلیسا، یا فەرمانبەرێ نەهێلانا توندو تیژیێ، وەها ل وان نەکەن، ئەو کەسێ کو دچیت سکالێ تەقدیم دکەتن، ژێر زەختێ نەبیتن، یا پێتڤیا خالی بۆ بێتە دەست نیشان کرن، کو نابی پۆلیسێن یێن قەزائی سەبارەت سکالا یان هەر ئاگاه دارکرنەکا کو ژ لایێ هەرکەسەکێ ڤە هاتبیتە کرن بکات، ئەگەر کێم تەرخەمی کر، بەرامبەر هەر ڕیدانەکا ڕیدانەکا چێ ببیت بەرپرسیارە، هەر پێ شێلکاریەکی ژ لایێ قەزایی،

یان ڕێڤە بەریێ نەهێلانا توندو تیژی، بۆ ئیجبار کرن یان بۆ فشار خستن سەر قوربانی، ژ بۆ تەنازول کرن ژ سکالایێ د دەوامێ کاری رسمیدا، دژی قانونێیە پێتڤیە ئیجرائاتێ پێویست بێتە وەرگرتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەشیر خلیل کەرەمکە.

**بەڕێز د.بشیر خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش وا دەبینم لەو ماددەیە، دەکرێ هەر پێنج خاڵەکەی ئەوەلەن، لە یەك خاڵدا کۆ بکرێتەوە، بەشێوەیەکی مورەکەز مانایەکەی بدات، پێویست بەو چوار خاڵە درێژە ناکات، لە ثانیاً خاڵی سێهەم، (ضمان نقل المتضرر الى مكان امن) بۆ بڵێین (مكان آمن)؟ ئێمە لە پێشوودا لە ماددەی سێ گوتبوومان (انشاء مراكز إيواء) دەڵێین (نقل المتضرر الى احد مراكز الإيواء) مادام ئەوە لەوێ دانراوە پێویست ناکات بۆ مەکانێکی ئامنی تر، خاڵی چوارەمەکە زیادە، ئەوەش گوتمان (إعادة تأهيل)ەکە لە ماددەی سێ باس کراوە، بەنیسبەت خاڵی پێنجەم (عدم السماح للمشكو منه)، بەڕاستی ئەمە خاڵێکی گرنگە، دەبێ بە میزاجی شورتەو بە میزاجی پۆلیس و زابتان نەبێ، دەبێ بە قەراری مەحکەمە بێ، ئەمە تەسبیت بکرێ بالفعل کابرای (مشكو منه) لەماڵەکەی خۆی دووربێ، بەس نەك سجن بکرێ، نەك ئیداعی سجن بکرێ، لەماڵ دوور بخرێتەوە بۆ هەر شوێنێکی تر، بۆ ماڵێکی خزمی خۆی بچێت، بۆ شارێکی تر و بۆ شتێکی تر، بەڵام بە قەراری مەحکەمە نەچێتەوە ماڵەوە، نەشڵێین بۆ 48 سەعات، جاری وا هەیە موشکیلەکە بە دوو سەعات تەواو دەبێ، جاری وا هەیە بە (72) سەعات تەواو نابێ، بڵێین (عدم السماح للمشكو منه بدخول البيت الاسري بقرار المحكمة و لحين زوال الأسباب)، ئەوجا ئەوکات ئەسبابەکە بە سەعاتێك کۆتایی هات، بە چوار رۆژ، بە هەفتەیەك هەتا سەبەبەکان ماوە نابێ ئەوە بگەڕێتەوە ماڵێ، چونکە هەندێك شت هەیە، وەکو جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێدا، کە ئەمە یەکەمجار پاراستنە بۆ خۆی بۆ جانیەکە، ئینجا بۆ (مجني عليه)، لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم منیش پشتگیری لە ڕایەکەی ئامینە خان دەکەم، کە ئەوانەی توندو تیژی ئەنجام دەدەن، ئەوان لەوانەیە زیاتر پێویستیان بە تەئهیل و شیاندن هەبێ، لەوانەی کەوا توندو تیژیان بەرامبەر دراوە، بۆیە دەبێ لەو قانونە، ماددەیەك لە ماددەکان دا جێگەی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بەیان احمد، کەرەمکە.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددەی چارێ، من ژی پێ باشە عنوان بیتە دانان بۆ ئەوەلەن، ثانیاً یا هەی بەس ئەوەلەن عنوان هەبیتن، خالا دی تر ئەوەلەن بەحسێ (تصدر المحكمة عند الضرورة أمر حماية كإجراء مؤقت لحماية ضحايا العنف الأسري)، پشتی هەنگێ ئەگەر ئەم سەحکەینێ، یەعنی ئەم تەبەنیا موستەلەحەکی قانونی بکەین (ضحايا)، یەعنی دگەل نوسخا کوردیژی (قوربانیە) ڤێرێ د هەمی بابەتا بەحسێ ئەوی دیا هاتیە کرن، بەحسێ (متضرر)، یەعنی ڤان هەمیادا ئەگەر (متضرر) ببیتە (ضحية)، وەکو موستەلەحەکی قانونی ئەم بکار بینین، تشتەکی باشە، خالا دی تر ثانیاً، اولاً، ئەز ڤێ شێوەیێ بێژم بێتە دارێشتن (إلزام) بەدەلی (المشكو منه) ئەو ژی ب موستەلەحەکی قانونی ئەم دانێین ئەم بێژین (المدعي علية) (إلزام المدعي عليه بعدم التعرض للضحية أو أي فرد من أفراد الأسرة) دەڤ من باشترە، خالا چارێ، هەر ئەزیش دەنگێ خۆ ددەمە دەڤ دەنگێ د.بشیر و خوشکە ئامینە، کو فعلەن (تأهيل) نەبەس بۆ (ضحية) بیتن، بەلکو بۆ (مدعي عليه) چونکە مە دڤێتن نەفەسەکا ئیسلاحی تێدابیتن، ئەڤ کەسێ هەنێ جارەکادی ب شێوەیەکی تەندروست، بزڤریتە ناڤ کۆمەلگای دا، خالەکا دی ئەز پێشنیار دکەم، خالا شەشێ بیتن، (يعفى طالب الحماية من كافة الرسوم) ئەڤ پێشنیارە ژی پێ باشە کو زێدە ببیتن ڤی ماددەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سۆزان شهاب کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی من پشتگیری لە هەردوو ڕای بەڕێزان ئامینە خان و کاك مەلا بەشیر دەکەم، بۆ ئەوەی کاتێك کە ئەو کەسەی کە کرداری توندو تیژیەکەش دەکات، ئەوە دەبێ بەڕاستی چارەسەر بکرێت، ئیعادەی تەئهیل بکرێتەوە، چونکە دەرکەوتووە کە توندو تیژی زۆر جار حاڵەتێکە بەسەر ئەو کەسانە دێت کە کاتێك فعلێك ئەنجام دەدات لە دوای ئەو پەشیمانی لە دوا دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە تیکرار نەبێتەوە، یاساکە مەغزای خۆی بپێکێ پێویستە ئەو کەسەی کە توندو تیژییەکە ئەکات ئیهمال نەکرێت، ئەمە حاڵەتێك، حاڵەتی دووەم، بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، شتێکی زۆر موهیم دەبێ لەناو ئەم یاسایە هەبێ، کەمتەرخەمی لە وەرگرتنی سکالاَکان نەکرێت، چونکە ئێستا گرفتی هەرە گەورەی دونیا ئەوەیە کەمتەرخەمی دەکرێت لە وەرگرتنی سکالاَکان، یاخود بە هەند وەرناگیرێت، بەلاَم کە جارێ، دوو جار تیکرار بۆوەو بەهەند وەرنەگیرا و واقیعەکە قەوما، کەسەکە کوژرا، یاخود کارێکی توندو تیژی بەرامبەر کرا، ئەوسا هیچ شتێك داد نادات، هیچ شتێك تەعویزی ئەو ڕوحە ناداتەوە، بۆیە دەبێ ئەوە باس بکرێت کە هەموو سکالاَیەك بە هەند وەربگیرێت، بەدواداچوونی بۆ بکرێت، لە لایەن ئەو شورتەی نیسائییەی کە دائەندرێت بۆ (تعامل مع القضايا العنف الاسري) من حەز دەکەم لە خاڵی پێنجەم دا جارێکی تر تەئکید بکەمەوە، ئێمە ئەم یاسایە بۆ ئەوە دەرناکەین رق دروست بکەین لە بەینی خێزانەکان و کەسەکان دا، توندو تیژی فعلێکە لەوانەیە بۆ جارێك ببێ، لەوانەیە خەڵکێکیش هەبێ ئیستیمراریەتی

لەسەر وەرگرتبێ، بۆیە (عدم السماح للمشكو منه بدخول البيت الأسري) مەعنای ئەوە نیە فڕەی دەنە سجنەوە، چونکە کە خستتە سجنەوەو هاتە دەرەوە، هەقی لێ ئەکاتەوە، با ئەمەی تیا نەبێ، موهیم ئەوەیە یەك بازنە لە دونیاش وایە، دەڵێ (ZONE)ی (25) کم، دوو کیلۆ مەتر، سێ کیلۆمەتر، لە دەوری ماڵەکە دائەندرێت ئەڵێ بۆت نیە نزیکی ئەو (ZONE)ە ببیتەوە، ئیتر ئەشی نێرن بۆ ماڵی کەسێکی، هەرچ شوێنێك بێت، بەلاّم گرنگ ئەوەیە نەخرێتە ناو سجنەوە، یەعنی ئەمە وازح بێ بۆ هەموو لایەك، خاڵی شەشەم کە حەز دەکەم ئیزافە بکرێ، بەڕێزان هەر لەو مەحکەمەیەوە دوای دەرکردنی ئەمری حیمایەو ئەم شتانە، لجانی ویفاقی ئوسەری، لە هەموو دونیا ئەمە حاڵەتێکە موتەبەعە، لەوانەیە لێرە توێژەری کۆمەلاّیەتی هەڵسێ بەو بابەتە، بەلاّم ئەبێ هەولێك هەبێ بۆ بەیەك گەیاندنەوە، یاخود هەولێك هەبێ بۆ ئەو سوئی فەهمە نەمێنێ، لەبەر ئەوە ئەوەش ببێتە خاڵێك (لجان الوفاق الأسري) لە هەموو دونیا موتەبەعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەڕێز سیوەیل عثمان کەرەمکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی رابعاً/ اولاً تەبعەن ئەویش ناونیشانی دەوێت، چونکە ناونیشانەکەش هەمووی لێرە ئەمری حیمایەو ئەوانەی تێدایە، ئەگەر ئەوە ( يتضمن امر الحماية) بێتە سەر ئەوە باشترە، بەنیسبەت خاڵی یەکەم، ئەگەر بکرێتە خاڵی دووەم، دووەمیش بکرێتە خاڵی یەکەم، لەبەر ئەوەی هەرکەسێك داواکاریەکی هەبێ، ئینجا بۆی جێبەجێ دەکرێت، بەس لە خاڵی یەکەم نووسراوە (تصدر المحكمة عند الضرور امر حماية) لەدوایی نووسراوە (لأي فرد من أفراد الاسرة) ئەگەر دووەم ببێتە یەکەم، یەکەمیش ببێتە دووەم، پێم باشترە، واتە تەسەلسلەکەی بگۆڕدرێت، بەلاّم بە مەرجێك ئەوەی دووەم بنووسرێ (يحق لأي فرد متضرر من أفراد الأسرة)، یەعنی مافی دەدەینێ نەوەك (لای فرد من أفراد الاسرة) واتە جوملەی موتەکامل نیە، ئەوەش قانونە دەردەچێت، بنووسرێ (يحق لأي فرد من أفراد الأسرة أو من يمثله أن يطلب من المحكمة إصدار أمر حماية) ئەوە ببێتە یەکەم، هی یەکەمیش ببێتە دووەم، بەنیسبەت چوارەم هەمانە، بەنیسبەت پێنجەم هەمانە (لمن يطلب امر حماية) (أمر)ەکەمان لابرد لێرە، بەلاّم ئەگەر بنووسرێ (لطالب امر الحماية) وابزانم باشترە، (لطالب الحماية) یان (لمن يطلب)ی لابەین، ئەگەر بنووسین (لطالب الحماية التنازل عن هذا الامر) وابزانم سیغەکە ڕاسترە، بەنیسبەت، ثانیاً/ أولاً (تعهد من المشكو) ناکرێ بڵێین (تعهد من المشكو) یان دەبێ بڵێین (تقديم تعهد من المشكو) یان دەبی بڵێین (اخذ تعهد من المشكو) واتە بەڵێننامەیەکی لێ وەربگیرێت، ئەوجا یان (اخذ) یان (تقديم تعهد من المشكو بعدم التعرض للمتضرر او ای من الافراد...) ثانیاً(نقل الضحية إلى أقرب مستشفى أو مركز صحي للعلاج عند الحاجة) کافی، واتا (إذا طلب الضحية ذلك) پێویست ناکات وابزانم شتێکی زیادە، لە عیبارەتەکەی ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی لیژنە

ديقەت بدەنە ئەوە، بە نيسبەت ثالثاً هيچ، رابعاً ئەگەر لەسەر قسەی ئامینە خان و بەڕێزان د.بشیرو سۆزان خانيش وابزانم تەئيدى كردن، ئەگەر تەئهيلى ئەو كەسەش بكرێتەوە، كە تاوانەكەی بابڵێين ئەوە بووە فاعل بووە، واتە بنووسرێ (اعادة تأهيل الطرفين) بەينى دوو قەوس ( المتضرر والفاعل من العنف الاسري من الناحية النفسية والبدنية) وابزانم باشترە، ئەگەر پێشنيارەكە قبوڵ دەكرێ، بەنيسبەت خامساً (عدم السماح للمشكو منە بدخول البيت الاسري لمدة لاتزيد على 48 ساعة) ئەگەر كێشەكە هەندە قورس بێ، وابزانم 48 سەعات كەمترە ئەگەر (لاتقل عن 48 ساعە) باشترە ئەگەر كێشەكە هەندە قورس بێ، وەك بەڕێزان باسيان كرد، لەوانەيە كێشە هەيە بە نيو سەعات، بە چارەگێك، بە سەعاتێك حەل بێ، كێشەش هەيە لەوانەيە 72 سەعات و حەفتەك ئيدامەی بێ، بەنيسبەت ثالثاً (في حالة إنتهاك أمر حماية يعاقب المخالف بالحبس لمدة لاتزيد عن 48 ساعة أو بغرامة لاتقل عن 300 ألف دينار)، واتە ئەگەر تەماشای حەبسەكەو غەرامەكەی بكەين، زۆر زۆری فەرقە، كەمتر لە 48 سەعات، ئەوی تريش نووسراوە 300 هەزار دينار، يان دەبێ بڵێين (لاتقل عن 48 ساعة) يانيش دەبێ 300 هەزار دينارەكەی كەم بكەينەوە، واتە عقوبەكە تەقريبەن نزيك بێت لە يەك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشتر نيە بڵێين (التى يقدرها المحكمه) لە باتی 48 سەعات، شلێرخان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدين صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر لە بەڕێزان باسی خاڵی يەكەم و دووەم و سێيەم و جێگۆڕی ئەو خاڵانەيان كرد، بەڵام من پێشنيار دەكەم خاڵی يەكەم و دووەم و سێيەم، بكرێتە يەك بڕگە، بەو شێوەيە دابڕێژرێتەوە و عەينی واتاش بدات، (تصدر المحكمة عند الضرورة امر الحماية كاجراء موقت لحماية ضحايا العنف الاسرى بناءا على طلب اى فرد من افراد الاسرة أو من يمثله، ولايجوز للمحكمة رفض اصدار الحماية) ئەوانە بكرێتە يەك بڕگە، هەمان مەعنا بدات، دووەم/ لە (ثانيا) لە خاڵی 4 ( اعاده تاهيل المتضرر)پشتگيری ئەو خاڵە دەكەم تەئهيل زۆر زۆر شتێكی گرنگە، زۆر جار لە شاشاتی تەلەفزيۆن بەرامجی عالەمی دەبينين كە زۆر كەسان هەنە مودمنی موخەدەراتن و مودمنی مەشروبن يان زۆر توندوتيژن گەيشتوونەتە ئەوەی كە ئوسرەكەيان تەفەكوك بكات بەهۆی تەئهيل و بەرامجی تەئهيل، بەڵام بە شەرتێك بەرامجەكە زۆر زۆر ئاستەكەی بەرز بێ، ئەوانە گەڕاونەتەوە سەر ڕێگای ڕاست و چارەسەر كراون، لە (ثالثا) فی حالە انتهاك امر الحمايە يعاقب المخالف بالحبس) دائيمەن حاڵەتی ئينتهاكی ئەمری حيمايە لەو كەسە ڕوو دەدات دووبارە دەبێتەوە كەوا توندوتيژيەكەی ئەنجام داوە، باوەڕ ناكەم زەحيەكە دووبارە ئينتهاكی بكات، دائيمەن ئەو كەسەی كە توندوتيژی ئەنجام داوە، لەوانەيە ئەو توندوتيژيەی دووەمين جار كە دووبارە دەبێتەوە تووڕە تر بێ و خراپ تر بێت، عقوبەكەی خراپ تر بێت، لەبەرئەوەی بەرامبەرەكەی هەستاوە شكايەتی كردووە يان داوای حيمايەی كردووە، كە دووبارەی كردەوە توندوتيژيەكە زياتر دەبێت، بۆيە لێرەدا ئەو 48 سەعاتە و 300

هەزار دینارە زۆر زۆر کەمە، چونکە دەتوانێ ئەو توندوتیژیە بکات موقابیل شتێکی زۆر کەم، هەروەها پشتگیری لە ڕایەکەی ئامینە خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەندەی من تەماشای ئەو ماددەی 4 دەکەم، من هیچ دەورێکی سوڵح تێیدا نابینم، (الصلح خیر)، من پێم باشە بڕگەیەك دابڕێژرێت بە سیغەیەکی وازح کە جارێ سوڵح دەوری ئەساسی بێت جا چ مەحکەمە بێت، چ ئەو هەیئاتانەی کە پێشتر باسمان کردن، منیش هاوڕام لەگەڵ زۆربەی خوشك و برایانی پەرلەمانتار کە هیچ نەبێت بڕگەی یەکەم و دووەم لە ئەوەڵەن ئەگەر سێیەمیش نەبێت بڕگەی یەکەم ودووەم بکرێتە یەك بڕگە و وەکو خۆی سیاغە بکرێت، بڕگەی 3 لێرە زۆر بە وجوبی هاتووە، لەسەرەوە بە جوازی هاتووە، یەعنی لێرە من دەبینم ئیرادەیەکی نامێنێت مەحکەمە، من پێم باشە هەر جەوازی بێت، (یجوز للمحکمە)، لەبڕگەی 5 خاڵی دووەم (عدم السماح للمشکو منە) کە هاتووە بەو شێوەیە هەتا ئاخری، نازانم ئەمە بە چ ئالیەتێك دەکرێت؟ ئالیەتەکەی دیار نیە و وازح نیە، سێیەم/ لە حاڵەتی ئینتهاکی ئەوە (یعاقب المخالف بالحبس) پێم وایە بنووسرێ (البسیط)، چونکە حەبسی بەسیت زیاتر نیە لە 48 سەعات، ئیزافە بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا تەئیدی موهەندس حمە سعید دەکەم، کە باسی ئەوەی کرد کە ئەوەڵەن هیچ عیوانێکی نیە، یەعنی ئەوە شایستە نیە بۆ دەقێکی قانون یان بەو پشێویە دەربچێت، هەوەرها پشتگیری لە کاك جمال دەکەم، کە سیغەیەکی زۆر جوان و پوختی پێشکەش کرد حەق وایە بەڕێزان بە نەزەری ئیعتبار وەری بگرن، ئەگەر ئەو سیغەیەش وەرنەگیرا، ئەو بۆچوونەی کاك ئاسۆش پشتگیری لێ دەکەم کە وتی لەئەوەڵەن دا یەکەم بێ بە دووەم ودووەم ببێ بە یەکەم، چونکە تەرتیبە مەنتقیەکەی بەو شێوەیەیە، یەعنی لەپێشدا دەبێ تەڵەبێك لەلایەن یەکێك لە ئەندامانی خێزانەوە بچێت بۆ مەحکەمە بێت وئەمری حیمایەکە دەربکات، لە هەمان کاتدا بە نیسبەت بەشی دووەم لە خاڵی پێنجەم دا پشتگیری لە بۆچونەکەی کاك د.بشیر دەکەم، کە

ئەو 48 سەعاتە بەڕاستی لابرێت، بوترێ (لحین زوال اسباب المنع)، ئەوە زۆرگونجاو ترە، ئێمە لە باسی ئەوەداین کە چۆن باشترین حیمایە تەوفیر بکەین بۆ ئەو کەسانەی کە دەبن بە قوربانی توندوتیژی خێزانی، یەکێکیان ئەم حیمایە قانونیەیە، وەکو ئیجرایەکی موەقەت کە دەکرێت، هەندێ حیمایەی تریش هەیە کە لەشەریعەتی ئیسلامی دا زۆر بە جوانی هاتووە، بۆ نموونە دەکرێ ئەو کەسەی کە ویلایەی هەیە ئەگەر دەرکەوت فعلەن کەفائەتی نیە، سەلبی ویلایەی لێ بکرێت بە قەراری مەحکەمە، ئەوەش دەخرێتە ناو ئەو پێشنیارانەوەکە پێشکەشی جەنابتانی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆربەی تێبینیەکانم وتراوە ئەوەی جێگەی سەرنج بێ ئەوەیە کە لە ماددەی 4 بڕگەی یەکەمی کە دەڵێ (تصدر المحكمةعند الضرورة امرالحماية) لەبەرئەوەی ئێمە لێرە دەبێ بڕیار لەسەر دروست کردنی مەحکەمەی موختەس بدەین، بەڵام وەکو ئەزانن دادوەری موختەسمان نیە بۆ لێکۆڵینەوە، ئەوانیش لەوانەیە پێویستیان بە کۆمەڵێك خولی وشیارکردنەوە هەبێ بۆ معامەلە کردن لەگەڵ ئەم کەیسانەدا کە ئێمە تا ئێستا زۆرجار ئەمە ڕەئی قانونیەکان خۆشیانە کە زۆرجار ئەمرێك جێ هێڵدراوە بۆ ئیجتهادی حاکمەکە بەپێی زەرورەت قەراری بۆ دەرنەکردووە، بۆیە لێرە کە دەڵێ (تصدر المحكمة عند الضرورة) لەوانەیە زەرورەتە جارێکی تر بۆ ئیجتهادی حاکمەکە جێ بهێڵدرێتەوە کە ئەمری حیمایەکە دەربکات یان دەری نەکات کە ئەمە جۆرێك لە مەتاتیەت و دەست بڵاوی دەدات پێی، لە هەمان ماددەدا لە خاڵی 5 کە نووسراوە (لمن يطلب امر الحماية) لە کۆتاییەکەیدا (طلب الغاء قدم باختيار وانه فى مصلحة المتضرر) ئێمە هەموومان قسەمان لەسەر ئەوە کرد کە موتەزەرر پێویستە ئیعادەی تەئهیلی بۆ بکرێتەوە، کەواتە ئیتفاقێکی زیمنی هەیە کە ئەو کەسە لە حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی بڕواپێکراوە، یان گونجاوە کە بتوانێ بڕیار لەسەر ژیانی خۆی بدات، بۆیە من ئیقتراحی ئەوە دەکەم، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، (بالاستناد الى تقرير الباحث الاجتماعي)، لەبەرئەوەی لەوانەیە کە تەنها بڕیاردان لەبەرئەوەی دەترسێ لە تۆڵەکردنەوە، دەترسێ توندوتیژیەکە فراوان تر بێت لە خێزانەکە دا تۆڵەی لێ بکرێتەوە یا ترسی لەوە هەبێ کە لە خەستەخانەکە یان لە دووری مەئواکە دەچێتە دەرەوە و شوێنێکی نەمێنێ بیگرێتە خۆ، لەوانەیە زۆرجار نەفسیەن و ئیجتماعیەن خۆی بڕیار دەدات کە تەنازول دەکات لە کەیسەکە کە ئەمە پێویستە ئیستنادی تیا بێت بۆ سەر ئەو تەقریرەی کە لەلایەن باحسی ئیجتماعیەوە لە زۆربەی وڵاتان ئیعتماد دەکرێتە سەر باحسی دەروونیش، بەڵام ئەوەی کە موتەبەعە لە مەحاکمی عیراق و هەرێم دا تەقریری باحسی ئیجتماعی بە ئیعتبار وەردەگیردرێت، سەبارەت بە بەشی دووەم کە دەڵێ (يتضمن امر

الحماية) له خاڵی پێنجەمی، ئەمە لێرەدا تەئیدی پێشنیازەکەی کاک حمه سعید دەکەم که پێویسته جۆرێك له تەعەهود یان ڕێکارێکی یاسایی تەسبیت بکرێت بۆ ئەوەی که جۆرێك له گەرەنتی بدات له دوای 48 سەعات ئەو کەسه توندوتیژی بەرامبەر به خێزانەکەی نەکاتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت به ماددەی 4 دووەم فەرمانی پاراستن بڕگەی 5 پشتگیری له ڕای هاوکارانم دەکەم، منیش هەست دەکەم زەمانەتێك و ئالیەتێك دەست نیشان نەکراوە بۆ ڕێگەگرتن له نەچوونی بۆ خێزان، هەروەها 48 سەعاتەکه پێشنیار دەکەم لابرێ و مەسەلەن بنووسرێت بۆ ماوەیەك تا ئەو کاتەی مەترسیەکه دەڕەوێتەوەو حاڵەتەکه چارەسەر دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شیلان خان فەرموو.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت به ماددا 4 خالا دوێ بڕگا 5 (عدم السماح للمشكو من دخول بيت الاسرة مدة لاتزيد عن ثمانة واربعين ساعة فى حالة وجود خطر على اي فرد من افراد الاسرة) یا ژمن ئەڤ بڕگا زێدەیە، کو ئەڤێ تشتێ بهێلن بۆ دادگایێ، له دووەم (يتضمن امر الحماية) لوێرێ هاتیە، (تعهد من المشكو منه بعدم التعرض للمتضرر) هەروەها ل سێ ژی هاتیە (ضمان نقل المتضرر الى مكان امن عند الضرورة) هەورەسا ژی ل بڕگا 4 (1 ـ على المحكمة تحديد مدة الحماية وتمديدها)، یەعنی لوێرێ دادگا بمینێتن بڕیارێت سەر بداتن که چەند پێتڤیا ئەو کەسەیه که توندوتیژی ئەنجام دەدەن، بچته ماڵێ ئان نەچیتن یان ژی فەرمانێ پاراستنێ و فەرمانێ حیمایه بۆ چەندێ یە و بۆ چەند سەعاتەیا و بۆ چەند ڕۆژانه بهێڤیا دادگەهێ بهێلن، هەروەسا ژی ل یا سێ (في حالة الانتهاك امر الحماية يعاقب المخالف بالحبس مدة لاتزيد عن 48 ساعة وبغرامة لاتقل عن ثلاث مائة دينار) یەشما ژی حەبس نابێت، بەلکو تەوقیف بێتن (مدة لاتزيد عن 48) یەعنی تەوقیف لسەر جۆرا توندوتیژیێ نینە، توندوتیژی هەیە بەلکی ئەنجاما وێ بریندار بوونە و بەلکی کوشتنە، نابێت سزایێ وێ حەبس بیتن، ل 48 سەعاتا زێدە تر نەبیتن، ژ غەراما 300 هەزارە کو گەلەکی کەمە ئەو ژی هەروەسا مەحکەمە بهیلن و لسەر جۆرێ توندوتیژیێ ژی بینن گەلەك سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 4 لە بڕگەی 2 هەرچەندە ئەو بەڕێزانە زۆریان باس کرد، باس پاراستن دەکات کە فەرمانی پاراستن دەربکات، لەڕاستی دا ئەوەی کە من پێویستە ئیشارەتی پێی بدەم بە حەقیقەت لێرە ئەوەی من دەیبینم هەرچەندە لە عامی پرۆژەکە من بە حەقیقەت مولاحەزەم هەبوو، بەڵام ناکرێ لەسەر هەمووی قسە بکرێت، لەم بڕگەیەدا ئەوەی کە من تێبینی دەکەم هەتا ئێستاش ئەوەی کە دەبیندرێ تەربیەتی موجتەمەعی ئێمە تەربیەتێکی کۆمەڵایەتیە، نەك تەربیەتێکی یاسایی، هەتا ئێستا لە موجتەمەعی کوردستان یاسا نەبووە، بەڵام دەتوانم بڵێم جوانترین تەربیەتی ئیجتماعی هەبووە، دژوارترین تەربیەتی کۆمەڵایەتی و خێزانی هەبووە، بەڵام لەم بڕگەیەدا ئەوەی کە من دەیبینم دەسەڵاتی وەکو بابڵێین ئەمری خێزان یان چوارچێوەی خێزانی کەم دەکاتەوە، بۆیە بەڕاستی ئێمە ناتوانین هەرچەند جەنابی وەزیر زۆر ئیشارەتی پێی کرد ئێمە ناتوانین ئێستا لە موجتەمەعی ئەمڕۆی کوردستان بچینە سەر دابونەریت و یان تەربیەتی موجتەمەعی ئەوروپی، لێرە کە باس لە پاراستنی ئەو تاکە کە لە خێزاندا شکایەتی لێ دەکرێت یان بپارێزرێ، ئەمە بە حەقیقەت من پێشنیار دەکەم کە ئەم بڕگەیە پێداچوونەوەیەکی پێدا بکرێت، لەبەرئەوەی من پێموایە ئەمە زیاتر ئاڵۆزی لەناو خێزان دروست دەکات لەوەی تاوەکو پارێزگاری کردنی، ئەو بڕگەی تر ئەو بەڕێزانەی هاوکارانم پێموایە زۆر باسیان لێ ی کردووە، لەسەر بڕگەی 5 بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە هەر یاسایەك لەهەموو گەلانی دنیا بۆ بەرژەوەندی ئەو وڵاتە یان بۆ بەرژەوەندی ئەو گەلانە دەردەچێت، ئەم بڕگەیە کە لێرە باسکرا من پێموایە ئەمە بڕیارێکی زۆر قورسە کە پیاو شکاتی لێ بکرێت 48 کاژمێر نەچێتە ماڵەوە، هەم بۆ خۆی قورسە هەم بۆ خێزانەکەی، من نازانم ئەمە لەناو کۆمەڵگای کوردستان ئەمە بڕیارێکی سەختە من پێشنیار دەکەم پێداچوونەوەیەك بەو بڕگەیەدا بکرێت، چونکە ئەمە تا ئێستا باوەڕ ناکەم نە لە کوردستان ڕووی دابێ و نە ئەمەش تەتبیق دەکرێت بەڕاستی، خاڵێکی تر بەڕێز کاك کاوە محمد ئیشارەتی پێی کرد لەسەرجەم پرۆژەکان دا بە حەقیقەت بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کە ئەوەی من زۆر بە گرنگی دەزانم تەربیەتی کۆمەڵایەتی نەکراوە، یان پەروەردەی کۆمەڵایەتی نیە لەناو ئەم پرۆژەیەدا، ئەوەی کە من بە زەروری دەزانم بەڕاستی ئەوە لە زۆر لە خاڵەکان گرنگترە، من پێموا نیە کە بە بڕگەیەك لەم پرۆژەیە بتوانین ئەمە موتوربەی ناو ئەقڵی موجتمەعی خۆمان بکەین، بە حەقیقەت ئەوەی کە من بە زەروری دەزانم زیاتر وەزارەتی ڕۆشنبیری یان وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە ئەستۆی بگرن بە تایبەتی لەو کاتانەی کەوا عوتڵەی قوتابخانەکان هەیە، بۆچی وەکو بڵێی نیمچە دەوامێکی پەروەردەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان نەبێ ئەوجا پەنا بۆ بڕیاری یاسایی یان تەتبیق کردنی بڕگەی ئەم پرۆژانە ببرێ، من پێموایە ئەوە زۆر باشترە و زیاتریش لەناو کۆمەڵگای کوردستان تەتبیق دەبێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسەبت ماددەی 4 ەوە من دووبارەی دەکەمەوە کە ئێستاش دەڵێم دووبارە و بەعزێك تیکرار لەم ماددەیە هەیە کە ئەوە بە هەرحاڵ بەس ئێستا بۆ ئەوەی نەکەوینەوە ناو هەمان هەڵە کە هەندێ جار تێی کەوتووین لە یاساکان بە وردی ئەم ماددەیە سیاغە بکرێت، لەبەرئەوەی من ئەخیر کەسم بەعزێکی تەسنیە لەسەر قسەی برا و خوشکان، بە نیسبەت ماددەی 2 و 3 و4 من پشتیوانی ئەو سیاغەیەی کاك جمال طاهر دەکەم، سیاغەیەکی جوان دەکرێ لیژنەی یاسایی بیکەنە ئەسڵ و پێداچوونەوە و تەعدیلاتێکی تر، بە نیسبەت خاڵی 5 بڕگەی 2 لەسەر پێشنیاری بەڕێز د.کاوە و خۆشی ئاماژەی پێی کرد بۆ ئەوەی ئەو خوێندنەوانەی لێ نەکرێت یان لابرێ بەڕاستی بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە دروست نەبێت کە هەندێ برایان ئاماژەیان پێی کرد یان تەحدیدەن بنووسن ( بعد قرار المحکمە) کێشەکە چارەسەر دەبێ، تەنها ئەو سێ وشەیەی لە کۆتایی دا بۆ دانێن، خاڵێکی گرنگی تر ماوە کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم، بۆ ئەوەی ئەویش بە کایەی پێشنیارەکەی تر نەچێت کە لیژنەی یاساییش پشتیوانیان لێ کردو وتیان یەك کەس بووە، تەسنیەی پێشنیارێکی کاك شوانە وابزانم باسی لەوە کرد کە ئێمە لەم یاسایە بە داخەوە تا ئێستا باسێکی سوڵح و چارەسەری گرفتەکان و پەروەردەی ئەخلاقی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی هەمووی بەڕاستی بە کاڵی ئاماژەمان پێی کردووە، بەعزێك جار بە کەلیمەی ئیعادە تەئهیل یان ئەوە، ئێمە ڕاستە سزای تاوانبار دەدەین، لەوانەیە تاوانبارێك کە هەڵدەستێ بە توندوتیژی دژی خێزان سزای دەدەین، یان چارەسەری گرفتی قوربانیەك لە قوربانیەکانی توندوتیژی دەکەین، بەڵام لەم پرۆسەیە خۆی بۆ خۆی چەندین تاکی تر لەناو خێزان دەبنە قوربانی هەر ئەو نموونەی کە ئێستا باسکرا پیاوێك دەبرێتە مەسەلەن تەوقیف دەکرێت یان ئافرەتێك وهاوسەرێك کە دەبێتە قوربانی دەبرێ بۆ بنکەی داڵدەدان، لە عەینی لەحزە منداڵان لەوێ بوونەتەوە قوربانی خۆ نەچووین چارەسەری گرفتی ئەو ماڵە بکەین، من ناڵێم بنکەی داڵدەدان نەبێ و من ناڵێم بەدەم زەحیەکانەوە نەبین، بەڵام باسم لەوەیە یاسا بۆ چارەسەری گرفتی کۆمەڵایەتی و گرفتی خێزانی دەبێ زۆر بە وردی سیاغەی بکەین، هەر لە عەینی لەحزە کە باسی موتەزەرر و زیانمەند دەکەین یان باسی تاوانبار دەکەین، باسی موتەعەلقاتی ئەوانیش بکەین کە ئەوان چیان بەسەر دێت، ئێمە لەم یاسایە کە دەڵێین بنکە دانێین بۆ ئەو بەڕێزانە یان دەڵێین زەمانی نەقلی موتەزەرر بکەین بۆ شوێنێك ئایا لە عەینی کات دا چارەسەری کەسەکانی ترمان دۆزیوەتەوە لەم یاسایە؟ ئەوان چیان بەسەر دێت، حکومەت یان جیهەتی پەیوەندار هەڵساوە بە چارەسەر کردنی ئەمە؟ لەبەرئەوە من پشتیوانیەکی جدی لە پێشنیارەکەی کاك شوان دەکەم، سیاغەیەك بکرێت و ماددەیەك تەرخان بکەین بە وازحی ئاماژە بکەین بە سوڵح بە چارەسەر و بە پەروەردەی ئەخلاقی و بە هۆشیاری کۆمەڵایەتی بۆ

ئـەوەی ئـەو کێشـانە لـە نـەتیجـەی ئیجرائـاتی مەحکەمـە و لـە نـەتیجـەی چارەسـەری گرفتـی هەنـدێ لـەو کەسانەی کە دەبنە قوربانی گرفتی ترمان بۆ دروست نەبێ لەناو تاکەکانی خێزان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز مامۆستا عبداللە دەکەم سەبارەت بە بڕگەی 5 دەبێ مەحکەمـەی تێـدا دەست نیشان بکرێت کە لەلایەن مەحکەمەوە ئەو 48 سەعاتە دەسـت نیشـان بکرێـت، بـاقی قسـەکانی مـن کرا، زۆر سوپاس دووبارەی ناکەمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سوپاس، ئێستا موداخەلەکان تەواو بوون، ئێستا ماوە ئەو بەڕێزانە لەسەر ئەو بۆچوونانەی ئێـوەی بەڕێز کە پێشکەشتان کرد سیاغەی بکەنەوە و هەروەها بۆ ئەو پێشنیارانەی کە هـاتن ماددەیـەکی تایبـەتی بۆ حازر بکەن، سیاغەیەکی ڕێکی هەبێ و بەڕێزان لەسـەری موناقەشـە بکـەن، لیژنـەی یاسـایی؟ کـاك عمـر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای موناقەشە و گفتوگۆی سەرجەم ئەندامە بەڕێزەکان و تێڕوانینی ئـەم 5 لیژنەیـەی کـە لێرەیـە، کـۆك بووین لەسەر ئەوەی ئەو مولاحەزتانە بە هەند وەربگیردرێن، لەبەرئەوەی لە خزمەتی چـڕوپڕ تـر کردنـی یاسایەکە و دەوڵەمەند کردنی یاساکەیە، هەر لە بیدایەتـەوە دەسـت بـەوە دەکـەین کـە وتـرا مـاددەی 4 بـە ئەوەڵەن دەستی پێ کردووە و بە بێ عینوان، هەتا ئەوەی کە جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری باسی لەسـەر کـرد کە بڕگەی 4 لە ماددەی پێشتر کە دەنگی لەسەر دراوە و باسـکراوە کـە سـیاغەیەکی چـڕوپڕ تـری دراوەتـێ، لەبەرئەوە پێویست ناکات لێرە بمێنێ، پێویست بە گواستنەوەی دەکات، ئەو مولاحەزاتانەش کە لەسـەر 48 لـە دوورخسـتنەوەی مەشـکو مینهـو لـە مـاڵی خـۆی لـەو شـوێنەی کـە تاوانەکـەی تیـا ڕوو دەدات، ئێمـە لـە لیژنـەکانی ئامـادەکراو کـە ئێسـتا لێـرەین کـۆك بـووین لەسـەر ئـەوەی سـیاغەکە بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دابڕێژینەوە کە ئێستا دەیخەینە خزمەت بەڕێزت و ئەندامە بەڕێزەکان.

**المادة الرابعة:**

**اولاً:** تصدر المحكمة المختصة (أمر حماية) عند الضرورة أو بناءً على طلب اي فرد من افراد الاسرة او من يمثله كإجراء مؤقت لحماية ضحايا العنف الاسري على ان يتضمن الامر مدة الحماية وللمحكمة تحديدها كلما دعت الحاجة.

ئێمە لەم ماددەی چوار لە بەشی (اولا) دا تەوحیدی یەك و دوو و سێ و چوار و پێنجمان کرد، بەم دوو بڕگەیە کە دەڤاودەق نەسێکی وازح دەدات بەماددەکە.

**ثالثاً:** يتضمن أمر الحماية:

1- تعهد من المشكو منه بعدم التعرض للمتضرر او اي فرد من افراد الاسرة.

2- نقل الضحية الى اقرب مستشفى أو مركز صحي للعلاج عند الحاجة او اذا طلبت الضحية ذلك.

3- عدم السماح للمشكو منه بدخول البيت الاسري بقرار من المحكمة وللمدة التي تراها في حالة وجود خطر على المشكو منه او اي فرد من افراد الاسرة.

ئەو فەقەرەیە کە وا هاتووە بەوەی کە 48 سەعات لە حاڵەی وجودی خەتەر بەم سیغەیەی خواراوە لەسەر مەشکو مینهو هاتە خوارێ کە عەرزم کردن.

**رابعاً:** في حالة انتهاك أمر الحماية يعاقب المخالف بالحبس مدة لاتزيد على (48) ساعة او بغرامة لاتقل عن (300,000) دينار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا بۆ ماددەی 5 بەس پێشتریش هەندێ ئیقتراح هات کە ئوسرە تەفکیك نەکرێ و پێشنیارێك بکرێت ئەوە بە ماددەیەکی ئیزافی سیاغەیەکی باشی بۆ بکەن و ئیزافەی دەکەین، ئێستا بۆ ماددەی 5، فەرموو.

**بەڕێز علی حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 5

1- هەرکەسێك کرداری خەتەنەی مێینە بکات یان هانی کردنی بدات، یاخود بەشداری تێدا بکات بۆ ماوەیەك بەند دەکرێت کە لە 6 مانگ کەمتر نەبێ و لە دوو ساڵیش زیاتر نەبێ و بە غەرامەیەك حوکم دەدرێت لە دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە 5 ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، یاخود بە یەکێك لەو دوو سزایە.

2- ئەگەر ئەو کەسەی ئەو کارەی کرد پزیشك یان دەرمانساز یاخود کیمیاگەر بوو، یان مامان یاخود یەکێك لە یاریدەدەرانی بوو ئەوا بارێکی گرانتر دەکەوێتە سەر تاوانبار و دەبێ دادگا فەرمان بدات بە قەدەغەکردنی لە دەستدانە ئەو پیشەیەی یان ئەو کارەی دەیکات بۆ ماوەیەك کە لە 3 ساڵ زیاتر نەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی ئەوەی لەناو پرۆژەکە هەیە هەردووکی بخوێنەوە، پاشان پێشنیارەکەتان، هەردووکی وەکو نەسەکە بخوێننەوە پاشان پێشنیاری تازەتان بخەنە ڕوو، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وادیارە تەرجومەی ڕەئی دووەم بە کوردی نیە، داوای لێ بوردن دەکەین، ئێستا بە عەرەبیەکەی دەیخوێنمەوە.

المادة الخامسة:

1- يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن (ستة اشهر ) و لا تزيد على ( سنتين) و بغرامة لا تقل عن (مليوني) دينار و لاتزيد على (خمسة ملايين دينار) او باحدى هاتين العقوبتين كل من اجرى عملية ختان انثى او حرض على اجرائها او ساهم فيها.

2- و يعد ظرفا مشدداً للجاني اذا كان الفاعل طبيباً او صيدلياً او كيميائياً او قابلة او احد معاونيهم و على المحكمة ان تأمر بمنعه من مزاولة مهنته او عمله مدة لا تزيد على ثلاث سنوات.

وهناك رأي ثاني ، تقترح سياغتها كالآتي:

المادة الخامسة:

1- يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ثلاثة اشهر ولاتزيد عن سنة، وبغرامة لاتقل عن (1) مليون دينار ولاتزيد عن (5) ملايين دينار كل من حرَض على اجراء عملية ختان انثى.

2- يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن (6) اشهر ولاتزيد عن (2) سنة، وبغرامة لاتقل عن (2) مليون دينار ولاتزيد عن (5) ملايين دينار، كل من اجرى او ساهم عملية ختان انثى.

3- يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن (1) سنة ولاتزيد عن (3) سنوات و بغرامة لاتقل عن (4) ملايين دينار ولاتزيد عن (10) ملايين دينار كل من ساهم او حرض او اجرى عملية ختان انثى اذا كانت قاصرة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە هەدەف لەم یاسایە کە ئێمە خەریکین یاسایەك دەربکەین بۆ پارێزگاری تەکوینەی خێزان و پێکەوە ژیانی خێزان و ئاشتی و ئاشتی خوازی لە نێوان خێزان دا بەرقەرار و بەردەوام بێ، دەستی ئەو کەسانەش بگیردرێ کە دەیانەوێ کرداری ناشیرین و خراپ بەرامبەر ئەندامانی خێزان بکەن، ڕاستە ئەم یاسایە هەندێ بابی ویقائی تیایە وهەندێ بابی عیقابیشی تیایە، بەڵام پێمان باشە ئەگەر موقتەرەحێك هەیە لەسەر ئەوەی پێش ئەوەی بچینە بابە عیقابیەکان ماددەیەکی ئیزافی دروست بکەین ئەو ماددەیە بریتی بێت لەم شێوەیەی کە ئێستا عەرزی جەنابتانی دەکەم، ئەو ماددەیە هەردوو تەرەفی ناخۆشیەکە لەخۆی

کۆبکاتەوەو لەلایەن هەندێ خەڵکی خوبەراو موختەس لە باحسی ئیجتماعی و لە خەڵکی لێزان بتوانن ئەگەر کرا ئیصلاح ذات بەین بکەن پێش ئەوەی بچنە ئەوەی دادگا و کێشە بن، ئەگەر کرا و ئیسلاح کرا ئەمە (الصلح سید الاحکام)(الصلح خیر) باشترە، ئەگەر نەکرا ئەوسا تەبیعی ڕووبەڕووی مەحکەمە دەبنەوەو بە پێی ئەم یاسایە مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکرێت، ئەو موقتەرەحەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

على المحكمة احالة اطراف الشكوى الى لجنة تشكل من الخبراء والمختصين لاصلاح ذات البين قبل احالة القضية الى المحكمة المختصة وذلك في القضايا التي يجوز الصلح فيها.

بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامە بەڕێزەکان ئەم ماددەیە ئیبتدائیە و لە کاتێك دا کە شەکواکە لەبەردەم مەحکەمەی تەحقیقی تایبەت دروست دەبێت، ئیجرائاتی تەحقیقی تیا دەکرێت، هەم ترسێکیش دەدات بە هەردوو ئەتراف و هەم مەحکەمە ئەگەر پێی کرا لەو قەزیانە بوو کە قابیلی سوڵحە، یەعنی ئەمە ئەوانە ناگرێتەوە کە کوشتنێك ڕووی داوە و ئینتحارێکی گەورە ڕووی داوە بڵێین بە سوڵحێك کۆتایی پێ دێت، دەڵێت لەو قەزیانەی کە (التی یجوز الصلح فیها) لەبەرئەوەی سوڵح سەیدی ئەحکامە، ئێمە نامانەوێ خێزان هەڵبوەشێنینەوە بەم یاسایە، دەمانەوێ تەماسك و پێکەوە ژیانی خێزان بە قوەت تر بێت، بەڵام لەسەر ئەساس و بنەمای ڕێزگرتنی بەرامبەر بێ باشترە، پێمان باشە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەو موقتەرەحەمان بخەیتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە دەبێ زۆر بە ئاشکرا ئەوەی تیا بێت کە ئەو حاڵەتە جەریمە تیا ڕووی داوە، جەریمە بەس قەتڵ نیە، ئەو دەڵێ (یجوز الصلح فیها) جاری واهەیە لە قەتڵیش دا سوڵح دەکرێت، شوێنێکی لەدەست دەدات، چۆن؟ بۆیە پێویستە زۆر بە وازوحی ئەوە ئاکرا بکرێت کە جەریمە ڕووی نەدابێ، جەریمە بەس قەتڵ نیە، جاری وایە لەدەست دانی ئەندامێکی لەشە، بۆیە، من پێموایە وازح تر بێ ئەوەی کە بۆ ڕوودانی جەریمە سوڵح نەکرێ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشیان لێ دەکەم، بەڵام ئێمە وتمان جارێکی تر بەڕێز وەزیری کاروباریش باسی کردو گوتی ئێمە توێژەری کۆمەڵایەتیمان هەیە، ئەمانە لەسەر ئاستی فەردین و تاك تاکن، کە دادەنیشن لەگەڵ هەردوو خێزاندا و توانیوشیانە سوڵح بکەن، کەواتە ئەمە تەجروبەیەکی باشە ئەگەر بیکەین و ناوی لێ بنێین و

نەڵێین (لجان المختصە)، (لجان الوفاق الاسری)، تەبعەن لە حاڵەتی جەریمە دا ویفاق نابێ، بەڵام کە وتت (لجان الوفاق الاسری) ئەو حاڵەتانەی کە لە سوئی تەفاهەمەوە دروست دەبێت و تەعەهود دەدەن هەردوولا کە جارێکی تر ئەو کارە نەکەنەوە، بۆیە من پێم باشە بەو شێوەیە ناوبنرێت، (لجان الوفاق الاسری) و لە حاڵەتە بەسیتەکاندا و بێ گومان کە گوتت ویفاقی ئوسەری ناگاتە حاڵەتی جەریمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رفیق نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر تاوانێك کە دەکرێت دوو لایەنی هەیە، لایەنێکی کە پەیوەندی بە مافی تایبەتیەوە هەیە، لایەنێکیشی کە پەیوەندی بە حەقی عامەوە هەیە، ئەم پێشنیارە لەڕاستی دا لە بنەڕەتدا دەشێ ڕوح و ناوەڕۆکی یاسایەکە بە تاڵ بکاتەوە، دادگا دەوەستێ و چاوەڕوانی دەکات و قەزیەکە لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە یان تەحویلی دەکات بۆ ئەو لیژنەیەی کە لەوانەیە ئەو لیژنەیە تا ماوەیەکی زۆر نەتوانن بگەنە ئەنجامێك لەو کاتەدا قوربانی دەبێ بە دەست ئازار و ناڕەحەتیەکەی خۆیەوە بناڵێنێ، من لەگەڵ ئەوەم کە مەسەلەی ئاشت بوونەوە....... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك فرست ڕوونکردنەوەیەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەخسەد لەو قەزایانەی کە سوڵحی تێدا دەکرێ، ئەو قەزایانەی کە سوڵحی تێدا کرا قەزیەی غەلق دەبێ و موتەهەم بەردەبێت، هەموو جەریمەیەکە قابیلی سوڵحە، بەس هەموو جەریمەیەکە ئەوەی کە سوڵحی تێدا دەکرێت قابیلی غەلق نابێت، قەزایەی کوشتن ڕاستە دەتوانن سوڵحی بکەن، بەس قاتیلەکە هەر لەناو سجن دەمێنێتەوە، ئەو موستەڵەحە موستەڵەحێکی ڕوون و ئاشکرایە بە موجبی قانونی مەحاکەمات جزائیە ئەو جەرائیمانە تەحدید کراون کامە جەریمە دەتوانن سوڵحی تێدا بکەن و قەزیەکە غەلق بکرێت موتەهەم ئیحالەی مەحکەمە نەکرێت، جەرائیمی تر ئەوەی موتەبەقی هەموو ئەوانەن سوڵحیشی تێدا بکرێت قەزیەکە وەکو خۆی دەمێنێت و موتەهەمیش حوکم دەبێت و لەناو سجن دەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی سوڵح هەروەکو کاك فرست باسی لەسەری کرد، ڕاستە سوڵح واریدە و سوڵح سەیدی ئەحکامە و سوڵح خیرە، ئەمە قاعیدەی قانون و فیقھ بە شەریعە باسی لەسەری دەکات، بەڵام حەقی عامیش هەیە، حەقی عامەکان ئەوانەی کەلە قەتلا بینیومانەو بیستوومانە، بەرەڵا بوون، ئەوانەی دوای سوڵحە و بە قەراری تایبەتە و خۆ ئەم قەرارە تایبەتانە جائیز نیە هەموو کاتێك و لە هەموو کاتێکیش دەرناچێ، موتەهەم لە سجن دا دەمێنێتەوە ئەوەی کە سوڵحەکەی لەگەڵ دەکات و لێی خۆش دەبێ و لەسەر حەقە شەخسیەکەی خۆیەتی لێی خۆش دەبێ، بۆی نیە داوای تەعویزی ماددی لەسەر بکات ئیتر، وازلە حەقەکەی خۆی دێنێ، بەڵام حەقە گشتیەکەی کە هەموو کەسێك مولکی موجتەمەعە کەس ناتوانێ تەنازول لەو حەقە گشتیە بکات، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ئێمە هەدەفمان لەم یاسایە کە ئێستا دەری دەکەین، هەدەفمان لەوە نیە دارێکمان هەڵگرتبێ و هەرچی کەسێك هەیە لەناو خێزاندا و هەموو ئەندامانی خێزان بخەینە بەر سجن و عقوبە و حەبس و تێ هەڵدان و غەرامەوە، هەدەف لەم یاسایە پێش ئەوەی عیقابی بێت ڕاستە فەلسەفەی تەشریعی عیقابی و فەلسەفەی تەشریعی جینائی زەجلەن لە بۆ موتەهەمە و وە رەدعە لە غەیریهی، ئەمە لێرە بۆ ئەوە نیە کە ئێمە هەرچی کێشەیەکی لەنێوان خێزانەکە ڕووی دا خێرا خێزانێکی چەند ساڵەی بە یەك و دوو هەڵبوەشێنیەوە و هەرکەس بەلایەکا، نەخێر ئەم یاسایە ئەسڵەن فەحوای ئەم یاسایە لە خزمەتی خێزاندایە، لە خزمەتی دروست بوونەوەی خێزانە و لە خزمەتی بەردەوام بوونی خێزاندایە، لە خزمەتی بوونی ئیحترام و بوونی هەموو تاکەکانی خێزانە بەرامبەر بە یەکتری هەروەکو لە ئەسبابی موجبەکە باس لەوە کراوە کە دەڵێ بە تروقی ویقائی (قبل وقوعە وبحث الحلول الاصلاحیة والعلاجیة) باس لەسەر ئەوە کراوە باس لە عیقابەکەی نەکراوە، لەبەرئەوە سوڵح لێرە هەندێ لە کێشەکان کەم دەکاتەوە و زۆر جائیزیشە بە نەتیجەی گوێ گرتن لە قسەکانی باحسی ئیجتماعی و خوبەرای موختەسین ئەوانەی کە لە نەفسیا ئیش دەکەن ئەم زەلامانە و ئەم ئینسانانە و ئەم کەسانەی کە تووشی غەڵەت بوون بێنەوە سەر ڕێگای ڕاست، ئێمە لە حەیاتی مەحامات و قەزائی خۆماندا کە لە مەحاکم ئیشمان کردووە، زۆرمان دیوە، مەکتەبی باحسی ئیجتماعیەکان زۆر کەسیان سوڵح کردووە و ئێستا بەختەوەرترین خێزانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر هیچ موداخەلەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئیجرائاتی سوڵحە هەڵبەتە ئەوەی داڵدەکان ئەو مەسەلەیە ئەنجام داوە، وەکو بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئاماژەی پێی کرد، کۆمەڵێ قەزا هەیە چارەسەر کراوە، بەڵام لێرە لەم ماددەیە من پێشنیازی ئەوە دەکەم فەقەرەیەکی بۆ زیاد بکەین، (علی ان لاتؤثر علی اجراءات الحمایة الواردة فی المادة 4) چونکە جاری واهەبووە بە ناحیەیەی عەمەلی ئێمە لە تەتبیقی عەمەلیەوە بووە، بەناوی سوڵحەوە

ئیجرائاتی حیمایەکە کەم کراوەتەوە و زەحیەکە بووەتە قوربانی، لەبەرئەوە دەبێ کارنەکاتە ئیجرائاتی حیمایە، (على ان لاتؤثر على اجراءات الحماية الواردة فى المادة 4) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ خۆم سەرەتا لە پێشنیارەکەم وتم، حەقە ئێمە عیلاجێکی ئەوە بکەین ئەگەر خیلافەکە نەچووبێتە چوارچێوەیەکی جەریمە و ڕووە قانونیەکەی نەگرتبوو، بەڵام بەڕاستی بەوەی کاك عمر ڕوونی کردەوە، ئەمە یاساکە بەتاڵ دەکاتەوە، چونکە حوجەیەك دەداتە ئەو لایەنانە بۆ ئەوەی هەموو ئەو تاوانانەی ڕوودەدەن بیخاتە چوارچێوەی سوڵح، خۆ دەزانی ڤینی کۆمەڵایەتی ئێمە ئەوەندە بە قوەتە لەو ڕووەوە ئەم یاسایە بەتەواوی ناتوانین جێ بەجێ بکات چ جا بیانووی بدەیە دەست، لەبەرئەوە من پێموایە ئەم یاسایە بەتاڵ دەکاتەوە و دەبێتە یاسایەکی شکلی، ئەوەی کە کاك عمر ئەگەر ئەو دەقەی بخاتە ناوی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاسایە بەومادەدیە بەتاڵ نابێتەوە، ئەو یاسایە بە کۆمەڵێ عقوباتی خۆیەوە کاری خۆی دەبینێ و ئیجرائاتێکی ویقائی و عیقابی تیا تەحدید کراوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ئەو موقتەرەحەی جەنابی وەزیر ئەگەر بێتە پێشێ لەگەڵی دا (على ان لا يؤثر على اجراءات الحماية الواردة فى هذا القانون)، ئەمە قوەتێکی دیکە دەدات بەم ماددەیە، ڕاستە، بەڵام یەك شتی دیکە هەیە با ئێمە باش لێی بزانین، ئەوەی کە سوڵحەکەی کردو بۆ بەیانی پەشیمان بووەوە لە سوڵحەکە بە گوێرەی قانونی ئسوڵی موحاکەمات و قانونی عقوباتی عیراقی پێی دەوترێ موجریمی عەود، عقوبەکەی موشەدەد تر دەبێ و ئەبێ زەرفی موشەدەد بۆسەری، بەڵام ئەگەر ئەمەی ئیزافە بکەین، (على ان لا يؤثر على اجراءات الحماية الواردة فى هذا القانون)، گەلێك ماددەکە بە قوەت تر دەکات و هیچ تەئسیرێ لە ئەسڵی قانونەکە ناکات و بە پێچەوانەوە قانونەکە بەهێز تر دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرست موداخەلەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بێ ئەو ماددەیە کەس ناتوانێ مەنعی هەردوو تەرەف بکات و سوڵحی بکەن و حاکم ناتوانێ ئیحالەی مەحکەمەی موختەس بکات و کەلەو جەرائیمانەی بەسیت بن ئەوەی قانونی ئسولی موحاکەمات جەزائیەو مەجبورە سوڵحی بکەن، ئەوە یەك، دوو/ ئەوە شتێکی تازە نیە، لە قانونی ئەحوالی شەخسی لە دەعاوی تەلاق و تەفریق مەحکەمە مولزەمە ئیحالەی هەردوو لا بکات بۆ لیژنەیەکی کە خەبیرەکان کو موحاوەلە بکات کێشەکە لە نێوانیان حەل بکەن و دەعواکە ئیبتاڵ بکرێت، لەبەرئەوە بە ڕەئی من ئەوە تەئکیدە لەسەر ئەو مەوازیعانە مادام هەدەفی قانون ئەوەیە کو خێزان بپارێزرێ، هەدەفی ئەوە نیە یەك لە خێزانەکە ئینتقام لە تەرەفی تر بکات و یان خێزانەکە هەڵبوەشێتەوە، لەبەرئەوە بەڕەئی من ئەو ماددەیەی تێدا بێت باشە و هیچ خراپی تێدا نیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئاخر سیاغە بخوێننەوە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

على المحكمة احالة اطراف الشكوى الى لجنة تشكل من الخبراء والمختصين لاصلاح ذات البين قبل احالة القضية الى المحكمة المختصة وذلك في القضايا التي يجوز الصلح فيها على ان لا يؤثر على اجراءات الحماية الواردة في هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە بەو نەسەی کە خوێندرایەوە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ 49 ئەندامی بەڕێز لەگەڵ دایە،زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 24 ئەندامی بەڕێز لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا و ئەو ماددەیە ئیزافە کرا، زۆر سوپاس ئێستا بۆ ماددەی 5 لە ئەسڵی پرۆژەکە کە دەکاتە ماددەی 6، خوێندراوەتەوە، جەنابی وەزیر کە ماددەکە خوێندرایەوە ڕەئیتان لەسەری؟ فەرموو.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی 5 بە پێویستی دەزانین کە دەمجێك بکرێ لە نێوان هەردوو موقتەرەحی کە هاتووە، یەکەمین/ مەسەلەی تەحریز بە تایبەتی کە باسی خەتەنە کردن دەکەین، هەڵبەتە ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لەوانەیە یاسایەکی تایبەت هەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە یاسای وا کە حاڵەتی وا لە ئێمە ڕووی نەدابێ، لەبەرئەوە بە نیسبەت تەحریزەوە جیای بکەینەو لە موساهەمەو لە کارەکە، فەرقێك بکەین لەبەینی تەحریز و موساهەمە، لە تەحریز بە تایبەتی کەلتورێکی باو کە جاری واهەیە لەناو کلتوری

کوردەواری دا هانی تەحریز کردن دەدات و دەڵێت دەستاوی حەرامە و شتی وا، لەبەرئەوە پێموایە تەحریزەکە عقوبەی توند نەبێ و عقوبەکەی غەرامە بێت، بە نیسبەت تەحریزەوە من پێموایە وابێ، یەکەم/ (یعاقب بغرامة لاتقل عن 1 مليون ولاتزيد عن 5 ملايين دينار كل من حرض على اجراء عملية ختان الانثى)، بە نیسبەتی دووەمەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوە داین کە بالغ و غەیری بالغ جیابکرێتەوە، بالغ و قاسر جیا بکرێتەوە، هەروەکو لە موقتەرەحەکە هاتووە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم قانونە قانونێکی تازەیە و موجەرەد قانونێك هەبێ کە ئەم دیاردەیە قەدەغە بکات لەم کاتە دا و لەم هەڵومەرجەدا و سیاسەتی عیقابی لە هەموو عالەمدا کە سیاسەتی عیقابی بەرەو توندی و حەبس ناڕوات، بەرەو ئەوە دەبێ کەمەجالی غەرامەشی تیا بێ، لەبەرئەوە بە تایبەتی ئەغلەبی قەوانینی ئەوروپی من پێموایە ماددەی 2 بەم شێوەیە بێت (يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولاتزيد عن سنتين وبغرامة لاتقل عن 2 مليون ولاتزيد عن 5 مليون) وەکو ئەوەی موقتەرەحی دووەمی هین هاتووە، (أو باحدى هاتين العقوبتين)، یەعنی مەجالێکی تیا دابێت کە قازی مەرج نیە هەر حەبس بێت و جاری وا غەرامەش هەڵبژێرێ، بەو مەبەستەی کە ئێمە سیاسەتی عیقابی دنیا هەمووی بەرەو حەبس ناڕوات بەرەو عقوبات و بەرەو غەرامات دەروات، (كل من اجرى او ساهم فى عملية ختان انثى بالغة) یەعنی ئەوەی کە بالغ بێ، سێ/ يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن 1 سنة، ولاتزيد عن ثلاث سنوات وبغرامة لاتقل عن 4 مليون ولاتزيد عن 10 مليون، او باحدى هاتين العقوبتين) دیسانەوە ئەو مەجالەی تیا بێت، (كل من اجرى او ساهم فى عملية ختان انثى قاصرة) ، کە ئەگەر قاسر بوو، چوار/ (يعد ظرفا مشددا للجانى) بیکەینە دوو بەش (أ و ب)، أ ـ اذا كانت الفاعل طبيبا صيدليا او كيميائيا او قابلة او احد معاونهم وعلى المحكمة ان تامر بمنعه من مزاولة مهنتهم او عملهم مدة لاتزيد عن 3 سنوات)، ب ـ لە زۆربەی ئەو حاڵەتانەی کە بینراوە شەفرەی حیلاقە بەکاردێت لە گەرمیان و لە شوێنەکانی تردا، شەفرەی حیلاقە و ئەو مەقەس و  شتی وا شتێکی زۆر پیس و قێزەونە و بەیەك جار تووشی نەزیف و شتی وا دەبێ ئەو حاڵەتانە، لەبەئەوە با زەرفی موشەدەد حسابی بکەین و بڵێین (اذا استخدمت الجانى فى عملية الختان سكينا او شفرة الحلاقة او مقصا او قطعة زجاج حادة)، چونکە ئەو حاڵەتانەی کە بینراوە لە گەرمیان و ئەوەی کە ئەنجامی داوە خۆی باسی کردووە، باسی ئەوە دەکات هەر گوێزانی ڕیش تاشین بەکاردێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن، ئاشتی عزیز، فاضل بەشارەتی، رفیق صابر، پەیمان عزالدین، سیوەیل عثمان، شوان کریم، شڤان احمد، سەمیرە عبداللە، گوڵیزار قادر، پەریهان قوبلای، کوێستان محمد، هاژە سلێمان، شەونم محمد، تارا ئەسعەدی، صبیحە احمد، ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 5 من تەئیدی ڕوونکردنەوەکانی جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری د.کاوە دەکەم، تەئکید دەکەمەوە سەر ئەوە، بەڵام لە شتێك دا خیلافم هەیە کە بە مەنعەکە مەنعێکی موشەدەد و دیاری کراو و یەکلاکەرەوە بێت، نەك حوجەیەك بهێندرێتەوە بۆ ئەو وەسیلانەی بەکاردەهێندرێ لە عەمەلیەی خیتان دا، چونکە ئەگەر هاتو ئێمە جۆرێك لە پاساو دەهێنین ئەگەر هاتو ئەو ئالەتە یان ئەو شتەی کە بەکاری دەهێنێ لە پرۆسەی خەتەنە کردنەکەدا، ئەگەر هاتو هەر وەسیلەیەك بێت ئەبێ کاریگەری نەبێ لەسەر کەمکردنەوەی زەرفی موشەدەد بۆ عیقاب لەبەرامبەر خەتەنە کردندا و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئەم ماددەیە پێموایە لە هەرسێ خولی پەرلەمان باسی لەسەر کراوە و بە حەقیقەت نازانم ئەمە لە عامی پرۆژەکە بەڕاستی هەندێك ماددە باس دەکرێت من پێموایە ئاسەواری نەماوە لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی ئەم حاڵەتەی کە ئێستاکە باس دەکرێت، یەعنی من پێموایە ئەمە حاڵەتێکی سەردەمی شەستەکانە، من پێموا نیە ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئەم حاڵەتە بەو شکلە مابێ کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان باسی لێ بکرێ و ببێتە یاسا، بەبڕوای من لە کێشەی ئافرەت زۆر لەمە گەورەتر هەیە کە باسی لێوە ناکرێ، یەعنی ئەمە بە حەقیقەت ئەمە مەوزوعێکە من پێموایە لە بڕیارێکی لیژنەی ئەوقاف یان وەزارەتی ئەوقاف ئەم مەسەلەیە ئەگەر بە تەواویش بنبڕ نەبێ بەو شکلە نامێنێ کە لێرە باسی لەسەر بکرێت، بۆیە حاڵەتێکی تر هەیە من پێموایە پێویستە ئەو حاڵەتە لەبەرچاو بگیردرێ لەم ماددەیە، ئەویش عیلاقەی بە مەسەلەی گەرمەسێر و کوێستانەوە هەیە ئەم مەسەلەی خەتەنە کردنی مێینە لە کوردستان یان لەهەر جێگایەکی تر، ئەوە حاڵەتێکی تایبەتە، ئەگەر لێرە بڕیار بدەین هەر بە یەکجاری قەدەغە بکرێت، پێموایە ئەوە حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، بۆیە بەڕاستی من دەڵێم و پێشنیاریش دەکەم بە تایبەتی لە ئافرەتانی پەرلەمانی کوردستان بەگشتی گرفتی تری گەورەتر هەیە کە پێویستی بە باس کردنە و چارەسەرکردنە، ئەم مەوزوعە نازانم سێ خولی پەرلەمان باسی لەسەر دەکرێ و نازانم لەم خولەی ئێستا یان لەم کۆبوونەوە لەم پرۆژەیە حەسم دەکرێت یان نا، من ئومێدەوارم ئەمە ئەو تایبەتمەندیانەی لەبەرچاو بگیردرێ کەوا وەکو ئیشارەتم پێی دا عیلاقەی بە گەرمەسێر و ناوچەی کوێستانەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رفیق فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی خەتەنەی ژنان یەکێکە لەو دیاردە ناشیرین و لەو پێشێلکاریانەی کە لە کوردستاندا بەرامبەر بە مافی مرۆڤ دەکرێت و تاڕادەیەکی زۆریش روخساری هەرێمی کوردستانی لە دەرەوە و لەناو کۆمەڵگای جیهانی دا ناشیرین کردووە، لەبەرئەوە جێی خۆیەتی کە یاسایەك ئەم ماددەیە زۆر بە گەرمی پشتگیری ئەم ماددەیە دەکەم و بە تایبەتی پشتگیری پێشنیاری دووەمیان دەکەم، چونکە ئەم دیاردەیە بە پێی مەعایری نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بێجگە لەوەی کە شێوازێکی توندوتیژیە، توندوتیژی جەستەیی و توندوتیژی دەروونیش حساب دەکرێت، لەبەرئەوەی عاقیبەتی سایکۆلۆجیشی دەبێت، بۆیە لە بەیاننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان و منداڵان ئەمە بە تاوانێك دانراوە یان داواکراوە کە مەحکوم بکرێت، من لەگەڵ خاڵی دووەمم، لەبەرئەوەی بەڕاستی هەموو تاوانێك کە دەکرێت بێجگە لە تاوانبار و تاوان لێ کراو دەشێ کەسی سێیەمیش هەبێ، کە ئەوانەن هاوکاری تاوانبارانن و یان هاندەری کردنی ئەو تاوانانەن، بۆیە لەگەڵ ئەوەی سێیەمیانم بەوەمەرجەی ئەوانەی کە خاڵی دووەمی بڕگەی یەکەم و کە ئەوانەی لەبواری تەندروستی دا کاردەکەن پێویستە ئەوانیش بەڕاستی سزایەکی زیاتریان پێ بدرێت، ئەوەی کە گرنگە لێرەدا مەسەلەی وشیارکردنەوەیە لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە، زۆر بە داخەوە لیژنەی فەتوای هەرێمی کوردستان لە 2009/7/7 فەتوایەکیان دەرکرد مەسەلەی خەتەنە کردن و خەتەنە نەکردنی کچانیان بەجێ هێشت بۆ بەخێوکەر، یەعنی تۆ منداڵ بەجێ دێڵی بۆ رەحمەتی باوك یان دایك ئەم شێوە توندوتیژیە بەرامبەر بە منداڵەکە بەکاردێنێ یان نا، بە حەقیقەت من پێموایە کاتی ئەوەیە کە مامۆستایانی ئایینی و لیژنەی فەتوا ڕۆڵی خۆیان ببێنن و ئەم فەتوایە ڕاکردنە لە مەسئولیەت و خۆ دزینەوەیە لە چارەسەر کردنی کێشەیەك و پێشێلکاریەك بۆ مافی مرۆڤ و بە تایبەتی بەرامبەر بە کچان دەکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە تیکرار نەبێ و رەجائەن موراعاتی وەخت بکەن، چونکە شەو درەنگە و هێشتا ئیشمان ماوە، پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستیەکەی بابەتی یان تاوانی خەتەنەکردنی مێینە تاوانێکی جیهانیە، ئێستا لە زۆربەی ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیەکان دا ئیشارەی پێ دەکرێت، بەو مانایەی کە ئێستا ئەو بابەتە لەوەدا نەماوەتەوە کە ئێمە تەسەور بکەین لە کوردستان دا نەماوە یان دیاردەیەکی کۆنە یان شەرم بکەین لە قسەکردنی، پێم وابێ مەسەلەی خەتەنە کردن و هاتنە ناوەوەی بۆ ڕێککەوتننامە نێودەڵەتیەکان و ئیشارە پێدانی لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دا ئەمە ئاماژەی ئەوەیە کە مەسەلەی شەرم و مەسەلەی ترس لە قسە کردن لەسەری تێ پەڕاندووە، بووە بە مەوزوعێك کە ئەگەر پەرلەمان قسەی لەسەر نەکات پێم وابێ عەیبەیەکی

گەورەیە هێشتا لەو بابەتە بسووڕێینەوە، من لەسەر ئەم ماددەیە لەگەڵ ڕەئی یەكەمم بە كۆمەڵێك ئیزافەوە یەكێكیان ئێمە لەم دوو بڕگەیەدا بۆ زەرفی موشەدەد باسی حاڵەتێك نەكراوە كە ئەگەر مردنی لێ كەوتەوە، چونكە بۆ بەڵگەی ئەوەی كە ئەم دیاردەیە هەتا ئێستا هەیە و دیاردەیەك نیە ئینقرازی كردبێت، كە چەند ساڵێك پێش ئێستا لە بازیانی نزیك سلێمانی كچێكی چوار، پێنج ساڵان بە خەتەنە كردن مرد، گیانی لەدەست دا، كە چوار پێنج ساڵ لەمەوپێش بووە، هەتاوەكو ئێستاش بەردەوامی هەیە، من پێموانیە ڕەبتی بە ناوچەكانەوە هەبێ، تەنانەت ئەگەر ڕەبتی بە ناوچەكانەوە هەبێ گەرمیان و كوێستانیشەوە هەبێ، موهیم ئەوەیە ئێمە قەزیەیەك لێرە یەكلایی بكەینەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین كە بەشێك لە جەستەی ژن ببڕدرێ بە بیانووی گەرمیان یان كوێستان بۆ ئەوەی حاسەیەك لەدەست بدات، ئەمە ئەسڵی مەوزوعەكەیە كە مەفروزە لەپەرلەماندا قسەی لەسەر بكرێت، بۆیە من پێشنیار دەكەم كە زەرفی موشەدەد بۆ ئەو حاڵەتانەش ئیزافە بكرێت كە مردنی ئەو كەسەی لێ دەكەوێتەوە كە خەتەنە دەكرێت، لەگەڵ ئەوە نیم كە مەسەلەی ئالات و ئەدەواتەكە بهێندرێ، چونكە ئەو كاتە شەرعیەتێك دەدەی بەوە كە ئەگەر دكتۆر یان هەركەسێك كەلەو سلكە دا ئیش بكات هەستێ بە ئەنجامدانی خەتەنە كردنی مێینە بە ئادات و ئەدەواتێكی باش و موعەقەم، ئێمە بە تاوانی حساب نەكەین، چونكە یەكێك لەو دیاردانەی كە من بۆ خۆم زانیاریم لەسەری هەیە و لەشاری سلێمانی دا نازانم لە شارەكانی دیكە دا هەیە یان نا؟ ئێستا بەناوی عەمەلیەی تەجمیلەوە خەتەنە كردنی مێینە لەلایەن كەوادیری تووبی پزیشكەوە بە ئەنجام ئەگەیەنرێ، بۆیە ئەمە حاڵەتێك نیە كە ئێمە لەژێر پەردەی شەرم و ئەوانەدا ئێمە لەسەر ئەو تاوانە بێ دەنگ بین و قسەی لەسەر نەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە من لەگەڵ ڕای یەكەمم، بەڵام با بڵێین عقوبەكەی لە كۆتایی نووسراوە (مدة لاتزید علی ثلاث سنوات) پێم باشە (سنة واحدة)، چونكە ئەگەر هەركەسێك مانگێك سجن بێت پێی بە دە ساڵە، ئەگەر سێ ساڵ بێت، پێموایە زۆر زۆرە، ئەگەر یەك ساڵ بیت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان كریم كابان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم شت من لەگەڵ ماددەكەم، دووەم شت لەگەڵ سیاغەی دووەمم، بەڵام لە سێیەمی سیاغەی دووەم دا كە دەڵێ (كل من ساهم او حرض او اجری)، لێرە حەرزە بەڕای من لاببرێ، چونكە لەم دەقەدا و لە دەقی

دووەم دا لە سەرەوە کە لە یەکەم دا مەسەلەی تەحریز لەسەر خەتەنە کردن عقوبەی بۆ داندراوە، جارێکی دیکە ڕاستە لێرە بۆ قاسرە، ئێمە لەسەرەوە لە خاڵی یەکەم دا عقوبەمان بۆ تەحریزەکە داناوە جارێکی دیکە لێرە تیکرار دەبێتەوە بۆ مەسەلەی قاسر موهیم نیە، چونکە لەوێ دا لە تەحریزەکە عقوبەی هەیە، سێیەم/ لە سیاغەی یەکەم دا و دووەمی سیاغەی یەکەم بەڕای من ئیزافە بکرێت بۆ دەقەکە، یەعنی ئەوە ببێ بە چوارەمی ئەو سیاغەیەی دووەم، چونکە ئەوەش بەڕاستی ڕێگریەکی زۆر باشە، چوارم/ من هیچ لەگەڵ ئەوە نیم بەڕاستی باسی ئامێر وئەوانە بکرێت، چونکە ئەوە ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی کردارەکە بکرێ و یەعنی ئەوە شتێکی باش نیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕایەکەی د.کاوەم و پشتگیری ڕایەکەی ئەو دەکەم، بەڵام ئەگەر بکرێت عینوانێکی بۆ دابندرێت لەسەرەوە بەدەر لە ئەندامانی خێزان هەرکەسێك پێشنیار یان خودی خەتەنە ئەنجام بدات حوکمەکانی ئەم بڕگانەی خوارەوە دەبێت، ئەوجا 1 و 2 و 3و 4 تەسەلسولەکەی بێتە خوارێ، ئەوەشی کە بڵێین میهنەیەکی توبی هەیە ئەگەر بکرێت هەر لە میهنەکە دەربکرێت باشترە، چونکە ئێستا ئێمە وەکو پەیمان خان گوتی ئەوە کە زاهیرەیەکی جیهانیە و ڕاستە لەبری ......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە پێش ئێستا مەنعمان کردو جەریمەیە و بەدەر لە خانەوادە چۆن دەبێ؟ فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێکخراوی (هیومان رایتس ووچ) لەسەر شیمالی عیراق دای ناوەو کوردستان بە موسڵ و کەرکووکی رەبت کردبوو کە ئەو زاهیرەیە زۆرەو بە زەجەیەکی عالی زۆر باسی لێ کراوە، وەلە کۆمەڵگای کوردەواری هەیە لە هەموو شوێنێك نا بەس لە هەندێك شوێن هەیە و ئەوانیش بە شتێکی ئایینی دادەنێن، بەڵام ئەگەر ئێمە تەماشای قورئانی پیرۆز بکەین هیچ نەسێکی قورئانی تێدانیە و لە هیچ حەدیسێکی سەحیحیش ئەو شتە نیە، ئەگەر بڵێین ئەوە واجبێکە کە بیکەین، سەید محمد طنطاوی لە ساڵی 1974 ەوە ئەوەی مەنع کردووە لە بی. بی. سی ئاشکرای کردووە کە شێخی ئەزهەری گەورەی مصر لە هەموو عالەم ئیعترافی پێ دەکەن، بۆیە پێویست دەکات کۆمەڵگای هیچ کچەکانی خۆیان نەکەنە قوربانی ئەو زاهیرەیە مەنع بکەن، چونکە زیانی جەستەیی و دەروونیشی لێ دەکەوێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵێزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پەریهان خان فەرموو.

**بەڕێز د.پەریهان قوبلای:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 5 ەوە من داوا دەكەم بەو شێوەیە بێت لەبەرئەوەی ئەمە بەلای ئێمەوە وەكو جەریمەیەك وایە و من پێشتریش لە ماددەكەی تر ئیشارەم پێی دا كە ئەم دیاردەیە هەیە لە هەرێمی كوردستان، لە ساڵی 2006 دا من خۆم نەخۆشم لە فیئاتی عومری كە لە منداڵ دەبێت تا پێنج ساڵ، نەخۆشی پێنج ساڵ بووە كەواتە ئێستا 10 ساڵە، پێش دوو ساڵیش حالات هەبووە كە دوو حاڵەت هەبووە كە مردنی تیا ڕوویداوە، لەبەرئەوەی كە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی حاڵەتەكە ببێ یان ئەوەی كە تا تووشی نەزیفێك دەبێ و یان ئەوەتا هەتا عومر و حەیاتی ناتوانێ حەیاتی جنسی لەگەڵ مێردەكەی دا بە باشی بگرێ و زۆربەی ئەسبابی تەڵاقیش دەبێتە ئەو هۆیە، لەبەرئەوە دەبێ زۆر زۆر بە وازحی باس بكرێت، من داوا دەكەم عقوبەكە زۆر موشەددەد بێت، (یعاقب بالحبس مدة لاتقل عن خمس سنوات ولاتزید عن عشر سنوات وبغرامة لاتقل عن اربع ملایین دینار) ئەگەر بكرێت ئەمەش كەمە، (ولاتزید عن عشرة ملایین او باحدى هاتین العقوبتین كل من اجرى عملیة ختان الانثى او حرض على اجراءها او ساهم فیها)، لەبەرئەوەی ئەوەی موحەرزە و ئەوەی دەیكا و ئەوەی كە دەشی بات هەموویان یەك جەریمەیان هەیە و بە عەكسەوە ئەوەی موحەرەزەكەیە زیاتر، ئێمە لە بەحسەكە ئیشارەمان پێی داوە كە دەركەوتووە زۆربەی ئەوەی كە لەگەڵیاندا دەژی داپیرە یان خوشكی دایكەكەیە یان پووریەتی، لەبەرئەوە هەرسێكیان موشتەرەكن لەو جەریمەدا، بە نیسبەت دووەم كە دكتۆر یان ئەوانەی كە لە سلكی توبی ئیش دەكەن، ئەوە زۆر زۆر دەبێ موشەددەد بێت عقوبەكە، لەبەرئەوەی خۆی دەزانێ ئەمە قەتعی عزوێك دەكات كە تۆ دەزانی دوایی عەواقبەكەی چیە، لەبەرئەوە من ئەو 3 سنەواتە كەمە وای لێ بكرێت (ویعد ضرفا مشددا للجانی اذا كان الفاعل طبیبا او صیدلیا او كیمیائیا او قابلة، او احد معاونیهم، و على المحكمة ان تأمر بمنعه من مزاولة مهنته الى الابد، لەبەر ئەوەی كە وا بكات، قەسەمی خواردووە كە نابێ شتێك بكات دژی ئەوەی كە ئەو قەسەمەی كە خواردوویەتی لە كاتی ئەوەی كە لە كولیەی طب قەسەمی ئەخوات، لە دینیەن و لە عولەمای ئەزهەر مەنعیان كردووە كە ئەمە سوننەت نیە، هەموو ئەوە، لەبەر ئەوەی دوو

**مەدرەسە هەبوو تا ئێستا، دینیەن موحەرەمە و هەر لە ناحیەی توبیشەوە موحەرەمە، لەبەر ئەوە ئەبێ مەنع بکرێ لە مزاوەلەی میهنە الی الابد، قاصر بێ یان بالیغ بی عەینی نەتیجەی ئەبێت، لەبەر ئەوە ئێمە ئەتوانین لێرە قاصر و بالیغەکەشی بۆ ئیزافە بکەین هەر لەم ماددەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، حەبس لە پێنج ساڵ کەمترە، ئەگەر زیاتری بکەی دەبێ سجن بێ، بەڕێز کوێستان محمد فەرموو.**

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە مەسەلەی خەتەنە کردنی مەیینە یەکێکە لە توند و تیژییەکی زۆر قورس، کە زۆربەی جار خێزانەکان هەڵئەوەشێتەوە، هەر وەك هاوڕێم پەریهان ئیشارەتی پێدا کە ئەمە وا ئەکات ئەم ژنە بە درێژایی ژیانی کەمئەندام ئەبێ، بەشێکی جەستەی لەدەست ئەدات کە ئەمە ئاسەواری زۆر خەراپی لێ کەوتووتەوە کە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە خێزانەکان هەڵئەوەشێتەوە، ئەم دیاردەیە بە پێی هەمووی ئەم ئامارانە کە رێکخراوەکان ئەیکەن هەتا ئێستا بەردەوامە، بە تایبەتی لە گەڕەکە دوورە دەستەکانی شارەکان و لە قەزا و ناحیەکان بەشێوەیەکی بەربڵاو ئەکرێ، هەندێ قەزا هەیە تا ئێستا لە 90٪ ی کچەکانی خەتەنە ئەکرێن، یەعنی شتێك نیە نەما بێت، بۆیە پێویستە ئەمە قەدەغە بکرێ، من لەگەڵ ئەو صیاغەیەی بەڕێز وەزیردام، بە سێ تێبینیەوە، تێبینی یەکەمم ئەوەیە کە هاوڕێیانم ئاشتی خان و پەیمان خان ئیشارەتیان پێدا کە ئەخیر برگە نەمینێت، مەسەلەی بەکارهێنانی هەر چییەك بێت، دووەم تێبینیم ئەوەیە کە هاوڕێیم د.پەریهان ئیشارەتی پێدا کە ئەوەی دکتۆرە و ئەمانە، چونکە ئەمانە لە هەموو کەس زیاتر ئەزانن کە ئاسەواری ئەم عەمەلییە، چەند خەتەرە، بۆیە ئەبێ مدی الحیاە میهنەکەی لەدەست بدات، تێبینی سێیەمم ئەوەیە کە لەهەر برگەیەکدا ئەڵێ: عقوبەکەی سجنە یان زیندانیە، یان پارەیە یان بە یەکێك لەم دوو عقوبەیە، من پێشنیار دەکەم کە ئەمە لابرێ، پێویستە هەردوو عقوبەکە وەربگرێت، زیندانیش بکرێ و غەرامەکەش بدات، چونکە خێزانی وا هەیە ئەوەندە دواکەوتووە، ئامادەیە غەرامە بدات، بەڵام کچەکەی خەتەنە بکات، بۆیە ئەو هینەی لابرێت کە بە یەکێك لەو دوو عقوبەیە بێت، پێویستە هەردوو عقوبەکە وەربگرێ و، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز هاژە سلیمان فەرموو.**

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان کردەوەی خەتەنەکردنی مێینە لە کۆمەڵگای ئێمە کردەوەیەکی زۆر قیزەوەنە و، بە پێی ئەو راپۆرتانەی کە هەیە بە تایبەتی ڕاپۆرتی وەزارەتی تەندروستی لە ساڵی 2010 ئیشارەت بەوە ئەدات کە 41٪ ئافرەت لە هەرێمی کوردستان خەتەنە کراوە، بۆیە بەڕاستی ئەمە ڕێژەیەکی زۆر زۆر خەتەرناکە، ئێمە بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە قەدەغە بکەین، پێویست بەوە ئەکات کە، من پێم وایە تا چەند ئێمە عقوبەکان یان سزاکان زیاتر بکەین هێشتا هەر کەمە بۆ ئەوەی کە ئەو کردەوەیە یاخود خەتەنە کردنی مێینە قەدەغەبکەین لە هەرێمی کوردستان، بۆیە بەراستی من لەگەڵ ڕای دووەمم بە زیادکردنی خاڵی دووەم لە ڕای یەکەم، بەوەی کە : يعد ظرفا مشددا للجاني اذا كان الفاعل طبيباً او صيدليا او كيميائياً، هەروەها ئێمە لەکاتی راپۆرتی لێژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت، ئێمە خاڵێکی ترمان دانابوو کە ئەوەی پەیمان خان باسی کرد، ئەویش لێرە پێموایە ئیزافە بکرێ زۆر باشە، چونکە کە باس لەوە دەکات کە ئەو کەسەی کە دەبێتە هۆی مردنی، ئەو کەسەی کارەکە ئەنجام دەدات لە هەموو بارێکدا بە بەندکردنی حوکم دەدرێت کە لە 20 ساڵ کەمتر نەبێ ئەگەر بووە هۆی مردنی قوربانیەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شڤان احمد فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی پێنجەم خەتەنە کردنی مێینە ئێستا بە قانون، یاسا تەنزیم کرا هەتا مەنع کرا، ئێستا وەکو عورفێکی مەحەلی بووە، ئەو عورفەش تەبیعی لە هەموو شوێنێك نەبووە، وەکو گوتم عورفێکی مەحەلی لە هەموو کوردستان نیە کە هەموو کوردستان بەو شێوەیە کە لە تەقاریری بەعزێ مونەزەمات هاتیە، بڕگەی دووەم، يعد ظرفا مشددا للجاني اذا كان الفاعل طبيباً، لێرە با بەس بۆ تەبیب موشەدد بێت، ئەوانی دیکە صەیدلی و کیمیائی ئەوانە هیچ ئیشی ئەوان نیە، من بە تەئکید دەزانم کە صیدلی و کیمیائی ئەم ئیشە ئەنجام نادەن، بەڵکو لەوێ بنووسین : او من ذوي المهن الصحية، لە جیاتی صیدلی و کیمیاوی، او قابلە، قابلە دروستە، بەس او احد معاونیە، قابیلە معاونی نیە، او احد معاونیە پێویست ناکات، هەر ئەو ئیزافەم هەبوو و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شەونم محمد فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان خەتەنە یەکێکە لەو تاوانەی کە بەرامبەر ڕەگەزی مێینە ئەنجام ئەدرێ، کە بە تایبەتی لەم هەرێمەی ئێمەدا، لە زۆربەی زۆری دەوڵەتەکانی دونیاشدا ئەم کارە هەبوو و تەئریخەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ زەمەنێکی زۆر کۆن، بەڵام لە ئێستادا ئەم کارە ماوە و لە ڕووی تەندروستیەوە زەرەرە و زیانێکی زۆر

گەورەی لەسەر ژنان دروست کردووە، لەبەر ئەوەی هەم زانانینی ئایینی و هەم دەوڵەتە ئەوروپییەکان هەمووی هاتوونە سەر ئەو قەناعەتەی لە رووی توبیەوە کە ئەوە خەتەرە، لەبەر ئەوە ئیشی لەسەر بکەن، هەندێ لە بەرادەرانمان باسیان کرد کە ئێستا لە کوردستاندا دیاردەی خەتەنە کردن نەماوە، بەڵام من ئامارێکم لەبەر دەستدایە کە لە مانگی 2011/5دا کەکراوە لە ناوچەی ڕانیە، لە لایەن سەنتەری رۆناکبیری و راگەیاندنی ژنان، لە شاری سلێمانییەوە کراوە، لەم ئامارەدا منداڵان لە....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، رەجائەن، ئێستا باشە یان خەراپە؟، بیکەین یان نەیکەین؟، عیقابەکەی چۆن بێت؟، ئێمە شەرحی وەزعەکە ناکەین، لە کوێ هەیە و لە کوێ نیە؟، ئەڵێین هەیە لە کوێ هەیە؟، بەڵام عیقابەکەی بۆ دانێین سەلامەت بی، رەجائەن باسی عیقابەکەی بکەن، چۆن بێ چۆن نەبێ؟، زۆر بێ، زۆر نەبێ؟، فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ئەم ئیحصائیە بەس لەناو شاری رانیە 497 لە ئێستادا خەتەنە کراوە، لەبەر ئەوە دیاردەی خەتەنە کردن لا یزال هەیە، کارێکی زۆر چاکە پەرلەمانی کوردستان بنەبڕی بکات، بە نیسبەت ئەو بڕگەیەشەوە کە هاتووە، بیگۆمان لەگەڵ ماددەی پێنجەم کە ئەو بڕگانەی کە هاتووە بمینێتەوە وەکو خۆی و هەروەها لە ئەخیردا بڕگەیەکی دیکەی بۆ ئیزافە بکرێ، ئەو بڕگەی کە پەیوەندی بە دکتۆرەکان و ئەوانەی ئیشی توبی دەکەن، ستافی توبی و عقوبەشیان بۆ دیاری بکرێ، چونکە لە بڕگەی پێشووتردا دەڵێ: و ویمنع من مزاولة مهنتە و عملە لمدة لا تزید علی ثلاث سنوات، من پێم باشە لێرەدا حەبسێکی بۆ دابندرێ لەگەڵیدا، ماوەی سێ ساڵ کەمتر نەبێ و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز تارا ئەسعەدی فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ماددەی پێنجەم من وای دائەنێم کە ئەمە بەقەدەر ئەو ماددانەی تر کە لە هەمووی گرنگترە و، کرۆکی باسەکەمانە کە ئێمە باسی توند و تیژی ئەکەین، ئەو توند و تیژیەی کە ئەکرێت لێرەدا خەتەنە کردن یەکێکە لەو توند و تیژیانە، لەبەر ئەوە من ئیقتیراح دەکەم، ئەوەی کە داندراوە بۆ ئەوەی کە بڵێین زەرفی موشەدەد بێت، من لەگەڵ ڕای پەیمان خان و کوێستان خان و زۆری لەوانەش کە وتوویانە بەراستی کە هەندێ خەتەنە کردن هەیە کە دەگاتە ئەنجامی کوشتن، لەو حاڵەتەدا ئێمە دەبێت دەست نیشان بکرێت

و عقوبەکەی لە قانونی عقوبات ئەوانەی کە دەبێتە هۆی کوشتن لە نەتیجەی عونف، وا بزانم 15 ساڵ دانراوە، بەس من وا ئیقتیراح دەکەم بە سجنی موئەبەد دابنرێت، ئەوەی من ئەیلێم، بۆ چی دەڵێن توند و تیژیە، یان بۆ ئەڵێن خەتەنە بکرێ لەبەر ئەو هۆیانەی کە حەز دەکەم کۆمەڵگای خۆمان کە کۆمەڵگایەکی زۆر پێشکەوتووترە لە زۆر وڵاتانی تر، کە راستە لە لای ئایینەکانی تریش هەیە خەتەنە کردن، بەڵام وڵاتی خۆمان لە پێشکەوتندایە، لەبەر ئەوە ئەو ئاسەوارە نەفسی و ناخۆشیانەی کە بۆ دەروونی منداڵێك کاتێك خەتەنە کردن دەکرێ زۆر زۆر گەورەیە کە یەکێکە لە هۆکارەکانی کە لە دوارۆژدا یەکێك لە هۆیەکان وەکو دکتۆرە پەریهان وتی، بۆ تەڵاق ئەوە یەکێکە لە سەبەبەکان، دووەم شت ئەوەی لە زۆر وڵاتان دیراسەت کراوە کە 25٪ نەزۆکی ئافرەت یان ژن دەگەڕێتەوە بۆ خەتەنە کردن، چوارەم و کە لە هەمووی گرنگترە، ئەگەر لە رووی ئیسلامەوە تەماشای بکەین، ئینسان دروست کراوە لە احسن تقویم، ئێمە دێین بە دەستی خۆمان دەیگۆڕین، ئەو تەقویمە و ئەو دروست کردنەی کە خوا بۆمانی کردووە، ئەگەر لە هی پێغەمبەریش بێ هەر دەڵێ: و المتغيرات في خلق الله، ئەوانەی گۆڕانکاری ئەکەن لە خلقی خوا، ئەبێ سزا بدرێن، لەبەر ئەوە من وا ئیقتیراح دەکەم، ئەوەی دەکرێ بۆ عقوبات تا بتوانین تەشدیدی بکەین و لەگەڵیشی وشیارکردنەوەیەکی زیاتر، بە سوپاسەوە کە پار ساڵ زانایانی ئایینی لە مزگەوتەکاندا دانیان بەوە نا کە توند و تیژیە بەرامبەر بە مێینە ئەکرێ ئەم خەتەنە کردنە، بە هیواین ئەمساڵ زیاتر هەوڵ بدرێ کە شتی تەوعیە و هوشیار کردنەوە، چونکە کۆمەڵگایەکین وەرئەگرین و ئەشزانین زیانی هەیە، بە هیواین ئەو داتایەی 41٪ کە ئێستا دەبێتە 45٪ لە 2011، زیاتر نەبێ، بەڵکو لێرە بوەستێت خەتەنە کردن، پێدانان پێی لەناو ئەم پەرلەمانەدا جێگای خۆشحاڵیە کە ئەندامەکان هەمووی لەگەڵ ئەوەن کە ئەمە توند و تیژیە و دەبێ چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەبیحە ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز صبیحە احمد مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەیەکم هەیە نازانم، لێم ببورن ئەگەر نیزامی نەبێ، من پێم وایە ئەم ماددەیە ماددەیەکی جیددیە هی گاڵتە کردن نیە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەم ماددە زۆر زۆر جیددیە، لا حياء في الدين و ئێمە باسی قەزیەکی زۆر جیدی دەکەین، کە روبەرووی دەبین.........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس جەنابی وەزیر، كەس نەیوتووە جیددی نیە، زۆر جیددیە و ئیعتیرافمان كرد كە جەریمەیە، دانیشین و عیقابی بۆ دانیین، كەس باسی عیقابەكە ناكات، ئەڕۆن شەرحی دەكەن و موحازەرە دەدەن، كاكە تكایە لە جێی خۆت قسە نەكەی، كاك شوان كەریم فەرموو.

**بەڕێز شوان كریم كابان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمووومان بڕوامان وایە كە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە خودی ئینسانەكانەوە هەیە، مەسەلەیەك نیە پەیوەندی بە جوگرافیاوە هەبێ، ناوی هەندێ شار و شارۆچكە هات، من تكام لە سەرۆكایەتی ئەوەیە ناوی ئەم شار و شارۆچكانە لە پرۆتۆكۆڵدا لا ببردرێ بۆ ئەوەی كەس لەسەر خۆی حیساب نەكات و نەبێ بە كێشەیەك بۆ پەرلەمان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، راستە ئەو ناوانەی كە هاتووە بسڕێتەوە لە پرۆتۆكۆل، سوپاس بۆ جەنابت، ئێستا لیژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەتان فەرموو پێشكەشی بكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی ئاخیر صیاغە بخوێنینەوە، من پێم باشە تەوزیحێك بدەینە سەر بابەتەكە، ئێمە لە ماددەی پێنجەم كە ڕای لیژنەی یاساییە، تەسبیتمان كردیە ئێستا ژمارەكەی بووە شەش:

1-يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن ستة اشهر و لا تزيد على سنتين، و بغرامة لا تقل عن مليوني دينار و لا تزيد عن خمسة ملايين دينار او باحدى هاتين العقوبتين كل من اجرى عملية ختان انثى او حرض على اجراءها او ساهم فيها.

2-يعد ظرفا مشددا للجاني اذا كان الفاعل طبيبا او صيدليا او كيميائيا او قابلة او احد معاونيهم و على المحكمة ان تأمر بمنعه من مزاولة مهنته او عمله مدة لا تزيد عن ثلاث سنوات.

هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەت بەوەی دەدەن كەوا جیاوازی بكرێ لە نێوان عومر، ئێمە قانونەكە دەردەكەین، قانونەكە لەسەر هەموو خەڵك جێبەجێ دەبێ، انثی مەعلومە كێیە، انثی گەورە، گچكە، هەر انثی حیسابە، مێینە بە كوردییەكەی، واتا پێی ناوی ئێمە جیاوازی بكەین، قاصیرە بێ، غەیر قاصیرە بێ، ئەو كەسەش كە عومری لە 18 ساڵ زیاترە ئەوە خۆی مەسئولە لە خۆی، خۆی قبول نەكات، بە ئارەزووی خۆی ئەگەر ئیشەكە دەكات ئەوە كەس ناتوانی موحاسەبەی بكات، ئەوە جەسەدی خۆیەتی و تەعامولی لەگەڵ دەكات، وەكو ئەوەی كە یەكێك ددانی دیشی دەچیتە لای دكتۆر دەڵێ لۆم رایكێشە و بیكێشەوە ددانەكەم، نا عیلاجی بكە، ئەمەش هەر دەیشوبهێنین بەو حالەتە، ئێمە لەگەڵ ئەوەینە بەو شێوەیە، بەڵام كەوا پێشنیار كرا عقوبەكە زۆر توند بی، دەتوانین لێرە لە بیدایەتی ماددەكە ئیزافەی

فەقەرە و جوملەیەکی بکەین، مع عدم الاخلال باية عقوبة اشد تنص عليها في القوانين النافذة في الاقليم، ئەوجا ماددەکە بخوێنینەوە، ئەوە جێگیری هەمووی دەبین، بە تایبەتی ئێمە لە ماددەی 7یش ئیشارەتمان بەوەی دایە کەوا هەر حالەتێك لەو قانونە نەبوو قەوانینەکانی کە لە کوردستان کاری پێ دەکرێ، لەوانەش قانونی عقوباتی عیراقی، ئوصولی محاکەماتی جەزائی، قانونی ئەحوال شەخصی، چەند قەوانین و قەرارات لە پەرلەمان دەرچووە، ئەوانە هەمووی جێبەجێ دەکرێ، واتا ئەگەر ئەو پێشنیارە قبول کرا بەو شێوەی بیخوێنمەوە ئەوە بدرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە سەبارەت بە رای دووەم کە کاك عەونی باس لەوە ئەکات کە انثی بە شێوەیەکی موتلەق هاتووە، راستە، بەڵام خۆی هەر لە یاساشدا تەمەنی خوار 18 سال و سەروی 18 ساڵ کە کامیلی ئەهلیەیە و ناقیصی ئەهلیەیە جیاکراوەتەوە، یەعنی خۆی خاوەنی ئیرادەیەکی موتەکامیل نیە لە یاسادا، لەبەر ئەوە بێ دەسەڵاتترە، لە کاتێکدا کە ئەو تاوانەی بەرامبەر ئەکرێ سەرووی 18 ساڵ، لە سەرووی 18 ساڵ فورسەتی زیاتری لەبەر دەمدایە کە بەرەنگاری ئەو تاوانە بێتەوە، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەگەر خوار 18 ساڵ بێت، تاوانەکە توندتر بێ و بە زەرفێکی موشەدەد دابنرێ باشترە، من لەگەڵ پشتیوانی قسەکەی د.کاوە دەکەم بەراستی ئەمە قەزیەکی ئینسانیە بەس بە داخەوە ناو قاعەکە جۆرێك شڵەژانی بە خۆیەوە بینیبوو لەکاتی باس کردنی بابەتەکە، ئەم ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر یەکێك لە سەرووی 18 ساڵ بێت، مانای ئەوە نیە کە یەکێك بچێت جەریمەی تەشویهی عوزوەکی بۆ بکات، یان تەعتیلی عوزوەکی بۆ بکات، لەبەر ئەوە مەسەلەکە خۆی جەریمەکەیە لەو حالەتەدا، بەڵام فەرقەکە لەوەدایە ئەوەی لە خوار 18 ساڵە سوڵتانی ئیرادەی نیە، بەڵام لە هەموو کاتێکدا جەریمەیە، یەعنی ئیزافەتەن بۆ قسەکەی گەشە خان کە روونی کردەوە، دیسان ئەوە موبەریر نیە ئەگەر 18 ساڵ بوو، یەکێك بێت جەریمەکەی بۆ بکات خەتانی بۆ بکات و بڵێت ئەوە مادام بالیغە با بۆی بکەم، لەبەر ئەوە ئەگەر 18 تەواو بکات هەر دیسانەوە پێم وایە ئەبێت تاوان بکرێت، یەعنی جەریمەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**با ئێمە ئاگامان لەوە هەبێ، قانونی عقوبات لە ماددەی 47 ەوە تا ماددەی 54 ، باسی المساهمە فی الجریمە دەکات، هەتا کەسێك مەسەلەن موساهیم بێ، شەریك بێ، موحەریز بێ، ئەوانە هەمووی دەکرێتەوە، ئەوە ئەو وردەکارییە لەو قانونە بکەین بەراستی من بە هەڵەیەکی یاسایی دەزانم، مەفروزە ئێمە بەو وەزعەی بۆ نەڕۆین.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لێژنەی یاسایی تکایە ئاخیر صیاغە بۆمان بخوێننەوە، واز لە شەرح بێنن و نیزامیش نەما و تەواو، ئێستا تەصویتە، ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، فەرموون.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السادسة:**

**مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد تنص علیها فی القوانین النافذة فی الاقلیم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سۆزان شەهاب لە جێگای خۆتان قسە مەکەن، ئێستا لێژنەی یاسایی ئاخیر صیاغە بخوێنن، ئەگەر موداخەلە هەبوو لێژنەکان لێرە موداخەلە ئەکەن، زیاتر تەواو بوو، چونکە ناکرێت هەر بەو شێوەیە بڕۆین، فەرموو کاك عەونی ئاخیر صیاغە بخوێنەوە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دوو ڕا هەیە، من بە باشی دەزانم کە ئەو مەوقیفە حەسم بیت، ئایا ئەو ماددەی پێنجەم کە ئێستا ژمارەکەی بووە شەش، کە لە بیدایەتی ڕاپۆرتەکەمان نووسرایە، ئەوە بیخوێنمەوە و بخرێتە دەنگدان، یان ماددەی پێنجەمی دی کە لە جوملەی ئەخیری....**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز ئێمە سەعاتێکە موناقەشە ئەکەین، لە بۆچوونی ئەندامە بەڕێزەکان صیاغەیەکمان بۆ حازر بکەن لەو موداخەلانەی کە کردیان، هەردووکی بکەنە یەك و شتێکی لێ دەربچێ و بیدەینە دەنگدان.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەنا چارێگە سەعاتێك مەجالمان بدەنێ، چونکە گۆڕانکاری لە بڕگەکان دەکرێ و لە عقوبەکان، دەتوانین....**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سەعات 9,30 لێرە حازر ئەبین، تاکو 9,30 صیاغەکە ئامادە بکەن، فەرموون خواتان لەگەڵ بی.

**دانیشتنی سێیەم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، ئێستا داوا دەکەین لە لێژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەیان بخوێننەوە، دوایی موداخەلەی بەڕێزەکانی ئەندام پەرلەمانەکان دەبێ، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغەی ماددەی پێنجەمی پرۆژەکە کە ژمارەکەی بووە ماددەی شەشەم، بەم شێوەیەیە:

**المادة السادسة:**

مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد، تنص عليها في القوانين النافذة في الاقليم:

1-يعاقب بغرامة لا تقل عن مليون دينار و لا تزيد عن خمسة ملايين دينار، كل من حرض على اجراء عملية ختان انثى.

2-يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن ستة اشهر و لا تزيد على سنتين و بغرامة لا تقل عن مليوني دينار و لا تزيد عن خمسة ملايين دينار او بأحدى هاتين العقوبتين كل من اجرى او ساهم في عملية ختان انثى.

3-يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن سنة واحدة و لا تزيد على ثلاث سنوات و بغرامة لا تقل عن خمسة ملايين دينار و لا تزيد عن عشرة ملايين دينار او بأحدى هاتين العقوبتين، كل من اجرى او ساهم في عملية ختان انثى اذا كانت قاصرة.

4-يعد ظرفاً مشدداً للجاني، اذا كان الفاعل طبيباً او صيدلياً او كيميائياً او قابلة او احد معاونيهم و على المحكمة ان تأمر بمنعه من مزاولة مهنته او عمله مدة لا تزيد على ثلاث سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لێ بوو، ئێستا کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی شەش لە ئەصڵی پرۆژەکە کە ئەکاتە ماددەی حەوت، فەرموون.

**بەڕێز علی حسین محمد :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی شەشەم:**

**لەگەڵ زیان گەیاندن بە هەر سزایەكی توندتر كە دەقی لە یاساكانی بەركاری هەرێم هاتووە، هەر كەسێك توند و تیژی خێزانیی ئەنجام بدات، بە بەندكردن بۆ ماوەیەك كە لە شەش مانگ كەمتر نەبێ و سێ ساڵیش زیاتر نەبێ و بە غەرامەیەكیش حوكم دەدرێ كە لە ملیۆن دینار كەمتر نەبێ و لە پێنج ملیۆن دیناریش پتر نەبێ، یاخود بە یەكێك لەم دوو سزایە.**

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السادسة:**

**مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد ينص عليها القوانين النافذة في الاقليم:**

**يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن (ستة اشهر) ولا تزيد على ( ثلاث سنوات) وبغرامة لا تقل عن (مليون دينار) ولا تزيد على (خمسة ملايين دينار) او باحدى هاتين العقوبتين كل من ارتكب عنفاً اسرياً.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر؟**

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لە ئاكامی وەزعی عەمەلی كە دەیبینین، حاڵەتێك هەیە كە فەراغێكی قانونی دروست دەكات، ئەویش ئەوەیە كە لە ئاكامی كاری توند و تیژی، ئەو كەسەی كە زەحیەیە یان قوربانیەكەیە، یان شروع دەكات بە ئینتیحار كە خۆی دەسووتێنێ، یان ئینتیحار دەكات، یان دەكرێ یان شروعە بە ئینتیحار، ئەو حاڵەتە ماددەی 408ی قانونی عقوباتی عیراقی نایگرێتەوە، چونكە ئەمە تەحریز نیە تەحریزی بكات، ئەمە رەد فعلێكی نەفسیە كە ئەنجامی ئەدات، لەبەر ئەوە، من پێم وایە ئەمە یەك بڕوات، بەلام دوو ئەمەی بۆ ئیزافە بكەین، اذا نجم عن فعل العنف الاسري، یان عن جریمة العنف الاسري، دفع الضحية، يعاقب الجاني حسب المادة 408 من قانون العقوبات العراقي اذا نجم عن فعل العنف الاسري دفع الضحية الى الشروع في الانتحار او الانتحار، یەعنی بۆ ئەوەی ماددەی 408 ئەو حاڵەتانە بگرێتەوە، حاڵەتێكی تر هەیە نازانم چەندی زەرووریە بۆ لێژنەی قانونی بە جێ دێڵم، ئەویش: يعتبر العود في جريمة العنف الاسري ظرفا مشددا، ئەگەر پێویست بكات یان پێویست نەكات، ئەوە ئەوەیە، بەلام ئەوەی ماددەی 408 بۆشاییەكەی پڕ ناكاتەوە ئیلا ئەگەر ئیشارەتێكی بكەین لێرە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ ئەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟، کەس نیە، زۆر سوپاس، ئێستا لیژنەی یاسایی صیاغەکەتان بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السابعة:**

مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد ينص عليها القوانين النافذة في الاقليم:

يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن (ستة اشهر) ولا تزيد على ( ثلاث سنوات) وبغرامة لا تقل عن (مليون دينار) ولا تزيد على (خمسة ملايين دينار) او باحدى هاتين العقوبتين كل من ارتكب عنفاً اسرياً.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان وەکو خوێندیانەوە، هەر ئەوەی عقوبە اشد ینص ئەبێتە تنص، نوقتەی نیزامیت هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز پەریهان قبلای:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری بەڕێز د.کاوە.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەریان نەگرت، ئێستا ئەخرێتە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی حەوت لە ئەصڵی پرۆژەکە کە ئەکاتە ماددەی هەشت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة:**

تطبق احكام قانون العقوبات العراقي رقم 111 لسنة 1969 المعدل وقانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (23) لسنة 1971 المعدل وقانون تعديل تطبيق قانون الاحوال الشخصية رقم (15) لسنة 2008 والقوانين الاخرى النافذة في الاقليم فيما لم يرد به نص في هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان؟

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر ماددەی 7 لە ئەصڵی پرۆژەکە کە ئەبێتە ماددەی 8، کەس نیە؟، باشە موتەفقن، ئاخیر صیاغە بیخوێننەوە بۆ دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة:**

تطبق احكام قانون العقوبات العراقي رقم 111 لسنة 1969 المعدل وقانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (23) لسنة 1971 المعدل وقانون تعديل تطبيق قانون الاحوال الشخصية رقم (15) لسنة 2008 والقوانين الاخرى النافذة في الاقليم فيما لم يرد به نص في هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بەس کاک شوان لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ، ئێستا بۆ ماددەی 8 لە ئەصڵی پرۆژەکە کە ئەکاتە ماددەی 9، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة التاسعة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان لەسەر نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان؟، یەك نیزامی هەیە، فەرموو کاك رفیق.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم، پێشی ئەو ماددەیە، ماددەیەك ئیزافە بکرێ، لا یعمل بای نص قانونی یتعارض مع احکام هذا القانون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی قانونی؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو ماددەی دابنێین، مەعنای قانونەکە تێك دەچی، چونکە عقوبەی اشد مان لێرە دانایە، لە سوودی قانونەکە نابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکەت نیزامی نەبوو و وەرنەگیرا، ئێستا کێ لەگەڵە فەرموو دەست بەرز بکەن، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی 9 لە ئەصلی پرۆژەکە کە ئەبێتە ماددەی 10، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة العاشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامیە کاك شڤان؟، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبد القادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەم قانونە ئێمە زکر بکەین کە پاش مودەیەکی قانونی بکرێ، چونکە زۆر ئیجرائاتی ئەوەی تێدایە، بۆ ئەوەی عالەم ئاگادار بێتن، هیچ نەبی فەترەی شەش مانگ یان بەلای کەمی سێ مانگ لە پاش ئەوە نەفازی خۆی وەربگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دیفاع لە مافی ئافرەت چی ئەڵێن ئێوە؟

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو هەموو یاساکانی تر، راستە ئەمە پێویستی بە هەڵمەتێکی روونکردنەوەیە بۆ یاساکە و وشیارکردنەوەیە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوە داین کە تەنفیز بێ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقائیعی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەحکامی قانونەکە چەند ماددەی عقابی تێدایە، مەفروزە لە قەوانینی جەزائی کە ماددەی عیقابی تێدایە، هەتا خەڵك ئاگای لێ بێ لە قانونەکان، مەفروزە ماوەیەکی بۆ دیار بکرێ، ئەوجا رەئی رەئی ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ رای لێژنەی داکۆکی کردن لە مافی ژنانین، چونکە بەشێك لە موستەلزەماتی ئەم قانونە ئامادە کراوە، حکومەت کاری پێ کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان ئیزافەت هەیە؟

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر یاسای ترمان دەرکردووە و ئیجرائاتی عقابی تێدا بووە و لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقائیعی کوردستاندا یەکسەر نافز المفعول بووە، تێناگەم بۆ چی ئەمە هینی ئەوێ، دوای ئەوە بەڕێز وەزیری کار خۆی باسی کردووە کە ئەمانە چەند هەنگاو چوونەتە پێشەوە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام کە وەکو خۆی بێ و پشتگیری لە لێژنەی ماف.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونێك هەیە داوا ئەکەن کە ماوەیەکی تر ئیجرائات و بۆچوونیش هەیە، کە ئەیەویت لە رۆژی، وەکو نەصەکەی کە هاتووە، نیزامیە؟، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵام ئەوە تەنها کاك شوان باسی کردووە، یەك کەس چۆن ئەخرێتە دەنگدانەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، لێژنەی یاساییش پشتگیریان کرد، لێژنەی یاسایی پشتگیری بۆچوونەکەی کاك شوانیان کرد کە تەوەقوع دەکەم سەر ناگرێ، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ماوەیەکی بۆ دابندرێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 18 بەڕێز لەگەڵێدایە کە ماوەیەکی بۆ دیاری بکرێ، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە زۆرینەی دەنگ لەگەڵدا نیە، کێ لەگەڵ دەقی نەصەکەیە کە وەکو خۆی هاتیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە زۆرینەی دەنگ یەك بەڕێز لەگەڵدا نیە، ئێستا بۆ ئەسباب موجیبە فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**العنف الاسري ظاهرة سلبية مخالفة لمبادىء الشرائع السماوية وحقوق الانسان ولكون الاسرة اساس المجتمع ومن اجل حمايتها من التفكك وحماية افرادها واتخاذ الاجراءات القانونية لسلامتها واستقرارها ومنع العنف الاسري بالطرق الوقائية قبل وقوعه وبحث الحلول الاصلاحية والعلاجية بعد وقوعه، فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا پرۆژەكە بە گشت ماددەكانی لەگەڵ ئەسباب موجیبە، لەسەر دیباجە موناقەشەتان هەیە؟، ببورن فەرموون، ئێستا ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێ موداخەلە بكەن: سۆزان شهاب، بەیان ئەحمەد، خلیل عثمان، كاردۆ محمد، عظیمة نجم الدین، سیوەیل عثمان، عبدالسلام بەرواری، سالار محمود، رفیق صابر، فەرموو سۆزان خان.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەساس لەم یاسایە پاراستنی خێزانە، بەڵام لە هەمان كاتیشدا پاراستنی تاكەكانە، هەتا ئێستا ناوی تاكەكانی ناو خێزان نەهاتووە لەناو ئەم یاسایە، بە تایبەتی لە ئەسباب موجەبەكە، راستە ئێمە خێزان دەپارێزین و سیاسەتی ناتوند و تیژی بڵاودەكەینەوە، بەڵام بۆیە مـن ئیقتیراح دەكەم كە ئەڵێ : العنف ظاهرة سلبية مخالفة لمبادئ حقوق الانسان و لكون الاسرة اساس المجتمع و من اجل حمايتها من التفكك و حماية افرادها، چونكە ئێمە لە ریگای ئەم یاسایەوە بۆ تاكەكانی ناو ئەو خێزانە حیمایە هین ئەكەین، تەوفیر ئەكەین، بۆیە پێویستە ئەو ناوە بێت لەو یاسایە و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێز بەیان احمد فەرموو.**

**بەڕێز بەیان احمد كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**العنف، من پێم باشە الاسري زێدە بكەین، چونكە مەوزوع موتەعەلیقە بە خیزان، ظاهرة سلبية مخالفة لمباديء الشريعة و مواثيق حقوق الانسان، ئەڤ هەردوو كەلیمە بێ زێدە ببن و رێزا ئـەخیرێ و بحث الحلول الاصلاحية و العلاجية و العقابية بعد وقوعه، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێز كاك خەلیل فەرموو.**

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەئیدی قسەکەی سۆزان خان ئەکەم، ئەوە یەکەم، دوو: هەروەها بەیان خان وتی (العنف الاسری) دوایـیش، العنف الاسری: ظاهرة سلبیة مخالفة لمبادیء حقوق الانسان و الشرائع السماویە، ئەوەشی بۆ ئیزافە بکـرێ و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، کاك کاردۆ فەرموو.**

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێموایە ئەسباب موجیبەکە زۆر باشە، دەتوانین بۆ تەئکید کردنەوە باسی ئەوە بکەین کـە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە خێراییەکی زۆر گەلێ شوێنەوورای سەلبی خستووتە سـەر خێـزان، چ بـە هۆکـاری تەمەن بێ یان بە هۆکاری نەریتی بێ، کـە تەئسیر لـە ژن و کـچ و خوشـك دەکات، یـان بـەهای کۆمەڵایـەتی خێزانی کە دەیەوێت پاراستنێکی گونجاو بۆ تاکەکانی خێزان دروست بکات، بە هۆی ئەم پێشکەوتنە بـەرەو تەفەکوکەوە نیە کە لێرە باس کراوە، ئەم دیاردەی توند و تیژی پەیدا بووە، بۆیە ئێمە ئەم یاسایەمان دانا، یـەعنی مـن پـێم وایـە پێشـەکیەك بـاس بکـرێ کـە پەیوەنـدی بـەو گۆڕانکارییـەی کـە لـە ژیـانی خێـزان و ئەندامەکان روویداوە و بەشێکمان پابەندین زۆر بە رابـردوو و بەشـێکمان زۆر بەپەلـە دەیـەوێ بـۆ ئاینـدە بڕوانێ، ئەمە ئیستیدامی دروست کردووە، خێزانی لە حاڵەتێکی تەبیعی نەهێشتووە، بۆیە زاهیرەی توند و تیژی زیاد بووە و ئێمە ئەم یاسایەمان بۆی دەرهێنایە و، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، عظیمة خان فەرموو.**

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەوەی تێبینی منە لەسەر ئەم دیباجەیە، من پشتگیری قسەکەی سۆزان خان دەکەم کە لێـرە تونـد و تیـژی لەسەر تاکی خێزانی تێدا نیە و، هەروەها یاساکە خۆی بەرەنگاربوونەوەیە بەرامبەر بە ئـەو داب و نەریتـە کۆنانەی کە لە کـەلتووری کوردەواریدایـە، پێویسـتە لـەناو هینەکـەدا تیـای بـێ، مـن بـەم شـێوەیە پێناسـەم کردووتـەوە، تاکیشـم لەگـەڵ بەرەنگاربوونـەوەم ئیزافـە کـردووە: تونـد و تیـژی دیاردەیـەکی سـلبی دژ بـە پرنسیپەکانی ماڤ مرۆڤـە، چونکە خێـزان بنـەمای کۆمەڵگایـە و لـە پێنـاوی بەرەنگاربوونـەوە و پاراسـتنی خێزان و هەڵوەشاندنەوە و دەستدان لە ڕێکاری یاسایی بۆ دروسـتی و سـەقامگیری، قەدەغـە کردنـی تونـد و تیژی خێزانی بە ڕێگای خۆپاراستن بەر لە ڕوودانی و کاریگەری خراپی توند و تیژی لەسەر تاکی خێزان و دۆزینەوەی چارەسەری چاکسازی بەر لە ڕوودانی، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، سیوەیل خان فەرموو.**

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی من بە عەرەبی دەیڵێم، عەزیمە خان بە كوردیەكەی وتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى برواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوێنێ نەصێكی پێشنیاركراوم بۆ بەڕێز سكرتێری پەرلەمان ناردبوو، من پێشنیار دەكەم ئەم بڕگەیە ئیزافە بكرێتە پێش ئەو دیباجەیە، بە تێكسیشم ناردبووە بەڕێزی، من پێشنیارەكەم دەسی پێبكردبا: یمر اقلیم كوردستان في مرحلة انتقالية تحدث فيها تحولات جذرية في كافة مجالات المجتمع، مما يؤثر على العديد من القيم و العادات و المعايير الاجتماعية و، بصورة خاصة ما يخص الممارسات و المواقف المقبولة من بعض قطاعات المجتمع، و يشكل العنف الاسري احدى اهم هذة الممارسات و المواقف، لێرە دیار ئەبێت بۆ ئێمە ئەم قانونە دەرئەكەین، پاشان تەكمیلە بكەن، لذلك و بالنظر لكون العنف الاسري ....الخ، من تەصور دەكەم بەمە ئێمە ئەسباب موجیبە و ئەهمیەتی قانون دیار ئەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راستیدا من بە جۆرێكی تر تەواوی هۆیە پێوەستیەكانم داڕشتووتەوە، كە لەناویدا هەم مەسەلەی رۆشنبیری ناتوند و تیژی، ئاشتەوایی ناو خێزان، پاراستنی مافی تاكەكان، توند و تیژی خێزانی تیا تۆمار كردووە، ئەمە دەقەكەیە: بەو پێیەی خێزان بنەمای كۆمەڵگایە، لە پێناو پاراستنی لە هەڵوەشاندنەوە و پاراستنی تاكەكانی خێزان بە رێكاری یاسایی و بۆ بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی خێزانی وەك دیاردەیەكی مەترسیدار و سلبی كە دژە بە پرنسیپەكانی مافی مرۆڤ، بۆ خۆپاراستن بەر لە روودانی و دۆزینەوەی چارەسەر و راهێنانەوە و ئاشتەوایی دوای روودانی، بۆ بڵاوكردنەوەی رۆشنبیری ناتوند و تیژی، ئەم یاسایە دەرچوێندرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د.رفیق فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم قانونە لە بنەڕەتدا بۆ پێشگرتنە لە توند و تیژی، کە بەرامبەر ئینسان دەکرێ، گروپێکی دیاری کراو کە ئەندامانی خێزانێکن، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە لەوێدا ئەساسەکە مرۆڤە، ئەساسەکە ئەندامانی خێزان و پاراستنی ئەوانە لە توند و تیژی، کە ئەو توند و تیژیە خۆی ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی سەرئەنجام خێزان هەڵبوەشێتەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەو پێشنیارەم کە ڕستەیەکی بۆ زیاد بکرێ، کە دەڵێ: ظاهرة سلبية مخالفة لمبادئ حقوق الانسان و لكون الاسرة اساس المجتمع و لاجل حمايتها من التفكك و اتخاذ الاجراءات القانونية لسلامتها و استقرارها ومن اجل حماية افرادها من العنف و منع العنف الاسري ....الخ، ئەو بڕگەیەی بۆ زیاد بکرێ و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، موداخەلەکان تەواو، لێژنەی یاسایی، فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، من وا داوا ئەکەم زۆر لە ئەندامان ئەوە دەڵێن کە ئەم قانونە بۆیە دەرچووە، بۆ ئەوەی داب و نەریتی کۆن لابدەین، من دەڵێم داب و نەریتی خراپی کۆن لابدەین، نەك داب و نەریت، چونکە لە هەموو وڵاتێك شانازی بە داب و نەریتی خۆی ئەکات، لەبەرئەوە من وەکو کچێك لەناو کۆمەڵگایەکی کوردی، وا بە باش ئەزانم ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی باس کراوە لە پرۆتۆکۆلەکان لابردرێ و بکرێتە هی کۆنە، خراپەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەتان لەسەر ئەو موداخەلاتانە؟

**بەڕێز عونی کمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغەی ئەسباب موجیبەکان پاش ئەم موداخەلاتانە بەو شێوەیەیە:

**الاسباب الموجبة**

العنف الاسري: ظاهرة سلبية مخالفة لمبادىء الشرائع السماوية وحقوق الانسان ولكون الاسرة اساس المجتمع ومن اجل حمايتها من التفكك وحماية افرادها واتخاذ الاجراءات القانونية لسلامتها واستقرارها ومنع العنف الاسري بالطرق الوقائية قبل وقوعه، وبحث الحلول الاصلاحية والعلاجية بعد وقوعه، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵە پرۆژە یاساییەکە گشتی لەگەڵ ئەو ئەسباب موجیبەی کە بەو شێوەی خوێندرایەوە ئاخیر صیاغە کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە زۆرینەی

دەنـگ، بـەس كـاك شـوان لەگەڵدا نيـە، بـەڕێزان زۆر سـوپاس بـۆ گشـت ئێـوەی بـەڕێز كـە زۆر بـە جيـددی بەشداريتان كرد، سوپاس بۆ لێژنە، بەڕێزان ئـەو دەنگدانـە بـۆ گشـت پـرۆژە ياسـايەكە و ئەسـباب موجيبـە بوو، بە كۆی دەنگ پەسند كرا و يەك بەڕێز دژی وەستا، بـە زۆرينـەی دەنـگ بـوو، سوپاسـی ئێـوەی بـەڕێز دەكەين كە ماوەيەكی زۆرە كە هەمووتان بەشدار بووينە و ماوەيەك بوو ئينتيزارتان دەكرد، دەست خۆشـی لە لێژنـە پەيوەنديـدارەكان و يەكـە يەكـە ئەندامـە بـەڕێزەكان دەكـەين، سـوپاس بـۆ وەزيـری رۆشـنبيری و وەزيری كار و كاروباری كۆمەڵايەتی و ئەميندارى گشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان لە هەرێمی كوردستان كە بەشدار بوون لەگەڵمان و دەوريان هەبوو، سوپاس بـۆ كۆمەڵـەی موجتەمـەعی مـەدەنی كـە چـەند رۆژ بـوو ئەهاتن و بەشـداريان ئـەكرد و پێشـتريش دەوريـان هـەبوو، پێرۆزبـايی لـە خـەڵكی كوردسـتان و لـە هـەموو خانەوادەيەك ئەكەين كە ئەم ياسايەيان بۆ دەرچوو بە تايبـەت لـە خوشـكان و لـە خانمـان و لـە ژنـان و لـە منداڵەكانيش ئەكەين، پـيرۆز بێـت لـە حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتانيش، بـەڕێزان سـبەی دانيشـتنەكەمان لەگەڵ وەزيری كارەبا، كە ئيعلانمان كرد سەعات 11، بەس ئەيكەينە سەعات 3ی پاش نيوەڕۆ تا بـەيانيش دەردەشەيەكی باشتر بكرێ لە بەينی خۆتان و سوئالەكانتان حازر بكەن، ئەو وەزيرە سەعات 3 لێرە ئـەبێت و روونكردنەوە ئەدات لەسەر رەوشی كارەبا و دواخستنەكەشی بۆ سەعات (3) بـەڕێزيان بـۆ كـارێكی پـيرۆز مەشغولە، سـەعات 11 تـاكو سـەعات 2 و نەتيجەشـی ئينشـاء الله بـەخير دەردەچـێ و گوێشـتان لـێ ئـەبێ، بەڕێزيان دێ روونكردنەوە ئەدات لە بواری رەوشی كارەبا لە كوردستان چۆنە، چی كردووە و بۆ داهـاتووش چی ئەكات؟، بۆ ئەوەی لە پێش چاوی ئێوەی بەڕێز و خەڵكی كوردستان روون بێت، ئێستاش داوا لە بـەڕێز كاك د.كاوە ئەكەين كە وتەيەكی هەبێ بە موناسەبەی دەرچوونی، پەسند كردنی ئەم ياسايە، فەرموو.

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/وەزيری رۆشنبيری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە ناوی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە، سوپاسی سەرۆكايەتی پەرلەمانی كوردستان ئەكەين، سوپاسی هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەكەين، بە هەموو فراكسيۆنەكانەوە، كـە هـەوڵێكی زۆريـان دا بـۆ دەرخسـتنی ئەم ياسايە، سوپاسی تێكڕای ڕێكخراوەكانی ژنان و ئافرەتان و ئەو رێكخراوانەی ngo دەكەين كـە دەوريـان هەبووە چەند ساڵێكە، سوپاسی ئەو برادەرانە ئەكەين كە لە كابينەی پێنـج و لە دەورەی پێشتری پەرلەمان كاريان كردووە بۆ ئەم پرۆژە ياسايە و سوپاسی هەموو كەسێك ئەكەين كە هەوڵی داوە بۆ ئـەم دەسـتكەوتە كە بەراستی پەرلەمان رۆڵێكی زۆر گرنگ و بەرچاوی بـينی، ئەمـە هـەنگاوێكی گەورەيـە و دەربـڕينی يـەك بوونی پەرلەمانی كوردستانە بە هەموو فراكسيۆنەكانيەوە، لـە مەسـەلەيەكی كۆمەڵايـەتی زۆر گـرنگ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان، ئەو وشانەی كە ئيشارەی پێ كرا، ئەوەی ناگونجی لەگەڵ داب و نـەريتی كۆمـەڵگای ئێمـە، داواكرا لە پرۆتۆكۆل لائەبردرێ، خوا ئاگادارتان بێ تا سبەی سەعات 3 .

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (29)**

## چوارشەممە ڕێکەوتی 22\6\2011

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (29)

## چوارشەممە رێكەوتی 2011/6/22

كاتژمێر (3)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2011/6/22 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (29)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) له پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (29)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (3)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2011/6/22 دا بەم شێوەیە بێت:

1-ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری كارەبای هەرێمی كوردستان – عێراق، بۆ پێشكەشكردن و روونكردنەوە دەربارەی ڕەوشی كارەبا و خستنەڕووی هەنگاوەكانی وەزارەت، سەبارەت بە چاككردنی باری كارەبا لە هەرێمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن 29، رۆژی دانیشتن 2011/6/22، بەرنامەی كار.

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی(20) لەپەیڕەوی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(29)ی ئاسایی خۆی لە خولی سێیەمی هەڵبژاردن لەکات 3ی پاش نیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی 2011/6/22دا بەم شێوەی خوارەوە بێت:

1-ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری کارەبای هەرێمی کوردستان – عێراق، بۆ پێشکەشکردن و ڕوونکردنەوە دەربارەی ڕەوشی کارەبا و خستنەڕووی هەنگاوەکانی وەزارەت، سەبارەت بە چاککردنی باری کارەبا لە هەرێمدا.

زۆر زۆر بەخێرهانی بەڕێز کاك (یاسین شێخ ابوبکر ماوەتی) وەزیری کارەبا دەکەین، زۆر بەخێرهاتن سەرچاوان، بەخێرهاتنی (کاك سعد خالد )ڕێکخەری پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، هەروەها بەخێرهاتنی (ئەندازیار نەجات حسن قەرەداغی)بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەتی بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەین، زۆر زۆر بەخێرهاتن، ئێستاش داوا لەجەنابی وەزیر دەکەین کەرەم بکات بۆ پێشکەشکردنی ڕوونکردنەوەکەی بەپێی خاڵی یەکی بەرنامەی کاری پەرلەمانی کوردستان، فەرموو.

**بەڕێز یاسین شیخ ابوبکر(وەزیری کارەبای هەرێمی کوردستان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم کاتەتان باش، زۆر خۆشحاڵین بۆ ئەم کاتەی کە بۆمان ڕەخسا، لەنزیکەوە کورتەیەك لەسەر بارودۆخی ڕەوشی کارەبای هەرێم بۆ ئێوەی بەڕێزو خۆشەویست ڕوون بکەینەوە، لەوەی کە پێویستە بەکاروچالاکیەکانی وەزارەتی کارەبا جەنابتان ئاشنا بکەین، هەروەها بارودۆخەکەمان بەرەو کوێ دەڕوات؟، لەکوێوە هاتووین؟، گەیشتووینەتە کوێ؟، سەرەتا حەز دەکەم کورتەیەك دەربارەی کارەبا لەعێراق و لەهەرێمی کوردستان بخەمەڕوو، ئەوانەی کە لەبواری کارەبادا شارەزاییان هەیە، پێشتر عێراق هەتا داگیرکردنی کوێت، هیچ کێشەو گرفتێکی کارەبای نەبوو، توانای بەرهەمهێنانی کارەبا لەعێراقدا (9500)مێگاوات بوو، هەموو پێداویستی عێراق بە تەصنیع عەسکەریشەوە (5500)مێگاوات بوو، بارودۆخی ئەوکاتەی بەکارهێنانی کارەبا لەعێراقدا بەو جۆرە بوو، بۆیە هیچ گرفتی بێ کارەبایی لە عێراقدا بەدی نەدەکرا ئەو کاتە، لەدوای داگیرکردنی کوێت و گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق، وردە وردە یەکەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لەکار دەرچوون و نەدەگەڕانەوە، بەشێوەیەك هەتا 2003، زۆربەی زۆری یەکەکان لەکار کەوتن، کە لەوکاتەوە تائێستا توانای بەرهەمهێنانی عێراق لە (5000) بۆ (6000)مێگاوات تێناپەڕێت، بەحوکمی ئەو سیاسەتەی پێشووی ڕژێمی سەدام، بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، هیچ پرۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژی لەهەرێمی کوردستاندا جێبەجێی نەکردووە، چەندین وێستگەی بەرهەمهێنان، بۆ وێستگەی گۆڕینی 400 کەیڤی گەورە وە هێڵی گواستنەوەی پەستانی بەرز، لەتەواوی عێراقدا دروست کراوە، بەڵام لەهەرێمی کوردستاندا بەداخەوە، چەندین وێستگە لەباکووری عێراق جگە

لەهەرێمی کوردستان دروست کراون، کەتوانای تەولیدیان تا چوار هەزار مێگاوات بووە، لەوکاتەدا کە لە تەسمیمی ئەو وێستگانەدا هەبووە، بەڵام بەداخەوە هەرێمی کوردستان تەنها وێستگەی تێدا بووە، کەوێستگەی دوکان و دەربەندیخانە، ئەویش بەهەدەفی ئاودێری و بەهەدەفی بەرگەگرتن لە لافاوە گەورەکان دروست کراون، ئێمە ئەو کاتەی کە سەر بە عێراق بووین، لەدوای ساڵی 1991ـەوە کە حوکمی خۆمان بەخۆمان دەمانکرد، لەگەڵ بوونی ئەو گەمارۆ ئابووریانە توانرا لە فەترەی یەکەم، بەزووترین کات وێستگەی دەربەندیخان بخرێتەوە کار، هەروەها ڕەبتی دەربەندیخان بە سلێمانی بکرێت، بۆ ئەوەی بتواندرێت سوود لە وزەی بەرهەم هاتوو لەدوکان و دەربەندیخان وەربگیرێت، ئەمە بەردەوام بوو تا ساڵی 1996، لەکاتی بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك، کە ئەو بڕیارە لەچەندین ڕێکخراو لەهەرێمی کوردستاندا ئیشیان دەکرد، بۆ کوژاندنەوەی قتاعەکانی تر کە لەناو کوردستاندا هەن بۆ هەرێمی کوردستان دانرابوون، بۆیە بەداخەوە لەو کاتەشدا هیچ بۆ کارەبا نەکرا، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو موافەقاتانەی کە دەکرا لەلایەن بەغداوە، بۆ (u.n.d.p) بەغدا ڕازی نەدەبوو، پرۆژەی ستراتیژی لەهەرێمی کوردستاندا دروست بکرێت، هەرێمی کوردستان گرفتی سەرەکی بریتی بوو لە بەرهەمهێنانی کارەبا، بەرهەمهێنانی کارەباش کارێکی گران بوو، پارەیەکی زۆرو کولفەیەکی زۆری دەوێت، بۆیە هەوڵێکی زۆر درا، کە وێستگەی بەرهەمهێنان دروست بکرێت، بەڵام بەداخەوە تەنها ڕەزامەندی لەسەر (3) وێستگە درا، لەهەولێر، دهۆك، سلێمانی، کەپێیان دەوترێت وێستگەی (29)مێگاواتی کە بەدیزڵ کار دەکات، هەر مەشروعێك (30) ملیار دۆلاری تێدا سەرف کرا، ئەمە وەکو چارەسەرێکی بچووك بوو بۆ ئەوەی بتوانین پرۆژەکانی ئاو، خەستەخانەکان لەسەر ئەم وێستگانە ئیش پێ بکەین، لەگەڵ فراوان بوونی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی خەڵك، وردە وردە پێداویستی کارەبا زیادی کرد لەهەرێمی کوردستان کە نەدەتواندرا بەدوکان و دەربەندیخان تەختیە بکرێت، دەربەندیخان سێ یەکەی تێدایە، لەتەسمیمی هەریەکە (63)مێگاوات، (249)مێگاوات، دووکانیش پێنج یەکە هەر یەکەی(80)مێگاوات کە دەکاتە 400 مێگاوات، ئەمانە دیزاین کەپەستی واتە تەسمیمی وێستگەکە لەسەر ئەوە کراوە، بەڵام بەداخەوە لەوێستگەکانی هایدرۆدا لەبەر ئەوەی ئیعتیماد لەسەر باران و ئاوە، بۆیە لە 40٪ دانراوە کە ئیستیفادە لەم توانایانە بکرێت، ئەگەر وشەکە ساڵی و کەم ئاوی ببێت، ئەو لە 40٪ دادەبەزێت بۆ 20٪ یان کەمتریش، بۆیە ئێمە هەرچۆنێك بێت، هەرێمی کوردستان گوزەراندنی تا گەشتینە ئەو کاتەی کە ڕژێمی سەدام ڕووخا، لە ساڵی 2003دا، یەکەم هەنگاوی گەورەو بەپەلە لەڕێگەی ئەمریکیەکانەوە کرا بۆ بەستنەوەی هەولێر و سلێمانی بەتۆڕی نیشتمانی عێراقیەوە لەهەولێرەوە لەڕێگەی 4 خەت 2 خەت بۆ موصڵ، قەرەقوش، هەروەها 2خەت بۆ کەرکووك، دوبز، هەروەها 2 خەت لە چەمچەماڵەوە بۆ وێستگەی کەرکووکی 400ی لە تاسلوجە، ئەمە توانیمان لە مەرحەلەی یەکەم، 50 مێگاوات بۆ هەولێر وەربگرین، هەروەها دوای تەواوبوونی خەتەکەی چەمچەماڵیش، ئەو کارەبایەی کەدرا بە هەرێمی کوردستان بریتی بوو لە 100 مێگاوات، چەند محاوەلاتێکی زۆر کرا، ئێمە ڕێژەی ڕاستەقینەی خۆمان وەربگرین، ئەو

ڕێژەیەی کە پێشتر ئەوان بڕیاریان لەسەر دابوو، ئێمە لەهیچ کۆبوونەوەیەك لەوانە بەشداریمان نەکردووە، بگرە خۆیان پێداویستی عێراق و پارێزگاکانیان دیاریکردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕێژەی کە دابوویان بە ئێمە لە 50٪ی ئەوەشیان پێنەدەداین، موعاناتمان لەوەێوە دەستی پێکرد، کە هەستمان بەوە دەکرد کە ئێمە مەغدوورین، چەندین هەوڵی زۆرماندا، بەڵام بەداخەوە، نادادپەروەری لەدابەشکردنی کارەبا لەعێراقدا بەدەرەجەیەك بوو کە زۆربەی زۆری پارێزگاکان لێی بێزار بوو، ئێمە بەشداری کۆبوونەوەکانمان دەکرد، لە کۆبوونەوەی گشت پارێزگاکان لە بەغداد، بەڵام بەداخەوە ئەم ئیشە هەر بەم شێوەیە توڵی کێشا، تا 2006، ئێمە موعاناتێکی زۆر گەورەمان لەگەڵ ئەوەدا هەبوو کە کارەبایان پێ نەدەداین، بۆیە حکومەتی هەرێم چیتر نەیتوانی ئیعتمادی سەرەکی بکاتە سەر مەوزوعی تۆڕی نیشتمانی عێراق یان مەوزوعی حکومەتی عێراقی کە پێویستە کارەبا بۆ هاووڵاتیان دابین بکات، بۆیە لەوکاتەوە بیرۆکەی دامەزراندنی وێستگەکان ئەو توانا داراییەی حکومەت لەو ئاستە نەبوو، کە ئێمە بتوانین وێستگەی بەرهەمهێنانی گەورە دابمەزرێنین، یان بەجۆرێکی تر بڵێین مۆدێلی ئەوە لەجیهاندا نەماوە، حکومەت خۆی هەموو شتێك بێت، ئێستا ئەم مۆدێلەی کە مۆدێلی هێنانی کەرتی تایبەت بۆ هاوکاری کردنی حکومەت لەگشت سێکتەرەکان لەتەواوی وڵاتانی دونیا پیادە دەکرێت، ئەمەش شتێکی تازە نیە، لەوەی کە ئێمە تازە هێنابێتمان، وجودی ئەمە نەبووبێت، بۆیە گرێبەستێك هەبوو لەگەڵ وەزارەتی کارەبای عێراق، کە کۆمپانیای (ماس گلۆبەڵ) بەڕێز کاك (احمد اسماعیل)بیکات، بەڵام ئەوان نەگەشتنە نەتیجە لەگەڵی، بۆیە حکومەتی هەرێم بڕیاریدا، جەنابی کاك (نێچیرڤان بارزانی)بەڕاستی بڕیارێکی مێژوویی گرنگ، کەتێیدا ئەو بڕیارە بووە هۆی قەفزەیەکی نەوعی لەمەوزوعی چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا، ئەو بڕیارە بووە هۆی ئەوەی کە ئەو هەیکەلەی وەزارەتی کارەبا کە هەیکەلی کارەبای هەرێم دروست بکرێت، کە بەڕاستی ئێستا ئێمە بەرهەمەکەی ئەوەیە کە دەیبینن، بەرهەمەکەی دەخۆین، کە ئێمە جیاواز لەتەواوی ناوچەکانی تری عێراق 20 سەعات بۆ سەرەوە تا موعەدەلی ئەو 20 ڕۆژەی کە هەمانە 22 سەعات کارەبامان داوە بەهەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وەکو یەك، بەڵام لەناوچەکانی تری عێراق کارەبا لە 5 سەعات و 4 سەعات و 6 سەعات زیاتر نیە، ئەمانە بەم شێوەیە ئێمە بیرمان لەوە کردەوە، کە ئیعتیماد لەسەر خۆمان بکەین، هەروەها بوونی ناوچەکانی ئێمە وەکو سەرچاوەکانی سامانە سروشتیەکان بەتایبەتی غاز کەبتوانین سوودی لێ وەربگرین، خۆشبەختانە لەم کاتانەدا کە ئێمە قسە دەکەین، هەرێمی کوردستان ئیعتیمادی 100٪ی لەسەر خۆیەتی، هیچ مێگاواتێك ئێمە نە لەعێراقەوە نە لەتورکیاشەوە بۆ ئێمە نایەت، وەزارەتی کارەبای هەرێم ئەو کارانەی کە ئێمە هەمانە دابەش بوون بەسەر چوار سێکتەر، سێکتەری بەرهەمهێنان، سێکتەری گواستنەوە، سێکتەری دابەشکردن، هەروەها سێکتەری کۆنترۆڵ و گەیاندن، کە مەسئولە لە کۆنترۆڵ کردن و ئیش پێکردنی سیستمی کارەبا، ئەمەی کە دەیبینن ئەم سێ سێکتەرە ڕەئیسیەیە کە هەرسێکیان وادانراوە، کە لێی تێبگەین، کە عیلاقەیان لەگەڵ یەکدا هەیە، لەناویاندا یەکێك کە هەموویان کۆدەکاتەوە بریتیە لە ئیدارەکردنی سیستمەکەو کۆنترۆڵ و ئیش پێکردنی،

لەهەموو سێکتەرەکان چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دراوە، لەوەی کە دەرفەت هەبێت کاتەکە ئێمە قسەی لەسەر بکەین، حەزم کرد لەڕووی مێژووییەوە، سەیرێکی بەپەلەی داتاکانی کارەبا بکەین، ئەوەی لە تۆڕی نیشتمانی لەعێراقەوە بۆ ئێمە هاتووە، ئەگەر سەیری ئەم ڕەسمە بکەین، لە ساڵی 2006 وە تا ئێستا دەبینین لەساڵی 2006(146)مێگاوات لە 2007(193)مێگاوات، لە 2008(165)مێگاوات لە 2009(93)مێگاوات، لە 2010(13)مێگاوات، لە 2011(سفر)مێگاوات، ئەگەر تێبینی بکەین لە ساڵی 2007ـەوە، ئەم ڕێژەیە بەرەو دابەزینێکی زۆر ڕۆشت، کاتێك زانیان ئێمە وەحداتی تەولیدی خۆمان دەکەوێتە ئیش وردە وردە، لەگەڵ هەرداخڵ بوونێکی یەکەیەکی ئێمە، (25)مێگاواتیان کارەبا کەم دەکردەوە، بەدەرجەیەك گەشتە ئەوەی کارەبا لە 2010/6/22 ببێت بە (سفر)مێگاوات، ئێستاش هەر بەردەوام سفرە، بۆ دەرچوون لەقەیرانی کارەبا، لەحکومەتی مەرکەزییەوە گرێبەستی دەولی لەگەڵ ئێران و تورکیا کراوە بۆ ڕاکێشانی کارەبا، دهۆك پێشتر تۆڕەکەی لەگەڵ تۆڕی هەرێمی کوردستان نەبەسترابوو، شاری دهۆك وزاخۆ، موعاناتێکی زۆریان هەبووە، لەوەی کە نەتوانراوە لەهەرێمەوە کارەبا بگەیەندرێت بەوان، بۆیە گرێبەستی تورکی بۆ پێدانی کارەبا بەدهۆك وزاخۆ و هەروەها بەشێك لەو کارەبایەش بچێت بۆ موصڵ ئەنجامدراوە، لە ساڵی 2006ـەوە ئەمە داتاکانە، تێبینی دەکەین لەساڵی 2011، تەنها 25 ڕۆژ لەمانگی 1/ 2011 کارەبا لەتورکیاوە بۆ ئێمە هات، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراقی گرێبەستەکەی نوێ نەکردەوە، نوێ کردنەوەی گرێبەستەکە لە دەسەڵاتی مەرکەزە، هێنانی کارەبا لەوڵاتە دراوسێکانەوە لەدەسەڵاتی ئەواندایە، ئێمە چەندین محاوەلەمان کردووە لەمانگی 2010/7 ـەوە، چەندین نووسراو لەنێوانمان هەیە، بەڵام بەداخەوە، خۆشم لەمانگی 2010/11 چووم سەفەری بەغدادم کرد، بەڵام ئامادە نەبوون ئەم گرێبەستە نوێ بکەنەوە، بۆیە ئێمە ئێستا ئیستیغنامان لەوە کردووە، ئێستا هیچ کارەبایەکیش لەوێوە نایەت، دەربارەی هاتوو لەتۆڕی ئێرانیەوە، ئێمە ئێستا نزیکەی (5)مێگاوات بە بەردەوامی ئەم مێگاواتەی ئێران تەنها بۆ ناوچەی پێنجوێنە، مۆبایلێك دانراوە لەپێنجوێن ودەوروبەری، ئەم بڕەش موعەدەلەکەی دەگاتە (5)مێگاوات لە ساڵی 2009 ەوە ئێمە ئەو بڕە مێگاواتە وەردەگرین، (5)مێگاوات موقارەنە بکرێت بەوەی کە ئێمە هەمانە، بریتیە لە (1490)مێگاوات، وابزانم ژمارەیەکە کە قابلی ئەوە نیە کە چەند حساباتێکی لەسەر بکرێت، ئێمە لەپلانی ساڵی 2011، بەحوکمی دووریەکەی پێنجوێن لە سەید صادقەوە، ئەگەر کارەبا بە (33)کەیڤی بگەیەنینە ئەوێ فۆڵتێی دادەبەزێت و خەڵکی ئەو ناوچەیە ئیستیفادەی لێناکەن، بۆیە بڕیارماندراوە وێستگەیەکی (132)کەیڤی لە پێنجوێن دروست بکەین، وە بیبەستینەوە بەتۆڕی کارەبای هەرێمی کوردستانەوە، بۆ ئەوەی ئیستیغنا لەو (5)مێگاواتەش بکەین کە هەیە، بڕی بەرهەم هاتوو لە وێستگەکانی ناوخۆی خۆمان، ئەگەر تێبینی بکەین، بەرەو بەرزبوونەوەیە، لەساڵی 2008ـەوە بەردەوام (122)مێگاوات ساڵی 2009(507)مێگاوات لەساڵی 2010(747)مێگاوات لەساڵی 2011موعەدەلی ئەوەی کە تەخمینمان کردووە کە ئەمساڵ بەرهەمی بهێنین بریتیە لە (1238)مێگاوات، کۆی بەرهەم و دابەشکراو ئەوەی کە بەرهەممان هێناوە، هەروەها ئەوەشی کەهاتووە

لەتۆڕەکانی تـرەوە، بەتایبـەتی تورکیـاو عێـراق ئـەوەی لـەو کاتـەوە کەهـەبووە، ئەمەنـدە دابەشـکراوە، لـە 2006(477)مێگاوات، لە 2007(474)مێگاوات، لە 2008(452)مێگاوات، تێبینی دەکەین ئەو سێ ساڵە بەنیسبەت ئێمەوە، لەبەر ئەوەی هیچ شتێکمان نەبووە هەروەکو خۆیـەتی، کـەمێك زیـاد لەسـەر مـەوزوعی هایدرۆکان بووە، بۆیە لەساڵی 2008 یەکەم یەکەمان لە 2008/5/21 کەوتە کار، خۆشـبەختانە بووینـە خاوەنی کارەبای خۆمـان، لـە 2009 موعـەدەلی تەولیـد لـەناوخۆی کوردسـتان و ئەوەشـی کـەهاتووە، بـەرز بوویـەوە بـۆ (790)مێگـاوات، دوایـی سـاڵی 2010 بەرزبوویـەوە بـۆ (1045)مێگـاوات، بڕیـارە ئەمسـاڵ موعـەدەلی (1370)مێگـاوات لـەتێکڕای سـاڵدا دابـەش بکـەین، بەسـەر هـەر سـێ پارێزگـادا، بـەرزترین پێداویستی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2006(1457)مێگاوات بووە، لە 2007 بووە بە (1739)مێگاوات، لـە 2008 بـووە بـە (1889)مێگـاوات، لـە 2009 بـووە بـە (2096)مێگـاوات، لـە 2010 بـووە بـە (2302)مێگاوات، لە 2011 کە بـەرزترین حاڵـەتی ئێمـە لـە زسـتاندا تۆمـار دەکرێـت، کـە بـریتی بـوو لـە مـانگی دووی ئەمسـاڵ گەشـتە(2806)مێگـاوات، ئەگـەر تێبـینی بکـەین، ئـەم ڕەسمـەیان وەکـو پیشـاندانی پێداویسـتی ئێمـە وەکـو بـەرزترین حاڵـەت لەگـەڵ تـەجهیزی کارەبـا، بـەپێی سـاڵەکان، شـینەکە بـەرزترین پێداویستیە، سوورەکە بریتیە لەوەی کە ئێمـە کارەبامـان دابەشـکردووە، ئێسـتا ئـەوەی کـە دەیبیـنن، ئێمـە بەشێکمان ماوە کە بتوانین تەختیەی پێداویستیەکان بکەین، حـەزم کـرد ئـەم مانگـەی کـە تێیـداین، وەکـو شتێکی بەرجەستە کە ئێستا حالیەن لەم مانگەداین، شتێك بۆ جەنابتان ڕوون بکەینەوە، تۆڕی نیشـتمانیی عێـراق لـەم مانگـەدا (182)مێگـاوات هـاتووە، لـە 2009 بـووە بـە (74)مێگـاوات، لـە 2010 بـووە بـە (15)مێگـاوات، لـە 2011 لەهـەمان مانگـدا بـووە بـە (سـفر) مێگـاوات، لـە تورکیـاوە بەهـەمان شـێوە، 2009(147)مێگاوات بووە، لە 2010(154)مێگاوات، بەڵام لە 2011 لەم مانگەدا هیچ کارەبایـەکمان بـۆ نایەت، کارەبای دابەشکراو هەر لەم مانگەدا لەساڵی 2008(489)مێگاواتمان دابەشـکردووە بەسـەر تـەواوی هەرێمـــدا، بەوانـــەی کـــە هـــەبووە، لـــە 2009 (740)مێگـــاوات، لـــە 2010(1081)مێگـــاوات، لـــە 2011(1490)مێگاوات، بوونی کارەبا لەهەرێمی کوردستان بەتێکڕا بـۆ هـەر سـێ شـارەکە، لـە 2008 (6 سەعات و 40 دەقە)کارەبـا دراوە، لـە 2009(12 سـەعات و 43 دەقـە) دراوە، لـە 2010(17 سـەعات و 4 دەقە)دراوە، لە 2011 ئێمە وەکو جەنابتان گوێبیستی بوون، (20 سـەعات)مـان وەعـد داوە بـە هاووڵاتیـان کە دابینی بکەین، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا (22 سەعات و 11 دەقـە)تێکـڕای ئـەو (20)ڕۆژەی ڕابـردووی مـانگی شـەش کارەبامـان داوە، دەربـارەی سـێکتەری بەرهـەمهێنانی وزە، ئەگـەر هـەر سـێکتەر، سـێکتەر بـە سەریعی نەبزەیەك لەسەریان بڵێین، لە ساڵی 2006 ئەمە ڕەسمی وێستگەکانی هایدرۆپاوەرە، کە لە دوکـان و دەربەندیخان هەیە، ئەم وێستگانە ئێمە لەتەواوی وەرزەکاندا ئاو کۆدەکەینەوە، بۆ ئەوەی ئیستیفادەی لێ بکـەین لـە هاوینـدا بـەکاری بهێـنین، لـە 2006 موعـەدەلی بەرهـەمهاتوو لـە دوکـان و دەربەنـدیخان( 186)مێگـاوات بـووە، لـە 2007(136)مێگـاوات بـووە، لـە 2008 بـووە بـە (62)مێگـاوات، لـە 2009 (47)بووە، لە 2010 بووە بە (134) مێگاوات، لە 2011 دامان ناوە بە موعەدەلی (20)مێگاوات بەرهـەم

بهێـنین، ئێمـە ئێسـتا جیـاوازین لەگـەڵ پـار هـاوین، ئێمـە پـار تووشـی چـەند موشـکیلەیەك بـووین، دوو وەحدەمان لە هەولێری غازی موشکیلەی ڕیشەی تۆربایني بۆ دروست بوو، کـە بەرنامـەکانی هـەمووی تێـك چـوو، بـۆ ئـەوەی بەرنامـەکان زۆر خـەڵك هەسـت بەکـەم بوونەوەکـە نـەکات و کاریگـەری خراپـی لەسـەر هاووڵاتی نەکات، ئێمە ئەو بەشەمان بەسەرکردەوە، بۆیـە پـار ئێمـە دایـم کێشـەمان لەگـەڵ بەغـداد لەسـەر ئـەوە هـەبوو، کـە دەیـانووت ئـاو زۆر بەردەدەنـەوە، بـەڵام ئێمـە چـارمان ناچـار بـوو وتمـان، ئەگـەر ئـاو بەرنەدەینەوە کارەبامان بدەنێ، چونکە ئێمە حەقمان هەیە لەسەر ئەوە، ئەم کارەبـای کـە ئێمـە بەرهـەمی دەهێنین لەسەر بودجەی لە 17٪ کەیە پارەی هەرێمە، کە مەفروزە کارەبـا دابـین کـردن لەسـەر میزانیـەی سـیادیە لـە عێراقـدا، بـۆ ئـەوەی کـە کارەبـا دابـین بکرێـت، بـەڵام ئەمسـاڵ خۆشـبەختانە ئێمـە ئـاو کـەم بەردەدەینەوە، ئیعتیمادی زۆرمان لەسەر غازیەکانە، بەغدا داوامان لێدەکات کە بەبـەردەوامی ئێمـە ئاوەکـە زیاد بکـەین بۆیـان، بـۆ ئـەوەی کـە ناوچـەکان پێویسـتیان پێیـەتی، ئێمـە بەرنامەیـەکی موشـتەرەك لەگـەڵ وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سەرچاوە ئاویـەکانی هـەرێم هەیـە، هـەروەها لەگـەڵ وەزارەتـی سەرچـاوە ئاویـەکانی عێراق هەیە، لەبەر جانبی ئینسانیەکە، کە ئەو ئاوە پێویستە بەربدرێتـەوە، ئێمـەش ئیلتیـزام بـەو ئـاوەوە دەکەین، بۆ ئەوەی کە هاووڵاتیان لێی سوودمەند بن، بە موقـابیلی بەردانەوەکـە ئێمـەش بەرهـەمی کارەبـا، بەرهەم بهێنین، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرین، بەڵام لە ئەساسدا ئێمە پێویستیمان بەوە هـەبوو، کـە ئـەم ئاوە زیادەی کە هەیە، بیخەینە ئەو کاتانـەی تـرەوە کـە تووشـی مەشـاکیل دەبـین، بـۆ ئـەوەی بەرنامـەکانی خەڵك تێك نەچێت، بەڵام نەمان توانیوە، بەنیسبەت ئەوەی کە ئێمە ئێستا هەمانە، (1490)مێگـاوات بـەم شـێوەیە کـە توانـای بەرهـەمهێنانی وێسـتگەکانە، وێسـتگە غازییـەکان لەگـەڵ بەرزبوونـەوەی پلـەی گـەرما لەجـەودا، تەولیـدەکانیان دادەبـەزێت، لەزسـتاندا تەولیـدیان سـەردەکەوێت بـۆ سـەرەوە، لەهاوینـدا کـەم دەبێتەوە، لە سلێمانی وێستگەی غازی توانـای بەرهـەمهێنانی (580)مێگاواتمـان هەیـە بـەپێی بەرنامـە بـۆ مـانگی 6ی 2011، لـە زسـتاندا دەبێتـە (750)مێگـاوات، لـە هـەولێری غـازی(390)، لەزسـتاندا دەبێـتە(750)مێگـاوات، دهـۆکی غـازی(380)مێگـاوات، لـە زسـتاندا دەبێتـە (450)مێگـاوات، باعـەدرێ بەنەوتی ڕەش ئێستا (سفرە)، بەڵام لە زستاندا، بەپێی بەرنامە دەکەوێتە کار، کە (150)مێگاواتە، دوکـانی کارۆئاوی هەروەها دەربەنـدیخانی کارۆئـاوی(70)مێگاواتمـان دانـاوە، دەمانـەوێت لەزسـتاندا (سـفر)مێگـاوات بێت، بەرنامەی پارمان وابوو لە 2010/10/6 وە ئێمە تەواوی تەولیدمان لەو وێستگانەدا دابەزاند، تـەنها چەند مەتر سێجامان لە سانیەیەکدا بەردەدایەوە، لەبەر پرۆژەی ئـاوی سـلێمانی و هـەروەها پـرۆژەی ئـاوی کەرکوك، تەولیدمان بەتەواوەتی ڕاگرت تا بتوانین بگەینەوە ئەو ئاستەی خەزینی پار، بۆیە خۆشبەختانە ئەمڕۆ کەمن لێرەم، ئاستی ئاوی دوکان زیـادی کـردووە بـە زیـاد لـە مـەتر ونیوێـك لـەپار، دەربەنـدیخانیش کەمتر لەمەترێك کەمترین لەپار، ئـەو بەرنامانـەی کـەدامان نـاوە، لـە ئایندەیـەکی نزیکدا دەربەنـدیخانیش دەکەوێتە سەرووی ئاسـتی پـارەوە، کۆی گشـتی کـە بڕیـارە (1490)مێگـاوات ئێمـە لـەمانگی 6 بیـدەین بـە هاووڵاتیان لەزستاندا بتوانین بگەینە(2103)مێگاوات، ئێمە یەکێ لەو ئیشە گرنگانەی کە ئـەنجامامان داوە،

كە ئێمە وەكو ئەندازیاری كارەبامان، من وەكو وەزارەتی كارەبای هەرێم بەڕاستی بەكارێكی زۆر مێژوویی دەزانین، ئەوە بوو توانیمان یەك یەكە لەوێستگەی دەربەندیخان بەجۆرێكی ئیشپێكردن، كە پێی دەڵێن (سینكرۆ كۆندێسەر)ئیش پێ بكەین، كە ئەمە بەڕاستی كاریگەرییەكی زۆر گەورەی كردە سەر ئاستی بەردانەوەی ئاو، هەروەها كاریگەرییەكی گەورەی كردە سەر مەوزوعی چاككردنی ڤۆڵتێی كەلار و كفری ودەربەندیخان وشارەزوور، یەعنی بەدەرەجەیەك، ئێمە خەڵكی كەلار وكفری نەیاندەتوانی سوود لە كارەبا وەربگرن، كۆی بەشداربووانی ئێمە لەوێ ($103$) هەزار بەشداربووە، ئەو ناوچەیە كەلار و كفری و ناوچەی شارەزوور ودەربەندیخان، لەبەر ئەوەی كە ڤۆڵتێ نزم بوو، ڤۆڵتێ هەر كاتێك كە نزم بێت هەموو ئەو ئامێرانەی كەساردكەرەوەن، بەلەف ئیش دەكەن، ناتوانن ئیشی خۆیان بكەن، نە سپلیت ئیش ئەكات نە موبەریدە بەباشی نە سەلاجەو نە موجەمیدە، پرۆژەی ئاو هەبوو، لەو ناوچانە كارەباشمان پێدەدا، نەیاندەتوانی ئاوەكە ئیش پێبكەن، لەبەر ئەوەی كە ڤۆڵتێ نزم بوو، نەی دەتوانی مەزەخەكان ئیش پێ بكەن، بۆیە مۆلیدات دانرابوو لەسەر ئەوێ بۆ ئەوەی كار بكات، ئەم ئیشەی كە ئێمە كردمان، ئەگەر دامەزراندنی سستمێكمان بكردایە بۆ بەرز بوونەوەی ڤۆڵتێ كە پێی دەڵێن، ( كەپەستەر بانك) سێ ملیۆن دۆلاری پێویست بوو بۆ ئەوەی ئێمە بێین ئەم ئیشە بكەین، ئەم ئیشە، ئەم تەسمیمە، لەلایەن یابانیەكانەوە كاتی خۆی دروست كراوە، بەڵام بەداخەوە لەسەردەمی حكومەتی عێراقیدا، كۆمیشنین و تێست بۆ ئەم پرۆژەیە نەكراوە، كە لە كۆتایی ساڵی $80$ كاندا بوو، دوایی ئەم مەوزوعە هەر بەجێ هێشترا، لەبەر ئەوەی كە یەكەمجارە لەهەرێمی كوردستاندا جۆری ئیشپێكردنی بەو شێوەیە ئەنجام دەدرێت، یەكەمجاریشە لە مێژووی وێستگەی دەربەندیخاندا كە ئێمە ماوەی یەك ساڵی ڕێكە خەریكی بووین، كە بە ئەندازیار و تەكنیك كاری خۆمان بەناوخۆ، موتابەعەیەكی بەردەوامی وەزارەتیش چەندین جار محاوەلەو چەندین جار فەشەل، بەڵام خۆشبەختانە لە $5/31$ ئێمە گەشتین بەوە كە ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی كە ئێستا ڤۆڵتێی گەرمیان و دەربەندیخان و شارەزوور، لە ڤۆڵتێی ناو قەزای دوكان باشترە، یەعنی بەدەرەجەیەك كە هێشتا ڤۆڵتێی دوكان بەحوكمی قورسایی سستمەكە هەمووی، لە ڤۆڵتێی كەلار باشترە، باشی ئەم سستمە لەوەدایە كە ئێمە ئاو بەرنادەینەوە، جاران لەبەرخاتری ئەوەی كە ڤۆڵتێی كەلار وكفری چاك بكەین، پێویستیمان پێی هەبوو كە وەحدەی دەربەندیخان ئیش پێبكەین، ئاو بەربدەینەوە هەتاكو ئەوان سوود لەكارەباكە وەربگرن، ئەگەر بێت و جەدوای ئیقتصادی بۆ مەوزوعی سوودەكانی ئەم (سیندۆر كۆندێسەرە)حساب بكەین، لە كەم بوونەوەی ون بوون لە هێڵەكاندا، لەكەمبوونەوەی ون بوون لەتۆڕی دابەشكردنی كارەبادا، لەسوودگەیاندن بەهاووڵاتی، كە سوودێكی بەردەوامی هەیەو سوودەكە ڕاناوەستێت، زیاد لە $10$ ملیۆن دۆلار بۆ ساڵێك تەخمین دەكرێت، لەوەی كە ئێمە سوود لەمە وەربگرین، دەربارەی سێكتەری گواستنەوەی كارەبا، ئێمە وەكو وەزارەتی كارەبا، باسمان كرد لە سەرەتاوە گواستنەوەی كارەبا بریتیە لە دوای بەرهەمهێنان دێت، هێڵەكانی گواستنەوەی($132$)كەیڤی هەروەها هێڵەكانی گواستنەوەی ($33$)كەیڤی، هەروەها وێستگەی ($132$)كەیڤی و وێستگەی ($33$)كەیڤی، ئەو كارەبایەی كە لە وێستگەی تەولید بەرهەم

دەهێنرێت، زۆر بەئاسانی ناتوانـدرێت بگەیەندرێتـە دەسـتی بەشداربووانی کارەبا، لەبـەر ئـەوەی ئـەبێت ڤۆڵتێکەی بەرز بکرێتەوە، ئەمپێرییەکەی کەم بکرێتەوە، تا بتوانین بۆ ناوچە دوورەکان، بـۆ نـاو جەرگـەی شـارەکان بیبـەین، لەبـەر ئـەوە ئەمـە پێداویسـتیەکی حەتمەیـە، ئەمـە لەهـەموو دونیـادا پیـادە دەکرێـت، گواستنەوە بە سێکتەرێکی زۆر گرنگ دادەندرێت، ئێمە یەکێ لەو هەنگاوانەی کەناومانە، بریتی بوو لە زوو پەلەکردن بە ڕەبت کردنی دهۆك بە هـەرێمی کوردسـتان، بـۆ ئـەوەی چیتر ئـەو جیاوازییـە نـەبێت، چیتر ئێمە ئیعتیماد لەسەر نوێ کردنەوەی گرێبەستێك نەکەین، کە لەلایەن بەغدادەوە بکرێت، کە ئایـا دەیکـەن یان نایکەن، بۆیە خۆشبەختانە لە 2011/2/6، ئێمە دهۆکمان ڕەبت کـرد بـە هـەرێمی کوردسـتانەوە، کـە ئەمە بۆ یەکەمین جار بـوو هـەرێمی کوردسـتان بـوو بـەخاوەن تـۆڕێکی سـەربەخۆی خـۆی، لـە ڕۆژی 2/5 کارەبـای دهـۆك چـوار سـەعات بـوو، دوو ڕۆژ دوای ڕەبتەکـە کارەبـای دهـۆك بـوو بـە (11) سـەعات، ئـەو کارەبایەی کە لەتورکیاوە دەهات، لە زاخـۆ و دهـۆك ئێمـە وەرمـان دەگـرت، ئیسـتیفادەمان لـێ دەکـرد وەکـو حسە کە دەهاتە ناو تۆڕی ئێمەوە، کفری و کـەلار ئیسـتیفادەیان لـێ دەکـرد، وەحدەیـەکمان لەدەربەنـدیخان ئیش پێبکردایە دهۆك و زاخۆ ئیستیفادەیان لێ دەکرد، وەکـو یـەك بـۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی دادپەروەرانـە کارەبامان دابەشکردووە، جگە لەوەی کە ئێمە موراجەعەیەکی تەواوی پلانەکەی خۆمان کردۆتـەوە، کـە لـە سـاڵی 2009 بووینــە خــاوەنی ماســتەرپلان، لەلایــەن کۆمپانیایــەکی ڕاوێــژکاری بــەریتانی کــە ئێمــە موراجەعەی ئەو پلانەمان کردۆتەوە، بەپێی ئەو بارودۆخەی کە هاتووەتە پێشەوە بۆ ئێمە، ئێمە چەندین پلان لەوەی پێشوو کەدانراوە، ڕاشمان گەیاندووە بۆ ستاف خۆمـان، هەرکەسـێك پێشـنیاری کـردووە پلانێـك کەچووەتە ئەو حاڵەتەی کە تەسبیت بکرێت و جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئێمە ئێستا گەیشتووینەتە ئـەوەی کـە ئـەم پلانـەی کـە بـاش نـەبێت یـان پێویسـتی بـە گـۆڕین هـەبێت، ئەمـە ئایـەتی قورئـان نیـە، ئـەتوانین دەستکاری بکەین، بۆیە موراجەعەیـەکی تـەواوی پلانەکـەمان کـردەوە، دوو وێسـتگەی زۆر گـەورە کـە بـایی (36)ملیـار دینـار بـوو دانرابـوو، لەناوچـەی سـلێمانی کـە هـیچ جەدوایـەکی ئیقتصـادی گـەورەی نـەبوو، هەستاین بە گواستنەوەی ئـەم وێسـتگانە لـەو شـوێنە بـۆ شـوێنێکی تـر، بـۆ شـوێنێك کـە ئێمـە موعاناتمـان بەدەستیەوەیەتی، بۆ نموونە، وێستگەیەکی (132)کەیڤی دانرابوو لە بازیـان بـۆ کارگـەکانی چیمەنتۆ، کـە (132) بۆ (33)کەیڤی بوو، ئەمە بـایی (21)ملیـار دینـار بـوو، بـەڵام لەکاتێکدا لـەناو جەرگـەی سـلێمانی لەجادەی سالم کە هەموو بە جادەیەکی تجاری و گرنگ حساب دەکرێت، نەتوانرابوو کە کارەبایان بـۆ دابـین بکرێت، هەروەها جادەی (60)مەتری لە سلێمانی بۆیە ئێمە هەستاین بەدیراسەیەکی قوڵ بۆ مەوزوعەکـە، بە گفتوگۆ کردن لەگەڵ ستاف خۆمان، ئەو وێستگەیە کە پێشـتر گرێبەسـتەکەی ئیمـزا کرابـوو، لـەو شـوێنە گواستمانەوە بۆ ناوجەرگەی سلێمانی، لە ڕزگاری کە بە وێستگەی ڕزگـاری نـوێ مەشـهورە، کـە ئەمـە ئێسـتا لەژێر جێبەجێ کردندایە، خۆشبەختانە ئەم وێستگەیە بەتەماین هەمووی بە ئەندەر گراون کێبڵ بیدەین هیچی بەخەتی هەوائی نایدەین، کە جـادەی سـالی سـلێمانی و هـەروەها (60)مەتریەکـەی سـلێمانی بەشـی خوارەوەی، هەمووی تەختیە دەکات، حەتا حسابی ئەوەشمان کردووە، عەرزی بەتاڵ هەیە، دامان نـاوە ئـەوە

لەداهاتوودا ببێتە عیمارەیەك و بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین کارەبا بۆ هەمووان دابین بکەین، لەهەمان کاتدا بۆ پێدانی کارەبا بە کارگەکانی چیمەنتۆ وەکو دەعمێکی حکومەتی هەرێم بۆ کەرتی صناعی، ئێمە بانگمان کردن وتمان ئێمە ئامادەین کە کارەباتان پێ بدەین، بەڵام ئێمە پارەمان نیە، میزانیەمان نیە، کە وێستگە بۆ ئێوە دروست بکەین، بۆیە داوامان لێکردن ئەگەر بێت وخۆمان وێستگەیەك دروست بکەین لە شوێنی ئەو وێستگەیەی کە پێشتر موقەرەڕ بوو دروست بکرێت، بۆیە خۆشبەختانە سێ کۆمپانیایان کە سێ کارگەی چیمەنتۆ دوانیان لەکاردان و یەکێکی تریان لە ژێر جێبەجێ کردندایە، ئامادەییان دەربڕی کە گوژمەی ئەم وێستگەیە بگرنە ئەستۆ، ئێمە تەنها هێڵەکانی گواستنەوەی وزە دەگەیەنینە ئەو شوێنانە، ئێستا لەگفتوگۆداین کارەکەش لەلایەن هەر سێ کۆمپانیاوە قبوڵ کراوە لەسەر ئەستۆی خۆیان ئەم وێستگەیە دروست دەکەن، ئێمە بەوە قازانجێکمان کرد، لێرە کارەبای ناوچەی کارگەی چیمەنتۆ وەکو دەعمێکی کەرتی صناعی دەیدەین، بەڵام وێستگەکە دەبێت عائیدی خۆیان بێت، لەهەمان کاتدا سوودمان لە وێستگەکە وەرگرت بۆ ناوجەرگەی سلێمانی، وێستگەیەکی تر لە سەنگەسەر دانرابوو، کە سەنگەسەر تابعی قەزای پشتدەرە، بەرزترین پێداویستیەکەی (8)مێگاوات بوو، بەڵام لەکاتێکدا قەڵادزە کە بەرزترین پێداویستیەکەی لە (23)مێگاوات و ئۆڤەرلۆد بوو، بۆیە بە گرنگمان زانی کە سەنگەسەر پێویستی بە وێستگەیەکی (33)کەیڤیە، وە قەڵادزە پێویستی بە وێستگەیەکی (132)کەیڤیە، ئێستا ئەویش لەژێر جێبەجێکردندایە، بەو بەرنامەی کە هەمانە لەئەخیری هاوینی 2012 تا پایزی 2012 دەبێت بکەوێتە کار، قەڵادزە موعاناتێکی زۆر گەورەی لەسەر قەزیەی ڤۆڵتیێ هەیە، ئەویش وەکو ناوچەی کەلار و کفری، بەمە کێشەی ڤۆڵتیێ چارەسەر دەبێت، لەبەر ئەوەی ئێستا لە چوارقورنەوە، بە هێڵێکی (33)کەیڤی کارەبا دەچێت بۆ قەڵادزەو سەنگەسەر، بەڵام ئێمە ئەو بەرنامەی کەدامان ناوە، بە (132)کەیڤی دەیبەین کە ڤۆڵتیێ دانابەزێت، بەردەوام لە سێکتەری گواستنەوە بۆ چارەسەرکردنی خاڵە لاوازەکانی سستمی ئێمە، ئێمە لە موراجەعە کردنەوەو لەپلان داناندداین، بۆ ئەوەی کە بتوانین پێ ڕابگەین بۆ ئەوە بتوانین ئیستیعابی ئەم گەشەیەی کارەبا لەهەرێمی کوردستاندا بکەین، وە ئیستیعابی ئەوە بکەین کە تووشی مەشاکیل نەبین ئەو وێستگانەی کە ئێستا هەمانە لە هەرێمی کوردستاندا لە (132)کەیڤیەکان، لە هەولێر (9)وێستگە لە دهۆك(7)وێستگە، لە سلێمانی (12)وێستگە، وێستگەکانی مۆبایل، تەبعەن وێستگەی مۆبایل بریتیە لە وێستگەیەکی موتەنەقیل، کە دەتوانین لەسەر تایە بیگوازینەوە لەشوێنێك بۆ شوێنێکی تر، ئەمە لە هەولێر (12)دانەمان هەیە، لە دهۆك (6) و لە سلێمانیش (7)دانە، وێستگەکانی (33)کەیڤی لە هەولێر (32)دانە، لە دهۆك (24) لە سلێمانیش (34)وێستگە، وێستگەکانی مۆبایلی (33)کەیڤی هەروەکو وتمان وێستگەی موتەنەقیلە، بەس ئەمەیان ڤۆڵتیێکەی جیاوازە، لە هەولێر(5)دانە لە دهۆك (3) لە سلێمانی (4)دانە، ئەو هێڵانەی کە ئێمە هەمانە، کە (132)کەیڤیە لە هەرێمی کوردستان کە ئێستا ئیشی پێدەکەین و کارەبا لەهەرێمدا بەڕێوە دەبات، بریتیە لە (967)کم لە سلێمانیش (890)کم، لە دهۆکیش (410) کم، تەبعەن کێبڵی (132)کەیڤی تائێستا لەهەرێمدا بەکارمان نەهێناوە، لە ئایندەدا، لەگەڵ ئەو شوێنانەی

بەتایبــەتی لــەناو شــارەکاندا کــە چــڕە ئێمــە لەبەرنامەماندایــە، ئێســتا پرۆژەیــەکمان هەیــە لــەژێر جێبەجێکردندایە، لەوێستگەی ئازادییەوە لە گەڕەکی ئازادی لەهەولێر بۆ لای بازاڕی نیشتمان، بە کێبڵ ئێمە ڕایدەکێشین، کە دوو خەتی (132)کەیڤیـە، بەنیسبەت (33)کەیڤیـەکان، وەکو هێڵەکان (424) کم هێڵی هەوائیمان هەیە لە هەولێر (25)کم کێبڵی ژێر زەویشمان هەیە، لە سلێمانی(620)کم بـە (32)کم کێبڵی ژێر زەوی، لە دهۆك (630) کم بە (17)کم کێبڵی ژێر زەوی، ئەو پرۆژانەی کە ئێستا لە وێستگەی (132)کەیڤی ولەژێر جێبەجێکردندان، لەدهۆك یەك وێستگەیە، لە هەولێر سێ وێستگەیە، لـە سلێمانیش ســێ وێســتگەیە، بەنیســبەت پرۆژەکــانی(33)کــەیڤی، لــە ســلێمانی(7)دانــە، لــە دهــۆك(3)، لەهــەولێر (33)کـەیڤیمان نیـە، وەکـو پـرۆژەی جێبـەجێکراو، پلانـی 2011 لـەبواری وێسـتگەکانی (132)کـەیڤی بەرنامــەمان وایــە لــە هــەولێر (10) وێســتگە دروســت بکــەین، لــە دهــۆك(7) وێســتگە، لەســلێمانیش (15)وێستگە، کەخۆشبەختانە لە بودجەی ئەمساڵ کـە بۆمـان دابـین کـراوە، مەرحەلـەی تەنـدەر هـەمووی تەواو کراوە، هەندێکیمان ئیعلان کردووە، هەندێکیشی لەئایندەیەکی نزیکدا لەماوەی 2 هەفتەی داهاتوودا ئیعلانی دەکەین، پلانی ساڵی 2011 مان بۆ وێستگەکانی(33)کەیڤی لە هەولێر (6)وێستگە، لە دهۆك(2)، لەسلێمانیش (4)، ئـەو چـالاکیانەی کـە وەزارەتـی کارەبـا ئـەنجامی داوە، لـەبواری گواسـتنەوە، لـە هـەولێر (5)پڕۆژەمان هەبووە، کە ڕۆژهەڵاتی هەولێر، وەکو (132)کـەیڤی ودارەتـوو، قوشـتەپە، گردەچاڵ، بـارزان وەکو (33)کەیڤی، وێستگەیەکی ئەمە بریتیە لە چارەسەکردنی کێشەی چەند ساڵەی نـەبوونی کارەبـا، بـۆ نموونە لە ناوچەیەکی وەکو قوشتەپە، وەکو گردەچاڵ، وەکو بارزان، وەکو دارەتوو، کە بەردەوام ئێمە نەمان دەتوانی کارەبای فیدەرەکان بدەین، ئەگەر کارەبـای هـەموو عێراقیشـیان بهێنایـە بـۆ ئێمـە، نـەمان دەتـوانی ســوود بــەو ناوچــانە بگەیــەنین، لەبــەر ئــەوەی موشــکیلەی تــەحویلی ڤۆڵتێمــان هــەبوو، لــە ســلێمانی (10)پرۆژەمان هەیە، فراوانکردن (5)پرۆژە، لەکەلار وێستگەیەکی(132)کەیڤی فراوانکـراوە، لـە ئەزمـەڕ، لە چەمچەماڵ، لە چوارقوڕنە، لە سەید صادق، لە بنیادنانیش وەکو وێستگەی تـازەش، وێسـتگەی (شـەهید حمە سەعید) لە هەڵەبجەی شەهید، شۆڕش لە( گردی جۆگە)، خورماڵ، لە دهـۆکیش (4)پرۆژەمـان هەیـە، دهۆکی سێ لۆمانە، جین لەگەڵ دینارتا، ئێمە بەنیسبەت گواستنەوەی وزەی کارەبا، جگـە لـەوەی کـە ڕەبـتی دهۆکمـان لەگـەڵ سیسـتمی کارەبـای هـەرێم ئەنجامـدا، خۆشـبەختانە دوو ناوچـەی زۆر گـرنگ لـە ناوچـەی دهۆك، کە کارەباکەیان لەسەر کارەبای موصڵ بوو، موعاناتێکی زۆریان هەبوو، کـە ئـەویش مۆبـایلی ئاشـکە، لە ناوچەی چرەو کەڵەکچی، هەروەها ناوچـەی قـەزای شـێخان ودەورووبـەری، کەنزیکـەی 40 تـا 50 گونـد بـوون، ئێمـە ئەوانـەمان هێنایـەوە سـەر هـەرێمی کوردسـتان، یـەعنی بەدەرەجەیـەك لـە 4 سـەعات کارەبـا لەشـێخان ودەوروبـەری، لەگـەڵ ڕەبتەکـەی کـە ئێمـە کردمـان کارەبـا بـوو بـە 18 سـەعات، وەکـو تـەواوی ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان، دەربارەی سێکتەری ڤورس لەوەزارەتی کارەبا، کە بریتیە لە سێکتەری دابەشـکردنی کارەبـا، ئەوەیـە کـە کۆنتـاکی ڕاسـتەوخۆی لەگـەڵ هاووڵاتیـان هەیـە، ئـەو فیدەرانـەی ئێمـە دابەشـبوون لـە وێسـتگەکانەوە دەردەچـن، جـا وێسـتگەکە (132)بێـت یـان (33)کـەیڤی بێـت، دابەشـبوون

بەسەر گەڕەكەكانـدا، بەسـەر ناوچـەكاندا كـە كارەبـای لێـوە وەردەگیرێـت، كـە محەویلـەكانیش لەسـەر ئـەو خەتانە بەستراون، لە هەولێر(321) فیدەر لەتەواوی پارێزگا هەیـە، لـەدهۆك(241)فیـدەر، لـە سـلێمانیش (349)فیدەرمان هەیە، كۆی گشتی (911)فیـدەر لەهـەرێمی كوردسـتاندا هەیـە، كـە پێویسـتی بـەوە هەیـە بەردەوام مەوزوعی صیانەو تەشغیل وموتابەعەو محەویلە لەسـەر ئەمانەیـە كـە كـارێكی قورسـی وەزارەتـی كارەبایە، بەردەوام دەبێت ئاگای لێبێت، وەكو محەویلەی بەشداربووانی كارەبا، لە هـەولێر(9476)محەویلـە لەتەواوی پارێزگای هەولێر هەیە، لەدهۆك(4910)هەیە، لە سلێمانیش(8252)هەیـە، هاوبەشـانی كارەبـا، بەهەمەموو جۆرەكانیـان لـەمالان، لـە بازرگـانی، لـە حكـومی، لـە پیشەسـازی، لـە كشـتوكاڵی، بـەم شـێوەیە لـە هەولێر(301275)بەشداربوو هەیە، لـە دهـۆك(185213) هەیـە، لـە سـلێمانیش(394508)هەیـە، كـۆی بەشداربووانمان (880996)بەشداربووی كارەبا هەیە، كە پێشبینی دەكەین، لە كۆتایی ساڵی 2011 ئێمـە بگەینە (1)ملیۆن بەشداربوو، ئەگەر تێبـینی بكـەین ئـەم وێنەیـە نیشـانی دەدات، ڕێـژەی بەشـداربووان لـە هەرێمی كوردستاندا بـەردەوام لـە بەرزبوونەوەدایـە، لـە (551795) كـە لەسـاڵی 2007 تۆمارمـانكردووە، ئێستا گەیشتووینەتە(880996) كە بەوازحی لە وێنەكەدا دیارە، دەربارەی نرخ، كە ئـەو كارەبایـەی ئێمـە هەمانە، تەبعـەن حكومـەت دەعمـی كارەبـا دەكـات بـۆ هاووڵاتیـان، بـۆ ئـەو كارەبـای كـە دەیفرۆشـێتەوە بـە بەشداربووانی، ئەم دەعمە، بۆ ئەو سستمەی پێشووی عێراق كە لەسەری ڕۆشتووین، ئێمەش درێژە پێدەری ئەو سستمەی پێشووی عێراقین، ئەم سستمە لە وڵاتە پێشكەوتووەكاندا نیـە، ئـەم سستمە ئەگـەر بتـەوێت گەشە بە بواری پێشكەوتن بدەیت لەهەموو سێكتەرەكاندا، بەم شێوەیە تۆ ناتوانیت، قورساییەكی وا گـەورە دەكەوێتە سەرشانی حكومەت كەحكومەت لە بنی دەرناچێت، كـە پێویسـتی بـەوە هەیـە پـارەی زۆر گـەورە هایل دابندرێت، هەر وەختێك نرخی كارەبا هـەرزان بـوو، خـەڵكی ئامـادە نیـە و ناترسـێت گڵۆپـە زیادەكـان بكوژێنێتەوە هەمووتان سەردانی دەرەوەی وڵاتتان كردووە، هیچ وڵاتێك نیە، بەو كراوەیەی كە ئێمە كارەبا بەكاردێنین، ئەوانیش بەكاری بهێنن، دەچێتە هەر شوێنێك یان بۆ خۆی دایۆدێكی رونـاكی بـۆ دانـراوە، كـە جسمێكی موتەحـەرِكی بـینی كارەباكـە هەڵدەبێت، كـە كـەس نـەما كارەباكـە دەكوژێتـەوە، یـان بـەجۆرێك تەرتیب كراوە، لەوەی كە هیچ كەسێك ئامادە نیە، تەواوی گڵۆپەكانی ماڵەكەی خۆی دابگرسێنێت، من خۆم تەعقیبی گەڕەكێكم كـردووە لـەدوورەوە، خانوویـەكم بەنیشـانە وەرگرتـووە، لـەوەی كەجـەدوەلی مۆلیـدەی هـەبووە لـەو كاتـەدا، توانیوومـە 4 گڵـۆپ، 5 گڵـۆپ مـن لـەو ماڵـە لـەدوورەوە بـژمێرم، كەچـاوم لـەخودی گڵۆپـەكان بـووە، دوای چـارەكێك كـەكارەبای ڕەئیسـی هاتووەتـەوە، بینیوومـە زیـاد لـە 23 گڵـۆپ مـن خـۆم لەدوورەوە بێ ئەوەی كەمن نزیك ببمەوە لەو شوێنە، ژماردوومە، ئەمە كاریگەرییەكی زۆر گـەورەی هەیـە، كـە حكومـەتی هـەرێم دەبێـت بـیر لـەوە بكەینـەوە، تاكـەی ئێمـە پـارە بـدەین بـە زیـادە سـەرفی وە هـیچ وەختێكیش ئێمە ناتوانین لە ڕێگەی ئیعلامەوە، لەرێگای ئاگاداركردنەوەی خەڵكەوە بڵێین ئـەی خەڵكینـە، تخوا پیاوی چاك بن كارەبـا زۆر سـەرف مەكـەن، دەبێت سیسـتمێك دروسـت بكرێـت، سسـتمێك دابمـەزرێت وەكو تەواوی وڵاتانی دونیا، كە خەڵكی لەبەر خۆی دەست بەكارەباوە بگرێت، ئەگەر مۆبایل مەفتوح بوایە،

بەم شێوەیە مۆبایل بەکار نەدەهات، بەڵام ئێستا مۆبایل هەمووکەس بەپێی ڕەسیدی یەکەکانی قسە دەکات، یەکێك تاجرە کارتەکەی عەدەدێکە، یەکێك مامۆستایە، یەکێك دەخلێکی دیاریکراوی هەیە، بەپێی ئەو داهاتەی کە هەیەتی قسە دەکات، یەعنی شەرت نیە یەکێك کەدەخلی کەمە 300 هەزاری هەیە، بڵێ تۆ قەیناکە بەقەد کابرایەك قسە بکە، کە 2 ملیۆن مەعاشی هەیە، هەموو کەس خۆی ڕێکخستووە، بەبێ ئەوەی کەسیش داوایان لێبکات، ئەوان خۆیان، خۆیان ڕێکخستووە، هەروەختێکیش تۆ سەنتت نەما، بەهیچ جۆرێك تۆ ناتوانیت یەك دەقەش قسە بکەیت، جا لەبەر ئەوە ئێمە لەسەر ئەوە خەریکین وەکو وەزارەتی کارەبا، سستمێکی ئاوا دابمەزرێنین، سستمێك کە هەموو ئەم شتانەمان بۆ کۆنترۆڵ بکات، ئەمە نرخەکانە کە لەوڵاتانی دەوروبەر وچەند وڵاتێك بەنموونە هێناومانە، تێبینی دەکەین لە ئوردن، لە مستەوایەکی بەرزدایە، کوردستان ڕەنگە شینەکەمان داناوە، عێراق سەوزەکەیە، ئەمە شێوەی ئەو نرخانەیە بە سەنت کە لەوڵاتاندا هەیە، تێبینی دەکەین لەهەموویاندا بەرزتر ئەڵمانیایە، کە 24 سەنتە، یەعنی لەهیچ وڵاتێکدا کارەبا پێویستی بەوە نیە، دەعم لە حکومەتەوە وەربگرێت، بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکەی بەخەڵکی بگەیەنێت، کارەبا هەمووی شەریکاتە، بە تەولیدو بە تەوزیع و بە بەڕێوەبردنیشەوە، قازانجیش دەکات، خزمەتگوزاریشی بەردەوامە، ئەگەر تێبینی بکەین بەم شێوەیە، نەك بەو شێوەی کە هەمانە، ئێستا تێبینیمان کرد لەوە کە عێراق کەمترینە، ئێمەش هەمووومان وەزعی عێراق باش دەبینین، ئەمەی پێشوو بۆ (750)ك وات بوو، کە ئێمە دیاریمان کردووە وەکو وەزارەتی کارەبا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا لەهەرێمی کوردستاندا، وەکو چارەسەرکردنی کێشەی بنەڕەتی کە پێویستیمان بەوە هەیە موراجەعەیەکی ئەمانە بکەین، ئەو سێکتەرانەی کە ئێمە هەمانە پێویستی بە دەعمە، وەکو دەعمی پیشەسازی، کشتوکاڵی، گەشتیاری، ئەمانە هەمووی کاری لەسەر دەکەین، ئێمە ئێستا لەموراجەعە کردنەوەی نرخەکانی کارەبادایین، ئێمە نامانەوێت نرخی کارەبا لەسەر هاووڵاتیانمان زیاد بکەین، لە 50٪ بۆ 60٪ی هاووڵاتیانی ئێمە کارەبا بەکاردێنن لە سنووری (750)ك وات لە مانگێکدا، بۆیە پرۆژەیەکمان پێشنیار کردووە، خۆشبەختانە لە ئەنجومەنی وەزیران موافەقەتی لەسەر کراوە، هەروەها لەگەڵ لیژنەی پیشەسازی و وزە، ئێمە باسی ئەو پرۆژەیەمان کردووە، کە لیژنەش قبوڵیەتی، ئێمە خەریکی زەمینە سازین بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە، ئەویش بریتیە لەوەی کە (750) ك وات، بۆ ئەو ماڵانەی کەخاوەن دەخلی دیاریکراون، یان بڵێین بۆ هەموو هەرێمی کوردستان بۆ ماڵەکان لەهەموو ئەو پێداویستیانەی کەهەیە، لە سەلاجە، موجەمیدە، گسکی کارەبایی، ئوتو، غەسالە، پانکە، موبەڕیدە، ئەمانەمان هەمووی داناوە، بەڵام دوو شتی زۆر قورسمان دانەناوە، کەبریتیە لە بۆیلەر و سپلیت، وتوومانە ئەگەر هاتو هەر ماڵێك لە سنووری(750)ك وات کارەبای سەرف کرد، با حکومەتی هەرێم (10) هەزار بۆ (15) هەزاری لێ بسەنێت زیاتر نا، بەڵام ئەوانەی کە ئەجهیزەیان زۆرە، ئەوانەی کە دەوڵەمەندن، ئەوانەی کەئامێریان زۆرە دیارە کە دەخلیان زۆرە، با ئەوانە پارەی کارەبا بدەن، لە گەڕەکێکدا کە محەویلەیەك ئۆڤەر لۆد دەبێت، ئەگەر (50)ماڵی لەسەر بێت، (10)ماڵ ببنە هۆی ئەوەی کە محەویلەکە

ئۆڤەر لۆد ببێت، (40)ماڵەکەی تریش مەحروم بن، بەڕاستی ئەمە بەم شێوەیە نابێت، (40)ماڵەکەی تر ئەڵێن ئێمە تاوانمان چیە؟، لەوەی کە ئەمە خوا داوێتی پێی (20) سپلیتی پێکردووە، بەڵام محەویلەکەی من دەسووتێنێت، یەعنی ئەمە موعاناتێکە ئێمە بەڕاستی بەجدی ئیشی لەسەر دەکەین، چونکە ئەگەر وا بڕوات ئێمە ناتوانین بەشێوەیەکی ڕێکوپێك، بەشێوەیەك کە مەتڵوبە لێمان خزمەتگوزارییەکانمان بگەیەنین بە هاووڵاتیان، بۆیە ئەگەر کەسێك ئیمکانیەتی باشە، فەرموو ئەوە کارەبا، چەندت دەوێت بەسەرچاو بەکاری بهێنە، بەڵام پارەمان بدەرێ، ئەوەشی کە ماڵێکی ئاساییە، با (10) هەزار تا (15) هەزار دینار پارە بدات، وابزانم $10 - 15$ هەزار دینار پارەیەکە کە زۆر نیە لەم کاتەدا بۆ کارەبای مانگێك، بۆ ئەو شتانەی کە باسمان کرد بەکاری بهێنێت، ئێمە تێبینیمان کردووە، لە قەزایەك ئەو ڕۆژەی کە عەدادەکان دەچن پارەی کارەبا کۆدەکەنەوە، بۆ ئەم نرخەی کە ئێستا هەمانە، کە نرخێکی بەڕاستی کەمە وەکو دەیبینن لەچاو وڵاتانی تر، لە 20٪ی لۆدی ئەو پاریزگایە بۆ ڕۆژی دواتر دائەبەزێت، یەعنی خەڵك، هاووڵاتی هەست بەوە دەکات، ئەگەر هاتوو بەپارە بێت ئەویش خۆی زەبت دەکات، بەڵام ئەگەر زانی لێپرسینەوە نیە، ئەوکاتە تۆ بیکەی یان نەیکەی چ گرنگیەکی تێدایە؟، بە نیسبەت (2000) ك وات، ئەوە لەمانگێك بۆ جۆری ماڵانە ئەمەی کە دەیبینن، ئەو وڵاتانە وڵاتێکی وەکو سعودیە، کە دەعمی زۆرەو ئیمکانیەتی زۆرە، ئەوە زۆر مەدعومە بەڕاستی، بەڵام ئەو وڵاتانەی کە لەدەرەوەن و سەرچاوەی نەوتیان نیە، ئەوان زیاتر مەدعومن، بۆ جۆری بازرگانی ئەمەیە کە بەم شێوەی دەیبینن، لە لوبنان یەکەم، دوایی سوریا دوایش مصر، کوردستان، عێراق، ئیمارات، سعودیە، لیبیا، قەتەر، ئەمە وەکو بەراوردێك لەوەی کە دەیبینن، بەنیسبەت بۆ (5000)ك وات، کاتژمێر بۆ دەعمی صناعی بەم شێوەیەیە، کە کوردستان لە ئاستێکی باشدایە، بەڵام هێشتا پێویستیمان بە موراجەعە کردنەوە هەیە، بۆ ئەوەی دەعمی صناعی بچووك بکەین، ئێستا ئێمە دەعمی صناعی گەورەمان کردووە، بەڵام پێویستیمان بەوەش هەیە کە دەعمی صناعی بچووکیش بکەین، نرخەکان کە ئێستا لە 2009/1/1 لە وەزارەتی کارەبای هەرێم دەرچووە بەموافەقەی ئەنجومەنی وەزیران، لەو کاتەوە پیادە دەکرێت، ئێستا لە هەرێم بەم شێوەیەیە، تا (450)ك وات ئەوەر بە (15) دینارە(900)ك وات ئەوەر بە (20)دینارە، تا (1500) (30) دینارە، بۆ (2100) بە (60) دینارە، بۆ (3000) ك وات ئەوەر بە (750) دینارە، بۆ (5000) (150) دینارە، بۆ (5000) بۆ سەرەوە هەرچەند بێت، (200) دینارە، ئەمە بەسەنت، هەروەها بۆ بازرگانی بەم شێوەیەیە کە دەیبینن، بە تەساعودی دانراوە، هەر وەختێك هاووڵاتیەك کەمی بەکارهێنا، پارەی کەمی بۆ دێتەوە، لەگەڵ زیاد بوونی ئەوە پارەکەی زیاد دەبێت، لەوڵاتیش هەیە، سستمەکەی یەك نرخە، هەرچەند بەکار بهێنیت هەر ئەوەیە، مەسەلەن بۆ نموونە لە ئەڵمانیا، (24) سەنتە، چەند بەکار دێنی بەکاری بهێنە، بۆ جۆری میری و کشتوکاڵ، ئەوە (60)دینار بە شێوەیەکی سابت دانراوە، هەروەها بۆ کشتوکاڵی(30)دینار، ئێمە بۆ دەعمی صناعی هەتا ڤۆڵتیەکان جیاواز بوون، کە مەسرەف دەکرێتە سەر کۆمپانیاکە نرخەکانمان داگرتووە، دەبینن لە ڤۆڵتێیەك (400) ڤۆڵت کە وەکو ماڵان، ئەگەر یەکێك کارگەیەکی هەبێت، کارەبا وەردەگرێت

نرخەکەی بەرزە، لەبەر ئەوەی تێچووی محەویلەی (11) کەیفیەکەو صیانەو تەشغیل وهەمووی عائیدی ئێمەیە، لە (11) کەیفی کە محەویلەکە عائیدی خۆیەتی، نرخەکەی کەمێك لەوە دابەزیوە بووە بە (50) دینار، لە (33) کەیفی کە گوژمەیەکی گەورەتر و کۆمپانیاکە ئەرکی زیاتری دەکەوێت سەر، (30) دینارە، لە (132) وەکو ئەوەی کە باسم کرد، کە سێ کارگەی چیمەنتۆ دەبێت (20) ملیۆن دۆلار بدەن بۆ ئەوەی ئێمە کارەبایان پێ بدەین، کارەباکە بە (20) دینارە، لەو چالاکیانەی کە وەزارەتی کارەبا بەردەوام هەیەتی، بریتیە لەڕووناکردنەوەی تەواوی هەرێمی کوردستان، گەیاندنی کارەبا بۆ تەواوی گوندەکان، خۆشبەختانە کارێکی زۆر کراوە، بەهۆی ئەو بودجەیەی کە حکومەت دیاری کردووە بۆ وەزارەتی کارەبا، هەروەها بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، کە هاوکارییەکی باشی وەزارەتی کارەبایان کردووە، (990)گوند، لە هەولێر کارەبای گەیشتووەتێ، تەنها (286)گوند ماوە، لە سلێمانی (1177)گوند کارەبای گەیشتووەتێ، (750)گوند ماوە، لە دهۆك (751)کارەبای گەیشتووەتێ، تەنها (66)گوند ماوە، تەبعەن مەوزوعی گوندەکان کاریگەرییەکی زۆری لەسەری بودجەی هەرێمی کوردستان لەسەر وەزارەتی کارەبا هەیە، ئێمە بەپێی ئامار وبەپێی ناوی گوند و بەپێی ناحیەکان، گوندەکان بەو شێوەیەن، تێبینی دەکەین گوندەکە داوای کارەبا دەکەن، ناحیەیە یان قائیم مەقامیەتە، کە لیژنەکانمان دەچن بۆ ئەوێ سەیر دەکەین هیچ ماڵی تێدا نیە، هەر حەز دەکات لەوەی کە لەساڵێکدا جارێك ڕۆشتەوە بۆ گوندەکەی کارەباکەی هەبێت، بەس ئەمە، حەزە، بۆ ئێمە زۆر زۆر قورس دەکەوێت، بۆیە ئێمە ئەو دەسەڵاتانەمان دابەزاندووە بۆ خوارەوە، وتوومانە دەبێت ڕیزبەندی بکرێت بۆ گەیاندنی کارەبا بۆ ئەو شوێنانە، پارەیەك کە حکومەتی هەرێم بۆ ئێمەی دیاریکردووە، ئەگەر بریتی بێت لە (100) دۆلار، ئەبێت زۆرترین کەس لەم (100)دۆلارە موستەفید بێت، نەك کەمترین کەس، ڕاستە لەوە ئەچێت، ئەگەر تێبنی بکەین موخالەفات ڕوویداوە، من بۆ خۆم پێی ڕازی نیم، پێشان ئەمە ئەنجامدراوە، لەشوێنێك کەخەڵکێکی کەم لێی سوودمەندە، بەڵام لە شوێنێکی تر خەڵکێکی زۆر لێی سوودمەند دەبوو، بەڵام بۆ ئەو شوێنە کارەبا درەنگ کەشتووەتە ئەوێ یان بۆیان نەبردووە، ئەمە ئێمە وەکو وەزارەتی کارەبا بەرنامەمانە، بەهەمووو ئەمانەدا چووینەوە، کە پێویستە ئەو پارەیە بەشێوەیەك سەرف بکرێت، کە زۆرترین کەس لێی سوودمەند بێت، دەربارەی سێکتەری کۆنترۆڵ و گەیاندنی وزەی کارەبا، کە بریتیە لە ئیدارەکردنی سستەمەکە، ئەو سێ سێکتەرەی تر کەباسمان کرد، هەر یەکەیان پەیوەندی لەگەڵ ئەوی تر هەیە، کە بەرهەم و گواستنەوەو دابەشکردن، سێکتەرێك هەیە لەوێ کە پەیوەندی هەر سێکیان کۆ دەکاتەوە، وەکو چۆن لە ئینساندا مێشك تەوجیهاتەکانی دەدات، بەشێکە لە لەشەکە، کۆنترۆڵیش بەو شێوەیەیە ئیدارەی سستەمەکە دەکات، ئێمە خۆشبەختانە کارێکی زۆر گەورەمان ئەنجامداوە، کە شانازی پێوە دەکەین، ئەویش بریتی بوو لە نەهێشتنی کوژانەوە گشتیەکان، کوژانەوەی گشتی لەهەرێمی کوردستاندا کە ڕوویدەدا، بریتی بوو لە کوژانەوەی یەکپارچەیی کارەبا لەهەموو هەرێمی کوردستاندا، یەعنی هیچ کەسێك لەهەرێم لەو کاتەدا کە بەیەکەوە دەکوژایەوە کارەبای نەدەبوو، جا ئەوە خەستەخانە بووایە، پرۆژەی ئاو بێت، ترافیك لایت بێت، فندقێك

بێت، ماڵێك بێت، حكومەت بێت، یان هەر شتێكی تر بێت، ئەمە كاریگەرییەكی زۆر گەورەی هەیە لەسەر مەوزوعی ئامێرەكانی وێستگەكانی ئێمە لەوێستگەكان، بەنیسبەت ئەو مێگاواتە كەمەی كە ئێمە پێشتر هەمانبوو، ئێمە كوژانەوەی گشتی، ئەگەر تەشبیهی بكەین وەكو جەڵتە وایە كە لە ئینسان دەدات، جەڵتە كە لە ئینسانیدا، تەواو هەموو حەرەكاتی ڕادەوەستێنێت، ئەویش بەو شێوەیەیە، كاریگەری جەڵتە لەسەر ئینسان چۆنە، كاریگەری كوژانەوەی گشتی لەسەر سستمی كارەبا بەو شێوەیەیە، بۆیە ئێمە لەمانگی 2009/12 كە لە 12/2 من سوێندی یاساییم خوارد، تەنها لەو مانگەدا (15)كوژانەوەی گشتی ڕوویدابوو، جەژنی قوربان بۆ ماوەی 12 كاتژمێر كارەبا لە سەرتاسەری هەرێم نەبوو، لەبەر كوژانەوەی گشتی، ئەم كوژانەوە گشتیانە كاریگەرییەكی زۆر خراپیان هەبوو، بۆ ئەو كاتە بۆ ئەو بڕە تەولیدەی كە هەبووە، ئێمە تەشبیهی دەكەین كوژانەوەی گشتی لەو كاتەدا بۆ ئەو بڕە مێگاواتە، وەكو ئەوە وایە جەڵتە لە كەسێكی پیر بدات، كە جەڵتە لە كەسێكی پیر بدات بە پێی پێوەری عیلمی كاریگەرییەكەی كەمترە لەوەی كە جەڵتە لە گەنجێك بدات، لەگەنج ئیحتمالی كوشتنی زۆرترە، بەڵام لە پیردا ئیحتیمالی كوشتنی نیە، لەبەر ئەوە مێگاوات كە زۆر بوو، ئەگەر كوژانەوەی گشتی تێیدا ڕوویدا، بزەبت وەكو ئەوە وایە كە جەڵتە لە گەنجێك بدات، لەبەر ئەم قورسایی و كاریگەرییە لەسەر سستمی كارەبای هەرێم ئێمە دەستمان كرد بە دیراسەت كردن و حەلكردنی ئەوە، لە مقابلی هەر كوژانەوەیەكی گشتی، وەزارەتی كارەبا ئێمە پارەمان دەدا بە كۆمپانیای (ماس گلۆبەڵ) لەبەر ئەوەی كە عەقدەكەمان وایە دەبێت كارەباكە بە بەردەوامی وەربگرین، ئەگەر ئێمە موسەبیب بووین لەوەی كە كارەبامان وەرنەگرت، دەبێت ئێمە قەرەبووەكەی بدەین، جگە لەوەی كە هاووڵاتی كارەبای نەدەبوو، جگە لەوەی كە مەنزومەكەمان تووشی عەزیەت و ئازار دەبوو، لەهەمان كاتیشدا دەبوو قەرەبوو بدەین، بەس قەرەبووی جەژنی قوربانی ساڵی 2009، بریتی بوو لە (230)هەزار دۆلار، لەجەژندا موناسەبەیە، بەڵام لەكاتێكدا خەڵك پێویستی بەكارەبا هەیە، كارەباشمان نیە، دەبێت قەرەبووش بدەین، بەڵام خۆشبەختانە ئێمە دیراسەمان كرد، لە خیلالی (20)ڕۆژ، ئەسبابی شەت داونەكەی جەژنمان دەرهێنا كە شەت داونەكە هیچ پەیوەندی بە مەنزومەی كارەبای هەرێمەوە نەبوو، بۆیە ئەو بڕە پارەیەمان نەدا، چونكە ئیتیفاقەكە وادەبێت كە ئیمە موسەبیب بین، نەك ئەو، دەربارەی بودجەی وەزارەتی كارەبا، ئەو پارانەی كەسەرف كراوە بۆ بودجەی پلان، بەپێی ئەو ساڵانەی كەهەیە، لە ساڵی 2006 كە حكومەتی هەرێم لە مانگی 5 لە 5/7 ئیعلان كرا، ئەو بودجەی كە پێشتر هەبوو لەئیدارەی سلێمانی وئیدارەی هەولێر، بەردەوامی پێدرا، ئەو بودجەیە بۆیە تێبینی دەكرێت كە پارەیەكی كەم بووە لە كارەبا سەرفكراوە، كە (163)ملیار بووە، لە ساڵی 2007 بەرزبووەتەوە بۆ (396)ملیار، لە ساڵی 2008 (277)ملیار، لە ساڵی 2009(662)ملیار، لە 2010(754)ملیار، لە 2011ش ئەو بڕەی كە بۆمان دانراوە تەبعەن ئەمەی كە دەیبینن، ئەمە سەرفكراوی فیعلیە، كە بریتیە لە پرۆژەی بەردەوام، هەروەها پرۆژەی پێشنیاركراوی ئەو ساڵانە كەئەمە مەوزوعێكی حەقیقیە، مەوزوعی بودجەی ئاسایی، لە ساڵی 2006(96)ملیار دوایی(141)ملیار، 2008 بەرزبووەتەوە بۆ (366)ملیار،

2009 (406) ملیار، 2010 (475)ملیار، بۆ ساڵی 2011ئەو بودجەی کە بۆ ئێمە دیاریکراوە جگە لەدابین کردنی سووتەمەنی،چونکە دابین کردنی سووتەمەنی، من لەگەڵ دەستبەکاربوونم ئەو موهیمەیە بەپێویستم زانی کە بسپێردرێت بەوەزارەتی سامانە سروشتیەکان، کەئەوان مەعنین بەمەوزوعی سووتەمەنی، ئێمە تەنها بڕەکانی لیتر دیاری دەکەین، بۆ ئەوەی کە بۆمان دابین بکەن، بەڵام باقیەکەی وەکو ئیختیصاص، ئیختصاصی ئەوانە، بۆیە ئەوی تێدا نیە، کڕینی کارەبا (640)ملیار، مووچەی کارمەندان(244) باقیەکەی تریشی بەو شێوەیە کەدەیبینن، داهاتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بەو نرخانەی کە ئێمە کۆمانکردۆتەوە لەساڵی 2007 (18)ملیار و (949)ملیۆن بووە، ساڵی 2008(37)ملیار بووە، لە ساڵی 2009(60)ملیار بووە، لە ساڵی 2010(115)ملیار بووە، موخەمەنی ساڵی 2011مان بریتیە لە (151)ملیار، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی کارەبای هەرێمە، ئێستا ئێمە وەزعمان لەباشیدایە، ئەگەر کێرڤی وەزارەتی کارەبا تەماشا بکەین وەکو ئەو داتا مێژووییانەی کە خوێندمەوە، تێبینی دەکەین کە ئێمە گەیشتووینەتە قۆناغێکی زۆر زۆر باش، ئەم قۆناغە ئێمە لە ساڵی 2006وە کە حکومەتی هەرێم و یەکەم وەزارەتی کارەبا تەشکیل بوو، کاری لەسەر کردووە، ئەم بەرنامانەی کەدانراون بەردەوام دەبین لەسەری، ئێمە سوپاس بۆ خوا کەتوانیوومانە، بگەین بەم قۆناغەی ئەمڕۆمان، کەزۆر جیاوازین لە (15)پارێزگاکەی تر، ئەگەر تێبینی ئەو پارانە بکەین کە لەحکومەتی عێراقی بۆ وەزارەتی کارەبا سەرفکراوە، پێنج قاتی ئەوپارانەیە کە بۆ وەزارەتی کارەبای هەرێم لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە سەرفکراوە، بەڵام نەتیجەکەی دیارە، لەوەی کە ئێمە لەئاستێکداین کارەبا لەمانگی شەشدا لەم هاوینەدا بتوانین (20)سەعات بۆ سەرەوە بدەین، بەڵام ئەوان ناتوانن (4 – 5) سەعات کارەبا بدەن، ئەو پلانەی کەحکومەتی هەرێم کاری لەسەر کردووە، پلانێکی سەرکەوتوو بووە، ئەو گرێبەستەی کە کراوە، من حەز دەکەم لێرەوە بۆ جەنابتانی ڕوون بکەمەوە، هیچ گرفتێکی تێدا نیە، دروستکردنی وێستگە لەدونیادا بەم شێوەیەیە، شێوەیەك هەیە کە پێی دەڵێن (B.O.O)ئەم (B.O.O)یانە بریتیە لە بنیادنان و ئیش پێکردن وخاوەندارێتی، کە کۆمپانیایەك هەڵدەستێت بەم دروست کردنە، خۆی مەسئولە لە صیانەو لە تەشغیل ولە هەموو شتێك، لە دامەزراندنی وێستگەکەش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کارەبا دەفرۆشێت، فرۆشتنی کارەبا بەدوو شێوەیە، لەوە زیاتری نیە، شێوەیەك یان دەبێت زەمانەت بدرێت لەلایەن حکومەت یان جیهەتێکەوە، کە ئەم کارەبایەی لێ دەکڕێت، چونکە هیچ کۆمپانیایەك لە جیهاندا ئامادە نیە، (500)ملیۆن دۆلار بکات بە مەشروعێك لێرە خۆی بخاتە ژێر دەستی کەسێك کە ئایا دەیەوێت یان نایەوێت؟، لەبەر ئەوە هەموو کۆمپانیاکان لەدونیادا پێویستیان بەوە هەیە کەزەمانەت بدرێن، بۆ ئەوەی کە کارەباکەیان لێ بکڕدرێت، ئەم شێوەیە بەس لێرە نیە، ئێستا لە ئێرانیش پیادە دەکرێت، لە تورکیاش لەسەردەمی ڕەحمەتی (تۆرگۆت ئۆزالەوە) پیادە دەکرێت، کارەبای تورکیا لە ساڵی 1980 کانەوە (4 – 5) سەعات کارەبا هەبووە، لە 24 سەعاتدا، بەڵام لەدوای ئەوەی کەبڕیار درا، بەم شێوەی کەئێمە کردمان ئەوانیش کردبوویان، بۆیە توانیان گەشەی ئابووری لەتورکیا بەرەو بەرزبوونەوە بێت، بەجۆرێك کە شتە

ئەوەی تورکیا، ئەو تورکیایەیە کە ئێستا دەیبینین، ئەگەر هاتو زەمانەت نەدرا لەلایەن حکومەتێکەوە یان لەلایەن جیهەتێکەوە کە کارەبا بکڕێت، دەبێت ئەو کۆمپانیایە ئازاد بێت بۆ ئەوەی کارەباکەی بفرۆشێت، زۆرچاکە، ئەگەر بازاڕی ئازادی کارەبا نەبوو، کەواتە ئەو کۆمپانیایە ناتوانێت کارەباکەی بفرۆشێت، لەتورکیا لەدوای ئەم بارودۆخەی کەئێستا تێیدان، بازاڕی ئازادی کارەبا هەیە، یەکێك ئەچێت بۆخۆ وێستگەیەك دائەنێت، بازاڕی وزە هەیە، چۆن بۆرسەی ئاڵتون ودۆلار وئەمانە هەیە، بەو شێوەیە ئەویش ئیعلان دەکات دەڵێت من بە 7 سەنت دەیفرۆشم یەکێکی تر دەڵێت من بە 8 دەیفرۆشم، بەو شێوەیە دەچێتە ئەم بازاڕەوە، لە ئەوروپا سێکتەری دابەشکردن هەمووی ئەهلیە، سێکتەری تەولیدیش ئەهلیە، لەوانەیە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاواز بێت، لەوەی کە حکومەتەکان لەوانەیە پشکێکیان هەبێت، بەڵام لەزۆربەی وڵاتاندا شەریکاتی ئەهلیە، تەنها حکومەت لەڕێگای ئەو گرێبەستانەوە کە هەیەتی، لەڕووی ئەو یاسایانەوە کۆنترۆڵی ئەو ئیش پێکردنە دەکات، ئەمەی ئێمە بریتیە لە گرێبەستی (2150)مێگاوات (2000)لەگەڵ کۆمپانیای ماس گلۆباڵ، (150)مێگاوات لەگەڵ کۆمپانیای دیار، کە ئەمانە خۆشبەختانە بەشێوەیەکی باش ئیشەکانیان ڕۆشتووەو کەوتوونەتە کار، ئەگەر بێت و پارەیەکی لەوە گەورەتر کە ئێمە سەرفمان کردووە بۆ کڕینی کارەبا، یان هەر شتێکی تر کە ئێمە باسی بکەین، بدرایە بە حکومەت کە موستەحیلە لە ساڵێکدا حکومەتی هەرێم لە میزانیە بتوانێت ئەو پارە قورسە دیاری بکات، یەعنی ئەمەی کەسەرفکراوە بەشێوەیەکە، کەتوانراوە بەسەر ساڵەکاندا دابەش کرێت، بەڵام هەر قورس بوو، وەکو ئەو نموونەی کەئێستا ئێمە دەیبینین پێنج ڤات بۆ شەش ڤاتی ئەو پارەی کەدراوە بە هەرێم لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ وەزارەتی کارەبا دراوە بەوەزارەتی کارەبای بەغداد، بەڵام بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەوان بەو سستمە نەهاتنە پێشەوە، ئێستاشی لەگەڵ بێت، ئەگەر بێت و وەزارەتی کارەبای عێراق لەسەر هەمان سستمەکەی ئێمە بڕوات، ئەوە لەئێستاوە بەجدی دەست پێبکات بە 4 ساڵی تر کارەبای عێراق بەرەو باش بوون دەڕوات، بەڵام ئەگەر بێت و ئەم سستمە بەجێ نەهێنن ئەوە بۆ 10 ساڵی تر چاوەڕوانی چاکبوونی کارەبا مەبە لەعێراقدا، ئێمە خۆشبەختانە لەگەڵ چاکبوونی بارودۆخی کارەبا لەهەرێمی کوردستان ئەوەی کە ئێستا دەیبینن ئێمە هەوڵمانداوە، لەوەی کە هاوکاری پارێزگاکانی تریش بکەین، بەتایبەتی پارێزگای کەرکووك، ماوەیەکی زۆرە کەئێمە نزیکەی 6 مانگ زیاترە، ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك چەندین جار من بینیوومن کە بەنوێنەرایەتی سێ کەس تا چوار کەس لە هەموو پێکهاتەکان هاتوون بۆلای ئێمە، بۆ ئەوەی وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێمە لەسەر پارەی پترۆدۆلاری خۆیان یارمەتیان بدەین، ئێمە بۆیە خۆشبەختانە دوای ماندووبونێکی زۆر، دوای چەندین کۆبوونەوە، دوای چەندین موتابەعە، ئیشەکە گەشتە ئەو قۆناغەی کە ئێمە بتوانین (200)مێگاوات کارەبا بۆ کەرکووك دابین بکەین، کە دوو وەحدە دروست بکەین لەهەولێر لەسەر پارەی پترۆدۆلار کارەباکەیان پێ بفرۆشین، فراوانکردنی وێستگەی هەولێرمان ئەنجامدا، خۆشبەختانە لە 6/12 یەکەم یەکە کەدامان نابوو بۆ کەرکووك بێت کەوتەکار، وە ئاگاداری کەرکووك و وەزارەتی کارەبامان کرد، بەڵام تەئخیر بوونێك لە

مـەوزوعی موناقەشـاتی فـەنی وچـۆنیەتی بەسـتنەوەی سسـتمەکان بەیەکـەوە، ئـەو تەرحـەی کـە ئێمـە کردوومانە بریتیە لەوەی کە پێویستە فریکوێنسی کەرکووك، لەگەڵ وێستگەکانی تەولیدی کەرکووك ڕەبت بن، لەگەڵ هـەرێمی کوردسـتان، غـەیری ئەمـە ئێمـە نـاتوانین کارەبـا بـدەین بەئـەوان، بۆیـە خۆشـبەختانە هەموو پێکهاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگا، جەنابی پارێزگار، هەم کاك عبدالرحمن و دکتـۆر نەجمـەدین، زۆر موشـەجعی مەوزوعەکـە بـوون، زۆر موهتـەم بـوون ئێمـەش هاوکاریمـان کـردن، ئـەمڕۆ لـەدوای ئـەوەی کـە جەنابی سەرۆکی هەرێم بـانگی ئێمـە کـرد لـەماوەی ڕابـردوودا، بـۆ دیراسـەکردنی ئـەوەی کـە ئێمـە چـەند دەتوانین هاوکاری ئەمان بکەین، خۆشبەختانە هـەموو شـتێکمان تـەواو کردبـوو، بۆیـە ئـەمڕۆ جارێکی تـر جەنابی سەرۆك ئێمەی بانگ کردەوە، بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، جەنابی دکتۆر بەرهەم و کاك ئازاد بـەرواری وهەروەها منیش وەکو وەزیری کارەبا، ڕامان گەیاند لەوەی کە ئێمە وەکو هـەرێمی کوردسـتان بـۆ هاوکـاری کردنی پارێزگای کەرکووك و تەواوی پێکهاتـەکانی پارێزگـای کـەرکووك، لـە ئێسـتادا ئێمـە توانـای ئـەوەمان هەیە (100)مێگاوات بدەین بەئەوان، توانای تەشغیل و بەڕێوەبردنی سسـتمەکە ئێمـە دەیگرینـە ئەسـتۆی خۆمان، لـەدوو قۆڵـەوە کارەبـا دەدەیـن بەئـەوان، کـە بریتیـە لـە قـۆڵی چەمچـەماڵ وهـەروەها قـۆڵی دوبـز، ئەمەش هیچ کاریگەرییەکی لەسەر کارەبای خەڵکی هەرێمی کوردستان نیە، ئـەو وەحدانەیـە کـە بـۆ ئـەوان دروست کراوە، لەسەر پارەی ئەوانیشە، ئێمـە ئیـدارەو تەشغیلی ئـەو مەنزومەیـە دەکـەین، لـە ئایندەیـەکی نزیکیشدا کە لە مانگێك کەمترە، ئێمە (100) مێگاواتەکەی تریش ئامـادە دەکـەین، کـە لەگـەڵ بەغـداد لـە موناقەشاتداین، کە ئێمە پێویستیمان بـەوە هەیـە کـە (100)مێگـاواتی تـری تەولیـد لـە کـەرکووك، لەگـەڵ ئێمـە ڕەبـت بکرێـت، تـا ئێمـە ئـەو بـڕە بـەرز بکەینـەوە بـۆ (200)مێگـاوات، مـن پـێش ئـەوەی بێمـە ئـەم دانیشـتنە، دەسـتمان کـرد بـە کـارکردن بـۆ ئـەوەی بـەزووترین کـات، ڕەبـتی وێسـتگەکانی کـەرکووك لەگـەڵ هەرێمی کوردستاندا بکەین، کە خۆشبەختانە ئەمـە بەنیسـبەت ئێمـەوە وەکـو وەزارەتـی کارەبـا، بـەڕۆژێکی مێژوویی دەزانین، لەوەی کە ئێمە توانیمان هەنگاوێکی زۆر گەورە کـە کارەبـای هـەر سـێ پارێزگـای هـەرێم بەڕێ بکەین، هەروەها توانیمان هاوکاری پارێزگای کەرکووکیش بکەین، لەوەی کە کارەبایان بدەینێ، ئومێد دەکـەم لـەم چـەند ڕۆژەی داهـاتوو، لـەم چـەند سـەعاتەی داهـاتوو گـرفتی تـەکنیکی دروسـت نـەبێت (100)مێگاواتەکە بەتەواوەتی لەلایەن کەرکووکەوە وەربگیرێت، ئێمـە پێشـتریش پێمـان ڕاگەیانـدبوون کـە ئەگەر باسەکە باسی کوردەکانی کەرکووك بێت، ئێمە دەمانتوانی کەوا کارەباکەیان بـۆ دابـین بکـەین، بـەڵام ئێمە پێمان باش بوو کە شاری کەرکووك وەك شاری کـەرکووك دەعـم بکـەین، بـەڵام بـەم شـێوەی کـە ئێمـە وەکو وەزارەتی کارەبای هـەرێم دەمانـەوێت، کەبریتیـە لـە بەسـتنەوەی تـۆڕی کارەبـای کـەرکووك و فەصـڵ کردنی لە تۆڕی نیشتمانیی عێراقی، بەتۆڕی هەرێمی کوردستانەوە کە فریکیۆنسی کەرکووك و فریکیۆنسی ئێمە ببێت بە یەك فریکیۆنس، تا ئێمە بتوانین بەباشترین شێوە تەشغیلی مەنزومە بەباشتری شێوە کارەبا بگەیەنین بە کەرکووك، هەروەها بۆ موصڵ ئێمـە ئاگادارمـان کردوونەتـەوە کـە ئێمـە ئامادەباشـیمان هەیـە لەڕێگەی هێڵەکانمانەوە لە زاخـۆ، بـۆ سـومێل، لـە سـومێلەوە بـۆ سـەدی موصـڵ، کـە بتـوانین ئـەو کارەبایـە

گرێبەستەکەی لە تورکیا نوێ بکەینەوە، هەمووی بەرەو موصل بەڕێ بکەین، بەڵام لەلای ئەوان ئیستیجابەکە بەو خێراییە نیە، ئێمە مانگ و نیوێکە ئاگادارمان کردوون کە ئێمە ئامادەییمان هەیە، ئەو پارەیە لەسەر پارەی میزانیەی حاکیمەیە لەبەغدا دیاری دەکرێت، چونکە گرێبەستێکی دەولیە، هیچ لەسەر پارەی هەرێم نیە، بەڵام ئێمە ئامادە باشیمان دەربڕیوە لەوەی کە خەتەکان بەکار بهێنین، بۆ ئەوەی بتوانین بیاندەینێ، پێشتر موصلێ نەیدەتوانی سوود لە کارەبای تورکیا وەربگرێت، لەبەر موشکیلەی فۆڵتێ، بەڵام ئێستا ئەو تەرحەی کە ئێمە داومانە بریتیە لە تەزامون کردنی وێستگەکەی شەریکەی (کەرەدنس) کە تورکیە لەسلۆپی، لەگەڵ کارەباکەی هەرێم بۆ ئەوەی کە ئێمە لەو ناوچانەی ئێرە بەرەو موصل بە فۆڵتێیەك بیدەینێ کە بتوانن موصلێ سوودی لێ وەربگرن، ئێستا ئێمە چاوەڕوانین ئەوان بێنە پێشەوە بۆ ئەوەی ئێمە هاوکارییان بکەین بۆ موصلێ، خۆشبەختانە ئەمە ڕۆژێکی زۆر پیرۆزە بەنیسبەت ئێمەوە، ئێمە لە ساڵی 2007 من لەبیرمە هەوڵمان دەدا، لەڕێگەی سەرکردەکانی کورد لە بەغداد هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی تەنها بڕی (50)مێگاوات بۆ ئێمە لەوێ زیاد بکەن، بەڵام ئێمە ئێستا گەشتووینەتە قۆناغێك کە وەزعەکەمان بەو شێوەی کەدەیبینن زۆر ڕوو لەپێشەوەیە، ئێمە توانیوومانە هاوکاری ئەوانیش بکەین نەك بە بڕی (50)مێگاوات، بەڵکو بە بڕی (200)مێگاوات، ئەمە کورتەیەك بوو لەسەر بارودۆخی کارەبای هەرێم ئێمە وەکو بەرنامەی وەزارەتی کارەبا، هەدەفمانە بگەین بەوخاڵەی کە کارەبا بەشێوەی بەردەوام 24 سەعات لەهەرێمدا هەبێت، بتوانین ئیستیعابی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەهەموو سێکتەرەکاندا بکەین، وەکو باقی وڵاتانی دونیا ئێمە بتوانین بەو شێوەیە کارەبا پێشکەش هاووڵاتیان بکەین، بەڵام ئەمە بەتەئکید پارەی زۆر و کاتی زۆری دەوێت، ئێمە ئەو پرۆژانەی کە لەگەڵ لیژنەی پیشەسازی و وزە لە پەرلەمان گفتوگۆمان لەسەر کردووە، پرۆژەکانمان زۆر گونجاوو لەبارن، مومکینن کە جێبەجێ بکرێن، مومکینە ئێمە بتوانین ئەو زەمەنەی کە دوورە، نزیکی بکەینەوە، بۆ ئەوەی بگەین بەو خاڵەی کە ئێمەش وەك باقی وڵاتان کێشەیەکمان نەبێت بەناوی کارەبا، قسەیەك هەیە لەوەی کە ئایا کارەبا موشکیلەی ماوە یان نا؟، من حەز دەکەم ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەوە بدەم، کارەبا ئەگەر تەشبیە بکەین بە هەیکەلێك بە بینایەك، هەیکەلی بیناکە بریتیە لە سێکتەری بەرهەمهێنان، ئەو ئیشەی کە داڕێژراوە بۆ مەوزوعی بەرهەمهێنان ئەوە هەیکەلی بیناکەیە، هەیکەلەکە بۆ ئەوەی تەواو بکرێت، هەموو دەزانن بینایەك هیکەلەکەی یەك لەسەر سێی گۆژمەی تێچووی ئەو بینایەیە، دوو لەسەر سێی دەوێت بۆ تەواو کردنی ناوەوەی ئەو بینایە، ئێمە بەردەوام لە فراوان بووندایین، پێویستیمان بەوە هەیە هەم هەیکەلەکە زیاد بکەین هەم کار لەسەر تەواو بوونی ناوەوەی ئەو بینایەش بکەین، ئەمە پلان وهەدەفی کارەبایەو ئەو زانیارییانەی کەلەسەر بارودۆخی کارەبای هەرێم هەبوو، حەزم کرد لە خزمەتی جەنابتاندا عەرزی بکەم، ئامادەشم ئەگەر پرسیارێك هەبێت من جوابیان بدەمەوە، کۆمەڵێك پرسیار هاتووە هەندێکی پەیوەندی بە مەوزوعی فرۆشتی وزەوە هەیە، لەوەی کە ئێمە بۆچی ئەوەی کە تێبینی کراوە، پارەی کارەبا لەسەر هاووڵاتی زۆر بووە، تەبعەن پارەی کارەبا لەسەر هاووڵاتی زۆر نەبووە، بەڵام کاتەکانی پێدانی کارەبا زۆر

بووە، ئەوە کاریگەری کردۆتــە سـەر ئـەو پارەیـە، هاوولاتیـەك ئەگەر 4 تـا 6 سـەعات کارەبـای هـەبووبێت، لەبەر ئەوەی ئەو پێوەرانەی کە لەماڵەکاندان پێیان دەوترێت پێوەری وزە، وەکو تاقە دەیخوێنێتەوە لەگەڵ زەمەندایە، یـەعنی 4 سـەعات نرخێکی دیـاریکراوە، بـەلام 18 سـەعات و 20 سـەعات بەتەئکیـد پارەکـەی ئەبێتە موزاعەف، ئێمە هاوولاتیان بەتایبەتی لەدەڤەری دهۆك کە هەستی پێدەکرێت، زیـاتر ڕەنگدانـەوەی لەسەر ئـەوە هەیـە، کێشـەیەك هـەبووە لەسـاڵی 2009، لـە 2009/1/1 تـا ئـەخیری سـاڵی 2009، پـارەی کارەبا لەدهۆك کۆنەکراوەتەوە، بەحوکمی ئەو بارودۆخە خراپەی کەدهۆك موعاناتی پێوە چەشتووە، بەلام هـەولێر وسـلێمانی نـەیانبووە، لـەو کاتـەدا کاتـەکانی کارەبـا زۆر کـەم بـووە، پـارەی کارەبـا لـە دهـۆك کۆنەکراوەتەوە لەساڵی 2009، لە ساڵی 2010 لە مانگی 2 کە ڕەبتەکە کرا، کارەبای دهۆك بەو سـەعاتانە زیادی کردووە، وەکو تەواوی هەرێمی لێهاتووە، ئەمە کاریگەری کردۆتە سەر ئەوەی کە پارەکە زۆر بێتـەوە، هاوولاتی وا هەست بکات کە ئەمە هەیە، کێشـەی ئـەو قـەرزەی کـە لەسـاڵی 2009 لەسـەر دەڤـەری دهـۆك هەبووە، ئێمە ئیقتراحمان کرد لەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران لەم بڕە پارەیـە خـۆش بێـت، کـە بریتیـە لـە 13 ملیار دینار، بەلام بەداخەوە تا ئێستا وەکو قبوڵ، قبوڵ نەکراوە، وەزارەتی دارایی ڕازی نیە لەوەی کەلە ئەم برە پارەیە خۆش بێت، دەبێت ئەم پارەیە کۆبکرێتەوە لەسەر هاوولاتیان، ئێمە موشکیلەی مۆلیـداتمان هەبوو لە سلێمانی، لە چواردەوری سلێمانی، ئەو گەڕەکانەی کـە تـازە فـراوان دەبـوون، کارەبـای نیشـتمانیان نەگەشتبوویە، لەوێ مۆلیداتی حکومی ئیشی دەکرد، کە کاتێکی کەم و ئەمپێرێکی کـەم بـوو، ئـەم پارەیـەی کـە تـەراکومی کـردووە، پارەیـەکی زۆرە لەسـەر ئـەو هاوولاتیانـە، بەهـەمان شـێوە ئێمـە نووسـراومان بـۆ ئەنجومـەنی وەزیـران بـەرز کردۆتـەوە، کـە بـڕی سـێ ملیـار دینـارە، لـەوەی کـە لـەو خەڵکـە خـۆش بـبن، بەنیسبەت ئەوەی کە ئایا پێویستی هەرێم لەکارەبا چەندە؟، پلانی چەند ساڵە لە داهاتوودا چۆن کـاری بـۆ کراوە؟، ئایا ئەو سستمە داراییـەی کـە ئێسـتا پـەیڕەو دەکرێـت تـا چـەند دەتـوانێ بودجـەی پێشـنیارکراوی ئەمساڵی پـێ جێبـەجێ بکرێـت کـە (603)ملیـار دینـارە، شـلێرخان، پرسـیاری کـردووە، پرسـیارەکەی زۆر بەجێیە، ئێمە سستمی داراییەکەی خۆمـان بەڕاسـتی وەکـو وەزارەتـی کارەبـا مولاحـەزەمان لەسـەری هەیـە، ئێمە بەو شێوەیە ئەگەر بڕوات، ئێمە ناتوانین ئەو پارەی کە بۆ ئێمە تـەرخانکراوە سـەرفی بکـەین، درەنـگ کەوتنی میزانیە بەهەر هۆکارێك بێت، بۆ ئەم ئاستەو دوای ئەوەش مانگی 10 بە ئێمە بلێین ئەوە حسابات داخراو تەصفیەی حساب دەکەین، یەعنی پرۆژەیەکی ئێمە بەس ئامادەکردنی تەندەرەکـەی 2 تـا 3 مـانگی دەوێت، ئیعلان 45 بۆ 60 ڕۆژی دەوێت، تەقیمی فەنی تەندەرەکە پێش ئـەوەی کەئیحالـە بکرێـت، بـەلانی کەمەوە مانگێکی دەوێت، یەعنی ئەم پرۆسەیە ئەگەر هـەمووی حساب بکـەین بـەخۆت نـازانی کەچـی سـاڵ کۆتایی پێهاتووە، جا لەبـەر ئـەوە ئێمـە لەگـەڵ ئەنجومـەنی وەزیـرانیش ئـەم قسـەیەمان بـاس کـردووە، کـە ناتواندرێت سوود لەو پارەیە وەربگیرێت، بەلام خۆشبەختانە ئەمساڵ کارێکمان کرد، لەوەی کـە میزانیەکـە لە ئەنجومەنی وەزیران هات بۆ پەرلەمان، ئێمە لـەو کاتـە دەسـتمان کـرد بـە دروسـت کردنـی لیژنـەکان بـۆ ئامادەکردنی تەندەرەکان، کەماوەی 2 تا 3 مانگی پێچوو، ئێمە ئێستا کە میزانیە لە پەرلـەمانی کوردسـتان

دەرچووە، چووەتە سەرۆکایەتی هەرێم، ئێمە بانگەوازی پڕۆژەکانمان کردووە، یەعنی ئیستیفادەیەکمان لەوە کردووە، لەگەڵ گەڕانەوەی نووسراوەکە لە سەرۆکایەتی هەرێم و لەگەڵ دانانی ڕێنماییەکان لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، ئێمە بتوانین لەگەڵ گەیشتنی ئەو کیتابە گرێبەستەکە ئیمزا بکەین، چونکە ئەو پرۆسەیە کەباسم کرد، پرۆسەیەکی دوور ودرێژە، ئێمە بەڕاستی پێویستیمان بەوە هەیە کە هاوکاری بکرێین، چونکە ئەگەر بێت و هاوکاری نەکرێین پارەمان نەبێت، بەو شێوەیەو بەو میکانیزمە ئیش بکەین، ئێمە ناتوانین ئیش بکەین، یەعنی ئەوپەڕی توانای خۆمان وەکو وەزارەتی کارەبای هەرێم خستۆتە کار، کە گەیشتووین بەم حاڵە، زستانی داهاتوو دێتەوە ئێمە لەم زستانەی کەڕۆی، 90 ڤیدەرمان لەهەولێر ئۆڤەر لۆد بوو، یەعنی 90 گەڕەك، یەعنی بەلایەنی کەمەوە 90 هەزار ماڵ، یەعنی بەم شێوەیە بە ئێمە دەوترا کە هیمەت بکەین بۆ ئەوەی کە بارودۆخەکە چاك بکەین، هیمەت بەهیچ جۆرێك ناکرێت چونکە دروستکردنی وێستگەیەکی (132)واتی بەلایەنی کەمەوە 18 مانگ تا 24 مانگی دەوێت، وە بڕە پارەیەکی زۆری دەوێت، بەس ئومێد دەکەین ئەمساڵ بتوانین پارەیەکی باش لەو میزانیەیە سەرف بکرێت، مەوزوعی دیاریکردنی ئەو بودجەیە بۆ پڕۆژەکانی پلان، ئێمە تەرکیزمان خستۆتە سەر ئەوەی کە ئەو پڕۆژە ستراتیژیانەی کە بونیەی تەحتی بۆ کارەبای هەرێم لە 75٪ بۆ 85٪ی ئەو پارەیەمان بۆ داناوە کە بریتیە لە سێکتەری گواستنەوە باقیەکەی تریشمان بۆ سێکتەرەکانی تر دیاری کردووە، ئەم ئەو پرسیارانە بوو کە بەنووسراو بۆمان هاتووە..

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەمە ئەو پرسیارانەیە کە بەنووسراو بۆ جەنابی وەزیرتان ناردبوو، ئەگەر چەند بەڕێزێکیش لەو ڕوونکردنەوانەی کەجەنابی وەزیر کردی قسەی هەبێت، ئێمە دەستخۆشی لەجەنابی دەکەین، کە بەحەقیقەت کاك یاسین زۆر بەڕێکوپێکی ئیشەکانی باسکرد، دەستخۆشیان لێدەکەین، پیرۆزبایش لەخەڵکی کەرکووك دەکەین، کە لە ئەمڕۆوە ڕۆژانە (100)میگاوات کارەبا لەهەرێمی کوردستان بۆیان دەچێت، کە لەداهاتووشدا زیاتر دەبێت، تۆڕی کارەبای هەرێمیش خزمەتیان دەکات، ئێستا چەند کەسێك کە دەیەوێت قسە بکات ناوتان دەنووسم، بەڕێزان ئەمە لێپرسینەوە نیە، تا هەموو قسە بکەن، لەو ڕوونکردنەوانەی کە بەڕێزیان کردیان، قسەی هەبێت، نەك هەموو قسە بکەن، کە وابێت کاتەکەی کەم دەکەمەوە، ئێستا ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن( شێرزاد حافز، کاردۆ محمد، بەشیر خلیل، هاژە سلێمان، ئارام قادر، شێردڵ تەحسین، ئەحمەد وەرتی، عمر عبدالعزیز، حمە سەعید، دانا سعید سۆفی، خلیل عوسمان، بێریڤان سەرهەنگ، ڕێباز فتاح، پەیمان عبدالکریم، سیوەیل عوسمان، شوان کریم، سەمیرە گۆران، سالار محمود، فازڵ بەشارەتی، صباح بیت اللە، گۆران ئازاد، ئاشتی عزیز) ئێستا ئەم بەڕێزانە کە دەیانەوێت قسە بکەن، تەنها یەکی یەك پرسیار بکەن، چونکە ئەمە نەشەرح و نە ئیستجوابە، بەس پرسیار بکەن، کاك شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخر چۆن دەبێت تەنها یەك پرسیار بكەین، لەوانەیە 4 تا 5 پرسیارمان هەبێت بەس زۆر كورت بێت، یەعنی ئەتوانێ هەمووی بەیەكجار جواب بداتەوە، یان دەقەیەك یان دوو دەقەمان بۆ دابنێ لەو كاتەدا قسەی خۆمان بكەین، بۆیە با كاتەكە دابنێین، من لە سنوورێكی بچووكی كوردستاندا قسە دەكەم، كە شاری چەمچەماڵە، تەكیەی جەباری و تەكیەی قادر كەرەم، هەردووكیان دوو ناحیەن، كەتاكو ئێستا هیچیان كارەبایان نیە، شێخ بزێنی كە دێیەكە لە شۆڕشدا خزمەتی زۆریان كردووە بەس هیچ كارەبایان نیە، كارەبای دوكان لەگەڵ دەربەندیخان، لە بەر ئەوەی كە ئەو شارانە كارەباكە هی خۆیانە، 24 سەعات كارەبایان دەدەنێ، ئەوەی چەمچەماڵ 24 سەعات نیەو كە كارەبای چەمچەماڵ خۆیەتی، هەر لە چەمچەماڵدا ناوەكەی نەنراوە وێستگەی چەمچەماڵ، نووسراوە وێستگەی سلێمانی لە چەمچەماڵ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، تەواو كاتەكەت، بەپێی نزامی داخلی لە سێ پرسیار زیاتر نیە، كاك كاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەدواداچوونێكم هەیە بۆ پرسیارەكەم، كەرتی كارەبا لەهەموو جۆرەكانی پرۆژەی وەبەرهێنانی ساڵی 2011 بەركەوتی هەیە، لەخوارەوە بەركەوتی ئەو وەزارەتە لەهەموو پرۆژەكان، پەرەپێدانی پارێزگا، پێشنیارەكان، بەردەوامەكان، تێكڕای بەرهەمهێنان و تێكڕای خواست، لەسەر وزە لەهەرێمی كوردستان دەخەینە ڕوو، لەپرۆژەكانی پەرەپێدانی پارێزگا، گوژمەی تەرخانكراو بۆ ئەو سێكتەرە لە 2011 (3)ملیار (694)ملیۆن و (999938) دینارە، بۆ جێبەجێكردنی (20)پرۆژە، لەسنوری ئیدارەی پارێزگای سلێمانی و گەرمیان، لە پرۆژە پێشنیاركراوەكانی 2011، گوژمەی پرۆژە پێشنیاركراوەكان بریتیە لە (603)ملیار و(458)ملیۆن دینار بۆ جێبەجێكردنی (66) پرۆژە لە سەرتاسەری هەرێمی كوردستان، ڕێژەی بەركەوتی وەزارەتی كارەبا لە پرۆژە پێشنیاركراوەكانی 2011، گەورەترین بەركەوتی هەیە،...

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ ئەوە پرسیارە یان شەرحە، ئەوە عیلاقەی بەداهات نیە، ئێستا لەسەر ڕەوشی كارەبا لەناو هەرێم پرسیارت هەیە بیكە، ئەگینا ئەوە دەتوانی پاشان قسەی لەگەڵ بكەیت، فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە پەیوەندی بە ڕەوشی كارەباوە هەیە، لەسەر ڕێژەی دابین كردنی موعەدەلی تەولید، كە تۆ باست كرد..

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، كاك كاردۆ بەنووسین بۆ جەنابی وەزیری بنێرە، چونكە پرسیارەكەت زۆرە، باشە دەی فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی ئەوەی کرد کە لە عێراقدا ئەو خەریکە بۆ موصلْ و ئـەو شـوێنانە کارەبـا دابـین دەکـات، لەکاتێکـدا کـە سەدان گوند و گەڕەکمان هەیە لە سلێمانی کە تا ئێستا کارەبای بۆ نەچووە، خاڵێکی تر کـە وەزارەتـی سـامانە سروشتیەکان دەڵێت من سووتەمەنی بۆ دابین دەکەم، لەکاتێکدا کە گوژمەیەکی زۆر پارە لە وەزارەتی کارەبـا تەرخان کراوە بۆ دابین کردنی سووتەمەنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر بەشیر، فەرموو.

**بەڕێز د. بەشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکـەم، پرسـیاری یەکـەمم: جـەنابی وەزیـر ئیشـارەتی بـەوەدا وتـی ئێسـتا 22 سـەعات و 11 دەقیقـە کارەبـا دەدرێـت، ئـەوە شـتێکی زۆر زۆر باشـە، بـەڵام لەبـەر ئۆڤـەرلۆدی ناوچـەکان و ماڵەکان، تەماشا دەکەین کە محەویلـەکان و فیـدەرەکان نـاوە نـاوە فرێـی دەدات، بۆیـە ماڵـەکان بێبـەش دەبـن لەکارەبا، ئایا ئێوە چەند لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف یـان پـەروەردە کـارێکی واتـان کـردووە تـا خـەڵك ڕۆشـنبیر بکرێـت، بـە تەرشـیدی ئیسـتهلاك، دووەم: جـەنابتان ئیشـارەتتان بـەوەدا کـە (750)ك وات بـۆ ماڵـەکان تەقریبەن پارەیەکی مەفتوعتان بۆ داناوە، ئایا ئەو 10 هەزار دینارەی کە داتـان نـاوە، بـە مـەفتوع ئەوەنـدە دەبێـت، یـان شـتێکی تـرە، پرسـیاری سـێیەم: بەتـەوەقوعی جـەنابتان کـەی کوردسـتان نـەجاتی دەبێـت لـە مۆلیدەکان، چونکە ئێستا هاووڵاتی دوو کرێی کارەبا دەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز هاژە سلێمان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بـەخێرهاتنی بـەڕێز وەزیـری کارەبـا دەکـەم، دەستخۆشـیان لێدەکـەم بـۆ ئـەو بـەرەو پـێش چـوونەی ڕەوشی کارەبا لە هەرێمی کوردستان...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بێ پێشەکی بچنە ناو پرسیارەکان و پرسیاری خۆتان بکەن، تکایە، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها یەك پرسیارم هەیە، ئەویش دەربارەی ئەوەی کە بەڕێزیان باسی لە بەرهەمهێنانی کارەبـا کـرد، لـە ئێسـتا (1436)مێگـاوات هەیـە، وە پێویسـتیمان بـە (2806)مێگـاواتی تـر هەیـە، ئایـا چ پڕۆژەیـەکیان

لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو بۆشاییە کە هەیە و نزیکەی (1436)مێگاوات بۆ ئەوەی کارەبا بە بەردەوامی هەبێت لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ ئەمە چ پرۆژەیەکیان لەبەردەستدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك ئارام، فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ پرسیارم هەیە، یەکەم: بەڕێز وەزیری کارەبا چ پلانێکی هەیە، سەبارەت بە دروست کردنی هاوسەنگی لەنێوان بژێوی هاووڵاتیان و بەرزکردنەوەی نرخی کارەبا، لەکاتێکدا کە باس لە ئەڵمانیا دەکات، کە کارەبا لەو وڵاتانەدا لەلایەن کەرتی تایبەتەوەیە، هەروەها بژێوی ژیانیان زۆر بەرزە، بەڵام لێرە لەکوردستان بەپێچەوانەوەیە، پرسیاری دووەم: باسی لە پلانێك کرد لەکوردستاندا دەیەوێت لەڕێگەی کەرتی تایبەتەوە، لەڕێگەی کۆمپانیاکانەوە کێشەی کارەبا چاك بکات، ئەگەر بێت و بەم شێوەیە بێت، چ پێویستی بەکات هەیە، باس لەوە دەکات کە کاتێکی زۆری دەوێت، پرسیاری سێیەم: ئایا کە عێراق ئیلتزامی نەکردووە بەوەی کە کارەبا بدات بە کوردستان، هۆکارەکەی چیە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك شێردڵ، فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو پرسیارم هەیە، یەکەم: باسی وەحداتی کارەبای کرد، کە لەوەندە وەحدە تا ئەوەندە، بڕی پارەکەی ئەوەندەیە، بەڵام کە دوو مانگ دەبێت پسولەی کارەبا نایەت، ئەوان حسابی وەحدات زیاد سەرف دەکەن، دەگاتە (200)دینار لە هەر وەحدەیەك، یەعنی وەحدە زیاتر چەند سەرف بێت ئەگەر مانگێك بێت پارەکە کەمترە، بەس کە دوو مانگ بوو یان سێ مانگ بوو ئەوە پارەکەی زیاتر دەبێت و لەسەر دووسەدی حساب دەکەن، بۆیە لێرەدا پارەکە زۆر دەبێت، جەنابی وەزیر ئەگەر پێی بکرێت، با مانگ بە مانگ بێت کە پسولە بچێتە ماڵەکان ئەوەش ئاسانترە، دووەم: باسی ئەوەی کرد کە لە ئازادیەوە تا بازاڕی نیشتمان، کارەبا لەژێر زەوی ڕادەکێشرێت، ئەوە تەقریبەن 8 تا 9 مانگ دەبێت ئەو جادەیە بڕاوە، بەواسیتەی ئەو کێبلانە ئایا نەدەکرا ئەوە حەفر بکرێت و بەجارێك تەواو بێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر ئەحمد وەرتی، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کارەبا دەکەم، دەستخۆشی بۆ ڕوونکردنەوەکانی، چەند پرسیارێکم هەیە، یەکەم: جەنابی وتی لە (20)ڕۆژی مانگی (6)دا (22 سەعات و 11 دەقە)کارەبا بەبەردەوامی دراوە بە هاوولاتیان، گرفتێك هەیە هەموو ساڵێك لەکاتی گەرمای هاویندا، لەمانگی 7 و 8 کارەبا ئەبرێت، یەعنی ناتواندرێت ئیلتیزام بەو بەردەوامیەوە بکرێت لە پێدانی کارەبا، تاچەند کار کراوە بۆ ئەوەی لەهاوینی ئەمساڵدا کارەبا نەبرێت بەو شێوەی کە خۆیان بەرنامەیان داناوە؟، پرسیاری دووەم: سەبارەت بە تەجاوزی کارەبا، ئێستاش باس لەوە ئەکرێت کە ئەو دیاردەیە هەرماوە، ئیجرائاتیان چیە؟، دەربارەی پێوەرەکانیش کە دانراوە بۆ کارەبا یان پێوەرەکان کەمن؟، یان ئەگەر هەیە، پێوەرەکان تەخمینین وە تاچەند کار کراوە بۆ ئەوەی کە پێوەری زیرەك دابندرێت؟، پرسیاری سێیەم: دەربارەی نرخ منیش وەکو کاك شێردڵ ئاماژەی پێدا، بەڕاستی ئەوە ئەرکێکی زۆری خستۆتە سەرشانی هاوولاتیان، کە بەیەك کات ئەو نرخە وەردەگیرێت لە هاوولاتیان، ئایا ناکرێت لەکاتی خۆیدا لێیان وەربگیرێت یان لەوەی ڕابردوویان ببەخشرێن؟، جەنابی ئاماژەی بەوەدا کە کارەبای ئێران تەنها لە ناوچەی پێنجوێنەوە وابزانم لەناوچەی حاجی ئۆمەران و چۆمانیش کارەبای ئێران هاتووە، ئەوە ئاماژەی پێنەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عمر عبدالعزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم و دەستخۆشی لێدەکەم، کەتاڕادەیەکی باش پێشکەوتن بە کارەباوە دیارە، من سێ پرسیارم هەیە، یەکەم: باسی سەرپێچی کارانە لە دەفعی پارەی کارەبا، بەپێی هەندێ زانیاری کەلەلامە، ڕەنگە خوشکان و برایانیش لە پەرلەمان ئاگادار بن، زۆربەی کات ئەو بڕە پارە زۆرانەی هی بارەگا حزبیەکان و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، وەزارەت چی هەیە، لەو ڕووەوە چیان کردووە؟، پرسیاری دووەم: باسی گرفتی هاتنەوەی کارەبا، پارەی کارەبا بۆ هاوولاتیان زۆرجار ئەو عەدادانە، ژمێرییاریەکان، بڕی زۆر دەنووسرێت، کە موراجەعە دەکەن یان هاوولاتی قسە دەکات، دەستکاری بڕەکە دەکەن، کەمی دەکەنەوە، ئایا ئەو خەلەلە چیە؟، وەزارەت بۆ چارەسەری ئەوە چی کردووە؟، پرسیاری سێیەم: پەیوەندی بە دهۆکەوە هەیە، کە باسی بۆری غازی دهۆك کرا، هی پرۆژەی کاشێ، چی بەسەرهات، کە پرۆژەیەکە ماوەیەکە خەریکن، لەگەڵ ئەو (500)مێگاواتەی کە تا ئێستا (260)مێگاوات تەولید دەکات، هۆکاری ئەوە چیە؟، کە بڕەکە هەمووی تەولید ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك حمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاش بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و دەستخۆشیم بۆ جەنابی و ستافەکەیان، بەڕاستی ئیشی چاکیان کردووە، من چەند پرسیارێکم هەیە، پرسیاری یەکەم: بەپێی ڕوونکردنەوەکانی بەڕێزیان، کارەبا دەبێت لەسەر بودجەی سیادی حکومەتی عێراقی بێت، بەڵام ئێستا کارەبا لەسەر بودجەی لە 17٪کەیە کە ئەمەش پێم وایە بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی حکومەتی هەرێمە، ئایا ئەمە چۆن چارەسەر دەکرێت؟، کە ئەو پرۆژانە دەبێت لەسەر بودجەی سیادی بێت، پرسیاری دووەم: بەپێی ڕوونکردنەوەو وتەکانی بەڕێزیان بڕی پێویستی کارەبا، (2806)مێگاواتە، بەڵام ئێستا ئەوەی کەهەیە، (1370)مێگاواتە، ئایا ئەو فەرقە چۆن دابین دەکرێت؟، بەرنامە چیە؟، وە پرۆژەی ستراتیژی کارەبا بۆ ئایندە چیە؟، پرسیاری سێیەم: ئەگەر سەیر بکەین، داهاتی کارەبا بەڕاستی بەپێی ئەو نرخ وکەرتانەی کەهەیە، چ کەرتی گشتی بێت، یان هاووڵاتیان، یان وەزارەتەکان، چ ناوچەی پیشەسازی، داهات کەمە، کە ئەو داهاتە پێم وایە کەمە، ئایا جوابت چیە بۆ ئەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاتت تەواو، بەڕێز دانا سعید سۆفی،فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش چەند پرسیارێکم هەیە، یەکەم: ئایا ئومێد هەیە کە کارەبا لە سایەی ئەو پێشکەوتنەی کە ئێستا دەبینـدرێت، بەو شێوەیە بەردەوام بێت؟، لەکاتێکدا لە بودجەی ئەمساڵدا پارەیەکی زۆر بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی کارەبا دانراوە، ئەو بودجە زۆرەی کە ساڵەکانی پێشتریش بۆی تەرخانکرابوو، ئێستا وێستگەی وەبەرهێنان ودابەشکردن زۆری بۆ دروست کراوە، پێم وایە لەمەودوا پێویستیمان بەوە نابێت کە وێستگەی وەبەرهێنانی زیاتر دروست بکەین، ئەگەر دروستیشی بکەین بە ڕێژەی ساڵەکانی پێشوو نابێت، ئایا ئومێد دەکرێت کە بەبەردەوامی کارەبامان هەبێت لەهەرێمی کوردستاندا؟، پرسیاری دووەم: بەڕێزتان باستان لە هاوکاری کەرتی کشتوکاڵی کرد، بەڵام ئێستا بەپێی زانیارییەکان، ئەگەر جوتیارێك بیەوێت کارەبا بۆ سەر زەویەکەی یان ئەگەر پرۆژەیەکی کشتوکاڵی هەبێت ڕابکێشێت، بۆ خۆی دەبێت خەرجی ئەو ڕاکێشانە بدات، ئایا بیرتان لەوە نەکردۆتەوە یان هاوکارییەکەتان تەنها لەسەر ئاستی ئەوە نەبێت بەکارهێنانی کارەبا؟، بەڵکو هاوکارییان بکەن لە ڕاکێشانی کارەباش بۆ ئەو پرۆژە کشتوکاڵیانە؟، پرسیاری سێیەم: باستان لە پشتیوانی حکومەتی هەرێم کرد، بۆ ناوچە دابڕاوەکان، باسی زۆربەی ناوچەکانت کرد تەنها باسی خانەقین و مەخمور نەکرا، ئەوەی من ئاگادار بم پێم وایە لەناوچەی مەخمور، وەزعی کارەبا باشە، بەڵام لە خانەقین تا ئێستا بەو شێوەیە نیە، ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە کەهاوکاری ئەو شوێنانەش بکەن؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز خلیل عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، دەستخۆشی لێدەکەم، من دەمەوێت وەزعی ناوچەیەکت بەرچاو بخەم، ئەویش شارۆچکەیەکی گەورەی وەکو تەقتەقە، کە ژمارەی دانیشتوانی زۆر زۆرە و چڕی دانیشتوانی زۆرزۆرە، بەس تا ئێستا بە سستمی (10)ئەمپێری لەوێ کارەبا ئەدرێت بەخەڵك، هەروەها ڤۆڵتێکەشی تاڕادەیەکی زۆر کەمە، کە ناتواندرێت لەم هاوینەدا پرۆژەی ئاوی شارەکە بەڕاستی کار پێ بکەن، کە ئەمە کێشەیەکە، هیوادارم بەزووترین کات چارەسەر بکرێت، خاڵێکی تر بڕیار بوو بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، کە وێستگەی مۆبایل بۆ ناوچەی کۆیە بەگشتی دابندرێت، ئایا ئەمە گەیشت بەکوێ؟، هیوادارم پەلەی لێ بکرێت، دوایین پرسیارم ئەوەیە، بەڕاستی تا ئێستا زیادە ڕۆیی لەسەرجەم شارەکان بەتایبەتی لەسنووری پارێزگاکان هەیە، لەلایەن کۆمەڵێك لە بەرپرسیاران لە زیادەڕۆیی لەکارەبادا، چ هەنگاوێك نراوە بۆ ئەو بابەتە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بێریڤان سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك پرسیارم هەیە، بەنیسبەت ڕۆشنبیر کردنەوەی هاووڵاتیان بۆ بەرکاهێنانی کارەبا بەشێوەیەکی کەم، ئایا ڕاگەیاندن لە وەزارەتەکەتان دەربارەی هۆشیاری هاووڵاتیان چیان کردووە؟، چونکە من کەسەردانی بازاڕ دەکەم بەتایبەتی لەشەوان، زۆر چێشتخانەو ڕێستۆرانت هەیە، کارەبا زۆر سەرف دەکەن...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، پرسیارەکەت تەحدید بکە، بەس شەرح مەکە، باشە سوپاس، بەڕێز دکتۆر ڕێباز، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕیباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری یەکەم: دەربارەی ئەو وێستگانەیە کە کارەبا بەرهەم دەهێنێت، لەڕاستیدا هەندێجار پێویست بوونی ئەو وێستگانە یان پێویست بوونی هەندێ کۆمپانیا، وادەکات کە لە سنووری ڕەقابە دەربچن، پرسیارەکەی من بە تەحدیدی ئەوەیە ئەو وێستگانە، تەئسیراتی جانبی خراپیان هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ، وە ئەوەی کە ئێمە ئاگادارین شێرپەنجە بەشێوەیەکی زۆر بڵاوە، کە ئەوەش یەکێکە لە کاریگەرییەکانی، ئایا وەزارەتی کارەبا زەمانی ئەوە دەکات کە ئەو وێستگانە لەڕووی تەندروستیەوە توانراوە ڕەقابە بکرێن و کاریگەری خراپی نەبێت؟، پرسیاری دووەم: یەکێك لە کێشە سەرەکیەکان لەگەڵ ئەوەدا کە کارەبا بەرهەم دێت، بەڵام کێشەی کێشە لە صیانەیە، جاری وا هەیە گەڕەکێك لەبەر ئەوەی محەویلەکەی ئەسووتێت، بەمانگێك کارەبای نابێت و محەویلەکە نایەتەوە، ئایا بۆ چارەسەرکردنی ئەو

بابەتە چی کراوە؟، لەگەڵ ئەوەی کە زۆرێك لە دەرمانخانەو کۆگاکانی دەرمان، لەگەڵ مەخزەنەکان کارەبایان نیە؟، پرسیاری کۆتاییم: هەروەك بەڕێزیشی باسی کرد، تا ئێستا نزیکەی (1000)گوند لە کوردستان کارەبای نیە، وە بەشێکی زۆر و تەنانەت گەڕەکی ناو شارەکانیش کارەبایان نیە، بۆ کەرکووك ئەمە ئاساییە، چونکە وەك هاوکارییەکە بۆ کەرکووك، بەڵام بۆ ئێمە لەکاتێکدا ئێمە کێشەمان لە کوردستان هەیە، بۆ کارەبا بە موصلْ بفرۆشین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری یەکەم: نرخی یەکەی کارەبا بۆ بیرەکانی کشتوکاڵ کە تەرخانکراوە، بەنرخێکی زۆر دادەندرێت، جوتیار و خاوەن زەوییە کشتوکاڵیەکان داوای پێداچوونەوەی بۆ دەکەن، کە لەکاتێکدا حکومەتی هەرێم خەریکە تەشجیعی ئەو کەرتە دەکات، تەشجیعی گەڕانەوەی خەڵکی دەکات بۆ گوندەکانیان، پرسیاری دووەم: ئایا لەبەرنامەی وەزارەتدا نیە، کە پێداچوونەوە بۆ ڕێکخستنی دابەشکردنی تەلەکانی کارەبای مۆلیدەکان بکات، لەناو شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا، کە بەڕاستی بەڕاستی هەر لە هیلانەی جاڵجاڵۆکە دەچێت، کە لەگەڵ سیمای شارستانی ناگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری یەکەم: بەنیسبەت شارۆچکەی تەقتەق، هاوکارم کاك خەلیل باسی کرد، کەتاکو ئێستا بە سستمی (10)ئەمپێرییە، یەعنی جیاواز لەهەموو ناوچەکانی کوردستان، لەدوای ڕاپەڕینەوە وایە تا ئەمڕۆ، ئەوە لەبەرچی؟، پرسیاری دووەم: گوندێك هەیە بەناوی گوندی عەودالآن کە (10)کم لە شاری کۆیە دوورە، واتە لەوانەیە هەر بکەوێتە ماستەر پلانی شاری کۆیە، واتە ببێت بەگەڕەکێك لەشاری کۆیە، بە تەنیشیت ئەو گوندەوە عەمودی کارەباو هێڵی کارەبا بۆ گوندەکانی تر چووە، کەچی ئەو گوندە دوورتر تاوەکو ئێستا کارەبای نیشتیمانیان نیە، لەبەرچی؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شوان کەرەمکە.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو پرسیارم هەیە، پرسیاری یەكەمم ئەوەیە كە بەڕێز وەزیر باسی ئەوەی كرد، كە حكومەت دەعمی نرخی كارەبا ئەكات، لە هەمان كاتدا بە بڕیاری سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بڕیار دراوە كە پارە لە خەڵكی كەم دەرامەت تا حەدی حەوت سەدو پەنجا كیلۆ وات وەرنەگیرێت، یەكەم ئەوەیە كە ڕێژەی ئەو دەعمە چەندە؟، بۆ نرخی كارەبا بۆ خەڵك چەندە كە حكومەت خۆی ئەیدات؟، دووەم، ئەو بڕیارە جێبەجێ كراوە كە پارە لە خەڵكی كەم دەرامەت تا حەوت سەدو پەنجا كیلۆ وات نەسەندرێت، ئەوە پرسیاری یەكەم، پرسیاری دووەم، لە بەستنەوەی پارێزگای كەركوك بە سیستەمی كارەبای هەرێمەوە، محەتەی دوبز ئەچێتە ناو سیستەمەكە یان ئەو لە دەرەوەی سیستەمەكە ئەبێ؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سەمیرە خان كەرەمكە.

**بەڕێز سەمیرە عبدالله اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو دوو سەد مێگەواتەی بۆ كەركووك دەچێ، تەئسیری هەیە لەسەر كارەبای ناوخۆ یان نا؟، هەروەها پارەی ئەو غازەی كە بۆ ئەو دوو وێستگەیە دانراوە كێ دابینی دەكات؟، وە بە كێ دەدرێت؟، ئایا بەرنامەی ستراتیژیان هەیە كە بە بەردەوامی هاووڵاتی لە زیادبووندایە، هەروەها شوێنەكان وەكو خانوو ئوتێل و شوێنە گشتیەكان، بە بەردەوام لە زیادبووندایە، ئێوە بەرنامەیەكی تۆكمەتان هەیە كە كارەبا هەر هەبی و بەردەوام و دیسان تووشی ئەو كێشەیە نەبینەوە، بڵێین ئێمە حیسابی ئەو زیاد بوونەوەمان نەكردووە، هەروەها كێشەی مۆلیدەكانیش پەیمان خان باسی كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سالار محمود كەرەمكە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەكەم، خاڵی یەكەم گرفتی سەرەكی گەرمیان، لە سێكتەری كارەبادا، نەبوونی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كارەبای گەرمیانە، لەكاتێكدا بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەو دابەش كردن و بەرهەم هێنان هەیە، ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی كارەبا هەبێ بێگومان كۆنترۆڵی خۆشی ئەبێ، هاووڵاتیان لە مەترسی و رۆتینی چوون بۆ سلێمانی دوور دەخاتەوە، لە كاتێكدا مەسەلەی پێوەری زیرەكیش لە پارێزگاكان پەیڕەو دەكرێت، وابزانم لە شارەزوورو گەرمیان پەیڕەو ناكرێت، خاڵی دووەمم بریتی یە لە كڕینی مۆلیدەكان بە ئەحجامەكانیانەوە، ئیستیناد ئەكرێتە سەر شەریكەی سەقەری لوبنانی، ئەكسای

تورکی له کاتێکدا کوالیت و جۆری جیاواز و گرنگتر هەیە، بە تایبەتی ئەوروپی، هیوادارم جەنابی وەزیر بۆمان ڕوون بکاتەوە، ئایا گرفتێك هەیە لەگەڵ کۆمپانیا ئەوروپیەکان، نەتواندرێت عەقد بکرێت لەو بارەیەوە؟، پرسیاری سێیەمم ئەوەیە، تەجاوزاتی گەورە لەسەر کارەبا دەکرێت، بەتایبەتیش لەکاتی دروست کردنی بیناو خانووی ماڵاندا، چۆن بۆ ئیجازەی بینا، موهەندسی مەدەنی ئەتوانێ ئیشراف بکات، بۆ دروست کردنی بیناش ئەکرێت لە ڕێگەی وەزارەتی کارەباوە تەکلیف بکرێت، کە موهەندسی کارەبا ئیشراف بکات، چونکە لە بەستنی هێڵی کارەبا بۆ ماڵان، یەکێك لە گرفتە گەورەکان بەدواداچوونمان کردووە، دەزانین لەو ڕێگەیەوە ئالیەت هەیە بۆ تەجاوز کردنی کارەبا لەکاتێك بەپێی ستاندارد ئەبێ کێبڵی سەرەکی کارەبا بە دەرەوە بێ، تا ئەگاتە عەمودەکە، بەڵام لەزۆر شوێن کە بنا دروست دەکرێت، ئەو کێبڵە لە ماڵان لە ژێر لەبغ و ئەوانە دائەپۆشرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فاضل کەرەمکە.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەست خۆشیم بۆ وەزیر و وەزارەتی کارەبا بۆ باش بوونی وەزعی کارەبا، هەرچەندە جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێیدا، ئەوەی کە من تێبینی دەکەم، بە هەقیقەت کەمی محەتەی کارەبایە، ئەمە گرفتێکی هاووڵاتیانە کەمی محەتە، گرفت بۆ هاووڵاتیان دروست دەکات، بە هەقیقەت شاری هەڵەبجەش یەکێکە لەو شارانەی کە ئەو گرفتەی هەیە، کەمی محەتەی کارەبا، خاڵی دووەمم بەڕێز وەزیری کارەبا، کارەبا بۆ هاووڵاتیانە جا لە هەرجێگایەك بەکاری بهێنێت، موهیم سەعاتی بۆ دابندرێت و کارەباکەی بۆ بەکاربێت، بەڵام ماوەی دوو ساڵە من چەند جارێکیش لە ڕێگەی کاك عبداللە ئاگاداری جەنابی وەزیرم کردووە، گرفت بۆ خاوەن باخەکانی هەڵەبجە دروست ئەبێ، کارەباکانیان دەبڕێت بەبێ هۆ، یەعنی بەڕاستیەکەی هەندێکجار گرفتی بۆ خاوەن باخەکان دروست کردووە، خاڵی سێهەمم سوپاسی جەنابی وەزیر ئەکەم، ئیشارەتی بە ڕۆڵی جەنابی کاك (نێچیرڤان بارزانی) دا کە هەرێمی کوردستانی پشت ئەستوور کرد لە دابین کردنی سووتەمەنی بۆ بەکارهێنانی کارەبا، کە ئەمرۆ کارەبا بەو فراوانیە لە هەرێمی کوردستان.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس تەواو، کاك قادر حسن کەرەمکە.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕایی بەخێرهاتنم بۆ جەنابی وەزیری کارەبا، دوو پرسیارم هەیە، یەکێکیان ئایا ڕێکخستن یەعنی هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی شێوازی وەرگرتنی پارەی کارەبا لە بەشداربوان، هەتا چەند لە ئارادایە؟، ئایا ناکرێ بە کارت بکرێت؟، دوو، هەوڵەکان بۆ تەواو کردنی بەنداوەکان گەیشتونەتە کوێ، چونکە باشترین

سەرچاوەیە بۆ وەبەرهێنانی وزەی کارەبا، لە شێوازەکانی سەرچاوەکانی تر کە بە گاز و نەوتی ڕەش و شتی تر ئیش دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك صباح کەرەمکە.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤان دوو پرسیارا ئاراستەی جەنابێ وەزیرێ دکەم، ئێك خەڵك هەست ب گرانیا نرخێ کارەبایێ دکەن، دوو، هاووڵاتییێت سنوورێ پارێزگای دهۆك هەروەکو جەنابێ تە ئیشارەت پێدای، قەرزا ساڵا 2009 و2010 ی بۆ وان بویە بارگرانیەکا مەزن، هێڤی دارین کو خەڵکێ ئەڤێ سنوورێ ل قەرزێ ساڵا 2009 و 2010ی بێتە عەفو کرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز گۆران ئازاد کەرەمکە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سوپاس بۆ وەزیر و دەست خۆشی لێ دەکەم، باسی لە ئەوە کرد کەوا سێ پایەی گرنگ بۆ مەسەلەی کارەبا گرنگە، بەرهەم هێنان و دابەش کردن و گواستنەوە، بەڵام پێموایە ئەمانە هەرسێکیان پێویستیان بە سیانە کردن هەیە، ئەوەی من تێبینی دەکەم لە مەسەلەی سیانە کردن بەعام، بەڕێوەبەرایەتی کارەبای شارەکان لاوازن، یەعنی من بەس بە نموونە کۆیەت پێ دەڵێم، هەموو بەڕێوەبەرایەتی کۆیە یەك سەیارەی سەلەی کارەبای نیە، کە تاوەکو ئێستا پێنج کرێکار مردووە بەهۆی نەبوونی ئەم ئامێرە، هەموو کۆیەو گوندەکانی دەوروبەری بە ناحیەکانیشەوە، تەنها 15 کرێکار هەیە بۆ ئەوەی لە ئیشی کارەبا بزانن، بۆ سیانە کردن، ئەمە زۆر جار گرفت بۆ تاخیر کردنی کارەبا دروست دەکات، من دەست خۆشی دەکەم لە گەیاندنی کارەبا بۆ کەرکوك، بەڵام ئێمە کۆمەڵێك بیری ئاومان هەیە لە سنووری کۆیە، لە دەشتی کۆیە، مۆلیدەکانیان ئەهلیە 157ملیۆنی دەوێ کە کارەبای حکومیان بۆ ڕابکێشرێت، کە خۆت گرنگی بەو لایەنانە دەدەی کە کارەبای ڕەئیسی بۆ بیرە ئاوەکان ڕابکێشرێت، پرسیارێکی ترم هەیە لەسەر مەسەلەی کارت، هەرچەندە مەعلوماتێکت دا ، بەڵام بزانین پلانی سەرەکی و بەرنامەی فعلی حکومەت چیە لەم بارەیەوە کە کارەبا بەو شێوەیە دابین بێت؟، چونکە پێموایە ئەمە چارەسەری ئەساسیە، ئاخیر پرسیارم مەسەلەی بەرهەم هێنانی کارەبا ئەوەی بەڕێزت باسی کرد، زیاتر پشتی بەو وێستگانە بەستووە کە سووتەمەنیان بۆ دابین دەکرێت، بەڵام ئایا ئێمە ناتوانین سود لە شتی تر ببینین؟، چونکە هەم لە ڕووی مەسرەفەوە کەمتر بێت؟، وەك بەرهەم هێنانی کارەبا لە ڕێگەی با، یاخود لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە تیشکی خۆرەوە، تاقەی شەمسی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز ئاشتی عزیز كەرەمكە.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سێ پرسیارم هەیە، پرسیاری یەكەمم، سەبارەت بەوەی كە ئیراداتی كارەبا لە كوردستان زیاد دەكات، لەبەر ئەوەی كەمیەی تاقەی كارەبا زیاتر ئەفرۆشرێت، بەلاّم لە بەرامبەر ئیستیفادە لەو ئیراداتە بە باشی ناكرێت، لەبەر ئەوەی بەشێكی زۆری لە بودجە بینیمان ئەچێت بۆ سووتەمەنی و گازوایل بۆ كڕینی كارەبا، كە ئەمە پێویستە بەدیلێك بدۆزرێتەوە یاخود پلان هەیە بۆ ئەمە؟، دوو، پرسیاری ئەو مەسادیری تاقانەی كە بەڕێزت باست كرد، تەنها باس لە كارەبا ئەكرێت، كاتی ئەوە نەهاتووە حكومەتی هەرێم بیر لە تەنویع كردنی مەصادری تاقە بكاتەوە، وەكو تاقەی شەمسی و ئەمانە كە تەمەنیان درێژترە؟، پرسیاری سێهەمم، یەكێك لە كێشەكان، كە كێشەی بۆ ئیراداتی وەزارەتی كارەبا دروست كردووە، ئەوەیە كە قیتاعی حكومی مولزەم نیە بە گەڕانەوەی پارەی فەواتیری كارەبا بۆ وەزارەتەكەی بەڕێزتان، یەعنی زۆرجار درەنگ ئەكەوێت، ئەمە كاریگەری هەیە بۆ سەر ئیراداتی كارەبا، كە ناتوانێت بە مۆڵی پارەكە بەكاربهێنێت بۆ مەشروعی تەتویر كردنی كارەبا، چیتان كردووە بۆ گەڕانەوەی ئەو پارەیە لە قیتاعە عام و خاصەكان؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، پرسیارەكان تەواو بوو، ئێستا جەنابی وەزیر فەرموو بۆ وەلاّم دانەوە، كەرەمكە.

**بەڕێز یاسین ابوبكر ماوەتی/ وەزیری كارەبا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەنیسبەت ئەو پرسیارانەی، زۆرە تەبعەن، وەرەقەكان زۆرە ئەمەش با لێرەوە دەست پێ بكەین، ئێستا بەس ببورن ناوەكان لەوانەیە هەمووتان باش نەناسم، ناوەكان نازانم تەواو نووسیومە یان نا؟، لە بیدایەتەوە دەست پێ بكەین، كاك شێرزاد وابزانم، بەنیسبەت تەكیەو ناوچە دابڕاوەكان، لەوەی كە مەشاكیلیان هەیەو تەكیەی جەباری و قادر كەرەم و ئەمانە، بەڵێ ڕاستە ئەو موشكیلەیەمان هەبووە، بەلاّم لە پلانی ساڵی 2011 دانراوە، كە دانانی ئۆڤەر هێت لاینێك لە چەمچەماڵەوە بۆ تەكیەی جەباری و قادر كەرەم، كە 50 كیلۆمەتر بە 12 ملیار دینار ئەم پڕۆژەیە ئەچێتە ژێر بواری جێبەجێ كردنەوە، ئەو موشكیلەیە لەو مەنتیقەیە نامێنێت، بەنیسبەت كارەبای دوكان و دەربەندیخان، تەبعەن ئەوە كێشەیەكی پێشترە، ئێمە ئەگەر بێت و بێین باسی مەشاكیلەكانی وەزارەتی كارەباتان بۆ بكەم، لەوانەیە چەند

هەفتەمان پێویست بێ بۆ ئەو وردەکاریانە، هەشت سەدو هەشتاو نۆ هەزار موشتەریکی کارەبا هەریەك بە جۆرێك موعاناتێکی هەیە، یەعنی ئێمە نالێین هەموو شتێك ئۆکەیەو هەموو شتێك تەواوە، مەجموعەیەك مەشاکیلی کەڵەکە بوو هەیە، کە ئەمە پێویستی بەوەیە کە هەمووی چاك بکرێت، ئێمە پلانمان وایە، هەم موراجەعەی ئەوانەی پێشوو دەکەینەوە، هەم بۆ داهاتوومان دەڕوانین کە پلانەکانمان بخەینە بواری جێبەجێ کردنەوە، بۆ نموونە، ماوەیەکی درووردو درێژ کارەبای دوکان بەردەوامە، کارەبای دەربەندیخان بەردەوام نیە، وا هاتووە، بەڵام باسەکەی چیە؟، دوکان مێگاواتەکەی کەم بووە، دەربەندیخان مێگاواتەکەی زۆرە، ئێمە هەوڵمان داوە دەربەندیخان وە چەمچەماڵ، بە حوکمی بوونی محەتەکە کە خەڵکی ناوچەکە هەمووی داوای دەکەن، چەند کاتژمێرێك یان چەند فەرقێکی هەبێ لەگەڵ تەواوی ناوچەکانی تر، لە ڕوانگەی بڕیارەکەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئێمە کە ئێستا کاری بۆ دەکەین بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، هیچ کەس کارەبای بەردەوامی نابێ، خەڵکی دوکانیش وەکو دەربەندیخان و وەکو هەولێر مەحەتە لەوێ بێ یان لەوێ نەبێ، ئەوە عیلاقەی بە مەوزوعەکەوە نیە، دەربارەی ناوی چەمچەماڵ کە خەڵکی چەمچەماڵ زۆر حەزیان لێی بوو مەحەتەکە ناوی چەمچەماڵ بێ، ئێمە زۆرجار چەمچەماڵ بەکاردێنین، زۆرجار سلێمانی بەکاردێنین، لە ڕەسمیات سلێمانی غازی دانراوە، ئەوە وەك لە پێشان کراوە پەیوەندی بە کاری منەوە نیە، بەس ئەزانم ناویش موشکیلەیەك نەبێ لەسەر هین، بەڵام دەکرێت خەڵکی چەمچەماڵ بە حوکمی بوونی ئەو موحەتەیە هاوکاریەکی زیاتریان بکرێت، بەنیسبەت کاك کاردۆ، من زۆر باش لە پرسیارەکە تێنەگەیشتم، لەسەر مەوزوعی میزانیەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، هەروەها میزانیەی پلانی وەزارەتی کارەبا، عەدەدی پڕۆژە، وەکو عەدەد یەعنی لەگەڵ خودی پڕۆژەکان جیاوازی هەیە، پڕۆژە هەیە بە بیست و پێنج ملیۆن دۆلار جێبەجێ دەکرێت، کە پێی ئەڵێین یەك پڕۆژە، پڕۆژە بۆ ڕاکێشانی کارەبا بۆ گەڕەکی تازە، کە سەد ملیۆن دیناری تێ دەچێت، ئەویش ناوی پڕۆژەیە ، بۆیە جیاوازی عەدەدەکان لە بودجەی پەرەپێدان کە ئەوەندە پڕۆژە بەعەدەدێکی زۆر جێبەجێ دەکرێت، لە بودجەی پلانی وەزارەتی کارەبا عەدەدی پڕۆژەکان کەمە، ئەمە مەوزوعەکەیەتی، لەبەر ئەوەی هەموو پڕۆژەیەك بە پێی دەرخستەو بە پێی حەجمی خۆی، ئێمەش بۆیە تەرکیزمان خستۆتە سەر پلانی ئەمساڵمان، کە لە بواری وێستگەکان و گواستنەوەی وزە کاربکەین، تاوەکو ئەو موشکیلە کەڵەکە بووەی کە هەمانە کە هەموو ناوچەکان پێوەی دەناڵێنن، چ ئەوەی ئۆڤەر لۆدی هەیە، چ ئەوەی موشکیلەی ڤۆڵتی هەیە، ئەوانە هەموو چارەسەر بکەین،  ئێمە موسڵ و کەرکووك، قسەکانم هەمووی بە وازحی کرد، بەهیچ جۆرێك هیچ پارەیەکی حکومەتی هەرێم بۆ وەزارەتی کارەبای هەرێم نایدات بۆ ئەو مەوزوعە، یەعنی نە پارە ئەدات، وە نە تەئسیری هەیە لەسەر بوونەوەی کاتەکانی کارەبا، ئەمە بار قورسیەکە وەزارەتی کارەبای هەرێم خستویەتیە سەر شانی خۆی، لە ئیدارەو تەشغیل و کۆنترۆڵ کردنەکە، بە بەکارهێنانی ئەو هێڵانەی کە هەیە، ئەو تەولیدەی کە یەکێك پرسیاری کرد، نازانم ناوەکەی بەڕێزیان چی بوو، مەوزوعی دوبزیش، بەڵێ، لەناو ئەو محەتیەیە کە تەزامن دەکات لەگەڵ کارەبای ئێمە، لەبەر ئەوە من دڵنیاتان دەکەمەوە هیچ

پارەیەك لەهەرێم دیاری ناكرێت، بۆ ئـەوەی كارەبـا بـدەین بـە كـەركووك یـان موسـڵ، ئێمـە ئیسـتیعدادمان دەربڕیوە، وەكو جانبی فەنی ئامادەین هاوكاری بكەین، ئەگەر وەزارەتی كارەبا ئەو هاوكاریە فەنیـە نـەكات، بەدڵنیاییەوە من پێتان دەڵێم ئەو پرۆسەیە بە هیچ جۆرێك سەرناگرێت، یان دەبێ بچن مەحەتـەكان لای خۆیـان دابنێـنن، كـە ئێسـتا وەزعـی عـیراق دەبیـنین ئـەو هـەموو موعاناتـە هەیـە، تـاوەكو ئێسـتا هـیچ حەرەكەیەك لەسەر مەوزوعەكە نیە، بەو شێوەیە، لەكاتێك گوندەكانمان هەن كارەبایان نەگەیشتۆتێ، ئـەوە بەستراوەتەوە بە میزانیەی كارەباوە، یەعنی نەبەستراوەتەوە بەوەی كەركووك و موسڵەوە، ئێمە وەكـو وتم هیچ پارەیەك سەرف ناكـەین، مـەوزوعی گونـدەكان، بەرنامـەی ئێمـە وایـە كـە تـەواوی ناوچـەی كوردسـتان ئاوەدان بكەینەوەو ڕووناك بكەینەوە، بەڵام ئێمە بە ئەولەویات بۆ ئیشەكان كاری بۆ دەكەین، پێشان گلەیی لەسەر جۆرێك لە پڕۆژەكانی گواستنەوە كراوە ، دابەش كردن كراوە، منیش ئیعتیرافـی پـێ دەكـەم ، پێشـان ئەوە هەبووە، بەس ئێمە دەمانەوێ ئەمانە هەموو چاك بكەین، چونكە مەجموعەیەك هەڵەو كـەم و كـوڕی و بەكارهێنانی مواسەفاتی خراپ و ئەمانە، لەتۆڕی كارەبای هـەرێم دانـراون، بەشـێك لێپرسـینەوە نـەبووە، بەشێك ئیشەكە وا ڕۆیشتووە، بەشێك موشكیلەی زۆر گەورە هەبووە لەوەی چەند سەعاتێك كارەبا هەبووە، بیریان لەوە نەكردۆتەوە كە بچن شتی گەورەتر بكەن، ئەمـە هـەمووی كـاری وەزارەتـی كارەبایـە بـۆ ئـەوەی مەنزومەیەكی سـەلامەت، كارەبایـەكی گونجاو بگەیەنێتـە دەسـتی هاووڵاتیـان، بەنیسـبەت وەزارەتـی سـامانە سروشتیەكانەوە، لەوەی كە پرسیارەكان تەقریبەن چەند بەڕێزێك ئەو پرسـیارەی كـرد، مـەوزوعی سـامانە سروشتیەكان، كاری زۆر گەورەی كردووە، مەوزوعی دابین كردنی غاز بۆ وێستگەی سلێمانی غـاز و هـەولێر غاز كە بە غازی سروشتی كار دەكات، ئەگەر ئـەو غـازە نەبوایـە ئێمـە بـەس بـۆ ئـیش پـێ كردنـی ئـەو دوو وێستگەیە، پێویستیمان بە یەك ملیارو نیو دۆلار هەبوو، یەعنی ئەوە ڕەقەمێكە بە عەدەدی لیتر و ئەوانـە ئەتوانین بۆتان شی بكەینەوە، كە ملیارو نیوێك دۆلاری تر ئیزافەتەن لەسەر بودجـەی تەشغیلی وەزارەتـی كارەبا دابین بكرێت، بەڵام ئێستا ئەو ملیارو نیوە ئێمە نـادەین، لەبـەر ئـەوەی غازەكـە غـازی خۆمانـە، ئـەو گرێبەستەی حكومەتی هەرێم لەگەڵ كۆمپانیای دانە غاز كردوویەتی، ئێستا لە هـەوڵی ئـەوەداین ئینتـاجی غاز زیاد بكرێ، بۆ ئەوەی بتوانین ئەوەی دهۆكیش لە خۆیەوە بگرێت، ڕاكێشانی بـۆری لـە كۆرمـۆرەوە یـان لـە وێسـتگەی هـەولێری غازیـەوە، بـۆ دهـۆكی غـازی بـۆ مەنتیقـەی مەحەتـەی كاشـێ، ئـەوە پەیوەنـدی بـە وەزارەتـی سـامانە سروشـتیەكانەوە هەیـە، ئێمـە هـەر لەگـەڵ بـەردی بناغـەی مەحەتـەی دهـۆك ئاگـاداری وەزارەتی سامانە سروشتیەكانمان كردووە، چەندین جار نووسراومان كردووە، لە پلانـی خۆیـان دایـان نـاوە، كە ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ بكەن، دیارە هەڵبەت بەستراوە بە زیاد كردنی غاز لە وێستگەی كۆرمـۆنی غـازی، بەس ئەوەی كە ئێمە گوێ بیستی بووین لە وەزارەتی سامانە سروشتیەكان هەواڵی زۆر خۆش هەیـە لـەوەی كە غاز لە چەندین ناوچـەی تردۆزراوەتـەوە، كـە ئێمـە موسـتەقبەلەن دەتـوانین بـۆ دروسـت كردنـی پێـنج هەزار بۆ شەش هەزار مێگاواتی تر كارەبا بە سووتەمەنی غازی سروشتی نەوەك هەرێمی كوردسـتان، بگـرە بتوانین كارەبا بفرۆشین بە دەرەوەی هەرێمیش، مامۆستا بەشیر ڕوونكردنەوەو پرسیارێكی جوانی هـەبوو،

بەڕاستی ئەو تەنسیقە لەگەڵ ئێمەو وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی ئەوقافدا نیە، من چەند جار بیرم لەوە کردۆتەوە کە پێویستە مامۆستاکانی ئاینی، پێویستە مامۆستاکان لە مەکتەبەکانا تەوزیحات بدەن لەسەر بەکارهێنانی کارەبا، لە ناحیەی دینیەکەیەوە ئەو ئیسرافە، لە ناحیەی ئەویتریشەوە مامۆستا لە ئیبتدائیەوە ئەگەر مناڵ ئاوا پەروەردەبێ، وەکو چۆن ئەبینی مناڵێك لە دەرەوە قەت ئامادەنیە لەسەیارەکەوە شتێك فڕێداتە دەرەوە، ئێمە گەورەکانمان فڕێی ئەدەنە دەرەوە، ئەوە لە بچووکیەوە ئەبێ تەربیەت بکرێت و کاری لەسەر بکرێت، ئەوە ئێمە زۆر خۆشحاڵین بەو ڕوونکردنەوەیە کاری لەسەر دەکەین، بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێ لەسەر کەم بوونەوەی بەکارهێنانی کارەبا، مەوزوعی ئەو مەفتوعی حەوت سەدو پەنجا وات، ئەمە پڕۆژەیە ئێمە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانمان کردووە، لەگەڵ لیژنەی پیشەسازی و وزە گفتوگۆمان لەسەری کردووە، ئەم پڕۆژەیە مادام وایەو هەموو قەناعەتمان پێیەتی بۆ یەکسەر ناچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەمە پرسیاری یەکێك لە بەڕێزەکان بوو، من نەمزانی ناوی چی بوو، ئەمە تەبعەن ئاسان نیە جێبەجێ کردنی ئەم پڕۆژەیە، ئەم پڕۆژەیە ئێستا ئێمە زەمینە ساز دەکەین بۆ ئەوەی ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ بکەین، من بە کورتی باسی ئەوەتان بۆ دەکەم، ئێستا کارەبا چۆن دەگاتە ماڵان، پێوەرێکی میکانیکی لە ماڵێك دانراوە، کە دەسوڕێتەوە، وەکو عەدادێك ئەو ڕەقەمانەی کە دەیبینی لەسەر پێوەرەکە هەیە، ئەبێ عەدادێك هەستێت بێت ئەمە بخوێنێتەوە، ئەگەر یەکێك کێبڵەکەی لە ژێر سەعاتەوەو لەژێر دیوار دفن کردبێ، ئەگەر لەو دیوەوە چەمپەری دابێ و کارەبای دزیبێ، ئێمە نازانین لەو دیوی شتە نادیارەکانەوە چی هەیە؟، ئێمە لەسەر محاویلەکان نیمانە بتوانین بڵێین ئەم پەنجا ماڵە ئەوەندەی سەرف کردووە، محاویلەکە میتەری نیە، لەبەر ئەوە سیستەمەکە سیستەمێکی کۆنە، پێویستیمان بە دامەزراندنی سیستەمێك هەیە، کە ئەم شتانە هەمووی لەخۆی بگرێ، ئەمانە چین کە لەخۆیان دەگرێ، یەکەم بریتیە لەوەی کۆنترۆڵ کردنی سەد لەسەدی هەموو ئەو دزیو تەجاوزانەی کە هەیەو لەنادیاریشدا دەیکەن، لەبەر ئەوەی ئێمە لە فیدەرێکەوە کۆنترۆڵی فیدەرەکە دەکەین، کۆنترۆڵی محاویلەکان دەکەین، کۆنترۆڵی موشتەریکەکان دەکەین، ئێمە بە ئۆن لاین ئەوانە دەخوێنینەوە ئێستا لەم کاتەدا ماڵێك چەند سەرف دەکات، ئەگەر هەر ماڵێك هەر موشتەریکێك بیەوێ تەجاوز بکات لەسەر کارەبا، یەکسەر دەزانین، ئەمە ئەو پڕۆژەیە کە ئێمە ئیشی لەسەر دەکەین، ئێمە یەك ساڵێك زیاترە کار لەسەر دامەزراندنی ئەم سیستەمە دەکەین، سیستەم گۆڕین کە یەکپارچە سیستەمی هەرێم هەمووی بگۆڕی، وابزانم ئەوەی ئەگەر لە پسپۆڕەکان بپرسی کارێکی ئاسان نیە، ئەگەر کارێکی ئاسان بوایە دەبوایە هەموومان بدرێینە مەحکەمە، بۆچی تا ئێستا نەمان کردووە؟، ماوەی چەند مانگە ئێمە خەریکین بە هاوکاری کۆمپانیایەکی بەریتانی کە ڕاوێژکارە لەگەڵ وەزارەتەکەمان، بۆ ئامادەکردنی تەندەرەکە، هێشتا تەندەرەکەمان پێ ئامادە نەکراوە، لەبەر ئەوەی کارەکە کارێکی زۆر حەساسە، بریتیە لە گۆڕینی سیستەمەکە، ئێمە دەمانەوێ ئەو سیستەمە بگۆڕین، لەو سیستەمە میکانیکیەوە، لەو میکانیزمە کۆنەوە، بۆ سیستەمێکی پێشکەوتوو، وە ئۆن لاین کە کۆنترۆڵ کردن و تەجاوز ودزی و هەتا پارەنەدان، لەناو

تەندەرەکە لەناو ئەو گرێبەستە دەکەم، کە سۆفت وێرەکەی ئەسڵەن وەزیری کارەبا دەسەڵاتی نەبێ، ئەگەر یەکێك پارەی نەدا کارەباکەی با بدەینەوە، قەیناکە، با خاتری ئەو بگرین، دامان ناوە کە وەزیـری کارەبـاش دەسەڵاتی نەبێ، وەکو ئەو کارتەی کە تۆ لە مۆبایلەکەت شەحنی دەکەیتەوە بەو شێوەیە بێ، هـیچ کەسـێك موشکیلەی ئەوەی نەبێ کە ئایا شەش مانگ جارێك وەرەقەی بۆ دەڕوات، یان هەشت مانگ جارێك، یـان هەیە ساڵێك وەرەقەی بۆ ناڕوات، موعاناتێکی زۆر زۆرمان هەیە بە دەست ئەوەوە، یان ئەچێ عەدادەکەمان لە دەرگات ئەدات و بەلام ماڵەکە لەوێ نین، جارێکی تر دەچێتەوە ماڵەکە هەر لە وێ نین، چی بکات باشـە نایخوێنێتـەوە، کـە نایخوێنێتـەوە جـارێکی تـر دێتـەوە سـەیر دەکـات خوێندنەوەکـەی بۆتـە دووقـات، ئەمـە موعاناتێکی زۆر زۆرن، ئینجا عەدادەکانی ئێمە خەریجی چین، ئێمە نیمانە بچین هەمووی خەڵکی فـەنی و خەریجی مەعهەدو سـەناعە بێـنین بڵێین کاکە ئـەوە بکـە، تێیدایـەتی شـەهادەی سـێی متەوەسـتەی هەیـە، ئەچێ لەماڵ نیە، ئەچێ ڕەقەمەکە ئەخوێنێتەوە، غەڵەت ئەیخوێنێتەوە، موعاناتێکی زۆر گەورەمان هەیە، ئینجا سەرلەنوێ ئەمە هەڵەیە، وەرە هەڵەکان چاك بکەوە، هەڵەی کۆمپیوتـەرمان هەیـە، هەڵـەی ئـەوەمان هەیە کە کابرا نەچووە بۆ ماڵەکان، لە خۆیـەوە ڕەقەمەکـەی نووسـیوە، یـەعنی تێبینـی دەکـات دەڵـێ ئەمـە دراوسـێکەی زۆری بۆهاتۆتـەوە، ئەسـڵەن ئـامێری نیـە، ئەمـەی تـر هینـی هەیـە، موعانـاتێکی زۆر زۆر لـە فرۆشتنی وزە هەمانە، من حەزم نەکرد سەری جەنابتانی پێوە بێشێنم، کۆی ئەمانـە هـەمووی وەزارەتـی کارەبا، بەرنامەمان وایە کە ئەمانە هەمووی چاك بکەین، ئەمانە هەمووی بەچی چاك دەکرێت، بریتـی یـە لـە پـڕۆژەی پێـوەری زیـرەك لـە ڕێگـەی کـەرتی تایبـەت، لـە دامەزرانـدنی سـەعاتەکەوە، لـە نـەقڵ کردنـی مـەعلومات لـە سـەعاتەکەوە بـۆ محاویلەکـە لـە ڕێگـەی خـەتی کارەباکـەوە دەبـێ، لـە مەحاویلەکـەوە بـۆ مەرکـەزەکانمان کـە سـێ مەرکـەز هەریەکـە لـە شـارەکان دروسـت دەکـەین، بـە (جـی.پـی.ار.ئـیس) دەبـێ، ئیتیسالاتی لاسلکی دەچێتە سێرڤەرەکان، لە سێرڤەرەکان داتا بەیس ئیشی خۆی دەکات، نەماندوو دەبێ نـە برسی دەبێ، نەخزمایەتی و نە حزبایەتی و هیچ شتێك ناناسێ، ئالەیەو کۆمپیوتەرە بە پێـی سیستەمێکی زۆر پێشکەوتوو کار دەکات، ئەو جۆرە میتەرانە چین کە ئێمە دەمانەوێ بیهێنینە سیستەمی وڵاتی ئێمەوە، ئەمەش ئاسان نیە، شەریکە هەیە بەهار بۆ ئێمە دێنێ، هێشتا لەوانەیە چلەی زستان بێ، ئێمە بـۆ ئـەوەی خۆمان تەسلیمی ئەوە نەکەین کە شتی خراپ و گەندە بهێنینە ئەم وڵاتەوە، لەبەر ئەوە مەیدانیەن، چەند وڵاتێك ئێمە بۆخۆمان گەڕاوین بۆ تەماشاکردنی ئەو پڕۆژانە، ئەو کۆمپانیایانە قبوڵ ناکـەین کـە عـەدەدی زۆری لەو پێوەرە دانەنابێ، ئەو کەسانەی کە عەدەدی زۆریان هەیە لە سوید، لە ئـەورووپا لـە هـەر شـوێنێك لە ئەمەریکا، ئێمە ئەوانە دێنین موناقەسە بکەن، تا ئێمە دڵنیابین ئەو پێوەرەی کە دێ، بۆ ئێمە پێوەرێکی باشە، ئەمە لەسەر فرۆشتنی وزە، وابزانم کولەن باسی تەختیە دەکات، ئـەو هەلانـەی کـە هەیـە، هەنـدێجار موراجەعە دەکەن هەڵەکان کەم دەکرێتەوە، ئایا ئەمە چیە؟، بۆچی وا زۆر هاتۆتەوە؟، دوای ئەمـە ئەوەیـە، وەکـو وتم چـەندین ئەسـباب هەیـە بـۆ ئـەوە کـە موراجەعـە دەکرێتـەوەو چـاك دەکرێـت، بەنیسـبەت پرسیارێکی موشتەرەکیش لەبەینی هەمووان، کەی ئێمە تـەواو دەبـین، کـەی ئێمـە دەگـەین بـەو ڕۆژەی کـە

ئاواتمانە کارەبای بەردەوام بیست و چوار سەعاتمان هەبێ، ئەمە من ناتوانم ئەو ڕەقەمە لێرەوە یەکسەر بڵێم، بۆچی ناتوانم؟ لەبەر ئەوەی من پێویستیم بە پارەیە، من پێویستیم بە پارەیە هەیکەلەکەم کە محەتاتی تەولیدە، ئەبێ دروستی بکەم، بۆ ئەمە، ئێمە ئێستا لەبەرنامەمانە ئەگەر سووتەمەنی غازمان نەبێ، ئەبەدەن نابێ بیر بکەینەوە لەوەی گازوائیلی تر دابنێین، چونکە لە عالەمدا ئیش کردنی محەتەیەك بە گازوایل تەشغیلێکی ئیقتیصادیانە نیە، لەبەر ئەوەی کولفەیەکی زۆر گەورە لەسەر حکومەت دەوەستێ، ئەوە بەس بۆ ئێمێرجنسی و بۆ ئەو حاڵەتانەیە، بەس ئێمە لە ناچاریان ئێستا محەتەی دهۆك بە گازوایل ئیش پێ دەکەین، ئێمە پێویستیمان بە غازە، ئێستا وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ئیعلانی کردووە لەوەی کە غاز هەیە، بە ئێمەی ڕاگەیاندووە، ئێمە ئیعلانێکمان ئامادە کردووە، ناردوومانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، لە ئایندەیەکی نزیك دوو هەزار مێگاوات ئیعلان دەکەین، تاوەکو کۆمپانیاکان بێن مونافەسە بکەن، بۆ ئەو ناوچانەی کە هەمانە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو نەقسە پڕ بکەینەوە، لە کاتێك بەرزترین پێداویستی لە هەرێم چەندە؟، وەساڵانە بە لایەنی کەمەوە لە 10٪ گەشە دەبێ بۆ ئەو لۆدەی کە بەکاردێت، هەروەها ئەو پرۆژانەی کە لەلایەن وەبەرهێنانەوە لەڕێگەی قانونی ژمارە (4) ی ساڵی 2006 ی ئیستیسمارەوە دێ بۆ هەرێم، کە ئەوە نادیارن من نازانم، سبەینێ کۆمپانیایەك دێ دەڵێ مەعمەلێکی ئاسن دائەنێم حەفتا مێگاوات، قانونی ژمارە چوار، ئەڵێ تا سیاحی پرۆژە بێ، حکومەت ئەبێ کارەبای بۆ دابین بکات، ئەو قانونە لە پەرلەمان دەرچووە، ئەبێ ئێمە مولەزەم بین جێبەجێی بکەین، ئەمە بار قورسیەکی گەورە دەخاتە سەرشانی ئێمە، کە وامان لێ دەکات ئێمە نەتوانین زووتر بەو نوقتەیە بگەین، بەس بە تەئکید ئەگەر سیستەمەکەی ئێمە باسی دەکەین، لە ڕووی دابین کردنی بودجەوە ئێمە دەتوانین بە ڕوونی و بە وازحی بڵێین کەی، هاوسەنگی دەربارەی لەسەر بژێوی هاووڵاتیان ئەوەی کە باسم کرد ئەو تەساعدیە، ئەوە بۆخۆی ئێستا کە پیادە دەکرێ، ئەوە هاوسەنگیەکە بۆ مەوزوعی لەسەر بژێوی هاووڵاتیان، ئەوەشی کە ئێمە تەرحمان کردووە حەوسەدو پەنجا مێگاوات، ئەوەش دەعمە بۆ ئەوانەی کەوا دەخلیان کەمە، ئەوانەی کە دەخلیان زۆرە نیسبەتەن بە پێی سەرفیاتەکەو، نیسبەتەن بە پێی ئەو ئامێرە زۆرانە، ئەوانیش پارەی زیاتر دەدەن، هۆکاری نەدانی کارەبا لەلایەن عیراقەوە باسی میزانیەنی سیادی، تەبعەن میزانیەی سیادی دوو فەقەرەی تێدایە، بریتی یە لە کڕینی کارەبا لە وڵاتە دراوسێکان، ئەمە لە میزانیەی سیادیە، هەروەها دابین کردنی سووتەمەنی لە وێستگەکانی بەرهەمهێنان، میزانیەی سیادیە، بۆ ئەو بڕەی کە بە ئیتیفاقی بەینی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کارەبای عیراق دیاری دەکرێت، بەداخەوە هیچ وەختێك ئەوان نەهاتوون لەگەڵ هەرێم پێداویستیەکانی ئێمە دابین بکەن، لە چوونی من بۆ بەغدا، داوای ئەوەم کرد کە پارەیەك تەراکومی کردووە کە ساڵانە سەدو دوو ملیار دینارە، لە 2006 وە پارەی وێستگەکانی سووتەمەنی نەدراوە، ئێمە داوای ئەو پارەیە دەکەین، مع العلم ئێمە هەموو ساڵێك لەکاتی خۆیدا چەندین نووسراو، چەندین جار موحاسیب و مودیری حیساباتمان ناردووە، بەلاَم بێ ئیستیفادە بووە، هەتا لە 2010 وتمان ئەوانەی پێشوو ئەوە ئەڵێن ڕۆیی، بەس ئەمساڵ، وتیان باشە سووتەمەنیتان بۆ دابین

دەکەین، وەرن محەتە تەولیدیەکانی ئێوەش بخەنە گەر محەتە تەولیدیەکانی عیراق، ئێمەش سووتەمەنیان بۆ دابین دەکەین، مێگاواتەکەی بۆ هەموومان بێ، کەواتە لەوسەرەوە هەرێمی کوردستان زەرەر دەکات، لەبەر ئەوەی ئێمە وازمان لێی هێناو، وتمان کاکە گیان ئەوەش هەر لێی گەڕێن، ئێمە بۆخۆمان دابین دەکەین و موشکیلە دروست ناکەین، بەنیسبەت کاك شێردڵ، ئێمە مەوزوعی تەئخیر بوونی ئەو وەسڵانەی بۆ حیساباتی موشتەرکین دەچێت، بەهیچ جۆرێك ئەگەر شەش مانگیش بێ، شەش مانگەکە لەسەر سعرەکە زۆرە، حیساب ناکەین، شەش مانگ تەقسیمی شەشی دەکەین، کیلۆ واتەکە چەندەو، چەندی بەبەردەکەوێت بەو شێوەیە، ئەگەر هەر کەسێکیش ئەو حیساباتەی بۆ کرابێ، ئەوە هەڵەیە دەبێ موراجەعە بکات، کە ئێمە دەبێ مەوزوعی تەئخیر بوونەکە، قورساییەکەی نەخەینە سەر هاوولاَتی ، ئەگەر شەش مانگەکەی بۆ حیساب بکەین، ببێتە 200 دینار، دەیفەوتێنێ، بەلاَم ئەگەر تێبینی بکەی ئەو رەقەمە تەقسیمی شەش دەکرێ، هەروەها لەسەر ئەو ڕەنجانە حیساباتی بۆ دەکرێت، بەنیسبەت کێبڵی ژێر زەوی، خۆش بەختانە ئێمە ئەوەی کە ئێستا بەکاری دێنین، بۆیەکەمین جارە ئێمە ئەو کێبڵی ژێر زەوی جێبەجێ دەکەین، ئەویش بریتیە لەبەکارهێنانی درێلێك، ئێمە جادە قەتع ناکەین، ئێمە کێبڵی ئازادی جادە قەتع کرنی تیا نیە، هەر سێ سەد مەتر، چوار سەد مەتر مەنهۆلێك دروست دەکەین، فەقەد لە مەنهۆلێکەوە بۆ مەنهۆلێکی تر، پێویستیمان بەو هەیە ئێریایەکی کەممان دەوێ، باقیەکەی تری هەمووی بەدرێلەو بە ئەجهیزەی پێشکەوتووە کە ئەو کارە دەکەین، ئەوەی سلێمانیش هەر بەرنامەمان وایە بەو جۆرە جێبەجێی بکەین، بەنیسبەت کاك احمد ئایا بیست و دوو سەعات و یانزە دەقە بەرنامەی هاوین هەروایە، بە هەقیقەت هاوین زۆر زەرورە، کە زۆرترین کارەبا، هەموو پلان و بەرنامەی وەزارەتی کارەبا وابێ کە خزمەتی هاوولاَتی بکات لە هاوین، لەبەر ئەوەی قابیلی چارەسەر کردن نیە، لە زستان لەوانەیە بڵێین بەنەوت دەتوانێ خۆی گەرم بکاتەوە، بەلاَم لە هاوین ناتوانێ، بۆیە ئێمە قورسایی خۆمان و هەموو سیانەکانی خۆمان و هەموو بەرنامەیەکمان بۆ ئەوەیە کە هاوین باشترین بەرنامە بدەین، ئێمە بەرنامەمان وایە بۆ مانگی حەوتیش بەردەوام بین، ئێمە بەتەمای بیست سەعات بووین، وەکو ئەوەی کە باسم کرد ئێمە دوو سەعات زیادمان داوە، لە ئەسڵی بەرنامەی خۆمان بیست سەعات بووە ، مانگی حەوت و هەشتیش ئێمە هەر بەردەوام دەبین لەسەر ئەو بیست سەعاتە، بەتایبەتی کە ڕەمەزان دەکەوێتە 8/1 وە، گرنگیەکی زۆریشمان داوە بەمە، ئاستی بەردانەوەی ئاومان گەیاندۆتە دەرەجەیەکی زۆر کەم، هەڵمان گرتووە بۆ مانگی حەوت و هەشت، بۆ ئەوەی کە بتوانین لێرە تەختیەی ئەوەی پێ بکەین، باشترین کارەبا بدەین، تەجاوزی ئیجرائات، بەڵێ بە تەئکید بەردەوام ئێمە خەریکی ئەو کارەین، بەلاَم لەوەی کە توانیبێتمان بنەبڕی بکەین و بگەین بەوەی کە ئێمە دەمانەوێ، بەدڵنیاییەوە نەخێر، ئێستاش بە بەردەوام ئێمە ئیش لەسەر ئەوە دەکەین، ئێمە مەوزوعی پرۆژەی پێوەری زیرەك، یەعنی کولەن هەموو ئەو موشکیلانە چارەسەر دەکات، هاوولاَتیەك ناچێ لە فرۆشتنی وزە لای ئێمە بیست کەس سەرەی گرتووە، بچێت ئەوە وەزارەتی کارەبا بکات، تا ئێمە ئەو قەرزانە بکەین بە پرۆژە، مەوزوعی بۆڕی غازی دهۆك باسمان کرد،

مەوزوعی تەولیدی ئێمە، یەعنی ناتوانین بڵێین تەولید جێگیرەو، لەسەر رەقەمێك دادەنێین هەر بەو شێوەیە، ئەوە باسێکی فەنی و عیلمی بەحتە لەوەی کە مەوزوعی (لۆت فلۆم) و مەوزوعی دابەزینی ئینتاج و مەوزوعی پێداویستی لە شەودا ئێمە دەگەینە حاڵەتی وا کە هەموو تەواوی هەرێم هەیە، بەلاّم سەد مێگاواتیش زیادە، ئەو سەد مێگاواتە من ناتوانم بەرهەمی بێنم، کارەبا ئەگەر بەرهەم هات، دەبێت یەکێك بەکاری بێنێت، کەواتە ئەگەر یەکێك بەکاری نەهێنا، رەئەسەن بۆ خۆی تەولیدی ئەو وێستگەیە دادەبەزێت، لە هەموو ولاّتێك پێویستە بەرزترین پێداویستی ئەو ولاّتە، ئەو هەرێمە چەندە زائیدەن لە 10٪ی ئەو بەرزترین پێداویستیە دەبێت مەوجود بێت، بۆ ئەوەی ئەگەر وەحدەیەك لە کار دەرچوو یەکسەر هاوولاّتی بڵێت ئەی خەڵکینە ئەو کارەبایە بۆیە بڕا، ئەو وەحدەیە تێکچوو، نابێت، وەحدە دەرچوو، خەت کەوت، دەبێت کارەبا هەر بەردەوام بێت، ئێمەش لەسەر ئەو پلانە دەمانەوێت ئیش بکەین.

پرسیاری تر، ئەوەی بودجەی سیادیمان جواب دایەوە، داهاتەکەمان کەمە، فیعلەن کە دەیبینین داهاتەکە لەچاو ئەو مەساریفەی کە وەزارەتی کارەبا دەیکات زۆر کەمە.

پرسیارێکی تر کاك دانا کردی، مەوزوعی ئەو پلانەی کە ئێمە لە گواستنەوە دامانناوە بەردەوام دەبین، بۆ ئەوەی تەختیەی هەموو ئەو مەشاکیلانەی ئۆڤەر لۆدو مەشاکیلی ڤۆڵتیەو مەشاکیلی رۆیشتن و رۆشتنی لۆد لەسەر هێڵەکانی گواستنەوەی وزە چارەسەر بکات، چونکە ئەگەر ئەمانە نەکەین، ئەسڵەن کارەبا ناگاتە دەستی هاوولاّتیان، بۆیە هەتاوەکو ئەمە تەختیە نەکەین، ئێمە پارە بۆ شتی تر دابین ناکەین، پارە دەبێت بۆ گرنگترین دابین بکرێت، ئینجا بۆ گرنگ، ئینجا بۆ ئەوەی تر کە ئاسایی بێت.

بەنیسبەت دەعمی کشتوکاڵەوە، وەزارەتی کارەبا لە بەرنامەی داهاتوو پیاچوونەوە بە نرخەکانی بکات، لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵیش داوایان کردووە، کە ئەو دەعمە کەمەو، پێویستیان بە دەعمی زیاترە، ئێمە دەعمی کشتوکاڵی کە باسی دەعم دەکەین، کەواتە دەبێت بیر لە زیاد کردنی بودجەی وەزارەتی کارەبا بکەیەوە.

پشتیوانی حکومەت بۆ ناوچە دابڕاوەکان، ئێمە بەنیسبەت ئەو ناوچانە هەمووی موهتەمین بۆیان، بەلاّم هەموویان بودجەیان دەوێت.

بەنیسبەت مەخمورو خانەقینەوە، کە هەردووکیان وەزعیان خراپە، ئێمە بودجەی نزیکەی بیست ملیار پێداویستی ناوچە دابڕاوەکان هەیە لە دهۆکەوە تا دەگاتە مەنتیقەی سلێمانی، تا دەگاتە خانەقین، هەموو هەر موحافەزەیەك چەند مەنتیقەی دەکەوێتە سنووری، ئەوانە هەمووی پێویستی بە (220) ملیارە، دروست کردنی هێڵی راکێشانی هێڵی (132) کەیڤی تیایەو، مەحەتەی (132) کەیڤی تیایە، کە ئەمانە هەمووی بە پارە دەکرێن، من لە کاتێکدا پارەم نییە تەواوی گوندەکانی تر، تەواوی گەڕەکەکانی ناو سلێمانی، یان ئەو گەڕەکە تازانەی کە دروست دەبن ئیستیعاب بکەم، لەبەر ئەوە ناتوانم پارە بۆ ئەویَ دابین بکەم، ئەسڵ وایە جاریَ من ئەوە بکەم، بەلاّم وەکو دەعمی حکومەت لە دەرەوەی میزانیەی وەزارەتی کارەبا، کە ئومێد دەکەین ئەگەر میزانیەی تەواوکاری هەبێت، یان هەر شتێکی تر هەبێت لە حکومەت

ئاوڕێك له ناوچه دابڕاوەكان بدرێتەوەو ئەو پارانه بۆ ئێمه دیاری بكرێت، ئێمه دەتوانین خزمەتی ئەوان بكەین و كارەبایان بگەیەنینێ.

مەوزوعی ئەوەی تا ئێستا ده ئەمپێری ماوه، بەڵێ راسته، ئەمەی پرۆژەكانی گواستنەوەی ئێمه بریتیین له چارەسەر كردنی ئەو ده ئەمپێرانه، له گەڕەكێك له سلێمانی كه فیدەرەكەی ئۆڤەر لۆدەو بارەكەی زۆر قورسه، كه نەتوانراوه چارەسەر بكرێت، بەشێك لەوانه به ده ئەمپێری دانراوه، بۆ ئەوەی كه بەشێك تۆ ده ئەمپێری دادەنێی وا دەكەیت خەڵكەكەی تر كه هەزار ماڵ، هەزار و پێنج سەد ماڵ لەسەر ئەو فیدەرەیه ئۆڤەر لۆد ناكات، لەبەر ئەوه ئێمه حەزمان له تەحدید كردنی ئەمپێری نییه، حەزمان له ده ئەمپێری نییه، وەزارەتی كارەبا كار بۆ ئەوه دەكات كه ئەوه لابەرێت، مەنتیقەی پێنجوینیش لەسەر ئێران عەینەن به ده ئەمپێرییه، بەلام یەك تێبینی بكەیت له بەكارهێنانی كارەبای كەم لەلایەن هاوولاتیانەوه، بۆ نموونه پێنجوین به نموونه بێنینەوه، ئێمه تووشی محاویله سووتان نابین، تووشی موشكیلەی ئۆڤەر لۆد نابین، یەعنی خەڵكی پێنجوین بە بەردەوامی كارەبای هەیە، زستان و هاوین هیچ موشكیلەیەكی نییەو، كارەبایەكەشی له زستان دەگاته (12) مێگاوات، له هاویندا دەگاته دوو تا سێ مێگاوات، ئەمه دەریدەخات هەر وەختێك ئیلتیزام هەبوو به كەم بەكارهێنانی كارەباوه مەشاكیلەكان هەمووی نامێنێن، ئێمه سالانه (600)، (700) محاویله له شارەكاندا دەسووتێت، كه ئەمه هەموو بودجەیەكی زۆر گەورەیه لەسەر وەزارەتی كارەبا دروست دەكات، ڤۆڵتیەی نزمیش هەر ئەوەیه كه گوتمان چارەسەری دەكات، هەم ده ئەمپێریەكه نامێنێت، هەم ڤۆڵتیەكەشی چارەسەر دەكات.

زیادەڕۆیی لەسەرجەم پارێزگاكان هەیه وەكو باسمان كرد، بەڵێ راسته، ئێمه له خەمی ئەوەین كه ئەم سەرپێچیانه نەهێڵین.

مەوزوعی راگەیاندن، راسته، كەم تا زۆر له تەلەفزیۆنەكان، له راگەیاندنی وەزارەتی كارەبا لەمانه هەمووی ئێمه قسه دەكەین و تەوزیحات دەدەین بۆ هاوولاتی، بەس نەبووه له دنیادا خەڵك به راگەیاندن ئیلتیزام به قانونەوه بكات، هەموو سیستەمی ولاتەكانی تر كه تۆ دەیانبینی هەر له پاك و خاوێنی جادەكانیانەوه، هەر له كەم بەكارهێنانیانەوه، هەم به ئیلتیزام كردن به یاساوه لەو ولاتانه هەمووی بریتییه له غەرامه، غەرامه وا لەوانه دەكات كه ئیلتیزامیان باش بێت، كامیرای موراقەبه وا لەو خەڵكه دەكات نەوێرێت موخالەفه بكات، بەس تۆ خۆت تەسلیمی ئەو خەڵكه بكەیت بڵێی خەڵكینه پیاوی چاك بن، ئەی خەڵكینه هاوولاتی چاك بن، بەدڵنیاییەوه دەڵێم ئەوه زۆر زەحمەته ئێمه بتوانین ئیستیفادە لەوە بكەین، یەعنی چەندین قسەمان كرد، بەلام بێ هودەیه، هەموو ئەو سیستەمانەی ولاتانی تر ئەگەر ئەو مەوزوعی غەرامەی لێ بێنینه دەرێ، مەوزوعی كامیرای چاودێری لێ بینه دەرێ، بەدڵنیاییەوە پێتان دەڵێم هەرێمی كوردستان لەوان باشتره.

مەوزوعی ژینگه، كاك رێباز باسی كرد، ئێمه ئیلتیزامی ژینگەییەمان هەیه، هەموو ئەو ستاندەراتانەی ژینگەیی هەیه، بەڵێ مەحتاتی تەولیدی ئێمه بۆیان نییه له ئیلتیزاماتی ژینگەیی دەربچن، وەزارەتی

کارەبا پرۆژەیەك قەبول ناکات، ئەگەر بێتو ژینگە رازی نەبێت لەسەری، ئێمە پرۆژەمان هەبووە گازوایل بکەین بە نەوتی رەش، لەبەر ئەوەی نەوتی رەش ئاسانتر دەست دەکەوێت، گازوایل گرانە، بەلاَم ژینگە رازی نەبوو، مەشروعەکەمان ئیلغا کردۆتەوە، هەموو ئەو مەحتاتانەی هەنە، هەموو ستاندەراتی ژینگە ئێمە بەکار دەهێنین.

کێشە لە صیانە هەیە؟ بەڵێ منیش لەگەڵتان دام کێشە لە صیانە هەیە، ئەم هەموو تۆڕە فراوانەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، هەموو کەس داوای کارەبا دەکات، ئەگەر سێماڵیش بێت لە گوندێکدا، ئەگەر من کارمەندم نەبێت چۆن چۆنی چارەی بکەم؟ ئەگەر من پارەم نەبێت محاویلاتی ئیحتیات لە مەخزەن دابنێم چۆن چۆنی بە سەریعی بە دەمیانەوە بچم؟ من داوای (4145) کارمەندم کردووە، تا بتوانم تەختیەی کوردستان هەمووی بکەم با هەر یەکە بەپێی پارێزگا، بەپێی ناوچەکان، بۆ نموونە ناوچەی بالیسان هاتنە لای من، سەکتان، ئەوانە هەمووی داوای کردنەوەی بنکەی صیانە دەکەن، کردنەوەی بنکەی صیانە، یەعنی سەیارە، یەعنی کارمەند، یەعنی کرێکار، یەعنی عەداد، یەعنی موهندس، یەعنی فەنی، ئەگەر نەبێت من چۆن بیکەم؟ بنکەیەکم هەیە ئێرپایەکی زۆر گەورەی هەیە، پێراناگات، مەوزوعی محاویلە لەناو شار بەتایبەتی کە ئیزدیحامی زۆرو هاووڵاتی زۆری لەسەرە نەمانهێشتووە لە سێ رۆژ زیاتر بێت ئەم مانگە، ئەمە من حەز دەکەم ئەمە هی کاك رێباز بوو وابزانم حەز دەکەم ئەگەر نموزەجەکە، ئەگەر نموزەج هەیە ئیشی لەسەر بکەین، چونکە قەبول نییە، سێ رۆژەکەش قەبول نییە، ئێمە (1300) محاویلەمان لە قەرزی یابانی کڕی و تەوزیعمان کرد بەسەر موحافەزات، ئێستاشی لەگەڵ بێت هەتا بۆ زستانی کە رۆیشت، ئێستای هاوین، ئێمە محاویلەی یەدەگمان داناوە لەناو مەخزەنەکانمان و، ئەو پرۆسیجەرەی کە قەرزی یابانی و (جایك)ـە لەسەری دەڕوات زۆر گرانە، بەلاَم ئێمە دەسەلاَتمان داوەتە بەڕێوەبەرە گشتیەکان یەکسەر محاویلەکە بەرەن داینێن، دوای ئەوە لەماوەی سێ رۆژدا پرۆسیجەرەکە پڕ بکەنەوە، ئەو ئاسانکارییەشمان کردووە، بۆ ئەوەی بە کەمترین وەخت محاویلەکان چاك بکەینەوە.

بیرەکانی کشتوکاڵ باسمان کرد، مۆلیدەکان تۆڕی جاڵجاڵۆکەیان هەیە، بەڵێ راستە، مۆلیدەکانی ئێمە سوپاسیان دەکەین لەوەی کە ئەوان هاوکارێکی وەزارەتی کارەبا بوون لەوەی کارەبایان دابین کردووە، بەلاَم ئەم تۆڕانە هیچی بە سیستەم و بە رێك و پێکی و بە جوانی دانەنراوە، ئەگەر تێبینی بکەین مەصدەرێکی ناشیرین و ئەمانە هەیە، چاك کردنی ئەم تۆڕانە پارەی زۆر زۆری دەوێت، بۆیە ئێمە هەوڵ دەدەین کارەبا باش بکەین، تا ئەم تۆڕانە بۆ خۆیان نەمێنێن.

بەنیسبەت عەودالان، ئەوە ئێمە دیراسەی دەکەین لەسەری، رێنماییەك لە وەزارەتی کارەبا هەیە کە چۆنیەتی گەیاندنی کارەبا بۆ گوندو ناوچەکان لەسەر ئەو رێنماییانە دەبێت، هەموو مودیریات لە خوارێ لەسەری بڕۆن، ئێمە موتابەعەی عەودالان دەکەین و دوایێ جوابی وابزانم سیوەیل خان جواب دەدەینەوە.

حکومەت دەعمی نرخی کارەبا دەکات؟ بەڵێ، تێچووی نرخی کارەبا بۆ ئەو بارودۆخەی کە ئێستا هەیە لە ساڵی 2011 بە سووتەمەنی و بە فەرمانبەرو بە پرۆژەو بە صیانەو بە هەموو شتێکەوە (160) دینارە،

بەلاّم ئێمە بۆ رێنجی یەکەمی ئەوەی کە باسمان کردو پیشانماندا تەنها (15) دینار وەردەگرین، یەعنی (160) دینار بۆ (15) دینار، ئەو (15)ی ئێمە وردە وردە سەردەکەوێت دەبێتە (20)، دەبێتە (35)، دەبێتە (40)، دەبێتە (50) بۆ سەرەوە، ئەوانەی کە لە خوارەوەن دەعمی حکومەت بۆیان زۆرە، کە تەسەور دەکەین لە 80٪ بووە، لە 90٪ بێت.

ئەو برِیارە جێ بەجێ کراوە کە حکومەت دەعمی فەقیرەکان بکات؟ وابزانم کاك شوان ئەو پرسیارەی کرد، ئەو برِیارە نەچۆتە جێ بەجێ کردنەوە، ئەوە پرۆژەیەکە ئامادەمان کردووەو ئەنجومەنی وەزیران قەبولی کردووەو، لیژنەیەك لە ئەنجومەنی وەزیران دروست کراوە بەسەرۆکایەتی جەنابی دکتۆر بەرهەم، چەند وەزیرێك تێیدایین بۆ ئامادە کردنی زەمینە سازیەکی باش بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو برِیارە، کە ئەو برِیارەش وەکو گوتم جێ بەجێ کردنەکەی بە میکانیزمەکەی ئێستا هەیە بەم سەعاتە کۆنانەی کە هەیە، موستەحیلە بکرێت، دەبێت ئێمە لەگەڵیدا پرۆژەی پێوەری زیرەك، کە ئێمە دەمانەوێت قۆناغی یەکەم جێ بەجێی بکەین، کە بریتییە لە (160) هەزار موشتەریك لە هەرێم، (65) هەزار لە سلێمانی، (55) هەزار لە هەولێر، (32) هەزار لە دهۆك، چەند هەزارێکیش ئیحتیاتمان داناوە.

باسمان کرد (دوبز) بەڵێ لەناو دایە، (200) مێگاواتی کەرکوك هیچ کاریگەری نییە، ئەوە باس کرا، کارەبای بەردەوام، ئێمە ئیشمان لەسەری کردووە، کارەبای بەردەوام لە کاتێکدا کارەبا بۆ هاووڵاتیان چەند سەعاتێکی زۆر کەم بووە، بەلاّم بەردەوام لەو لاوە کارەبایەکی زۆری هەبووە، کاریگەرییەکی زۆر قورسی لەسەر تۆرِی کارەباو لەسەر موشتەریك و لەسەر هەمووی هەبووە، بەس کارەبای بەردەوام کە هاتینە سەر ئەوەی کە (22) سەعات بە (24) سەعات، یان (20) سەعات بە (24) سەعات کاریگەریەکە کەم دەبێتەوە، بەلاّم ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کاریگەریەش کەم بێتەوە، نابێت بەو شێوەیە برِوات کە ئێستا رۆیشتووە، بۆیە لە بیدایەتی ساڵی 2011ـەوە دەستمان کرد بە ئامادە کردنی مەسحێك لەسەر ئەوەی کارەبای بەردەوام لە شارەکان هەبێ، کێ هەیەتی و بە چ موافەقەیەك وەریگرتووەو حەجمی وەرگرتنەکەی چەندە؟ ئەمانە دیراسەیەکی ئەوەندە، یەعنی عەدەدێکی زۆر لەوە نووسراوێکمان موقتەرەح نارد بۆ ئەنجومەنی وەزیران، کە ئەمە هەموومان کۆکردەوەو کردیە (71) شوێن، لەم (71) شوێنانە ئەنجومەنی وەزیران دەسەلاّت بدات بە بەڵێ، یان بە نەخێر، ئەمانە هەیان بێت، یان ببرِێت.

ئەنجومەنی وەزیران کتابی ناردووە بۆمان، ئێستا لەناو کتابەکەی ئێمە خەریکی جێ بەجێ کردنین، کە چەند حاڵەتێکی تێدایە، ئێمە ئەو حاڵەتانە پێویستە بۆ ئەنجومەنی وەزیران موراجەعەی تێدا بکاتەوە، مەوزوعی سوپەرمارکێت و ئوتێل و ئەو مەتعەمانەی کە چەند دانەیەك لەوانە، یەعنی بەرِاستی سومعەی هەرێمەکەن، کە پێویستە موراجەعە لە قەرارەکە بکرێتەوە، ئایا ئەمە عام بێت، یان خاص بێت؟ ئێمە پێشنیارمان کردووە ئەو دەسەلاّتە دەسەلاّتی ئەنجومەنی وەزیران بێت لە وەزارەتی کارەبا وەربگیرێتەوە.

مەوزوعی ئەحزاب و، مەوزوعی تاکە کەس لەو پرۆسەیەدا نییە، نابێت نە مەسئوول، نە حزب کارەبای بەردەوامی هەبێت، دەزگاکانی راگەیاندن کولەن ئێمە پێشنیارمان کردووە خزمەت بە هەرێمەکەو بە

کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەوانە دەکەن، کە هیچ جیاوازییەك لە بەینی هیچ تەلەفزیۆنێك و، هیچ جەریدەیەك و، هیچ رادیۆیەك تێدا ناکەین، ئەوانە کارەبای بەردەوامیان دەبێت.

ئەحزاب هەمووی بەیەك چاو تەماشا دەکرێت، ئێمە دەمانەوێت ئەمانە جێ بەجێ بکەین، جێ بەجێ کردنی ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، تۆڕی دابەش کردنی ئێمە لەناو شارەکاندا، بۆ ئەوەی ئەوە هەموو جیا بکەینەوە، پێویستیمان بە پارەیەکی زۆر زۆر گەورە هەیە، لەبەر ئەوەی ئەگەر مەقەڕی حزبێك لێرە هەیە، کە محاویلەیەکی هەیە کارەبای بەردەوام سەرف دەکات، ئەگەر من لایبەم بیخەمە سەر فیدەرەکەی تەنیشتی، کە فیدەرێکی ئاسایی هاووڵاتیانە، ئەو فیدەرە ئۆڤەر لۆد دەکات، من ئۆڤەر لۆدی ئەم هەمووانە بخەمە مەترسیەوە، یان دەبێت چی لەمە بکەم؟ جا لەبەر ئەوە وەزارەتی کارەبا زۆر بە وردی، بۆ ئەوەی کاریگەری خراپی لەسەر هاووڵاتی نەبێت، بەس ئەوە مەبدەئە، ئەوە بڕیارە، ئێمە ئیش لەسەر ئەوە دەکەین، کە ئێستا لەم کاتەوە، کە گوتم کاریگەریەکەی کەمە، بەلاّم بۆ زستان مەترسیمان هەیە، کە کاریگەریەکەی زۆر بێت، بۆیە لە ئێستاوە ئیش لەسەر ئەوە دەکەین، کە بۆ زستان ئێمە ئەو بڕیارەمان جێ بەجێ کرد بێت.

کێشەی مۆلیدە لە هەرێم، تەبعەن ئێمە بەنیسبەت نرخی مۆلیدە، بەنیسبەت دامەزراندنەکەی، ئەمانە وەکو وەزارەتی کارەبا هیچ عیلاقەیەکمان پێیانەوە نییە، ئێمە نووسراومان کردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە بیدایەتی ساڵی 2010 دیاری کردنی نرخ، لەبەر ئەوەی گازوایلەکە لە موحافەزەوە پێیان دەدرێت، پێویستە لەوێوە لە موحافەزەوە سەرپەرشتی دەکرێن، هەر کەسێك موعاناتی هەبوو لەسەر مۆلیدە لە رێگەی لیژنەکانی موتابەعە لە موحافەزەوە لە کارەباش هاوکاریان دەکەن، لەوێوە ئیش لەسەر ئەوانە دەکرێن، لەبەر ئەوەی کە گازوایلەکە ئەوان مانگانە پێیان دەدەن، دیاری کردنی نرخیش، ئەوان دایدەنێین، ئێمە ئەوەندە رادەگەیەنین بۆ نموونە پارەی کارەبا لە مانگی (5) مۆلیدە چەندی کۆکردۆتەوە؟ ئێمە چەندمان کارەبا داوە، سیستەمێك لە دهۆك پیادە دەکرێت، سیستەمێکی زۆر مەعقولە، زۆر رێك و پێکە دەمانەوێت ئیش لەسەر ئەو سیستەمە بکەین، تەعمیمی بکەین بەسەر کوردستاندا، مۆلیدەیەك کە لەسەر فیدەرێکە، کە کۆنترۆڵ پێی گوت ئەم فیدەرە (17) سەعات و بیست دەقیقە کارەبای هەبووە، کاتەکەی تری بۆ دێنێت و زەربی ئەوەندەی کە ئیتیفاقی لەسەر کراوە، ئەوەندە گازوایلی دەداتێ و، نرخەکەش لەسەر ئەوە دیاری دەکرێت، نرخەکان بەپێی کاتەکان دیاری دەکرێت، بەلاّم لە هەولێرو دهۆك سیستەمەکە ئەو سیستەمە نییە، هاووڵاتی گلەیی هەیە، بەدواداچوون هەیە بۆ کارەکانیان، دیاری کردنی نرخەکان، ئێمە رایدەگەیەنین لە مانگی (5)دا دوو سەعات کارەبا لەلایەن مۆلیدەوە ئیشی کردووە، بەلاّم پارەی چواریان کۆکردۆتەوە، لەوێوە ئیشی ئێمە نامێنێت، ئیشی موحافەزەیە، کە ئایا چی دەکات بەو قەرارە؟

گرفتی کارەبای گەرمیان بریتی نییە لە نەکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان، گرفتی کارەبای گەرمیان سوپاس بۆ خوا یەعنی ئێمە ئەو هەنگاوەی بۆ گەرمیانمان کردووە، لەوانەیە بڵێم بۆ هیچ ناوچەیەك نەکرا بێت، موشکیلەی ڤۆڵتیە خەتێکی (132) لە دەربەندیخانەوە دەچوو بۆ کەلار، ئەم خەتە

(132)ـە لە ساڵی 1993ـەوە کرا بوو بە فیدەری (11) کەیڤی، لە ساڵی 1993 ئەمە خەتێکە بـۆ (132) کەیڤی دانراوە، بۆ ئەوەی کارەبا بگەیەنێتە کەلار بە (11) کەیڤی، (11) کەیڤیان خستبووە سەر، کە ئەمە جەدوایـەکی نییـەو پێویسـتە ئـەو خەتـە بگەڕێتـەوە بـۆی، ئەگـەر کـەلار ئـەو خەتـەی کـەوت کارەبـای لـێ نەبڕێت، کەلارو کفری.

من هەر لەم سیستەمەدا ئیشم کردووە، من کاتێك مودیر بووم داوای گەڕانەوەی ئەو خەتەم کردووە، بـەڵام هەر نەکرا، بووم بە موستەشار لە وەزارەتی کارەبـا داوای گەڕانـەوەی ئـەو خەتـەم کـرد، هـەر نـەکرا، بـەڵام ئەمجارەیان گوتم نابێت، دەبێت بە وەزیری هەر بیکەم، لەبەر ئەوە ئاخیریەکەی هەر کردم بە ئیشێکی زۆر، ئێستا خەتەکەی (132)ی کەلار دوو خەتی هەیە، هەر وەختێك خەتێك بکەوێت، خەتەکـەی تـر ناهێڵێـت کەلارو کفری و ئەو مەنتیقەیە بێ کارەبا بێت، هەروەها ئەو وەحدەیەش کـە لـە دەربەنـدیخان ئیشـمان پـێ کردووە (سین کرۆزەر) ڤۆڵتیەی کەلارو کفری لە ڤۆڵتیەی ناو قەزای دوکان باشترە.

بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی کارەبـای گـەرمیانمان تەشـکیل کـردووە، بـەڵام ئێمـە لـە یاسـاکەی وەزارەتـی کارەبـا پێویستمان بە تەعدیل کردنی یاساکە هەیە، بۆ ئەوەی وەکو یاسا بڕیـار بـدەین، چـونکە لـە یاسـاکە دەڵێـت هەر پارێزگایەك بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکاتەوە، بەڵام ئێمە نووسراومان بۆ ئەنجومەنی وەزیـران کرد، نـەیانتوانی لەسـەرەوە بکـەن، چـونکە بـەپێی یاسـاکە شـمول ناکـات، بۆیـە ئێمـە دەمانـەوێت تەعـدیلی یاساکە بکەین، بەڵام چاوەڕێ بووین، کە وەزارەتی کارەبای عێراق تەعدیلی یاساکەی خۆی بکـات، تـا ئـەوەی هەندێ موشتەرەکات لە بەینی ئێمەو ئەوان هەیە، ئێمە تووشی ئەوە نەبین بەگەینە نـاو هەڵەیـەك، دوایـی جارێکی تر تەعدیلێکی پێویست بێت، بەڵام بە داخەوە وەزارەتی کارەبای عێراق تا ئێستا یاساکەی تەعدیل نـەکردووە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا گـرفتی کارمەنـدمان هەیـە لـە هـەموو ناوچـەکانی هـەرێم، گـەرمیانیش لەگەڵی بێت، لە کۆیە، لە بالیسان، لە شارباژێر، لە شارەزوور، لە زاخـۆ، لـە سمێـل، لـە هـەموو ئـەو شـوێنانە ئێمە پێویستیمان بەعەداد هەیە، پێویستیمان بە کرێکار هەیە، پێویستیمان بە سـەڵە هەیـە، دابـین کردنـی سەڵە بۆ تەواوی هەرێمی کوردسـتان زیـاد لـە (150) سـەڵەمان پێویسـتە، کـە ئەمـەش هـەر دامانـاوە لـەو پرۆژانە، بۆ ئەوەی بیخەینە بواری جێ بەجێ کردنەوە.

پرۆژەی پێوەری زیرەك بۆچی بەس لەناو شارەکاندا هەیە؟ لەبـەر ئـەوەی ئێمـە فورسایییەکە، کـێ زۆر لـۆد بەکار دەهێنێت، کێ زۆرترین موشتەریکە؟ لەوێوە دەست پێ دەکەین، بەڵام بە دڵنیاییەوە هـەموو هـەرێمی کوردستان تەختیە دەکات.

ئێمە مۆلیدات ناکڕین، ئەوەی کە پێشتر گرێبەستێك لە ئیدارەی سلێمانی پێشوو کـراوە مۆلیـداتی سـەقەر (81) مێگاوات، کە کراوەو دابەش کراوە بەسەر کفری و کۆیەو چوارقوڕنەو چەمچەماڵ و چـوارتا، ئەمانـە هی کۆنن، ئێمە ئێستا پلانمان وایە ئەمانە جارێکی تر بخەینەوە کار، کـە پێویسـتیان بـە (سـپێرپاتی) زۆرو پێویستیان بـە صـیانە کـردن هەیـە، بـەڵام ئـەوەی کـە ئێمـە نووسـابین بـە جۆرێـك لـە جۆرەکـانی مۆلیـدە، نەخێر، مۆلیدە عایدی ئێمە نییە، ئێمە ئەو شتەمان نییە.

تەجاوزاتی زۆر گەورە لەسەر بینایەکان هەیە؟ زۆر سوپاستان دەکەین بەو بینە، ئێمە موعاناتمان هەیەو کتابیشمان کردووە بۆ وەزارەتی شارەوانی، ڕێنماییەك دانراوە کە ئەو دیوارە، ئەو خانووە چەند لە خەتی کارەباوە دوور بێت؟ بەلاَم بە داخەوە لە خوارەوە لە عامودەکە دوور کەوتۆتەوە، لە تەلەکان دوور کەوتۆتەوە، بەلاَم لە قاتی سەرەوە دووبارە تێلی دانـاوەو هاتۆتەوە پێشەوە، کە مەترسی بۆ هاوولاَتیەکان هەیە، چەندین حاڵەتی ئەوها کارەبا گرتن و کارەساتی سووتان و ئەوانە بەهۆی ئەوەوە بووە، بەوەی کە هاوولاَتیان ئیلتیزامی پێوە ناکەن، ئێمە داوامان کردووە وەزارەتی شارەوانی هاوکارمان بێت، بۆ ئەوەی کە ئیلتیزام بە ڕێنمایی وەرگرتنی کارەباوە بکرێت.

ئەوەی کێبڵی دەفن و ئەمانە راستە باسمان کرد، بەس ئەوە لە خەمی چارەسەر کردنی داین، مەوزوعی هەڵەبجە، تەبعەن پێشتر لە مەنتیقەی شارەزوور ئەو باخانەی کە هەبووە، کارەبایان وەرگرتووە، بە عامودی کۆن و تەلی کۆن، کە لە رووی مواسەفاتی وەزارەتی کارەباوە گونجاو نییە، بەلاَم ئێمە هیچ وەختێك قەرارمان نەداوە ئەو کارەبایانە ببڕێن، گوتوومانە ئەوانەی ئێستا دێن بە سیستەمێکی باشی عیلمی، بە مواسەفاتێکی تەواو کار دەکەین، کۆنەکان وردە وردە چاکیان دەکەین، ئەوە ئیشکالێك دروست ببوو لەوەی کە ئەو مەنتیقەیان بڕی بوو، ئێستاش ئێمە دەمانەوێت ئەو موشتەریکی باخەکان کە بیری ئیرتیوازییان نییەو خاوەن دەخلێکی مەحدودن، وەکو ئیشتیراکی مالاَن بیان دەینێ، چونکە ئەگەر وەکو ئیشتیراکی باخ بیان دەینێ، وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ و ئەوانە زەرەر دەکەن لێی، هەندێکیان هەیە کە ئیجازەی وەزارەتی کشتوکاڵیان دەوێت، وەزارەتی کشتوکاڵ ئەو ئیجازەی نەداوە پێیان و نییانە، لەبەر ئەوە ئێستا مەوزوعی ئەوە لە ژێر چارەسەر کردن دایە، کە لە ئایندەیەکی نزیك موشکیلەی باخەکانی مەنتیقەی شارەزوور چارەسەر بکرێت.

مەوزوعی بەنداوەکان راستە، ئێمە ئەوەی کە لە کارەبای بەنداوەکان بەرهەم دەهێنرێت باشترە لەوەی کە لە وێستگە غازیەکانەوە بەرهەم دەهێنرێت.

بەنداو لە دنیادا کەفائەی ئەم مەحتانە لە 90٪ـە، لە 90٪ زیاتریش، بەلاَم کەفائەی مەحتاتی غازی (سمپڵ سایکل) لە 32٪ بووە، لە 36٪ـە، (کۆمباین سایکل) لە 48٪ـە، بەرزترینی دەگاتە (54٪) کەفائەیەکی باش هەیە، ئێمە زۆر پشتگیری ئەم مەوزوعە دەکەین و، لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ بەرنامەمان وایە دەست بە دروست کردنی سدودو مەحتەی کەهرۆمائی بە یەکەوە بکەین بەشێوەی گرێبەستی (بی ئۆ تی)، ئەمەیان (بی ئۆ ئۆ) نییە، (بی ئۆ تی) لە ئەخیردا حکومەت خاوەنداریەتی دەکات، چونکە ئاوە، ئەو پرۆژانەی کە لە تورکیا جێ بەجێ کراون، پرۆژەی بەنداوەکان هەمووی بەم شێوەیەن، پرۆژەی (بی ئۆ تین)، کە پرۆژەیەکی زۆر گەورەو سدودی زۆر گەورەو مەحتاتی گەورە لەوێ دروست کراوە، ئێمەش دەستمان پێ کردووە، ئێستا دوو ناوچە حازرە لەوەی کە خەزینی ئاوەکەی کەمەو مێگاواتەکەی زۆرە، کە مەنتیقەی گۆپاڵەیە لە هەولێر، هەروەها مەنتیقەی دێرە لوگ رەشاوە، دوو گۆپاڵە (900) مێگاوات، دێرەلوگ (260) مێگاوات، ئێمە کار دەکەین لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە سەرپەرشتی

**سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی بەشێوەی (بی ئۆ تی)، چەند كۆمپانیایەكی مەختەس بانگ بكرێن، بۆ مونافەسە كردن بۆ ئەو مەوزوعە.**

**گرانی نرخی كارەبا، كاك صباح باسی كرد، بەس نازانم قەناعەتم وا نییە كارەبا گران بێت، ئەوە كێرڤەكەتان بینی ئێمە لە هەمووان هەرزانترین، بەس ئیشكالێك لە كۆكردنەوەی فرۆشتنی وزە دەكرێت، لەوەی تەراكوم دەكات لەسەر هاووڵاتی، یان هاووڵاتی تەقەبولی ئەوە ناكات، كە كارەبای چوار سەعات و، پارەی كارەبایەكەی ئەوەندە بووە، بەڵام ئێستا پارەی كارەبایەكەی زۆر بۆ دێتەوە، باسەكە لەوەیە كە زۆر سەرف دەكات و كاتی كارەباش زۆرە.**

**صیانەی بەڕێوەبەرایەتیەكان لاوازە، بەڵێ، منیش تەئیدی دەكەم، لاوازە، لاوازیەكەشمان دیارە لەسەر چیە، ئێمە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەداین ئەو لاوازیەی صیانەكانی خۆمان نەهێڵین، ئەمە هەموو پێویستی بە كارمەندە، پێویستی بە كردنەوەی بنكەی زۆرو فەرمانگەی زۆرە، كە هەموویان ئیمكانیەت و ستافیشی پێویستە، كە ئەمەش وا دەزانم سنووردارە، بۆیە بەو شێوەیە بە بەردەوامی موتابەعە هەیەو، تیمەكان شەو و رۆژ كار دەكەن، ئێمە لە رۆژی پشوو لە جەژنێكدا بە نموونە دەرمهێناوە ($3000$) كارمەندی كارەبا لە هەرێم لە كار دابووە لەو سێ رۆژە، كە هەموو خەڵكی عوتلەیەتی بە حكومەت و بە مونەزەمات و بە كەرتی تایبەت و بە هەموویانەوە، بەڵام ($3000$) كارمەندی كارەبا لە صیانەو لە تەشغیل و لە مەحەتەو لە هەموو ئەو شوێنانە كاریان كردووە.**

**نەبوونی سەڵەش، هەر هەمان گرفتە، ئەو بیرە ئاوانەی كە ئێمە مومكین بێت و پارەیەكی گەورە لەسەر وەزارەتی كارەبا نەكەوێت دەعمیان دەكەین، ئەگەر بیرەكان بۆ بەرژەوەندی گشتی بەكار بهێنرێت، ئێمە لە مەنتیقەی بالیسان بە پشتگیری ئیدارەی ناوچەكە شتێكی وایان تەرح كرد، كە چەند بیرێك هەیە، ئەمە بۆ عامی خەڵكەكەیە، بۆیە ئێمە لەسەر بودجەی وەزارەتی كارەبا، كارەبامان بۆ دابین كرد.**

**مەوزوعی فرۆشتنی كارەبا بە كارت، وەكو ئەوەی كە ناوی ئەو بەڕێزە تێگەنەیشتم ناوی چی بوو؟ بەڵێ، عەفوەن، ئەمە تەبعەن سیستەمی فرۆشتنی كارەبا، یان پێوەری زیرەك بەكارت، سیستەمێكی كۆنترە لەو سیستەمەی كە ئێمە ئێستا دەمانەوێت دایبمەزرێنین، سیستەمی كارت ناتوانین كۆنترۆلی موشتەریكەكە بكەیت، راستە بە كارتەكەی كارەباكە وەردەگرێت، بەڵام ئەو ئەگەر هەر وەختێك تەجاوز لەسەر ئەو سەعاتە بكات، ئێمە بە هیچ جۆرێك نازانین، جا لەبەر ئەوە ئێمە پێمان باشە ئەم سیستەمە پێشكەوتووە بێنین، بەڵام قسەی ئێمە لەگەڵ ئەو كۆمپانیایانە ئەوەیە كە دەبێت ئەو ئۆپشنەی تێدا بێت، ئەگەر موستەقبەلەن دوای سێ ساڵ، چوار ساڵی تر ئەم هەرێمە گەیشتە قۆناغێكی تر، ئێمە ئەو كارتانە بخەینە كار، یان موجەمەع سەكنیەكی داخراو، یان مەجموعەیەك عیمارەی گەورە بەو نیزامەی كارتەكەی بەسەردا جێ بەجێ بكەین، بۆیە ئەو مواسەفاتەشمان لەناو پێوەرە زیرەكەكە داناوە، بەڵام لە هەمان كاتدا ئێمە بە ئەسڵمان زانیوە كە نیزامی كۆنترۆل كردنەكە لە دوورەوە مسۆگەر بكەین، ئینجا دوایی كارت بێت.**

سوود له باو وزەی خۆر، قسەو باس زۆر لەسەری دەگوترێت، تەبعەن لە ساڵی 1996 تا بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك، خەڵك بیری لە مۆدیلی سەیارەو شتی تر نەدەکردەوە، خەڵك بیری لەوە دەکردەوە قوتێکی هەبێت پێی بژیت، لەبەر ئەوەی گرانیەکی زۆر هەبوو، بەڵام دوای ئەوە، ئەگەر تێبینی دەکەیت لە هەرێمدا سەیر دەکەیت ئێستا خەڵك بیر لە مۆدیلی سەیارە دەکاتەوە، بیر لە شتی تر دەکاتەوە، باسەکە لەوەیە مەرحەلەیەکی تێپەڕاندووە، لە کارەباش هەمان شت، من لە کاتێکدا پێویستیم بە (2800) مێگا بێت، بۆچی بچم پارە سەرف بکەم لە تاوەرێکی با کە سێ مێگاواتەم دەداتێ، یان دوو مێگاواتم دەداتێ، کولفەی یەك مێگاواتی پێنج قاتی کولفەی مێگاواتی ئەمەیە کە ئێستا من دەیکەم، یەعنی ئەوە بە تەئکید هەموو کەس دەڵێت دەبێت ئەو ڕێگایە هەڵنەبژێرین، چونکە تۆ جارێ کەمیەی مێگاواتەکەی هەندە گەورەیە، کە بە با دابین ناکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵمان نەداوە، پرۆژەیەکمان هەیە دیراسەی با لە کوردستان، لەبەر ئەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ئەتڵەسی بای عالەمیدا نییە، بۆیە پێویستیمان بەوە بوو، داتاکانی با، ئاراستەی با لە هەرێمی کوردستان لە (15) مەوقیع تۆمار بکەین بە بەردەوامی چەند سانیەك جارێك ئەم قیرائەتە وەربگرین تا تێ بگەین کوێ باشە؟ بۆ ئەوەی تاوەری بای لێ دابنێین، ئێستا ساڵێك تەواو بوو بەسەر پرۆژەکە، کە لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەڵمانی بەناوی (ئیمێرجنتی)ـەوە جێ بەجێ کراوە، پێنج تاوەر لە هەولێر، پێنج لە سلێمانی، پێنج لەدهۆك دامانناوە بوو، ئێستا وا لە نەتائیجی پرۆژەکەین، چەند مەنتیقەیەك لە کەلارو لە چەند شوێنێکی تر دیاری کراوە، لەوەی کە بڕو ئاراستەی با لەو شوێنانە هەیە، ئەوە دایدەنێین بۆ ئەوەی ئێمە لە قۆناغێك بگەینە ئەوەی تەختیەی کارەبای کوردستان هەمووی بکەین، ئینجا بیر لەوانە بکەینەوە، کە بەنیسبەت ئێمەوە بزەبت وەکو ئەوە وایە کە ئەو نموونەی کە هێنامەوە.

مەوزوعی وزەی خۆریش بە هەمان شێوە، تەنویعی مەصادیری تاقە، دروستە، ئێمە هەر لەگەڵ ئەوەشدا یەعنی کارمان لەسەر ئەوە کردووە، پرۆژەی دروست کردنی مەحەتەی خەباتی حەراری، کە ئەمەیان حەرارییە، بە نەوتی ڕەش کار دەکات، جیاوازە لەوەی تر کە بە گازوایل و غاز کار دەکات، لە هەمان کاتدا بیر لەسەر ئەوە دەکەینەوە، کە مەوزوعی هایدرۆپاوەر زیاد بکەین، باقیەکەی تر دەمێنێتەوە بۆ مەحەتەی نەوەوی، کە قەناعەتم وایە هەرێم جارێ ماویەتی بیر لە مەحەتەی نەوەوی بکاتەوە، ئێستا لیژنەیەك دروست کراوە لە عێراق، کە ئەندامی لیژنەی تاقەی زەڕی عەرەبین، تێیدا ئێمەش نوێنەرمان هەیە وەکو وەزارەتی کارەبا، چەند هەنگاوێکیان ناوە بۆ ئەوەی کە وزەی ناوەکی ئیستیفادەی لێ بکرێت، بۆ بواری شارستانی، هەم کارەبا، هەم تەندروستی، هەم ئەوانەی تر، ئێمەش لەگەڵیاندا دەڕۆین، بەڵام تەنویعەکە، ئێمە هەمانە غازە، هەمانە گازوایل، نەوتی ڕەش و، ئاو قیتاعی حکومی درەنگ پارە دەدەنەوە، ئەوە باسمان کرد، ئەمە پرسیارەکانی ئەندامان بوو کە کردیان، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەمەش دەست پێ بکەم، بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەس ئەوانەی کە دووبارەیەو لەوێ هاتبێت، وەڵام مەدەوە، فەرموو.**

**بەڕێز یاسین شێخ ابوبکر ماوەتی/ وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مەوزوعی وەرگرتنی پارە بەپێی ئەوە نییە، یەعنی بڵێین ئەو خانووە گەورەیە، یان چەند سپلیتی تیایە، ئیلا لە یەك حاڵەت موعادەلەیەکمان هەیە ئەگەر بێتو ئەو خانووە میتەرەکەی تێکچوو بێت، ئەو کاتە لەسەر هەموو ئجهیزەی ماڵەکە قیاس دەکرێت، چی هەیە مەوجودات، ئینجا ئەو موعادەلەیەی بەسەردا تەتبیق دەکرێت، ئەوە دەریدەخات، کاك عبدالرحمن ئەو پرسیارەی کردووە.**

**مەوزوعی ئەوەی ئەحمەدداوە کە مینی هایدرۆی لێیە، ئێستا لە کار کەوتووە، ئەوە لەسەری موتابەعەی دەکەین، ئێستا من هیچ زانیارییەکم نییە لەسەری.**

**مەوزوعی داهاتی کارەبا بۆ وەزارەتی کارەبا، ئێمە بەڕاستی بۆ ئەوەی پارەکە بە هەدەر نەڕوات، پارەکەمان لە میزانیەی تەشغیلی دانەناوە، هەمووی لە میزانیەی پلانمان داناوە، کە ئەو پرۆژانەن باسم کرد، چونکە ئەو پارەیەی کە بۆمان دانراوە (603) ملیارەکە لە زیمنیدا ئەو داهاتەشی هەیە، چونکە داهاتی کارەبا لەگەڵ داهاتی گشتی هەرێم حیساب کراوە.**

**مەوزوعی جیاوازی ئێمەو بەغدا چیە؟ واتا مەوزوعی نرخەکانی کارەبا، تەبعەن ئێستا بە هیچ جۆرێك و لە هیچ زەمانێك ئەگەر کارەبا سەعاتێك و دوو سەعات هەبێت، تۆ ناتوانیت بیر لەوە بکەیتەوە ئەبەدەن نرخ زیاد بکەیت، بۆ چیت هەیە تا قسەی لەسەر بکەیت؟ ئینجا ئەوەی لە 2010/4/1 لە بەغداوە دەرچوو بۆ زیاد کردنی نرخەکان، بەڕاستی پیادەیان نەکرد، هەروەها دوای ئەو لێدوانەی حسین شەهرستانی کە دای بۆ لێخۆش بوونی هەزار کیلۆوات بۆ هاووڵاتیان، ئەمە کاریگەرییەکی زۆر خراپی هەیە لەسەر مەوزوعی خراپ کردنی بارودۆخی کارەبا لە عێراقداو وەزارەتی کارەباش لە بەغدا مولاحەزەیان لەسەر هەیە.**

**تا کەی مۆلیدە ئەهلیەکان ئیش بکەن؟ وابزانم ئەوەمان باس کرد.**

**مەوزوعی ناوچەکان، ئێمە نەمان بەستۆتەوە بەمەوزوعی ئایا ناوی موحافەزەیە، یان ناوی ئیدارە، یان ناوی قەزا، یان ناوی ناحیەیە؟ ئەوەی تۆڕی کارەبا گەیشتۆتە ئێمە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بۆ هەموو وەکو یەك پیادەمان کردووە.**

**مەوزوعی کۆرمۆرو دەوروبەری، راستە، سوودمەند نەبوون لە مەوزوعی ئەو غازەی کە لەوێ هەیەو تەکیەی جەبارو قادر کەرەم، بەڵێ، ئەوە ئێمە لە پلاندا دامانناوە.**

**مەوزوعی هی ئیش کردنی کرێکاری ناوخۆ لە مەحەتاتی ئێمە، ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، لەبەر ئەوەی مەحتەکانی ئێمە مەحتەی ئەهلین، ئەوە لەوە دەچێت پەیوەندی بە وەزارەتێکی ترەوە هەبێت.**

**هەندێك ماڵ جۆزەی بۆ دادەنێن و هەندێك ماڵ بۆی دانانێن، شتی وامان نییە، یەعنی جۆزە بۆ حیمایە کردنی ماڵەکەیە، نەك بۆ تەحدید کردنی ئەمپێرێك، لە دوای ئەوەی ئەم پێوەرانە ئێستا دەگۆڕین و لە**

شارەكان دەستمان پیٚ كردووە، بۆمان دەركەوتووە كە ئەو ماڵانەی (40) ئەمپێرییان بۆ دانراوە، هێشتا بە (40) ئەمپێریەكە تەحمول ناكات، یەعنی مەعقول نییە بەڕاستی ماڵێكی ئاسایی لە (40) ئەمپێر تێپەڕێنیٚ، بۆیە مەجبورین بۆمان كردوون بە (63) ئەمپێری، بۆ ئەوەی هەر كارەبایەك رابكێشێت.
مەوزوعی میلاكات، ئێمەش بەڕاستی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری گفتوگۆ لەسەر مەوزوعی میلاكات دەكرێت، ئەو نەتیجە سەرەتاییەی كە دایان نابوو، بەڕاستی ئێمە بەدڵمان نەبوو، بۆیە چوومە لای جەنابی سەرۆك، ئاگادارمان كرد كە دانانی كارمەند بۆ وەزارەتی كارەبا گرنگترە لە هەندێك وەزارەتی تر، من لە شەئنی هیچ وەزارەتێكی تر كەم ناكەمەوە، بەلاْم ئەگەر من محاویلەیەك تێك بچێت، یان صیانەیەك تێك بچێت، یان عەدادێكم پێویست بێت، بۆ ئەوەی پارە كۆبكەمەوە، ئەگەر كارمەندەكەم نەبێت ناتوانم بیكەم، بەلاْم لەوانەیە كارمەندێك لە وەزارەتێكی تر بەم حەجمە زۆرەی كە ئێستا هەمانە لە هەرێم، یەعنی ئەگەر بێتو قیاساتێك وەربگرین لە عەدەدی كارمەندو لەگەڵ ئیش و كارەكانی وەزارەت و دامودەزگاكانی ئێمە، هەموومان دەزانین كە فائیز هەیە، بەلاْم لە هەمان كاتدا هەموو ساڵێك عەدەدێكی تر تەعین دەكەین بە مەبەستی دەعم كردنی هاووڵاتیان و ئەوانەی كە كاریان نییە، بەلاْم ئەگەر هەر بەم ئسلوبە رۆیشتن، دەزانم كە ئەمە نەتیجەیەكی باشی نابێت.
لەبەر ئەوە جەنابی سەرۆكی ئەنجومەن بڕیاریدا موراجەعەی هەموو ئەو عەدەدانە بكاتەوە كە دانراون بۆ وەزارەتەكان، ئومێد دەكەین لەوە حصەیەكی باش هەبێت، دوایش ئێمە داوامان كردووە پارێزگاكان ئەو نیسبەی كە بەریان دەكەوێت وەكو عەدەدی نیسبەی موستەحەقی پارێزگاكان، دەكرێت لە بەینی سێكتەرەكان لەو پارێزگایە ئاڵوگۆڕ بكرێت، بۆ نموونە لە هەولێر پێویستیمان بە (2000) كارمەند هەیە، بەلاْم لە سلێمانی زۆرمان هەیە پێویستیمان بە (912) كارمەند هەیە، دەكرێت لە سلێمانی (912) ئەوەی تری هەر لەو نیسبەیەی تری كە بۆ موحافەزە دادەنرێت، لە هەولێر لە سێكتەرەكانی تر كەم بكرێتەوە.
ئەمە سیٚ وەرەقەیە، زۆرە، بەڵیٚ ئەوە هەمووی قسەی لەسەر كراوە، ئێمەش ئومێد دەكەین جارێكی تر بێینەوە ئێرە بڵێین كارەبا بووە بە (24) سەعات.
بوونی مەحتەیەك لە مەوقیعێك، هەندێك شت تەحدیدی دەكات، مەوزوعی ناوچەی (لۆت)، بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت بۆ هێڵەكانی گواستنەوەی وزە زۆر مەسرەف نەیەتە سەر.
نوقتەی دووەم/ سەرچاوەكانی سووتەمەنی كە تۆ پێویستیت پێیەتی لە سەرچاوەی سووتەمەنیەوە نزیك بێت، ئەوانە فاكتەرن، بۆ ئەوەی مەحتەیەك لە شوێنێك دروست بكرێت.
بەس هەموو مەحتەیەك كە لە هەرێمدا دروست دەكرێت، ئەگەر یەك مێگاواتیش كارەبا بدات، خەڵكی هەموو هەرێم وەكو یەك ئیستیفادەی لیٚ دەكات، بەبیٚ هیچ جیاوازییەك، چ لە پایتەختدا بژی، یان لە گوندێك بژیت.
باسی مۆلیدەی ئەهلی كرا، دەڵێت ئەو پارە زۆرەی كە دەدرێت بە مۆلیدەی ئەهلی، ئەگەر بكرێت ئەو پارەیە نەدرێت بە ئەوان و بدرێت بە كارەبا، كێشەی كارەبا چارەسەر بوو بێت و ببێتە (24) سەعات، من

**لەم کاتەدا دەڵێم ئەوە قورسە، لەبەر ئەوەی ئاسان نییە، ئێمە کاتێك مۆلیدەی ئەهلی هەڵدەگرین، وەکو ئەوەی گوتم بەرزترین پێداویستی بتوانین تەحقیق بکەین و زائیدەن لە 10٪مان لەوە زیاتر هەبێت، ئێمە ئێستا (22) سەعات کارەبا دەدەین، نیسبەی تەحقیقمان لە (22 بە 24) ئەگەر تەقسیمی بکەین نیسبەیەك دەردەچێت، بەڵام لە زستاندا ئەو نیسبەیە جارێکی تر دێتە خوارەوە، لەبەر زۆربەی بەکارهێنانی هاووڵاتیان، ئێمە لە گەرمای هاویندا بەبڕێکی دیاری کراو توانیمان (18) سەعات لەو گەرما زۆرە بدەین، بەڵام بە هەمان بڕ زائیدەن سەد مێگاواتیش، ئەو کارەبایەی کە داومانە شەش سەعات کەمتر بووە لەوەی هاوین، یەعنی ئەمە دەلیلی ئەوەیە، کە ئێمە بووینە بەدیلی ئەوەی کە خەڵك لە جیاتی سووتەمەنی، خۆی بە کارەبا گەرم بکاتەوە، کە ئەمەش لە تەواوی دنیادا بگەڕێی ئیلا لێرە دەیدۆزیەوە.**

**مەوزوعی عەفو کردنی ئەو پارەیەی کە لەسەر هاووڵاتیان کەڵەکە بووە، ناتوانرێت، ئێمە پێشنیارمان کردووە عەفو کردنی دهۆك بۆ ساڵی 2009، کە بارودۆخی کارەبای هەرێم لەوێ زۆر خراپ بووە، بۆ ئەو پارەیەی لەسەریان داوای عەفوومان بۆ کردوون، هەروەها ئەو مۆلیدانەی سلێمانی کە هەم کاتی کارەبایەکەیان کەم بووە، هەم مەوزوعی ئەمپێریشیان تەحدید کراوە، داوامان کردووە لەوانەش خۆش ببن، لەوەی تر لەسەر حکومەت قورسە.**

**وێستگەی بەعاد دەدرێت، لە مەنتیقەی بەعاد لە دهۆك، کارەکانی تەواو بووە، ئومێد دەکەین لە ئایندەیەکی نزیکدا بکەوێتە کار، ئەوەی کە ئێمە وەکو پلان باسم کرد لە نیهایەتی ساڵ ئیحتیمالی زۆریشە پێش ئەو تاریخە بکەوێتە کار.**

**مەوزوعی گوندی منارە، موجەمەعی منارە، لەسەر رێگای کەسنەزان ئەگەر مەبەست ئەوە بێت، ئەوە لەناو پرۆژە دایە کە کارەبای بۆ رابکێشین، بەشێك لەوانە وەزارەتی کارەبا دەیکات، بەشێکیش بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پرسیارەکان تەواو بوون، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس بۆ بەڕێز جەنابی وەزیری کارەبای هەرێمی کوردستان، دەستخۆشیت لێ دەکەین، پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستانیش دەکەین، کە کارەبا رۆژ بە رۆژ بەرەو باشتر دەڕوات، ئەو نەواقصانەی هەیە چاك دەبن، ئومێدەوارین تێدا سەرکەوتوو بن، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێزیش ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆ پرسیارەکانتان، بۆ گوێ گرتنتان، ئێستا کۆتایی لە دانیشتنەکەمان دەهێنین، بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، خوا ئاگادارتان بێت.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بايز اسماعيل** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى)** |
| **سكرتێرى پەرلەمانى** | **جێگرى سەرۆكى پەرلەمانى** | **سەرۆكى پەرلەمانى** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (30)**

**دووشەممە رێكەوتی 27\6\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (30)

**دووشەممە ڕێکەوتی 2011/6/27**

کاتژمێر (11،45)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2011/6/27 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (30)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (30)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11،45)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2011/6/27 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە (17)ی ساڵی 2006، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای پاسەوانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (30)، ڕۆژی دانیشتن 2011/6/27، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی مادده بیست لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (30)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نێوەڕۆ بێت، بەڵام دواکەوت بۆ (11,45)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2011/6/27 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە (17)ی ساڵی 2006، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای پاسەوانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.

ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین فەرموو بۆ شوێنی خۆیان سەر مەنصە، لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ خاڵی یەك لە بەرنامەی کار.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئێستا دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەربارەی پرۆژە یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 2006ی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانتان بە زمانی کوردی پێشکەش دەکەین.

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەربارەی پرۆژە یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 2006ی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان**

لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی 29/جۆزەردان/2711ی کوردی بەرامبەر بە 2011/6/19ی زاینی کۆبووەوە بۆ دیراسەت کردنی پرۆژە یاسای (هەموار کردنی دووەمی یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 2006ی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان)، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (25) لە 2011/6/14 ڕەوانەی لیژنەکەمان کراوە. دوای گفتوگۆ و تاوتوێ کردن، لیژنە ڕای خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

پشتگیری پرۆژەکە دەکەین بەشێوەیەکی گشتی و، پێشنیار دەکەین کە دارشتنەکەی کۆتایی یاساکە بەم شێوەیە بێت، دوای لێکدانی ماددەی (یەکەم و دووەم)، لەبەر پەیوەست بوونیان بە ماددەی چوارەمی یاساکە:

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2011**

**یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 2006ی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان**

**ماددەی یەکەم:**

بەندی (1و3) لە بڕگەی (یەکەم) لە (ماددەی چوارەم) ی یاساکە هەمواردەکرێت و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

1- هاووڵاتی کوردستان - عێراق بێت، یان نوێنەرایەتی گەلی کوردستان بکات لەو پەرلەمانانەی کە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە.

3- ئەندام بێت، یان ئەندام بووبێت لە خولێ لە خولەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، یان لە کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی، یان ئەنجومەنی نیشتمانی کاتی عێراقدا، دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لەساڵی (2003).

**ماددەی دووەم:**

سەرەتای ماددەی شەشەم هەموار دەکرێت و، بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

دەستەی گشتی هەر چوار ساڵ جارێك بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامانی یەکێتیەکە، یان نوێنەرەکانیان کۆبوونەوەی فراوان (کۆنگرە) دەبەستێ، بۆ بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە.

**ماددەی سێ یەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی چوارەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

هۆکارەکانی دەرچوواندنی

بەمەبەستی ڕێکخستن و گەشەسەندنی بواری بەڕێوەچوونی کاروباری ئیداری یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و کاری مەدەنی، بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی دووەهەمی یەکێتیەکە، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

تکایە ئاگاداری بفەرموون و ئەسڵی پڕۆژەکە و ڕای لێژنەی یاسایی لە بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ وتوێژ لەسەرکردنی و دەربڕینی ڕای گونجاو لەبارەیەوە و دەنگدان لەسەری، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستاش راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە.

الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق

م/ تقرير حول مشروع قانون التعديل الثاني لقانون اتحاد برلمانيي كوردستان رقم (17) لسنة 2006

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية بتاريخ 29/جۆزەردان/2711 كوردي المصادف ليوم 2011/6/19 الميلادية لدراسة مشروع قانون (التعديل الثاني لقانون اتحاد برلمانيي كوردستان رقم (17) لسنة 2006) المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (25) في 2011/6/14 وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنة الى مايلي:

تأييد المشروع بشكل عام وتقترح اعادة الصياغة النهائية للقانون بعد دمج المادتين (الاولى والثانية) منها لتعلقهما بالمادة الرابعة من القانون وكالآتي:

قانون رقم (  ) لسنة 2011

قانون التعديل الثاني لقانون اتحاد برلمانيي كوردستان رقم (17) لسنة 2006

المادة الاولى:

يعدل البندان (1 و 3) من ( اولا) من المادة الرابعة من القانون ويقرآن كالآتي:

1- من مواطني كوردستان - العراق او من يمثل شعب كوردستان في البرلمانات التي يشملها هذا القانون.

3- عضوا او كان عضوا في احدى دورات مجلس النواب العراقي او في الجمعية الوطنية العراقية او المجلس الوطني العراقي المؤقت بعد سقوط النظام السابق في عام (2003).

المادة الثانية:

تعدل مقدمة المادة السادسة وتقرأ كالآتي:

**تعقد الهيئة العامة اجتماعها الموسع كل اربع سنوات مرة بحضور اغلبية اعضاء الاتحاد او مندوبيهم لتحقيق مايلي.**

**المادة الثالثة:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة الرابعة:**

**ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**الاسباب الموجبة**

**بغية تطوير المجال الاداري لاتحاد برلمانيي كوردستان لاداء افضل للاتحاد وترسيخا لمبادىء الديمقراطية واسس العمل المدني وتنفيذاً لمقررات وتوصيات المؤتمر الثاني للاتحاد فقد شرع هذا القانون.**

**راجين التفضل بالاطلاع وعرض أصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب والتصويت، مع التقدير.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی بۆ ماددەی یەكەم فەرموو بیخوێننەوەو پاشان ڕەئیتان و بەردەوام بن.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەنیسبەت ماددەی یەكەم كە لە ئەسڵی پرۆژەكەدا هاتووە بەم شێوەیە:**

**ماددەی یەكەم:**

**لە بڕگەی (یەكەم) لە (ماددەی چوارەم) ی یاساكە هەمواردەكرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**1- هاوولاَتی كوردستان - عێراق بێت، یان نوێنەرایەتی گەلی كوردستان بكات لەو پەرلەمانانەی كە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الاولى:**

**تعدل الفقرة (اولا/ 1) من المادة الرابعة من القانون وتقرأ كالآتي:**

**1- من مواطني كوردستان – العراق او من يمثل شعب كوردستان في البرلمانات التي يشملها هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیارمان کردووە ماددەی یەکەم و ماددەی دووەم لە پرۆژەی ئەم یاسایە ببێتە یەك ماددە، لەبەر ئەوەی ماددەی یەکەمی ئەسڵی پرۆژەکەو ماددەی دووەمی ئەسڵی پرۆژەکە پەیوەندییان هەیە بە فەقەرە یەك و سێ لە ماددەی چوارەمی ئەسڵی پرۆژەی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، بۆیە ناکرێت ئێمە بۆ فەقەرەیەك لە هەمان یاسا ماددەیەکی قانونی دابنێین، بۆ فەقەرەیەکی تر ماددەیەکی موستەقیلی تر دابنێین، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوە داین، کە هەردوو ماددە دەمج بکرێت، ئەوەش پێویست بە دەنگدان دەکات، بۆ ئەوەی ماددەی دووەمیش بخوێنینەوەو بە یەك ماددە بیخەینە موناقەشەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لەسەر داوای لیژنەی یاسایی کە ماددەی یەك و دوو تەعدیلەکە دەمج بکرێت، دەیخەینە پێش ئێوەی بەڕێز بۆ دەنگدان، کێ لەگەڵدایە کە دەمج بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، دەمج کرا، ئێستا ڕەئیتان لە دەمج کردنەکە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای دەمج کردنی هەردوو ماددە، ئەگەر بکرێت دوای دەمج کردنی ماددەکە بخوێنمەوە بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی سورەتێکی وازیحیان هەبێت لە دەمجەکە.

ماددەی یەکەم:

بەندی (1و3) لە بڕگەی (یەکەم) لە (ماددەی چوارەم)ی یاساکە هەمواردەکرێت و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

1- هاوولاّتی کوردستان - عێراق بێت، یان نوێنەرایەتی گەلی کوردستان بکات لەو پەرلەمانانەی کە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە.

3- ئەندام بێت، یان ئەندام بوو بێت لە خولێ لە خولەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، یان لە کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی، یان ئەنجومەنی نیشتمانی کاتی عێراقدا، دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لەساڵی (2003).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیەکەش.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

يعدل البندان (1 و 3) من ( اولا) من المادة الرابعة من القانون ويقرآن كالآتي:

1- من مواطني كوردستان – العراق او من يمثل شعب كوردستان في البرلمانات التي يشملها هذا القانون.

3- عضوا او كان عضوا في احدى دورات مجلس النواب العراقي او في الجمعية الوطنية العراقية او المجلس الوطني العراقي المؤقت بعد سقوط النظام السابق في عام (2003).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەنگە ئەو ماددەیە هەڵەیەکی چاپیشی تێدا بێت، لەبەر ئەوەی لە ئەسڵی پرۆژەکە لە نیهایەتی ماددەکە دەڵێت (ئەوانەی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکەن) لە عەرەبیەکەش نەهاتووە، بۆیە دەبێت ئەو دەستەواژەیە لە عەرەبیەکەش ئیزافە بکەین، بڵێین (وممن یمثلون شعب کوردستان) بەنیسبەتی ئاخیری ماددەی یەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، باشە، بەڕێز، ئێستا کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ناویان دەنووسین بۆ گفتوگۆکردن لەسەری، بەڕێز کاك دکتۆر ئەحمەد بە تەنها دەیەوێت قسەی لەسەر بکات، فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکم لەسەر خاڵی سێیەم هەیە، وابزانم دوای سقوتی نیزام، دوای رووخانی رژێمی بەعس، هیچ دەوریەکمان نەبوو بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی (مجلس الوطني)، جەمعیەی وەتەنیمان هەبووە، لەگەڵ مەجلیسی نواب، ئەگەر هەڵە نەبم، یەعنی بۆ ئەوەی راست بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم پاش رووخانی رژێم مەجلیسێکی ئینتیقالی موەقەت هەبوو، دوای ئەوە جەمعیە دامەزرا بۆ مەسەلەی دەستوورو ئەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی کەرەم بکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ماددەی دوو له تەعدیلی قانونەکه بەو صیاغەیه هاتووه:

(عضوا او کان عضوا في احدی دورات مجلس النواب العراقي او في الجمعية الوطنية العراقية او المجلس الوطني العراقي المؤقت بعد سقوط النظام السابق في عام 2003)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوه، بۆ ئەوەی بیخەینه دەنگدانەوه، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخیر صیاغەی ماددەی یەکەم بەم شێوەیه:

ماددەی یەکەم:

بەندی (1و3) له برگەی (یەکەم) له (ماددەی چوارەم) ی یاساکه هەموار دەکرێت و، بەم شێوەیەی خوارەوه دەخوێندرێتەوه:

1- هاوولاتی کوردستان - عێراق بێت، یان نوێنەرایەتی گەلی کوردستان بکات لەو پەرلەمانانەی که ئەم یاسایه دەیگرێتەوه.

3- ئەندام بێت، یان ئەندام بوو بێت له خولێ له خولەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، یان له کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی، یان ئەنجومەنی نیشتمانی کاتی عێراقدا، دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لەساڵی (2003)، که نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کاك عمر عبدالعزیز کەرەم بکه.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش له مەوزوعێ دەترسم مەبەست مەجلیسی حوکم بێت، ئەگەر باس له مەجلیسی حوکم بێت، ناوەکەی مەجلیسی حوکمی ئینتیقالی، ئەگەر غەیری ئەوه شتێکی تر بوو بێت، نازانم، بەس له هەمان کاتدا ئەگەر شتێکی تریش بووه بۆ باسی مەجلیسی حوکمی ئینتیقالیشی تیا نەبێت، چونکه ئەو چەند بەڕێزەی نوێنەرانی کورد بوون لەوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەجلیسی حوکم مەجلیسێکی تەنفیزی بوو و، دەوریش بوو، بەلأم ئەوه دوای رووخانی رژێم موباشەرەتەن ئەو دەوره ئینتیقالیه هەبوو، ئەو دەوره مەرحەلیه، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

يعدل البندان (1 و 3) من ( اولا) من المادة الرابعة من القانون ويقرآن كالآتي:

1- من مواطني كوردستان – العراق او من يمثل شعب كوردستان في البرلمانات التي يشملها هذا القانون.

3- عضوا او كان عضوا في احدى دورات مجلس النواب العراقي او في الجمعية الوطنية العراقية او المجلس الوطني العراقي المؤقت بعد سقوط النظام السابق في عام (2003) او من يمثلون شعب كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بەردەوام بن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ماددەی سێیەم دەخوێنمەوە لە ئەسڵی پرۆژەکە، کە دەکاتە ماددەی دووەمی ئێستا لە دوای دەمج کردنی هەردوو ماددە.

ماددەی دووەم:

سەرەتای ماددەی شەشەم هەموار دەکرێت و، بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

دەستەی گشتی هەر چوار ساڵ جارێك بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامانی یەکێتیەکە، یان نوێنەرەکانیان کۆبوونەوەی فراوان (کۆنگرە) دەبەستێ، بۆ بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تعدل مقدمة المادة السادسة وتقرأ كالآتي:

تعقد الهيئة العامة اجتماعها الموسع كل اربع سنوات مرة بحضور اغلبية اعضاء الاتحاد او مندوبيهم لتحقيق مايلي.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان نییەو تەئیدی ماددەکە دەکەین، لەبەر ئەوەی داوایان کردووە، کە کۆنگرە هەر چوار ساڵ جارێك لە جیاتی دوو ساڵ، ئەوەش یەکێکە لە بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیەی کە خۆیان بەستوویانە لە هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی بە عەرەبیش فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نأييد ما ورد في المشروع بشكل عام، شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ئێستا ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت موداخەلە بکەن، رێزداران (ئارام قادر، سیوەیل عوسمان، شڤان احمد، د.احمد وەرتی، صباح بیت الله)، فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە، پێشنیارەکەشم بریتییە لە بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ئەویش ئەوەیە کە ئەندامانی دەستەی گشتی تەنها بۆ دوو خول بۆیان هەبێت خۆیان کاندید بکەنەوە بۆ ئەندامیەتی دەستەی گشتی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سیوەیل عوسمان کەرەم بکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها لێرە پرسیارێکم هەیە، کە صیاغەکە هاتووە دەڵێت (تعقد الهيئة العامة اجتماعها الموسع كل اربع سنوات مرة بحضور اغلبية اعضاء الاتحاد او مندوبيهم)، من پرسیار دەکەم، ئایا ئەندام پەرلەمان دەتوانێت نوێنەری خۆی بنرێت بۆ کۆنگرە؟ یان ئەوە کۆنگرەی ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شڤان احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر دەقە عەرەبیەکە ئەساس بێتن، من پێم باشە لە پاش (الهیئة العامة اجتماعها الموسع (مؤتمر)) دەبێت بنووسرێت، چونکە لە کوردیەکە هاتووە، ئەگەر ئەمە ئەساس بێتن موئتەمەری بۆ ئیزافە بکرێت، کە لە دەقە کوردیەکەدا هاتووە، زۆر دروستترە، سوپاسپ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر احمد وەرتی کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ئەو سەرنجەی سیوەیل خانم هەبوو، ئەندامانی یەکێتیەکە نوێنەرەکانیشیانە، نازانم، ئەندامانی یەکێتیەکە، یان نوێنەرەکانیان، تەبعەن هەموو ئەندامانی پەرلەمانن یان لە عێراق، یان لە کوردستان کە ئەندامی یەکێتیەکەن، غەیری ئەوە پێموا نییە بتوانن بەشداری کۆنگرەکە بکەن، یەعنی پێموایە یان نوێنەرەکانیان زیادە، یەعنی دەستەی گشتی هەرچوار ساڵ جارێك بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامانی یەکێتیەکە کۆبوونەوەی فراوانی کۆنگرە دەبەستێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لەوانەیە مەبەستت لەوە بێتن، ئەگەر هەر هەمووی نەبەن، مەسەلەن دە ئەندام یەکێك بچێتن بە هەڵبژاردن ببێت، رەنگە ئەوە بێت، ڕێزدار صباح بیت الله کەرەم بکە.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی دوو، منیش لەگەڵ ئەو رەئیەم کە کۆنگرە هەرچوار ساڵ جارێك ببەسترێت، نەك دوو ساڵ، واتا لەگەڵ هەڵبژاردنی خولی نوێی پەرلەمان دەست پێ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەواو بوو، بەڕێز لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو قسەیەی برای بەڕێزم کاك ئارام کردی، کە دەستەی گشتی تەنها مافی ئەوەیان هەبێت دوو جار خۆیان تەرشیح بکەن، بەڕاستی ئەوە لە پرۆژەکەی یەکێتی پەرلەمانتاران نەهاتووە، ئەگەر ببا بڕیاری کۆنگرە، دەبوایە ئەوان لە پرۆژەکەی خۆیاندا تەقدیمی بکەن بۆ پەرلەمان، بۆ ئەوەی لێرە گفتوگۆی لەسەر بکەین.

سەبارەت بە مەوزوعی هەیئەی عامە، هەیئەی عامە یان موباشیر خۆیان حازر دەبن، یان وەکو جەنابت ئیشارەتت پێدا ئەگەر ژمارەیان زۆر بوو لە ڕێگای مەندوبینەوە حازر دەبن، لەهەردوو حاڵەتدا تەمسیلی ئەندامی ئەو یەکێتیە دەکەن، ئەگەر خۆیان حازر بن و ڕاستەوخۆ زۆر باشە، لە ڕێگای مەندوبینیش بێت، ئەوەش هەر ڕێی تێ دەچێت، ئەگەر هاتو لە موستەقبەلدا ژمارەیان زۆر بوو.

بەنیسبەت ئەوەی کاك شڤان، دەتوانین لە عەرەبیەکە موئەتەمەر زیاد بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر موداخەلەیەکی بچووك، بەحەقیقەت ئەوەی کاك ئارام گوتی وابزانم زۆر لە جێی خۆیەتی، ڕاستە پرۆژە هی پەرلەمانتارە هاتۆتە ئێرە، بەس لێرە وەکو پەرلەمان موناقەشەی دەکەن، ئەگەر بە مەسلەحەتتان زانی بڕیاری لێ بدەن، یەعنی من خۆم پشتگیری لێ دەکەم، کاك شێردڵ نوقتەی نیزامی هەیە، کەرەم بکە.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هیچ شوێنێك نییە کە مەندوب تەمسیلی ئەندامی فیعلی بکاتن، ئەگەر وابێت مانای وایە پێنج کەس دەچێت ئینتیخاباتەکە دەکاتن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا نا، کاك شێردڵ مەسەلەن ئێمە (111) کەسین، کۆنفرانسێك دەکەین، دەتوانین (50) کەس حازر بێت، دەڵێت هەر لە دوو ئەندام، لە سێ ئەندام، لە پێنج ئەندام نەفەرێك، ئەوجا بە هەڵبژاردن لەناخۆیان دەیکەن و دەچن، زۆر تەبیعییە، بۆچی نا؟ دەکرێت لەهەموو ئینتیخابات دەکرێت، چۆن ناکرێت، کۆنگرەیە، خۆ پەرلەمان نییە، دەبێت، لیژنەی یاسایی فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لە ئەسڵی ماددەکە ئەوەی لە پرۆژەکەدا هاتووە بەم شێوەیە:

(تعقد الهيئة العامة اجتماعها الموسع كل سنتين مرة بحضور اغلبية اعضاء الاتحاد او مندوبيهم لتحقيق مايلي)، یەعنی لە پێشتریش مەبدەئی مەندوبین هەرە هەیە، وەنەبێ نەبێتن، ئەوە شتێکی ئیعتیادییە لە هەموو ڕێکخراوەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لیژنەی یاسایی پێویستە ئەوە حەسم بێتن، یان ئەندامان، یان مەندوبیان، ئەگەر لە حاڵەتێك مەندوب بێت، مەسەلەن دەڵێت لە چەند کەس یەکێك دەڕواتن، بەلاَم ئەگەر ئەندامەکە خۆی بێت و مەندوبیش بێت، ئەوە نەختێك خەلەلی تێ دەکەوێت، بۆیە ئەوە چاك بکرێت، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثانية:**

**تعدل مقدمة المادة السادسة وتقرأ كالآتي:**

**تعقد الهيئة العامة مؤتمرها الموسع كل اربع سنوات مرة بحضور اغلبية اعضاء الاتحاد او مندوبيهم بقرار من الهيئة الادارية لتحقيق مايلي.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەکوردیەکەی تکایە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم:**

**سەرەتای ماددەی شەشەم هەموار دەکرێت و، بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**دەستەی گشتی هەر چوار ساڵ جارێك بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامانی یەکێتیەکە، یان نوێنەرەکانیان کۆبوونەوەی فراوان (کۆنگرە) دەبەستێ، بۆ بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە بەبڕیاری دەستەی کارگێڕی یەکێتی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە کوردیەکە کۆبوونەوە نا، موئتەمەرە، واتا کۆنگرە، عەرەبیەکە ببێتە ئەساس، کاك دکتۆر ئەحمەد فەرموو.**

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە رەئی من ئیشکالەکە حەل نەبووە، چونکە ئەگەر بڵێی بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامانی، مادام دەڵێی زۆرینەی ئەندامانی مەندوبین، پێموایە لێرە هیچ کاریگەرییەکی نامێنێت، بۆیە دەکرێت بڵێی بە ئامادە بوونی ئەندامانی یەکێتیەکە، یان نوێنەرەکانیان، بەس کە گوتت زۆرینەی ئەندامانی، ئەو کاتە نوێنەرەکانیان پێموایە هیچ مانایەکی نامێنێت لێرە، چونکە تۆ لە پێشدا گوتووتە زۆرینە، خۆ ئەگەر نوێنەرەکانیشیان بەشداری بکەن، دەکا زۆرینەیان نوێنەرەکانیان، بە رەئی من یان بڵێی بە ئامادە بوونی ئەندامانی یەکێتیەکە، یان نوێنەرەکانیان، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك حەمە سەعید کەرەم بکە.**

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ حەل کردنی ئەو ئیشکالەتە، فیعلەن ئشکالە، جەنابتان ئاگادارن، هەموو لایەك کە هەر حزبێك، یان کۆمەڵەیەك، یان رێکخراوێك، یان سەندیکایەك کاتێك کە کۆنگرە دەکرێت، تەبعەن هەموو ئەندامەکانی ئەو ئۆرگانە، ئەو رێکخراوە بەشداری کۆنگرەکە ناکەن، کێ بەشداری دەکات؟ نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان لە لق و ناوچەو ئۆرگانەکانی ئەو سەندیکایە، بۆیە من پێم باشە بڵێین دەستەی گشتی هەر چوار ساڵ جارێك بە ئامادە بوونی زۆرینەی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان لە لق و ناوچەو.........................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر دروستە، تەواو حەسم بوو، کاك شێروان ئەو موقتەرەحەی کە ئێمەش لەگەڵ جەنابتان باسمان کرد، فەرموون بەردەوام بن لەسەری. فەرموو کاك خەلیل،

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی نەسەکە ئەشکالێکی تێدا نیە، نەصەکە ئەڵێت(زۆرینەی ئەندامانی یەکێتیەکە، بۆ حاڵەتێکە کە یەکێتیەکە بچووك بێت)، بەڵام ئەم ڕێکخراوە لەوانەیە 10 ساڵی تر فراوان ئەبێت، لەوانەیە نەتوانێت هەموو ئەندامەکانی بەرێتە کۆنگرە، بۆیە نوێنەریان ئەنێرێت، کەواتە زۆرینەی ئەندامانی یەکێتیەکە، یان زۆرینەی نوێنەرەکانیان، یەعنی ئەوە نەصەکە هیچ ئەشکالێکی تێدا نیە، بەس ئەتوانین نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی تێ بکەین، وەك قسەکەی کاك حمە سەعید وتی، یەعنی زۆرینەکە بۆ نوێنەرەکانەو بۆ ئەندامەکانیشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بێدەنگ بن، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تعدل مقدمة المادة السادسة و تقرأ كالآتي:

تعقد الهيئة العامة مؤتمرها كل اربع سنوات مرة بحضور اغلبية اعضاء الاتحاد او اغلبية مندوبيهم بقرار من الهيئة الادارية لتحقيق ما يلي.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ یەم:

پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێروان،

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟، نیە، باشە ئێستا وەکو ئەوەی کەخوێندرایەوە دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) جێبەجێ دەکرێ.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الماده الرابعه:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ دەیەوێت قسەی لەسەر بکات؟، کەس نیە، باشە ئێستا وەکو ئەوەی کەخوێندرایەوە دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا بۆ ئەسباب موجبە، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەسبابی موجەبە، ئێمە موقتەرەحێکمان هەیە، ئێستا دەیخوێنینەوە، بۆ ئەوەی عەرزی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بکرێت، ئەویش بەم شێوەیەیە:

**هۆکارەکانی دەرچواندنی یاساکە**

بە مەبەستی ڕێکخستن و گەشەسەندنی بواری بەڕێوەچوونی کاروباری ئیداری یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان وچەسپاندنی بنەماکانی دیموکارسی و کاری مەدەنی و بۆ جێبەجێ کردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگری دووەهەمی یەکێتیەکە، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکی لەلایەن کاك جمال پێکەش کراوە، پێم باشە ئەویش تێکەڵ بکەم لەگەڵ ئەسباب موجەبەکە، ئەگەر ئەندامان قبوڵیان کرد ئەوە دەنگی لەسەر دەدەین، بەم شێوەیەیە:

الاسباب الموجبة

بغية تطوير وتحسين الاداء الاداري لاتحاد برلماني كوردستان لاداء افضل للاتحاد و ترسيخا لمبادىء الديمقراطية و اسس العمل المدني و تنفيذاً لمقررات و توصيات المؤتمر الثاني للاتحاد فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی خۆی ئەگەر بخوێندرێتەوە، پاشان ئەندامە بەڕێزەکان ئەگەر بیانەوێت موداخەلە بکەن، بەڕێزان ئێستا کێ د ەیەوێت قسەی لەسەر بکات؟، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسەی لەسەر بکەن، ( دکتۆر ئەحمەد، کاك جمال)کەسی تر هەیە، کاك دکتۆر ئەحمەد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەهۆکارەکانی دەرچوواندنی لێرە کەباس لەوە دەکات، بۆ جێبەجێ کردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی دووەمی یەکێتیەکە، ئەم یاسایە دەرچوێنرا، ئەمە نیزامی داخلی نیە، تا تۆ باس لەکۆنگرە بکەیت، ئەمە یاسایە دەردەکرێت، بۆی هەیە کۆنگرەی دووەم بێت یان سێیەم، پێویست ناکات کۆنگرە بخرێتە ناو ئەم یاسایەوە بەڕاستی، یەعنی ئەوە زیادە، ئەمە لە پێڕەوی ناوخۆی سەندیکاکاندا دەنووسرێت، بۆ جێبەجێ کردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە،چونکە ئەوە لە کۆنگرەیەکەوە بۆ یەکێکی تر پەیڕەوێکی تر دەردەکات، بەڵام ئەمە یاسایە لە پەرلەمان دەردەچێت، بۆیە پێویست ناکات ناوی کۆنگرە لێرەدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشنیاری من وەکو ئەوە نەبوو کە کاک عونی خوێندیەوە، پێشنیارەکەم ئەوە بوو کە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە(بغیة تطویر وتحسین الاداء الاداري لاتحاد برلمانیي كوردستان(لاداء افضل للاتحاد) ئەمە لابرێت، پاشان( و ترسیخا لمبادئ الدیمقراطیة و اسس العمل المدني و تنفیذاً لمقررات و توصیات المؤتمر الثاني للاتحاد فقد شرع هذا القانون)زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاک عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**بغیة تطویر وتحسین الاداء الاداري لاتحاد برلمانیي كوردستان و ترسیخا لمبادئ الدیمقراطیة و اسس العمل المدني فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا وەکو گوێتان لێبوو خوێندرایەوە، ئەو ماددانەی کە لە پرۆژەکەدا بۆ هەموارکردن هاتووە، لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچواندنی کە کاک عونی بە عەرەبی خوێندیەوە، ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاس، ئێستا داوا لە لیژنەی ناوخۆش دەکەین فەرموون بێنە سەر مەنەسە بۆ بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار، لیژنەی یاسایی فەرموو بەردەوام بن.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستا دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش لەنێوان لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ سەبارەت بە یاسای(حیمایەی ئەندامانی پەرلەمان)لەلایەن برای بەڕێزم کاک سمیرەوە دەخوێندرێتەوە.**

**بەڕێز سمیر سلیم امین حمه بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش**

**هەردوو لێژنەی کاروباری یاسایی و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان بەشێوەیەکی هاوبەش لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 23/جۆزەردان/ی کوردی بەرامبەر بە ڕۆژی 2011/6/13ی زایینی کۆبوونەوە ، بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆژەی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری پەرلەمان ژمارە (43)ی ساڵی 1992 ، کە**

لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە و ، بۆ لێژنە پەیوەندیدارەکان دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (7)ی رۆژی 2010/5/5 هاتووە و ، دوای وتووێژ لەسەر کردنی و تاوتوێ بەئامادە بوونی نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ ، لێژنەکان گەیشتنە ئەمانەی خوارەوە:

1 - پشتگیری پرۆژەکە بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ ، بەمەرجێك ئەمە بە یاسا رێك بخرێ نەك بە بڕیار و ، پێشنیاز دەکەن کە دارشتنەکەی کۆتایی یاساکە بەم شێوەیە بێت:

یاسای ژمارە (  )ی ساڵی 2011

یاسای پاسەوانیی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق

ماددەی (1):

راژەی تاکەکانی پاسەوانان کە بەردەوامن لە راژەکەیان لەلای ئەندامی پەرلەمان ، بە راژەیەکی کردەنی دادەنرێ بۆ مەبەستی سەرمووچە و بەرزکردنەوە و خانەنشینی و حوکمەکانی یاسای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی ژمارە (1)ی ساڵی 1978ی هەموارکراو کە لەهەرێم کاری پێدەکرێ یاخود هەر یاسایەکی دیکە جێی بگرێتەوە ، تاکەکانی پاسەوانان کە دەکەونە بەر حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

ماددەی (2):

ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە پاسەوانی هەبێ کە ژمارەیان لە چوار کەس زیاتر نەبێ و لەسەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ دادەمەزرێن و پاڵاوتنیان لەسەر داواکاری ئەندامەکە دەبێ و ئەندامەکەش دوای تەواو بوونی ئەندامیەتی بۆی هەیە دوو لەو پاسەوانانە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەخۆ بگرێ و ئەوانەی دەمێننەوەش بەردەوام دەبن لە راژەی خۆیان لەلای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ، بەپێی شوێنی نیشتەجێ بوونیان دابەش دەکرێن بەسەر بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیسی پاسەوانی لە پارێزگاکاندا.

ماددەی (3):

نابێ ئەندامی پەرلەمان پاسەوانەکەی خۆی بگۆڕێ مەگەر دوای تەواوبوونی شەش مانگ بەسەر مێژووی دامەزراندنەکەی رەت بووبێ و ، پێویستە پاسەوانانیش دەستەبەرێکی یاسایی پێویست پێشکەش بکەن کە بەردەوامن لە راژەکەیان لەلای ئەندامەکە لەماوەی ناوبراودا.

ماددەی (4):

بڕیاری ژمارە (43)ی ساڵی 1992 هەڵدەوەشێتەوە و ، ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە ، ئەندامی پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە چەکی کەسیی خۆی هەبێو ، هەڵیگرێ (دەمانچە یان کلاشنکۆف) یاخود هەردووکیان بەیەکەوە و ، ئەو حەقەیشی دەبێ دوای تەواو بوونی ئەندامیەتیشی هەیبێ و ناسنامەی ئەندامیەتی یاخود ناسنامەی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بە بەڵگەنامەیەکی فەرمی دادەنرێ و ، ئەندامیەتی دەسەلێنێ و بە مۆڵەتێکی یاسایی دادەنرێ و دەسەڵاتی ئەوەی پێدەدات کە ئەم مافە

بەکاربێنێ بەدەر لە حوکمـەکانی یاسای چـەکی ژمـارە (16)ی سـاڵی 1993 یـاخود هـەر یاسـاییێکی دیکـە جێی بگرێتەوە.

ماددەی (5):

حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەندامانی هەردوو خولەکانی هەڵبژاردنی یەکەم و دووەمی پەرلـەمانی کوردسـتان —عێراق دەگرێتەوە.

ماددەی (6):

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

ماددەی (7):

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی (8):

ئەم یاسایە لەمێژووی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێ.

تکایە ئاگاداری بفـەرموون و ئەسـڵی پرۆژەکـە و ڕای لێژنـەکان لەبارەیـەوە بخرێنـە بـەردەم پەرلـەمان بـۆ وتوویژ لەسەر کردن و ڕای گونجاو لەبارەیەوە و ، دەنگدان لەسەری.

لەگەڵ ڕێزدا...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بەعەرەبیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان_العراق**

**م/ تقرير مشترك**

اجتمعـت لجنتـا الشـؤون القانونيـة والداخليـة والأمـن والمجـالس المحليـة بصـورة مشـتركة يـوم الاثـنين 23/جۆزەردان/2711 كوردي المصادف ليوم 2011/6/13 ميلادية لدراسة مشروع الغاء قرار البرلمان رقم (43) لسنة 1992 المقدم من قبل العدد القانوني لأعضاء البرلمان والمحال الى اللجان المعنية بعـد القـراءة الاولى في البرلـمان بجلسـته الاعتياديـة المرقمـة (7) في 2010/5/5 وبعـد المناقشـة والمداولـة ، وبحضـور ممثـل وزارة الداخلية ، توصلت اللجنتان الى مايلي:

تأييدالمشروع بشكل عام على ان ينظم ذلـك بقـانون ولـيس بقـرار. كمـا وتقـترح اللجنتـان ان تكـون الصـياغة النهائية للقانون كالآتي:

**قانون رقم ( ) لسنة 2011**

**(قانون حماية أعضاء برلمان كوردستان-العراق)**

المادة (1):

تعتبر خدمة افراد الحماية المستمرين في الخدمة لدى عضو البرلمان خدمة فعلية لأغراض العلاوة والترفيع والتقاعد و تسري احكام قانون الخدمة والتقاعد لقوى الامن الداخلي رقم (1) لسنة 1978 المعدل النافذ في الاقليم أو اي قانون آخر يحل محله على افراد الحماية المشمولين بأحكام هذا القانون.

المادة (2):

لعضو البرلمان الحق في ان تكون له حماية لايزيد عددهم على اربعة افراد يتم تعيينهم على ملاك وزارة الداخلية ويكون ترشيحهم بناءً على طلب العضو ، و يحتفظ العضو بعد انتهاء عضويته باثنين من افراد الحماية بصورة دائمية وللبقية الاستمرار في اداء الخدمة لدى قوى الامن الداخلي ويتم توزيعهم على مديريات شرطة الحراسات في المحافظات حسب محل اقامتهم.

المادة (3):

لايجوز لعضو البرلمان تبديل أفراد حمايته الا بعد انتهاء مدة ستة اشهر على تأريخ تعيينه وعلى افراد الحماية تقديم الكفالة القانونية اللازمة بالاستمرار بالخدمة لدى العضو طيلة المدة المذكورة.

المادة (4):

يلغى القرار المرقم (43) لسنة 1992 و يحل محله ما يلي:

يحق لعضو البرلمان حيازة وحمل سلاح شخصي (مسدس ، بندقية سريعة الطلقات) أو كليهما معاً ويبقى محتفظاً بهذا الحق حتى بعد انتهاء العضوية. وتعتبر هوية العضوية أو هوية اتحاد برلمانيي كوردستان والتي تثبت عضويته كوثيقة رسمية بمثابة إجازة قانونية تخوله ممارسة هذا الحق استثناءً من احكام قانون الاسلحة رقم (16) لسنة 1993 او اي قانون آخر يحل محله.

المادة (5):

تسري أحكام هذا القانون على اعضاء الدورتين الانتخابيتين الأولى والثانية لبرلمان كوردستان-العراق.

المادة (6):

لايعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة (7):

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة (8):

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

راجين التفضل بالاطلاع وعرض أصل المشروع ورأي اللجنتين بشأنه على البرلمان للمناقشة وابداء الرأي المناسب والتصويت.

مع التقدير....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی ناوخۆ، فەرموون ڕەئیتان.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ و یاسایی کە کۆبووینەوە، لەسەر ماددەی (2 و5)تێبینی هەبوو، هەر ئەوەندە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا بێنە سەر پرۆژەکە ماددە بەماددە بیخوێننەوە، پاشان ڕەئی لیژنەکان وەردەگرین، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی گۆڕانکارییەکی زۆر لەسەر ئەو پرۆژەیە کرا، پرۆژەیەك و ڕاپۆرتێکی بەدیل هەبوو کەوەختی خۆی پێشکەش کرابوو، بۆیە ئێمە لەدوای ئەو دانیشتنەی کە لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی کردیان، لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆش دانیشتین، بەڕاستی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەسەر پرۆژەکە کرا، بۆیە ئێمە پێمان وایە کە دەبێت ئەم ڕاپۆرتە ببێتە ئەساس بۆ موناقەشەکردن، بۆیە داوا لەسەرۆکایەتی دەکەین ئەو ڕاپۆرتەی کە ئێستا پێشکەشکرا، ببێت بە ئەساس بۆ موناقەشەکردن لەناو هۆڵی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بچینە بڕگەکانی ئەم پرۆژەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەردەوام بن ماددەی یەکەم بخوێننەوە، بۆ ئەوەی ڕەئیشتان لەسەری بزانین، بەڕێزان ئێستا لیژنەی یاسایی و ناوخۆ هاوڕان کە ئەو ڕاپۆرتەی کە خوێندرایەوە بکرێت بە ئەساس بۆ موناقەشەکردن، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، 1 کەسی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا و بوو بە ئەساس بۆ موناقەشەکردن، فەرموون بەردەوام بن.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (1):**

**ڕاژەی تاکەکانی پاسەوانان کە بەردەوامن لە ڕاژەکەیان لەلای ئەندامی پەرلەمان ، بە ڕاژەیەکی کردەنی دادەنرێ بۆ مەبەستی سەرمووچە و بەرزکردنەوە و خانەنشینی و حوکمەکانی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی ژمارە (1)ی ساڵی 1978ی هەموارکراو کە لەهەرێم کاری پێدەکرێ یاخود هەر یاسایەکی دیکە جێی بگرێتەوە ، تاکەکانی پاسەوانان کە دەکەونە بەر حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الماده (1):**

**تعتبر خدمه افراد الحمايه المستمرين في الخدمه لدى عچو البرلمان خدمه فعليه لٔغراچ العلاوه والترفيع والتقاعد و تسرى احكام قانون الخدمه والتقاعد لقوى الامن الداخلى رقم (1) لسنه 1978 المعدل النافڌ في الاقليم أو اى قانون ێخر يحل محله على افراد الحمايه المشمولين بأحكام هڌا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕەئی ترتان هەیە لەسەری هی هەردوو لیژنە، فەرموو.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەردوو لیژنە پشتگیری ماددەی یەکەم دەکەین، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟، بەس کاك دلێر، فەرموو.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یەکەم شتێکی زۆر چاکە، راژەی تاکەکانی پاسەوانان کە بەردەوامن لە راژەکەیان لەلای ئەندامی پەرلەمان ، بە راژەیەکی کردەنی دادەنرێ بۆ مەبەستی سەرمووچە و بەرزکردنەوە و خانەنشینی، بەلاَم لەهەمان کاتدا من بەباشی دەزانم ئەو پاسەوانانە لەدوای تەواو بوونی خولی ئەندام پەرلەمانەکە، بتوانن بەپێی ئەو ڕێنماییانە یاخود ئەو مەرجانەی کەهەیە لە وەزارەتی ناوخۆ، ئەگەر خۆیان ویستیان بمێننەوە ئەوە ڕێگایان پێ بدەن کە بمێننەوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، لیژنەی ناوخۆ، فەرموو.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە پشتیوانی لەماددەکە دەکەین، لەماددەی 2 دا ئەوەش هەیە، پاسەوان بۆی هەیە و ئازادە کە بمێنێتەوە، یان خۆی نقلْ بکات، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا ئاخر صیاغە بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرمووں.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادە (1):**

**تعتبر خدمە افراد الحمایە المستمرین فی الخدمە لدی عچو البرلمان خدمە فعلیە لٌغراچ العلاوە والترفیع والتقاعد و تسری احکام قانون الخدمە والتقاعد لقوی الامن الداخلی رقم (1) لسنە 1978 المعدل النافژ فی الاقلیم أو ای قانون ێخر یحل محلە علی افراد الحمایە المشمولین بأحکام هژا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دووەم فەرموون.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (2):**

**ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە، پاسەوانی هەبێ کە ژمارەیان لە (چوار) کەس زیاتر نەبێ، لەسەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ دادەمەزرێن و پاڵاوتنیان لەسەر داواکاری ئەندامەکە دەبێ، ئەندامەکەش دوای تەواو بوونی ئەندامیەتی بۆی هەیە، دوو لەو پاسەوانانە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەخۆ بگرێ و ئەوانەی دەمێننەوەش بەردەوام دەبن لە راژەی خۆیان لەلای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بەپێی شوێنی نیشتەجێ بوونیان دابەش دەکرێن بەسەر بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیسی پاسەوانی لە پارێزگاکاندا.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (2):**

**لعضو البرلمان الحق في ان تكون له حماية لايزيد عددهم على (اربعة) افراد يتم تعيينهم على ملاك وزارة الداخلية ويكون ترشيحهم بناءً على طلب العضو ، و يحتفظ العضو بعد انتهاء عضويته باثنين من افراد الحماية بصورة دائمية وللبقية الاستمرار في اداء الخدمة لدى قوى الامن الداخلي ويتم توزيعهم على مديريات شرطة الحراسات في المحافظات حسب محل اقامتهم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان لەسەر ئەو ماددەیە، فەرموو.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەسەر ماددەی دووەم تێبینی هەبوو، من یەکێك بووم لەوانەی کە لەکۆبوونەوەکەدا تێبینم هەبوو، لەسەر دوو پاسەوان و مانەوەیان بەبەردەوامی، چەند ڕایەك هەبوو، من پێشنیاری یەکەم بۆخۆم وەکو ئەندامێك**

له ليژنەی ناوخۆ، پێم باشە ئەندامی پەرلەمان دوای خانەنشین کردنی دوو پاسەوانی لەگەڵ بێت، بەڵام ئەو دوو پاسەوانە بۆ یەك خول بێت، نەك تا كۆتایی ژیان هەر دووانی لەگەڵ بێت، دوای خانەنشین بوونی دوو پاسەوان بێت، ئەوانەش بۆ یەك خولی تەواو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە لەجێگای خۆتان قسە مەكەن، ئەوە ڕەئی خۆیەتی، ئێستا كێ دەیەوێت قسە بكات لەسەر ئەو ماددەیە ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بكەن، ( دكتۆر پەریهان، كوێستان محمد، بەشیر خلیل، دڵشاد شهاب، شێردڵ تەحسین، خورشید احمد، سیوەیل عوسمان، كاروان صالح، شوان كریم، سەمیرە گۆران، سالار محمود، ئاواز عبدالواحد، نەسرین جەمال، نەریمان عبدالله، فازڵ بەشارەتی، شێرزاد حافز)كەسی تر ماوە، بەڕێز پەریهان قبلای، فەرموو.

**بەڕێز د. پەیهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی دووەم، بەڕاستی من تێبینیم هەیە، لەسەر ژمارەی پاسەوانەكان، كە دەڵێت(لعضو البرلمان الحق في ان تكون له حماية لايزيد عددهم على اربعة) خۆی من لەگەڵ ئەوەدام ئەو ژمارەیە بكرێت بە (2) لەخیلالی ئەو چوار ساڵەدا، لەخولێكدا، ئەویش ئەوەیە ئەندامی پەرلەمان خۆی هەڵدەبژێرێت و خولێك تەواو دەكات، لەو خولەدا ئەگەر پێویستی پێی بووب كرێت بەدوو پاسەوان، ئەو چوارە كەم بكرێتەوە، پاشان كە دەڵێت(و يحتفظ العضو بعد انتهاء  عضويته باثنين من افراد الحماية بصورة دائمية) من داوا دەكەم دوای ئەوەی كە خولەكە تەواو دەبێت، پێویست ناكات ئەندامی پەرلەمان پاسەوانی هەبێت، لەبەر ئەوەی خۆی هەر نوێنەری خەڵكەو دەگەڕێتەوە ناو خەڵك، پێشتریش چۆن بووە، هەر دوای ئەوەش بەهەمان شێوە با وا بەردەوام بێت، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەو ژمارەی پاسەوانە بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بیگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی بتوانێت خزمەتی هەرێم بكەن، بۆیە من بەپێویستی نازانم دوای ئەندامێتی پاسەوانی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، دەستت خۆش بێت، بەڕێز كوێستان محمد، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ زیاد كردنی ژمارەی پاسەوانەكان نیم، هەروەها لەگەڵ ئەوەش نیم كەدوای خانەنشین كردنیش ئەو ژمارەیە زیاد بكرێت، بۆیە من پێشنیار دەكەم، ئەم ماددەیە وەك خاڵی سێیەمی بڕگەی یەكەمی ئەو پڕۆژە بڕیارەی لێبكرێتەوە كە ژمارەیەكی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەشیان كردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز دكتۆر بەشیر، فەرموو.

**بەڕێز د. بەشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بوونی پاسەوان بۆ ئەندامی پەرلەمان مەسەلەیەکی تەکریم و تەشریف نیە، بەڵکو مەسەلەیەکە پاراستنێکە لەلایەنی ئەمنی و ئاسایشەوە، ئەوەش لە هەموو پەرلەماناتی دونیاو پلە تایبەتەکاندا هەیە، ئەگەر تەماشا بکەین لە پەرلەمان بەغدا زۆر زیاترە، لەبەر ئەوەی حاڵەتی ئەمنی لەوێ خراپترە، بۆیە بوونی (4)پاسەوان شتێکی تەبیعیە، من لەگەڵ ئەوەدام کە لەدوای خانەنشین کردنیان، یانە نەمانی ئەندامێتی ئەندامەکە، ئەمە بخەینە بەردەستی ئەندام پەرلەمان، ئەگەر خۆی پێویستی بەهەر چواری هەبوو با لای بمێنێتەوە، ئەگەر بە دوو بوو ئەوە با دوو بێت، ئەگەر پێویستی بە هیچیان نەبوو ئەوە هەر (4) با بگەڕێنێتەوە، بەمەرجێك ئەو ئەندامە لە کوردستان نیشتەجێ بێت، نەك لەدەرەوە بێت بەس ئەم پاسەوانانەی لە هەرێم هەبێت وموچەش وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دڵشاد شهاب، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە تەسمیەکە وایە، ئیتر دەوترێت چوار پاسەوان، ئەگینا خۆی دووانی شوفێرن، کەسیش ناتوانێ بەردەوام دەوام بکات، ئەکید یەکێك دەبێ بێتە شوێنی یەکێك، یەکێك دەوام دەکات، یەکێك دەچێ، کەواتە ئەندامی پەرلەمان دوو شوفێری دەبێ، بە تەناوب دەوام دەکەن، دوو حیمایەشی دەبێ بە تەناوب دەوام دەکەن، واتا لە حاڵەتی تەبیعی دا، لە دەوامی ئەندامی پەرلەمان شوفێرێك و حیمایەیەکی هەیە، لە هەر کاتێکی دەوام کردندا، بۆیە بە دیتنی من بۆ ڕێکخستنی ئەو مەسەلەیە فیعلەن ئێستا سێ کەسن، ڕێك ناخرێ چۆن دەوامیشیان پێ بکرێ بەڕاستی، چونکە دەبێت زەوجی بێ ڕەقەمەکەی، ئیتر بۆیە من پشتگیری ئەو دوو بە دووە دەکەم، یەعنی چواری دەکەم، ئەوەکەی تریشم بۆ ئەو ڕوون کردنەوەیە بوو، چونکە دووانیان بە فیعلی شوفێرن، لای هەمووشمان هەروایە، مانەوەیان بە شێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ دا نیم، چونکە ئەوە ئەرکێکی قورس دەکات، هەر دەورەیەکی پەرلەمانی بە شێوەیەکی بەردەوام حیمایە لەگەڵ موتەقاعیدی پەرلەمان دەبن، ئەکید بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە یەکێك لە ئەرکە قورسەکان، خۆمان زۆرجار ڕێگری ئەو مەسەلەیە دەکەین، خۆشمان عەینی حاڵەت بکەینەوە، ئیتر ئەوە شتێکی دروست نیە، یان دوو پاسەوان، ئینجا من بۆیە دەڵێم (یان)، چونکە ئەوە ڕەنگە حاڵەتەکانیش لە کەسێك بۆ کەسێکی تر بگۆڕدرێ، ئەوە مەسەلەیەکی عام نیە ئێمە باسی موجتەمەع دەکەین، ئینسان ڕەئیەکی موتلەق بدات، ڕەنگە هەر یەکێك لە ڕوانگەی بارو بیرکردنەوەی شەخصی خۆی، زرووف و ژیان و کارکردنیەوە ڕەئی بدات، یان دوو پاسەوان بمێننەوە بۆ ماوەی دووساڵ دوای تەواوبوونی دەورەکە، یان پاسەوانێك بۆ ماوەی چوار ساڵ، لە ئەرکە مالیەکەی دا دەکاتەوە عەینی شت، هەر کامەی بێت بە دیتنی من

ڕەنگە حەللی ئەو مەسەلەیە بکات، بەڵام بە قەتعی منیش لەگەڵ ئەوەدا نیم کەوا ئەندامی پەرلەمانی موتەقاعید بۆ هەتا هەتایی ئیحتیفاز بە یەك حیمایە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز شێردڵ تەحسین، فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانی کاك دڵشاد تەصدیق دەکەم، بەس لەیەك قسە لەگەڵی نیمە، کە ئەندام پەرلەمان تەقاعود دەکرێ یان وەکو ئەندام پەرلەمان نامێنێت، ئەو وەختی پێویستی بە سایەق دەبێت کە بیهێنێ و بیبات، نەك بە خۆی وەختی عومری تەجاوز دەکات ناتوانێ ئوتۆمبێلیش لێخوڕێ، دووەمین شت مانەوەی دوو پاسەوان یەك دەوام دەکات، یەك دەوام ناکات، بۆ خۆی پاسەوان هەر پاسەوانێك لێرە (15) ڕۆژ لەماڵەوەیە، (15) ڕۆژ دەوام دەکات، ئێستا هی ئێمە (3)یە، وەکو کاك دڵشاد گوتی تەنسیق ناکرێت لەگەڵ ئەوەی، خواش قبوڵ ناکات لە سبەینێ تا شەوێ پاسەوانێکت لەگەڵ بێ یان شوفێرێکت لەگەڵ بێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم چوارەکە بمێنێ زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی شەرتە، پاشانیش هەر یەکێك سایەقمان بێ و حکومەت پارەی بدات، بابە با خۆمان بیدەین لە تەقاعودیەکە، زۆر سوپاس، بەڕێز سیوەیل عثمان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە ئەگەر چوار پاسەوان پەسند کرا، پێم باشە یەك لەوانە ژنی تێدا بێ جا شوفێرە، پاسەوانە، مەرج نیە هەر پیاو بێت، چی تێدایە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاروان صالح، فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە ڕاپۆرتی لێژنەی هاوبەش دەکەم لە چوار پاسەوان بۆ کاتی بەردەوام بوونی ئەندامی پەرلەمان، دوانیش بۆ پاش تەواوبوونی، ئەگەرنا پێشنیارێکم هەیە پێموایە یەعنی نازانم بۆ ئێمە لەگەڵ وەزیرەکان پاسەوانەکانمان لەگەڵ وەزیرەکان فەرقی هەبێ؟ بۆیە ئەندامی پەرلەمان پاسەوانی لە وەزیرێك کەمتر بێ، من تێناگەم لەو مەسەلەیە، حەز دەکەم لێژنەی یاسایی یان بەڕێزتان لەسەر ئەوە قسەیەك بکەن، یەعنی ئەگەر جەنابی وەزیرێك هەشت پاسەوانی هەبێ، پێموانیە پەرلەمانتارێك شەخصیەی

مەعنەوی لە ئەو کەمتر بێ، یان خوانەخواستە لە ئەو کەمتر مەترسی لەسەر بێ، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم و هیوادارم پشتیوانی ئەوە بکەن با هەموو هاوتا بکرێ لەگەڵ پاسەوانی وەزیرەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پاسەوانی وەزیریش بۆ دوو ساڵە، تەواو دەبێت ئیتر، کە تەواو بوو لە وەزیری دوو کەسی لەگەڵ دەمێنێ، دوای دوو ساڵەکە تەواو دەبێ، ئێستا ئیشیان زۆرترە لە ئێمە، بە حەقیقەت یەعنی ئەوان وەزیرەکان، وەکیل وەزیرەکان حەرەکەت دەکەن، ئێمە لێرە دانیشتووینە سەلامەت بی، بەڕێز شوان کەریم، فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە حەقە سەرەتا ئەوە بزانین کە بوونی ئەو پاسەوانانە تەنیا مەسەلەی، با بڵێین سوودێکی مەعنەوی هەیە بۆ ئەندام پەرلەمان، هیچ سوودێکی ماددی نیە، ئەوە یەکەم، حەقە ئێمە ئەوە بزانین، دووەم/ لە ڕووی ماددیەوە ئەو کەسانە خۆیان سوودمەند دەبن، بەڕاستی ئێمە دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین، ئەوانە هەموویان خەڵکی فەقیرن، ئیشیان بۆ دۆزراوەتەوە، لەو مەجالەدا کار دەکەن، ئەوە یەك، حەقە ئێمە ئەوە بزانین، دوو/ بە نیسبەت ئەوەی کە ئێمە چوار حیمایەمان هەبێت، لە ڕاستی دا ئێمە هەندێکمان هەر هەتا ئێستاش هەر دووانی هەیە، یەعنی بە دوان کیفایەتی کردووە و ئیشەکەی خۆی ڕایی دەکات، بەڕای من وەکو پێشوو بمێنێتەوە، هەر سێیان بێت، سێ کەس بێت، ئیقتیراحی ئەوەی کە دوان بمێنێتەوە (إلى مدى العمر)، بەڕاستی ئەوە شتێکی زیادە، بە تەصەوری من خراپ نیە ئەگەر هەر یەك کەس بێت، یەعنی (3) ئێستا، دوای تەقاعودیش یەك کەس بێ، بەڵام یەك مەسەلە هەیە ئەوەی بیدایەت وتم، ئەوەمان ئێمە لەبەرچاو بێ، ئەوانە ئەوەی ئێمە ئیستیفادەیەکی مەعنەوی لەو بەڕێزانە دەکەین، بەڵام ئیستیفادە ماددیەکە بۆ ئەو کەسانە خۆیانن، زۆر بەشیان کوڕی فەقیرن و عائیلە بەخێو دەکەن، خۆیان بەخێو دەکەن، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز سەمیرە گۆران، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی دووەم من لەگەڵ چوارەکەمە، بەڵام تەحدیدی ڕەگەز نەکرێت، با ئێمە تەشجیعی ئافرەت بکەین لە ئەجهیزەی ئەمنی و قوەی ئەمنی داخلی زیاتریش کار بکەن، یەعنی مەجالی ئافرەتی تێدا هەبێ لێرەش بمێنێ، لەگەڵ ئەوەمە پاسەوانێك هەر بمێنێ (مدى الحياة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا ئەوەی پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە من تەصەورم وایە ئەصلەن لە بنەمادا پرسێکی زیاد بوو، نەدەبوو بێتەوە ناو قاعەی پەرلەمان، بۆیە من پشتگیری بۆچوونی خاتوو کوێستان محمد و هەروەها بـرای بەڕێزم کاك شوان کابان دەکەم کە وەکو خۆی بمێنێتـەوە، سێ پاسـەوان هـەبێ، بـۆ گلدانـەوەش لـە کۆتـایی خول دا ئەنـدامی پەرلـەمان بـۆی هـەبێ کـە یـەکێك لـە پاسـەوانەکان لەگـەڵ خـۆی بهێڵێتـەوە، دیـارە ئـەوە ئەسبابی خۆی هەیە، دیـارە هـەرێمی کوردسـتان بـە بـەراورد لەگـەڵ ناوچـەکانی تـر لـە عـیراق دا لـە ڕووی ئەمنییەوە زۆر زۆر لەبارترە، هیچ مەترسییەکی ئـەمنی لەسـەر هـەرێمی کوردسـتان نیـە وەکـو ئـەوەی لـە شوێنەکانی تر دەبینـرێ، ئەگـەر قسـە لەسـەر بەراوردکارییـە لەگـەڵ پلـە تایبەتـەکانی تـر، بـە تایبـەتی لـە هەرێمی کوردستان دا ئەگەر باسی وەزیر دەکرێ، لە بەغداش باسی پەرلەمانتار دەکرێ، من تەصەورم وایـە ئێمە دەبێ ئەگەر لە نێوان ئەو بەراوردەدا بمانـەوێ مەنفەعـەتی گشـتی ڕەچـاو بکـەین، دەبـێ قسـە لەسـەر ئەوە بکەین با ئەوانی تریش تەرشیق بکرێنەوە، هەوڵ بدرێ لە هاوتا کردنی وەزیر و ئەندام پەرلەمان لـە هـەرێمی کوردسـتان دا، بـا وەزیرەکـانیش بـە قـەد ئەنـدامی پەرلـەمان بـن، چـونکە تەصـەورم وایـە هـیچ وەزیرێك بە قەدی ئەندام پەرلەمان ماندوو نـابێ و مەسئوولیەتیشی لـە مەسـئوولیەتی وەزیـر گـەورەتر و گرانتر نیە، لەو ڕوانگەیەوە من وای بۆ دەچم کە گلدانەوەی دوو کەسیش جارێکی تر ئەویش هەر بارگرانی یە بۆ بودجەی گشتی و بۆ وەزائیفی گشتی، یەك کـەس بمێنێتـەوە باشـترە، کەسـەکەی تـر بچێتە خزمـەتی گشتی یەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئاواز عبدالواحد، فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پشتگیری لە ڕای لێژنەی هاوبەش دەکەم بۆ ئەوەی کە پاسەوانی ئەندامانی پەرلەمان چوار بـێ، بۆ ئەوەی بە تەناوب دەوامیان پێ بکرێت، لە دوای ماوەی تەقاعودیشیان بمێنێت بە دوو، لەبەر ئەوەش کە لـە کۆبوونـەوەی لێژنـەی نـاوخۆش ئێمـە بـە زۆرینـەی دەنـگ لەسـەر ئـەوە هـاوڕا بـووین کـە دوو پاسـەوان بمێنێتەوە بۆ (مدى الحياة)، ئەوە لەبەر مەکسەبی شەخصـی خـودی پەرلەمانتارەکـە نیـە، لەبـەر پاراسـتنی هەیبەتی پەرلەمانتارییە، چونکە ئیحتیماله زۆربەی ئەندام پەرلەمانتاران لە کـاتی موناقەشـە لـە زۆربـەی بیر و ڕا جیاوازەکان تووشی بیروڕای جیاواز ببووین، جا لەبەر ئەوە ڕەنگە کۆمەڵێك پێشنیار، کۆمـەڵێك بـا بڵێین دژی بۆ پەیدا ببێت، بۆیـە پێمـان باشـترە کـە دوو پاسـەوانی بـۆ بمێنێتـەوە تـاوەکو کۆتـایی تەمـەنی، ئەوەش ئەو پەرلەمانتارە لە دوای ئەو خولەی پەرلەمان کە تەواو دەبێت ڕەنگە زۆربەیان بچن بۆ وەزیفەی تـر، ئـەوە ئـەو کاتـە پێویسـت ناکـات سـەر لـە نـوێ لـەو شـوێنە داوای پاسـەوان بکـات، ئـەو پاسـەوانە بـۆی

دەمێنێتەوە، ڕای دووەمیشم ئەوەیە ئەگەر هەر پەرلەمانتارێك لە پاش ئەوە كە بە ویژدانەوە بە خۆی پێی زەروور نەبوو دوو حیمایەی بۆ بمێنێتەوە خۆ بە زۆر نیە، دەتوانێ داوا بكات دوو پەرلەمانتارەكەی بگەڕێنێتەوە بۆ حكومەت و ئیتر ئیستیفادەیان لێ نەكات، خۆ ئەوە بەزۆری لەسەری ناكرێ، بە نیسبەت ئەوەی سەمیرە خانیش كە باسی پاسەوانی ئافرەتی كرد بۆ ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی كە ئافرەتن بیانەوێت ئافرەتێك لەگەڵ خۆیاندا دابنێن، لێرە لە یاساكەدا ئەمە تەسك نەكراوەتەوە، یەعنی تەنها پاسەوان مەرج بێ كە پیاو بێت، ڕەنگە ئەوە ئەگەر بكرێ دەست شل بكرێ بۆ ئەو ئافرەتە ئەندام پەرلەمانانە كە بتوانن حیمایەیەكی ئافرەت لەگەڵ خۆیان دابنێن بۆ كاری پێویست پێم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستخۆش، سوپاس، بەڕێز نەسرین جەمال، فەرموو.

**بەڕێز نسرین جەمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی پێشنیارەكەی كوێستان خان و كاك شوان دەكەم، بەڕاستی بڕگەی سێهەمی خاڵی یەكەمی ئەو پرۆژە بڕیارەی كە هەبووە، ئەوە لە جێی خۆیەتی، لەوە زیاتر پێویست ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز نەریمان عبداللە، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئیشكالم لەسەر ژمارەی پاسەوانەكان نیە لەبەر ئەوە جیاوازییە و هەر پەرلەمانتارێك دەتوانێ پاسەوان دابنێ بۆخۆی، یان داینەنێ، یەعنی ڕەتی ئەوە بكاتەوە، بەڵام لەوانەیە مەوقیعی كەسێك بۆ كەسێكی تر جیاوازی هەبێ، هەندێك پێویستی پێ بێ و هەندێك پێویستی پێ نەبێ، بەڵام لە كۆی ماددەكە من تێبینیم هەیە بۆ ئەوەی ئێمە لێرە بە شێوەیەك دامانناوە كە پەرلەمانتارەكە تەنها لە نەقل دا دەتوانێ، عەفو، تەعین بكات، بۆ ئەوەی ئێمە قورساییەك دروست نەكەین، تەعیناتی زیاتر دروست نەبێ، من پێشنیار دەكەم لەوەی كە دەڵێین (یتم تعینهم) لەوێ بە دواوە بڵێین (على ملاك وزارة الداخلیة و یكون ترشیحهم أو نقلهم)، هەندێ جار هەیە پێویست ناكاتەوە بچێ پاسەوانێك دابمەزرێنی، لەوانەیە پاسەوانێك هەبێ تۆ پێت باش بێ، لە دام و دەزگاكان دا، یەكێكی تریش دەمێنێتەوە دانامەزرێ، دەتوانێ نەقلی بكات بۆ لای خۆی، بۆیە (أو نقلهم) (ترشیحهم أو نقلهم)، بۆ ئەوەی وای لێ بكەین كە بتوانێ نەقلیش بكات، بۆ ئەوەی دامەزراندن كەمتریش، ڕێگریش دەكەین لە دامەزراندن، (أو نقلهم)ی بۆ زیاد بكەین، لە كۆتاییەكەشی دا كە بۆ ئەوەی كە دەگەڕێتەوە بۆ دەوام لە ئەخیردا (و یتم توزیعهم على مدیریات شرطة الحراسات في المحافظات حسب محل إقامتهم)، لێرە من دەڵێم ئەوەی ئەخیری زیادە، (یتم توزیعهم على مدیریات شرطة الحراسات) تەواو، ئیتر ئەو كات لە موحافەزات بێ، لە ئیدارات بێ، بۆیە من داوا دەكەم لە

لێژنەی یاسایی لە هەر شوێنێك باسی موحافەزات هەبێ، باسی ئیدارات بکەن لەمەودوا لەبەر ئەوەی موحافەزات دەسەڵاتی ئیداراتی پێ دراوە قانونیەن، ئیداریەن، حیسابیەن، بۆیە جیوازییەك دروست دەبێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم (فی محافظات) (حسب محل إقامتهم) پێویست ناکات، بەس لێرەدا بە حیراسات ئەوکات لە کوێ بە پێی زەرووڕە بە کاری دەهێنێ بە کاری دەهێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز فازل بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم کە ئەو چوار پاسەوانە لە پاش خانەنشینی ئەندامی پەرلەمانیش هەروەك خۆی بمێنێتەوە، ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر هەبوو لەسەر خانەنشین، یەعنی پاسەوان خانەنشین نابێ، ئەو هەر پاسەوانە، ئەندامی پەرلەمان خانەنشین ببێ و لە هەر کوێ بێ هەر پاسەوانە لەگەڵی، من زۆر تەئیدی ئەو ڕەئیەی جەنابی کاك مەلا بەشیر دەکەم، بە هەقیقەت ئەندامی پەرلەمان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر فەرقە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێموایە ئێستاش هەرچەند من لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەندامی پەرلەمانین، ئیمکانە ئێستاش ئەندامی پەرلەمان هەبێ سەخڵەت بێ بەوەی کە حیمایەی هەیە، پاسەوانی هەیە، ئەندامی پەرلەمانیش هەیە سەخڵەتە بەوەی کە حیمایەکەی کەمە، لەبەر ئەوەی ئەوە لە کەسێکەوە، هەرچەن پێموایە من یاسایی نیم، بەڵام لە یاسا ئەگەر نییە، بەس بە هەقیقەت ئەم یاسایە زۆر ئەگەری دەوێ، چونکە پاش خانەنشین بوونی ئەندامی پەرلەمان، ئەندامی پەرلەمان هەیە واجیبی تر وەردەگرێ، کە من ئەگەر لە پاش خانەنشین بوونم واجیبم لە حیزبەکەی خۆم وەرگرت، ئیمکانە پێویستم بەو پاسەوانانە نەبێ، من یەك داوا دەکەم، یەك پێشنیاریش دەکەم لە ئەندامانی بەڕێز، یەعنی ئێمە ئەندامی پەرلەمانین، ئەگەر من یەعنی بۆ بەڕاشکاوانە شت نەڵێین، ئەگەر من پاسەوانم پێویست نەبێ با ئێستا لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان بڵێم کاکە من پاسەوانم ناوێ، یەعنی ئەو چوارەش بۆت داناوم بیکەن بە یەك، یەعنی ئەوە پێموایە زۆر نوقتەیەکی ئیجابی و شەفافیشە لەبەر.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ڕجائەن ئێمە حیمایە بۆ ئەندامانی پەرلەمان دادەنێین، بۆ هیچ شەخصێك فەرقی لەگەڵ شەخصێکی تر دانانێین، شەخصێك هەیە پێویستی پێ یە، شەخصێك هەیە پێویستی پێ نیە، ئێمە لێرە دیراسەی ئەوە ناکەین، وەکو ئەعزای پەرلەمان حیمایە بۆی دادەنێین، چەند بێت ڕەقەم دراوە، هەندێك دەڵێ چوار بێ، هەندێك دەڵێ دوو بێ، هەندێك دەڵێ نەبێ، ئیحتیرامم بۆ هەموو ئەو ڕەئیانە هەیە، جەنابیشت ڕەئی خۆت بدە، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم هەر چوارەكە بێ، ئەگەر پێشنیاریشم بخوا حەز دەكەم شەش بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز شێرزاد حافظ، فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من (100٪) تەئیدی كاك دكتۆر بەشیر دەكەم، ئەو چوارە، چوار كەس باشە، دوانیش بمێنێتەوە، بۆ هەتا هەتایی، تەبعەن ئەو دوانەی كە دەمێنێتەوە، ڕەنگە هەندێ كەس هەیە پێویستی پێ نەبێ، با ئەوە ئیختیاری بێ، ئیختیاری بێ هەر كەسێك ئەوەی ویست، ئەو دوانە با بمێنێتەوە لەگەڵیان، من هینیشم هەیە بۆ ئەوە، ڕەنگە زۆربەمان لەو قاعەیە پێشمەرگایەتیمان كردووە، لە كاتێك دا كە خەباتی ڕزگاری خوازی میللەتەكەمان بووە، پێش كە هاتینە ئێرە حیمایەی خۆمان هەبووە، هاتووین بۆ ئێرە حیمایەكان ڕۆیشتوون، جارێكی تر ڕەنگە ئەگەر ئێمە بڕۆینەوە ئەو حیمایانەمان بۆ نایەتەوە، هەروەكو ئەزانن كە ئێمە پێشمەرگایەتیمان كردووە و كۆمەڵێكمان كێشەمان بۆ دروست بووە لەسەر پێشمەرگایەتی و لەسەر ئەو میللەتە، لەبەرئەوە من داوا دەكەم ئەگەر هەموویان نایانەوێ با بە ئیختیاری بێت، هەر كەسێك ویستی ئەو دووانەی بۆ بمێنێتەوە بۆ هەتا هەتایەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، لیژنەی ناوخۆ كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەند ڕایەك هەبوو لەوەی كە ئەندامانی پەرلەمان باسیان كرد، كاك دڵشاد باس لەوە دەكات كە دەڵێ دەبێ چوار كەس بێ و دووكەسی لەگەڵ بێت، دوای تەواو بوونی بۆ ماوەی چوارساڵ دوو كەسی لەگەڵ بمێنێتەوە، لە سێ ببێ بە چوار، كوێستان خان دەڵێ سێ كەسی لەگەڵ بێت وەكو كۆنی لێ بێتەوە، یەك كەسی لەگەڵ بمێنێتەوە بۆ مەدا حەیات، سێ ئەندامی پەرلەمان پشتیوانی لە پێشنیارەكەی كوێستان خان دەكەن، چوار كەس پشتیوانی لە ڕایەكەی كاك دڵشاد دەكەن، دوو ئەندامی پەرلەمانیش پشتیوانی لەوە دەكەن كە چوار كەسەكە بمێنێتەوە، چۆن چواری لەگەڵە هەر چواری لەگەڵی بێت، لەوانە كاك فاضل بوو، كاك د.بشیریش داوا دەكات، چوار كەس بێ و دوو كەسیشی بۆ هەتا هەتایی لەگەڵ بمێنێتەوە، بەڵام ئیختیاری بێت، ئەوە ڕای ئەندامانە، سەبارەت بە ژنان، ئێمە لەگەڵ لیژنە كە كۆبووینەوە و هەم قانون مەجالی دایە و هەم لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ كە كۆبووینەوە، ڕازی بوون لەسەری ئەوەی هیچ كێشەیان نەبوو ژن بێت یان پیاو بێت، كەس ڕێگر نیە لەوەی، هەر ئەندامێكی پەرلەمان پاسەوانی هەبێت ژن بێت

یان پیاو بێ بۆی هەیە لەو چوار کەسە دوو کەسی ژن  بێ و یەکی پیاو بێت یان دووانی پیاو بێ و یەکێکی ژن بێت، ئەوە هەم قانون ڕێی پێداوە، هەم وەزارەتی ناوخۆش لەسەری ڕەزامەندە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك نەریمان پێشنیاری کرد کە ئیداراتیش ئیزافە بکرێت لەسەری پاش ئـەوەی (مدیریـة شـرطة الحراسـات فی المحافظات والادارات فی الاقلیم) هـەروەها نەقلەکـەیان، (ویکون ترشـیحهم و تبدیلهم) ئەوەشـی ئیزافـە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە محافەزات لاببرێ یان ئەگەر کە ئەوە کرا ئیداراتیش بۆ ئیزافە بکرێت، ..... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان لە جێگەی خۆتەوە قسە مەکە، تکایە بە بێ ئیجازە هەڵمەستە رجائەن، سیوەیل خان فـەرموو فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ژن دەڵێن ئەگـەر تەقـدیم بکـات وەزارەتـی نـاوخۆ قبـوڵ ناکـات ژن تـەعین بێـت، ئەگـەر لێـرە ئیقراری بکەن، زۆر باشەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، نا شتی وا نییە، ئەوە ئەساسی نیە، ژن بێـت یـان پیـاو ئەنـدامی پەرلـەمان بیهێنـێ، بـەڵام هـەموو ڕۆژێ گۆڕان نیە، یەعنی هێشتا نەگەیشتووەتە وەزارەت لە ڕێ دەیگۆڕن، ئەوەش نابێت، لیژنەی ناوخۆ؟ فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ ڕا هەبوو، ڕایەکیان ئەوە بوو وەکو باسم کرد، کە وەکو خۆی بێت، سێ کـەس بێـت، ئەنـدامی پەرلـەمان سێ پاسەوانی هەبێت، کە خانەنیشین کرا یەك کەسی لەگەڵ بمێنێتەوە بۆ مەدا حەیات، ڕای دووەم ئەوەیە کە ببێ بە چوار و دوو کەسیشی لەگەڵ بمێنێتەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ دوای خانەنیشین کردنی، ئەوە دەبێت یەك بە یەك بخرێنە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی بزانین کامە لەسەر کامەی یـەکلای دەکەینـەوە، ڕای سـێیەمیش

ئەوەیە کە دوو کەسی لەگەڵ بێت بۆمـەدا حیـات و جـاری وا هەیـە، پاسەوانیشـی هـەبێ لـە کـاتی بـەردەوام بوونی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێموایـە تەسـویتەکە ئەبێتـە دوو بابـەت، بابـەتێکیان بـە نیسـبەت ئـەو پاسـەوانانەیە کـە لـەو کاتـەی ئەندامی پەرلەمانە و لە خولەکە دایە، ئەمە با یەکلابکرێتەوە، عەجەبە سێ یان چوارە، ئینجا بچینە سـەر خانەنیشین، بزانین لەوێوە چۆن ئێمە تەسویتەکان دەکەین؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ئەو تەسەلسولەی بۆ زیادبوونەکە، یەکەم وەك خۆی بمێنێ، سێ پاسەوان و ئەوەی تـر دووان بێـت، بۆچوونیش هەبووکـە دووان بێـت، بۆچـوونێکی تـر هـەبوو کـە چـوار بێـت، ئێسـتا ئـەوەی چـوارەکە دەخەینە دەنگدان، کە زۆر تر ئەندامانی پەرلەمان ئەوەیان کـرد، کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە پاسـەوانی ئەنـدامانی پەرلەمان لەناو دەورە ئێستا کە ئیش دەکەن، ببێتە چوار پاسەوان، تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا ماوەکەی، تکایە بۆچوون هەبوو کە دوو ساڵ بێـت، لە پاش ئەوەی تەقاعود دەکرێت و ئەندامی پەرلەمان نامێنێ لە وەزیفەکەی، دوو حیمایـەی لەگـەڵ بمێنـێ بۆ ماوەی دوو ساڵ، بۆ ئەبەد نەبێت، چونکە بە حەقیقەت مراعاتی ئەوەش بکـەین، چـونکە دەورەی دوو و سێ و چوار و دەوراتی تر دێ، ئیتر وابـزانم زۆر ئـەوە دەبێـت، ئێسـتا کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە کـە دوو بێـت، بـۆ ماوەی تەنها دوو سـاڵ، تکایـە دەسـت بـەرز بکاتـەوە؟ دوو حیمایـەی هـەبێ و بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ لەگـەڵیان بمێنێتەوە، تکایە دەست بـەرز بکەنـەوە؟ 14 کـەس لەگەڵـە، زۆر سـوپاس، کـێ لەگـەڵ دانیـە؟ بـە زۆرینـەی دەنـگ ڕەفـز کـراوە، ئێسـتا کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە یـەك پاسـەوان بـێ و مـەدا حـەیات لەگـەڵی بێـت، هـەتاوەکو دەمێنێتەوە، کێ لەگەڵە یەك بێت تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 32 بەڕێز لەگەڵدایە، کـێ لەگـەڵ دانیـە؟ بـە زۆرینەی دەنگ ڕەفز کرا، ئێستا کێ لەگەڵە چوار ئەندام بێت بـۆ دوو سـاڵ لەگـەڵی بمێنێتـەوە؟ کـێ لەگـەڵ دایە؟ کێ لەگەڵە دوو بێ و مەدا حەیات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ وەڵڵا پێویست بە تەسویت دەکات، زۆر سوپاس، حسابی دەکەینەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دوو بێ و مەدا حەیات تکایە دەست بـەرز بکاتـەوە؟ 44 بەڕێز لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 32 بـەڕێز لەگـەڵ دانیـە؟ بەداخـەوە، لیژنـەی نـاوخۆ؟ کـاك اسماعیـل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە دوای دەنگدان بۆ ئەو سێ ڕایەی کە هەبوو دیارە ئێستا لەسەر ئەوە ئەکسەریەتی هێنا کە چوار پاسەوانی ئەندامی پەرلەمان لە کاتی کە بەردەوامە چوار پاسەوانی هەبێ، دوای خانەنیشینیش مەدا حەیات دوو پاسەوانی لەگەڵ بمێنێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان دوو کەس لەسەری قسە بکات، دوو کەس دژی قسە بکات، چونکە بە حەقیقەت شتێکی خراپە بەڕاستی یەعنی پەرلەمانی کوردستان و خەڵکی خۆمان زیاد بکەین مەدا حەیات لەگەڵمان بێت، ئیحتیرامم هەیە، عەلا کولین، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە چوار پاسەوان بێ بەس مەدا حەیات دوو کەس بێت، تکایە دەست بەرز بکەنەوە؟ کاک عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من دوو تێبینی عەرز دەکەم، ئەگەر روخسەت بدەی، ئێمە تەسویتمان کرد، یەك خیار هەبوو زۆر مەعقول بوو بەلای منیشەوە نەخرایە دەنگدان، مەسەلەی ئیختیاریەکە دوای هینەکە ئیختیاری بێت، چەند برادەرێکیش دیفاعیان لێی کرد، نا، نا بۆ دوایی دەڵێم، بۆ دوای نەقڵ،.......... .**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاک عمر ئیختیاری هەر کەسێك دەتوانێ خۆ فەرز ناکەین لەسەری، کاک عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**باسی دواییە من بۆم هەبێ ئەو دوو کەسەی خۆم نەقڵ بکەم بۆ سەر وەزارەتێ، بۆ سەر جیهەتێ و بۆ شوێنێکی تر، باسی ئێستا نیە، چونکە هەموو کەس ئیختیاریە، دەزانین، لەسەریا چوار کەس ناسەپێنرێ، بە زۆر بڵێین ئیللا دەبێ،............ .**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاک محمد فەرموو.**

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**کاک دڵشاد پێشنیارێکی کرد، بۆ دوو کەسەکە، وتی بۆ دوو ساڵ دوای ئەوەی کە خولەکە تەواو دەبێ دوای دوو ساڵەکە دەبێ بە یەك کەس، ئەوە نەخرا دەنگدانەوە، هەر دووکەسەکە خرایە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا بەڕێزان ئەوەی كە چوار پاسەوان بێ و دووان مـەدا حـەیات لەگـەڵی بێـت، كـێ لەگـەڵ ئەوەیـە دووان مەدا حەیات لەگەڵی بێت دەست بەرزبكاتەوە؟ رجائەن دەنگدانـە، دەنـگ نـەدەن نابێتـە بڕیـار، كـێ لەگەڵـە دووان بێت مـەدا حـەیات؟ زۆر سـوپاس، كـێ لەگـەڵ دانیـە؟ بـە زۆرینـەی دەنـگ پەسـەند كـرا، فـەرموو بـۆ ماددەی 2 ، تكایە بێ دەنگ بن بەردەوام دەبین، تكایە، ئێستا ماددەی 2 كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (2): لعضو البرلمان الحق في ان تكون له حماية لايزيد عددهم على اربعة افراد يتم تعيينهم على ملاك وزارة الداخلية ويكون ترشيحهم ونقلهم بناءً على طلب العضو ، و يحتفظ العضو بعد انتهاء عضويته باثنين من افراد الحماية بصورة دائمية وللبقية الاستمرار في اداء الخدمة لدى قوى الامن الداخلي ويتم توزيعهم على مديريات شرطة الحراسات في المحافظات والادارات فی الاقليم حسب محل اقامتهم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نوقتە نیزامیەكەم لەسەر ئەو تێبینیەی مامۆستا عمر بوو، من لەبەرئەوەی.... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ڕۆیی تەواو، ئێستا لە ماددەی دووین، رجائەن، كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەنـدێ ئەنـدامی پەرلـەمان باسـیان لـەوە كـرد كـە دوو مـەدا حـەیات تێیـدا نەمێنێتـەوە، بـۆ ئـەوەی ئـەو مولاحەزەیە ئەگەر لەگەڵ ئەو ماددەیە ئێستا تەسـویتی لەسـەر نـەكراوە، ئێمـە بیچەسـپێنین كـە ئەنـدامی پەرلەمان بۆی هەیە ئەو دوو ئەندامە.......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو وەختی كە هات قسەی كرد، ئێستا دەیدەینە دەنگدان و ڕەئـی جـەنابت دەدەی و ئیزافـە دەكـەی، ئێسـتا خۆ نایدەینـە تەسـویت، ئـەوە ماددەكـە تـازە دەخوێندرێتـەوە و هـەمووتان قسـەی لەسـەر دەكـەن، قەیناكـە دوایی زیادی دەكەین، نیزامی یەعنی من غەڵەتم كرد بـێ، سـەلامەت بـی، ئێسـتا بـۆ مـاددەی 3 كـاك عـونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاش ئەوەی ئەو پێشنیاری تەقدیم کرا مـن سـیاغەکەی ئـەو ماددەیـەم بـەو شـێوەیە خوێنـدەوە، مـەفروزە ئەوە بدرێتە دەنگدان، سیاغەی نیهائی ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوو بەس ڕەقەمەکانمان دایە دەنگدانەوە، هینی حەرەسەکان، ئێستا ئاخیر صیاغەی بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 2: لعضو البرلمان الحق في ان تكون له حماية لا يزيد عددهم عن اربعة افراد، يتم تعيينـهم علـى مـلاك وزارة الداخلية، و يكون ترشيحهم و نقلهم بنـاء علـى طلـب العضـو، و يحـتفظ العضـو بعـد انتهـاء عضـويته بأثنين من افراد الحماية بصورة دائمية، و للبقية الاستمرار في اداء الخدمة لدى قـوى الامـن الـداخلي، و يـتم توزيعهم على مديريات شرطة الحراسات في المحافظات و الادارات في الاقليم حسب محل اقامتهم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا بـرۆ مـاددەی دواتـر تکایە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی 3: نـابێ ئەنـدامی پەرلـەمان پاسـەوانەکەی خـۆی بگـۆڕی، مەگـەر دوای تـەواوبوونی شـەش مـانگ بەسەر مێژووی دامەزرانەکەی ڕەت بووبێ و، پێویستە پاسەوانیش دەستەبەرێکی یاسایی پێویست پێشکەش بکەن، کە بەردەوامن لە راژەکەیان لە لای ئەندامەکە لە ماوەی ناوبراودا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 3: لا يجوز لعضو البرلمان تبديل افراد حمايته الا بعد انتهاء مدة ستة اشهر علـى تـأريخ تعيينـه و علـى افراد الحماية تقديم الكفالة القانونية اللازمة بالاستمرار بالخدمة لدى العضو طيلة المدة المذكورة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەڕێزان، کـێ مولاحـەزەی لەسـەر مـاددەی سـێ هەیـە؟، کـێ ئەیـەوێ موداخەلـە بکـات؟، تـەنها دوو بـەڕێز، بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی سێیەم باس لە گۆڕینی پاسەوانی ئەندامانی پەرلەمان دەکات، ئەڵێ: نابێ پاش شەش مانگ، بەڵام من پێموایە ئەم ماوەیە زۆر زۆرە، یەعنی زۆر جار هەیە پاسەوان لای ئەندامی پەرلەمان دوو مانگ نامینێتەوە، داوای دەست لە کارکێشانەوە دەکات، واز لە کارەکەی خۆی ئەهێنێ، ئەو کات ئەندامی پەرلەمان چی بکات؟، زۆربەمان لەو بارەوە گرفتمان هەیە، بۆیە من داوا ئەکەم ماوەکە هەر نەمینێت، ئەندام پەرلەمان خۆی بەرەغبەتی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم ماددەیە (لا یجوز لعضو البرلمان تبدیل افراد حمایتە الا بعد مدة ستة اشهر علی تأریخ تعیینە) کافیە، پێویستی بەوە ناکات ئەم تەردی حیمایە کە باسی لەوە کراوە، کەفالەت بدات لەوەی کە لای ئەندام پەرلەمانەکە بمینێتەوە، ئەگەر نەمایەوە، ئەو کەفالەتە حوکمی قانونی چی ئەبێ؟، ئەندام پەرلەمانەکە ئەتوانی چی لەو حیمایەیە بکات؟، بەڵام خۆی بالعکس، ئێمە لە ماددەکانی پێشوو باسمان کرد، وتمان تەعیین ئەبێ، خۆی کە تەعین ئەبێ، ئیجرائاتی تەعینەکەی هەر خۆی لای وەزارەتی داخلیە داوای کەفیلی لی ئەکات، کەفیلی لێ وەرئەگرن و موستەمسەکاتی رەسمی لێ وەرئەگرن، ئینجا ئەمری تەعینەکەی دەرئەچێ، لەبەر ئەوە پێویست ناکات لێرە ئەم بێت کەفالەتیش بدات بە ئەندام پەرلەمان، خۆ لای ئەندام پەرلەمانەکە تەعین نەبووە، لە وەزارەتی داخلیە تەعیین بووە و حیمایەی ئەندام پەرلەمانەکەیە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەم بڕگەیە تا (تاریخ تعیینە) زۆر کافیە و ئیدی زیادەیە و لابرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە قسەکانی خوشکە بەفرین، ماوەکە کراوە بیت، زۆر کێشەیە، چونکە ئێمە کە کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی ناوەخۆ، گلەییان لەوە هەبوو کە ئەندام پەرلەمان لە ماوەیەکی نزیکدا، جارێ ئەمری نەقلی حیمایەکە تەواو نەبووە، حیمایەکەی دەگۆڕی و کێشەیەکی ئیداری زۆر دروست دەبوو، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو ماوەیەمان تەحدید کرد، سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاك عومەر، ئێمە پشتگیری لێ

دەکەین، فیعلەن زۆر راستە، بە پێی قانونی قوی الامن الداخلی، وەزارەتی ناوەخۆ هەر کەسێك کە تەعین دەبێ ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ دەکات، کەفالەی تەقدیم دەکات یان مەرجەکانی دیکە کە لە قانونەکە دیاری کراوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزارەتی ناوەخۆ؟

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە ڕای لێژنەی ناوەخۆ دەکەین بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟، ئاخیر صیاغە بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 3:لا يجوز لعضو البرلمان تبديل افراد حمايته الا بعد انتهاء مدة ستة اشهر على تأريخ تعيينه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی چوار فەرموون.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (4):**

بڕیاری ژمارە (43)ی ساڵی 1992 هەڵدەوەشێتەوە و ، ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە ، ئەندامی پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە چەکی کەسیی خۆی هەبێو ، هەڵیگرێ (دەمانچە یان کلاشنکۆف) یاخود هەردووکیان بەیەکەوە و ، ئەو حەقەیشی دەبێ دوای تەواو بوونی ئەندامیەتیشی هەیبێ و ناسنامەی ئەندامیەتی یاخود ناسنامەی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بە بەڵگەنامەیەکی فەرمی دادەنرێ و ، ئەندامیەتی دەسەلمێنێ و بە مۆڵەتێکی یاسایی دادەنرێ و دەسەڵاتی ئەوەی پێدەدات کە ئەم مافە بەکاربێنێ بەدەر لە حوکمەکانی یاسای چەکی ژمارە (16)ی ساڵی 1993 یاخود هەر یاسایێکی دیکە جێی بگرێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (4):**

يلغى القرار المرقم (43) لسنة 1992 و يحل محله ما يلي:

**يحق لعضو البرلمان حيازة وحمل سلاح شخصي (مسدس ، بندقية سريعة الطلقات) أو كليهما معاً ويبقى محتفظاً بهذا الحق حتى بعد انتهاء العضوية. وتعتبر هوية العضوية أو هوية اتحاد برلمانيي كوردستان والتي تثبت عضويته كوثيقة رسمية بمثابة إجازة قانونية تخوله ممارسة هذا الحق استثناءً من احكام قانون الاسلحة رقم (16) لسنة 1993 او اي قانون آخر يحل محله.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی ناوەخۆ رەئیتان؟

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەکە دەکەین وەکو خۆی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ ئەیەوێ لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟، ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێ موداخەلە بکەن، شێرزاد حافظ، شێردڵ تحسین، شوان کەریم، سالم تۆما، صباح بیت الله، کەسی تر هەیە؟، فەرموو کاک شێرزاد.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کوردیەکەدا باسی دەمانچە و کلاشینکۆف کردووە، بەڵام لە عەرەبیەکەدا باشتری باس کردووە کە باسی (مسدس و بندقیە سریعە الطلقات)، چونکە هەموو جارێ رەنگە لە وڵاتی ئێمە زۆر کلاشینکۆف بەکار نەهێنن، وەختێك بێ کلاشینکۆف هەر نەمینێ، لەبەر ئەوە ئەگەر بیکەین بە کوردیەکەی، بڵێین چەکی شان باشتر بێ، چونکە چەکی شان رەنگە کلاشینکۆف و ئەم چەکە بچووکانە ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر نەفسی مولاحەزەی کاك شێرزادم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ دەقی ماددەکەم، بەڵام بەراستی حەقە ئەوە بەعەرەبیەکەش و بە کوردیەکەش هینەکە بگۆڕدرێ، کە ئەڵێ (مسدس، بندقیة سریعة الطلقات) ئەوە بندقیة سریعة الطلقات مەعنای بندقیەی ئالي

**نایبی، مەعنای بندقیەی ئالي نیە، بڕنەویش فیشەکەکەی سەریعە، لەبەر ئەوە دەبێ بڵێ( مسدس، بندقیـة آلیة یان بندقیة اوتوماتیکیة)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێز کاك سالم فەرموو.**

**بەڕێز سالم تۆما:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەمان تێبینـیم هەیـە، بندقیـە سـریعە الطلقـات نیـە، یـان سـریعە الاطـلاق کـە دەکـات بندقیـە الیـە، یـان کلاشنیکوفە ناوەکەی بنووسین، کلاشنکۆف نەك کلاشینکۆف، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێز صباح بیت الله فەرموو.**

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لەگەڵ ئەوەمە ماددەی چوار بکرێتـە دوو فەقـەرە، ئـەوەی ئێسـتا هەیـە بکرێتـە (أ)، ئەمەشـی بـۆ زیـاد بکرێ لە فەقەرە (ب): یتمتع کل من کان و لا یزال عضواً في البرلمان بالاحترام اللازم مادام علی قید الحیـاة و یعامل معە کشخصیة اجتماعیة بارزة(VIP) لدی مؤسسات الدولة کافة.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لێمان گەڕین، واز بێنن، هەر کەسە و ئیحتیرامی خۆی بە خۆیەتی چاوەکەم، لە لای خەڵك ئـیحترام بـە زۆر و بە قانون؟، ئەوە ئیحتیرامە بەڕای جەنابت؟، لیژنەی یاسایی رەئیتان؟**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بندقیة سریعة الطلقات، ئێمە ئیسـتیفادە لـە قـانونی ئەسـلیحەی کوردسـتانیمان کردیـە ژمـارە 16 ی سـاڵی 1993، کە لەوێ باس لەوە دەکات، تەعریفی کردیە سلاحی نـاری چیە و سـلاحی حـەربی؟، ئەگـەر بڵـێین سـلاحی حـەربی بـەو شـێوەیە ئیحتیمالـە ئەسـلیحەی قورسـتر حیسـاب دەکـرێ، ئێمـەش لـە قانونەکـە ئیحتیاجیمان بە ئەسلیحەی قورس نیـە، ئەنـدام پەرلـەمان تـەنها کلاشـینکۆفەکی هـەبێ لەگـەڵ دەمانچەك ئەوە کیفایەتە، ئیستیسناشمان کردیە لە قانون، چونکە سـلاحی حـەربی کـەس لـۆی نیـە هـەڵیبگری، هـەتا کلاشینکۆفیش مەمنوعە بە قانون، ئـیلا ئـەفرادی قـواتی موسـەلەحە، یـان شـورتە کـە بـە پێـی قـانون کـار دەکەن، ئەوان بۆیان هەیە هەڵیگرن، لۆیە ئێمە لە پرۆژەکە وامان بە باش زانی، ئیستیسنا بکرێ لە قـانونی ئەسلیحەی ژمارە 16ی ساڵی 1993 و تەحدید بکرێ بە دەمانچەك و سەریعە الطلقـات، ئـەوە مەبەسـتمان**

**کلاشینکۆفه ، یەعنی لەوەی قورستر نا، دەتوانین بیکەین سریعه الاطلاقات، بەڵام ئێمە ئەو تەعبیرەمان بەکار هێنا، لەبەر ئەوەی لە قانونەکە وا هاتیە، هەر نەقلمان کرد بۆ ئێرە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا، فەرموو سۆزان خان.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە ئێستا دەنگ درا بۆ چوار حیمایە، ئەگەر دوانی شوفێر بێت و دوانی حیمایە بیت، عەدەدەکە نەنووسراوە لێرەدا، من خۆم شەخصیەن کە ناردوومە ئەوێ بۆ سیلاحەکەم دەربێنم، وتوویانە لە یەك دەمانچە زیاتر بۆت نیە لە موحافەزەی سلێمانی، بۆیە یەعنی، تکایە ئەگەر عەدەدەکەش دیاری بکەن باشتر ئەبێ، چونکە لەناو، عادەتەن تۆ ئەم هینە لە کوێ دەردێنی ئەم روخسەی سیلاحە، ئەبێ بچیتەوە بۆ موحافەزە، ئەگەر وای لێ بکرێ، هەویەکە روخسە بێ، بەڵام ژمارەکە دیاری بکرێ، نەڵێن تۆ زۆرت پێیە، تۆ لەوانەیە دوو حیمایەت پێ بێ و دوو سیلاحیان هەبێ و تەواو.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەمە عیلاقەی بە حیمایە نیە، بە شەخصی ئەندامی پەرلەمانە، خۆت ئەتوانی کلاشینکۆفیش هەلگری و ئەتوانی دەمانچەش هەلگری، ئەوە بۆ حیمایە، حیمایە پۆلیسە، حکومەت ئەیدات و خۆی سیلاحی لایە و خۆی واجیبی خۆی ئەکات، سوپاس، بەردەوام بن کاکە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشنیار کرا کە (بندقیة سریعة الطلقات) بکرێتە (بندقیة الیة)، ئەوجا ئەو پێشنیارە بە رەئی من بخرێتە دەنگدان باشە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، کێ لەگەڵ ئەوەیە ببێتە (ألیه)؟، خۆی کلاشینکۆفیش الیەیە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا ئاخیر صیاغە بکە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (4):**

**یلغی القرار المرقم (43) لسنة 1992 و یحل محله ما یلي:**

**یحق لعضو البرلمان حیازة وحمل سلاح شخصي (مسدس ، بندقیة الیة) أو کلیهما معاً ویبقی محتفظاً بهذا الحق حتی بعد انتهاء العضویة. وتعتبر هویة العضویة أو هویة اتحاد برلمانیي کوردستان والتي تثبت**

عضويته كوثيقة رسمية بمثابة إجازة قانونية تخوله ممارسة هذا الحق استثناءً من احكام قانون الاسلحة رقم (16) لسنة 1993 او اي قانون آخر يحل محله.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەی پێنج فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج:

حوكمەكانی ئەم یاسایە ئەندامانی هەردوو خولەكانی هەڵبژاردنی یەكەم و دووەمی پەرلەمانی كوردستان-عیراق دەگرێتەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (5):

تسري أحكام هذا القانون على اعضاء الدورتين الانتخابيتين الأولى والثانية لبرلمان كوردستان-العراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یاسایی هەمان ڕەئیتان هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە ئەوان یەك پاسەوانیان هەیە، پێمان وایە ئیحتیفاز بكەن بەو یەك پاسەوانە، مادام مەجرای یاسایەكە نەگۆڕێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان كێ ئەیەوێت لەسەر ئەوە قسە بكات، شۆرش مجید، كاوە محمدامین، نەریمان عبدالله، محمد شارەزووری، عمر عبدالرحمن، بەڕێز خلیل عثمان كەرەمكە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەوانەیە ئەوەندە ئەشكالم لەگەڵ عەدەدەكە نەبێ، ئەوەندە نەبێ ئەشكالم لەگەڵ خودی ماددەكەیە، دانانی ئەم ماددەیە وا دەكات كە ئەسەری ڕەجعی هەبێ بەڕاستی، من نازانم لەم پەرلەمانە نۆ كەس كاتی خۆی تەوقیعمان كرد، یاداشتێكمان دایە جەنابت بۆ موناقەشە كردنی یاسایەك كە ئەسەری ڕەجعی هەبێ.....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تکایە لەسەر ماددەکە قسە بکەن، نەقد لێرە نیە کاک خلیل، نا، باسی ماددەکە بکە ڕەجائەن، لەماددەکە دەرمەچۆ.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە هەبێ بۆ لە یاساکانی تر نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شۆڕش کەرەمکە.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە ماددەی پێنج هەر بە زیادی دەزانم، پشتگیری لە پێشنیازەکەی کاک شێروان حەیدەری دەکەم، بۆیە ئەسلەن هەر پێویست ناکات ئەو ماددەیە، ئێمە لە دەستکاری کردنی مووچەی ئەندامانی پەرلەمان، کە لە 10٪مان کەم کردەوە، ئەو هەقەمان بەخۆمان نەدا، ئەسەری ڕەجعی هەبێ ئەو ماددەیەو ئەو یاسایەی کە دەرمانکرد، بۆیە من پێشنیاز دەکەم کە ئەو ماددەیە هەر نەمێنێت، چونکە ئەوان ئیستیقراریەتی خۆی وەرگرتووە، ئەوەش دەبێتە بار گرانیەکی تر ئەوەی لێرە برادەران باسیان کرد، لەسەر حکومەت و لەسەر ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاوە محمدامین.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕای بەڕێز کاک شێروان حەیدەری دەکەم، بۆ ئەوەی لەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز نەریمان عبداللە کەرەمکە.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە لەم ماددەیە ئەسەری ڕەجعیمان داوە بەم قانونە ئەوە گونجاو نیە، وەلە هەمان کاتدا ئێمە لەو کاتە ئیلغای قەراری ژمارە 43ی ساڵی 1992مان کردۆتەوە، کە خۆی بۆ خۆی ئەعزای ئینتیخابی یەکەم و دووەم ئەو بڕیارەیان دەرکردووە، کە خۆیان بۆ خۆیان دەرکردووە، ئێمە بێینەوە وەکالەتی ئەوان بکەین و بۆیان دابنێینەوە و زیادی بکەین، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەو ماددەیە نەمێنێت، لەبەر ئەوە دوو دەورە تێپەڕیوە، وە ئەگەر بە زەرەریان بزانییابە خۆیان دەستکاریان دەکرد و دەیان گۆڕی، بۆیە ئەسەری

ڕەجعیش پێویست ناکات بیدەین بەو ماددەیە، بۆیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، وەکو کاك شێروان گوتی لەگەڵ ئەوەم خۆی کە هەبووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بەڕێز محمد شارەزووری کەرەمکە.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە پشتگیری ڕای ئەو برادەرانە دەکەم، بۆئەم ماددەیە هەر زیادە، بۆ ئەوەی لە ئەشکالی ئەسەری ڕەجعی نەجاتمان بێ، چونکە خۆتان بەوە ئاگادارن، خولی یەکەم وا تەقریبەن 18 ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێت، کابرا لە کوێ ئەهێنیتەوە جارێکی تر و کۆمەڵێك مەشاکیل، بۆ ئەسەری ڕەجعی نەگەڕانەوەی ئەسەری ڕەجعی، پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە هەڵگیرێت و نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر عبدالرحمن کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەندامانی خولەکانی یەك و دووش ئەندام پەرلەمان بوون، پێویستیان بە حیمایەو پێویستیان بەوە بووە کە خەڵکێکیان لەگەڵدا بمێنێتەوە، وابزانم ئێستا بە واقعیش هەرکەسێك حیمایەکی لەگەڵدایە، بەلاّم ئەگەر ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوە ئێستا کە هاتووە باسی لەسەر بڕوات، ئەمە ئەسەرێکی ڕەجعی ئەدات بەم یاسایە، ئەم ئەسەرە ڕەجعییەش لەم یاسایە پێم وانیە لەم جۆرە یاسایانە وارد بێ، کاك شێروان و لیژنەی یاسایی باشیان باس کرد، ئەکرێت لەسەر ئەو موقتەرەحەی کاك شێروان باسی کرد، ئەوان ئیحتیفاز بەیەك حیمایەکەی خۆیانەوە بکەن، چونکە ئەگەر ئەمە باس بکەین لێرە، ماددەی دوو هەقت داوە بە عزوی پەرلەمان، کە چوار حیمایەی هەبێ و دوانی لەگەڵدا بمێنێتەوە، واتە ئەوانە ئەگەر یەك دانەیان لە لا بمێنێتەوە، بۆیان هەیە حیمایەکی تریش تەعین بکەن بە گوێرەی ئەم یاسایە، چونکە ئەم یاسایە ئەڵێ(تسري أحكام هذا القانون على اعضاء الدورتين) هەردوو دەورەکە، بە واتا یەکی حیمایەکی تر تەعین بکەن، ئەگەر ئەمە وەها بێت، من پێم وایە ئەشکالیەتێك لە بابەتی تەعین و لە یاساکەشا دروست بکات، لەبەر ئەوە ئیکتیفا بەو موقتەرەحەی کاك شێروان دەکەین، من پێموایە باشترین ڕەئیە، ئیحتیفاز بە یەك حیمایە بکرێت، هیچی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوار ئەنـدام پەرلـەمانی بـەڕێز ئـەم ماددەیـان بـە ماددەیـەکی زیـاد زانـی، سێ ئەنـدامیش پشـتیوانی لـە ڕایەکەی کاك شێروان دەکەن، کە بۆ خولی یەك و دوو، ئەو پاسەوانەی کە هەیانە وەکو خۆی بمێنێتـەوە و پارێزگاری لە پاسەوانەکەیان بکرێت، بەڵام پێشـتر ڕای ئـەو چـوار ئەندامـە بخرێتـە دەنـگ، کـە پێیـان وایـە ماددەکە زیادە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی ئێمە ڕزگارمان بێ لە مەسەلەی ئەسەری ڕەجعی، بۆ ئەوەی هەقی ئەو ئەندامانەی خولی یەکەم و دووەمیش پارێزراو بێ، چۆن ئێستا پەرلەمان قەراری دا دوو حیمایەی هەبێ بۆ خۆی، هەق وایە ئـەوانیش بێ بەش نەکەین، کە ئیحتیفازیان بە یەك حیمایە بکەن، نەوەك بە ئەسەری ڕەجعی، بـەڵکو بـە ئیحتیفـاز، ئەم بەیانیە من پەیوەندیم پێوە کردوونە، لایەزال حیمایەکەیان لە لایە هەتا ئەمڕۆش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر سیاغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە، فەرموو، ئیلغای ماددەی پێنج چـەند بـەڕێزێك ئیشـارەتیان پـێ کـرد، ئێسـتا ئیلغایـە، لەبـەر ئـەوەی ئـەوەل و ئـەخیر جـار ئەخرێتـە دەنگدانـەوە، پاشـان سـیاغەیەکی لیژنـەی یاسـایی هەیـە، پێشـنیاری لیژنـەی یاسـایی هەیـە ئەگـەر ئیلغایەکـە سـەری نـەگرت، ئەوەکەی تر ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە مـاددەی پێـنج لابچێت، ئیلغـا بکرێـت، تکایـە دەسـتی بەرز بکاتەوە؟، 41 بـەڕێز لەگەڵدایـە ئیلغـا بکرێتـەوە، کـێ لەگەڵدایـە ئیلغـا نـەکرێت، تکایـە دەسـتی بـەرز بکاتەوە؟، بە زۆرینـەی دەنـگ ئـەو ماددەیـە ئیلغـا کرایـەوە، ئێسـتا ئـەو پێشـنیارەی لیژنـەی یاسـایی هەیـە، سیاغەکەی ئەخوێندرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشیناری نوێ سەبارەت بە ماددەیەکی نوێ.

یحتفظ اعضاء الدورتین الانتخابیتین الاولى والثانیة بأحد افراد الحمایة المستمرین معهم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟، 1 کەس لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا بۆ ماددەی شەش فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم ئەو مادده نوێیە بخرێتە جێگای ماددەی پێنج کە ئیلغا کرا، هەتا ژمارەی ماددەکان نەگۆڕێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو مادده تازە کە پێشنیار کرا و دەنگی هێنا، پێشنیار ئەوەیە کە جێگەی ماددەی پێنج بگرێتەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، ئەو بووە ماددەی پێنج، فەرموو بۆ ماددەی شەش.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەش:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت ئەگەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (6):**

لایعمل بأي نص قانوني أو قرار یتعارض مع احکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کەس هەیە موناقەشە بکات، نیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەی شەش وەکو خوێندرایەوە، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی حەوت فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوت:

پێویستە لەسەر لانە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (7):**

على الجهات ذات العلاقة تنفیذ احکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کەس هەیە موناقەشەی بکات،کێ لەگەلدایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشت ئەم یاسایە لە مێژووی بلاّو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (8):**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کەس موناقەشەی لەسەری هەیە؟ کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا گشت ماددەکان کە ئەوانەی دەنگتان بۆی دا، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، پیرۆزبێت ئومێدەوارین جێگیر بێ، بەڕێزان دانیشتنی داهاتوومان ڕۆژی چوارشەممە سەعات (11:00) ئەبێ، خوا ئاگادارتان بێ، خوا حافیز.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بايز اسماعيل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (31)**

**چوارشەممە ڕێکەوتی 29\6\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (31)

## چوارشەممە ڕێكەوتی 2011/6/29

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێكـەوتی 2011/6/29 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (31)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (31)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2011/6/29 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای جێ بەجێ كردنی یاسـای گەڕانـدنـەوەی فەسـڵ كراوانـی سیاسـی فیدراڵی لە هەرێمی كوردستان.

3- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای ڕێپێدراوی شەرعی (المأذون الشرعي).

4- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای چاودێری بەساڵاچووان لە هەرێمی كوردستان.

5- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای مافەكانی كورتە باڵاكانی كوردستان.

6- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای هەموار كردنی یاسای باری كەسیەتی سـەبارەت بـە مـاف بینـینی منداڵ لە كاتی جیابوونەوە.

7- خوێندنـەوەی یەكـەمی پێشـنیاری بڕیـاری دەوام كـردن بـە جلی كوردییـەوە لـە كۆبوونـەوەی سـەرەتای هەموو خولێكی پەرلەمان.

8- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای كۆمپانیای كوردستان بۆ دۆزینەوەو وەبەرهێنانی نەوت.

9- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای سندووقی تەرخان كردنی داهاتەكانی هەرێمی كوردستان.

10- خوێندنـەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای كانزا ناپۆلاییەكانی (المعادن اللافلزيه) لە هەرێمی كوردستان.

11- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009 یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

خاڵی (12) لەبەر ئەوەی پرۆژەکەمان بۆ نەهاتووە، ئەم خاڵە دوا دەخەین، بۆ کاتێکی تر، هەر وەختێ بگاتە دەستمان، ئەو وەختە دەیخەینە بەرنامەی کارەوەو کاری لەسەر بکەین.

13- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای ڕێکخستنی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

14- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

15- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای (ماف و ئیمتیازاتی زیندانە سیاسیە کوردستانییەکان، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (31)، ڕۆژی دانیشتن 2011/6/29، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددە بیست لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (31)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2011/6/29دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای گەڕاندنەوەی فەسڵ کراوانی سیاسی فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای ڕێپێدراوی شەرعی (المأذون الشرعي).

4- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای چاودێری بەساڵاچووان لە هەرێمی کوردستان.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای مافەکانی کورتە باڵاکانی کوردستان.

6- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یاسای باری کەسیەتی سەبارەت بە مافی بینینی منداڵ لە کاتی جیابوونەوە.

7- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری بڕیاری دەوام کردن بە جلی کوردییەوە لە کۆبوونەوەی سەرەتای هەموو خولێکی پەرلەمان.

8- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو وەبەرهێنانی نەوت.

9- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای سندووقی تەرخان کردنی داهاتەکانی هەرێمی کوردستان.

10- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای کانزا ناپۆڵاییەکانی (المعادن اللافلزيه) لە هەرێمی کوردستان.

11- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009 یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

خاڵی (12) لەبەر ئەوەی پرۆژەکەمان بۆ نەهاتووە، ئەم خاڵە دوا دەخەین، بۆ کاتێکی تر، هەر وەختێ بگاتە دەستمان، ئەو وەختە دەیخەینە بەرنامەی کارەوەو کاری لەسەر بکەین.

13- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای رێکخستنی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

14- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

15- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای (ماف و ئیمتیازاتی زیندانە سیاسیە کوردستانییەکان، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە.

ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین فەرموون بۆ سەر مەنصە، لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ دەست بەکار بوونتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کاری ئەمڕۆ لە 2011/6/29ی پەرلەمانی کوردستان بە خاڵی یەك دەست پێ دەکەین:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

ئەم پرۆژەیە تایبەتە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەگوێرەی ماددەی (94) لە نیزامی داخیلی پەرلەمان لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە هاتووە، داواکارین جەنابی سەرۆکی پەرلەمان رووبەڕووی لیژنە تایبەتمەندەکان و ئەندامانی بکاتەوە بۆ دیراسەت کردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاڵی یەك لە بەرنامەی کار ئاراستەی لیژنەی یاسایی و گشت ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، بۆ خاڵی دوو لە بەرنامەی کار تکایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووی بەرنامەی ئەمڕۆ بریتیە لە خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای گەڕاندنەوەی فەسڵ کراوانی سیاسی فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان.

ئەو پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە بەم ناوانەی خوارەوە:

1- د.احمد ابراهیم علی(وەرتی).

2- یشار نجم الدین نورالدین.

3- شێردڵ تحسین محمد.

4- گوڵێزار قادر اسماعیل.

5- د.دانا سعید صۆفی.

6- سالار محمود مراد.

7- د.سەروەر عبدالرحمن عمر.

8- عمر عبدالرحمن علی.

9- د.حسن محمد سورە.

10- تارا تحسين ئەسعەدی.

11- ژيان عمر شريف.

ئەم ياسايە بريتيە لە حەوت ماددە بە زمانی عەرەبی پێشكەش كراوەو ئەسبابی موجيبەی لەگەڵدايە، داواكارين پرۆژەكە رووبەڕووی ليژنە تايبەتمەندەكانی بكەيتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئەم پرۆژە ياسايە ئاراستەی ليژنەی ياسايی و ئەندامە بەڕێزەكانی پەرلەمانی كوردستانی دەكەين، بۆ خاڵی سێ لە بەرنامەی كار، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی سێيەم لە بەرنامەی ئەمڕۆ بڕيتيە لە خوێندنەوەی يەكەمی پێشنياری ياسای رێپێدراوی شەرعی (المأذون الشرعي).

ئەم پرۆژە ياسايەش لەلايەن ژمارەی ياسايی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، بەم ناوانەی خوارەوە:

1- د.بشير خليل حداد.

2- شێردڵ تحسين محمد.

3- يشار نجم الدين نورالدين.

4- دڵشاد شهاب حاجی.

5- پەروين عبدالرحمن عبدالله.

6- تارا عبدالرزاق محمد.

7- تارا تحسين ئەسعەدی.

8- جمال طاهر ابراهيم.

9- بێريڤان اسماعيل سەرهەنگ.

10- شڤان احمد عبدالقادر.

11- حازم تحسين سعيد.

12- علی حسين محمد.

13- گوڵيزار قادر اسماعيل.

ئەم یاسایە پێك هاتووە لە چواردە مادده بە زمانی عەرەبی پێشکەش کراوەو ئەسبابی موجیبەی خۆی لەگەڵدایە، تکایە رووبەڕووی لیژنە تایبەتمەندەکانی بکەیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی و هەروەها لە سەرۆکایەتیەوە وێنەیەکی دەنێرینە ئەنجومەنی دادوەری (مجلس القضاء) و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستانی دەکەین، بۆ خاڵی چوار لە بەرنامەی کار، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵ چوار لە بەرنامەی ئەمڕۆ بریتیە لە پرۆژە یاسای چاودێری بەساڵاچووان لە هەرێمی کوردستان.

ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، بەم ناوانەی خوارەوە:

1- حمدیە معروف احمد.

2- ژیان عمر شریف.

3- کەیلی اکرم احمد.

4- بەیان احمد کۆچەری.

5- تارا تحسین ئەسعەدی.

6- سەردار رشید محمد.

7- سیوەیل عثمان احمد.

8- پەیمان عبدالکریم عبدالقادر.

9- عبدالسلام مصطفی بەرواری.

10- د.سەروەر عبدالرحمن عمر.

11- عماد محمد حسین.

12- بکر کریم محمد(ئاسۆ).

13- عمر حمدامین خدر(نورەدینی).

14- گەشە دارا جلال.

15- شەونم محمد غریب.

ئەم یاسایە بریتیە لە (55) ماددەو ئەسبابی موجیبەشی لەگەڵدایە، داواکارین پێشکەش بە لیژنە تایبەتمەندەکانی بکەیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی یاسایی و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، فەرموو بۆ خاڵی پێنج لە بەرنامەی کار.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی پێنج لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ بریتیە لە خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای مافی کورتە باڵاکان لە کوردستاندا.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، بەم ناوانەی خوارەوە:

1- حمدیە معروف احمد.

2- ژیان عمر شریف.

3- کەیلی اکرم احمد.

4- بەیان احمد کۆچەری.

5- تارا تحسین ئەسعەدی.

6- سەردار رشید محمد.

7- عبدالسلام مصطفی بەرواری.

8- سیوەیل عثمان احمد.

9- پەیمان عبدالکریم عبدالقادر.

10- د.سەروەر عبدالرحمن عمر.

11- عماد محمد حسین.

12- بکر کریم محمد(ئاسۆ).

13- عمر حمدامین خدر(نورەدینی).

14- گەشە دارا جلال.

15- شەونم محمد غریب.

ئەم یاسایە بە زمانی کوردی پێشکەش کراوەو بریتیە لە دە ماددەو هۆکاری دەرچوواندنیشی لەگەڵدایە، تکایە رووبەڕووی لیژنە تایبەتمەندەکانی بکەرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستانی دەکەین، ئێستا بۆ خاڵی شەش لە بەرنامەی کار فەرموون.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی شەشەم لە بەرنامەی کار بریتیە لە خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یاسای باری کەسیەتی سەبارەت بە مافی بینینی منداڵ لە کاتی جیا بوونەوە.

ئەم پرۆژە یاسایە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوەو واژووی لەسەر کراوە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- حمدیە معروف احمد.

2- ژیان عمر شریف.

3- کەیلی اکرم احمد.

4- بەیان احمد کۆچەری.

5- عبدالسلام مصطفی بەرواری.

6- تارا تحسین ئەسعەدی.

7- سیوەیل عثمان احمد.

8- سەردار رشید محمد.

9- پەیمان عبدالکریم عبدالقادر.

10- د.سەروەر عبدالرحمن عمر.

11- عماد محمد حسین.

12- بکر کریم محمد(ئاسۆ).

13- عمر حمدامین خدر(نورەدینی).

14- گەشە دارا جلال.

داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و لیژنەی کۆمەڵایەتی و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، ئێستا بۆ خاڵی حەوت لە بەرنامەی کار فەرموون.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی حەوتەم لە بەرنامەی کار بریتییە لە خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری بڕیاری دەوام کردن بەجلی کوردییەوە لە کۆبوونەوەی سەرەتای هەموو خولێکی پەرلەمان.

ئەم پرۆژە بڕیارە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوەو واژووی لەسەر کراوە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1-ایوب نعمت قادر(ئارام).

2- سەرگول رضا حسن.

3- پەیمان عزالدین عبدالرحمن.

4- ڤیان عبدالرحیم عبدالله.

5- ئاشتی عزیز صالح.

6- ناسك تۆفیق عبدالکریم.

7- عبدالله حاجی محمود.

8- سمیر سلیم امین بەگ.

9- فاضل حسن اسماعیل.

10- د.احمد ابراهیم علی(وەرتی).

11- یشار نجم الدین نورالدین.

12- شێردڵ تحسین محمد.

13- هاژە سلیمان مصطفی.

ئەم پرۆژە بڕیارە لە پێنج مادده پێك هاتووە، داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە ئەم پرۆژە بڕیارە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، ئێستا بۆ خاڵی هەشت لە بەرنامەی کار فەرموون.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی هەشتەم لە بەرنامەی کار بریتیە لە خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو وەبەرهێنانی نەوت.

ئەم پرۆژە یاسایە پێك هاتووە لە (17) مادده لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوەو واژووی لەسەر کراوە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1-عونی کمال سعید بەزاز.

2- شێروان ناصح حەیدەری.

3- ئەڤین عمر احمد.

4- شلێر محی الدین صالح.

5- ئامینە ذکری سعید.

6- عمر حمدامین خدر(نورەدینی).

7- عمر عبدالرحمن علی.

8- گۆران ئازاد محمد.

9- صباح بیت الله شکری.

10- بكر كريم محمد(ئاسۆ).

داوا لـه بـەڕێزتان دەكـەین ئـەم پـرۆژە یاسـایە ئاراسـتەی لیژنـە تایبەتمەنـدەكانی پەرلـەمان بكرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئـەم پـرۆژە یاسایە ئاراسـتەی لیژنـەی یاسایی و پیشەسازی و ئەندامـە بـەڕێزەكانی پەرلەمانی كوردستان دەكەین، ئێستا بۆ خاڵی نۆ لە بەرنامەی كار فەرموون.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی نۆیەم لە بەرنامەی كار بریتیە لە خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسـای سـندوقی تـەرخان كردنـی داهاتەكانی هەرێمی كوردستان.

ئەم پرۆژە یاسایە پێك هاتووە لە (13) مادده لە لایەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە پێشكەش كراوەو واژووی لەسەر كراوە، كە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1-شێروان ناصح حەیدەری.

2- ئەڤین عمر احمد.

3- شلێر محی الدین صالح.

4- ئامینە ذكری سعید.

5- عمر حمدامین خدر(نورەدینی).

6– عمر عبدالرحمن علی.

7- عونی كمال سعید بەزاز.

8- گۆران ئازاد محمد.

9- صباح بیت الله شكری.

10- بكر كريم محمد(ئاسۆ).

داوا لـه بـەڕێزتان دەكـەین ئـەم پـرۆژە یاسـایە ئاراسـتەی لیژنـە تایبەتمەنـدەكانی پەرلـەمان بكرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، بـەڕێزان، ئـەم پـرۆژە یاسـایە ئاراسـتەی لیژنـەی یاسـایی و دارایـی و ئـابووری و ئەندامـە بەڕێزەكانی پەرلەمانی كوردستان دەكەین، ئێستا بۆ خاڵی دە لە بەرنامەی كار فەرموون.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**خاڵی دەیەم لە بەرنامەی کار بریتیە لە خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای کانزا ناپۆلاییەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**ئەم پرۆژە یاسایە پێك هاتووە لە (26) مادده لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوەو واژووی لەسەر کراوە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:**

**1-شێروان ناصح حەیدەری.**

**2- عمر حمدامین خدر(نورەدینی).**

**3- شلێر محی الدین صالح.**

**4- ئامینە ذکری سعید.**

**5- ئەڤین عمر احمد.**

**6– عمر عبدالرحمن علی.**

**7- عونی کمال سعید بەزاز.**

**8- گۆران ئازاد محمد.**

**9- صباح بیت الله شکری.**

**10- بکر کریم محمد(ئاسۆ).**

**داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و دارایی و ئابووری و پیشەسازی و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، ئێستا بۆ خاڵی یازدە لە بەرنامەی کار فەرموون.**

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خاڵی یازدە لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش کراوە.**

**ئەم پرۆژە یاسایە لە (9) مادده پێك هاتووە، داواکارین ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و ناوخۆ و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی دەکەین، فەرموو، ئێستا وەکو لە پێشەوە باسمان کرد خاڵی دوازدە لە بەرنامەی کار دواخرا، ئێستا دەچینە سەر خاڵی سێزدە لە بەرنامەی کار، فەرموون.**

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی سێزده له بهرنامهی کار/ خوێندنهوهی یهکهمی پێشنیاری یاسای ڕێکخستنی بازرگانی له ههرێمی کوردستان – عێراق.

ئهم پرۆژه یاسایه لهلایهن ژمارهی یاسایی ئهندامانی پهرلهمانهوه پێشکهش کراوه، بهم ناوانهی خوارهوه:

1-احمد سليمان عبدالله(بلال).

2- سەرگوڵ رضا حسن.

3- ايوب نعمت قادر(ئارام).

4- پەيمان عزالدين عبدالرحمن.

5- عظيمة نجم الدين حسن.

6- پەيام احمد محمد.

7- سيوەيل عثمان احمد.

8- پەيمان عبدالكريم عبدالقادر.

9- کوێستان محمد عبدالله.

10- د.پەريهان قوبلای محمد.

11- عبدالرحمن حسين ابابكر.

12- ئاشتی عزيز صالح.

13- عبدالله محمد نوری.

14- عدنان عثمان محمد.

15- نەسرين جمال مصطفى.

16- ڤيان عبدالرحيم عبدالله.

17- کاردۆ محمد پيرداود.

ئهم پرۆژه یاسایه له (19) ماددهو ئهسباب موجیبه پێك هاتووه، داواکارین ئاراستهی لیژنه پهیوهندیدارهکان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بهڕێزان، ئهم پرۆژه یاسایه ئاراستهی لیژنهی یاسایی و دارایی و ئابووری و ئهندامه بهڕێزهکانی پهرلهمان دهکهین، ئێستا بۆ خاڵی چوارده له بهرنامهی کار، فهرموون.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خاڵی چوارده لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، بەم ناوانەی خوارەوە:**

**1-ایوب نعمت قادر(ئارام).**

**2-احمد سلیمان عبدالله(بلال).**

**3- د.صباح محمد نجیب.**

**4- سمیر سلیم امین بەگ.**

**5- سەرگوڵ رضا حسن.**

**6- برهان رشید حسن.**

**7- سەرهەنگ فرج محمد.**

**8- د.پەریهان قوبلای محمد.**

**9- اسماعیل سعید محمد.**

**10- کاروان صالح احمد.**

**11- هاوڕاز شێخ احمد.**

**ئەم پرۆژە یاسایە لە (11) ماددەو ئەسباب موجیبە پێك هاتووە، داواکارین ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و دارایی و ئابووری و ئەندامە بەرێزەکانی پەرلەمانی دەکەین، فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە پار وەك رۆژێکی ئەمڕۆ دەقیقەن لە 2010/6/29 نزیکەی حەوت، هەشت خوێندنەوەی یەکەممان کردووە بۆ حەوت، هەشت پرۆژە یاسا....................**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**با تەواو بێت، راوەستە، با جارێ تەواو بێ سەلامەت بی، با هێشتا لە خاڵی چواردە، رجائەن دانیشە، لیژنەی یاسایی بەردەوام بن، خاڵی چواردە/ ئاراستەی لیژنەی یاسایی و دارایی و ئابووری و کشتوکاڵ و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستانی دەکەین، فەرموو لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی پازدە بریتیە لە خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر یاسای ماف و ئیمتیازاتی زیندانیـە سیاسـیەكانی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بـەڕێزان، داوا لـە لیژنـەی یاسـایی و دارایـی و ئـابووری دەكـەین بـێن بـۆ سـەر مەنصـە، ئـەو بەڕێزانـەی مولاحەزەیان هەیە، ئێمە بـەیانیش دانیشـتنمان هەیـە، دەتـوانن دوای دانیشـتنەكە بێنـە سـەرۆكایەتی ئـەو شتانەی كە مەبەستیانە لەوێ گفتوگۆی لەسەر دەكـەین، بـۆ ئـەوەی زەروور بێـت سـبەی لـە بەرنامـەی كـار دایبنـێین، سـبەی بـە هـەمان شـێوە ئەگـەر شـتێك مـا بێـت و زەروور بێـت لەبەرنامـەی كـار دایـدەنێین و خوێندنەوەی بۆ دەكرێت، یەكێك لەوانەی هی باری كەسایەتییە، ئەگەر جەنابیشت و یـان هـەر بـەڕێزێكی تر مولاحەزەی هەبێت، ئێمە سوپاسیان دەكەین، دوای دانیشتن وەرن، بەرنامەی كار دەبەین بەڕێوە، داوا لە لیژنەی یاسایی و دارایی و ئـابووری دەكـەین فـەرموون بـۆ گفتوگـۆ لەسـەر خـاڵی پـازدە لـە بەرنامـەی كـار، لیژنەی یاسایی فەرموون بەردەوام بن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماف و ئیمتیازاتی زیندانیانی سیاسی، ئاشكرایە سێ پـرۆژە پێشكەش بـە پەرلـەمان كـراوە، دوو پـرۆژە لەلایـەن ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە پێشكەش كـراوە بـەوەی كـەوا ئینفـازی یاسـای ژمـارە (4)ی سـاڵی 2006ی سوجەنای سیاسیینی عێراق بكرێت لە پەرلەمانی كوردستان.

پرۆژەی سـێیەمیان/ ئـەو پرۆژەیـەی كـە لـە سـەرۆكایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە پێشكەش كـراوە، پـێش دەست پێ كردن بە دیراسەت كردن و موناقەشە كردنی، هەردوو لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایـی و ئابووری رێك كەوتن لەسەر ئـەوەی كـەوا پـرۆژەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران لەگـەڵ ئـەو پرۆژانـە دیراسەت بكرێت و راپۆرتێكی هاوبەش پێك بێنێت، لەبەر ئەوە جەنابی سەرۆكی پەرلـەمان، پـێش ئـەوەی ئێمە داخیلی گفتوگۆیەكان بین، ئێمە لە لیژنە بڕیارمانداوە كەوا ئەو دوو پرۆژەیەی كە هاتووە بـۆ ئینفـاز كردنی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2006، پێویستە ئەو دوو یاسایە بخرێتە دەنگدانەوە، ئێمە هەردوو لیژنە، لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی دارایـی و ئـابووری راپـۆرتی خۆمـان بـەوە ئامـادە كـردووە، هـەردوو لیژنـە رێـك كەویتن كە پێویست ناكات ئەو دوو یاسایە بخرێتە گفتوگۆیەوە، مادام پێویست ناكات بخرێتـە گفتوگۆیـەوە، پێویستە جەنابت بیخەیتە دەنگدانەوە، واتا پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران كە راپۆرتمان لەسەر ئامادە كردووە بخرێتە گفتوگۆ كردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك شێروان نوقتەی نیزامی هەیە، كەرەم بكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی سێ پرۆژەیە، پرۆژەیەکیان لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە بۆ ئینفاز کردنی قانونی رەقم (4)ی ساڵی 2006، بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئەوە داینە کە ئیلغا بکرێت، ئەو دوو پرۆژەیەی کە ماوەتەوە یەکێکیان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەوەی تریان لەلایەن حکومەتەوە هاتووە، نەك هەردوو پرۆژە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، بۆ راست کردنەوە ئەو تەوزیحەمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس هەیە بیەوێت وەکو خۆی پرۆژەکە بمێنێت؟ ئەگەر هەیە، بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکات و دوایی بیدەینە دەنگدانەوە، کاك عەونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابووری راپۆرتێکی هاوبەشمان پێشکەش کردووە سەبارەت بەو دوو پرۆژەیە، کە یەکێکیان لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەوەی دووەمیش لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش کراوە، ئێستا مەفروزە ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، ئایا راپۆرتەکەمان ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە کردن، یان قانونەکە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وازیحە کاك عەونی، بەس ویستم رەئیەکی تریش وەربگرم، ئەگەر کەسێك هەبێت بیەوێت بەشێوەیەکی تر بێت، ئەوەی حکومەت موناقەشە بکرێت، یان ئەوەی تر؟ چونکە دوو پرۆژە هاتووە، دیارە کەس نییە، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە دەمج بکرێت بەو راپۆرتە هاوبەشە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك کەس لەگەڵدا نییە، تەنیا کاك عمر عبدالعزیز لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا ئەو راپۆرتە هاوبەشە بووە ئەساس بۆ موناقەشە کردن، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنە، لیژنەی یاسایی و دارایی و ئابووری بە زمانی کوردی پێشکەش دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان- عیراق**

**ب/ راپۆرتی هاوبەش**

**لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە 2/ پووشپەڕ/ 2711ی کوردی بەرامبەر بە رۆژی 2011/6/23ی زایینی کۆبوونەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە سێ پرۆژە یاسا، دووانیان لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراون: یەکەم/ یاسای (انفاذ)ی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2006 و، دووەم/ یاسای دەزگای زینـدانی و زیـان لـێ کـەوتووان، سـێیەمیش/ یاسـای مـاف و دەسـکەوتی زینـدانیانی سیاسـیی کوردسـتان کـە لـە لایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتانەوە پێشکەش کـراوە، هـەردوو لیژنەش گەیشتنە ئەمانەی دادێن:**

**یەکەم: هەردوو لیژنە لەگەڵ پرۆژە یاسای (انفاذ)ی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2006ی فیدرالیدا نین لە هەرێمدا، بە هۆی ئەوەی دوو یاسای سەربەخۆ سەبارەت بە زینـدانی و گیراوانـی سیاسـی پێشکەش کـراون، یەکێکیان لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە و دووەمیش لە لایەن سـەرۆکایەتیی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتانەوە، هـەردوو لیژنـەش پێیـان وایـە پێویسـتە یاسـایەکی تایبـەت بـە هـەرێم سەبارەت بە زیندانی و گیراوانی سیاسی هەبێت.**

**دووەم: لێکۆڵینەوە لە پرۆژەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان و پرۆژەی حکومەتیش بکرێـت و سـوود لەو بیرۆکانەی تێیاندا هاتووە، وەربگرێت و راپۆرتێکی یەکگرتووش لەبارەیانەوە پێشکەش بکرێت، لیژنەش پێشنیار دەکات دوایین دارشتنی یاسایەکە بەم جۆرە بێت:**

## یاسای ژمارە (   )ی ساڵی 2011

## یاسای ماف و دەسکەوتی زیندانیانی سیاسیی کوردستان

## بەشی یەکەم

## (پێناسەکان)

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەست لەم زاراوانەی دادێن واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:**

**یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان- عێراق.**

**دووەم: حکومەت: حکومەتی هەرێم.**

**سێیەم: لیژنە: ئەو لیژنە تایبەتەی بەگوێرەی ماددەی (چوارەم)ی ئەم یاسایە پێك هاتووە.**

**چوارەم: زیندانی سیاسی: ئەو کەسەیە کە بەهۆی بەرهەڵستی کردنی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێـراق لە سەر را، یان بیرو باوەڕ، یان ئینتیمـای نیشـتمانی، یـان سیاسـی، یـان هاوسـۆزیی لەگـەڵ ئۆپۆزسـیۆن، یـان یارمـەتی دانـی ئـەوان، یـان بەشـداری کردنـی لـە بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی کوردسـتان بەنـد کرابێـت، یـان زیندانی و لە لایەن یەکێك لە دادگاکان، یان دەسەڵاتەکانی سەر بـە رژێمـەوە بڕیـاری حـوکم دانـی دەرچـوو بێت.**

**پێنجەم: گیراوی سیاسی: هەر کەسێك کە لەبەر هەمان ئەو هۆیانەی لە (چوارەم)ی ئەم ماددەیـەدا هـاتوون، گیرا بێت، یان دەستبەسەر کرا بێت، یان بەند کرا بێت، بەبێ دەرچوونی بڕیاری حوکم دان لەو بارەیەوە لە لایەن دادگایەکی تایبەتمەندەوە.**

## بەشی دووەم

## (ئامانج و بنەماو پیادە بوون)

**ماددەی دووەم:**

**ئامانجی ئەم یاسایە مسۆگەر کردنی ماف و دەستکەوتی زیندانی و گیراوانی سیاسی و ڕێزگـرتن و چاودێری کـردن و قـەرەبوو کردنـەوەیان بـەو چەشـنەی لەگـەڵ قـەبارەو پێگـەی ئـەو قوربانییـەدا، کـە پێشکەشـیان کردووە بگونجێت و بۆ سووك کردنی ئەشکی ئەوان.**

**ماددەی سێیەم:**

**بۆ مەبەستی پیادە کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بە زیندانی، یان گیراوی سیاسی دادەندرێت، هەر یەك لە:**

**یەکەم: کاری کرد بێت لەگەڵ ڕژێمـەکانی سـەرکوتکەری پێشـوو لـە دەزگاکـانی جۆربـەجۆری، یـان ئەوانـەی هەواداری ئەوان بوون، کە بەهۆی پاکتاو کردنی حیساباتی ناوخۆوە زیندانی کرا بێت، یان گیرا بێت.**

**دووەم: کاری لەگەڵ ڕژێمەکانی سەرکوتکەری پێشوودا کرد بێت و لـە کـاتی، یـان پـاش گـرتن، یـان زینـدانی کردنی لە کاری تاوانکارانەدا گلا بێت.**

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم: لیژنەیەکی تایبەت پێك دێت بە سەرۆکایەتیی دادوەرێك لە پلەی یەکەمدا کە ئەنجومـەنی دادوەری لە هەرێمدا کاندیدی دەکات و ئەندامیەتیی نوێنـەرانێك کـە پلـەیان لـە بەڕێوەبـەری گشـتی کـەمتر نـەبێت، ئەرکی تەماشا کردنی داوای ئەو کەسانە دەبێت کـە حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە دەیانگرێتـەوەو نوێنەرایـەتیی ئەم لایەنانەی دادێن دەکەن:**

1- **ئەنجومەنی وەزیران.**
2- **وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان.**
3- **وەزارەتی ناوخۆ.**
4- **وەزارەتی دارایی و ئابووری.**
5- **نوێنەرێکی کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.**

**دووەم: زیندانی سیاسی، یان گیـراوی سیاسـی، لەبـەردەم لیژنـەی پێـك هێنـدراو بـەگوێرەی ئـەم یاسـایە، بـە ڕێکاری یاسایی دەچەسپێندرێت.**

**سێیەم: لیژنە بڕیاری خۆی بە زۆرینە دەدات و بڕیاریشی قـابیلی تانـە لێدانـە لەبـەردەم دادگـای کـارگێڕی، بەگوێرەی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی راوێژ (شوورا)ی هەرێم ژمارە (14)ی ساڵی 2008.**

**ماددەی پێنجەم:**

**حوكمەكانی ئەم یاسایە بە سەر هەموو زیندانی و گیراوانی سیاسیدا پیادە دەبێت، کە بەگوێرەی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە لە هاووڵاتیانی هەرێم دیاری کراون.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی سێیەم**

**(ماف و دەستکەوتەکان)**

**ماددەی شەشەم:**

**زیندانی، یان گیراوی سیاسی ئەم ماف و دەستکەوتانەی دادێی دەبێت:**

**یەکەم: بێ بەرامبەر پارچەیەك زەویی نیشتەجێ بوونی بۆ تەرخان دەکرێت و بڕە پارەیەکی یەکسان بە قەرزی خانووبەرەشی پێ دەدرێت بۆ دروست کردنی یەکەیەکی نیشتەجێ بوون.**

**دووەم: بۆ فەرمانبەر ماوەی زیندانی، یان گیران بە راژە هەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی سەرمووچەو بەرز کردنەوەو خانەنشینی و، بۆشی خەرج دەکرێت، بە چاوپۆشین لە تەمەنی زیندانی، یان گیراو لەکاتی حوکم دانیدا بە زیندانی، یان گیران.**

**سێیەم: ئەوەی دۆسیەکەی لە لایەن لیژنەکەوە ئەرێ دەکرێت، مینحەیەکی مانگانەی پێ دەدرێت، بەپێی ئەو پرەنسیپ و رێنماییانەی ئەنجومەنی وەزیرانی دەریان دەکات، بەمەرجێك ئەو مینحەیەی وەری دەگرێت کەمتر نەبێت لەوەی هاوچەشنانی لە حکومەتی فیدراڵدا وەری دەگرن.**

**چوارەم: ماوەی زیندانی بە راژە هەژمار دەکرێت بۆ ئەو کەسەی دانەمەزرا بێت و پێشتر لە وەزیفەدا نەبوو بێت.**

**پێنجەم: بەدەر لە مەرجی تەمەن لە خوێندنی بەرایی و باڵاشدا وەربگیرێت.**

**شەشەم: حکومەت خەرجیی خوێندنی خۆی، یان یەکێك لە منداڵەکانی لە زانکۆکانی حکومەت، یان ئەهلی لەنێو هەرێمدا دەگرێتە ئەستۆ.**

**حەوتەم: حکومەت خەرجیی چارەسەر کردنی لە نەخۆشخانەکانی حکومەت لەنێو هەرێمدا دەگرێتە ئەستۆ.**

**هەشتەم: پێدانی مینحەی هاوسەری کە بڕەکەی (پێنج ملیۆن) دینارەو بۆ یەك جار.**

**نۆیەم: زیندانی لەو دەستکەوت و سوودانەش بەهرەمەند دەبێت کە حکومەت بە توێژەکانی دیکەی کۆمەڵیان دەدات.**

**دەیەم: ئەگەر فەرمانبەر بوو مافی هەیە تا ماوەی دە ساڵ هەردوو مینحەی خانەنشینی و مووچەی فەرمانبەری وەربگرێت، وەك قەرەبوویەك بۆی و لە پاش تەواو بوونی ئەو ماوەیەی باس کرا مافی هەیە کامیان باشترە هەڵیبژێرێت.**

یازدەم: رۆژی (7) حەوتی مانگی شوباتی هەموو ساڵێك بکرێ بە رۆژی گیراوان و زینـدانیانی سیاسـی لـە هەرێم. لەبارەی ئەم بڕگەیەشەوە دوو ڕا هەیە:

رای یەکەم کە هی زۆرینەیە: رەت کردنەوەی سەرلەبەری بڕگەکە.

رای دووەم: بنەچەی بڕگەکە وەك خۆی بمێنێتەوە.

دوازدەم: حکومەت خەرجیی یەك گەشت بۆ دەرەوەی وڵات بۆ زیندانی، یان گیراوی سیاسی دەگرێتە ئەستۆ و بڕی (5) پێنج ملیۆن دیناری بۆ دانی تێچووی گەشتەکە پێ دەدرێت.

سێزدەم: بە میدالیا رێزی لێ بگیرێت وەك پێزانینێك بۆ قوربانی دانی لە پێناو بزووتنـەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا.

چواردەم: ماف و دەستکەوتەکانی ئەوانەی مردوون دەگوازرێتەوە بۆ واریسی شـەرعی و ئەوانـەی لـە ژیانـدا ماون.

پازدەم: زیندانیی سیاسی، یان گیراوی سیاسی لە حاڵەتی تەواو کردنـی مامەڵـەی تـاپۆی خـانووی کـە پێیـان بەخشراوە، یان بینا کردنی زەوی، یان مامەڵەی قەرز، یان مینحەی کە بۆیان تەرخان کراوە، لە رەسم و باج بەگوێرەی حوکمەکانی ئم یاسایە دەبەخشرێن.

## بەشی چوارەم

## (حوکمە گشتییەکان)

ماددەی حەوتەم:

هەر کەسێك بە ناهەق دەسکەوتی زیندانی، یان گیراوی سیاسیی دەست کەوت، بـە تۆمـەتی گـوتنی زانیـاریی درۆ رەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت و هەموو ئەو ماف و دەستکەوتانەی بەگوێرەی ئـەم یاسـایە لێیـان بەهرەمەند بووە، لێی وەردەگیرێتەوە.

ماددەی هەشتەم:

ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پـەیڕەو و رێنمـایی پێویسـت بـۆ ئاسـان جێبـەجێ کردنـی حوکمـەکانی ئـەم یاسایە دەربکات.

ماددەی نۆیەم:

کار بە دەقی هیچ یاسا، یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

ماددەی دەیەم:

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی یازدەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

هۆی دەرچوواندنی

له ڕێی کاروانی خەباتی گەلی کوردستانداو تووش بوونی گەلێك لە ڕۆڵەکانی بە بەند کردن و زیندانی کردن و گیران و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە سەر دەستی ڕژێمەکانی لەناو چوو لە عیراقدا، چونکە بەرهەڵستی ئەو ڕژێمانەیان کرد بە را، یان باوەڕ، یان ئینتیمای سیاسی، یان هاوسۆز بوون و یارمەتیدانی نەیارانی، کە بەهۆی ئەوەوە زیان بە زیندانی و گیراوان کەوتووە، جا وەك ئەمەکداری بۆ بەشێکی سادە لەوەی لە پێناوی نیشتیماندا پێشکەشیان کردو ئەو قوربانییەی دایان لە پێناو ئەو بەهایانەی خۆیان بۆ بەخت کرد، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

تکایە بفەرموون بۆ بینینی و بنەچەی پرۆژەکەو ئەوەی لەم ڕاپۆرتەشدا لەبارەیەوە هاتووە، بخرێتە بەردەمی پەرلەمان بۆ گفتوگۆ و دەربڕینی ڕای گونجاو لەبارەیەوەو دەنگدان، لەگەڵ ڕێزدا...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بە عەرەبیەکەش.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير مشترك**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية ولجنة المالية والشؤون الاقتصادية بتأريخ 2/ پووشپەر/2711 كوردي المصادف ليوم 23/ 6/2011 الميلادية لدراسة ثلاثة مشاريع قوانين، اثنان منهما مقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان: الاول/ قانون انفاذ قانون رقم (4) لسنة 2006 والثاني/ قانون مؤسسة السجناء والمتضررين والثالث/ قانون حقوق وامتيازات السجناء السياسين الكوردستانين المقدم من قبل مجلس وزراء اقليم كوردستان وتوصلت اللجنتان الى ما يلي:

اولا: اللجنتان ليستا مع مشروع قانون انفاذ القانون رقم (4) لسنة 2006 الاتحادي في الاقليم بالنظر لتقديم مشروعين مستقلين بخصوص السجناء و المعتقلين السياسيين احدهما من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والثاني من رئاسة مجلس وزراء اقليم كوردستان وترى اللجنتان ضرورة ان يكون هناك قانون خاص بالاقليم فيما يخص السجناء والمعتقلين السياسيين.

ثانيا: دراسة مشروع العدد القانوني لاعضاء البرلمان ومشروع الحكومة والاستفادة من الافكار الواردة فيهما وتقديم تقرير موحد بشأنهما وتقترح اللجنتان ان تكون الصياغة النهائية للقانون كالآتي:

**قانون رقم (   ) لسنة 2011**

**قانون حقوق وامتيازات السجناء السياسين الكوردستانين**

## الفصل الاول
## (التعاريف)

**المادة الأولى :**

**يقصد بالتعابير والمصطلحات الآتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:**

**اولا: الاقليم: اقليم كوردستان - العراق .**

**ثانيا: الحكومة: حكومة الاقليم.**

**ثالثا: اللجنة: اللجنة الخاصة المشكلة بموجب المادة (الرابعة) من هذا القانون.**

**رابعا: السجين السياسي: هو من حبس او سجن بسبب معارضته للانظمة المتعاقبة في العراق على الرأي أو المعتقد او الانتماء الوطني او السياسي او تعاطفه مع المعارضة او مساعدته لهم او مشاركته في الحركة التحررية الكوردستانية وصدر قرار الحكم عليه من قبل احد المحاكم او السلطات التابعة للنظام.**

**خامسا: المعتقل السياسي: كل من اعتقل أو احتجز او اوقف دون صدور قرار الحكم بذلك من قبل محكمة مختصة لنفس الاسباب الواردة في (رابعا) من هذه المادة .**

## الفصل الثاني
## (الاهداف والاسس والسريان)

**المادة الثانية:**

**يهدف هذا القانون الى ضمان حقوق وامتيازات السجناء والمعتقلين السياسين وتكريمهم ورعايتهم وتعويضهم بما يتناسب وحجم ومكانة التضحيات التي قدموها للتخفيف عن معاناتهم.**

**المادة الثالثة:**

**لا يُعدُ سجينا او معتقلا سياسيا لاغراض تطبيق احكام هذا القانون كلُ من:**

**اولا: كان يعمل مع الانظمة القمعية السابقة في مؤسساتها المختلفة او من الموالين لها سُجنِ او اعتقلَ بسبب تصفية حساباتها الداخلية.**

**ثانيا: عمل مع الانظمة القمعية السابقة وتورط في اعمال اجرامية اثناء او بعد الاعتقال او السجن.**

**المادة الرابعة:**

**اولا: تشكل لجنة خاصة برئاسة قاضي من الصنف الاول يرشحه مجلس القضاء في الاقليم وعضوية ممثلين لاتقل درجتهم عن مدير عام مهمتها النظر في طلبات المشمولين باحكام هذا القانون ويمثلون الجهات الآتية:**

1- **مجلس الوزراء.**

2- **وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين.**

3- **وزارة الداخلية.**

4- وزارة المالية والاقتصاد.

5- ممثل عن جمعية السجناء السياسين في الاقليم.

ثانيا: يثبت السجن السياسي او الاعتقال السياسي بالطرق القانونية امام اللجنة المشكلة بموجب احكام هذا القانون.

ثالثا: تصدر اللجنة قرارها بالاغلبية ويكون قرارها قابلا للطعن امام المحكمة الادارية وفقا لاحكام قانون مجلس شورى الاقليم رقم (14) لسنة 2008.

المادة الخامسة:

تسرى احكام هذا القانون على جميع السجناء والمعتقلين السياسين والذين تم تحديدهم بموجب المادة الاولى من هذا القانون من مواطني الاقليم.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم على(ومرتى):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## الفصل الثالث

## (الحقوق والامتيازات)

المادة السادسة:

يتمتع السجين او المعتقل السياسي بالحقوق والامتيازات الآتية:

اولا: تخصص قطعة ارض سكنية له بدون بدل ومنحه مبلغ مساوي لمبلغ سلفة العقار لبناء وحدة سكنية.

ثانيا: تحتسب للموظف فترة السجن او الاعتقال خدمة لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد تصرف له بغض النظر عن عمر السجين او المعتقل وقت الحكم عليه بالسجن او اعتقاله.

ثالثا: تصرف لمن يصادق على اضبارته من قبل اللجنة منحة تقاعدية شهرية وفقا للضوابط والتعليمات التي يصدره مجلس الوزراء على ان لا تقل المنحة التي يتقاضها عن ما يتقاضاه اقرانهم في الحكومة الاتحادية.

رابعا: تحتسب فترة السجن خدمة لمن يعين في الوظيفة ولم يكن سابقا فيها.

خامسا: قبوله في الدراسات الاولية والعليا استثناءاً من شرط العمر.

سادسا: تتحمل الحكومة نفقات دراسته او احد اولاده في الجامعات الحكومية والاهلية داخل الاقليم.

سابعا: تتحمل الحكومة تكاليف معالجته في المستشفيات الحكومية داخل الاقليم.

ثامنا: منح السجين منحة زواج وقدرها (خمسة ملايين) دينار ولمرة واحدة.

تاسعاً: يتمتع السجين بالامتيازات والمنافع التى تمنحها الحكومة للشرائح الاخرى في المجتمع.

عاشراً: في حالة كونه موظفاً يحق له الجمع بين المنحة التقاعدية وراتبه الوظيفي لمدة عشر سنوات تعويضا له وله الحق في اختيار ايهما افضل بانتهاء المدة المذكورة.

حادى عشر:

اعتبار يوم (7) السابع من شهر شباط من كل عام يوماً للسجناء او المعتقلين السياسيين في الاقليم.

وهناك رأيان حول الفقرة كما يلي:

الرأي الاول: ويمثل الاكثرية: الغاء الفقرة كاملا.

الرأي الثاني: الابقاء على اصل الفقرة.

ثانى عشر: تتكفل الحكومة مصاريف سفره لمرة واحدة الى خارج الوطن ويمنح مبلغ (5) خمسة ملايين دينار لسداد تكاليف السفرة.

ثالث عشر: تكريمه بمداليات تقديراً لتضحياته في سبيل الحركة التحرريه الكوردستانية.

رابع عشر: تنتقل حقوق وامتيازات المتوفين منهم الى ورثته الشرعيين الباقين على الحياة.

خامس عشر: اعفاء السجين السياسي او المعتقل السياسي في حال انجازهم معاملة التسجيل العقاري للعقار الممنوح لهم او بناء الارض او معاملة القرض او المنحة المخصصة لهم من الرسوم والضرائب وفق احكام هذا القانون.

## الفصل الرابع

## احكام عامة

المادة السابعة:

كل من حصل على امتيازات السجين او المعتقل السياسي دون وجه حق يحال الى المحاكم المختصة بتهمة الادلاء بمعلومات كاذبة وتسترد منه كل ما تمتع به من حقوق وامتيازات بموجب هذا القانون.

المادة الثامنة:

لمجلس الوزراء اصدار الانظمة والتعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة التاسعة:

لايعمل باى نص قانونى أوقرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة العاشرة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الحاديه عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الاسباب الموجبة

من خلال المسيرة النضالية لشعب كوردستان وتعرض الكثير من ابنائه الى الحبس والسجن والاعتقال وانتهاك حقوق الانسان على يد الانظمة المتعاقبة في العراق، لانهم عارضوا هذه الانظمة بالرأي او العقيدة او الانتماء السياسي او انهم تعاطفوا او ساعدوا معارضيها، وقد ترتب عن ذلك الحاق الضرر بالسجناء والمعتقلين، ومن

اجل الايفاء بجزء بسيط مما قدموه فداء للوطن وتضحية في سبيل المبادىء التي ضحوا من اجلها، فقد شرع هذا القانون.

راجين التفضل بالأطلاع وعرض أصل المشروع وماورد في هذا التقرير بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب بصدده والتصويت، مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئێستا خاڵێكی گرنگ هەیە، یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2006 زیمنەن راپۆرتی لیژنەكە ئیلغای ئینفازەكەی كردووە، واتا رەفزی كردووە، بۆ ئەوەی وازیح بێت پێویستی بە دەنگدانی ئێوەی بەڕێز هەیە، چونكە ئێستا ئێمە یاسایەك دەردەكەین، بۆ ئەوەی دوو یاسا لە یەك وەخت ئەوە نەبێت، كێ لەگەڵ ئەوەیە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2006 ئینفازەكەی ئیلغا بێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، (6) بەڕێز لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، واتا ئیلغا كرا، ئێستا فەرموون بەردەوام بن، ماددەی یەك تكایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الأولى :

يقصد بالتعابير والمصطلحات الآتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

اولا: الاقليم: اقليم كوردستان - العراق.

ثانيا: الحكومة: حكومة الاقليم.

ثالثا: اللجنة: اللجنة الخاصة المشكلة بموجب المادة (الرابعة) من هذا القانون.

رابعا: السجين السياسي: هو من حبس او سجن بسبب معارضته للانظمة المتعاقبة في العراق على الرأي أو المعتقد او الانتماء الوطني او السياسي او تعاطفه مع المعارضة او مساعدته لهم او مشاركته في الحركة التحررية الكوردستانية وصدر قرار الحكم عليه من قبل احد المحاكم او السلطات التابعة للنظام.

خامسا: المعتقل السياسي: كل من اعتقل أو احتجز او اوقف دون صدور قرار الحكم بذلك من قبل محكمة مختصة لنفس الاسباب الواردة في (رابعا) من هذه المادة .

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی یەكەم**

**(پێناسەكان)**

ماددەی یەكەم:

مەبەست لەم زاراوانەی دادێن واتاكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەكەم: هەرێم: هەرێمی كوردستان- عێراق.

دووەم: حکومەت: حکومەتی هەرێم.

سێیەم: لیژنە: ئەو لیژنە تایبەتەی بەگوێرەی ماددەی (چوارەم)ی ئەم یاسایە پێك هاتووە.

چوارەم: زیندانی سیاسی: ئەو کەسەیە کە بەهۆی بەرهەڵستی کردنی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لە سەر را، یان بیرو باوەڕ، یان ئینتیمای نیشتمانی، یان سیاسی، یان هاوسۆزیی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن، یان یارمەتی دانی ئەوان، یان بەشداری کردنی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بەند کرابێت، یان زیندانی و، لە لایەن یەکێك لە دادگاکان، یان دەسەڵاتەکانی سەر بە رژێمەوە بڕیاری حوکم دانی دەرچوو بێت.

پێنجەم: گیراوی سیاسی: هەر کەسێك کە لەبەر هەمان ئەو هۆیانەی لە (چوارەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون، گیرا بێت، یان دەستبەسەر کرا بێت، یان بەند کرا بێت بەبێ دەرچوونی بڕیاری حوکم دان لەو بارەیەوە لە لایەن دادگایەکی تایبەتمەندەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان لەسەری.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابووری هاوڕاین لەسەر ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەی قسە بکات؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت موداخەلە بکەن، رێزداران (هاوڕاز خۆشناو، عماد محمد، قادر حسن، محمد شارەزووری، نەسرین جمال، نەریمان عبداللە، رفیق صابر، سالار محمود، شلێر محمد نجیب، شوان کەریم، سیوەیل عوسمان، عبداللە ملا نوری، پەیام احمد، ئامینە زکری، ئاسۆ کەریم، بێریڤان سەرهەنگ، پەروین عبدالرحمن، تارا ئەسعەدی، جمال طاهر، خلیل عوسمان، دانا سعید صۆفی، بلال سلیمان، حمە سعید، عمر عبدالعزیز، ئارام قادر، اسماعیل محمود، ئەڤین عمر، دڵشاد شهاب، کاردۆ محمد، کوێستان محمد، گۆران ئازاد، د.احمد وەرتی)، کەس ماوە؟ صبیحە احمد، فەرموو هاوڕاز خان کەرەم بکە، تکایە پێش ئەوەی جەنابت دەست بە گفتوگۆ بکەیت، وەقت تەحدید دەکەین، سێ دەقیقە، ئەوە یەك.

دووش/ تکایە دووبارە نەبێت، رجائەن، فەرموو هاوڕاز خان کەرەم بکە.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من لەسەر ئەو ماددەیە، من دوو تێبینیم هەیە، تێبینی یەکەمم ئەوەیە لە پێناسەکەی یەکەمدا ئەوە نابینم کە ئەوانەی بەهۆی هەڵوێستی سیاسیانەوە زیندانی کراون و دواتر کۆچیان کردووە لەبەر ئەم هەڵوێستە، یان پاش دەرچوونیان لە زیندان کۆچیان کردووە بۆ دەرەوەی وڵات، ئێستاش لە دەرەوەی وڵات

نیشتەجێن، یەعنی ئایا ئەمانە ئەو ئیمتیازو شتانە دەیانگرێتەوە؟ لە پێناسەکان دیار نییە، چونکە ئەوانیش مافیان هەیەو مەسیری ئەوان لێرە دیار نییە.

دووەم تێبینیم ئەوەیە، کە ئەوانەی پاش راپەڕین گیراون و دادگا بڕیاری بێ تاوانی ئەوانی داوە، بۆچی ئەوان لەو ماف و ئیمتیازو پێناسانە مافیان دیاری نەکراوە؟ یان پێناسەیان نەکراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عماد محمد کەرەم بکە.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها یەك تێبینیم هەیە، ئەویش لوغەوییە، سەبارەت بە ماددەی یەکەم/ چوارەم، لە راپۆرتەکەی لیژنەی هاوبەشدا هاتووە، لە پێناسەی (السجين السياسي) لە کۆتایی پێناسەکە هاتووە (من قبل احد المحاكم او السلطات التابعة للنظام)، دەبێت لە جیاتی وشەی (النظام) ببێتە (لتلك الانظمة)، چونکە لە سەرەتای پێناسەکە هاتووە (بسبب معارضته للانظمة المتعاقبة في العراق)، واتا نەك تەنها رژێمەکە، بەڵکو رژێمەکانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار قادر حسن کەرەم بکە.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم/ چوارەم، کە دەڵێت (زیندانی سیاسی: ئەو کەسەیە کە بەهۆی بەرهەڵستی کردنی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق)، من پێشنیار دەکەم رژێمەکانی تریشی بۆ زیاد بکرێت، ئەگەر ناویش نەهێنرێت، رژێمەکانی تر، کە کورد، یان کوردستانی لەلایان دەستگیر کراوە بەهۆی کوردایەتی شمولی ئەوانیش بکات، ئێمە خەڵکمان لە شوێنەکانی تری لەسەر کوردایەتی گیراوەو زیندانی کراوەو هەزار میحنەتی چەشتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار محمد شارەزووری کەرەم بکە.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من لە قانونەکەوە دەست پێ دەکەم، (قانون حقوق وامتيازات السجناء السياسين والمعتقلين)ی بۆ زیاد بکرێت، چونکە ئێمە لە پێناسەکە باسی گیراوی سیاسیشیمان کردووە، من پێشنیار دەکەم کە (والمعتقلين)ی بۆ زیاد بکرێت.

دووەم پێشنیارم لەسەر ئەو لیژنەیە، لیژنەکە نە لە ماددەی چوارو نە لێرەشدا دیاری نەکراوە سەر بەکوێیە؟ لێرە لە ماددەی چوارەمدا، ئەگەر بەگەڕێینەوە بۆی دەڵێت لیژنەیەك پێك بهێنرێت لەوانە بۆ سەیر کردنی داواکاری فایلەکان، لە هیچ لایەکیان دیاری نەکراوە، کە ئەم لیژنەیە سەر بەکوێ بێت؟ بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو لیژنەیەش دیاری بکرێت، ئایا سەر بە پەرلەمانە؟ سەر بە حکومەتە؟ سەر بە ئەنجومەنی دادوەرییە؟ بەسەراحەت بێت و، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار نەسرین جەمال کەرەم بکە.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەسەر ماددەی یەکەم/ چوارەم هەمان ئەو بۆچوونەم هەیە، کە باسی تەنها عێراق دەکات، بەلاّم ئێمە لەکوردستاندا چەندین شەڕی ناوخۆمان هەبووەو زیندانی سیاسیشیمان هەبووە، حوکمیش نەدراون، یەعنی حەقە ئەو زیندانیە سیاسیانەش شمولی ئەو ئیمتیازاتانە بکەن، بۆ ئەوەی حەقیان نەخورێت حەقە ئیزافەی دەسەلاّتی کوردی خۆشمان بکرێت، بەتایبەتی شەڕەکانی ناوخۆ و دواتریش.

خاڵی پێنجەم/ کە باسی گیراوی سیاسی دەکات، ئێمە دەتوانین خاڵی چوارەم و پێنجەم دەمج بکەین بەیەکەوە، چونکە هەردووکیان تەواوکەری یەکترین، زیندانی سیاسی وەکو کاك حمە شارەزووری باسی گیراوی سیاسی کرد، ئەو دوو بڕگەیە دەمج بکرێت بە یەکەوە دەبن بە تەواوکەری یەکتری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار نەریمان عبدالله کەرەم بکە.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە لەبەردەم پێناسەی ئەو کەسانەین کە بە زیندانی سیاسی حیساب دەکرێت، یان بە گیراوی سیاسی حیساب دەکرێت، ئەمانەش ئیمتیازاتەکانیان بەردەکەوێت، بەلاّم بەداخەوە ئێمە لێرە باسی ئەنفالەکانمان نەکردووە، یەعنی ئەو کەسانەی لەو چوارچێوەیەن، من پێموایە پێناسەکە نایانگرێتەوە، لە دوای ئەنفالەکەش ژمارەیەکی زۆر خەڵك برانە نوگرە سەلمان و شوێنەکانی تری وەکو تۆبزاوەو ناوچەکانی دوورە وڵات، بۆیە لێرە جێگەی خۆیەتی ئێمە ئەوانەی کە گیران لە ئەنفالەکەداو ئاخیر وەجبەیان کە بەر بوون لە 1988/10/27ەوە بوو، کە بەربوون دوایین وەجبەیان بوو، دەبێت جێیان بۆ بکەینەوە، لێرە بە زیندانی سیاسی حیساب بکرێن، ئەی ئەگەر ئەوانە بەزیندانی سیاسی حیساب نەکرێن؟ کێ بە زیندانی سیاسی حیساب دەکرێت؟ هەشیانە لەوانە بەخێزانی کە گیراون، بە خێزانی بەر بوون، ئێستا وەکو پرسیار کردنی ئێمە بۆچوونمان هیچیان بۆ حیساب نەکراوە، لە یاسای ئەنفالەکان و بە شەهیدانیش، ئەوانە نایانگرێتەوە، بۆیە جێگەی خۆیەتی کە ئەوانەی زیندانی سیاسی بوون نزیکەی شەش مانگ تاکو حەوت

مانگ له نوگره سەلمان و لەو شوێنە ناخۆشانەی کە لەسەر کێشەی سیاسی بووە رژێمی بەعس وای پێ کردوون، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە بڕگەیەکی تر زیاد بکرێت، یان بکرێت بە (أ و ب) لە پێناسەی گیراوی سیاسیدا ئەوانەشیان بۆ ئیزافە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك نەریمان ئەوانیش دەگرێتەوە، چونکە هەیە، ئەگەر قانونەکەت خوێندبێتەوە، لە فەقەرەی پێنج دەڵێت (من سجن او اعتقل او احتجز)، ئەوانەی حیجزیش کراون، ئەوانیش دەگرێتەوە، زۆر سوپاس، ڕێزدار رفیق صابر کەرەم بکە.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا لەناوی قانونەکەوە دەست پێ دەکەم، من پێموایە ناوی قانونەکە (قانون حقوق وامتیازات السجناء السیاسیین الکوردستانین)، (یاسای ماف و دەستکەوتی زیندانیانی سیاسی کوردستان)، من پێم باشە بکرێتە (یاسای دەستکەوتی زیندانیانی سیاسی کوردستان)، چونکە بەڕاستی رەنگە لە حزوری کۆمەڵێك یاساناسدا من تەعریفی حەق نەکەم، بەلام ئەوەی کە لێرەدا هەیە کۆمەڵێك ئیمتیازاتە دەدرێت بە کۆمەڵێك خەڵك و لە رێگەیەوە ئێمە هاوولاتیانی خۆمان دەکەینە دوو بەش، بەشێکیان/ هاوولاتی پلە یەك بە کۆمەڵێ ئیمتیازاتەوە، کە پێچەوانەی قانونی وەکو لێرەدا هاتووە.

بەشێکیشیان/ ئەو حقوقەیان نابێت، بۆیە ئەمەیان من پێم باشە کە حقوقەکە لابرێت، ئیمتیازات بمێنێتەوە.

خاڵی دووەم/ ئەوەیە کە مودەتێك دیاری نەکراوە بۆ گیراوی سیاسی، تا حەقی ئەوەی هەبێت، من گومان دەکەم کەسێك هەبێت و تا سەردەمی بەعس لە سی ساڵیدا بوو بێت و هیچ زیندانی نەکرا بێت، لەبەر ئەوەی لە 99٪ی کورد، لە 90٪ی کورد ئەگەر سەرژمێری بکەین، یان رۆژێك، یان شەوێك، یان مانگێك، یان ساڵێك کەم تا زۆر تووشی ئەوە بووە، بۆیە زۆر گرنگە جیاوازی بکرێت لەنێوان کەسێك دە ساڵ لە زینداندا ئازاری چەشتووە، لەنێوان کەسێك کە چەندێك راگیراوە، یان بەند کراوە لە زینداندا، بۆیە من پێشنیار دەکەم مودەتێکی زەمەنی دیاری بکرێت بۆ ئەم مەسەلانە..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رەفیق ئێستا لەسەر تەعریفەکانە، چاوەکەم، ئێستا بەس پێناسەکانە.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی پێنجەمدا ئیلزام دەکات، ئەمە ماددەی یەك هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەو بۆیە لێرەوە باشترە، ئەگەرنا دەکرێت لە ماددەی پێنجەمدا چاك بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سالار محمود کەرەم بکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەوەی پەیوەندی بە موداخەلەکەی منەوە هەیە، ئاماژە دەکەمە سەر بۆچوونی برای بەڕێزم کاك نەریمان، لەم ماددەیەدا بە وازیحی قسە لەسەر ئەوانەی کە لەچوارچێوەی شاڵاوەکانی ئەنفال، واتە لە 1988/2/23، کە قۆناغی یەکەمی ئەنفالە، تاوەکو 1988/9/6، کە دوا قۆناغی ئەنفالە، خاتیمەی ئەنفالی بادینانە، ئەمە یاداشت نەکراوە، من پرسیار دەکەم لە لیژنەی یاسایی بەڕێز ئایا دەکرێت لە بڕگەی پێنجەمی ماددەکەدا بە روونی ئاماژەی پێ بکرێت؟ چونکە وەکو هاتووە لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالدا ئەم شەریحەیە لەبەرچاو نەگیراوە، بۆ ئەوەی مەسەلەکە روونتر بێتەوە، لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا هەندێك خێزان براون، بۆ نموونە، بەپێی بڕیاری ژمارە (4008)ی ساڵی 1987/6/22 تابیعەی عەلی حەسەن مەجید، هەروەها نووسراوی (28-3650) لە 1987/6/3 کە بەچەند ماددە هاتووە، ئەو قوناغانەی کە ئەوخەڵکانەی پێ رادەگوێزرێنەوە، هەندێك خێزان رۆیشتوون بۆ تۆبزاوە، دوبز، نوگرەسەلمان، سەحراکانی عەرعەر، هەندێکیان بەتەواوەتی هاتوونەتەوە هیچ کەسێکیان ئەنفال نەبووەو دوای ئەو عەفوەی کە لە هەمان رۆژی خاتیمەی ئەنفالدا لە 9/6 دەرکراوە، لە زیمنی عەفوەکە ئەگەر بۆ رای گشتی روون بێتەوە دەڵێت بۆ هەموو کوردێك عەفو دەکرێت بێتەوە سەفی وەتەنی تەنها جەلال تاڵەبانی نەبێت بۆ نموونە، لەو روانگەیەوە ئەو خەڵکانە بەشێکیان مانەوەو هێنرانەوە، هیچ کەسێکیان ئەنفال نەبووە وەکو ئەوەی ئێستا مووچەی کەسوکارەکانیان وەردەگرن، هەندێکیشیان نیوەی زیندە بەچاڵ ئێستا ئیمتیازات وەردەگرن، ئایا بۆ لیژنەی یاسایی دەکرێت بە روونی بە دەستەواژەیەکیش بێت لە بڕگەی پێنجەمدا ئیزافە بکرێت، یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شلێر محمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی یەکەم/ چوارەمدا (السجین السیاسی)، من پرسیارەکەم ئەوەیە لە لیژنەی یاسایی (هو من حبس او سجن) ئەی نەفی کراوەکان، چونکە زۆر خەڵکمان هەبووە نەفی کراون بۆ جنوب نەیاندەتوانی بێنەوە بۆ کوردستان بە عائیلی جاری وا هەیە خوێندکار هەبووە ئەو ساڵانەی هەمووی لە خوێندن لەکیس چووە، لەبەر ئەوە ئەگەر بڕۆنەوە بۆ موراجەعە، وابزانم مافیان زۆر دەخورێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، تکایە هەر بۆ ئەوەی پێش چاوتان روون بێت، ئەمە تەعریفەکانە، ئەو زیندانە سیاسیە کێیە؟ تەعریفی بکەن، دوایی دێنە سەر حقوق و ئیمتیازات، ڕێزدار شوان کەریم کەرەم بکە.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم/ من پشتگیری لە ڕەئیەكەی كاك حمە شارەزووری دەكەم، بۆ ئەوەی كە ناوی یاساكە ببێت بە (قانون حقوق وامتيازات السجناء والمعتقلين السياسين) لەبەر ئەوەی هەم تەعریف كراوە (المعتقل السياسي)، هەم لە یازدە شوێندا لە پڕۆژە یاساكە ناوی موعتەقەلی سیاسی هاتووە، گرنگە عینوانەكەی بەڕاستی موعتەقەلی سیاسیشی بۆ ئیزافە بكرێت، ئەمە یەك.

دوو/ ئەگەر بڕیار بوو لیژنەی یاسایی قەناعەتی بەوە كرد، كە ئەنفالەكان جێ بكاتەوە لە تەعریفەكەدا، لە گیراوی سیاسی، یان سجنی سیاسیدا، من پێشنیار دەكەم كەسوكاری پێشمەرگەشی بۆ ئیزافە بكرێت، ئەوانەی لەسەر كەسوكارەكانیان گیراون و بەشێكیان ساڵێك، یان دوو ساڵ لەناو سجنەكاندا مانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سیوەیل عوسمان كەرەم بكە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا من پێم باش بوو ئەگەر ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگەشی تێدا بوایە، چونكە ئەوە پەیوەندی بە لیژنەی ناوخۆ و پێشمەرگەشەوە هەیە، ڕاپۆرتی ئەوانیش هەبوایە باشتر بوو.

پشتیوانی لە ڕەئیەكەی كاك حمە شارەزووری دەكەم (المعتقلين)ی بۆ زیاد بكرێت، ناونیشانی پڕۆژە یاساكە، بەنیسبەت ئەوەی كاك نەریمان باسی ئەنفالیان كرد لەگەڵ كاك سالارو كاك شوانیش ئیشارەتیان پێدا، ئەگەر لێرە صیاغەتێكی بۆ بكەن بەڕێزان لیژنەی یاسایی و دارایی، ئەوان ئەگەر ئیزافەی بكەن زۆر باشە.

بەنیسبەت چوارەم و پێنجەم، مادام سەجین و موعتەقەل هەمان ئیمتیازاتیان هەبێت هاوڕام لەگەڵ ڕەئیەكەی نەسرین خان، كە ئەوە هەردووك بكرێتە یەك بڕگە (السجين او المعتقل السياسي)، بەنیسبەت ئەوانەی لە دوای ڕاپەڕینیش حەق وایە بیانگرێتەوە، جاری وا هەیە یەكێك گیراوە لەسەردەمی حكومەت، لەوانەیە پێنج، شەش مانگ هەموو مافێكی هەیە، حەقی خۆیەتی هەموو ئیمتیازێكی بدرێتێ لەو سەردەمە گیراوە، بەلاّم لە دوای ڕاپەڕینەوەش هەیە، هەیە چوار، پێنج ساڵ ئەشكەنجەش دراوەو گیراوەش، هیچ ماف و ئیمتیازاتێكی لێرە دیاری نەكراوەو، من لەگەڵ ئەوەم ئەوانیش شمول بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان بەس ئەگەر جەنابت بە عەرەبیەكە فەقەرەی پێنج لە ماددەی یەك بخوێنیەوە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**خامساً: المعتقل السياسي: كل من اعتقل او احتجز او اوقف دون صدور قرار الحكم بذلك من قبل محكمة مختصة لنفس الاسباب الواردة في (رابعاً) من هذه المادة.**

**ئاخیر ئەوەی ناگرێتەوە دوای راپەڕین، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار عبدالله ملا نوری كەرەم بكە.**

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پشتیوانی رەئیەكەی كاك نەریمان و كاك سالار محمود دەكەم، لەڕاستیدا مەترسی ئەو برادەرانەو منیش، پێموایە لە شوێنێكەوە سەرچاوە دەگرێت، كە هەندێك جار با بڵێین قەدەری جێ بەجێ كردنی یاساكان دەدرێتە دەست دەركردنی رێنماییەكانەوە، یەعنی زۆر جار یاساكان بە رێنمایی جۆرێك لە...................**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك عبدالله تكایە تەعریفەكەیە، چاوەكەم، ئاخیر ئێستا حوكم نەدەین سەر تەتبیق و...، كەرەم بكە.**

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**روون كردنەوەیەك بۆ جەنابت، بۆیە وێڕای پشتیوانیم لە ئەوان، داوا كارم لە دوای بڕگەی، كە ئەڵێ: یان یارمەتی دانی ئەوان، یان بەشداری كردبێ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان بەند كرابێ، بەوانەشەوە لە جینۆسایدی ئەنفال ڕزگاریان بووە، داواكارم بۆ ئەوەی ئەو مەترسیەمان نەمێنێ ئەو بڕگەیەی بۆ زیاد بكرێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز پەیام احمد.**

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پشتگیری لە قسەكانی كاك نەریمان و كاك سالارو كاك عبدالله دەكەم، دیارە قسەكانی من كرا، لەگەڵ قسەكانی نەسرین خان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز ئامینە زكری فەرموو.**

**بەڕێز ئامینە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەستپێكێ ئەزێ ناڤێ یاسایێ دەست پێ بكەم، یاسای ماف و دەستكەوتەكانی زیندانیانی سیاسی لە هەرێمی كوردستان، نە زیندانی سیاسی كوردستان، ناونیشانی كوردستان لە هەرێمی كوردستان بێتە زێدە كرن، سەبارەت خالا چارێ، ژبەر هێزا یان ژبەر زوڵم و زۆرداری، تەعەدا كرنا ڕژێمان بەعس، گەلەك كوردیش بۆ بەردەوامی دانا خەباتا نیشتیمانی ئاوارەی وەلاتێ جیران بوینە، تایبەت ئەم سەح كەنێ سالا 1974 و 1975 گەل بارزانی نەمر، گەلەك كورد ئاوارەی ئیرانێ بوون، چەند مەرحەلەی قۆناعێت ئاوارە بونێدا، هەم كورد ئاوارەی ئیرانێ بوینە، هەم توركیا بوینە، بەردەوامی دان بە خەباتا نیشتیمانی كوردایەتی هەر وان ولاتاندا، سەربیرو باوەڕو ئینتیمای نیشتیمانی، بیرو باوەڕێت ئینتیمای نیشتیمانی و سیاسی خۆیت هاتینە گرتن، یێت هاتینە زیندانی كرن، ئەڤجار یا باشترە سەر هندێ كو ئەم ئاماژە بدەینە هندێ كو ئێك ژ دادگاهیاندا دەسەلاتێ ڕژێمی بە بڕیارێ حوكم دان دەرچووبی، ئەم ئیشارەت بدەینە هەر ڕژێمەكا، ئەڤجا چ ڕژێما سوریا بیتن، چ توركێ بیتن، چ ئیرانێ بیتن، چونكە وان ژی سەر بیرو باوەڕو ئینتیمای خویێ نیشتیمانی و سیاسێت هاتینە بەند كرن و زیندانی كرن، ئەڤە بێتە زێدە كرن و ڕاست ڤە كرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئاسۆ كریم.

**بەڕێز بكر كریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خوشكی بەڕێز ئامینە زكری قسەكانی منی كرد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ناوی پڕۆژە یاسایەكە دەمەوێ قسە بكەم، بە ڕەئی من ناوی دەستكەوتی تێدانەبێ، تەنها ماف بێ، چونكە ماف زۆر لەوە گەورەترە لە دەستكەوت، ئەوانە خۆیان دەستكەوت بووینە بۆ كورد یان بۆ هەرێمی كوردستان، بۆیە ئەگەر وشەی دەستكەوت هەڵبگیرێ، هەرماف و ڕێزلێنانەكەی گەورەیەو، دەستكەوتەكان خۆشی لەناو مافەكەدایە، بەنیسبەت ئەوەش پشتگیری ئامینە خان دەكەم، عەینەن ڕەئیم لەگەڵ ئەوەیە كە ئەو زیندانیانەی لە دەرەوەی وڵات، لە پێناوی ئینتیمای نیشتمانی گیراون، لە وڵاتەكانی دراوسێ، ئەوانیش ئەشكەنجە دراون، ماوەیەكی زۆر ماونەتەوە، ئەوانیش بگرێتەوە، هەروەها پشتگیری ئەوەش دەكەم كە ئەو كەسانەی لە زیندان بووینە پێشتر لە ژیانی خۆیان، بەلاّم ئێستا لە ژیان نەماون منداڵەكانیان ماون، ئێستا ئەوانە بە شەهید حیساب نینەو، تەنها منالەكانیان ماون، ئەوانیش بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز پەروین عبدالرحمن.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز قسەکانی من کاك محمد و کاك شوان کردیان، پشتگیری ڕاکانی ئەوان دەکەم، بەوەی کە ماف و دەستکەوتی گیراوان و دەست بەسەرانی سیاسی، ناونیشانی پڕۆژەکە بێ، هەروەها ئەوانەی کە بەرشالأوی ئەنفالیش کەوتن جێگەیان بۆ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز تارا ئەسعەدی.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ناوی پڕۆژەکە، پشتگیری لە کاك حەمە شارەزووری دەکەم، بۆ زیاد کردنی ڕاگیراو، چونکە لە ناو پڕۆژە یاسایەکە تەعریفی ڕاگیراو کراوە، بەنیسبەت پێناسەکان، پێناسەکان بە ڕێك و پێکی کراوە، تەنها من پێشنیازی ئەوە دەکەم، کە دەخوێنیتەوە لە کۆتایی پێناسەکە، بڕیاری حوکم دانی دەرچووبێت، لە زیندانی سیاسی، تەنها ئەوها بەجێ هێڵراوە، بڕیاری حوکمدانەکەی بۆ ماوەی چەند دەرچووبێت، واتە کێ بە زیندانی سیاسی دائەندرێت؟، ئەگەر لە چەند ماوە زیاتر نەبێ بۆ نموونە؟، کێ بە ڕاگیراوی سیاسی دادەندرێت؟، دیسانەوە ماوەکەی دیاری نەکراوە لەبەر ئەوە ڕاستە چەند فەرمانێکی ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە، کە لەو بارەوەیە 562 لە 2009/7/8، لە 6413 لە وەزارەتی شەهیدان، ئەمانە هەمووی وەکو ڕێنمایی، وەکو شت دەرچووە، کە کێ ڕاگیراوەو کێ موعتەقلی سیاسیە، کێ زیندانی سیاسیە؟ بەلأم ئەگەر بێتو ئێمە لێرە وەکو یاسا، لەبەشی یاسا ئەپرسم، ئایا چۆن دەتوانی ماوەکە دابندرێت تا وەکو چۆن ڕاگیراوی ئیعتیادی بۆ نموونە شەش مانگ زیاتر بێ، ئەبێ ئێمە لێپرسینەوە بکەین، ئەو کەسە ڕاگیراو نابێ زیاتر لە شەش مانگ، ئایا هی سیاسیش هەمان شت ئەگرێتەوە، یان شتی نوێی بۆ دادەنێین بۆ خزمەت کردنی ئەم یاسایە، پشتگیری خۆشم لە د.ڕەفیق دەکەم بۆ بۆچوونەکانی کە دانرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جمال طاهر.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین و سەیری ئەم ماددەیە بکەین، ئەبینین هەندێك پێویستە زمانەوانیش چارەسەر بکرێت، سەبارەت عنوانی پڕۆژە، من هەمان بیرو ڕام هەبوو کە ناردیان بۆ لیژنەی یاسایی، قانون حقوق وامتیازات، ئەم حقوقە زیادە، چونکە سجین یان معتقل هاوولأتیەو، حقوقی هاوولأتی هەیە، ئەگەر بێن و سەیری

ماددەی شەشەم بکەین، ئەوەی پێی دەدرێت ئەوەیە، ئیمتیازاتن، من پێشنیار دەکەم قانونکە بکرێت (قانون امتيازات السجناء والمعتقلين السياسيين الكوردستانين)، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، (ثالثا: اللجنة الخاصة المشكلة بموجب المادة الرابعة) جارێ هیچ لیژنە تەشکیل نەبووە، بۆیە بە باشی دەزانم بنووسرێت ( اللجنة الخاصة المنصوص عليها في المادة الرابعة) ئەگەر بێین و ڕابعەن بخوێنینەوە( تعاطفه مع المعارضة او مساعدته لهم) نابێ(تعاطفه مع المعارضة او مساعدته لهم) چونکە لێرە هاوکاری بۆ موعارەزە دەکرێت، نەبووە موعارزین، لێرە موئەنەسە نابێت بکرێت بە موزەکەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز خلیل عثمان.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاٌ من شتێکی وا ئیزافەم نیە، پشتیوانی لە پێشنیارەکەی کاك سالارو کاك عبداللە و کاك نەریمان دەکەم، دیارە داکۆکی کردنی ئەوان لەسەر ئەوەی کە بە بڕگەیەکی یاسایی لەدوای ئەمە یان دەکرێت بە ماددەیەکی یاسایی ناوی گەڕاوەکانی پڕۆسەی بەدناوی ئەنفالیش بێت، بۆ ئەوەی قابیلی هیچ تەفسیرو تەئویلێك نەبێ بەڕاستی، یەعنی بە حاڵەتێکی سەریح بێت، ئینجا بە بڕگەیەکی یاسایی بێ یاخود بە ماددەیەکی یاسایی، چونکە هەقی خۆیانە، حاڵەتی دووەم، بەڕاستی من پشتگیری لە قسەکانی کاك د.رفیق دەکەم، یەعنی کە باس لە سجینی سیاسی دەکەی، سجن یەعنی لە دووساڵ زیاتر بۆ پێنج ساڵ دەگرێتەوە، هەروەها موعتەقەل، ڕاگیراوە، لەوانەیە دوو مانگ بێ، لەو حاڵەتەش خەڵك هەیە لەوانەیە دووساڵ سجن ڕاگیراو، بەڵام قەراری بۆ دەرنەچووبێت، من هیوادارم ئەو حاڵەتانە لێك جیا بکرێتەوە، ناکرێت ئیمتیازاتی سەجین و موعتقل هەر هەمووی وەکو یەك بێ، بۆ ئەوەی نا عەدالەتی ڕوونەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دانا سعید سۆفی.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی پێموایە ئەو ماددەیە دوو پێناسەی لە خۆ گرتووە، عنوانەکەش یەك لە پێناسەکانی تێدایە، ئەو پێشنیارەی کە کاك جمال کردی پێموایە لە عیلاجەکانە، بەوەی کە ناوەکەی بگۆڕێت، بکرێت بە یاسای دەستکەوتی زیندانیان و ڕاگیراوانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، ئەوە یەك لە عیلاجەکانە، هەم ڕاگیراوانی سیاسی لەخۆ دەگرێت، هەم زیندانیان لە خۆ دەگرێت، چارەسەری دووەم ئەوەیە یان ئەوەتا ئەوکاتە عینوانەکەی نەگۆڕین، دەبێ چوارەم و پێنجەم لەیەك بدەین، هەردوکیان تەعریف بکەین بەوەی کە زیندانی سیاسین، بەڵام لەتەعریفەکەمان لەناو زیندانی سیاسی گیراوانی سیاسیش جێگا بکەینەوە،

یەعنی دوو چارەسەری هەیە، یان ئەوەتا ئەو دوو ماددەیە لێك بدەین، زینـدانی سیاسی تـەعریف بکـەین بەوەی کە گیراوی سیاسیش دەگرێتـەوە، یـان ئـەوەتا دەبـێ عینوانەکـەی بگۆڕین، سـەبارەت بـە مەسـەلەی کاتەکە، ئایا گیراوی سیاسی یان زیندانی سیاسی چەند بێ و چەند نەبێ، بەپێی زانیاری من پێموایە ئێستا کە ڕێنماییەکان کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی هەیەتی، پێموایە شەش مانگیان داناوە بۆ ئەوەی کە لە شـەش مانگ کەمتر نـەبێ، ڕاگیراو بـێ، گیراو بـێ، حوکم درابـێ، بـەو شێوەیە، پـێم وایـە ئـەوە دەکـرێ زیـاتر لـە ماددەکـانی تـر جێگـای بکرێتـەوە یـان ئـەوەتا بـە جـێ بهێڵدرێ بـۆ مەسـەلەی ڕێنماییـەکان، سـەبارەت بـە مەسەلەی ئایا ئـەوەی ئـەنفال دەگرێتـەوە یـان نـا، بـە بـاوەری مـن لـە تەعریفەکە و بـە پێـی تەعریفەکە هەموویان دەگرێتەوە، بەڵام ئەگـەر هـیچ ئیشکالێکی تێدا نیـە، پـێم وایـە دەکـرێ وەکو نەصێکی صـەریح ئیزافە بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز بیلال سلێمان فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەلا من شتێکی ئیزافیم نیە، تەنها پشتیوانی لە رای بەڕێز کاك جەمال دەکەم لەسەر ناوی پڕۆژەکە، نـاوی یاساکە کە حقوق لابرێ و موعتەقەلین لە دوای سیاسیین زیاد بکرێ، سەبارەت بـە رابعـأ، پـێم وایـە دەبـێ، باشـتر وایـە کـە سـوجەنای سیاسـیین یـان موعتەقـەلین، ئەوانـەش بگرێتـەوە کـە دوای ڕاپـەرینیش، لـەناو خۆشماندا زۆر جار ئێمە تووشی ئەم هەڵە بووینـە، کـە نـابێ ئێمـە شـەرم بکـەین لـەوەی کـە باسـی بکـەین، ئەوانیش بگرێتەوە، چونکە ئەوانیش مەغدور و مەزلومن، حەقی خۆیانـە جێگایـان تێـدا بکرێتـەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز حمە سعید حمە علی فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ڕاکەی کاك جەمالم کە ناوی پڕۆژە یاساکە بەو شێوەی لێ بێت، (امتیازات السجناء السیاسـیین والمعتقلین)، خاڵێکی تر مودەکە، من پێموایـە مودەکـە دیـاری بکـەین، لـە خـاڵی رابعـأ ئـەبێ مودەکـە دیـاری بکەین، کە لەوێ وەکو کاك دانا وتی، شەش مانگە، من ئەڵێم بیکەینە سێ مـانگ، خـاڵێکی تـر لـە ئینتیمـای وەتەنی و سیاسی، ئینتیمای قەومی و دینی و مەزهەبیشی بۆ زیاد بکـەین، چونکە هەیـە لەسـەر ئینتیمـای قەومی، مەسەلەن، یان مەزهەبی و دینی، و خاڵێکی تر لەگەڵ ئەوەم کە ئـەو پێشنیارەی کـە بـاس کـرا، کـە ئەو پاشماوەی ئەنفال، ئەوانەی کە لە ئەنفال رزگاریان بووە، ئەوانەی کە، چونکە چـەند ماوەیـەك گـیراون، هەیـە سـاڵێك، هەیـە شـەش مـانگ رزگاریـان بـووە دوای ئـەنفال، خـاڵێکی تـر، سـجنی سیاسـی هـەرێم دوای

ڕاپەڕین، ئێمە سجنی سیاسی لە هەرێمدا هەیە، و زۆر ئاساییە ئەمانە بە هەڵە یان بە هەر هۆیەك لە هۆیەكان گیرا بن، ئەوانیش حەقی خۆیانە كە ماف و ئیمتیازاتیان بێ، خاڵێكی تر من لەگەڵ ئەوەم كە هەندێك خەڵكی هاووڵاتی هەرێمی كوردستان لە دەوڵەتەكانی هەرێمایەتی ئیقلیمی و لە دەوڵەتەكانی تریش، لەسەر مەسائیلی سیاسی، یان نەتەوایەتی گیراون، ئەوانەشی تێدا باس بكرێ، بە نیسبەت بڕگەی پێنجەم، موعتەقەلی سیاسی یان نەمینێ، لەگەڵ ئەوەم یان نەمینێ، هەر بكرێتە رابعاً: السجين السياسي و المعتقل السياسي، يان السجين و المعتقل السياسي، یان ئەگەر ما، ئەو كل من اعتقل او احتجز او اوقف، ئیتر تا ئەوێ بێ، دون الصدور، چونكە ئەگەر قەرارێك لە حكومەتەوە، هەندێ جار حكومەت بە قەرار، قەرارێكی مەحكەمەی خاصی خۆیان خەڵكی ئیعتیقال كردووە، یان خەڵكی حیجز كردووە، ئەوە مەحروم دەبێ ئەگەر ئەو (دون)ەی تێدا بێ، مەحروم دەبێ، بۆیە یان دەمج بكرێ لەگەڵ خاڵی چوارەم، یان ئەو (دون)ە نەمینێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عمر عبدالعزیز فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەلا من سەرەتا تێبینیم لەسەر پرۆژە یاساكە هەیە، لە ناوەكەی......

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە كاك عومەر لەسەر ماددەكە، رەجائەن لەسەر ماددەكە، لەسەر پرۆژە یاساكە موناقەشە بكەن.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ لەگەڵ مندا تۆزێك لوتفت كەمە، ئەو وەختە فەرمووت كێ لەگەڵ ئەوەیە لە ئەصڵی هینەكە قسە بكەن، دەستم بەرز كردەوە بەس جەنابت مولاحەزەت نەكرد، ئێمە لەبەردەم دوو پرۆژە یاساین بەس جیاواز لە یەكتر....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

برای عەزیز، كاك عومەر، رەجائەن نا، دوایی رات دەگرم و عاجزیش دەبی و منیش عاجز دەبم، قسەی جەوهەری لەسەر ماددەكە بكە، پرۆژەكە دەنگ درا، رێز بۆ ئەندامانی پەرلەمان، وەرە سەر ماددەكە رەجائەن.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر لەسەر ماددەكە قسە ئەكەم، ئەم پرۆژە یاسایە پرۆژە یاسای زیندانە سیاسیەكان جیایە لە پرۆژە یاسای دامەزراوەی زیندانانی سیاسی، تێبینیەكەی من بۆ لێژنەی یاسایی بەڕێزە، ئێمە ئێستا تەنها پرۆژە

یاسایەك موناقەشە ئەكەین، نەك دوو پرۆژە یاسا بۆ ئەوەی پەرلەمانتارانی بەڕێز بزانن، ئەوەی ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران تەقدیمیان كردیە، پرۆژە یاسای دامەزراوەی زیندانیانی سیاسیە، 12 خاڵە، یەك دانەیان باسی ماف و ئیمتیازاتی سوجەنای سیاسیە، وەكو تێبینیەك بۆ بەڕێزتان و پەرلەمانتاران، لەبەر ئەوە بە موحتەرەمانە پرۆژە یاسای دامەزراوەی زیندانە سیاسیەكان ڕەت كراوەتەوە لە لایەن لێژنەوە بە بێ ئەوەی ناوی لێ بنێن، ئەوە مولاحەزەی یەكەمم بۆ ئاگاداری جەنابتان، چونكە لە 12 خاڵ مەعقول نیە یەك خاڵ نەقل بكەیت و بڵێ دوو یاسام دەمج كردووە، لەبەر ئەوە من بە غەدرێكی دەزانم لەم پرۆژە یاسایەی كە كراوە و ئەبێ جارێكی تر تەقدیمی بكەینەوە تا قسەی لەسەر بكەین، چونكە باسی دامەزراوەی سیاسیە نەك مافی زیندانیانی سیاسی، بە نیسبەت ئەم ماددەیەوە، من دوو تێبینی عەرز دەكەم، یەكێكیان جەنابی سەرۆكی پەرلەمان ئاماژەی بە خاڵی پێنج كرد لە وەڵامی سیوەیل خان، خاڵی پێنج تەحدیدی كردووە بە پێی رابعاً، لە رابعاً تەحدید كراوە كە تەنها ئەوانەی سەردەمی رژێمە پێشووەكان ئەگرێتەوە، نە سەردەمی پاش ڕاپەڕین، لەبەر ئەوە منیش لەگەڵ ئەوەم، لە كۆتایی ئەم خاڵە ئەوە ئیزافە بكەین و بنووسین: یان پاش راپەڕین گیراون و دادگا بڕیاری تاوانیان داوە، چونكە ئەوەی جەنابت ئاماژەت پێكرد كە ئەڵێ (رابعاً)، لەوێ تەحدید كراوە ئەڵێ، هەمووی باسی سەردەمەكانی پێش راپەڕینە، بە پێی ئەم یاسایە هیچ زیندانێكی سیاسی كە تەبریئەشی دەرچووە، ماف و ئیمتیازاتی نییە، كە ئەمە خەلەلێكی گەورەمان بۆ دروست دەكات، ئێمە ئەبێ واقیعی بین، دەیان، ئەگەر نەڵێم هەزاران، سەدان بەلای كەم، سەدان زیندانی سیاسی و راگیرانی سیاسیمان هەیە لە كوردستان، كە دادگا بێ تاوانیانی راگەیاندووە، چۆن دەبێ ئەمە نەیانگرێتەوە ئەم یاسایە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئارام قادر فەرمووو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو تێبینیم هەیە، یەكەم لەسەر خاڵی سێیەم لێژنە، كە لەوێ دەبێ تەعریف بكرێ نەك ئاماژە بكرێ بە ماددەیەكی دیكەش، پێشنیارم هەیە بۆ لێژنەی یاسایی، بەم شێوەیە تەعریف بكات، لێژنەیەكی تایبەتی كە ئەركی سەرپەرشتی كاروباری زیندانیان و گیراوان دەگرێتە ئەستۆ، چونكە لەوێ ماددەكە هەر باس لە تەعریفات دەكات، نەك ئاماژە بە ماددەیەكی تر بدات، هەروەها پێشنیارێكم هەیە بۆ برگەی چوار و پێنج، كە ئیزافەیەكی بۆ بكرێ كە حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەكرێ بەسەر ئەو كەسانەی كە پاش ڕاپەرین زیندانی بوون یان گیراون لەسەر بیر و ڕای جیاواز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز اسماعیل محمود فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كاك شوان كەریم و ئامینە خان كردیان، پشتیوانیان لێ دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئەڤین عومەر فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا من لەناوی پرۆژە یاساكەوە دەست پێ ئەكەم، بەڕەئی من ئەگەر ببێتە قانون، امتیازات السجناء و المعتقلین السیاسیین في اقلیم كوردستان، لەبەر ئەوەی ئەوە ئیمتیازاتە ئێمە ئەیدەین، ئەمە مافێكە لەوە كەمترە كە مافی خۆیان بێ وەكو ئەوانەی كە گیراون و حوكم دراون لەسەر رەئی و ئینتیمای سیاسی خۆیان، بۆیە ئەگەر بێت و حقوقەكە لابەین، هەر بیكەینە ئیمتیازات و موعتەقەلینیشی بۆ زیاد بكەین لە هەرێمی كوردستاندا، دووەم، من پشتگیری لە رەئی ئەو بەڕێزانە دەكەم، دووبارەی ناكەمەوە كە باسی ئەوەیان كرد، ئەگەر بێت و ئەوانە داخیل بكەن كە بەبەر شالاّوی ئەنفال كەوتینە، ئەگەر بۆ هیچیش نەبێ بۆ مەسەلەیەكی مەعنەوی بێ با ناویان داخیل بكرێ لێرە، پاشان رەئیم سەبارەت بە خاڵی چوارەم كە تەعریفی سەجینی سیاسی كراوە، ئەڵێ: سەجینی سیاسی بسبب، هەندێك ئەسبابی دیاری كردووە، من ئەڵێم هەندێك جار خەڵك هەیە حوكم دراوە بە دوو ساڵ و بە سێ ساڵ و تەنها و تەنها لەبەر ئەوەی توهمەیەكی بۆ دروست كراوە، نە ئینتیمائی هەبووە و نە موشارەكەی هەبووە و نە هیچ لەم سەبەبانە نایگرێتەوە كە لێرە ئێمە دیاریمان كردووە، بەڵكو تەنها توهمەیەكی پێ كراوە لە لایەن كەسانێكەوە كە سەر بەرژێم بووینە، بۆیە سەیر دەكەین حوكمیش دراون سیاسیەن، یاخود لەسەر ئەوە بووە كە بە لەفزێك یاخود بە كەلیمەیەكی ناشیرین بە سەركردە یاخود بە رژێمەكەی پێشووی، یان رژێمی دكتاتۆری پێشوو وشەیەكی وتووە، توهمەیەكی، یاخود لەفزێكی ناشیرینی بەرامبەر بە سەركردەكەی وتووە، ئەویش دیسان حوكم دراوە بە دوو ساڵ و بە سێ ساڵ، ئێمە پێش چەند رۆژێك لە یەكێك لە لایەن ئەندامە بەڕێزەكانەوە بینیمان ئافرەتێك هاتبوو، دوو ساڵ حوكم درابوو، تەنها و تەنها بە سەبەب ئەوەی كە نەیوتووە من فیدای سەدامم، بەلاّم لە ئەسبابەكاندا ئێمە لێرە دیاریمان نەكردووە، ئەو كەسانەش ئەگرێتەوە كە ئەوانە خەڵكێكی سیڤیلن و مەدەنین و بە هیچ شێوەیەك ئینتیمایان نەبووە بۆ هیچ حیزبێك و لایەنێكی سیاسی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دڵشاد شەهاب فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەناو یاسایەکە من پشتگیری ئەو خوێندنەوەی ئەڤین خان دەکەم، پێشتریش کاك جەمال و کاك داناش هەر یەکی لە ئیزافە و، موهیم صیاغەی ئەخیرە کە هاتووە و من پشتگیری لێ دەکەم، ئیزافەی کەسانێك بکرێ کە ڕەنگە لە حوکم دان و لە گرتنەکە بە بێ ئیرادەی خۆیان تێدا بەشدار بووینـە، ئـەویش ئەوانـەن کـە لـە سجندا لە دایك بوون، ئێمە خەڵکێکی وا هەیە لە کوردستان، نە حوکمی بۆ دەرچووە، نە خۆی گیراوە، بەڵام کە دایکی حەبس کراوە لـە زینـدان دا لـە دایـك بـووە، ئـەوە زیکـر بکـرێن، هـەم وەکـو پێناسـەیەك بـۆ بـزر نەبوونی ئەو تاوانە و ئیقرار کردنی کەوا خەڵکانێکی وا فیعلەن لە زیندان دا لە دایك بوون، هەمیش بە بێ ئەوەی کە قەراری خۆشیان بێت و قەراری هیچ حوکمێکیش بوونەتە زیندانی لە دایـك بـوون، هـی پێنجـەم لە پێناسەکە منیش لەگەڵ ڕەئی کاك دکتۆر ڕەفیق و هەندێك لە برادەرانی تریشم کە باسیان کرد، زۆر بـە موتلەقی هاتووە، من باوەڕ.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سۆزان شهاب، ڤیان عبدالرحیم، تکایە وا قسە دەکات، گوێشمان لێ یە، تکایە بێ دەنگ بن.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێناسەی کەوا لە خاڵی چوارەم و پێنجەم دا هاتووە، ئەگەر هەردووکی کە لە ماددەکانی تردا وەکو یەك سەیر دەکرێن، جۆرە ناعەدالەتییەك تێدا دێتە وجوود، چونکە ڕاستە هەر کەسێکی کـەوا بـە دەسـتی ڕژێـم تووشی هەر ئازاردانێك وەکو وەقفێکیش ببێت، تەوقیف کردنێکیش ببێـت ڕەنگـە مـافی بەسـەر کردنـەوەی، قەرەبووکردنەوەی هەبێت، فوڕسیشە مرۆڤ لە بەرامبەر ئیمتیازاتیان دا بوەستێت، بەڵام لە هـەمان کـاتیش دا ناکرێـت، فیعلـەن تـەوقیف کـردن بـەو شـێوازە موتلەقـەی کـە هـاتووە، ڕاسـتە ئـەوە پێناسـەیە، بـەڵام لـە ماددەکانی تـریش دا نـە مەرجـەکانی بـۆ دانـراون، نـە باسـێکی وا کـراوە، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، ئـەوە چونکە باس کراوە، نە جەوابە، باوەڕ دەکەم لە ماددەکانی تر تووشـی ئیشـکالمان دەکـات، لەسـەر مـەوزووعی ئەوانەی کە لە هەڵمەتەکانی، یـاخود بـا بڵێین لـە شـاڵاوەکانی ئـەنفال دا دەسـتگیر کـراون و نـەجات بـوون، ئەگەر بە پێی ئەو پێناسەیە ئەوانە بخرێنە نـاو ئـەو یاسـایانەوە، ئەوانـە دەسـتگیر کـراون و نـەجات بـوون، ئیمتیازاتی ئەو دەستگیر کراو و ئەوانەی کە لە ماددەکانی تردا هاتوون، ئیمتیازاتی ئەوانە لە خودی ئەوانە زیاترە ئەوەی کە ئەنفال کراون و لە عەمەلیەی ئەنفال دا شـەهید کـراون، مـن بـاوەڕ دەکـەم ئێمـە تووشـی تـەناقووزێك دەبـین، بۆیـە بـە بـڕوای مـن وایـە ئێمـە دەبـێ لـەو حاڵەتـەدا، لـە دواتـردا مـەجبوور دەبـین پێداچوونەوە بە یاسـای ئیمتیـازات بکـەین بـەلای کەمـەوە ئەگـەر هـی شـەهیدانیش نـەبێ، ئـەنفالکراوەکان ببین، چونکە یەکێکی نەجاتی بوو لە عەمەلیەی ئەنفال، وای لێ دێت ئیمتیازی زیاتر دەبێ لە کەسێکی کە

بووەتە قوربانی عەمەلیەی ئەنفال، واتا لە عەمەلیەکەدا شەهید بووە، ئیمتیازاتی دەرچووە کە زیاتر دەبێت لە شەهیدەکە، بۆیە ڕەچاوی ئەو خاڵە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاردۆ محمد، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلای منەوە ناوەکە ئیمتیازات نەبێ، ڕێزلێنان بێ، یەعنی جۆرێك ئەوەی ئیمتیازات شتی ماددی دەگرێتەوە، بەڵام ڕێزلێنان هەم ڕووی مەعنەویش دەگرێتەوە، کە بە ڕووی ماددی قەرەبوو دەکرێتەوە، ئەوە خاڵێکیان، خاڵێکی تر/ ئەم پرۆژە یاسایە جیاوازە لەو دوو پرۆژە یاسایەی کە هەم لە ئی عیراق، هەم لە پرۆژە یاسای حکومەت دەیخاتە ئەستۆی وەزارەتی شەهیدان، هەم لە پرۆژە یاساکەی کە ژمارەی یاسایی تەقدیمیان کردووە بە موئەسەسە باسی دەکات، ناکرێ بەڕێوەبردنی ئەو یاسایە کە پەیوەندی بە مووچەوە هەیە، بەلایەنی تەندروستی هەیە، بە ئیدامەدان، فەرمانگەیەك، دامەزراوێك نەبێت سەرپەرشتی ئەو یاسایە بکات، یەعنی شوێنێك، لە کوێ؟ هەر لێژنەیەك دروست دەکرێت بڕیار دەدات ئەوانە زیندانی سیاسین، کێ ئەو کارە دەکات؟ یەعنی ئەوە لێرە ونە، لە تەعریفەکان دا پێویستە ئەم فەرمانگەیە هەبێ، فەرمانگەی ناو لێ دەنێن، ئەگەر دامەزراوەمان پێ قورسە لەسەر باری بلێین حکومەت کە بۆ بەڕێوەبردنی کاری زیندانی سیاسی، بەڵام پێویستە فەرمانگەیەك هەبێ سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ ئیش و کاری زیندانیانی سیاسی بکات، ئەوە خاڵێکە پێم گرنگ بوو کە ئەم فەرمانگەیە لێرەوە دەستنیشان بکەین، خاڵێکی تر ئەوەی کە پەیوەندی بە زیندانیانی سیاسی دوای ڕاپەڕینەوە هەیە، من پێم باشە بڕگەیەك زیاد بکرێ، ئەوانەی لەسەر ململانێی سیاسی تووشی گرتنی سیاسی بوون، ئەوانە هەرچەند ناکرێ تۆ مەسەلەن موددەتی دیاری کراو نەبێ، کە هەموومان لەسەری کۆك بین لە موددەیەکی یاری کراو، شەش مانگ یان سێ مانگ بێ، حیسابی زیندانی سیاسی پێ بکرێ کە لەسەر بیروڕای سیاسی یە، بڕگەیەك لەم خاڵە زیاد بکرێ پێموایە زۆر ئیجابی دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز کوێستان محمد، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتگیری ئەو دوو ڕایە دەکەم، یەکەم ئەو ڕزگاربووانەی ئەنفال ئیزافە بکرێ لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە دوای ڕاپەڕین لە ململانێ سیاسییەکان گیراون، جا ئەگەر موودەیەکیشی بۆ دابنرێ وەك کاك کاردۆ وتی، پشتگیری لێ دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز گۆران ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز د. أحمد وەرتی، فەرموو.

**بەڕێز د. أحمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناوەکەی، من پێموایە لە کوردییەکەی دا کە ناوی دەستکەوت هاتووە، من پێموایە دەستکەوت لە موقابیلی ئیمتیاز بەکار ناهێندرێ لە کوردی، ئەگەر مانایەکی کوردی پەتی بگەڕێین بۆی، جیاوك لە جیاتی ئیمتیاز بەکار دەهێندرێ بەڕاستی، من پێموایە ئەگەر لێرە هەر، لە کوردیەکەش دا هەر ئیمتیاز بە کار بێنین، یەعنی چونکە ئیمتیاز لە کوردیش دا بۆتە وشەیەك زیاتر شت لە خۆی دەگرێ، بۆیە ئەگەر ناوی قانونەکە تەنها یاسای ئیمتیازاتی زیندانیان و ڕاگیراوانی سیاسی کوردستانی بێت، من ئەوە پێشنیار دەکەم، من پێموایە هەرچەندە دوای وەڵامەکان برای بەڕێزم کاك عمر عبدالرحمن وەڵامەکان دەداتەوە، بەڵام وادەزانم ئەوانەی کە لە شاڵاوەکانی بە ناو ئەنفالیش دا گیراون هەمان حوکمی زیندانیان هەیە، چونکە هەر لەسەر ئینتیمای سیاسی یان وەتەنی یان یەکێ لەو خاڵانەی کە لە مادده یەك دا دیاری کراون، دەیانگرێتەوە، پێموایە ئەویش هەر زیندانی یان ڕاگیراوی سیاسی حیسابە، منیش پشتگیری لەو ڕایە دەکەم، لەو پێشنیارە کە ئەوانەی کە تووشی گیران، یان ڕاگیران بوونە دەبێ پاساوێکی یاسایی لە دوای ڕاپەڕینیش، ئەوانیش بتواندرێ لەو یاسایە جێیان بۆ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز صبیحة أحمد، فەرموو.

**بەڕێز صبیحە أحمد مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی یەکەم، خاڵی چوارەم کە باسی تەعریفی زیندانی سیاسی کراوە، لە تەعریفەکەدا فەقەت ئەو کەسە بە زیندانی سیاسی دادەنرێت کە لەلایەن ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق گیراون، بەڵام لێرەدا من پشتگیری لە ڕای برای بەڕێزم قادر حسن دەکەم، پێم باشە ئەو کەسانەی کە لەسەر ئینتیمای نیشتمانی یان سیاسی یان کوردایەتی لەلایەن دەوڵەتانی دەوروبەر وەکو ئێران یان سوریا یان تورکیا، هەروەها دەوڵەتانی تر، ئەو کەسانە تەبعەن حیسابی زیندانی سیاسیان بۆ بکرێ، پێم باشە کە

تەعریفی زیندانی سیاسی کە ئەویش شمولی تر و وردبین تر بین لێی، بەڵام لێرەدا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پرسیارێکی ترم هەیە ئەویش ئەوەیە/ ئایا ئەو منداڵەی کە لە زیندان دا لە دایك دەبێ بۆ ماوەیەکی زۆر لە زیندان دا ماوەتەوە، ئایا ئەوە وەکو زیندانی سیاسی حیسابی بۆ دەکرێ یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، لێژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ هەموو ئەندامە بەڕێزەکان کە توانیان موناقەشەیەکی جیددی و دوور و تەفصیلی لەسەر بکەن بۆ دەوڵەمەند بوونی ئەو یاسایە، بەڵام ئەم یاسایە، ئەم موناقەشەی کە ئێستا لەسەری کرا، خۆی لە چەند خاڵێك دا دەبینێتەوە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، یەکێ لەوانە برادەران زۆر باسیان لەسەر ئەوە کرد کەوا ناونیشان و عینوانی یاساکە موعتەقەلی بۆ زیاد بکرێت، هەندێك داوایان کرد کەوا حقوق لابرێ تەنها ئیمتیازات بمێنێتەوە بکرێتە قانونی ئیمتیازات (السجناء و المعتقلین السیاسیین الکوردستانیین)، ئەوە چەند برادەرێك باسیان لەسەر کرد دواتر ئێمە وەکو هەردوو لێژنە ڕای خۆمان دەدەین لەسەری، بە نەتیجەی موناقەشەکان بۆمان دەرکەوت کە هەندێ شت زۆرینەی ئەندامان تەئکیدیان لەسەر کردووەوە، یەکێ لەوانە لەسەر فەقەرەی (3) کە باس لەو لێژنە خاصە دەکات (مشکلة بموجب المادة الرابعة)، ئەو لێژنەیە تەفصیلەکەی لە ماددەکانی دواتردا هاتووە، لە ماددەی چواردا، بەڵام ئەگەر بکرێت ئەو کاتە ئێمە باس لەو لێژنەیە بە نەوعێکی تر بکەین بڵێین/ (اللجنة المنصوصة علیها فی المادة الرابعة)، ئەوەش دوایی عەرزی جەنابتانی دەکەین، ئێمە ئەوەمان بە هەند وەرگرتووە، ئەو مولاحەزەیە، بەڵام ئەوەی کە زیاتر خۆی دەبێنێتەوە لەسەر کەلیمەی ئەوەیە کە ئایا فەرقی بەینی فەقەرەی (4) و فەقەرەی (5) چیە؟ ئایا ئەوە ئەو کەسانەن کە شمولی ئەنفال دەکەن؟ رزگار بوون لە عەمەلیاتی ئەنفال و گەڕاونەتەوە، مەشمولن بەو یاسایە؟ یاخود مەشمول نین؟ حەقیان هەیە وەکو زیندانی سیاسی ماف و ئیمتیازاتی خۆیان وەرگرن؟ یان حەقیان نیە؟ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، فەقەرە چوار زۆر بە وازیحی و صەراحەت هاتووە ئەندامە بەڕێزەکان، باس لە حەبس و سجن دەکەن بە واتا حەبس و سجن یەعنی ئەو کەسانەی کە حەبس کراون بۆ ماوەی پێنج ساڵ، یاخود ئەو کەسانەی کە سجن کراون بۆ ماوەی موئەبەد، یاخود حوکمی تر درابێ بەسەریان دا، ئەوە لەلایەنی مەحکەمە تایبەتیەکانەوە کە ئەو کاتە خۆی لە مەحکەمەی سەورەی عێراقی بەدناو خۆی دەبینێ، هەڵوەشایەوە و ئەو مەحکەمەیە ئیلغا بوو، نەما، ئەوە خاصە بە فەقەرە چوار بە حەبس و بە سجن، بەڵام بە سەبەبی چی؟ بە سەبەبی ئەو کەسانەی کە موعارەزە بوون بۆ ئەو نیزامەی

که دژی حەرەکەی تەحەرووری کوردی ئیشی کردووە، یاخود لەسەر ئەوەی کە تەنیا کورد بووە ئینتیمای سیاسی، قەومی، وەتەنی هەبووە بۆ کوردستان، یاخود هاوکاری لەویّ رزگاریخوازی گەلی کوردستانی کردبیّت، چ وەکو دیّکان، شویّن و مۆلگە و پەناو حەشارگەی پیّشمەرگە وریّکخستنەکان و هاوکاری کردنیان بە هەموو شیّوەکان، بە شمولیەتیّکی عام هاتووە ئەم برِگە چوارە، تەنیا ئیّمە لەسەر کەلیمەی نیزامەکەی وەکو کاک عیماد باسی کرد، دەکریّت ئیّمە وەکو لە فەقەرەی 4 باسمان لەسەری کردووە، بە ئەنزیمەی موتاعاقب، یەعنی کە رژیّمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق، ئیّمە ئەو نیزامەش بکەین بە (الانظمة) ئەوە گرنگ نیە، دەکریّ بۆ تەوزیح کردنی یاساکە نیزام بکریّت بە ئەنزیمە، بەلاّم مەسەلەن لە فەقەرەی 5 ی کە باسی موعتەقەلی سیاسی دەکات، برادەرینە موعتەقەل و مەحجوز و مەوقوف ئەو کەسانەن کە وەختی خۆی رژیّمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق ئیعتقالی کردوون، یەعنی هیّناویەتی کۆمەلّیّکی لە دانیشتوانی کوردستان دوورخستووەتەوە لە شویّنیّك وبردوویەتە موعتەقەلیّك و شویّنیّك، مۆلگەیەك و حەشارگەیەك لەویّ حەبسی کردوون وهیّشتوونیەتەوە بۆ فەترەیەکی موعەیەن، دوایی بەرەلاّکراون، ئەمانە قەراری مەحاکمیان بۆ دەرنەچووە، ئەمە تاوانیّکە بەرامبەریان کراوە بە بیّ ئەوەی هیچ پاساویّکی یاسایی هەبیّ، یاخود ئەو کەسانەی کە حجز کراون، حجزکراوەکان بە برِیاریّك حجز دەکریّت، ئەو برِیارە جائیزە لەلایەنی دەسەلاّتەوە دەرچوو بیّت، چ خۆی ببینیبیّتەوە لە دائیرەکانی داپلۆسیّنەری ئەمنەکانی ئەو کاتە یان ئیستخبارات، لە دەسەلاّتدارانی ئەو کاتەی رژیّمەکان، حجز کراون بۆ مودەیەك و لە شویّنیّك هیّلّراونەتەوە، مەوقوف ئەو کەسانەن کە گیراون، جا تەوقیفی بۆ کرابیّت یاخود نەکرابیّ، بەلاّم موحاکەمە نەکراون، یاخود موحاکەمە کراون و گەرِاونەتەوە و بەرِەلاّ بوون، بەریّزان بە نیسبەت ئەو کەسانەی کە رزگاریان بووە لە عەمەلیەی ئەنفال دا راستە ئیّمە عەمەلیەی ئەنفال ئەنرخیّنین و هەلّسەنگاندنیّکی زۆر گەورەمان بۆی هەیە، بەرِای ئیّمە عەمەلیەی ئەنفال ئەو عەمەلیەیە کە گەلی کورد دەتوانیّ شانازی پیّوە بکات لە مەحفەلە دەولیەکان ئەمەندە بچووك نیە لە یاسایەکی زیندانی سیاسی بۆ ئیمتیازی زەویەك یان بۆ ئیمتیازی مەعاشیّکی مانگانە ئەم پرۆسە گەورەیە بچووك بکریّتەوە و بیّتە خواریّ و ناوی بیّتە ئیّرەوە، یاسای تایبەتی خۆی بۆ دەرکراوە، لە کاتی خۆیدا حقوق و ئیمتیازاتی شوهەدا و موئەنفەلین هەیە، وەزارەتی تایبەتی خۆی هەیە و لیّرەش دا جاریّکی دیکە حەقیّکی پیّدراوەتەوە کە دەلّیّ (کل من اعتقل او احتجز او اوقف) بە مانای ئەوەی ئەو کەسانەی کە دوور خراونەتەوە، بەلاّم بە سەبەبی چی؟ خۆ ئەنفال کراوەکانیش جەنابی سەرۆکی پەرلەمان هەر لەسەر موعتەقەد و ئینتمای وەتەنی لەبەرئەوەی کەکورد بوون، لەبەرئەوەی دیّکانیان حەشارگە و شویّنی حەوانەوە و هاوکاری پیّشمەرگە و ریّکخستنەکان بوون، موساعەدەیان کردوون وبەشداریان کردووە لەبزوتنەوی رزگاریخوازی گەلی کوردا بۆیە ئەنفالیان بەسەردا کراوە و دوورخراونەتەوە، بەواتا (من اعتقل) دەقاودەق شمولی ئەوانە دەکات، بەلاّم ئەوانەش ئەبیّ چی بن، ئەوانە لەبەردەم ئەو لیژنەیەی کە لەماددەی 4 دا باسمان لەسەری کردووە، بۆیان هەیە داواکاریەکی خۆیان بەهەموو تروقیّکی ئیسپات و چونکە لە ماددەی 4 باسی لەسەر کراوە، دەلّیّ بۆیان هەیە، ئەوانەش کە

ئیعتقال کراون وکە حجز کراون کە تەوقیف کراون بە هەموو ڕێگایەکی یاسایی بە گوێرەی ڕێکارە یاساییەکانی قانونی ئیسپات کە لە عیراقدا و لە کوردستاندا کاری پێ دەکرێت، ئەویش ئەو یاسایە هەموو ڕێگەیەکی بۆ دانراوە، چ بە وەسیقەی ڕەسمی بێت و بە بەیان بێت و بە موزەکەرە بێت، بە قەراری مەحکەمەکەی بێت یاخود بە شاهێد حازر کردن بێت یاخود بەو کەسانە بێت کە لەگەڵیان شاهێدی بۆ بدەن، ئەو لیژنەیە بڕیار دەدات کە ئەمەش مەشمولە بە هەمان حەق و ئیمتیازات کە لەم یاسایە هاتووە، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ئەمە ڕەئی خۆمانە لەگەڵ لیژنەی دارایی، دواتر ئەمە تەرك دەکرێت بۆ ئەندامە بەڕێزەکان جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، چونکە چەند ئەندامێکی پەرلەمان داوای ئەوەیان کرد کەوا کەلیمەی ئەوانەی ڕزگار بوون لە ئەنفال بێتە ناو یاساکەوە و ئەوەی تر دوایی جەنابتان بڕیاری لەسەر ئەدەن و ئەندامە بەڕێزەکان بڕیاری لەسەر دەدەن، بە نیسبەتی مودەوە، ئەوەی کە دەڵێ مودەی تەوقیفی یان مودەی حجزی یاخود مودەی ئیعتقالەکانی بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەمە یاسایەکە کە مەوادی ئەساسی لە یاساکاندا موتەبەع وەکو لە یاساکانی دیکەش دەرمان کردووە، مەوادە ئەساسیەکان و ڕێکارە ئەساسیەکانی بۆ دادەندرێت و دواتر ئێمە لە ماددەکانی ئەخیردا داوامان کردووە کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و جیهەتە پەیوەندارەکان تەعلیمات و ئەنزیمەی بۆ دەربکەن، حەتمەن تەعلیمات و ئەنزیمەی بۆ دەردەکرێت و حەق و عەدالەت و حەقیش وایە، ئەو کەسەی کە ڕۆژێك تەوقیف دەکرێت یاخود دوو ڕۆژ حجز کراوە فەرقی هەیە لەگەڵ کابرایەك دا کە بیست دانە ساڵ لە ئەبوغرێب کەسوکاری مەسرەفی کێشاوە و موعاناتی کێشاوە و ئازاری کێشاوە، لە سجن ماوەتەوە، 20 دانە ساڵ، بە تەئکید ئەوە بە جەدوەل دەبێت بۆی دابندرێت، بە تەعلیمات و نیزامەکان کە بۆی دەردەچێت، ئەم حقوق و ئیمتیازاتانەش بە گوێرەی ئەو تەعلیمات وئەنزیمەیە بەری دەکەوێت، ئەوە ڕاستە ئەوەش بابی عەدالەت نیە، ئەو لیژنانەش کە لێرە باسی لەسەر کراوە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، برادەران باسیان لەسەری کردووە کەوا تەعریفی لیژنەکە بێتە ئێرە، ئەو لیژنەیە کە ئێمە دەڵێین (المنصوص) دوایی چاکی دەکەینەوە، ئەم لیژنەیە خۆی بە واقعی حال بە حساب دروست کراوە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران، لە حاکمێکی دەرەجە یەکە، ڕەئیسی ریئاسەی ئیستناف دەکات و لەگەڵ ئەو نوێنەرایەتیانەی کە لە ماددەی 4 ئێمە باسمان کرد، نوێنەری کۆمکاری زیندانیە سیاسیەکانی تیایە، وەزارەتی شەهید و ئەنفالی تیایە، نوێنەری ئەنجومەنی وەزیرانی تیایە، بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، دواتر بڕیاری ئەو لیژنەیەش لە ماددەکانی تر باسی لەسەر دەکەین خازعە بۆ ئەنواع تروقی تەعنی یاسایی، لەبەرئەوە ئەمەی ئێمە کە ئێستا مولاحەزەمان کرد، بە نیسبەتی ئەنفال و بە نیسبەتی ئەوانەی کە گەڕاونەتەوە لە ئەنفال، بە نیسبەتی ئەوەی کە ئایا ئەمانە شمولی عەینەن حەق و حقوق دەکەن؟ بەڵێ بە موتڵەقی هاتووە لە ماددەکانی تردا کە دەڵێ ئەوانەی کە حەبسن و سجنن و ئیعتقالن و حجزن ومەوقوفن مەشمولن بە هەموو حەق و حقوقێکی ئێرە، ئەمما هەندێ برادەر باس لەوە دەکەن کە ئایا ئەم یاسایە شمولی ئەو گیراوانەش دەکات کە دوای ئینتفازە و دوای ڕاپەڕین ڕووی داوە؟ ئەم یاسایە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر

مولاحەزە بکەین لەسەرەوە باسی لەسەر کردووە دەڵێ (الانظمة المتعاقبة في العراق) نیزامی موتەعاقب لە عێراق دا نیزامەکان هاتوون یەك بەدوای یەك دا و کۆتاییان هاتووە، ئاخر کۆتایی بە نیزامی عێراقی داپڵۆسێنەر کە دژی گەلی کوردو حەرەکەی تەحەروری کاری کردووە، نیزامی سەدام حسین بووە لە 2003 کۆتایی بە نیزامەکەی هاتووە، بە واتا هەر کوردێك، هەر کەسێك لە کوردستان ئەگەر چوو بێتە دەرەوەی کوردستانیش ڕاستە خەڵك دەچووەتە دەرەوەی کوردستان ودەگیرا، گیرا بێت هەتا ڕووخانی ئەو ڕژێمە ئەم یاسایەی بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت و سوودمەند دەبێت لەم یاسایە، بەنیسبەت ئەوەی کەوا ئەم دوو فەقەرەیە دەمج بکرێت، 4 و 5 کە باسی لەسەر نەکراوە، نەخێر جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەوەمان باس کرد، ئەوە حەبس و سجنە ئەوە بە قەراری مەحکەمەیەو ئەمە بیدون قەراری مەحکەمەیە وەکو پێشتر جەنابت مولاحەزەیەکت لەسەری دا کە وتت بە برادەرێك بیخوێنێتەوە، بە وازحیش هاتووە و دەڵێ (أو اوقف دون صدور قرار محكمة) لەبەرئەوە ناکرێت ئەم دووانە، چونکە پێ دەچێت لە دوای تەعلیماتەکان حقوقەکان فەرق بکات بەم شێوەیە،من بە نیسبەت خۆمەوە ئەوەندەم مولاحەزە هەیە، برادەرانی تریش ئەگەر مولاحەزەی تریان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها یەك مولاحەزەم هەیە، حەقە ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتن مەسەلەن کوردێکە لە ئێران بووە یان لە سوریا کە کوردی عێراقە و لە تورکیا خەڵکێك هەیە بە چەند ساڵ لەوێ زیندانی کراوە، حەقە ئێمە لێرە ئاماژەی پێ بدەین بۆ ئەوەی مافیان نەخورێت، ئەوە یەك، دوو/ هەربۆ مێژوو حەقە ئێمە باس لەوانە بکەین کەلە سجن لەدایك بوونە، یەعنی ئەوانەش ناو بێنین وەکو وەسیقەیەك کە خەڵکێك لەو کوردستانە ئەو ستەمەی لێ کراوە کە لە سجن خەڵك هەبووە لەوێ لە دایك بووە، ئەوانیش بەرەئی من مافێکی تەبیعی خۆیانە لەلایەك ولەلایەکی تریش وەکو وەسیقەیەکی تاریخی کە ئەم جۆرە ستەمە لە خەڵکی کوردستان کراوە و من هەر ئەو تێبینیانەم هەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە ئیشارەیان پێی کرد بە مەسەلەی ئەوانەی کە بۆ ئەنفال بردران و هەندێکیان هاتنەوە، ئەمە وەرتان گرت وەکو لیژنە لەگەڵ سیاغەتان دای بنێن یان بیخەینە دەنگدانەوە؟

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با له بیدایەتەوە دەست پێ بکەین ئەو برادەرانەی تەقریبەن زیاد له 12 برادەر باسیان لەوە کرد کەوا عینوانی یاسایەکە بکرێتە یاسای (حقوق وامتیازات السجناء والمعتقلین السیاسین الکوردستانین) ئەوە 12 برادەر باسیان لەوە کرد، جارێکی تر نازانم دەیخەیتە دەنگدانەوە یان نا؟ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی بڕۆینە سەر ماددەکە عینوانەکەی کەئەو بەڕێزانە پێشنیاریان کرد بە چ شێوەیەك بێ و سیاغەکەی بکەین بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قانون حقوق وامتیازات السجناء والمعتقلین السیاسین الکوردستانین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامی کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکە ئەمە یەك جۆر دەخرێتە دەنگدان ئەگەر تەسویت ببێت، عینوانەکە مەبەستمە، عینوانەکە یەك جۆرە ئەگەر تەسبیت بوو تەواو، یەکلایی دەبێتەوە، ئەگەر تەسبیت کرا، بۆیە زۆری پێشنیارەکان ئەوە بوون کە حقوقەکە مەبەستت ئیمتیازات بێت، بشگوترێت، نەگوترێت کوردستانی، بگوترێت لە کوردستان، یەعنی یاسای ئیمتیازاتی سوجەنا و ڕاگیراوان لە هەرێمی کوردستان، باوەڕ دەکەم زۆربەی ڕەئیەکان لەسەر ئەو سیاغەیە بوون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر دەڵێین ئیقلیم (اقلیم کوردستان - العراق) هاتووە، خۆی یاسایەکە بۆ ئیقلیمی کوردستانی عیراقە، نەك بۆ؟ کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر عینوانەکە کۆمەڵێ مولاحەزە هەبوو بڕگە بڕگە، حقوق وئیمتیازات جارێ ئێمە ئەوە یەکلا بکەینەوە، حقوق و ئیمتیازات بێت یان بەس حقوق بێت یان بەس ئیمتیازات بێت، ئینجا دوایی بچینە سەر ئەوەی موعتەقەلینیش ئیزافە بکرێت یان نەکرێت؟ ئەگەر ئێستا لەسەر کۆی هەمووی دەنگماندا دوایی جارێکی دیکە موعتەقەلین ئیزافە بکەین و یان جارێکی دیکە دێینەوە سەر ئەوەی حقوق و ئیمتیازاتەکە یەکلابکەینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی عینوانەکە دەکەین کاك شوان، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە باس لە ئیمتیازات کرا، زۆرینەی زۆر وەکو عەرزم کردی 12 ئەندام زیاتر بوو داوایان کرد کە ببێتە (قانون امتیازات السجناء والمعتقلین السیاسین الکوردستانین).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو موقتەرەحەکە سیاغە بکە، کاک خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موقتەرەحەکە جەنابی سەرۆك (قانون امتیازات السجناء والمعتقلین السیاسین الکوردستانین).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کاك عمر موقتەرەحەکە بخوێنەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قانون امتیازات السجناء والمعتقلین السیاسین الکوردستانین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون 40 بەڕێزی لەگەڵدایە، کێی لەگەڵدا نیە، 36 کەسی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەنیسبەت فەقەرەی یەك و دوو، هیچ مولاحەزەیەك نەبوو، تەنها فەقەرەی سێیەم هەیە، ئێمەش پێمان باشە (اللجنة الخاصة المشکلة) بکرێتە بە (اللجنة المنصوصة علیها في المادة الرابعة من هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

با ئەوەی ئەنفال جارێك یەکلایی بکەینەوە، پاشان ئەوی تر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موقتەرەحێکی واهات کە ئەوانەی پاشماوەی ئەنفالە بەدناوەکەن و ماونەتەوە، ئەوانەش لەم فەقەرەی پێنجەدا ناویان ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی کە لە زیندان لەدایك بوون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوانەشی كە لەزیندان لەدایك بوون، سێ ئەندامی بەڕێز داوایان كرد، كە ئەوانیش بە زیندانی سیاسی دابندرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێوە وەكو لیژنە وەری دەگرن یان بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی ئەگەر یاساكە تەفسیرێكی باش هەڵبگرێت، مادام ئەوە لە سجن لەدایك بووە، ئەوە ئینسانەو حوكمی ئەو زیندانیەی كە لەگەڵی بووە هەیەتی، و ئەویش هەر زیندانی سیاسیە، ناوی هەیە لەزیندانەكە و ئەگەر ناویشی نەبێت بەهەموو ڕێگەیەكی ئیسپات ئەتوانێ لەڕێگەی لیژنەی تایبەت كەبۆی دروستكراوە، ئەوە ئیسپات بكات كە لە زیندان بووەو حوكمی زیندانیە سیاسیەكەی هەیە، ئیتر نازانم ئەوە دەمێنێتەوە بۆ ڕەئی جەنابتان و ئەندامانی بەڕێز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەیخەینە دەنگدانەوە كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە ئەوانەی لە زیندان لە دایك بوون بە زیندانی سیاسی حساب بكرێن بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە، 2 بەڕێزی لەگەڵ نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تكایە ئەوەی ئەنفال ئەمەوێت یەكلایی بكەینەوەو ڕەئیتان با وازح بێت، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا دەنگمان لەسەر ئەوەشدا كە منداڵیشی تێدا ئیزافە بكرێت، واتە ئێمە دەمانویست لەو ماددەیەدا خۆمان لەوە بەدوور بگرین و نەچینە ناو ئەو تەفاصیلەوە، لەماددەی 5 دا دەكرا باسی مەسەلەی ئەنفالمان ئیزافە بكردایە بە بڕگەیەكی سەربەخۆ، بەڵام مادام تازە دەنگمان لەسەر ئەوەدا، بەبۆچوونی من ئەوە وەكو برادەرانیش وتیان، مەسەلەی ئەنفالیش زیاد بكرێت، دوای ئەوەی كە برادەران ئەگەر دەنگیان لەسەردا، بەبڕگەیەك ئیزافە دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یاساكە بە عینوان دەنگی خۆی وەرگرت، بە 40 دەنگ بوو بە (قانون امتیازات السجناء والمعتقلین السیاسیین الكوردستانین) موعتەقەلی سیاسی پێشتر باسمان كرد لە فەقەرەی 5دا، وتمان ئەو كەسانەن كە دوور خراونەتەوە، چوونەتە ئەو شوێنانەو ماونەتەوە لە موعتەقەلاتدا، باسی لەسەر كراوە لەماددەكانی دوایدا،

که دەڵێت موعتەقەل و مەوقوف و مەحجوزیش هەمان ماف و ئیمتیازاتی زیندانی سیاسی ومەحکومی سیاسی هەیە، لەبەر ئەوە من پێم وایە لەلیژنەی یاسایی ڕەئیمان وایە، ( من اعتقل) واتە ئەو کەسانەی کە دوورخراونەتەوە شمولی حەملەی ئەنفال دەکەن، ئەشتوانن بەهەموو ڕێگاکانی ئیسپات لەبەردەم مەحکەمەدا ئەوە ئیسپات بکەن کە ئەوان لەئەنفال بوون ودوایش نەجاتیان بووەو گەڕاونەتەوە، بۆیە شمول دەکرێن بەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز قسەکەت ڕاستە، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر دڵمان ئیتمیئنان بێت دەیخەینە دەنگەوە، بەتەئکید ئەوەی بۆ ئەنفال براوەو موعتەقەل کراوە، بەڵام با ناوی هەبێت، ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ناسك خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ویستم پێش ئەوەی بیخەنە دەنگەوە قسە بکەم، ئەگەر مەوزوعی ئەنفال داخڵی کرا، مادام لەعام دەرچوو، ئەوانەشی کە لە کیمیاباران رزگاریان بوو، چوونە ئیران و عەفواتیان بۆ دەرکراو گەڕانەوە، لەتەوێڵەوە نەیانهێشت کە بچنە سلێمانی بۆیە برانە نوگرە سەلمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە خانم، ئەوە تەواو بوو دەنگی لەسەر درا، قبوڵیش کرا، ئێستا ئەوانەی دوای ڕاپەڕین ماوە، کە چەند بەڕێزێك ئیشارەتیان پێداوە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوانی پاش ڕاپەڕینیش باسمان کرد، لەفەقەرەی چوار زۆر بەوازحی هاتووە، (الانظمة المتعاقبة في العراق)نزامی عێراقی تا ساڵی 2003 ماوە، تا ساڵی 2003 هەرکەسێك، هەر کوردێك گیرابێت لەسەردەستی ئەوحکومەتە مەشمولە بەم یاسایەوە، ئەگەر لەسەر قەزییەی سیاسی گیرابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیار هەبوو چەند بەڕێزێك ئیشارەتیان پێکرد، کە لەدوای سەرهەڵدانیش، دوای ڕاپەڕینیش، دیارە حاڵات بووە، ڕەئیتان بۆ ئەوە چۆنە؟، چونکە دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەوازحی ڕەئی خۆمان دەرکرد، دەڵێین ئەم یاسایە هەرکەسێك حەبس و سجن کرابێت، بە سەبەبی موعارەزە بۆ ئەنزیمەی موتەعاقیب لە عێراق، ئەوە نیزامی عێراقی تا ساڵی 2003 بەردەوام بووە، دوای

ڕاپەڕین لەساڵی 1991 بووە، نزامی عێراقیش تا ساڵی 2003 بەردەوام بووە، دوای ئەوە نیزام لە عێراقدا گۆڕاوە، ئیتر نازانم ئەوە ڕەئی ئێمەیەو ئەوانەش مەشمولن، بەس ئیتر نازانم ئێوە ڕەئیتان چیە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك دکتۆر ئەرسەلان، فەرموو.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکاری پەرلەمانتارەکان لەوەی کە خەڵك گیراوە لە شەڕی ناوخۆ، ئەوە حەقە، چونکە ئەوەی لە فەقەرەی چوار هاتووە، هی ئەنزیمەی موتەعاقیبەیە، شمولی شەڕی ناوخۆ ناکات بەوازحی، دەبێت فەقەرەیەك هەبێت، یان ئیزافەی بکەین، دەیان و سەدان خەڵك لەشەڕی ناوخۆ پارتی گیراوە، یەکێتی گیراوە، ئیسلامی گیراوە، خەڵکی تر گیراوە دەبێت ئەوانەش بەڕاستی شمولی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵیدا بووم کە ئەنفال ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزت لەکاتی دەنگدان دەستت بەرزکردەوە، کەچی ئێستاش ئەڵێیت من لەگەڵیدام، بۆیە دەبێت ئەوە باش بزانن، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، دکتۆر ئەرسەلان باش ڕوونی کردەوە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە هەر کەسێك بەهۆی سیاسی تووشی ئەشکەنجەو ئازار و سجن بووە ئەوە شمول بکات، بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئێستا بۆ ئەوانی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو موقتەرەحانەی کە هەبوون هەمووی خرایە دەنگەوە، تەنها موقتەرەحێك هەبوو ماوە، کە ئەویش ئەوەیە تەعریفی لیژنەکە بکرێت، ئەو لیژنەیە خۆمان لیژنەی دارایی و یاسایی پێمان باشە کە بکرێت بە ((اللجنة المنصوصة عليها في المادة الرابعة من هذا القانون). ئەو لیژنەیەش ئێستا خۆی لەواقیعدا دروست بووە، حازرە و ئیشی خۆی دەکات، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دروست بووە، بە بڕیارێکی تایبەتی، وە پێویست بەو پێناسەیەش ناکات، چونکە ئەم یاسایە یاسایەکە سیفەی غالیب لێرەدا سجن وموعتەقەلی سیاسیە، نەك ئەو لیژنەی کە پێکهاتووە کە پێناسە بکرێت، لەبەر ئەوە ئێمە ئیکتیفا بەوە دەکەین، کە بکرێت بە (اللجنة المنصوصة عليها في المادة الرابعة من هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك حمە سعيد، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعيد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو دەقەی كە كاك ئەرسەلان شەرحی كرد، ئەوە دانەڕێژراوە، بۆیە دەبێت دەقەكە دابڕێـژرێت، بۆ ئـەوەی دەنگی بۆ بدەین، ئەوە یەك، دووەمیش: چەند ئەندامێك باسی ئەوەیان كرد، كـە فەرمانگـە یـان دامـەزراوە ئەوە جیایە لەیەك، سێ كەسیش تەسنیەی كردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دانیشتنەكە بۆ سەعات 5ی پاش نیـوەڕۆ دوا دەخـەین، چـونكە پێویسـتیان بـە داڕشـتنەوەو صیاغە هەیە، بۆیە سەعات 5 لێرە ئامادە بن، بەخواتان دەسپێرم...

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، بەردەوام دەبین لەسـەر دانیشـتنەكەمان، داوا لـە لیژنـەی یاسایی و لیژنـەی دارایـی دەكەین فەرموون بۆ سەر مەنەصە، فەرموو لیژنەی یاسایی بەردەوامبە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسـەر ڕۆشـنایی گفتوگـۆو دیـد و بۆچـوونی ئەندامـە بـەڕێزەكان، هـەردوو لیژنــەی دارایـی و یاسـایی كۆبوونەوەی خۆمان سازداو، گەیشتینە قەناعەتێك كە ئەو موفتەرەحاتانەمان هەندێكیان ئەوەی كە لەگەڵ یاسـایەكە گونجـاوەو دەگـونجێ، هـەدەفی یاسـاكە ئـەپێكێ، بەنــەزەری ئیعتیبـار وەرگـیراوە، سـیاغەمان بـۆ كردۆتەوەو سیاغەكانیشمان حازرە، بەنیسبەت موفتەرەحێك كە تەقدیم كـراوە بـەوەی زینـدانیانی سیاسـی شەڕی ناوخۆ بخرێتە ناو زمنی ئەم یاسایەوە، بـەڕێز جـەنابی سـەرۆكی پەرلـەمان، ئەگـەر ئێمـە سـەیرێكی هـەدەفی ئـەم یاسایە بكـەین، وەنیـەتی موشـەریع بخوێنینـەوە كـە ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا، بـیرو بـاوەڕێكی تەشریعی و فەلسەفەی تەشریعە، كە هەموو تەشریعێك، هەموو یاسایەك، موشەریع نیەتی تیایـە، هـەدەفی خۆی هەیە، فەلسەفەیەكی تیایە، هەدەف وەنیـەتی موشـەریع لـەم یاسـایە، ئـەو گرتووانـەو ئـەو زیندانیانـە ئەگرێتەوە، كە لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كوردستان تێكۆشاون و دژایەتی ڕژێمـە یـەك لـە دوای یەكەكانی عێراقیان كردووە، بۆیە كە ئێمە ئەو موفتەرەحەی كە ئێمە لەسەر شەڕی نـاوخۆ پێشكەش كـرا، پێمان وایە مەفهومـە، وە موفتـەرەحێكی زۆر باشـە، وە فكرەیەكـە ئـەگات لـە كـاتی خۆیـدا، وە گەیشتووشـە ئێستا، بەڵام ئەبێ ئێمە دوو شت مولاحەزە بكەین، ئەو زیندانە سیاسـیانە كـە وەختـی خـۆی لەسـەر دەمـی ڕژێمە داپڵۆسێنەرەكانی ئەوسای عێراق، تووشی ئازارو ئەشكەنجە بوون، ئەم یاسایە هەنـدێك لـە موعانـاتی

ئەوانە کەم دەکاتەوە، ئاشکراشە لە دوای راپەڕینەوە، گەلی کوردو کوردستان، بە چەند مەرحەلەیەکی ئینتیقالی ڕۆیشتووەو، پێمان وایە ئەو فکرەیە وەکو هەردوو لیژنە موتەفقین لەسەری، فکرەکە گەیشتۆتە لای ئێمە، فکرەکە فکرەیەکی یاساییە، بەلاَم وەکو ماددەیەکی یاسایی، وەکو بڕگەیەکی یاسایی، لەناو ئەم یاسایە جێگەی نابێتەوە، چونکە ئەم یاسایە بە عنوانەکەی، عنوانی سوجەناو موعتەقلینی سیاسینی کوردستانین، بە هەدەف و ماددەکانی، ئەو کەسانە شمول دەکات کە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان تێکۆشاون، بە رامبەر بە ڕژێمە داپلۆسێنەرەکانی عیراق، زۆر بە وازحی هاتووە، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەو موفتەرەحە، بە پرۆژەیەکی تایبەت ئەکرێت پێشکەش بکرێت، ئەوکات ئەخرێتە بەرباس و، ئیتر ئەوەش بۆ ئێوەی بەرێز دەگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامیە فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەوە موقتەرەح بوو، ڕاستە، بەلاَم خرایە دەنگدانەوەو دەنگی لێ دراوە، یەعنی ئێمە دەبێ زۆر لە باس کردنی ئەو دەقانە یان ئەو پێشنیارانە ڕاست گۆو شەفاف بین، ئێمە ئەمەمان خستە دەنگدان، هەتا ئەگەر ئیشکالاتیشی تیا بێ، چارەسەریشی بکەین، بەلاَم ئەوە دەنگی لەسەر دراوە، دەتوانین لە ماددەیەك ئەو فەلسەفەو نیەتی موشەریع کە ئەو برادەرانەی خۆمان ڕوون بکەینەوە لەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك کاردۆ دەکەم، ئەو خاڵە موقتەرەح نیە کە کاك عمر بە موقتەرح ناوی ئەبات، ئەوخاڵە خرایە دەنگدانەوە، وە بە کۆی دەنگی پەرلەمانتارانیش بوو، ئەم یاسایە باسی زیندانیە سیاسیەکانی کوردستانە، ئێمە بۆچی ئەم تەخسیس و تایبەتمەندیە بکەین، ئێمە بۆ شەهیدانی شەڕی ناوخۆ بۆچی شتی جیامان نەکرد، هەموو شەهیدانی کوردستانی گرتەوە، لەبەر ئەوە من پێم باشە لەمە تەراجوع نەکەینەوە، ئەمە بەڕاستی شەرمێکی ناوێ، مەوزوعێکە بە جیا باسی لێ بکەین لە خاڵێك، مەجبور نین عەتفی بکەینە سەر ئەنزیمەی تەبعی و ئەوانە، لە خاڵێکی تایبەت ئەڵێین لە دوای ڕاپەڕینیشەوە هەر زیندانیەکی سیاسی مەحکەمە تەبریئەی کردبێت، هەقی ئەوەیە ئیمتیازات وەربگرێت ولەو مافانەی لێرە باس کراون بەهرەمەند ببێت، چ پێویست دەکات تەراجوع بکەین، بیخەینە خاڵێکی ترەوە، یان یاسایەکی ترەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل عثمان کەرەمکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمنیش پشتوانی لە قسەکانی کاک عمر و کاک کاردۆ دەکەم، کە بڕیارێك دەرچوو، هەموو جارێ نوقتەی نیزام دەمانەوێ وەربگرین جەنابت دەڵێی خرایە دەنگدان، کاتی دەنگدان نابێ، ئێستاش نابێ پێچەوانەی پەیڕەو بێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوزان شهاب فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەس نکۆڵی لەو ناکات کە شەڕێکی ناوخۆ لەم وڵاتەیا بووە، چ بەوانەی کە شەهید کراون لەم شەڕە، چ بەوانەی کە زیندانی کراون، مافی خۆیانە کەوا قەرەبوو بکرێنەوە، وابزانم هیچ کەسێك لەناو ئەم قاعەیە لاری لێ نیە، ئەوەی کە لێرە دەنگی بۆ درا، تەواو تەواو پێچەوانە بوو، لەگەڵ ئەم مەفهومەی کە ئەو یاسایە هەیەتی، ئەم یاسایە بۆ زیندانیانی شەڕی ناوخۆ نیە، ئەمە بۆ ئەوانەیە کە لە سجنەکانی بەعس زیندانی کراون، خاڵی دووەمیشم ئەوەیە، جووتێ حیزب شەڕیان بووە، پارەیان گشتی ئێستا، کە ئەڵێین بودجەی گشتیە، دێنین تەعویزی ئەو خەڵکانەی پێ بکەینەوە، کە ئەو دوو حیزبە بەرامبەر بەر یەکتری کردوویانە، لە پارەی گشتی ئێمە ئەو تەعویزە بدەینەوە، من ڕای شەخسی خۆم وایە، ئەو دوو حیزبە دەبێ ئەو تەعویزە بکەنەوە، ئەمە خاڵێکمە، دوای ئەوە ئەوانەی کە گیراون، هیچیان بە پێی یاسا نەگیراون، هیچیان لە چوارچێوەی یاسا نەگیراون، تەنانەت وەرەقەیەکیان نیە کە ئیسباتی ئەوەی بکەن کە ئەوانە حوکم کراون، خراونەتەوە ژوورەوە و حیجز کراون و دوایی کە شەڕەکە تەواو بوو پێیان وتووە خواحافیز، هەر کەسیان ناردووتەوە بۆ ماڵی خۆی، خەڵکیشی تێدایە کەم ئەندامیش بووە، یەعنی من دیفاع لەوانیش ئەکەم، خەڵکی تێدا بووە کەمئەندام بووە لەناو ئەو سجنانە، بەڵام هیچیان بە دەقی یاسایی نەگیراون، خستیانە ئەم بابەتەوە، هەم غەدرێکە لەوان و، هەم غەدرێکە لە زیندانیانی سیاسی کە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا تووشی ئەو ئەشکەنجە و زیندانە بوون، بۆیە من ئیقتیراح دەکەم، ئێمە یاسایەکمان دەرکرد بەناوی یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوانی بێ پاساوی یاسایی، ئەوانە بێنین، لە دوای عوتلەکەوە، تەعدیلێك پێشکەش بکەین، ئەوان بخەینە ناو ئەو یاسایەوە، بۆ ئەوەی قەرەبوو بکرێنەوە، بە هیچ جۆرێك لەناو ئەم یاسایە نەبێت، چونکە ئەم یاسایە، یاسایەکی تایبەتە بۆ ئەو خەڵکانەی کە حوکمدراون لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە و خراونەتە زیندانەوە، نەفی کراون بۆ نوگرە سەلمان و بۆ جنوب،

چۆن دەبێ تۆ ئەم دووانە پێکەوە تێکەڵ بکەی، دوایی ئەم یاسایە ماهیەتەکەی خۆی لە کیس دەدات، لەبەر ئەوە، تکام وایە، ئەم قسانەی من بە پێچەوانەوە لێك نەدرێتەوە، کە من لە پاڵ ئەوەدا نیم کە ئەو مەسەلەیە حەل بکرێ، بە عەکسەوە، زۆر لەگەڵ ئەوەدام کە مەسەلەی زیندانیانی شەری ناوەخۆش قەرەبوو بکرێنەوە، بەڵام لەم یاسایە جێگای نابێتەوە، ئەمە لەناو یاساکەی راگیراوانی بێ پاساوی یاسایی، چونکە بە بێ پاساوی یاسایی ئەمانە گیراون هەر هەموویان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەم مەوزوعە دوو دیوی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە وەختێك قسە لەسەر ئەوە ئەکەین کە زیندانیانی سیاسی شەڕی ناوەخۆی تێدا بێ یان تێدا نەبێ؟، ئەم مەلەفە مەلەفێکی زۆر گەورەیە، یەعنی ئەکرێت لەمەشدا جێگای ببێتەوە، چونکە کۆمەڵێك هەن کە زیندانی بوون، دواتر بەربوون لە ساڵی 20002دا بەربوون لە سجنە جیاجیاکانی هەردوولا، با بڵێین یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا، ئەمانە بەڕای من حەقی خۆیانە کە لەناو ئەم قانونەدا جێگایان بکرێتەوە، چونکە ئەوانە کە زیندانی بوون و ماونەتەوە و چەندین ساڵ، هەیانە 10 ساڵ لەم زیندانیەدا بووە، لەبەر فیکری سیاسی گیراوە و لەوێ بووە، بەڵام بۆ خۆی بە دیوەکی دیکەدا، ئەوانەی شەڕی ناوەخۆ کە ئێمە سێ پەرلەمانتار لە ساڵی پارەوە داوای تەشکیل کردنی لێژنەی لێ توێژینەوەمان کردووە کە هەیانە دوای ئەوەی بەدیل گیراوە، دیار نەماوە، کە بە قەرارێکی مەکتەب سیاسی هەردوو حیزب ئەڵێ نەماون، ئەمە بۆ خۆی بەڕاستی یەکێکە لە عەیبە سیاسی و یاساییەکان بۆ پەرلەمان کە قسەی لەسەر نەکرێ، بە دیوێکی تردا کە من ئەمەوێ قسە لەسەر ئەم قانونە بکەم، ئەوەیە کە مادام تەعریفی راگیراوی سیاسی، زیندانی سیاسی بەوە کراوە کە لە سەر فیکری سیاسی ئەگیرێ، ڕاستە هەتاوەکو 91 ئەوانە بوون کە بە دەست رژێمە لە دوا یەکەکانی عیراقەوە زیندانی سیاسی بوون، بەڵام لە ئێستاوە و بە تایبەتی بە بوونی ئۆپۆزیسۆن و چەندین بیر و ڕای جیاواز، ئەگەری ئەوە هەیە، ئێستا و لە داهاتووشدا زیندانی سیاسی هەبێ، لەبەر ئەوە ئەبێت لەم قانونەدا جێگای هەموو ئەوانە بکرێتەوە کە لە ئێستاشدا لەسەر بیر و ڕای سیاسی...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێ مەبدەئیەن ئەمە دەنگی لەسەر دراوە، پێچەوانەی پەیڕەو وپرۆگرامە كە تەراجوعی لێ بكەین، پێم وایە ئەبێتە خاڵێكی نا قانونی لەسەرمان، ئەوە یەك، دوو زۆر ئاساییە، حكومەتی وا هەیە لە ناوچەكە كە زیندانێكی سیاسی وا دائەنێ كە خۆی گرتوویەتی، یەعنی تەبیعیە كە خۆی زیندانێكی سیاسی لەسەر هەر بیر و ڕایەكی جیاواز گیراوە، تەعویزی دەكاتەوە، خاڵێكی تر لە وڵاتانی دونیا، كاتێ مەسەلەن لە بەریتانیا و حەماس و فەلەستین، هەر لە كوێ كە زیندانی سیاسیان ئەبێ، یان شەهیدیان ئەبێ تەعویز دەبێ، خاڵێكی تر، من پێم وایە ئەمە باسی زیندانیانی شەڕی ناوەخۆی بەینی پارتی و یەكێتی، ئەمە جوزئێكە، خۆی لایەنە سیاسیەكانی تر، خەڵكانێكی تر كە سیاسیش نین، زیندانی بووە بە هەر هۆیەك كە بە بێ ئەوەی كە عقوبات و جەرائیم و ئەوانە بێت، كە لەسەر ئینتیمای سیاسی و ڕای جیاواز گیراوە، ئیتر پارتی بێ یان یەكێتی بێ، جا خۆ ئێمە شەهیدی ناوەخۆ هی هەموو لایەنەكانی تر، ئاساییە لەسەر حكومەت تەعویز بكرێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ تەوزیح لەسەر قسەكەی پەیمان خان و هەندێ لە برادەران، تەعریفی سەجینی سیاسی كراوە، ڕاستە، تەعریفی حەبسی سیاسیش كراوە، بەڵام لە كوێ؟ لەو كاتەی كە موعارەزەی ئەنزیمەی موتەعاقیب بوو لە عێراقدا، بۆچی ئینتیمائی وەتەنیانن یان سیاسیان، یان یارمەتیدەرانی موعارەزە، یان یارمەتیدەرانی پێشمەرگە بوون دژی ئەو نیزامە، ئەمما ئەگەر ئێستا ترسی ئەوەیان هەبێ كە جەریمەی سیاسی رووبدات، ئەو جەریمە سیاسیانەی كە وەختی خۆی روویئەدا لە عێراقدا بە گوێرەی قانونی عقوباتی عیراقی ماددەكانی 156 و 157: الجرائم الماسه بأمن الدوله الداخلی و الخارجی بوو بە جەریمە، بەڵام ئێستا لە كوردستاندا شتێك نیە پێی بوترێت جەریمەی سیاسی و هیچ ماددەیەك نییە لەسەر سیاسیەت خەڵكی پێ بگیردرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە منیش پشتگیری ئەو هاوڕێیانەم دەكەم كە ئەم بڕگەیە دەنگی لەسەر دراوە، ئەو تەعریفەش كە بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان باسی كرد، یەعنی پێویستە وەك بڕگەیەك لێرە دەستنیشان بكرێ، چونكە دەنگی لەسەر دراوە، ئێمە كاتی خۆی لە یاسای ماف و ئیمتیازی شەهید و كەمئەندامان، بڕگەیەكمان زیاد

کـردووه، کـه شـەهیدی شـەڕی نـاوەخۆ و ئـەوانی دیکـەش بگرێتـەوە، کەواتـە بـە هـەمان هۆکـار کـە ئێمـە توانیومانـە لەوێ بـڕگەیەك زیاد بکەین، ئەتوانین لێرەش ئەوە بڕگەیەك زیاد بکەین، هیچ مانعێکی یاسـایی نیە کە نەتوانین تەعریفێك بۆ ئەوانیش دەستنیشان بکەین و مـن پشـتیوانی قسەکانی کـاك حمـە سـەعید دەکـەم، ئـەم زیندانیانـە تـەنها هـی شـەڕی نـاوەخۆ نیـە، هـی زۆر لایـەنی سیاسـی دیکەیـە بێجگـە لـە ئیسلامیەکانیش، ئەمانـە حکومـەتیش گرتـوونی، لەسـەر پـارتی و یـەکێتی نیـە تـەعویزیان بکاتـەوە، ئـەبێ حکومەت تەعویزیان بکاتەوە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەم مەسەلەیە و وروژاندنی بەم شێوە وەکو ئەڵێن هەویرەکە ئـاو زۆر ئەکێشـی، چـونکە لـە روو مەبدەئیەوە من هاودەنگم لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە برای بەڕێز کاك د.ئەرسەلان ئاماژەی پێکرد، بەڵام کە دێیتە سەر تەفاصیلْ و لە رووی فەلسـەفەی یاساییەوە کـە بـەڕێز لێژنـەی یاسایی روونـی دەکاتـەوە، ئێمـە تووشی دووڕیانێك دەبین لە راستیدا، ئەوەی پەیوەنـدی بـە شـەڕی نـاوەخۆ و زینـدانیانی شـەڕی نـاوەخۆ و کەیسی شەڕی ناوەخۆ هەیە، مەسەلەکە زۆر لەوە گەورەترە، چونکە ئێمە لە پەرلەمانی کوردسـتان، یـەعنی باسی تەئریخ ناکەین، باسی دوێـنێ دەکـەین، دوێـنی لێژنـەی نـاوەخۆ و لێژنـەی مـافی مـرۆڤ پێشـوازییان لـە کۆمەڵێك خەڵك کردووە کە کەس و کاری بێ سەرو شوێنەکانی شەڕی ناوخۆن، تۆ دێـی مەسـەلەی زینـدانی شەڕی ناوخۆ لەو یاسایە چارەسەر دەکەی، مەسەلەی بێ سەر و شوێنەکان لە کوێ چارەسـەر دەکـەی؟ بۆیـە هەروەها لە شەڕی نـاوخۆدا چـەندین موڵـك و مـاڵی خـەڵکی گشـتی و تایبـەتی بـە فـیڕۆ دراوە و بـە هـەدەر دراوە، ئەوە چۆن موعالەجە دەکەی؟ لە ڕاستی دا ئەم پرسە پرسێکی زۆر زۆر هەستیارە، ئەگەر ئێستاکە بۆ نموونە بە کراوەیـی قسـە لەسـەر ئـەو مەسـەلەیە بکـەین، هێـزی سیاسـی هـەبووە دژی حکومـەتی هـەرێمی کوردستان لە شەڕدا بـووە، لـە تـەئریخی (91) بـۆ ئێسـتا، ئێسـتا کـە بچینـە نـاو تەفاصـیل و نـاو هێنانـەوە تووشی گرفتی هەرە گـەورە دەبـین و ئـەم هێـزە سیاسـیانەی کـە ئێسـتاکە پرۆسـەی سیاسـی پێـك دەهێـنین هـەموو خـاوەنی سـەنگی خۆیـەتی، هـەموو خـاوەنی مۆڵـەتی خۆیـەتی، هەمووشـی بەشـی هـەرە زۆری نوێنەرایەتی هەیە لە پەرلەمانی کوردستان، بۆیە من تەصەورم وایە ئەم مەسەلە مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزە، لـە ڕاستیشـدا مەسـەلەی شـەڕی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی خـەڵکی کوردسـتان و بـەعس، قوربانیـەکان، مەسەلەی ئەنفال، مەسەلەی زیندانی سیاسی، ئـەوە نـاکرێ تێکـەڵ بـەم گرفتـە بکـرێ، دەکـرێ لـە نـاو ئـەم یاسایە بـە بڕگەیـەك ئامـاژە بـە گرنگـی چارەسـەرکردنی کێشـەی ئاسـەوارەکانی شـەڕی نـاوخۆ بـە زینـدانی سیاسی، بە بێ سەر و شـوێنەکان، بـە موڵـك و مـاڵی تایبـەتی و گشـتی بکـرێ، پەرلـەمانی کوردسـتان لەبـەر

ئەوەی مەرجەعی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستانە، دەبێ خۆی بە بەرپرس بزانێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە، لێرە و لەوێ لە هەندێ مەسەلەدا کە لەوانەیە شوێنی نەبێ، مەسەلەکەش زەروورە چارەسەر بکرێ، دێتە ناو هۆڵی پەرلەمان و قسەی لەسەر دەکرێ، لە ڕووی مەبدەئیشەوە دەبێ ئێمە چارەسەرمان بوێ، یەعنی هەندێك هەڵە هەبووە لە ڕابردوودا کراوە، ئێمە نابێ لێی بترسین، دەبێ دانی پێدا بنێین، چارەسەریشی بۆ بدۆزینەوە، ئەوەش ناکاتە ئەوەی ئێمە پێناسەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین بە هاوشێوەی حکومەتە ئیستیبدادیەکان، بەڵام لە ناو ئەو یاسایە ئێمە ئێستا هەست بە گرفتێك دەکەین، گرفتەکە لێژنەی یاسایی، بەڕێزان کە شارەزایی یاساییان هەیە، چۆن مەخرەجێکی بۆ دەدۆزنەوە، ئەوە ئەصڵی مەسەلەکەیە، بۆیە من تەصەورم وایە ئەگەر لە ناو ئەو ماددەیەش نەبێ، بە تەوصیەیەك بێ، لە بڕگەیەکی تردا بێ، ئاماژە بکرێ کە پەرلەمانی کوردستان لە ئایندەی نزیك دا یاسایەکی تایبەت بۆ ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ دابنێ، ئەگەر لێژنەی پەرلەمانی یە، لێژنەی فراکسیۆنەکانە، حکومەت و پەرلەمان و هێزە سیاسیەکانە، لێژنەیەکی تایبەتی بۆ دابنرێ و چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز فازل بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بڕوای من ئەم مەسەلەیە چەند لایەنێکی هەیە، بۆیە من لێرە داوا دەکەم و ڕجاش دەکەم، کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان تێکەڵ بە جەرائیمی دوژمنەکانی کورد نەکرێ، چونکە بە هەقیقەت ئەم پڕۆژەیە کە دەرچووە باس لە زیندانیانی سیاسی حکومەتی داگیرکەری هەرێمی کوردستان دەکات، نەك کێشە ناوخۆییەکانی خۆمان، بەڕاستی من ئەوە زۆر بەلامەوە موسیبەتە، ڕاستە من بۆخۆم برا و کەس و کاری ترم لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بووە، بەڵام بە هەقیقەت من بە زوڵمی دەزانم هەم لە شەهیدەکان هەم لەو هەموو کارەساتانەی کەوا بەسەر گەلی کورددا هاتووە، ئەوە قەزییەیەکی جیاوازە، قەزییەی، کێشەی ناوخۆییمان تێکەڵ بە جەرائیمی دوژمنەکانی خۆمان بکەین، بۆیە منیش لەگەڵ ئەوەدام هەموو ئەو وتە و تەزحیانەی کە لە ناوخۆ دراوە، بە شەهیدەکان، بە تەزحیاتی ماڵ، بە زیندانی شەڕی ناوخۆ، ئەوە بە پڕۆژەیەکی تایبەت دابنرێ، لەبەر ئەوەی تەنها مەسئەلەکە زیندانی سیاسی نیە، ئێمە خەساراتی مالیمان هەیە، ئێمە شەهیدی شەڕی ناوخۆمان هەیە، هیچ کەسێکیش پێموایە بە تایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان حاشایان لە ڕابردوو و مێژووی خۆیان و بە تایبەتی شەڕی ناوخۆش نەکردووە، لەبەر ئەوەی ئەوە قەزییەیەکی جیاوازە، با تێکەڵ بە مەلەفی شەڕی ناوخۆ و شەڕە ناوخۆییەکانی خۆمان نەکرێ، چونکە بەڕاستی من بە زوڵمی دەزانم ئێمە خۆمان بشوبهێنین بە جەریمەی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق، بە تایبەتی بەعسی لە ناوچوو، زۆر سەپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عدنان عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا مەسەلەكە هەم ئاڵۆزە هەم سادەیە، ئاڵۆزە كاتێك دەمانەوێ خوێندنەوەیەكی سیاسی بۆ ئەم مەوزووعە بكەین، باس لە ڕابردوو و باس لە شەڕی ناوخۆ و تەداعیاتەكانیان بكەین، كە پێموایە ئەوە فیرائەیەكی زۆر خراپە، سادەشە كاتێك ئێمە تەنها دیوە ئینسانیەكەی سەیر دەكەین، وەكو كەسێكی مەزلووم لە ناو هەرێمەكەمان دا، كاتێك كە دەمانەوێ ئاسەواری ڕابردووی هەموو ئەو مەسائیلانە بسڕینەوە، كاتێك دەمانەوێ سەیری ئایندە بكەین، كاتێك دەماونەوێ قەرەبووی موعاناتی ئەو كەسانە بكەین كە لەبەر قەناعاتەكانیان، ئەو قەناعەتە لای خۆی پیرۆز بووە، بڕوای پێ بووە، لە هەر جەبهەیەك بووە، ئێمە دەمانەوێ قەرەبووی بۆ بكەینەوە، چۆن پێشتریش خەڵكێك هەبووە لە پێناوی قەزییەكەیدا بەرامبەر بە بەعس وەستاوە، بڕوای بە شتێك هەبووە، ئەوە تێكەڵ كردنی خەبات دژ بە بەعس و شەڕی ناوخۆ نیە لە ڕاستی دا، ئەوە تێكەڵ كردنی مەرحەلەیەكی ڕابردوو، لەگەڵ مەرحەلەیەكی ئێستاكەو ئەوانە نیە، ئەوە كردنەوەی برینەكانی شەڕی ناوخۆ نیە، شەڕی ناوخۆ و تەداعیەكانی بەشێكە لە ڕابردووی هەموومان، بەشێكە لە ڕابردووی میللەتەكەمان، كەم كەسایەتی سیاسی كورد هەیە لە (30) ساڵی ڕابردوودا تێوەنەگلابێ بە شەڕی ناوخۆ، لەوانەیە قەت ویستیشی نەبێ و حەزیشی لێ نەبووبێت، ئەوەی ئێستاش لە ئۆپۆزسیۆنە و ئێستاش لە دەسەڵاتە ئێمە هەموومان بەشێك بووینە لە شەڕی ناوخۆ، بۆیە ئەوە مەوزووعێكە پەیوەستە بە ڕابردووەوە، پەیوەستە بە مێژووەوە، ئێمە قسە لەسەر كەسەكان دەكەین، ئینسانەكان دەكەین، لەسەر مەزلوومیەتیان دەكەین، قسە لەسەر ماڵ و منداڵیان دەكەین، قسە لەسەر ئەو فەترەیە دەكەین كە لەوانەیە لە خوێندن دابڕابێ، لە ئیش و كاری دابڕابێ، لە كەسابەتی دابڕابێ، چۆن بتوانی قەرەبووی ئەم حاڵەتە بكەیتەوە؟ بۆیە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە كە باس لەوە دەكەین ئەوانەی، ئەو خەبات گێڕانەی پێش (91) لە سەنگەری دژ بە بەعس دا كوژراون، ئەوانە شەهیدن؟ ئەوانەی لە دوای (91)یشدا، لە كێشە ناوخۆكان دا كوژراون بەرامبەر بە یەك، هەر شەهیدن؟ بۆچی ئەوانەی كە بەامبەر بە بەعس زیندانی كرابێت بە زیندانی سیاسیان سەیر بكەین، بەڵام ئەوانەی لە دوای (1991) بەهۆی شەڕەكانی ناوخۆوە زیندانی كرابێت، یان تووشی كێشە هاتبێت بە زیندانی سیاسی سەیر نەكەین، یەعنی نەفسی حاڵەتە، نەفسی مەوزوعە، ئەمە عیلاقەی بە ڕابردوو و بە خەبات و ئەوانەوە نیە، حاڵەتێكی شاز هەبووە و واقعێك هەبووە لە كوردستان دا خۆی فەرز كردووە، ئێمە ئێستا قسە لەسەر تەداروك كردنی واقعەكە دەكەین، قسە لەسەر جانبە ئینسانیەكانی دەكەین، بۆیە بەڕاستی حەق نیە ئێمە بیر لە خوێندنەوە سیاسیەكەی بكەین، بیر لە تەداعیاتی مەسەلە سیاسیەكەی بكەین، تەنها بیر لەو دیوە ئینسانیەی بكەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو بڕگەیە بەهۆی ئەوەی کە یەکێك لە موقتەرەحەکان بوو و ئەندامانی پەرلەمان قسەمان لەسەری هەبوو ئەو بابەتانە کرد کە لە ماددەی یەکەم دا هاتبوون، ئەمەش یەکێك لەو موقتەرەحانە بوو کە دواتر بە دەنگدان یەکلاکرایەوە، من پێموایە ئەمە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە ئەگەر تەراجوع لەم دەنگدانە بکەین، دیارە دانان بە هەر هەڵەیەك یان ناحەقیەك کەلە حوکمڕانی خۆمان دابووبێ بەرامبەر بە هاووڵاتیانمان کرابێ بەڕاستی مایەی سەربەرزی و دڵسۆزیە و مایەی ڕاستگۆییە بۆ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، نەك بە پێچەوانەوە خوێندنەوەی تری بۆ بکەین، تەراجوع کردنیش پێموایە لەو دەنگدانە لە ئێستادا دەبێتە بێ حورمەتی یان بێ ئیعتباری بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەم بەڕێزانەی کە ئێمە قسەیان لەبارەیەوە دەکەین و یان یاسای تایبەتە بە گەڕاندنەوەی هەندێ لە ماف و ئیمتیازات و هەندێ لەو مافانەی کە لێیان زەوت کراوە لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان چ لە هەرێمی کوردستان دابن و چ لەهەر شوێنێك هەبوو ئەوەندەی قسە لێرەدا لەسەر هاووڵاتیە و گێڕانەوەی ماف و ئیمتیازە، قسە لەوە نیە کە تاوانکاری کە ئەنجام دراوە یان کێ ئەنجامی داوە، تەنانەت هەتا دەربارەی ئەنزیمەی موتەعاقیبەش لە عیراق دا، یەعنی لێرە قسە لە تاوانکاریەکانی ڕژێمەکانی عیراقیش نیە، تەنها قسە لەسەر گەڕانەوەی هەندێ لەو ئیمتیازاتانەیە بۆ هاووڵاتی کە ڕووبەڕووی جۆرێك لە جۆرەکان ڕووبەڕووی ناحەقی یان زوڵم بووبێتەوە، ئەم شەڕو ململانێیەش کە لە هەرێمی کوردستان دا هەبووە تەنها لەنێوان دوو لایەنی سیاسی دا نەبووە، بەڵکو زیاتر لە نێوان دوو لایەن بووە، لە نێوان پارتی و یەکێتی بووە، لە نێوان ئیسلامیەکان و لایەنەکانی تر بووە، بۆیە ئەم موقتەرەحەی کە خرایە دەنگدانەوە، ئەکرا ئەم قسانەی کە ئەو موناقەشەیەی کە ئێستا دەیکەین پێش دەنگدان لەسەر ئەو بڕگەیە ئەو موناقەشاتانە بکرابا، ئێستا پێموایە ئەم بڕگەیە دەنگی لەسەر دراوە پێشموایە ئەمە بڕیارێکی بوێرانەیە کە پەرلەمانی کوردستان ئەیدات، ئێستا تەنیا قسە کردنە لەسەر گەرانەوەی ماف و ئیمتیازات بۆ هەندێ لەو هاووڵاتیانەی خۆمان کە بە جۆرێك لە لە جۆرەکان ڕوبەڕووی ناحەقی بوونەتەوە، ئەمەش ئەگەر بە پێی یاسا و بە پێی ڕێکارە یاساییەکان ئیسپات نەبێت، خۆ ئەو هەموو خەڵکە ناچێ ڕووبەڕووی دادگا بکرێتەوە یان خەڵك ڕاپێچی دادگا بکات، ئەبێ بە پێی ڕێکاری یاسایی کە دەکرێت لەناو ئەم یاسایەدا جێی بۆ بکەینەوە و بە پێی ئەوە ئیسپات بێت کە کێ ناحەقی بەرامبەر کراوە و کێ بە ناحەق بیدونی وەجهی حەق زیندانی کراوە، بۆیە من پێموایە تەنها لێرە پێویست بە سیاغەی ئەم موقتەرەحە دەکات و ئەم بڕگەیە دەکات کە سیاغەی بکەینەوە و موناقەشە کردنی پێموایە زیاتری هەڵناگرێ، دەکرێ ئەگەر مولاحەزە هەبێ لەسەر یاساکە لە دەورەیەکی تر داوای هەموار کردنەوەی بکرێت، بەڵام ئێستا دەنگی لەسەر دراوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ئەرسەلان فەرموو.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەماان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئێستاش پشتیوانی لەو قسەیە دەكەم كە هەموو زیندانیەكی سیاسی موعتەقەلێكی سیاسی لەهەر شوێنێك كە موعتەقەل بوو بێ حەقی خۆی هەیە، حەقی هەیە وەكو موعتەقەلێكی سیاسی وەكو زیندانیەكی سیاسی حساباتی بۆ بكرێت، بەڵام ئەم ماددەیە و خسوسیەتی ئەم ماددەیە كە تەعریفی سجنی سیاسیەكە دەكەی ئەمە لەگەڵ ئەمەی ئێمە یەكتر ناگرێتەوە، چی تیایە ئەگەر ئێمە وەكو مەشورعێكی تازە تەقدیمیبكەین، ئەویش بە كۆمەڵێك مادده حەق و حقوقی خۆی وەرگرێ، چونكە تەعریفەكە (الانظمة المتعاقبة) دەڵێ، یەعنی نیزامە یەك لەدوای یەكەكان دەڵێ، هەتا خاڵی 5 دیسان دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی چوار، لەبەرئەوە بە ڕەئی من هیچ ئەشكالیەتێك نیە لەوەی كە ئێمە تێكەڵاوی نەكەین، ئەنزیمەی موتەعاقب تێكەڵاو نەكەین لەگەڵ ئەو شەڕەی كە لەناوخۆ بووە لە نێوانی دوو حزب و سێ حزبدا، با بە پڕۆژە یاسایەك من خۆم یەكێك دەبم لەوانە كە تەوقیعی دەكەم و تەقدیمی دەكەین بۆ ئەوەی حەق و حقوقی ئەوانە نەفەوتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من هاوڕام لەگەڵ ئەو قسانەی كاك سالار و كاك فازل كردیان، دیارە كە شەڕی ناوخۆ بووە لە نێوان هەموو ئەحزابەكان كە بووە تەنها ئەوانە نەبووە كە بەند كراون، خەڵك هەیە بێ سەروشوێنە، خەڵك هەیە ماڵی داگیر كراوە، بۆیە من هاوڕام لەگەڵ ئەوانە كە هەموومان پێمولیە كەسیش نایشارێتەوەو كەسیش ئینكاری لەوە ناكات بە پارتی و یەكێتیشەوە كە بەشی شێریان بەركەوتووە لە شەڕەكانی ناوخۆ دا كە شتێكی خراپ بووە و دانی پیائەنێین بەوانە كە من لەگەڵ ئەوەم كە پرۆژە یاسایەك تەقدیم بكرێت نەك بۆ سجنی سیاسی لە هەرێمی كوردستان، بۆ بێ سەروشوێنەكان و بۆ گەڕانەوەی موڵك و ماڵیان، ئەگەر بێینە سەر ئەوەی ئێمە موشەرعین و قانون دادەنێین، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئێمە وازحە دەڵێ (مشاركته في الحركة التحررية الكوردستانية وصدر قرار الحكم عليه من قبل احد المحاكم أو السلطات التابعة للنظام)، ئەگەر ئێمە گیراوەكانی شەڕی ناوخۆی تێ بكەوێ بەڕاستی ئەوا خۆمان زوڵمێكە لە حكومەتی هەرێمی كوردستانی دەكەین، حكومەتی هەرێمی كوردستان دەخەینە پاڵ نیزامە موتەعاقبەكان و دكتاتۆرەكانی حكومەتی عیراقی، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەگەر هەر سوورن لەسەر ئەوە بەڕاستی ئەو عینوانە بگۆڕن، چونكە ئەوە غەدرێكە لە حكومەتی هەرێمی كوردستانی دەكەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاواز خان فەرمووو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێش نیوەڕۆ دەنگدانمان لەسەر ماددەیەکدا، بۆیە لێرەدا کێشە لەسەر ئەوە نیە کە دەنگدان لەسەر ئەو ماددەیە کراوە، عادەتەن لە هەموو کۆبوونەوەکان کاتێ لیژنەیەك یاسایەك ڕادەسپێرێ کە سیاغەیەکی نوێ دابندرێت، پاش ئەوە سیاغە نوێیەکە سەر لەنوێ دەخرێتەوە دەنگدان، بەڕای من ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو سیاغەی کەبەڕێزان لە لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە ئەم سیاغە نوێیە بخرێتە دەنگدان کە دەنگی هێنا لەسەر سیاغە نوێیەکە دەڕۆین ئەگەر دەنگی نەهێنا دەگەڕێینەوە بۆ ماددەکە، دوای ئەوەش پشتگیری لە پێنشیارەکەی بەڕێز کاك ئەرسەلان دەکەم، ئێمە هیچ لایەکمان موخالف لەگەڵ ئەوە نین کە مەسەلەی گیراوانی شەڕی ناوخۆ و ئەوانەش بڵێین ماف و ئیمتیازاتیان بۆ دابین بکرێت، لە هیچ برگەیەکی ئەم پرۆژە یاسایە دادباس لە شەڕی ناوخۆ نەکراوە، بۆیە پێم باشە هەموو لایەکمان کار لەسەر ئەوە بکەین کە پرۆژە یاسایەکی باشتر و تێروتەسەل تر بۆ ئەوانیش بێنینە پەرلەمانەوە، بۆیە لێرەدا ناکرێت مەسەلەی شەڕی ناوخۆ کە دوو حیزب لە کاتێك دا کە ناکۆك بوونە تێکەڵ بە پرۆسەیەك بکرێت کە ڕژێمێك کە بڵێین دوژمنی گەلی کورد بووە، خەڵکەکەی لەناو بردووە، بۆیە بەڕای من لێرەدا بۆ ڕزگاربوون لەم خاڵە ئەم سیاغەیەی بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی بخرێتە دەنگدان بۆ ئەوەی لەم مەرحەلەیە رزگارمان بێ لە کاتێکی پێویستیش بتوانین پرۆژە یاسایەکی تر تایبەت بە گیراوانی شەڕی ناوخۆ ئامادە بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بلال فەرمووو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئەم ماددەیە بەڕاستی یان ئەم تەعریفە کە باس دەکرێت، پێموایە ئەوەندە ناهێنێ پێشتریش چەند جاری تر کە باسی ئەم کێشەیە کراوە، بۆ نموونە باس لە یاسای گیراوانی بێ پاساوی یاسایی کە دەکرێت هەرچەند ناوەکەی کە گۆڕاوە، لەو کاتەش زۆر باسمان کردو زۆر هەوڵمان دا کە ئەم خەڵکانە با ئەو کەسە، هەر کەسێك بێت لە هەر شوێنێك گیرابێت مادام زوڵمە لێی کراوە، مەغدورە حەقە و حەقەکەی بۆ بگەڕێنینەوە، باشتریش وایە خۆمان بۆی بگەڕێنینەوە، بۆچی ئەو کەسە وا بزانێ ئەم ئینسانە دەرەجە دووە لەم وڵاتە؟ بۆ خۆی بە خاوەنی وڵاتەکەی خۆی نەزانێ؟ بۆ وای لێ بکرێت کە پێی وابێ کە غەدری لێ دەکرێت؟ بۆ عوقد و غەرەزی بۆ دروست بێت بەرامبەر بە هەموومان، باشتر وانیە ئێمە ئاشتی بکەینەوە؟ مادام هەموومان ئیعتراف بەوە دەکەین کە هەڵەیەك ڕووی داوە، ئەو هەڵەیە ڕووی داوە لەبەینی هەموومان بووە و هەموومان تێیدا مەسوئلین، مەسئول بین یان مەسئول نەبین مەسئولین، لەبەرئەوە من پێموایە

ئەم ماددەیە مادام ئەم بڕگەیە مادام دەنگی بۆ درا و دەنگی زۆرینەی هەرە زۆری هێنا ناکرێت ئێستا پەشیمان بینەوە لەو دەنگدانە، پەشیمان بوونەوەمان دەبێتە سەرەتایەکی خراپ بۆ داهاتوو، ئەگەر هەر دەشمانەوێ کۆمەڵێك بەڕێزان باس لەوە دەکەن کە باسی شەڕی ناوخۆیە، من پێموایە باسی شەڕی ناوخۆ نیە لەم بڕگەیە، باس لەوەیە کە کێ گیراوە کێ زیندانی بووە؟ لەوانەیە ئەمڕۆ کۆمەڵێك خەڵك زیندانی سیاسی بووە لە داهاتووش خەڵك زیندانی سیاسی ترمان هەبێ، بۆ هەموو ئەوانە ماف و حەقیان نەپارێزرێ؟ ئەوە پەیوەندی بە حەقی ئینسانەوە هەیە پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە، پەیوەندی بەمافی مرۆڤەوە هەیە، پەیوەندی بەشعوری ئینسانەوە هەیە، بۆیە من رجا دەکەم با پەشیمان بوونەوەمان پێوە دیار نەبێت لەم بڕگەیە، لەم دەنگدانە، بەڕاستی ئەگەر پەشیمان بوونەوەشی تیا بێت، سەرەتایەکی زۆر خراپ دەبێت، ئەم پەرلەمانەش بەرەو عاقارێکی خراپ دەبات، سوپاستان دەکەم، تکایە، تکایە، تکایە، با ئەم مەوزوعە بەم شێوەیە تێپەڕێت کە وەکو پێشتر هاتووەو دەنگی لەسەر دراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئەم ماددەیە زۆر هەڵدەگرێت و موناقەشەی زۆر دەوێت، دیارە هەمووشتان دەستان هەڵبڕیوە، فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەسڵی ئەم پرۆژە یاسایە کە لە حکومەتیشەوە هاتووە، تەبیعی ئەوە یەکێکە لەو پرۆژە یاسایانەی کە تەبیعاتێکی مالی قورسیشی هەیە، نەك هەر تەبیعاتێکی مالی ئیعتیادی، تەبیعاتەکەشی بەردەوامە، ئەوە نییە مینحەیە، سولفەیە، جارێکەو دەبڕێت تا کۆتایی پێ دێت، ئەم پرۆژە یاسایەی کەوا حکومەت ناردوویەتی بەهیچ شێوەیەك تەتەروق نەبووەو جۆرێك لەم مەسەلانە باس نەکراوە، چ مەسەلەی قوربانیانی شەڕی ناوخۆ با بڵێین، گیراوانی شەڕی ناوخۆ، چ هەتا من دڵنیام مەسەلەی ئەنفالیش، رەنگە لە عیبارەتەکەدا ئەگەر بخوێنینەوە، کەوا دەڵێت هەموو راگیراوێك و هەموو سجنێك و هەموو مەوقوفێك شمولی دەکات، بەڵام ئەوەی ئێمە ئیزافەمان کرد، ئەوانەی کە لە عەمەلیاتی ئەنفالیش نەجاتیان بووە، من دڵنیام لەوەی کە حکومەت وەك رەقم حیسابی بۆ ئەوەش نەکردیە، ئەم پرۆژە یاسایەی کە حکومەت ناردوویەتی، بەڕێزان، لەسەر ئەساسی ئەو چوار هەزارە، یان چوار هەزارو چەند کەسە ناردوویەتی، ئەوەی کە ناویان لە کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی تۆمار کراوە، بۆیە بە دیتنی من ئیقرار کردنی ئەم یاسایە گفتوگۆ کردنی بەو شێوەیە، بەو ئیزافاتە مالیانەی کەوا دێنە سەری، چ لەسەر مەسەلەی ئەوانەی شەڕی ناوخۆ، چ لەسەر مەسەلەی ئەنفال، چ لەسەر مەسەلەی منداڵی زیندانی، چ لەسەر کۆمەڵێ شتی تر، رەنگە بێتە سەر موناقەشە کردنی لە غیابی حکومەتداو ئیقرار کردنی ئەم ئەرکە مالیە، بە تەسەوری من رەنگە کارێکی واقیعی نەبێت و مومکینیش نەبێت.

نوقتەیەکی تریش هەیە باس کردنی، یاخود ڕەبت کردنی مەلەفاتی شەڕی ناوخۆ بەم وەزعەوە غەدرێك لە زیندانیانی سیاسی دەکرێت، ئەوەی کە ئەم یاسایەی لەسەر ئەساس بۆی پێشنیار کراوە، چونکە بەشێکی هەرە زۆری مەلەفاتی راگیراوان و سجنە سیاسیەکانی سەردەمی رژێم حازرن و کاری لەسەر کراوەو تەصفیاتی بۆ کراوە، بە هەندێك مەراحیلدا رۆیشتوون، ڕەنگە ئەو لیژنەیە ئامادە بێت لە مودەیەکی کەمدا تەصفیەیان بکات و بچێتە بواری جێ بەجێ کردن، ڕەبت کردنی ئەم مەسەلەیەو جەمع کردن و فراوان کردنی، بە دیتنی من ئەویش ئالۆزییەکی تر دەخات، بۆیە من پێشنیار دەکەم بەتایبەتی لەسەر ئەو فراوان بوونی ئەرکە مالیە، ئێمە ئەم پرۆژە یاسایە دوا بخەین بۆ وەختێکی تر، هەم ڕەئی حکومەتی لەسەر وەربگیرێتەوە لەسەر هەموو ئەو گفتوگۆیانەی کە هەیە، هەم بە حزوری حکومەت و وەزارەتی دارایی و ئەو لایەنانەی کەوا پەیوەندیدارن بە جێ بەجێ کردنی بەشدار ببن، هەمیش بەڵکو گفتوگۆیەکی باشترو تێرو تەسەل تریش لە راپۆرتی لیژنەکان لەسەری دەکرێت، چونکە من باوەڕ دەکەم ئەو کاتی ڕەنگە لیژنەی تریش مەشمول بن و بێن ڕەئی خۆیان بدەن و لیژنەی تریش بێن بەشداری تێدا بکەن، من بە پێویستی دەبینم کە پێشنیار بکەم ئەم پرۆژە یاسایە دوا بخرێت بۆ کاتێکی گونجاو، پرۆژەکە حەقەو موبەریراتی باشی تێدایە، خاوەنی حەقی تێدایە، چ ئەوانەی کەوا ئێستا باس کران، چ ئەوانەی کە لە ئەسڵی پرۆژەکەشدا هاتوون و، ئەمە نابێتە ڕێگر خوانەخواستە بۆ ڕەد کردنەوەی پرۆژەکە، نە ڕێگرین لەبەردەمی ئەوەی کە حەق و ئیمتیازاتی ئەم خەڵکە بپارێزرێت، بەڵکو دەتوانین شتێکی پوختەترو یاسایی ترو گونجاوتر و واقیعی تر، بۆ ئەوەی قەبولیش بێت بۆ تەنفیزو حکومەتیش تووشی ئەو ئەزمە نەیەت، بتوانێت ئەرکە مالیەکە جێ بەجێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز، بەنیسبەت حکومەت، بەنیسبەت ئەنفال وازیحە تیایەتی، چونکە دەڵێت هەر کەسێك ئیعتیقال کراوە، حیجز کراوە، تەوقیف کراوە شمولی دەکات، ئەوە ئەنفالیش دەگرێتەوە، بەڵام بەنیسبەتی ناوخۆی راستە، تیای نەهاتووە، بەڵام ئەویش خرایە دەنگدانەوەو دەنگیشتان بۆدا، ئێستا ئێمە لە سەرۆکایەتی دیارە ئەم ماددەیە زۆر موناقەشەی دەوێت، ئەم ماددەیە، نەك پرۆژەکە، ناخەینە ئەوەی کە دوابخرێت، ماددەکە دوا دەخەین، دەچینە سەر ماددەی دووەم و سێیەم و ئەوانە موناقەشە دەکەین، کە تەواو بوو، پاشان دەگەڕێینەوە سەر ئەو ماددەیە، تکایە بۆ ماددەی دووەم لیژنەی یاسایی، بەردەوام بن، فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**(الاهداف والاسس والسريان)**

**المادة الثانية:**

يهدف هذا القانون الى ضمان حقوق وامتيازات السجناء والمعتقلين السياسين وتكريمهم ورعايتهم وتعويضهم بما يتناسب وحجم ومكانة التضحيات التي قدموها للتخفيف عن معاناتهم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە نوقتەی نیزامی نەما، موناقەشەکە کرا، ئەو ماددەیە ناخەینە دەنگدانەوە تاکو دەچین ماددەکانی تر، پاشان دێینە سەری، رجائەن، تکایە نوقتەی نیزامی نییە، تەواو، لیژنەی یاسایی فەرموون بەردەوام بن.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**(ئامانج و بنەماو پیادە بوون)**

**ماددەی دووەم:**

ئامانجی ئەم یاسایە مسۆگەر کردنی ماف و دەستکەوتی زیندانی و گیراوانی سیاسی و رێزگرتن و چاودێری کردن و قەرەبوو کردنەوەیان بەو چەشنەی لەگەڵ قەبارەو پێگەی ئەو قوربانییەدا، کە پێشکەشیان کردووە بگونجێت و بۆ سووك کردنی ئەشکی ئەوان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان لەسەری.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابووری هاوڕاین لەسەر ئەو صیاغەیەو هیچ کێشەیەکمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت لەسەر ماددەی دوو قسە بکەن، تەنها ماددەی دوو، تکایە، چونکە ئەوەکەی تر زۆر هەڵدەگرێت، کاك عبدالرحمن داوای لێبوردنت لێ دەکەم لە زووەوە دەبوو نیزامیت قسە بکردایە، بەس ئێستا لەوێوە دەست پێ دەکەین، فەرموو، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت موداخەلە بکەن، تکایە گوێ بگرن، رێزداران (عبدالرحمن حسین، ئاشتی عزیز، گەشە دارا، فاضل بەشارەتی، ناسك تۆفیق، صباح بیت الله،

پەیمان عزالدین، کاوە محمد امین، سیوەیل عوسمان، سەروەر عبدالرحمن، سەردار رشید، گوڵێزار قادر، جمال طاهر، تارا ئەسعەدی)، کەسی تر ماوە؟ شەونم محمد، فەرموو کاك عبدالرحمن حسین.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم، بەڕاستی من هەر لەسەر ناوی یاساکە کە مافمان لێ بردووە، دەبێت لێرەش، کە دەڵێت (ئامانجی ئەم یاسایە مسۆگەر کردنی ماف و دەستکەوتی زیندانی و گیراوانی سیاسی) دەبێت ئەو مافەی لێ ببڕینەوە، یەعنی لەناو ئەو بڕگەیەدا نەمێنێت، چونکە ئێمە مافمان لەسەرەوە لێ بردووە، یەعنی بە تەواوەتی ئەگەر ماف نەما ئیمتیاز لەکوێ دەبێت، دەبێت مافی هەر تیا بێت، بەڵام ئێمە بەدەنگ مافمان لێ بڕیوەو لێمان دەرکرد، چونکە کە ماف نەبێت، ئیمتیاز لەکوێ دەبێت؟ بەڵام ئێمە هەموومان دەنگمان بۆداوە، ئیتر هەڵە بێت، راست بێت رۆیشتووە، ئێستا دەبێت لێرەش ئەم مافەی لێ دەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئاشتی عزیز کەرەم بکە.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەسەر ماددەی دووەم، سەبارەت بە ئامانجەکانی، هەمان رەئیم هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە وشەی قانونمان لێ هەڵگرتووە، کەواتە لێرە تەوسیقی حەقەکە کراوە، واتا حەقەکە تەسبیت بووە، واتا ئەو کەسانەی کە مەشمولن بەم حەقە ئیقرار کراوەو قەراری لەسەر دراوە، چونکە ئێمە وشەی قانونەکەمان لێ هەڵگرتووە، واتا حقوقەکەمان لێ هەڵگرتووە، کەواتە ئێستا ئەم قانونە بۆ ئیمتیازاتە، ئەم حەقەی کە هەڵگیراوە، زەمانی حەقەکە، کەواتە مەرحەلەیەکە کە ئیقرار کراوە لەسەری، کەواتە ئێمە لە مەرحەلەی دووەم داین، کە بریتیە لە مەرحەلەی دابین کردنی ئیمتیازات، بۆیە ئەو زەمانی حقوقەی لێ هەڵبگیرێت، ئێمە قسە لەسەر ئیمتیازاتەکان دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار گەشە دارا کەرەم بکە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە، من پێموایە هەر پێویست ناکات لێرەدا بێت، کە باس لە زەمانی حقوق و ئیمتیازاتی سوجناو موعتەقەلین دەکات، بەڵکو بەپێی حەجمی ئەو تەزحیەی کە داویانە، پێویستە بچێتە ئەسبابی موجیبەوە، من خۆم بەڕاستی لەگەڵ ئەوەدا نەبووم حقوقەکەی لێ لابرێت، چونکە ئەگەر سەیری

ناوەڕۆكی یاساكە بكەین، هەر ئەو هەدەفە دەپێكێت، كە كۆمەڵێك حقوقی ماددی و مەعنەوی دەستەبەر دەكات بۆ ئەو سەجینە، یان ئەو موعتەقەلە، لەبەر ئەوە بچێتە ئەسبابی موجیبەكە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار فاضل بەشارەتی كەرەم بكە.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش ڕەئیم وایە ماددەی دوو، هەموو بڕگەو بابەتەكانی لە ماددەی شەشدا هاتووە، لەبەر ئەوە بە حەقیقەت من ئەوە بە زیادە دەزانم لێرە، بەڵام مولاحەزەی خۆشم دەڵێم، نەك لا نەچێت، یان ڕێك نەخرێت، لە ماددەی دووەم باس لە مسۆگەر كردنی ماف و دەستكەوتی زیندانی و گیراوانی سیاسی دەكات، بەڵام هەرچەندە لە ماددەی شەش لە خاڵی چواردە هەمان باس هاتۆتەوە، دەڵێت ئەوەی كە وەفاتیشی كردووە، بەڵام من لێرە مەبەستەكەم ئەوەیە، هەیە كە زیندانی سیاسی بووەو وەفاتی كردووە، لەبەر ئەوەی وەفاتی كردووە نەكراوە بە شەهید، ئێستاش وەفاتی كردووە، حقوقی زیندانی سیاسی پێ نادرێت، چەند لە ماددەی شەشدا لە خاڵی چواردەم هاتووە، داواكارم ئەو خاڵە چاك بكرێتەوەو تەئكیدیش بكرێتەوەو مسۆگەر بكرێت حقوقی ئەوانەی كە زیندانی بوون و وەفاتیان كردووەو شەهیدانەیان بۆ نەكراوە بە زیندانی سیاسی، ئایا مافی ئەوەی دەبێت كە حەقی زیندانی سیاسی پێ بدرێت، یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ناسك تۆفیق كەرەم بكە.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە قسە كردن لەسەر ئەو ماددەیەو هەر ماددەیەكی تر، لەبەر ئەوەی ڕەبتی تەواوی هەیە بە ماددەی یەكەم، كە دەمانخاتە هەڵەیەكی یاساییەوە، ئەویش ئەوەیە، من ئێستا باس لە زیندان و گیراوانی سیاسی دەكەم، بەڵام هێشتا موتەفیق نین لەسەر پێناسەكەی، من نازانم كێن ئەوانەی دەیانگرێتەوە؟ بۆیە من هەست دەكەم قسە كردن لەسەر ئەم ماددانەی تر هیچ جەدوایەكی علمی نابێت بەڕاستی، هەتا ئێمە نەزانین ئەو كۆمەڵە زیندانیانە كێن؟ ئەو زیندانیانە سیاسی و گیراوە سیاسیانەی كە شمولی ئەو یاسایە دەكەن، بۆ ئەوەی بتوانین قسە لەسەر ماددەكانی تر بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله كەرەم بكە.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دەربارەی ماددەی دوو، بە عەرەبی دەڵێت (للتخفيف عن معاناتهم)، بەلاّم بە کوردی دەڵێت (بۆ سووك کردنی ئەشکی ئەوانە)، من پێشنیار دەکەم بکرێتە (بۆ کەمکردنەوەی مەینەتەکانیان)، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار پەیمان عزالدین کەرەم بکە.**

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە رەئی من ئەم ماددەیە هەر لە ئەساسدا لێرە زیادە، چونکە دەرکرێت لە هۆیەکانی دەرچوواندندا بێت، ئەوەی باس لە ئامانجەکانی دیکە دەکات، بۆیە من دوو پێشنیار دەکەم:**

**پێشنیاری یەکەم/ بە لابردن، کە ئەم ماددەیە لابچێت، چونکە لەناو هۆیەکانی دەرچوواندندا زۆر بە باشی تەوزیف کراوە، ئەگەر لە حاڵەتێکدا ئەم پێشنیارە کەس پشتیوانی لێ نەکرد، یان سەری نەگرت، پشتیوانی لە قسەکەی کاك صباح دەکەم، کە لە کوردیەکەدا ئەوە زۆرتر ئەشك، فرمێسك دەگرێتەوە، کە ئەمە زیاتر بۆ شعرو پەخشان دەبێت، نەك بۆ ماددەیەکی قانونی، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار سیوەیل عوسمان کەرەم بکە.**

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش هاوڕام لەگەڵ رەئی گەشە خان و پەیمان خان، کە ئەو ماددەیە زیادە، ئەگەر بکرێت لە ئەسبابی موجیبە بێت، یان نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر تەماشای ماددەی شەشەم بکەین هەموو ماف و ئیمتیازاتەکانی تێدایە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار کاوە محمد کەرەم بکە.**

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش هەر پشتگیری لە گەشە خان و پەیمان خان دەکەم، کە ئەو ماددەیە بچێتە ئەسباب موجیبە، بەلاّم ئەگەر مایەوە حقوق و ئیمتیازات زیادە، چونکە لەگەڵ عینوانی قانونەکە ناگونجێت، بەلاّم هەر زیاتر تەئکید لەوە دەکەمەوە کە ئەوە بچێتە ئەسباب موجیبەوە، لەبەر ئەوەی لە ئەسباب موجیبە موعالەجەی دەکات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار سەروەر عبدالرحمن کەرەم بکە.**

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من بەشێکی کران، من پشتگیری لە ڕەئیەکەی گەشە خان و پەیمان خان دەکەم، برادەرانی تریش باسیان کرد، ئەمە هەر خۆی لە خۆیدا ئەسبابی موجیبەیە، کەوا لێرە دانراوە، من وای دەبینم، لێرە زیادە.

خاڵی دووەمیشیان/ سەبارەت بەناونیشانی بەشەکەش، بەهەمان شێوە دەستکاری بکرێت، ئامانجەکەی لێ لابدرێت، ئەگەر بێتو ئەمە سەر بگرێت.

خاڵی سێیەم/ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕاستی ئێمە لە ماددەی یەکەم لە هەر یاسایەك، کلیلی یاساکەیە، ئەگەر بێتو کلیلی یاساکەت بە دەستەوە نەبێت، ناتوانین دەرگاکان بکەینەوە، بۆیە پێموایە گفتوگۆ لە هەر بابەتێك بکەین، لێرە تووشی ئیشکالمان دەکات، لە دواتردا یاسایەکی تێرو تەسەل و بێ کەموکوڕی نابێتن بۆیە پشتگیری لە ڕەئیەکەی ناسك خان دەکەم، پێموایە ئەو گفتوگۆیانە زیادن کەوا دەیکەن، یاخود شوێنی خۆی ناگرێت، بۆیە پێموایە باشترە یان یاساکە دوا بخرێت بە هەموویەوە، نەوەك ماددەیەك دوا بخرێت، یان ئەوەتا بگەڕێینەوە سەر ماددەی یەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، زۆر تەبیعیە بەردەوام بین لە موناقەشە، وازیحە، بۆ زیندانیە سیاسیەکانە، ئەوانەی کە زەرەریان بینیوە لەژیانیان، شتێکی بۆ دادەنێین، دایدەڕێژین لەسەر یەك خاڵ خیلافتان هەیە، ئایا هی هەرێمیش بگرێتەوە، یان نا؟ کە ئیشکالێك هاتۆتە پێشەوە، ئەویش پاشان حەسمی دەکەین، جا بۆیە لەبەر ئەوەی لە پێشە عەرقەلەی نەخەینە سەر ئەمانەی کە ئێستا لە پێشمانە، ڕێزدار سەردار رشید کەرەم بکە.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئامانجی ئەم یاسایە وەك نووسراوە مسۆگەر کردنی ماف و دەستکەوتی زیندانی و گیراوانی سیاسی و ڕێزگرتن و چاودێری، دیارە چاودێری لەوێدا بە مانای ریعایە نایەت، موراقەبە دێت، پێشنیار دەکەم کە ئەوە لابدرێت، دیسان لەم ماددەیەدا لەڕاستیدا من هاوڕام لەگەڵ هەم دکتۆر سەروەرو هەم ناسك خان، کە دیسان ئەمە باسی ماف و زیندانیانی سیاسی دەکات، کە لە لایەن رژێمەوە گیراوە، یەعنی لێرە بە دەق هاتووە، چۆن دیسان لەگەڵ ئەو مەسەلەی مەلەفی شەڕی ناوخۆ تێکەڵیان بکەین.

پرسیارێك لێرە ئەوەیە، ئایا ئیمتیاز نییە کە ئێمە لامان برد؟ ئەگەر کەسێك مافی ئیمتیازی نەبێت، چۆن دەکرێت لەو ماددەیەدا شوێنی بۆ بکرێتەوە؟ مانای وایە ئیمتیازیش هەر مافە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار گوڵیزار قادر کەرەم بکە.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانجی یاسایەکە شتێکی باشە، بەڵام دەکرێت ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت، لە دوای سووك کردنی موعانات و ئازارو مەینەتیەکان خێزانیشی بۆ زیاد بکرێت، ئاوای لێ بێت (بۆ سووك کردنی موعانات و ئازارو مەینەتی خۆیان و خێزانەکانیان)، چونکە بەڕاستی ئەوانیش تووشی دەبن، کاتێك ئەوان لە زیندان بوون، خێزانەکانیشیان تووشی موعانات بوون، ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد بکرێت شتێك لە موعاناتی ئەوانیش سووك دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەمال طاهر کەرەم بکە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئەم ماددەیە پەیوەندی بە ماددەی یەکەمە، چونکە ئەگەر ئێمە نەیێین لە بیدایەتدا تەحدیدی بکەین و تەعریفی بکەین، ئێمە لێرە تووشی غەڵەتێك دەبین، من دەڵێم قانون وەك خۆی، نەك کە تەعدیل بکرێتن، من ئیعتیبار دەکەم کە ماددەی یەکەم وەك لە تەقریری لیژنەی مشترەك هاتووە، ئەگەر هاتو وەك خۆی مایەوە، بە باشتر دەزانم دووبارە صیاغە بکرێتەوە، چونکە لێرە باسی زەمان و حقوق و ئیمتیازاتە، زەمان بۆ ئەو شتەیە کە مەوجودە، یانیش دەدرێتن، تۆ زەمانی دەکەیت، بۆیە بەباشتر دەزانم لە جیاتی ئەوە بنووسرێت (يهدف هذا القانون الى رعاية وتكريم السجناء والمعتقلين السياسين تقديراً لحجم التضحيات التي قدموها للتخفيف للمعانات التي تعرضوا لها على يد الانظمة المتعاقبة في حكم العراق حتى تحريره في 2003/4/9)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بینووسە بۆیان بنێرە، ڕێزدار تارا ئەسعەدی کەرەم بکە.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەعقیبم لەسەر ماددەی دووەم، هەر ئەوەیە کە تۆ ئەو دەستکەوتانەی کە بۆ زیندانیان دادەنێی، ئەگەر باسی مافەکە ناکەین، خۆی مافێکی هەیە، بۆیە ئەم پرۆژە یاسایە هاتووە، لەبەر ئەوە ئێمە دەزانین کە ئەوان مافیان هەیە، چی بکەین بۆ ئەو مافانە؟ دێین ئەو دەستکەوتانەی کە پێویستە بۆیان دابنرێت بۆ زیندانی سیاسی، کە ئەو هەموو شکەنجەو ناخۆشیانەی دیتوویانە، هاتووین لێرە باسی دەکەین، خۆی لە بیدایەتی هەر یاسایەك ئامانج هەیە لەو یاسایەو بنەماکانی، لەبەر ئەوە من ماددەی دووەم بەباشی دەزانم هەبێت وەکو ئیستیهلالێك، وەکو دەست پێ کردنێك، ئێمە چیمان دەوێت؟ چی دەست نیشان دەکەین؟

هەمووی لەناویدا باس کراوە بە رێك وپێکی، ئەوەی من مولاحەزەم هەیە لـە کوردیەکـە پشتگیری لـە کـاك صباح دەکەم، لێرەدا تەرجومەکەی لەگەڵ عەرەبیەکـە فـەرقی هەیـە، لـە عەرەبیەکـە زۆر بـەجوانی دەڵێـت (معانـات)، بـەس لـە کـوردی دەڵێـت سـووك کـردن، سـووك کـردن بـەدوو مانـا دێـت، سـووك کـردن بـەناوی ناشیرینی، سووك کردن بە کەم کردنەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر بە وشەی کەمکردنەوە لـە ئێشـو ئازاریـان بـاس بکەین باشترە لەوەی بە ئەشکی ئەوان، کە ئەشـك تـەنها هـەر فرمێسکەکەیە، کـە پـەیمان خـان باسـی کـرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شەونم محمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە لە کۆتایی بڕگەکـەدا وشـەی ئەشـك لاببرێـت دابـین کردنـی ژیـانێکی شایسـتە ئیزافـە بکرێـت، هەروەها هاوڕام لەگەڵ رەئی ئـەو هاوڕێیانـەی کـە پێشـتر باسـیان کـرد، نامـەوێت قسـەکانی ئـەوان دووبـارە بکەمەوە لەوەی کە ئەو ماددەیە پێویستە بخرێتە دیباجەکەی کۆتاییەوە، چونکە جێگای ئەو ماددەیە ئێـرە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ هەموو ئێوەی بەڕێز، ئێستا لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـوپاس بـۆ هـەموو ئـەو زانیاریانـەی کـە ئـەو بەڕێزانـە پێشکەشـیان کـرد، بـەڵام هەنـدێك لـە بـرادەران تەئکیدیان لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم ماددەیە لێـرە لابچێت و بچێتە ئەسـبابی موجیبـەو لێـرە پێویسـت ناکات، بەڵام بەپێچەوانەوە هەموو یاسایەك کە دەردەچێت، کە صیاغە دەکرێت، دەبێت هـەدەفێکی هـەبێت بۆ ئەوەی تێ بکۆشێت، بۆ هێنانەدی، بۆچی ئەم یاسایە تێ دەکۆشێت؟ ئـەم یاسـایە تـێ دەکۆشـێت و هـەوڵ دەدات بۆ هێنانەدی زەمان کردنـی  ئـەم ئیمتیازاتانـەی کـە دەدرێـت بـە زینـدانیانی سیاسـی و موعتەقـەلی سیاسی، ئەویش تەعویز کردنە لە بەشێك لەو موعاناتەی کـە کـاتی خـۆی چەشـتوویانە لـەکاتی زینـدانیـدا، ئەهـداف جیـاوازە لەگـەڵ ئەسـبابی موجیبـە، ئەمـە بـاعیس و دافیعـە، ئەسـبابی موجیبـە، یـەعنی هـۆی دەرچوواندنی ئەم یاسایە، ئەم یاسایە بۆچی دەردەچێت؟ ئەم یاسایە هۆکاری دەرچوواندنەکەی چیە؟ بەڵام لێرە ئەهداف ئەو مافانەیە کە ئەم یاسایە لە رێگای خۆیەوە بـەگوێرەی ماددەکـانی تـر هـەوڵی بـەدیهێنانی دەدات بۆ ئەو فیئەیەی کە باسی لەسەر کراوە، بەڵێ، ئێمە هـەردوو لیژنـەی یاسـایی و دارایـی لەگـەڵ رەئـی

زۆرینەی برادەرانین، کە داوایان کرد کەلیمەی حقوق لابچێت، لەبەر ئەوەی ئێمە بەیانی، لە جەلسەی بەیانی کەلیمەی حقوقمان لابرد لە عینوانەکە بوو بە یاسای ئیمتیازات، ئێستاش پێمان باشەو هاوکارین لەگەڵ ئەو رەئیە کە حقوق لابچێت، نەصی ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئاشکرایە هەدەفی هەموو یاسایەك ئەوەیە کە ماف و ئیمتیازاتی ئەو فیئەیەی لەو یاسایە باسی لەسەر هاتووە بپارێزێت و رێزی لێ بگیرێت و هەوڵ بدات بۆ ئەوەی بیهێنێتە دی، ئەگەر ئێمە صیاغەی ئەم ماددەیە بگۆڕین بەوەی کەوا پێشنیارێکمان بۆ هاتووە بە تەکریم و تەزحیە واریدەو موتەفیقین لەسەری، بەلآم شتێکی تر هەیە، هەندێك لە ئەندامان باسیان لەوە کرد کە ئەم ماددەیە لێرە هەڵبگیرێت و نەمێنێت بچێتە ئەسبابی موجیبە، لەبەر ئەوە پێویست دەکات بخرێتە دەنگدانەوە، بزانین هەڵبگیرێت، یان هەڵنەگیرێت لەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، چەند ئەندامێکی بەڕێز داوایان کرد ئەمە ئیلغا بێت، هەندێکیش داوایان کرد بچێتە ئەسبابی موجیبەوە، ئێستا ئیلغایەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە بمێنێت دوو کەسم دەوێت؟ دوو کەسیشم دەوێت بۆ ئەوەی شەرحی بکاتن، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو پێشووتر ئاماژەمان پێدا هەموو یاسایەك کە تەشریع دەکرێت، کە دەردەچێت ئەهدافی هەیە، دەبێت شتێك هەبێت ئەم یاسایە بۆی تێ بکۆشێت بۆ هێنانەدی ئەو فیئەیەی کە ئەم یاسایە شمولیان دەکات، ناکرێت ئەم ماددەیە لێرە هەڵبگیرێت لە بابی ئەهدافدا، چونکە یاساکە لەنگ دەبێت، نوقصان دەردەچێت، بەڵێ ئەسبابی موجیبەی لەگەڵدایە، بەلآم ئەسبابی موجیبە خۆی ناوی لەگەڵ خۆیەتی هۆکاری دەرچوونە، ئەم یاسایە بۆچی دەردەچێت؟ لە پێناوی چیدا دەردەچێت؟ جیاوازە لەگەڵ ئەهدافدا، لەبەر ئەوە پێویستە لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزێك دەیەوێت ئیلغا بێت، تکایە، ئەگەر یەکێك هەیە؟ تەنها گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە باس لەوە دەکەین، ئەمە خۆی ناوەڕۆکی یاساکە کۆمەڵێك ئیمتیازی ماددی و مەعنەوییە کە بۆ ئەو کەسە دەستەبەر دەکرێت لەم یاسایە، ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە، کە ئەم هەدەفەی نەبێت، بەلآم کە ناوەڕۆکی یاساکە دەخوێنیتەوە ئەو ئامانجە دەپێکێنێ، لەبەر ئەوە وامان پێ باشترە ئەمە لەبەر ئەوە

دەردەچێت، لەبەر ئەوەی زەمانی ئەو حقوق و ئیمتیازاتانە بکات، لەبەر ئەوە یاساکە دەردەچێت، پێمان باشە بچێتە ئەسبابی موجیبەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە بۆ ئیلغا بوو، نەك بۆ ئەسبابی موجیبە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەی ئیلغا بێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا نەبێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ مایەوە، ئیلغا نابێت.

ئێستا پێشنیارێکی تر، کە بچێتە ئەسبابی موجیبە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەی دوو لێرە لابچێت بچێتە ئەسبابی موجیبە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەنگ هات کە ماددەکە لە شوێنێ خۆی بمێنێت، ئیتر ناکرێت جارێکی تر بگوازرێتەوە بۆ ئەسبابی موجیبە، کە گوێزرایەوە چووە ئەسبابی موجیبە، یەعنی............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، نا، نا، ماددەکە وا خرایە دەنگدانەوە کە ئیلغا ببێت، ئیلغا نەبوو، ئێستا پێشنیارێکی تر هەیە کە بچێتە ئەسبابی موجیبە، بچێت، یان نەچێت؟ بۆ ئەوە دەنگ دەدەین، ئەگەر نەچوو لەشوێنی خۆی دەمێنێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەی دوو بچێتە ئەسبابی موجیبەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (14) بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە بچێتە ئەسبابی موجیبە، کێ لەگەڵ ئەوەیە لەشوێنی خۆی بمێنێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ لەشوێنی خۆی مایەوە، ئێستا ئاخیر صیاغە بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی لەگەڵ لیژنەی دارایی پێك هاتین لەسەر ئەوەی کەوا صیاغەکە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بێت:

(یهدف هذا القانون الى ضمان امتیازات السجناء والمعتقلین السیاسین وتکریمهم تقدیراً لحجم التضحیات التي قدموها وتخفیفاً لمعاناتهم).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەو شێوەیەی خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (5) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی سێ تکایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة:**

**لا يُعدُ سجينا او معتقلا سياسيا لاغراض تطبيق احكام هذا القانون كلُ من:**

**اولا: كان يعمل مع الانظمة القمعية السابقة في مؤسساتها المختلفة او من الموالين لها سُجنِ او اعتقلَ بسبب تصفية حساباتها الداخلية.**

**ثانيا: عمل مع الانظمة القمعية السابقة وتورط في اعمال اجرامية اثناء او بعد الاعتقال او السجن.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەکوردیش فەرموون.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێیەم:**

**بۆ مەبەستی پیادە کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بە زیندانی، یان گیراوی سیاسی دانانرێت، هەر یەك لە:**

**یەکەم: کاری کرد بێت لەگەڵ رژێمەکانی سەرکوتکەری پێشوو لە دەزگاکانی جۆربەجۆری، یان ئەوانەی هەواداری ئەوان بوون، کە بەهۆی پاکتاو کردنی حیساباتی ناوخۆوە زیندانی کرا بێت، یان گیرا بێت.**

**دووەم: کاری لەگەڵ رژێمەکانی سەرکوتکەری پێشوودا کرد بێت و لە کاتی، یان پاش گرتن، یان زیندانی کردنی لە کاری تاوانکارانەدا گلا بێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان لەسەری.**

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە هەردوو لیژنە لەسەر ئەو صیاغەیە ڕێك کەوتووین، هیچ تێبینیمان لەسەری نیە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەندامانی بەڕێز کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن(ئەڤین عومەر، حمە سەعید، بەفرین حسین، کاوە محمد امین، سەروەر عبدالرحمن، ئاشتی عزیز، فازڵ بەشارەتی) ئەڤین خان، فەرموو.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەم دوو هۆکارە کە دانراوە، هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە ئەم دوو هۆکارە دەیانگرێتەوە بە موعتەقەل و سجنی سیاسی حساب نەکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسانە ڕاستە کەسانێك هەبوون لەژێر ئەشکەنجەیەکی زۆردا بەبێ ئەوەی لە ئیرادەی خۆیان بێت، خارجی ئیرادەی خۆیان بێت، چونکە زوڵم وزۆرداریيەکی زۆریان لێدەکرا، وای دەکرد کەوا ئیعتراف بکەن، بەڵام هەندێ جار لەسەر خۆیان ئیعترافیان دەکرد، هەندێ جاریش وەرەقەی سپیان تەوقیع دەکرد، بەڵام هەندێ جار، هەندێ کەس هەبوو بۆ ئەوەی بارسووکی بۆ خۆی بێت، بۆ ئەوەی خۆی لەمەسەلەکە دەرباز بکات، ئیعترافی کردووە لەسەر هاوڕێکانی خۆی لەسەر هاوخەباتەکانی خۆی، وای کردووە کە ئەوان ئیعدام بکرێن، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو کەسانەی کە ئەو هۆکارانە دەیانگرێتەوە بە موعتەقەل و سجنی سیاسی حساب نەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك حمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەرچەند قسە لەسەر ئەم ماددەیە دەکەین، بەڵام تا ئێستا پێناسەی سجنی سیاسی کە لەماددەی یەکداهاتووە دەبێت تەسبیت بکرێت، ئەوە نەکراوە، هەرچەندە لەماددەی دووەمدا..

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سەعید، ئەوە مەعلومە کە سجنی سیاسی چیە؟، بەس لەسەر یەك نوقتە خیلاف هەیە، ئینجا بڕۆ سەر ماددەکە بۆ ئەوەی وەختی خۆت بەفیڕۆ نەدەیت، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە بڕگەی دووەم تکرارە، (کان یعمل مع الانظمة القمعية السابقة) لەگەڵ (یعمل مع الانظمة القمعية السابقة) ئەوە هەر یەك شتە هەردووکیان، هەر ئەوە کە ئیشی کردووە لەگەڵ نیزامەکاندا، ئەوە حەقی زیندانی سیاسی لێ دەسەندرێتەوە، ئەگەر تێوەگلابێت یان نەگلابێت، لەبەر ئەوە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز بەفرین خان، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره ئێمه هەرچەندە قسە لەسەر ئەم ماددانە بکەین، مادام ماددەی یەکەممان پەسەند نەکردووە، لەوانەیە تۆزێ کەموکورتی بە یاساکەوە دیار بێت، دیارە ماددەی سێیەم باس لەو گیراوە سیاسی و ڕاگیراوە سیاسیانە دەکات، کە ئەگەر کاریان کردبێ لەگەڵ ڕژێمەکانی پێشوو ئەو کاتە بە گیراوی سیاسی یان زیندانی سیاسی حساب ناکرێن، دیارە بەدوو برگە هاتووە، هەردوو برگەکەش ئەگەر دەمج بکرێت باشترە، لەوەی کە بە دوو برگە بێت، چونکە بەشێوەیەکی گشتی باس لەکارکردنی ئەو کەسانە دەکات کە لەگەڵ ڕژێمەکانی پێشوو کاریان کردووە، من پێم باشە لەبەر گەورەیی ئەو تاوانانەی کە بەسەر میللەتی کورددا هاتووە و بەناو پرۆسەی جینۆسایدی ئەنفال میللەتی کوردی بەهەموو جیهان ناساند، بکرێت بە برگەیەك و جگە لەوەی کە هەردوو برگەکەی کرا بەیەك، ئەو کاتە ئاماژە بەوە بکرێت هەرکەسێك دەستی هەبووبێت لە ئەنفالکردنی ڕۆڵەکانی میللەتەکەمان ئەوانیش بەهەمان شێوە بێ بەش بکرێن لەو مافە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاوە محمد، فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە برگەی یەکەم دەڵێت(کان یعمل مع الانظمة القمعیة السابقة) من پێم باشە ئەگەر بکرێت لەڕووی یاساییەوە ئەوە لەناو قەوسێك (نظام الدکتاتوري البعث)ی دابندرێت ئەوە باشترە، بۆ ئەوەی دیار بێت کە ئەنزیمەی سابیقە دیار بێت کە لەکەیەوە دەستی پێکردووە، چونکە لەوانەیە پاش چەند ساڵێکی تر نزامەکانی ئێستاش ببن بە سابیقە، ئەگەر ئیشارەتی پێ بدرێت ئەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر سەروەر، فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەبارەت بەدوو بابەت قسە دەکەم: یەکەمیان: شێوازی دارشتنەکەیەتی، ئەگەر بێت و ئەمە بمێنێت، بەڕاستی دارشتنەکەی هەست دەکەم زۆر شێواوە کوردییەکەی، ئەگەر بیخوێنینەوە، ئەوەی تر بەو جۆرە بێت، یەکەم: لەگەڵ رژێمە سەرکوتکەرەکانی پێشوو لە دەزگا جۆربەجۆرەکان یان ئەوانەی هەواداری ئەوان بوون کاری کردبێت، دووەم: لەکاتی یان پاش گرتن، یان زیندانی کردنی لەگەڵ رژێمە سەرکوتکەرەکانی پێشوودا کاری کردبێت یان لەکاری تاوانکارانەدا تێوە گلابێت، ئەمە لەلایەن شێوازەکەیەوە بوو، دوومیان: لە ڕووی مەفهومی بابەتەکەوە، ئێمە لێرەدا ئەو ماددەیە دەڵێت، ئەوانە دەستنیشان دەکەین کەوا تێیدا نەبن، بەڵام هێشتا ئەوانەمان دەستنیشان نەکردووە کە تێیدان، کێ دەگرێتەوە دەستنیشانمان نەکردوون، چ جای بێین باسی ئەوە بکەین کە کێ ناگرێتەوە؟، لێرەشدا پێم وایە کەدووبارە ئەو قسەیە دەکەینەوە، ئەمە جۆرێك هاودژی تێدایە، کە ئەگەر بێت و ماددەی یەکەم دەستنیشان نەکرێت، ئەمە لەکۆتایی یاساکەشدا

دیسانەوە تووشی ئیشکالمان دەکات، بەتایبەت سەبارەت بەوانەی کە لە کوردستاندا زیندانی سیاسی بوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزم، لەماددەی یەکەمدا لەسەر یەك نوقتە خیلافتان هەبوو، ئەو نوقتەیەش حەسم دەبێت و هەر ئێوەش حەسمی دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو هەژارانەی کە چاوەڕوانی دەستی ئێوە دەکەن، دەست لەسەر دەست لەماڵەوە دانەنیشن، لەسەر یەك خاڵە یان ڕێك دەکەون بەو شێوەیە، یان بەشێوەیەکی تر، بەڕێز ئاشتی عزیز، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی سێیەم، لە برگەی یەکەم کە دەڵێت(كان يعمل مع الانظمة القمعية السابقة في مؤسساتها المختلفة)ئێمە وەکو دەزانین ئەو نیزامە قەمعیەی پێشوو، سەدان دەزگای هەبووە، بەناوی دەزگای دیموکراسی و نا دیموکراسی، کۆمەڵێك ناو و نیشانی هەبوو، لێرەدا کە دەڵێین (في مؤسساتها المختلفة) هەموو دامودەزگاکانی دەگرێتەوە، بۆیە دەکرێت کە کۆمەڵێك کەس شمول بکات کە لەوانەیە ڕاستەوخۆ تێوەنەگلابێت، بەکۆمەڵێك کاری قەمعی مافی خەڵکی خواردبێت، بۆیە ئەگەر ئیزافە بکرێت کە دەڵێت(في مؤسساتها المختلفة وتورط في اعمال اجرامية) لەوانەیە لێرەدا حەقی کەس نەخۆین، بەڵام ئەو (في مؤسساتها المختلفة) ئەوە پێناسە نەکراوە، ئەبێت تەحدید بکرێت بۆ ئەوەی هەموو خەڵك نەگرێتەوە، ئەمە شێوازێکی لاستیکی هەیە، ئەبێت زیاتر بخرێتە چوارچێوەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، زۆر زۆر ڕاستە، ئەگەر بڵێین (في مؤسساتها المختلفة ) ئەوە تەندروستی دەگرێتەوە، پەروەردەش دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر قەمعیە بخەینە پێشی ئەوە چاك دەبێت یان دەمج بکرێت، کاك فازڵ بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم یاسایە هەمووی باس لە ماف دەکات، مافی کەسەکان ئەوانەی کەزیندانی سیاسی کراون، لەماددەی سێیەم لە دوو برگەیدا هەر یەك مەفهومی هەیە، کە یەکەم دەڵێت( کاری کردبێت لەگەڵ ڕژێمەکانی سەرکوتکەری پێشوو لەدەزگا جۆربەجۆرەکان، یان ئەوانەی کەهەواداری ئەوان بوون) یەعنی مەبەست ئەوەیە کە مافی زیندانی سیاسی نایانگرێتەوە، من لێرەدا مەبەستم یەك خاڵە، بەڕاستی ئەو بەڕێزانەی کە لێرەدا دانیشتوون، ئەوانەی کە پێشمەرگەو کادری سەردەمی شاخن زۆرباش ئەم واقیعە دەزانن، ئێمە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس، ئیستیفادەمان لە خەڵکێکی زۆر باش کردووە، کەوا بەئەمری شۆڕش یان بە ئەمری حزب ڕۆیشتوون یان بە ئەمری خۆی ڕۆشتووە بەس پەیوەندی بە شۆڕش کردووە، لە ئەنجامی

پەیوەندییەکەی کەشف بووە، هەیانە ئیعدام کراوە، هەشیانە زیندانی کراوە، بە 10 ساڵ تا 15 ساڵ تا دوایی، من پێشنیار دەکەم کە مافی ئەو خەڵکانەی تێدا لەبەرچاو بگیرێت، چونکە لێرەدا ئەوە قەتعی ڕەفز دەکات ئەوەی لەناو دەزگای بەعس بووە، مافی زیندانی سیاسی نەیگرێتەوە، بەس لەهەمان کاتدا لەبەر ئەوەی کە هاوکاری پێشمەرگە بووە حجز کراوە یان سجن کراوە، یان ئیعدام کراوە، بۆیە با ئەوانە بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ هەمووتان، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: ئەم ماددەیە زۆر بەوازحی هاتووە، ئەو کەسانەی کە لەگەڵ نزامی قەمعی ئیشی کردووە، یاخود هاوڕا بووە لەگەڵی و موالی بووە، گیراوە لەبەر ئەسبابێکی خۆی، دووەم: فەقەرەی دووەم، ئەوانەی کە دەستیان هەیە لە کرداره ئیجرامیەکاندا، ئەوانە ئەو کەسانەن کە لەسەردەمی ئەو نیزامەدا لەناو سجنەکاندا بوون وعەزابی ئەو خەڵکانەیان داوە کە گیرابوون، ئەوانەن کە کرداری خراپیان لەگەڵ خەڵك کردووە، ئەوا کردارانەی لەگەڵ زیندانیە سیاسیەکان کردووە، لەبەر ئەوە ئێمە پێمان وایە، تەنها ئیزافەیەك لە (مؤسساتها القمعية المختلفة) بکەین ئەوی تری هەردوو لیژنە لەسەری موتەفقین، کە وەك خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخر صیاغەتان بخوێننەوە، تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

لا يُعدُ سجينا او معتقلا سياسيا لاغراض تطبيق احكام هذا القانون كلُ من:

اولا: كان يعمل مع الانظمة القمعية السابقة في مؤسساتها القمعية المختلفة او الموالين لها سُجنِ او اعتقلَ بسبب تصفية حساباتها الداخلية.

ثانيا: عمل مع الانظمة القمعية السابقة وتورط في اعمال اجرامية اثناء او بعد الاعتقال او السجن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا بۆ ماددەی چوارەم.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

**یەکەم: لیژنەیەکی تایبەت پێك دێت بە سەرۆکایەتیی دادوەرێك لە پلەی یەکەمدا کە ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمدا کاندیدی دەکات و ئەندامیەتیی نوێنەرانێك کە پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، ئەرکی تەماشا کردنی داوای ئەو کەسانە دەبێت کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوەو نوێنەرایەتیی ئەم لایەنانەی دادێن دەکەن:**

**1- ئەنجومەنی وەزیران.**

**2- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان.**

**3- وەزارەتی ناوخۆ.**

**4- وەزارەتی دارایی و ئابووری.**

**5- نوێنەرێکی کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.**

**دووەم: زیندانیی سیاسی یان گیراوی سیاسی، لە بەردەم لیژنەی پێك هێندراو بەگوێرەی ئەم یاسایە، بە رێکاری یاسایی دەچەسپێندرێت.**

**سێیەم: لیژنە بڕیاری خۆی بە زۆرینە دەدات و بڕیاریشی قابیلی تانە لێدانە لەبەردەم دادگای کارگێڕی بەگوێرەی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی راوێژ (شوورا)ی هەرێم ژمارە (14)ی ساڵی 2008.**

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة:**

**اولا: تشكل لجنة خاصة برئاسة قاضي من الصنف الاول يرشحه مجلس القضاء في الاقليم وعضوية ممثلين لا تقل درجتهم عن مدير عام مهمتها النظر في طلبات المشمولين باحكام هذا القانون ويمثلون الجهات الآتية:**

**1- مجلس الوزراء.**

**2- وزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين.**

**3- وزارة الداخلية.**

**4- وزارة المالية و الاقتصاد.**

**5- ممثل عن جمعية السجناء السياسين في الاقليم.**

**ثانيا: يثبت السجن السياسي او الاعتقال السياسي بالطرق القانونية امام اللجنة المشكلة بموجب احكام هذا القانون.**

**ثالثا: تصدر اللجنة قرارها بالاغلبية و يكون قرارها قابلا للطعن امام المحكمة الادارية وفقا لاحكام قانون مجلس شورى الاقليم رقم (14) لسنة 2008.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە، ڕەئی لیژنەی هاوبەش، فەرموون.**

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە بە ئیتیفاقی هەردوو لیژنە صیاغە کراوەو ئێمە لەگەڵ دەقی صیاغەکەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامە بەڕێزەکان ئەوەی دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسەی لەسەر بکەن(سیوەیل عوسمان، شوان کریم، شلێر محی الدین، سەمیرە گۆران، سەرگوڵ رضا، ئاشتی عزیز، محمد شارەزووری، فازڵ بەشارەتی، عیماد محمد، هاوڕاز خۆشناو، بەفرین حسین، جمال تاهر، تارا ئەسعەدی، جلال علی)سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە ڕاستە ئەو لیژنەیە تەشکیل کراوە لەلایەن مەجلسی قەزاوە، بەڵام دیار نیە کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە یان سەر بە مەجلسی قەزایە، صیاغەکەی ناخوێنمەوە با دوورو درێژ نەبێت، بەنیسبەت (ثانیا: یثبت السجن السیاسي او الاعتقال السیاسي) وابزانم دەبێ بنووسین( یثبت السجین السیاسي او المعتقل السیاسي) تا کۆتایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شوان کریم، فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەخاڵی پێنجەم لەم ماددەیەدا، هاتووە دەڵێت(5- ممثل عن جمعیة السجناء السیاسین في الاقلیم.) لە سەریشەوە لە دێڕی دووەم ئەڵێت(وعضویة ممثلین لا تقل درجتهم عن مدیر عام.... الی اخ) ئایا نوێنەری سجنی سیاسیش هەر پلەی بەڕێوەبەری گشتیە، دەبێت تا چواری تێدابێت، دوایی بەفەقەرەیەکی جیا ناوی نوێنەری سجنی سیاسیشی تێدا بێت، چونکە ئەگەر لەو تەسەلسولەدا بێت ئەبێ ئەویش پلەی بەڕێوەبەری گشتی بێت، بۆیە دەبێت بەڕێزانی لیژنەی هاوبەش مولاحەزەی ئەوە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شلێر محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی چوارەم، لیژنەیەکی ئاست بەرز تەشکیل دەکرێت، بۆ ئەوەی تەحدیدی ئەوانە بکرێت کە سجنی سیاسی یان موعتەقەلی سیاسین، لە قازی صنفی یەکەم، نوێنەرەکان بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی وتا دوایی، هەروەها لە برگەی دووەم دەڵێت تەسبیت دەبێت بە ڕێگای یاسایی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پێشنیار دەکەم(النظر في طلبات المشمولین باحکام هذا القانون) ئەوە تەڵەباتەکە بەڵگەی لەگەڵ بێت کە

ئیسپاتی بکات کە ئەوانە سجنی سیاسین، وە بەڵگەکانیش دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی تووشی ئەوە نەبین کە لە فەصڵی چوارەم ماددەی حەوتەم هاتووە، دەڵێت(الادلاء بمعلومات کاذبة) ئەوانە ئیمتیازەکەیان لێ دەسەندرێتەوە، تەحویلی مەحکەمەش دەکرێن بۆ ئەوەی لێرەوە ڕێگایان لێ بگیرێت، مادام ئەو لیژنە ئاست بەرزەیە، دەتوانن بەڕێگای یاسایی ئەوە بکەن، دیارە خەلەلێك لەئیشی ئەوانە دەبێت، بۆیە لەماددەی حەوتەم کەسانێك کە (الادلاء بمعلومات کاذبة)بدەن و تێ بپەڕێت لەم لیژنەیە، بۆیە هەر لێرەوە ڕێگای لێبگیرێت و هەندێ بەڵگەنامە تەحدید بکرێت بەپێی ئەوە ئیسپات بکرێت کە سجن یان موعتەقەلی سیاسین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سەمیرە گۆران، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله گۆران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی چوارەم دەڵێت(اولا: تشکل لجنة خاصة برئاسة) ئەم لیژنەیە دیار نیە کە سەر بەکێیە؟، بەڵام من لێرەدا داواکارم کە دەزگایەکی سەربەخۆ بۆ زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان دابمەزرێت، وەکو عێراقی فیدراڵ، هەروەها میزانیەکی سیادی بۆ دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سەرگوڵ خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیە باس لە دروست کردنی لیژنەیەك دەکات بۆ ئەم بابەتە، من پێم وایە کە لیژنە زۆرجار بۆ بابەتێك کە دروست دەبێت، لیژنە کاتیە، ئەم بابەتەش کە ئێمە یاسای بۆ دەردەکەین، بابەتێکی گرنگە، بۆیە پێویست بەوە دەکات کە ئێمە فەرمانگەیەکی تایبەتی بۆ دروست بکەین، وەکو سەمیرە خان وتی، دەزگایەکمان هەبێت بۆ زیندانە سیاسیەکان لەهەرێمی کوردستان، چونکە ئێمە کە پێشتر یاسامان دەرکرد بۆ قەرەبووی ڕاگیراوانی بێ پاساو، داوای ئەوەمان کرد کەلیژنەیەك لە دادگای ئیستیئنافی هەموو ناوچەکان بێت، هەر ناوچەیەك بەجیا لیژنەیەك دروست بکات بۆ ئەو بابەتە، ئێستا ئێمە بۆ هەموو زیندانیان ئەم بابەتە دەردەکەین، ناکرێت لەڕێگای لیژنەیەکی کاتی وابێت، کە ئەم لیژنەیە دوو لایەنی هەیە، کە باسکراوە، لایەنێکی باس لەوە دەکات کە ئەم لیژنەیە دادوەرێك سەرۆکایەتی دەکات، لەڕێکارەکانیشدا باس لەوە دەکات کە بڕیاری ئەم لیژنەیە لەبەردەم مەحکەمەی ئیداری تەعنی لێ دەدرێت، ئەم شێوەکەی و شێوازی تەعن لێدانەکەی لەدروست بوونی مەحکەمەیەك دەچێت، دواتر هەندێ لە

فەرمانگەكانی یان وەزارەتەكان ئەندامیان هەیە لەمەدا، بۆیە دەبێت ئێمە جیای بكەینەوە چونكە ئەمە تێكەڵیەك دروست دەكات لە ئیشوكاری ئەم لیژنەیەدا، بەنیسبەت خاڵی پێنجەم، نوێنەری زیندانیانی سیاسی، من پێم وایە ئەوەی كەئێستا نوێنەری زیندانی سیاسی دەكات لەهەرێمی كوردستان، سێ ڕێكخراومان هەیە، یەكێكیان پێی دەوترێت كۆمكاری زیندانیە سیاسیەكان، یەكێكیان دەستەی داكۆكی لەمافی زیندانیە سیاسیەكان، ئەوی تریشیان كۆمەڵەی زیندانیە سیاسیەكان، ئێمە تەنها باسی نوێنەری یەكێك لەم ڕێكخراوانەمان كردووە، لەوانەیە ئەمە ئیشكالێك لەنێوان خۆیان دروست بكات، بۆیە من پێم باشە كە صیغەیەكی تر دابندرێت، كە ئەو ڕێكخراوانە خۆیان نوێنەریان هەبێت لەم لیژنەیەدا، ئەگەر بڕیار درا لیژنە بێت، بەڵام من پێم باشە كە فەرمانگەیەك بێت، بۆ یەكلایی كردنەوەی ئەو بابەتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئاشتی عزیز، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكانم هەمووی وترا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز محمد شارەزووری، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من هەر بە بیری جەنابتانی دەهێنمەوە، زیندانە سیاسیەكان و كۆمكاری زیندانە سیاسیەكان، بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتین، لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالەوەیەو تابعی ئەو لیژنەی ئێمە بوو، بەڵام بەداخەوە ئێمەی تێدا نین، چونكە ئێمە زۆر شارەزاین لەهەندێ لە كێشەو گرفتەكانی ئەوان، بەڵام من قسەم لەسەر ئەم ماددەیە ئەوەیە، كە دیارە ئەم لیژنەیە كە دروست دەكرێت، ئەم لیژنەیە تایبەتەو بەشێوەیەكی كاتیە، بۆ ئەو كەسانەیە كە ئەوراقی ثبوتیان نەماوەو لەسجندا بوون لەلای حكومەتی عێراقی، ئەم لیژنەیە ئەوەندەی كە ئێمە پەیوەندیمان پێیانەوە هەبێت و ئاگادار بین، وەكو لیژنە وشارەزا بین ئەو حاكمە دادەنیشێت و ئەو كەسەی كە ئەوراقی ثبوتی نەماوە لە بەغداد، لێرە بە دوو شاهید و سوێند خواردن ئیشی ئەو لیژنەیە تەواو دەبێت، بەپێی ڕاپۆرتی هاوبەش، ئەم زیندانیە سیاسیانە كە بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی بووە لەوەزارەتی شەهیدان لەوێ نەماوەو چووەتە سەر حكومەتی هەرێمی كوردستان، بۆیە من لەماددەی پێشووش پێشنیارم كرد، دەبوایە ئیشارەت بەوە بكرێت كە هەرچەند لەماددەی هەشتەم دەڵێت(ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات)بەڵام بەوازحی نەهاتووە دوای كۆتایی هاتنی ئیشی ئەم لیژنەیە،

سەربەکوێ دەبێت، ئایا هەر سەر بە وەزارەتی شەهیدان دەبێت، یان ئەچێتە سەر ئەنجومەنی وەزیران، یان دەچێتە سەر ئەنجومەنی دادوەری، ئەبوایە بەوازحی ئیشارەت بەوە بدرێت، ئەم خاڵی یەکەم: خاڵی دووەم: من پشتگیری لەڕەئیەکەی سیوەیل خان دەکەم، لێرە لە خاڵی دووەم دەڵێت (دووەم: زیندانیی سیاسی یان گیراوی سیاسی) ئێمە موعتەقەلیشمان هەیە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ڕاگیراوی سیاسیش بۆ ئەوە زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز فازڵ بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی چوارەم، من تەنها پێشنیاری ئیزافەیەك دەکەم، کە باسی نوێنەری ئەو دام ودەزگایانە دەکات، ئەوەی کەمن مەبەستمە کە ئیشارەتی پێ بدەم، بەڕاستی ئێمە بەشێك لە زیندانیانی سیاسیمان کاتێ کە زیندانی کراون، کە ئێمە دامودەزگای دەوڵەتیمان نەبووە، بۆیە ئەوەی کەمن بە باشی دەزانم بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم لیژنەیە، نوێنەرێکی وەزارەتی پێشمەرگە لەناو ئەم لیژنەیەدا بێت، چونکە بەڕاستی زیاتر کەوادیری پێشمەرگە بەئاگان لە زیندانیانی سیاسی، ئەوەی کە زیندانی کراوە، بۆیە ئەو پێشنیارە دەکەم، کەنوێنەری وەزارەتی پێشمەرگەشی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عیماد محمد، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا هەمان ڕەئیم هەیە، کە کاك شوان باسی کرد، سەبارەت بە ماددەی چوارەم بڕگەی یەکەم، جۆرە خەلەلێکی تێدا هەیە، پێویستە دووبارە صیاغە بکرێت، لەبەر ئەمانە: یەکەم: سەرۆکی لیژنەکە لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە تەرشیح دەکرێت، بەڵام ئەندامەکانی لیژنە دیاری نە کراوە کە چۆن دەستنیشان دەکرێن، دووەم: نوێنەری کۆمەڵەی زیندانیە سیاسیەکان وەکو نوێنەری حکومەت هاتووە، وە دیاریش کراوە کە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بێت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە بەم شێوە صیاغە بکرێت:

المادة الرابعة:

اولاً: أ- تشكل لجنة خاصة برئاسة قاضي من الصنف الاول يرشحه مجلس القضاء في الاقليم وعضوية ممثلين لا تقل درجتهم عن مدير عام يرشحهم رئاسة مجلس الوزراء للنظر في طلبات المشمولين باحكام هذا القانون ويمثلون الجهات الآتية:

1- مجلس الوزراء.

2- وزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين.

3- وزارة الداخلية.

4- وزارة المالية و الاقتصاد.

ب- على جمعية السجناء السياسين في الاقليم ترشيح ممثل عنهم لعضوية اللجنة المذكورة.

سەبارەت بە برگەی دووەم، ئەگەر مەبەست بە تەسبیت کردن، جێگای سجن و ئیعتیقالە دەبێت لە جێگای الاعتقال بکرێت المعتقل، واتە ئاوابێت، ثانیا: تثبت السجین السیاسي او المعتقل السیاسي بالطرق القانونیة امام اللجنة المشکلة بموجب احکام هذا القانون. ئەگەر مەبەستەکە جێگا بێت، سجن و ئیعتیقال بێت، مەفروزە ئیعتیقال ببێت بە (المعتقل)سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز هاوڕاز خۆشناو، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم، ئەو پێنج نوێنەری کە دیاری کراوە، من پێم باشە کە نوێنەری شەشەمی لەگەڵدا بێت، کە یان سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ بێت، یان نوێنەری دەستەی مافی مرۆڤ بێت، چونکە بەڕاستی ئەمە جێگای خۆیەتی کە لێرەدا بەشداری بکات، من پێم باشە کە هەر سەرۆکەکە بێت، چونکە تا ئێستا لەکوردستان سەرۆکی ئەم دەستەیە دانەنراوە، بەڵام بەڕاستی بۆ ئەمە زۆر بەگرنگی دەزانم بۆ ئەم لیژنەیە سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ بێت خۆی بەشداری بکات، سەبارەت بە تەسبیت کردنی زیندانیانی سیاسی بەڕێگای یاسایی، چونکە ئەم لیژنەیە هەست ناکەم لیژنەیەکی زۆر عەمەلی بێت بۆ تەسبیت کردن و سەلماندنی زیندانیانی سیاسی، من پشتگیری سیوەیل خان دەکەم، بۆ ئەوەی بەڕێگای یاسایی ئەم زیندانیانە دیاری بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز بەفرین حسین، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی چوارەم کەباس لەپێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت دەکات، بەسەرۆکایەتی دادوەرێك لە پلەی یەکەم، کە ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمدا کاندیدی دەکات، دیارە کاندید کردن شتێکە و دامەزراندنی ئەو دەستەیەش شتێکی ترە، ئایا ئەنجومەنی دادوەری کە ئەم کەسە کاندید دەکات، کێ قەراری تەسبیت کردن و دامەزراندنی ئەم کەسە دەدات؟، خاڵێکی تر، ئەو کەسانەی کە دەبنە ئەندام لەو لیژنەیەدا، دیارە 5 نوێنەرن، من پێشنیار دەکەم کە نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگەش ئیزافە بکرێت، پشتیوانی لەڕای بەڕێز

سەرگوڵ خان دەکەم، دیارە لیژنە زۆربەی جار بۆ شتێکی کاتی پێك دەهێنـدرێت دواتـر هەڵدەوەشـێتەوەو نامێنێت، بۆیە باشتر وایە کە فەرمانگە بێت بۆ درێژەدان بە ئیشوکاری زیندانیان و ڕاگیراوانی سیاسی، ئـەم فەرمانگەیەش سـەر بـە وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئـەنفالکراوان بێت، پـێم باشـەو  پێشـنیار دەکـەم، ئەگەر لیژنەکە کرا بە فەرمانگە، یان ئەگەر هـەر بەلیژنـە مایـەوە، خۆیـان پـەیڕەوێکی تایبـەت دابنـێن بـۆ ئیشوکارەکانی خۆیان نەك لە حوکمە کۆتاییەکان کە هاتووە، ئەڵێت ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوێکی ناوخۆ دەردەکات، بۆیە باشتر وایە لیژنەکە یان فەرمانگەکە خۆیان پەیڕەوی ناوخۆ دەربکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جمال طاهر ، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت ڤـێ مـاددێ ئەڤـە لیژنـە خاصـەیە، مانـای لیژنـەی خاصـە ئەوەیـە، کـە (تنتهـي بأنتهـاء الحاجـة الیها)ئەگەر نا پێویستە کە دائیمیە یان نا ئەوە ئیزافە بکرێت، کـە دائیمـە یـان کاتیـە، بـە تەئکیـد چونکە خاصەیە ئەوە کاتی دەبێت، بۆیە پێشـنیار دەکـەم لـە کۆتـایی (اولاً) ئـەم عیبارەیـە ئیزافـە بکرێـت( وتعـدل لجنة منحلة بأنتهاء الحاجة الیها) ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: پێشنیار دەکەم فەقەرەیەك ئیزافەی ئـەم ماددەیە بکرێت، ئایا ئەوە لیژنەیەکی مەرکەزییە، ئایا لەسەر ئاستی پارێزگا ناکرێ ئەوە بکرێت، ئیحتیمالە موعتەفەلێکی سیاسی هەیە، لە بەرواری باڵا، یەکێکی تر هەیە لە خانەقین، یەکێك لەشوێنێکی تر، ئەوانـە هەموو بێن لێرە تەقدیم بکەن، ئێمە لەسەر ئاستی پارێزگا ئەو ئیشە بکەین، ئاسانکاری دەبێت بۆ لیژنـەی مەرکەزی کە لە هەولێر دادەمەزرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم بنووسرێت، (تشکل لجان علی غـرار اللجنـة المشکلة في اولاً علی مستوی محافظات الاقلیم وادارة الگرمیان و مهمتها النظر في طلبات المشمولین باحکام هذا القانون) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لێرەدا لەگەڵ ئەوەدام کە ماوەی تانە لێـدان کـە سـێیەم خاڵـە، لیژنـە بڕیـاری خـۆی بەزۆرینـە دەدات و بڕیاریشی قابیلی تانەلێدانە لەبـەردەم دادگـای کـارگێڕی، ئـەوە لـەماوەی چـەند ڕۆژ دەبێـت، کـاتی خۆی کـە پـڕۆژەی ڕاگیراوانـی بـێ پاسـاومان دانـا، وابـزانم مـاوەی 6 مانگمـان دانـا، لێرەشـدا وابـزانم ئەگـەر

ماوەیەك دابنێین، ئەوە باشە، ئەگەر بکرێت لیژنـەی یاسایی بۆمـان ڕوون بکەنـەوە ئـەوە باشـترە، کـە یاسا لەگەڵ ئەوەدا بێت کە دەبێت ماوەیەك هەبێـت، تا چەند ئەتوانێ تانەی لێبدات، ئەمە خـاڵی یەکـەم، خـاڵی دووەم: لەگەڵ ئەوەدام و پشتگیری لە هاوڕاز خان دەکەم، کە نوێنـەری مـاڤی مـرۆڤ هـەبێت، کـە ئـەمـە خـۆی پرسێکە دەبێت نوێنەریان هەبێت، ئیتر بە چ شێوەیەك سەرۆکی دەستەکەیە، یان نوێنـەرێك بێـت کـە ئـەو مەرجانـە هـەبێت کـە لـە لیژنەکـەدا هەیـە، پشـتگیری لـە قسـەکانی کـاك فـازڵیش دەکـەم، کـە نوێنـەری پێشمەرگەشـی لەگەڵـدا بێـت، لەگـەڵ هـی شـەهیدان و ئـەنفالکراوەکان، ئـاخر خـاڵم، وا پێشـنیاز دەکـەم کـە لیژنەیەکی یاسایی هەبێت، بۆ تەرجومـە کردنـی پـرۆژە یاسـاکان لـەناو پەرلەمانـدا، چونکە ئەگـەر بێـت و تەماشـای مـاددەی چـوارم بکـەین لـە کوردییەکـەی، ئـەخیر فەقـەرەی ئەگـەر عەزیـەت نەبێـت لـە ڕاپـۆرتی لیژنەی یاسایی گەر بیخوێنینەوە دەڵێت(وە نوێنەرایـەتی ئـەم لایەنانـەی کـەدادێن دەکـەن) یـەعنی بزەبـت تەرجومەی حەرفی عەرەبیەکەیـە، کـە دەڵێـت( ویمثلون بما یـأتي)جا لەبـەر ئـەوە هـیچ عـەیبی تێـدا نیـە، تەرجومـە کردنـی ئـەدەبی جیایـە، تەرجومـە کردنـی یاسـایش جیایـە، وابـزانم ئەگـەر لیژنەیـەکی یاسـایی هەبێت لە ئەمڕۆ بەدواوە، بۆ تەرجومەی پرۆژەی یاساکان، زۆر سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەڕێز جلال علی، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ ماددەی چوارەم، قسەم لە سەر(ثانیا: یثبت السجن السیاسي او الاعتقـال السیاسـي) ئـەو دوو سیاسـیە، هەردووکیان جیایە، ئەگەر بکرێت داوا لـە لیژنـەی دارایـی و یاسـایی دەکـەم، کـە جێگـای ئـەو پێشـنیازانەی کەکران، ئەنفالکراوە ڕزگار بووەکان یان ئەوانەی کە بەردران، لەگـەڵ ئەوانـەی کـە لەسـجندا لـەدایك بـوون، نەك ببێت بە کێشەیەکی یاسایی، ئەوەش ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسـبەت ئـەو تێبینیانـەی کـە ئـەو بەڕێزانـە پێشکەشـیان کـرد، ئـەم لیژنەیـە کـە تەشـکیل دەکرێـت بەسەرۆکایەتی قازییەك لە صنفی یەك، وە بەنوێنەرایـەتی ئـەو نوێنەرانـەی کە خـۆی لـە پێـنج نوێنـەردا دەبینێتـەوە، ئـەو لیژنەیـە خـۆی ئێسـتا تەشـکیلە، هەیـە، ئیشـی خـۆی دەکـات، بـە بڕیـارێکی ئەنجومـەنی وەزیران، بۆیە نوێنەرایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی شەهیدان و ناوخۆ و مالی تێدایە، کێشە لەسەر ئەوەیە، بۆچی ئەوانە بەڕێوەبەری گشتی بن و نوێنەری کۆمەڵەی زیندانی سیاسی وەك دوو برادەر باسـیان لەسەر کرد، ئەمە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی شەهیدان و نـاوخۆ و مـالی ئەمانـە دەوائیـرن، بەتەئکیـد

نوێنەرەکانیان لەسەر مستەوای بەڕێوەبەری گشتیە، بەڵام کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی، ئەوە کۆمەڵەیەکە، ڕێکخراوێکە دەکرێت هەر کەسێك لە کۆمەڵەکە بەپێی نیزامە داخلیەکەی خۆیان تەخویلی بکەن، بێت ئامادە بێت لەو لیژنەیەدا، ئەم لیژنەیە تەبیعەتی ئیشەکانی کاتیە، باس لەوە ئەکرێت کە ئیزافەی ئەوە بکرێت کە کۆتایی پێ بێت بە کۆتایی هاتنی ئیشەکەی، بە تەئکید کە ئیشەکان کۆتایی هات ئەویش کۆتایی پێ دێت، بەنیسبەت ئەوەی کە باس لە ئیسپات کرا، سجنی سیاسی و ئیعتیقال کە فەقەرەی دووەم باس لەوە ئەکات، تەبیعی سجنی سیاسی و ئیعتیقالی سیاسی بەدوو عیبارەی یاسایی زۆر ڕوون هاتوون، کە دەڵێت ئیسپات بەڕێگای یاسایی، واتە بەگوێرەی یاسای ئیسپاتی عێراقی کە ئێستا کاری پێدەکرێت لەهەرێمی کوردستاندا، کە دەڵێین ڕێگای ئیسپات، واتە ڕێگای یاسایی کەهەموو ئەو داواکارییانە بەگوێرەی ئەو ڕێکارانەی کە لە یاسای ئیسپاتدا باسی لەسەر کراوە، بەدوو شێوە ئیسپات دەکرێن، یان بە بەیناتی ماددی، دەلائیلی ماددی، سەنەد، وەرەقە، قەرار، کیتاب، ئەوانەی کە نووسراویان لەسەرە، یاخود بە شایەتی دان، کە دێنە بەردەم ئەم لیژنەیەو ئیسپاتی ئەو تەڵەبەی خۆی دەکات، کە ئەمە زیندانیە، موعتەقەلە، مەحجوزە، مەوقوفە، هەر بابەتێك هەیە، بەنیسبەت ئەوەی کەباسی لەسەر کرا، کە ئایا لە ماوەی چەند ڕۆژدا ئەم قەرارە تەعنی لێ دەدرێت، بەڵێ ڕاستە ئەم لیژنەیە بەسەرۆکایەتی حاکمێك لە صنفی یەك دەبێت، ئەو حاکمە بەسەلاحیەتی سەرۆکی مەجلسی قەزا، کە لەیاسای ژمارە(23)ی ساڵی 2007 باسی لەسەر کراوە، سەرۆکی مەجلسی قەزا بۆی هەیە هەیئات یان لیژنە دابنێت، ئەو حاکمانەی مەحکەمەی تەمییز هی ئیستیئناف، ئینابە ئەکات بۆ ئەو لیژنانە و بە سیفەتێکی کاتی تا ئەو لیژنانە ئیشوکاری خۆیان بکەن، دانانی بەواتا لە سەلاحیەتی سەرۆکی ئەنجومەنی قەزا دەبێت، بەگوێرەی یاسای ژمارە(23)ی ساڵی 2007، مەسەلەی تەعنی قەرارەکانیش بەتەئکید بڕیاری ئەم لیژنەیەش قابیلی تەعنە، وەکو هەموو قەرارەکانی تر، ئەمە خۆی لە قەرارێکی لیژنەدا دەبینێتەوە، ئەویش لە یاسای مەجلسی شورای هەرێمی کوردستان ژمارە(14)ی ساڵی 2008 باسکراوە، کە قەراراتی ئیداری، چ لە ئیداراتەوە دەربچێت، چ لە لیژنەکانەوە دەربچێت، چ لە دەستەکانەوە دەربچێت، قابیلی تەعنە لەبەردەمی مەجلسی شورا لە ماوەی (15) ڕۆژدا، بەواتا دوای ئەو ڕۆژەی کە قەرارەکە دەردەچێت، تا (15)ڕۆژ ئەو کەسەی کە قەرارەکەی بەدڵ نیە بۆی هەیە تەمییزی ئەو بڕیارە بکات، بۆیە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەوە جوابەکانی ئەو ماددەیە بوو بۆ ئەو بەڕێزانەی کە پرسیاریان کرد، ئەوەش کە کاك جلال باسی لەسەر کرد، ئەوانەی کەلەسجن لەدایك بوون، یان ئەوانەی کە لە ئەنفال گەڕاونەتەوە، ئەوە لەماددەی یەکەم باسی لەسەر کرا، وە هێشتا قسەمان لەسەر نەکردووە، تەعریفمان نەکردووە، بۆیە پێم باشە ئێمە هیچ مولاحەزەیەکی ترمان لەسەر نیە وەکو نەصەکە خۆی با بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ئەحمەد قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارێكی تر هەبوو كە دوو، سێ ئەندام پەرلەمان قسەیان لەسەر كرد، كە نوێنەری دەستەی ماڧ مرۆڤی تێدا بێت لیژنەكە، ئەوەش ئەگەر بكرێت یەكێك لەخاڵەكان بێت بۆ دەنگدان، بەنیسبەت خاڵی دووەم، (یثبت السجن السیاسي او الاعتقال السیاسي) دیارە لێرەدا بەشێوەی مەصدەر هاتووە، یەعنی مەبەست شوێنەكە نیە، مەبەست زیندانیەكە نیە، یان گرتووخانەكە، لە كوردییەكەدا پێم باشە كە بگۆڕدرێت بە (زیندانی كردنی سیاسی یان گرتنی سیاسی)یەعنی مەبەست لێرەدا مەصدەرەكەیە، چاوگەكە، یەعنی(سجن یان اعتقال) خودی مەصدەرەكە مەبەستە لێرەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیاری ئەوەش هەبوو كە نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگەش ئیزافە بكرێت، ئەوەشتان وەرگرت لیژنەی هاوبەش؟.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێویست ناكات لیژنەی پێشمەرگەی تێدا بێت، چونكە ئەگەر لە وەزارەتی پێشمەرگە ئەندامێك بێت، ئەبێت ئەمە لە ئەهدافەكانیان هەبێت، وە ئەم لیژنەیە زۆر موكتەفیە، چونكە ئیشوكاری زیندانیە سیاسیەكان، یەكەم: پەیوەستە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، كە موفاتەحەی وەزارەتەكان دەكات، ئەگەر زەوی بێت ئەوە وەزارەتی شارەوانیە، ئەگەر پارە بێت وەزارەتی مالیەیە، ئەگەر وەرگرتنی دیراسی و زەمالە بێت، ئەوە وەزارەتی پەروەردەیە، باقی تریشی نوێنەری ئەصڵی ئەمان خۆی لە كۆمەڵەی زیندانی سیاسی دەبینێت، ئەوەش نوێنەری خۆیەتی و ئامادە دەبێت، ئەوەی تریشی هەر بڕیارێك دەربچێت بەدڵی ئەمانە نەبێت، ئەوە قابیلی تەعنە، ئیتر چەند نوێنەری تێدا هەبێت یان نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەی سەرۆكی دەستەی ماڧ مرۆڤ كەپێشنیار هەبوو ئەویش ئیزافە بكرێت؟، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ ئێمە هاوڕاین لەگەڵ ئەوەدا كە نوێنەری دەستەی ماڧ مرۆڤی تێدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی پێشمەرگە ئێستا دوو بەڕێز دیفاع بكات كە بۆ باشە، ئەگەر نوێنەریان لەوێ هەبێت، كاك محمد شارەزووری نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نوقتەی نیزامیم لەسەر ڕوونکردنەوەکەی کاك عومەر هەیە، کاك عومەر باسی لیژنەکە دەکات، بەس بەم پرۆژە یاسایە ئێستا ئەو لیژنەیە دەستبەکارە لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی زیندانیە سیاسیەکان لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال، بەپێی ئەم پرۆژە یاسایە بێت، ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە ئیلغا بوەتەوە، چونکە لێرە دەڵێت، لەماددەی یەکەم، 1- هەرێم: هەرێمی کوردستان، 2- حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو بەڕێوەبەرایەتیە ئێستا دەستبەکارە و ئەو لیژنەیەش حالیەن دەستبەکارە، لێرەش دیاری نەکراوە کە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە سەر بەکوێ دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی کە لەوەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان دانراوە، ئەوە لەزمنی هەیکەلی ئەو وەزارەتەشدا نیە، بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دانراوە، ئەو بەڕێوەبەرایەتیە مەهامەکەی جیاوازە لەگەڵ ئەم لیژنەیەدا، ئەم لیژنەیە لیژنەیەکە تەسبیتی واقعی حاڵی ئەو کەسە دەکات کە ئەمە زیندانیە یان نا؟، موعتەقەلە یان مەحجوزە یان موقوفە یان نا؟، بەو ڕێگا یاساییانەی کە باسمان لێوە کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار ڕەشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە نوێنەرێکی کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی کە لەماددەی پێنجەمدا هاتووە، ئێستا کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی نەماوە لە کوردستاندا، ئێستا کۆمکاری زیندانیانی سیاسیە، بۆیە ئەگەر ئەوە ڕاست بکرێتەوە ئەوە شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگەو مافی مرۆڤی تێدا بێت، ئەمە زیاتر پەیوەندی هەیە بە ئیسپاتاتەوە، هەموو زیندانیەکی سیاسی کە حوکم دەدەرێت، وە حوکم دراوە لە عێراقدا، لە وەزارەتی مالیە کە حوکم دراوە، نوسخەیەکی چووە بۆ وەزارەتی مالیەی عێراق، کە حجزی ئەموالی گواستراوەو نەگواستراوەی کراوە، کەواتە وەزارەتی پێشمەرگە لێرەدا هیچ واتایەکی نابێت، داتاشی نیە لەسەر ئەو خەڵکانەی کەگیراون، چونکە هیچ پەیوەندی بەو وەزارەتەوە نیە، لەوانەیە کاتێك کەوەزارەتی پێشمەرگە بەم شێوەی کە ئێستا هەیە، لەکوێ داتای هەبووە لەسەر ئەوانە، سەبارەت بەمافی مرۆڤیش خۆ ئەمانە ئەم لیژنەیە غەدر لەکەس ناکەن، ئەم لیژنەیە لەسەر ئەساسی ئەو ئیسپاتاتانەی کە دێنە بەردەستیان بڕیار دەدەن، کە ئایا ئەمە فیعلەن مەحکومە، یاخود ئەگەر حجز بوو، ئەوە بەشایەتی و مودەکە و شوێنەکە ئەوانە هەمووی دیاری دەکرێت، بۆیە من بەزیادی دەزانم، ئەگەر هاتو نوێنەری ئەوانیشی تێدا بێت، گەورە کردنی لیژنە، عادەتەن کارەکەی تەئخیر ئەکات، ئەبێت لیژنەیەکی کورت و پوخت بێت بۆ ئەوەی کارەکانی ئەوەی کە پێویستە بیکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین جمال، فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی کە چەند برادەرێك ئاماژەی پێدا، ئەو لیژنەیە تەنها مەبەستمان ئەوەیە ئەو لیژنەیەی کە دروست ئەبێت ودروست بووە سەر بەکوێیە؟، هەڵبەتە ئەم لیژنەیە کە ئەو بەڵگەنامانە کۆدەکاتەوە بۆ ئیسپاتی زیندانی بوونی ئەو کەسە، دەبێت ڕەبتی بەکەسێکەوە یان شوێنێکەوە هەبێت، داوا لەکاك عومەر ئەکەین، ئەو لیژنەیە سەر بەکوێیە؟، کێ سەرپەرشتی ئەو لیژنەیە ئەکات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو ئەندام پەرلەمان پێم وایە زیاتریش تەئکیدیان لەوە کردەوە، کە ئەم لیژنەیە بکرێت بە فەرمانگە، بەس وەڵامی ئەوەی نەدایەوە، خاڵێکی تر، پشتگیری ئەو قسەی نەسرین خان دەکەم، ئەم لیژنەیە، ئەگەر بوو بە فەرمانگە ئەبێت سەر بە شوێنێك بێت، ئەگەر لیژنەش بێت، دیسان لیژنەکە کاتیەو دۆسیەو ئەوەلیاتی بۆ دروست دەبێت، فایلات دروست دەبێت، دوایی ئەو زیندانیە سیاسیە موراجەعە ئەکات بۆ وەرگرتنی سولفە، یان زەوی، بۆیە دەبێت سەر بەشوێنێکی دیارکراو بێت، بۆ پاراستنی فایلەکان و ئەوەلیاتەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە، سەمیرە خان و سەرگوڵ خان، باسیان لەوە كرد، كە بكرێت بە دەزگاو وەكو عێراقی لێ بكرێت و فەرمانگەی هەبێت، ئێمە ئێستا لەهەرێمی كوردستان هەدەفمان تەرشیقی ئیدارییە، پێویستیمان بەوە هەیە كە كەمترین وەزارەت و كەمترین دەزگاو فەرمانگەمان هەبێت، ڕاستە لەعێراق بە موئەسەسەی سجنای سیاسی هاتووە، بەڵام ئەوەی لە عێراق هاتووە، ئەم دەزگایە ئیشوكاری (15) پارێزگا ئەكات، ئێمە ئەم لیژنەیە كەدانراوە، تەنها (3)پارێزگا ئەكات، ژمارەی زیندانیانیش بەو ژمارە زۆرە نیە، كە وەكو لەهەموو عێراقدا هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە پێمان وایە ئەو لیژنەیە زۆر كافیە، لەهەموو بارەكانەوە بۆ تەرشیقی ئیداریش، بۆیە پێویست ناكات بكرێت بە دەزگا، بەڵام عائیدیەتی ئەم لیژنەیە، ئەم لیژنەیە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانەو لەمادده خیتامیەكانیشدا ئەوەی كە ئەنزیمەو تەعلیماتی بۆدەردەكات، هەر ئەنجومەنی وەزیرانە، هەر بۆیە پەیوەستە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محمد شارەزووری، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو موناقەشەی كاك عومەر ئێستا مەفهومەكەی دابەدەستەوە، ئەبێت دیاری بكرێت كە ئەم لیژنەیە كە ئیشەكەی تەواو ئەبێت و كاتیە، ئێمە ئێستا هەموومان دەزانین كە ئەم لیژنەیە ئێستا دەستبەكارە، ئەم لیژنەیە ئیشەكەی كاتیە، دوایی كە ئیشەكانی تەواو بوو، ئەبێت بە سەریحی لەم یاسایەدا بڵێین كە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، یەكێك سەرپەرشتی دەكات، دووەم: ئێمە پێشنیارێكمان كرد لەخاڵی دووەمدا، زیندانی سیاسی و گیراوی سیاسی، ڕاگیراوی سیاسی تێدا نیە، كە ئەویشی بۆ زیاد بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئەخیرصیاغەی بكەنەوە لەسەر ئەو موداخەلانەی كە كران، دوایش دەیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

**اولا: تشكل لجنة خاصة برئاسة قاضي من الصنف الاول يرشحه مجلس القضاء في الاقليم وعضوية ممثلين لا تقل درجتهم عن مدير عام مهمتها النظر في طلبات المشمولين باحكام هذا القانون وترتبط برئاسة مجلس الوزراء ويمثلون الجهات الآتية:**

1- **مجلس الوزراء.**

2- **وزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين.**

3- **وزارة الداخلية.**

4- **وزارة المالية و الاقتصاد.**

5- **ممثل عن جمعية السجناء السياسين في الاقليم.**

**ثانيا: يثبت السجن السياسي او الاعتقال السياسي بالطرق القانونية امام اللجنة المشكلة بموجب احكام هذا القانون.**

**ثالثا: تصدر اللجنة قرارها بالاغلبية و يكون قرارها قابلا للطعن امام المحكمة الادارية وفقا لاحكام قانون مجلس شورى الاقليم رقم (14) لسنة 2008.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان بەو شێوەی کە خوێندرایەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، 3 کەسی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ئێستا دانیشتنەکەمان دوا دەخەین بۆ سبەنێ ئێوارەکەی سەعات (6) تا ئەو کاتە خوا ئاگادارتان بێت.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (32)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی 2011\6\30

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (32)

## پێنج شەممە رێكەوتی 2011/6/30

كاتژمێر (6)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2011/6/30 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (32)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (32)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (6)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2011/6/30 دا بەم شێوەیە بێت:

1 -بەردەوام بوون لەسە رخستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای ماف و ئیمتیازاتی زیندانیە سیاسیە كوردستانیەكان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە.

2-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای هەمواركردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە(1) ی ساڵی 1992ی هەمواركراو.

3-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری هەمواركردنی یەكەمی یاسای رێكخستنی خۆپیشاندان.

4-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای حیزبەكان لە هەرێمی كوردستان.

5-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

6-ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانی یەکەم لە خولی سێیەمی هەڵبژاردنی ساڵی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (32) ڕۆژی دانیشتن30/6/2011.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1) ی مادده(20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (32)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (6)ی ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 30/6/2011 دا بەم شێوەیە بێت.

1-بەردەوام بوون لەسە رخستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای ماف و ئیمتیازاتی زیندانیە سیاسیە کوردستانیەکان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە.

2-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموارکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە(1) ی ساڵی 1992ی هەموارکراو.

3-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری هەموارکردنی یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان.

4-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان.

5-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

6-ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانی یەکەم لە خولی سێیەمی هەڵبژاردنی ساڵی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە.

ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەکەین فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، بەڕێزان نووسراوێك بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان هاتووە، 30 ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ئیمزای کردووە، داوای دواخستنی گفتوگۆ لەسەر خاڵی یەکی بەرنامەی کار ئەکەن، لیژنەی یاسایی فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمان.

سەبارەت بە یاسای ماف و ئیمتیازاتی زیندانیانی سیاسی کە ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکرێ لە پەرلەمان، داواکارین ڕای حکومەت بە هەند وەربگیرێت، چونکە ئەم یاسایە تەبەعیاتی زۆری هەیە، لە هەفتەی پێشوو

**خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو، لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان کە زیندانیانی سیاسی بەڕێوەبەرایەتی دەکات، لە وەزارەت ڕایان وەرنەگیراوە، بۆیە تەئجیل کردنی ئەم یاسایە بە زەروور دەزانین، بۆ دیراسەت کردنی زیاتر، وە وەرگرتنی ڕای لایەنی پەیوەندار.**

1 - **سۆزانی خاڵە شەهاب.**

2 - **دڵشاد شەهاب.**

3 - **ئەڤین عمر.**

4 - **اسماعیل محمود.**

5 - **ئاراس حسین.**

6 - **سالم تۆما کاکۆ.**

7 - **جمال طاهر ابراهیم.**

8 - **ئەمیر گۆگە یوسف.**

9 - **جلال علی عبداللە.**

10-**حازم تحسین.**

11-**تارا ئەسعەدی.**

12-**پەروین عبدالرحمن.**

13-**بێریڤان سەرهەنگ.**

14-**شوان کریم کابان.**

15-**کاوە محمدامین.**

16-**شلێر محمد نجیب.**

17-**سەروەر عبدالرحمن.**

18-**سەردار رشید.**

19-**سەمیرە عبداللە.**

20-**زکیە سید صالح.**

21-**صباح بیت اللە.**

22-**صبیحە احمد.**

23-**عبدالسلام مصطفی.**

24-**ئاواز عبدالواحد.**

25-**علی حسین.**

26-**قادر حسن.**

27-**کەیلی اکرم.**

28-لانه احمد.

29-محمد شارەزووری.

30-فاضل بەشارەتی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەو بەڕێزانەی ئەوەیان خوێندەوە، ئایا هەر بەردەوامن لەسەری یان ئەتانەوێ بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شەهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەوەی دوای ئەو نووسراوەی کە نووسراوە، ئەمڕۆ بەردەوام بووینە کاری لیژنەکان تەبیعی ئەم نووسراوە دوێنێ هەقیقەتەن، ئەمڕۆ لە بەیانیەوە دەرفەت هەبووە، بەپێی ئەوەی ئاگادارین لیژنەی یاسایی بەتایبەت، خەریکی هەم پوخت کردنی مەوزوعەکە و هەمیش دوای تەئکید کردنەوەی کە وەکو لە بەرنامەشدا هاتووە، خۆی بەشی هەرەزۆری ئەوەی کە لە پڕۆژە یاسای حکومەتدا هاتووە، بە رەئی من وەکو ئەوەی هەر یەکێك لە برادەران ئازادە لە ڕەئی خۆی، بەلاَم من وەکو یەکێك لەوانەی کە ناوم هاتووە، ئەگەر تەحزیراتی دیکەی باش لە لایەن لیژنەکانەوە، تۆزێك پوختەی ئیشەکانیان کە حازراییان بۆی کردووە، ئەم تەئکیدەش کە کراوە، لە بەشی زۆری خاڵەکانی کە هەن لە پڕۆژەی حکومەتدا هاتوون، من پێم باشە بەردەوام بین لەسەری و گفتوگۆیەکە درێژەی پێ بدەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەم بەڕێزانەی کە ئێستا ناویانمان خوێندەوە، چونکە لەناو قاعە هەرکەسێك تەمسیلی شەخسی خۆی دەکات، سی کەسن، ئەوانەی ناومان خوێندەوە، گەر ئەتانەوێ بەردەوام بین، ئەوا بەردەوام ئەبین ئەوانەی تەوقیعیان کردووە، هەندێکیان لێرەن، کاك اسماعیل محمود.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە دوێنێ ئەو پێشنیارەمان کرد بۆ سەرۆکایەتی، لەسەر ئەوە بوو کە نوێنەری حکومەت لێرە حزوری نیە، لەسەر ئەوە بوو کە کێشەکە بوو، بۆیە پێمان باشە نوێنەری حکومەت ئامادەی جەلسەکە بێ، لەبەر ئەوەی ئیلتیزاماتی مالی زۆری هەیە، دووەمین ئەم یاسایە پڕە لە ئیمتیازات، ئیمتیازاتەکی یەکجار زۆری تیایە، ناکرێ ئەو ئیمتیازانەی کە لەوە پڕۆژە یاسایە هاتووە هی زیندانیە سیاسیەکان زیاتر بێ لە هی شەهیدان، چونکە ئێمە لەگەڵ ئەوەین بۆ زیندانیە سیاسیەکان هەرچی بکرێ موشکیلە نیە، بەلاَم لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك ئیمتیازاتی تێدایە، ناکرێ زیندانی سیاسی ئیمتیازی زیاتر وەربگرێ لە شەهیدان، پێم باشە دوا بخرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، جارێ با ئەمە یەکلا بکەینەوە، ئەوانەی تەوقیعیان کردووە، کە ناوەکانمان خوێندەوە، چەند لەو بەڕێزانە ئەیانەوێ تەئجیل بێ بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر لە سێ کەس زیاتر بێ، ئەوا هەقی خۆتانە، ئێستا بەڕێزێك داوای کرد بەردەوام بین، یەکێك داوای کرد تەئجیل بکرێ، ئەوەی ناویانمان خوێندەوە، دەست بەرز بکاتەوە، ئەگەر یەکێك ئەیەوێ لەسەر ڕەئیەکەی خۆیەتی و ئەیەوێ تەئجیل بکرێتەوە بۆ وەختێکی تر، فەرموو کاك سەروەر.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو یاداشتە کە ئێمە ئیمزامان لەسەری کردووە، ئەو تەبریرانەی کەوا هێناومانەتەوە بۆ ئەوەی تەئجیل بکرێت، یەکێکیان ئەوەیە کە وا پێویستە بیرو ڕای حکومەت وەربگیرێت، چونکە کۆمەڵێك ئیلتیزاماتی تری مالی دێتە ناو بابەتەکە، بەتایبەتی ئەوانەی کەس و کاری ئەنفال، هەروەها جگە لەوە مەسەلەیەکی تر یەکلا نەکراوەتەوە، مەسەلەی .........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەروەر، تەرح نا، بەردەوام یان تەئجیل؟، یەك کەلیمە، چونکە بۆ ئەوەی وەختەکەمان نەڕوات، یەك کەلیمە ئەگەر ئەتەوێ تەئجیل بێ، ئەیخەینە دەنگدانەوە، چونکە ئەوە یەکێکە، جەنابیشتە و برادەری تریشە لە پشتەوە دەستی بەرز کردووە، فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستم ئەوەیە کە دەڵێم ئەو تەبریرانەی کە نووسیومانە هەموویان وەکو خۆیان هەر ماون، یەکێك لەوانە لیژنەی شەهیدان و ........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

برای ئەزیزم، من ئەڵێم تەئجیلت ئەوێ یان بەردەوام بین؟.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە تەئجیل بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری له ڕاکەی کاك اسماعیل دەکەم، وەکو دوێنێ چۆنمان قەرار دا هەر ئەوەبێ، لەبەر ئەو موبەریراتانەی کە هەبوو لە ناوی، تەئجیل کردنەکەی بۆ ئەوەی زیاتر بتوانین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا ئەم یاداشتە هاتووە، دیارە ئەمە سێ کەس لەسەری بەردەوامە، کات تەواو، وەختی تەصویتەکەیە کێ ئەیەوێ ئەم پڕۆژەیە تەئجیل بێ بۆ کاتێکی تر تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، ئەوەی پێی خۆش نیە دەسەی بەرز نەکاتەوە، کێ ئەیەوێ تەئجیل بێ، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 19 بەڕێز لەگەڵدایە، کێ لەگەڵە لەسەری بەردەوام بین، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بەزۆرینەی دەنگ بەردەوام ئەبین، سوپاس، ئێستا لیژنەی یاسایی فەرموون ئەو سیاغەی کە قەرار بوو ئامادەبێ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ کار ئاسانی ڕۆیشتنی بەرنامەی ئەمڕۆمان، وا پێویست دەکات جەنابت بفەرمووی بۆ هێنانە پێشەوەی ئەو پڕۆژانەی کە پێشکەش کراون لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، بە دەنگدان بێتە پێشەوە بۆ ئەوەی خوێندنەوەیان بۆ بکەین، دواتر بچینە سەر بڕگەی یەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو پێشنیارە هاتووە کە ئەو پڕۆژانەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بێنە پێشەوە گفتوگۆکە بچێتە دواوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار بریتیە لەو پڕۆژانەی کە پێشکەش کراوە، ئیمڕۆ خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ بکرێت، پڕۆژەی یەکەم، پڕۆژەی پێشنیاری حەوتەمی یاسایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (1) ساڵی 1992ی پەرلەمان، لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، بریتیە لە:

1 - عونی بەزاز.
2 - عمر عبدالرحمن.
3 - شوان کریم کابان.
4 - شەونم محمد غریب.
5 - د.سەروەر عبدالرحمن.
6 - گەشە دارا حەفید.
7 - جەلال علی عبدالله.
8 - شیلان عبدالجبار.

9 - اسماعيل محمود.

10-قادر حسن.

11-شێردڵ تحسين.

ئەم پرۆژەيە، جەنابى سەرۆكى پەرلەمان، خۆى لە پێنج خاڵدا ئەبينێتەوە بەزمانى عەرەبى پێشكەش كراوە، ئەسبابى موجيبەى لەگەڵ نيە، تكايە ڕووبەڕووى ليژنە پەيوەنديارەكانى بكەوە.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا ئەم پرۆژە ياسايە ئاراستەى ليژنەى ياسايى و ئەندامە بەڕێزەكان دەكەين، ئێستا بۆ بڕگەى سێ لە بەرنامەى كار، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بڕگەى سێ لەبەرنامەى كار:

پێشكەش كردنى پرۆژە ياساى هەمواركردنى ياساى ڕێكخستنى خۆپيشاندان، ئەم پرۆژەيە لە لايەن ژمارەى ياسايى ئەندامانى پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە،

1 - ئارام قادر.

2 - سەرگوڵ رضا.

3 - عمر عبدالعزيز.

4 - بەيان احمد.

5 - ناسك تۆفيق.

6 - سەمير سەليم.

7 - حەمە سەعيد حەمە على.

8 - بيلال سلێمان.

9 - د.احمد وەرتى.

10-گوڵێزار قادر.

11-پەيمان عزالدين.

12-عظيمة نجم الدين.

13-عبدالرحمن حسين.

14-اسماعيل سعيد.

15-پەريهان قوبلاى.

16-نەسرين جمال.

17-كوێستان محمد عبدالله.

18-ئاشتی عزیز.

19-سیوەیل عثمان.

20-د.ڕێباز فتاح.

21-عبداللە مەلا نوری.

22-ڤیان عبداللە.

23-کاردۆ محمد پیرداود.

ئەم پڕۆژەیە خۆی لە 17 ماددە ئەبینێتەوە، بە زمانی کوردی پێشکەش کراوە، تکایە سەرۆکی پەرلەمان بیخەرە بەردەم لیژنەی تایبەتمەندەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی مافی مرۆڤ، هەروەها بۆ ئەنجومەنی وەزیرانیشی ئەنێرین، بۆ ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستانیش، بەڕێزان بۆ خاڵی چوار لە بەرنامەی کار.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی چوار لە پەیڕەوی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ بریتیە لە:

هەموار کردنی پڕۆژە یاسای حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەم پڕۆژە یاسایە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، بەم ناوانەی خوارەوە:

1 - ئارام قادر.

2 - سەرگوڵ رضا.

3 - بیلال سلیمان.

4 - د.احمد وەرتی.

5 - گوڵێزار قادر.

6 - عظیمة نجم الدین.

7 - عبداللە مەلا نوری.

8 - سیوەیل عثمان.

9 - پەیمان عبدالکریم.

10-کوێستان محمد.

11-د.پەریهان قوبلای.

12-عبدالرحمن حسین.

13-ئاشتی عزیز.

14-سەرهەنگ فرج.

15-د.ڕێباز فتاح.

16-نەسرین جمال.

17-ڤیان عبدالله.

18-عدنان عثمان.

ئەم پرۆژەیە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، خۆی لە بیست و سێ ماددە ئەبینێتەوە، بە زمانی عەرەبی پێشکەش کراوە، ئەسبابی موجیبەی لەگەڵدانیە تکایە، رووبەڕووی لیژنەی پەیوەنداری بکەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی مافی مرۆڤ، ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی دەکەین، ئێستا بۆ خاڵی پێنج لە بەرنامەی کار فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی پێنج لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، بریتیە لە:

بابەت/پرۆژە یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستانی عیراق.

کە لە شەست و نۆ ماددە خۆی ئەبینێت و بە زمانی عەرەبی پێشکەش کراوە، لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.

1 - کاردۆ محمد پیرداود.

2 - کاروان صالح احمد.

3 - عدنان عثمان.

4 - عبدالله مەلا نوری.

5 - نەسرین جمال.

6 - پێشەوا تۆفیق.

7 - عڤیمە نجم الدین.

8 - بورهان رشید.

9 - جعفر علی.

10 -شاهۆ سعید.

11 -د.زانا.

12 پەیام احمد.

تكایە رووبەڕووی لیژنەی پەیوەندیداری بكەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی، ئەنجومەنی دادوەری، ئەنجومەنی وەزیرانیشی دەكەین، بۆ ئەندامە بەڕێزەكانی پەرلەمانی كوردستانیش، ئێستا بۆ خاڵی شەش لە بەرنامەی كار.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی شەش لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان، بریتیە لە بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانی سیاسی، ئێمە دوای ئەوەی كە بە هەردوو لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی، ئەمڕۆ سەرتاسەر بەیانی كۆبوونەوەیەكی دوورو درێژ ئەنجامدرا، بە ئامادەبوونی ئەندامە بەڕێزەكانی هەردوو لیژنە، لەسەر زەوی ئەو موناقەشات و موقتەرەحاتانەی دوێنێ كرا، لەسەر شمول كردنی ئەم یاسایە، بەو كەسانەی هاووڵاتیانی كوردستان، كە زەرەرمەند بوون بە كاری سیاسی تاوانبار كراون، بەكاری سیاسی گیراون، بۆ ئەوەی ئەم یاسایە شمولیان بكات، ئێمە گەیشتینە نەتیجەیەك كە سیاغەیەكمان نووسی، ئەمەش سیاغەكەیە كە پێشكەشی بەڕێزتانی دەكەم، ئەو سیاغەیە ئیتیفاقی ئەندامانی هەردوو لیژنەی لەسەرە، كە ئەڵێ هەركەسێ زیندان كراوە حەپس كراوە، ئیعتیقال كراوە، تەوقیف كراوە، حیجز كراوە، هاووڵاتیانی كوردستان لەسەر ئەسبابی سیاسی شمول دەكات بەم یاسایە، تكایە بیخەرە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاخیر سیاغە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو یاسایە شمولی ئەو كەسانە ئەكات كە زیندان كراون و حەپس كراون، لە ئیعتیقال بوون، لە تەوقیف بوون، لە حیجز بوون، لە دانیشتوانی هەرێمی كوردستان لەبەر ئەسبابی سیاسی مەشمولن بە ئەحكامەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش كەرەمكە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كل من حبس او سجن او اعتقل او اوقف او احتجز لاسباب سیاسیة من مواطني اقلیم كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەڕێینەوە ماددەی یەك کە ئێمە وەستابووین لەسەر دەنگدان، ئەو موقتەرەحەی کە ئێستا دەنگی لەسەر درا، دوای گفتوگۆی دوورو درێژی ئەندامە بەڕێزەکان و هەردوو لیژنە، کۆك بوون لەسەر ئەوەی کەوا ئەو کەسانەی لەسەر ئەو تاوانە سیاسیەش گیراون شمول کران، ئێستا دەنگمان لەسەریدا، پێویستە ئەو بڕگەیەی کە ئێستا ئیزافەمان کرد، بگوێزرێتەوە لەم ماددەیەوە بۆ ماددەی پێنج، بۆ ئەوەی لە ماددەی پێنج کە باس لەسەر ئەوە کراوە (تسري احكام هذا القانون) ئەوانە شمول بکرێن بەو هەق و ئیمتیازاتانە، لەبەر ئەوە ئەو گواستنەوەیە ئەبێ بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر تیکراری بکەوە ئەوە فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو موقتەرەحەی ئەو بڕگەیەی کە ئێستا ئێمە دەنگمان لەسەریدا، بەهۆی ئەوەی کەوا ئەوانە مەشمولن لەسەر تاوانی سیاسی سجن کراون، حوکم دراون، ئیعتیقال کراون، تەوقیف کراون، لە هاووڵاتیانی کوردستان مەشمولن بەحقوق و ئیمتیازاتی ئەم یاسایە، ئەوە لەسەر بڕگەی یەك گفتوگۆی لەسەر کرا، بڕگەی یەك تایبەتە بە تەعاریف، لەبەر ئەوە ئێستاکە کە دەنگی هێنا، پێویستە جەنابت بیخەیتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی لە ماددەی یەکەوە بگوێزرێتەوە بۆ ماددەی پێنج.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەو شێوەیەی کە لیژنەی یاسایی داوای دەکەن، کە ئەو فەقەرەیە بگوێزرێتەوە بۆ ماددەی پێنج، لەوێ دابندرێت، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، چوار کەس لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بەردەوامبە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موقتەرەحێکی تر هەبوو، دەنگیشی لەسەر دراو دەنگی هێنا، بۆ ئەوەی کەوا ئەو کەسانەش مەشمول بن بە ئیمتیازاتی ئەم یاسایە، کە هەتا لە دوای ڕاپەڕینی ئازارەوە، گیراون هەتا ڕووخانی نیزامی عیراق، ئێمە لە لیژنەی یاسایی، لیژنەی دارایی، کۆك بووین لەسەر ئەوەی کە سیاغەکە بەم شێوەیە دابڕێژین، کە ئێستا پێشکەشی بەڕێزتانی دەکەم، ئەمە ڕەبتی بە فەقەرە چواری ماددەی یەکەوە هەیە،

چونكە ماددەی یەك، جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، فەقەرە یەك، فەقەرە دوو، فەقەرە سێ دەنگی هێنا، لەسەر برگەی چوار ماینەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە داڕێژرایەوە:

السجين السياسى هو من حبس او سجن بسبب معارضته للانظمة المتعاقبة في العراق لغاية 2003/4/9، تاريخ سقوط النظام في العراق على الراى او المعتقد او الانتماء الوطنى او السياسى او تعاطفه مع المعارضة او مساعدته لها او مشاركته الحركة التحررية الكوردستانية وصدر قرار الحكم عليه من قبل احدى محاكم او السلطات تابعة للانظمة المذكورة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان بەو شێوەیەی كە...، كاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێ دوو مەسەلەی تر خرایە دەنگدانەوە، چەند ئەندام پەرلەمانێك تەسنیەی لەسەری كرد، كە لەم ماددەیە جێگەی بۆ بكرێتەوە، ئەویش مەسەلەی پاشماوەكانی ئەوانەی كە كیمیا بارانی هەڵەبجە، ئیعتیقال كران و حیجز كران، چەند عەوائیلێك و چەند كەسێك، ئەوە یەك، دوو، ئەوانەی كە لە لایەن دوەلی ئیقلیمەوە كە لەسەر مەسەلەی قەومی و كوردایەتی و قەزایەی سیاسی و، دوەلی ئیقلیمی تێوە گلاوە، سێ، من پێموایە ئەگەر دوای 4/9 خەڵكی جێگە ناكۆكەكان، كەسی كورد، هاووڵاتی كوردی لە جێگە ناكۆكەكان، لە موسڵ لە كەركووك، لە خانەقین .......

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە كاك حمە سعید موناقەشە تەواو بوو، نیزامی بفەرموو، شەرح نەماوە، ئەو نوقاتانە ئەخرێتە دەنگدانەوە، ئاخیر سیاغە بخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە، فەرموو بەردەوامبە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رابعاً: السجين السياسى هو من حبس او سجين بسبب معارضه للانظمة متعاقبة في العراق لغاية 2003/4/9، تاريخ سقوط النظام في العراق على الراى او المعتقد او الانتماء الوطني او السياسى او تعاطفه مع المعارضة ومساعدته لها او مشاركته في الحركة التحررية الكوردستانية وصدر قرار حكم عليه من قبل احدى المحاكم او السلطات التابعة للانظمة المذكورة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، سوپاس، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، دوو كەس لەگەڵدانیە، بڕۆ بۆ ماددەكەی تر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**خامساً:**

**المعتقل السياسي كل من اعتقل او احتجز او اوقف دون صدور قرار حكم بذالك من قبل محكمة مختصة لنفس الاسباب الواردة في النقطة الرابعة من هذه المادة.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**نوقتەی نیزامی کاك عمر کەرەمکە.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاوالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەنیسبەت ئەم مادده فەقەرەی پێنجەمەوە، لەگەڵ ئەو فەقەرەیەی کە بەڕێز کاك عمر خوێندیەوە، گواستمانەوە بۆ فەقەرەی پێنج، تناقضی هەیە، چونکە لێرە حەسرت کردووە لە ماددەی رابیعەن، ماددەی رابیعەنیش باسی ئەوانەیە کە لە ئەنزیمەی قەمعی و ئەوە وە هین بووە، کەواتە ئەمە تناقض لەگەڵ ئەو فەقەرەیەی کە نەقلمان کردبوو، دەکات، کە باسی هاووڵاتیانی کوردستان دەکات، ئەو ئیشکالە قانونیە چۆن چارەسەر دەکات؟.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك عمر.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هیچ تووشی تناقض نابین، ئەمە تەعاریفە، ماددەی پێنج کە دوایی دێینە سەری ئەڵێین (تسری احکام هذا القانون) یەعنی واتە بڕگەو ماددەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ ئەبێ بەسەر ئەم کەسانەی خوارەوە کە ئیتر ناویان ئەبەین لە چوار بڕگە جێگەمان کردۆتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان بەو شێوەیە کە خوێندرایەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، دوو بەڕێز لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، گشت ماددەکە کێ لەگەڵدایە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە و دەنگتان بۆیدا؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، دوو کەس لەگەڵدانیە، ماددەی یەك بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا بچۆ ماددەی پێنج فەرموو.**

**بەڕێز: د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەبێت بەسەر:**

1-**ئەوانەی بەگوێرەی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە لە هاووڵاتیانی هەرێم دیاریکراون.**

2-ئەو حوکم دراو و گیراوە سیاسیانەی لە شالأوەکانی ئەنفال ڕزگاریان بووە لە حوکمەکانی یاسای ماف و ئیمتیازەکانی کەس و کاری شەهید و ئەنفالەکانی هەرێمی کوردستان-عیراق، ژمارە (11) ساڵی 2007 سوودمەند نەبوون.

3-ئەوانەی لە ناو زیندان و گرتووخانەکاندا لە دایك بوون لەکاتی گیرانی کەس و کاریاندا.

4-هەرکەسێك بە هۆکاری سیاسی لە هەرێمدا بەند کرابێ  یان زیندانی کرابێ، یان گیرابێ یان دەست بەسەر کرابێ.

ببوورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و دارایی بوو کە ئیتیفاقمان لەسەری کردبوو، ئەسلی ماددەکە تەنها ئەوەندەیە حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر هەموو زیندانی و گیراوانی سیاسی پیادە دەبێ، بەگوێرەی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە لە هاوولأتیانی هەرێم دیاری کراوە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

المادة الخامسة:

تسری احکام هذا القانون علی جمیع السجناء والمعتقلین السیاسین والذین تم تحدیدهم بموجب المادة الاولی من هذا القانون من مواطني الاقلیم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامە بەرێزکان، لەسەر ڕۆشنایی گفتوگۆکانی دوێنێ، ئەو بیروبۆچوونانەی کە ئەندامە بەڕێزەکان پێشکەشیان کرد، بە دوو فیئەی تر کە ئەم یاسایە بیگرێتەوە، یەکێك ئەو کەس و کارانەن کە لە شالأوەکانی ئەنفال گیرابوون و ڕزگاریان بووە، سوودمەند نەبوون لە یاسای شەهیدو ئەنفال، دووەم/ ئەو کەسانەی کە لە ناو موعتەقەل و سجنەکان لە دایك بوون، کە لەگەڵ کەس و کاری خۆیان بوون، بۆیە ئێمە لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی، ئەو ڕاو بیرو بۆچوونی ئەو بەڕێزانەمان بەهەند وەرگرت، پێشمان باش بوو بێتە ئەم ماددەیەوە، چونکە ئەم ماددەیە ئەسلی عینوانەکەی ئەوەیە کە ئەوانەی کە مەشمولن بە  حوکمەکانی حەق و حقوقی ناو ئەم یاسایە، ئەم کەسانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بۆیە ئێمە یاساکەمان بەم شێوەیەی خوارەوە داڕشت، ئەگەر بفەرمووی ئێمە موقتەرەحاتەکانی ئەو برادەرانەمان هەموو سیاغە کردۆتەوە، ئەو دوو فەقەرەیە باس بکەین و بیخوێنینەوە بۆ ئەندامە بەڕێزەکان، دواتر بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە ئەوە لەسەر ڕۆشنایی ئەندامە بەڕێزەکان وەرگیراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبی و بە کوردی بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەبێت بەسەر:

1-ئەوانەی بەگوێرەی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە لە هاوولاَتیانی هەرێم دیاریکراون.

2-ئەو حوکم دراو و گیراوە سیاسیانەی لە شالأوەکانی ئەنفال ڕزگاریان بووە و لە حوکمەکانی یاسای ماف و ئیمتیازەکانی کەس و کاری شەهید و ئەنفالەکانی هەرێمی کوردستان-عیراق، ژمارە (11) ساڵی 2007 سوودمەند نەبوون.

3-ئەوانەی لە ناو زیندان و گرتوخانەکاندا لە دایك بوون لەکاتی گیرانی کەس و کاریاندا.

4-هەرکەسێك بە هۆکاری سیاسی لە هەرێمدا بەند کرابێ یان زیندانی کرابێ، یان گیرابێ یان بەند کرابێ یان دەست بەسەر کرابێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش بیخوێنەوە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

تسري احكام هذا القانون على:

1- الذين تم تحديدهم بموجب المادة الاولى من هذا القانون من مواطني الاقليم.

2- المحكومين والمعتقلين السياسين، الناجين من حملات الانفال والغير مستفيدين من قانون حقوق وامتيازات ذوي الشهداء والمؤنفلين لاقليم كوردستان - العراق رقم 11 لسنة 2007.

3- المولودين داخل السجون والمعتقلات اثناء اعتقالهم.

4- كل من حبس او سجن او اعتقل او اوقف او احتجز لاسباب سياسية من مواطني الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (4) کەس لەگەڵدا نییە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، تەواو، چوو، کاك کاردۆ تەواو، تەصویت کرا، تەصویت دوێنێ لەسەر مەبدەئەکە کرا، ئەوەتا پرۆتۆکۆل لە لای منە، حەز دەکەی ئێستا بۆتان ئەخوێنمەوە، ئێوە قەرار بوو صیاغەی بۆ بکەن، صیاغەکە بەو شکلە کراوە، بۆ دەنگت بۆ دا، چیتان دەوێ؟، بەردەوام بە کاکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**الحقوق والامتيازات**

**المادة السادسة:**

**يتمتع السجين والمعتقل السياسي بالحقوق والامتيازات الاتية:**

**1- تخصص قطعة ارض سكنية له بدون بدل ومنحة ومبلغ مساوي لمبلغ سلفة العقار لبناء وحدة سكنية.**

**2- تحتسب للموظف فترة السجن او الاعتقال، خدمة لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد، تصرف له بغض النظر عن عمر السجين او المعتقل، وقت الحكم عليه بالسجن او اعتقاله.**

**3- يصرف لمن يصادق على اضبارته من قبل اللجنة منحة تقاعدية شهرية، وفقا للضوابط والتعليمات التي تصدره مجلس الوزراء على ان لا تقل المنحة التي يتقاضاها، عن ما يتقاضاه اقرانهم في الحكومة الاتحادية.**

**4- تحتسب فترة السجن خدمة لمن يعين في الوظيفة ولم يكن سابقاً فيها.**

**5- قبوله في الدراسات الاولية والعليا، استثناءاً من شرط العمر.**

**6- تتحمل الحكومة نفقات دراسته او احد اولاده في الجامعات الحكومية والاهلية داخل الاقليم.**

**7- تتحمل الحكومة تكاليف معالجته في المستشفيات الحكومية داخل الاقليم.**

**8- منح السجين منحة الزواج وقدرها خمسة ملايين دينار ولمرة واحدة.**

**9- يتمتع السجين بالامتيازات والمنافع التي تمنحها الحكومة للشرائح الاخرى في المجتمع.**

**10- في حالة كونه موظفاً، يحق له الجمع بين المنحة التقاعدية وراتبه الوظيفي لمدة 10 سنوات تعويضاً له، وله الحق في اختيار ايهما افضل بانتهاء المدة المذكورة.**

**11- اعتبار اليوم السابع من شهر شباط من كل عام يوماً للسجناء او المعتقلين السياسين في الاقليم وهناك رأيأن حول الفقرة كما يلي:**

**الرأي الاول:**

**ويمثل الاكثرية، الغاء الفقرة كاملاً.**

**12- تتكفل الحكومية مصاريف سفره لمرة واحدة الى خارج الوطن ويمنح مبلغ خمسة ملايين دينار لسداد تكاليف السفرة.**

**13- تكريمه بمداليات تقديراً لتضحياته في سبيل الحركة التحررية الكوردستانية.**

**14- تنتقل حقوق وامتيازات المتوفين منهم الى ورثته الشرعيين الباقيين على قيد الحياة.**

**15- اعفاء السجين السياسي او المعتقل السياسي في حالة انجازه معاملة التسجيل العقاري للعقار الممنوح لهم او بناء الارض او معاملة القرض او المنحة المخصصة لهم من الرسوم والضرائب وفق احكام هذا القانون.**

بەنیسبەت بڕگەی یازدەیەوە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی بەیانیمانەوە بە ئامادە بوونی نوێنەرانی زیندانیە سیاسیەکان، خۆیان داوایان کرد کە (الیوم السابع من شهر شباط) دەربهێندرێ و ئیلغا بکرێ، ئەو فەقەرەیەی لێ هەڵبگیرێ، بە واتا فەقەرەی یازدە ئیلغا بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێوە ئەندامی پەرلەمانن، لیژنەی پسپۆرن، خۆتان تەحەکوم دەکەن، مەیخەنە سەر شانی ئەم و ئەوە، خۆتان رەئیتان چیە؟، رەئی ئێوەم ئەوێ، فەرموون.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی سێیەم

## (ماف و دەسکەوتەکان)

ماددەی شەشەم:

زیندانی، یان گیراوی سیاسی ئەم ماف و دەسکەوتانەی دادێی دەبێت:

یەکەم: بێ بەرامبەر پارچەیەك زەویی نیشتەجێ بوونی بۆ تەرخان دەکرێت و بڕە پارەیەکی یەکسان بە قەرزی خانووبەرەشی پێ دەدرێت بۆ دروست کردنی یەکەیەکی نیشتەجێ بوون.

دووەم: بۆ فەرمانبەر ماوەی زیندانی، یان گیران بە راژە هەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی سەرمووچەو بەرز کردنەوەو خانەنشینی و، بۆشی خەرج دەکرێت، بە چاوپۆشین لە تەمەنی زیندانی، یان گیراو لەکاتی حوکم دانیدا بە زیندانی، یان گیران.

سێیەم: ئەوەی دۆسیەکەی لە لایەن لیژنەکەوە ئەرێ دەکرێت، مینحەیەکی مانگانەی پێ دەدرێت بەپێی ئەو پرەنسیپ و رێنماییانەی ئەنجومەنی وەزیران دەریان دەکات، بە مەرجێك ئەو مینحەیەی وەری دەگرێت کەمتر نەبێت لەوەی هاوچەشنانی لە حکومەتی فیدراڵدا وەری دەگرن.

چوارەم: ماوەی زیندانی بە راژە هەژمار دەکرێت، بۆ ئەو کەسەی دانەمەزرا بێت و پێشتر لە وەزیفەدا نەبوو بێت.

پێنجەم: بەدەر لە مەرجی تەمەن لە خوێندنی بەرایی و باڵاشدا وەربگیرێت.

شەشەم: حکومەت خەرجیی خوێندنی خۆی، یان یەکێك لە منداڵەکانی لە زانکۆکانی حکومەت، یان ئەهلی لەنێو هەرێمدا دەگرێتە ئەستۆ.

حەوتەم: حکومەت خەرجیی چارەسەر کردنی لە نەخۆشخانەکانی حکومەت لەنێو هەرێمدا دەگرێتە ئەستۆ.

هەشتەم: پێدانی مینحەی هاوسەرگیری کە بڕەکەی (پێنج ملیۆن) دینارەو بۆ یەك جار.

نۆیەم: زیندانی لەو دەستکەوت و سوودانەش بەهرەمەند دەبێت، کە حکومەت بە توێژەکانی دیکەی کۆمەڵیان دەدات.

دەیەم: ئەگەر فەرمانبەر بوو مافی هەیە تا ماوەی دە ساڵ هەردوو مینحەی خانەنشینی و مووچەی فەرمانبەری وەربگرێت وەك قەرەبوویەك بۆی و لە پاش تەواو بوونی ئەو ماوەیەی باس کرا مافی هەیە کامیان باشترە هەڵیبژێرێت.

یازدەم: رۆژی (7) حەوتی مانگی شوباتی هەموو ساڵێك بکرێ بە رۆژی گیراوان و زیندانیانی سیاسی لە هەرێم. لەبارەی ئەم برگەیەشەوە دوو ڕا هەیە:

رای یەکەم کە هی زۆرینەیە: رەت کردنەوەی سەرلەبەری برگەکە.

رای دووەم: بنەچەی برگەکە وەك خۆی بمێنێتەوە.

دوازدەم: حکومەت خەرجیی یەك گەشت بۆ دەرەوەی وڵات بۆ زیندانی، یان گیراوی سیاسی دەگرێتە ئەستۆ و بری (5) پێنج ملیۆن دیناری بۆ دانی تێچووی گەشتەکە پێ دەدرێت.

سێزدەم: بە میدالیا رێزی لێ بگیرێت وەك پێزانینێك بۆ قوربانی دانی لە پێناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا.

چواردەم: ماف و دەستکەوتەکانی ئەوانەی مردوون دەگوازرێتەوە بۆ واریسی شەرعی و ئەوانەی لە ژیاندا ماون.

پازدەم: زیندانیی سیاسی، یان گیراوی سیاسی لە حاڵەتی تەواو کردنی مامەڵەی تاپۆی خانووی کە پێیان بەخشراوە، یان بینا کردنی زەوی، یان مامەڵەی قەرز، یان مینحەی کە بۆیان تەرخان کراوە، لە رەسم و باج بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەبەخشرێن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان لەسەری.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەر هەموو برگەکانی کۆك بووین و موتەفیقین، تەنیا هەردوو لیژنە موتەفیقین لەسەر ئەوەی کەوا برگەی یازدەهەم لابرێت، واتا رۆژی حەوتی شوبات (اليوم السابع من شهر شباط من كل عام يوماً للسجناء او المعتقلين السياسيين)، ئەوەی لێ لابرێت، باقی تری هیچ کێشەو ئەشکالێکمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ماددەی شەش قسە بکات؟ ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن، رێزداران (کاردۆ محمد، کوێستان محمد، هاژە سلیمان، بەفرین حسین، گوڵێزار قادر، خلیل عوسمان، سەرهەنگ فەرەج، سیوەیل عوسمان، کاوە محمد امین، سەوەر عبدالرحمن، سەردار رشید، سمیرە گۆران، سالار محمود، ژیان عمر شریف، نەسرین جمال، عەونی بەزاز، پەیمان عزالدین، عبدالرحمن حسین، ئاشتی عزیز، گۆران

ئازاد، گەشە دارا، فاضل بەشارەتی، ناسك تۆفیق، هاوڕاز خۆشناو، دکتۆر احمد وەرتی)، کەسی تر ماوە؟ دڵشاد شهاب، کەسی تر هەیە؟ فەرمو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەتایبەت لەسەر خاڵی یازدەم کە باس لە ڕۆژێك دەکات (7)ی شوبات، بەلای منەوە زۆر پێویستە ڕۆژێك هەبێت کە وەکو سینبولێك تەعبیر بکات، بەشێك لە روحیەتی موقاوەمەو زیندانی بوونی خەڵکی کورد لە سایەی ئەو نیزامانەدا لەبەر هۆکاری سیاسی، کاتێك لەسەر بیرو رای سیاسی دەگیرێت، بەلای منەوە ئەو ڕۆژە پرسیارم کرد، ئەو ڕۆژە پەیوەندی بە یەکگرتنی ئەو ڕێکخراوانەیە کە یەکیان گرتووە، بەس بەلای منەوە زەروریە ئەو ڕۆژە هەبێت، بەڵام نەك (7)ی شوبات، ئەو ڕۆژانەی کە بەلای کورد لە زیندانی ئەهمیەتیان هەیە، بۆ نموونە لەیلا قاسم، خاڵە شهاب و هاوڕێیەکانی، یان ئەم چل منداڵەی کە لە سلێمانی منداڵ بوون و تەمەنیان زیاد کراو ئیعدام کران، ئەم ڕۆژە بکەینە گیرانیان، بکەینە ڕۆژی زیندانیانی سیاسی، یەعنی جۆرێك لە سینبولی و پیرۆزی بدەین بە مقاوەمەتی کورد، بەتایبەتی پەیوەندی بە زیندانی و گرتن و ئازاردانی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کوێستان محمد کەرەم بکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئی کاك کاردۆم هەیە، کە ڕۆژێك هەبێت، بەڵام ئەو ڕۆژە پشووی ڕەسمی نەبێت، ڕۆژێك بێت وەك یاد کردنەوە بۆ خۆڕاگری و سەربەرزی ئەو زیندانیانە، بەڵام منیش هەمان ڕەئیم هەیە، یەعنی یەکگرتنی ئەو ڕێکخراوانە، یەعنی هیچ هینێك نییە بۆ ئەو زیندانیانە، بەڵام ئەگەر ئەو حاڵەتانەی کاك کاردۆ باسی کرد، یەکێك لەو حاڵەتانە، حاڵەتێکی دیکە، ئەو ڕۆژە، کە ڕۆژێکە بۆ ئێمە، بۆ کورد، مانایەکی گرنگی هەیە، یەکێك لەو ڕۆژانە بکرێت بە ڕۆژی زیندانی سیاسی، نەك یەکگرتنی ڕێکخراوەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار هاژە کەرەم بکە.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر دەربارەی بڕگەی یازدە هەمان تێبینی ئەوەم هەیە، کە بۆ (7)ی شوبات دەست نیشان کراوە بە ڕۆژێك ببێت بە ڕۆژی زیندانیانی سیاسی؟ دەبێت ئەو ڕۆژەی دەست نیشان دەکرێت، بەڕاستی ڕەمزێك بێت، بۆ ئەوەی کە زیندانیانی سیاسی لەو ڕۆژەدا ئایا بە کۆمەڵ زیندانی کراون، یان هەر شتێك؟ بۆیە

گرنگە رۆژێك هەبێت و دەست نیشان بکرێت، بەلأم بۆ (7)ی شوبات؟ دەربارەی خاڵی چواردەم، ماف و دەستکەوتەکانی ئەوانەی مردوون دەگوازرێتەوە بۆ واریسی شەرعی و ئەوانەی لە ژیاندا ماون. من پرسیاری ئەوەم هەیە، ئایا هەموو ئەو ماف و دەستکەوتانە دەگوازرێتەوە؟ چونکە بەڕاستی ئەگەر هەموو ئەو ماف و دەستکەوتانەی کە لەو ماددەیەدا هاتووە، کێشەیەکی زۆر دروست دەکات، بۆ نموونە لێرە هاتووە پێدانی مینحەی هاوسەری، ئەگەر ئەو کەسە چوار منداڵی هەبوو، خۆ بە هەر چوارەکەی نادرێت، نازانم بۆ کامە دەست نیشان دەکرێت؟ یان مەسەلەی سەفرەکە، بە هەموو واریسەکان دەدرێت؟ بەڕاستی ئەوە لێرە کێشە دروست دەکات، بۆیە وا پێویست دەکات، کە لە بڕگەی چواردەم بە تەحدید دەست نیشان بکرێت، ئایا ئەو ماف و دەستکەوتانە هەمووی دەگوازرێتەوە بۆ واریسی شەرعی، یان هەندێك لەوانەی کە لە ماددەکەدا هاتوون؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بەفرین حسین کەرەم بکە.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زینـدانیانی سیاسـی، یـان راگیراوانـی سیاسـی سـەردەمی بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی گـەلی کوردسـتان نموونەی بەرخوردان و قوربانیدانی میللەتی کوردە، بۆیە هەر شتێکیان بۆ بکرێت هێشتا هەر کەمەو شیاو و شایستەی ژیانێکی ئارزوومەندانەن.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە لە بڕگەی دووەم و لە بڕگەی چوارەمدا ئاماژە کراوە بە خزمەت کردنی ماوەی گیرانی زیندانی سیاسی، یان گیراوی سیاسی بە راژە بۆی حیساب دەکرێت، چ فەرمانبەر بوو بێت، چ دانەمەزراو بێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە ئەو سەردەم زۆربەی ئەو کەسانەی کە دەگیران، یان سجن دەکران و دەخرانە نێو زیندانیەکانی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانەوە، گەنجانێك بوون هێشتا خوێندکاری ناوەندییەکان بوون، دوو، سێی ناوەندی بوون لە خوێندن دادەبڕان، بۆیە ئەوانە بێ بەش دەبوون لە خوێندن، دەکرێت ئەمانەش حیسابێکیان بۆ بکرێت، چونکە لە ئەنجامی زیندانی کردن، یان گیران و دەست بەسەرکردنیان بواری خوێندنیان نەماوە، چۆن دەڵێی بواری خوێندنەکەیان لە دەست داوە، بۆیە پێویستە ئەوانەش ئەگەر ئارەزوومەندن جارێکی تر بخوێننەوە، حکومەتی هەرێم پاڵپشت و پشتیوان بێت لە دابین کردنی کورسی خوێندن بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت بخوێنن.

لە بڕگەی حەوتەمیش باس لە چارەسەر کردنی زیندانی سیاسی، یان گیراوی سیاسی دەکات، کە حکومەتی هەرێم بڕە پارەکەی بۆ دابین دەکات لە نەخۆشخانەکان لەناو هەرێمدا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە زۆرێك لەو زیندانیانەی سیاسی، زۆرێك لە گیراوانی سیاسی، لەوانەیە لە ئەنجامی تووشی ئەشکەنجەدان و عەزابی نێو زیندانیان بەشێك لە جەستەکانیان زیانێکی زۆری تەندروستیان بۆ مابێتەوە، ئێستاش بە دەستیەوە دەناڵێنن، پێویستیان بەوە هەیە چارەسەر بکرێن لە دەرەوەی هەرێم، لە دەرەوەی عێراقیش،

بۆیه دەبێت حكومەتی هەرێم هاوكار بێت له ناردنه دەرەوەیان بۆ چارەسەر كردنی نەخۆشیەكانیان، نەك تەنها له نەخۆشخانەكانی هەرێم، یانیش دەكرێت له بڕی ئەوەی كه حكومەتی هەرێم خەرجی گەشت كردنیان بۆ دەرەوە رێك بخات، دەتوانرێت له بڕی ئەوە ئەو كەسانەی كه نەخۆشن و پێویستیان بەچارەسەر كردنی له دەرەوەی ولآت هەیە بنێردرێنه دەرەوە بۆ چارەسەر كردن.

بڕگەی یازدەش كه باس له دیاری كردنی رۆژی گیراوان و زیندانیانی سیاسی دەكات به بڕوای من ئەو رۆژە دیاری نەكرێت باشە، لەبەر ئەوە رۆژ زۆر زۆرە، ئەگەر ئێمە گرتنی كەسێك، یان سیاسی، یان ناودارێكی كورد دابنێین به رۆژی گیراوان و زیندانیانی سیاسی، دیارە ئێمە غەدر له كۆمەڵێكی تر دەكەین، بۆیە پێم باشە ئەو رۆژە دیاری نەكرێت، باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار گوڵێزار قادر كەرەم بكە.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له ماددەی شەشەم بڕگەی یازدەم لەگەڵ رەئی یەكەمدام، كه پێویست ناكات ئەم بڕگەیە لێرەدا بمێنێت، من پێشنیار دەكەم ئەم بڕگەیە ئیلغا بكرێت.

له بڕگەی چواردەم/ ماف و دەستكەوتی ئەوانەی مردوون دەگوازرێتەوە بۆ كەسوكاریان، من پێم باشە ئەو ماف و دەستكەوتانەی پێیان دراوە، لێرەدا تەنها له مینحەدا بێت، چونكه كه كاتێك بۆ خۆی نەماوە، پێویست ناكات ئەو هەمووە بدرێت به كەسوكاریان، من پێم باشە وەكو مینحە بۆ كەسوكاریان ببڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار خەلیل عوسمان كەرەم بكە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێك له برادەران قسەكانی منیان كرد، بەتایبەتی له ماددەی حەوتەم، من پێموایە هەروەكو هاوكارم بەفرین خان گوتی، بەشێكیان لەوانەیە تووشی نەخۆشی بووبن هەر له نەخۆشخانەكانی هەرێم مەعالەجە نەكرێن، دەرەوەشی تێ بكرێت، بەڵام بەڕاستی له موقابیلدا خاڵی دوازدە ئەو سەفەرە پێموایە زیادە لەحیاتیدا ئەمە لێرە زیاد بكرێت، بۆ ئەوەی نەخۆشخانەی دەرەوە، ئەوانەی له دەرەوە چارەسەر بكرێن، پشتگیری له پێشنیارەكەی هاژە خانیش دەكەم بەڕاستی، ئایا ئەم وەرسەیە لەوانەیە وەرەسە دوایی كێشەی كۆمەڵایەتیش بكەوێتەوە، كاتێك بۆ خۆی نەما بێت، ئەمە تەحویل دەبێت بۆ وەرەسە، من پێموایە ئەمەش حاڵەتێكەو چارەسەری بكەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سەرهەنگ کەرەم بکە.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەمڕۆ ڕۆژێکی گرنگە، چونکە بەم یاسایە دەتوانین بەشێك لە موعاناتی زیندانیانی سیاسی بەڕاستی تەعویز بکەینەوە، من لەسەر ماددەی شەشەم بەڕاستی لەسەر دوو بڕگە تێبینیم هەیە، بڕگەی یەکەمیان/ مەسەلەی تەخصیص کردنی پارچەیەکی ئەرزە، کە بەڕاستی من پێم باشە ئیزافە بکرێت، کە ئەگەر ئەو کەسە پێشتر سوودمەند بوو بێت بە هەر شێوەیەك، قەت ئەم پارچە زەویە وەرنەگرێت، چونکە ئێمە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەموو لایەك ئاگادارن کە موشکیلەی زۆری زەوی و زارو بێ جێگەیی بۆ خەڵك هەیە، بۆ ئەوەی ئەمە زیادەڕۆیی تیایە، هەست دەکەم ئێمە لێرە تەقەشوف بکەین و دەست پێوە بگرین، بۆ ئەوەی هەموو خەڵك ئیستیفادەی لێ بکات، ئەگەر پێشتر سوومەند بووبا، زیندانیە سیاسیەکە لێرە سوودمەند دەبێت، زۆر ئاساییە.

بڕگەی چوارەم، مەسەلەی سجن کردنەکەی بە خزمەت بۆ حیساب بکرێت، ئەگەر دوای ئەوە لە وەزیفە تەعین بوو، ئەمەش هەر زیادەڕۆیی تیایە، بە ڕەئی من ئەگەر ئەو کەسە خۆی لە وەزیفە بێت، مودەی سجنەکەی بە خزمەت بۆ حیساب بکرێت زۆر ئاساییە، ئەمە شتێکی تەبیعیە، بەلام ئەگەر لە دوای دەرکردنی ئەم یاسایە بچێتە وەزیفەوەو هەموو ئەو ساڵانەی لە سجن بووە بە خزمەت بۆی حیساب بکرێت، پێموایە ئەمەش زیادەڕۆیی تیایەو من داوا دەکەم ئەم دوو بڕگەیەش لابدرێت، بڕگەی یەکەم ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، کە ئەگەر سوودمەند بێت نەیگرێتەوە، بڕگەی چوارەمیش لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سیوەیل عوسمان کەرەم بکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت عەرەبیەکەی (ثامناً/ منح السجين منحة الزواج وقدرها خمسة ملايين دينار ولمرة واحدة)، حەقە ئەوەی بۆ زیاد بکەین (اذا كان عازباً)، ئەدی ئەگەر ژنی هەبێت؟ بیدەیتێ، دووبارە دەبێتەوە، واتا دووبارە ببێتە دوو ژن، نەخێر، (اذا كان عازباً)، ئەگەر خێزانی نییە، یان ئەگەر شووی نەکردووە، ئەوە شتێکی ترە، بەس ئەگەر بڵێی (لمرة واحدة)، پێشتر وەری نەگرتووە، ئێستاش وەربگرێت، دەکاتە دووەم ژن..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لە جێگای خۆتان قسە مەکەن، ڕجائەن، فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفو، بەنیسبەت برگەی (الحادیة عشرة)، تەبعەن من پێشنیار دەکەم بڵێم لەگەڵ رەئی یەکەمم لابدرێت، چونکە ئەو رۆژەی کە ئەو کۆمەڵانەی یەکتریان گرتۆتەوە ناکات، ئەگەر مێژوویەکی با بڵێین یەکەم جار کێ گیراوە، کێ زیندانی کراوە؟ یان بە کۆمەڵ گیراون و زیندانی کراون، ئەگەر ئەو رۆژە بکرێتە رۆژی زیندانیان پێم باشترە.

بەنیسبەت (14- تنتقل حقوق وامتیازات)، وابزانم لێرە حقوق نەما (وامتیازات المتوفین منهم الی ورثته الشرعیین الباقیین علی الحیاة) نییە (الباقیین في الحیاة)، بەنیسبەت کوردیەکەش یەك دەستەواژە هەیە، بەنیسبەت کوردیەکەی لە نۆیەم دەڵێت زیندانی لەو دەستکەوت و سوودمەندانەش بەهرەمەند دەبێت، بەهرەمەند واتا بڵێی شتێکی زیرەك بێت، ئەگەر لێی بەهرەمەند بێت، ئەگەر ئەوەی بکەینە زیندانی لەو دەستکەوتانە سوودمەند دەبێت، نەك بەهرەمەند دەبێت، ئەگەر تەماشای صیاغەکەی بکەنەوە بەڕێزان ئەندامانی لیژنە، چونکە بەهرەمەند وابزانم بۆ کەسێکە کە زیرەك بێت و لێوەشاوە بێت، بەس بۆ ئەوە نییە کە یەکێك ئیستیفادەی لێ دەکات و سوودمەند دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاوە محمد کەرەم بکە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لە برگەی هەشتەم پێدانی مینحەی هاوسەرگیرییە، کە برەکەی پێنج ملیۆن دینارەو بۆ یەك جار، ئەوە زیاتر روون کردنەوەی دەوێت، مەسەلەن هەیە زیندانی سیاسی بووە ژن و منداڵی هەبووە، زیندانیش کراوە، ئایا ئەویش دەگرێتەوە، یان نا؟ روون کردنەوەی زیاتری دەوێت، چونکە لێرەدا موتەکامیل نییە، زۆر وازیح نەکراوە بۆ یەك جار وەردەگرێت، ئایا ئەوانەی کە لەمەودوا زەواج دەکەن وەکو ئەوەی کە مینحەی زەواج، سولفەی زەواج بۆ منداڵانی شەهید لە بودجە پەسند کرا هەروەکو ئەوان دەبێت، یاخود هەر ئەوانەی کە زەواجیشیان کردووە پێشتریش و لەمەودواش زەواج دەکەن دەیانگرێتەوە؟ ئەوە لێرە زیاتر روون کردنەوەی دەوێت، هەروەها پشتگیری رەئیەکەی هاژە خان و کاك خەلیل دەکەم، ئەوەش دوایێ فیعلەن وەکو وەرەسەو مینحە زەواجە ئیمتیازێکە بۆ واریسەکە دەمێنێتەوە، بۆ منداڵەکانی دەمێنێتەوە، ئەوەش کێشە دروست دەکات بۆ کچ و کوڕی زیندانیانی سیاسیەکە ئەگەر لە ژیانیاندا نەما بێت. خاڵێکی تر، (پازدەم: زیندانی سیاسی، یان گیراوی سیاسی)، ئەوە خۆی دووبارەیە بە قەناعەتی من لە ماددەی شەشەم لە دێری یەکەم زیندانی سیاسی، یان گیراوی سیاسی ئەم ماف و دەستکەوتانەی تێدا دەبێت، خۆی ئەوە باس کراوە، باس کردن و دووبارە برگەکە رەکیك دەکات، ئەگەر لابدرێت پێم باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر سەوەر کەرەم بکە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من لەگەڵ ئەوەدام كەوا هەرچی ئیمتیازاتی باشە بۆ زیندانیانی سیاسی بێ، لەبەر ئەوەی لە رۆژگارێكدا قوربانیان داوەو موستەحەقی ئەوەن، بەلاَم لێرەدا هەست دەكەم ئەو ماددەیە روون نییە، پێویستە لە یاساشدا ناكرێت بەو جۆرە مەتاتیەتە بێت، بۆ ئەوەی روونتر بێت، هەم ئەوان ماف و دەستكەوتەكانی خۆیان دەست بكەوێت، هەم بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی كوردستاندا، بۆیە تكا دەكەم ئەو سەرنجانەی دەریدەبڕم لەبەرچاو بگیرێت. یەك/ سەبارەت بە خاڵی یەكەم لەو ماددەیەدا، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، كە دەڵێت پارچە زەوییەك بێت بەبێ بەرامبەر بۆ نیشتەجێ تەرخان بكرێت، ئایا ئەو پارچە زەویە تەرخان بكرێت، كە دەڵێت بێ بەرامبەر، مەبەست چیە تیایدا؟ ئایا مینحەیە؟ ئایا كەسێك ئەگەر بێتو جارێكی تر زەوی وەرگرتبێت و سوودمەند بێت، دەتوانێت لەوێش سوودمەند بێتەوە؟ ئایا ئەمە پێچەوانەی هەندێ یاسای تر نییە؟ چونكە تیایدا نەهاتووە بڵێ مینحەیە.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، لەوەی كە لەلای حكومەت هاتووە بە مینحە هاتووە، بەلاَم لێرەدا لە عەرەبیەكەش نەنووسراوە مینحە، ئەمە پێویستی بە روون كردنەوە هەیە، ئەمە خاڵێك. خاڵێكی دووەمیان/ ئەو برە پارەیەی كە دەڵێت بە قەرد پێشینەی خانووبەرە، ئەو بڕەی بۆ دەست نیشان بكرێت، ئایا ئەو دەتوانێت پێشینەی خانووبەرە وەربگرێت، ئەمەش وەربگرێت؟ ئەگەر پێشینەی خانووبەرە وەردەگرێت، ئەمە چۆن وەردەگرێت؟ ئەی ئەگەر ئەمە وەردەگرێت، ئەمەش دەداتەوە؟ قەرزە، یان قەرز نییە؟ ئەم خاڵەیان روون نییەو پێویستە ئەمە دیار بێت.سەبارەت بە خاڵی دووەم، كە دەڵێت بۆ فەرمانبەر ماوەی زیندانی، یان گیران بە راژە ئەژمار دەكرێت، دوێنێ كاك دڵشادیش باسی شتێكی كردو ورووژاندنی، بەڕێزانی تریش پشتگیریان لێ كرد، ئایا ئەو كەسەی لە زینداندا لە دایك بوو بێت، لە دوای ئەوەی كە دادەمەزرێت، ئەو فەترەیەی بۆ بە خزمەت حیساب دەكرێت؟ ئەمەش یەكێك لە خاڵەكانە، كە دیار بێت. سەبارەت بە خاڵی سێیەم، كە دەڵێت سەبارەت بەو مینحە مانگانەیە دەست نیشان دەكرێت، ئایا ئەو مینحەیە كەوا دەست نیشان كراوە چەندەو چۆنە؟ ئایا ئێمە لێرەدا تووشی ئیشكالێك نابین؟ دووبارەی دەكەمەوە هەرچی ئیمتیازاتی باشە بۆ زیندانیانی سیاسی هەبێت، بەلاَم لێردا پێموایە ئەمە لە ئیمتیازاتی شەهیدان زیاتر دەبێت، ئەگەر بێتو زیاتر بێت، كەسوكاری شەهیدان لەبەر ئەوەی شەهیدەكە گیانی لە دەستداوە هەست بە غوبنێك دەكەن، بۆیە لێرەدا دەكرێت ئێمە هەر لە دوای ئەم یاسایەوە، ئەگەر بەو شێوەیە بێت، پێویستە ئەو پرۆژە یاسایە، ئەو یاسای ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان هەموار بكرێتەوە.

سەبارەت بە خاڵی حەوتەم، دەڵێت حكومەت خەرجی چارەسەر كردن لە نەخۆشخانەكانی حكومەت لەنێو هەرێمدا دەگرێتە ئەستۆ، من پێموایە خەرجی چارەسەر كردنی نەخۆشخانە حكومیەكان زۆر ئاساییە، ئەوەندەش نییە، بۆ هەموو هاوولاَتیەكیش هەیە، ئەمە پێویستە لە نەخۆشخانە ئەهلیەكاندا بێ، لێرەدا ئەمە خاڵێكدا زیاد بكرێت بۆ زیندانیانی سیاسی، كەوا ئەو خەرجیە بگرێتە ئەستۆ.

سەبارەت بە خاڵی هەشتەم، پێدانی مینحەی هاوسەرگیری، ئەمەش لە پرۆژەکەی حکومەتدا هاتبوو، خۆی لە خۆیدا سێ ملیۆن بوو، لێرەدا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دیارە تەرحیان کردووە، کردوویانە بە پێنج ملیۆن دینار، ئەمەش ئیلتیزاماتێکی مالییە، ئەمە یەك لە شتەکان بوو، کەوا گوتمان پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، ئایا دەتوانێت ئەویش وەربگرێت و ئەمەشیان وەربگرێت؟ سەبارەت بە خاڵی نۆیەم، ئایا ئەمە بمبوورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەك خاڵی گرنگ هەیە، سەبارەت بە خاڵی یازدەم ئەوەی کەوا ئەم رۆژە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم رۆژە زۆر گرنگە کەوا هەبێت، بەلاّم من پشتگیری رەئیەکەی کاك کاردۆ دەکەم، کە دەڵێت رۆژێك بێت، ئێمە کۆمەڵێك رۆژمان هەیە، بۆ نموونە رۆژی چوار ئەفسەرەکە، کەوا زیندانی کراون و ئیعدام دەکرێن، بۆ نموونە، ئەگەر بمانەوێت بۆ یەکەم رۆژ بگەڕێینەوە، یان یەکەم زیندانی ئەگەر بەدوای دابچین گرتنی شێخ مەحمودە، کاتێك کەوا دەستگیر دەکرێت، بۆ نموونە گرتنی خاڵە شەهاب و هاوڕێیەکانی، مەنعە تەجەولی سلێمانی کەوا خەڵك زۆر گیراوە، ئەمە بکرێت.

دوا خاڵم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە هەندێك یاسای ترمان دەرکردووە، بەتایبەت بۆ مەسەلەی سولفەی زەواج و سولفەی عەقار، ئەوانە پلە تایبەتەکان ناگرێتەوە...............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خەلاس، تەواو، بەڕێز، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کێ حەپس بووە، زۆر کەس لە قیادییەکانی ئێمەی مێژوویی زیندان بوونە، زنجیر لە پایان بووە، لە شێخ عبدالسلامەوە بگرە، بارزانی بگرە، شێخ مەحمودی حەفید بگرە، هەزاران کوڕو کچی کوردی بێ سەرو شوێن، جنودی مەجهولن، بۆیە ئەگەر شتێك وەکو سینبولێك بێت، شمولی هەموویان بکات، زۆر باشە، رێزدار سەردار رشید کەرەم بکە.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە، ئیمتیازات، دیارە زیندانیانی سیاسی ئەو تێکۆشەرانە بوون، کە بەگشت ئەو واقیعە سیاسییەی سەردەمی دیکتاتۆریەت و داگیرکاریدا موقاوەمەی سەرسەختانەیان کرد لە زیندانەکانداو، سووکایەتی بە خۆیان و کەسوکاریان لە رۆژانی مواجەهەدا، زۆرێك لەم ئیمتیازاتانە بەڕاستی کە لەم بڕگەیەدا هاتووە بۆ هەموو هاوولاّتیەك هەندێکی دابین کراوە، ئیمتیاز ئەوەیە بەڕاستی تۆ قەرەبووی دەکەیتەوە، ناکرێت بڵێی ئەمە جارێك پێشتر سوودمەند بووە، نابێت بیدرێتێ، چونکە ئەمە قەرەبوویەکە بۆی دەکەیتەوە، وەك دەزانین یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2006ی عێراق هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی زۆر لەمە زیاتر بەڕاستی بۆ زیندانی سیاسی عێراق دابین کردووە، کە زیندانی سیاسی ئێمە لەگەڵ رێزمان بۆ ئەوانیش مەعلوم بووە کێ بوون، کە بە گژ دیکتاتۆریەت و بە گژ هێزێکدا چووە، کە هەموو دنیایی لەپشت بوو، لەبەر ئەوە حەقی رەوای خۆیانە ئەو ئیمتیازاتانەیان پێ بدرێت بە زیادەوە، من لەگەڵ ئەوەدام هیچ بڕگەو بابەتێك لەو ئیمتیازاتانە لا نەبرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سمیره گۆران کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیره عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە باسی ئیمتیازات بکەین و بەراوردی بکەینەوە لەگەڵ عێراق، ئێمە زۆر مەغدورین لەگەڵ ئەوان، بۆ نموونە، ماددەی وەکو لە پەرلەمانی عیراق پەسند کراوە، سەبارەت بە زیندانە سیاسیەکان، لێرەش پێویستە پەسند بکرێت، بەڵام ئەوان لەو کاتە حیسابیان کردووە کە زیندانی سیاسی ساڵی 1968، کە نیزامی بەعس هاتۆتە سەر حوکم، بەڵام ئێمە لە ساڵی 1961 شۆڕشی کوردی ئەیلولمان دەستی پێ کردووە، بۆ لەو کاتەوە زیندانی سیاسیەکانمان حیساب نەکەین، بۆ نموونە ئەگەر باسی راتب بکەین، مینحەکان، ئەگەر بەراورد بکەینەوە لەگەڵ عیراق دا، زیندانی سیاسی عیراق لە (2008/2/1) وەکو مینحە مانگانە بڕی (500) هەزار دیناریان وەرگرتووە، بەڵام زیندانی سیاسی کورد لە (2009/7/1) تەنها (390) هەزار دیناریان وەرگرتووە، تا (2011/3/1)، لە (2011/3/1) تا ئێستا بۆتە (450) هەزار، ئەگەر بەراورد بکەینەوە هاووڵاتیەکی عەرەب تا ئێستا (19) ملیۆن دیناری وەکو مینحە مانگانە وەریان گرتووە، بەڵام زیندانی سیاسی کورد تەنها (9) ملیۆن و (520) هەزار دیناری وەرگرتووە، واتا هەر زیندانییە سیاسییەکی کورد (9) ملیۆن و (480) هەزار دینار پارەیان لە هاووڵاتیانی عەرەب کەمتر وەرگرتووە، هەموو ماف و ئیمتیازاتەکانی تریشیان هەیە، زۆر زیاتریشیان هەیە، هەتا سەفەریش بۆ دەرەوەی وڵات و نەخۆشییان بۆ دەرەوەی وڵات و مافی حەج و ئەو شتانەشیان هەیە، بەڵام بۆ ڕۆژەکە، من لەگەڵ ئەوە نیم ڕۆژەکە دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا بۆ ئەم خولە و بۆ موناقەشەکردنی ئەم بابەتە کە توێژێکی گرنگ و هەستیار و تێکۆشەرن کە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان دا لەو ئازادی یە بەدی هاتووە، بەشێکی باشی پشکی شێر و سەروەریان بەردەکەوێ، خۆشبەختانە ئێمە ئێستا لەو قۆناغە قسە لەسەر ماف و ئیمتیازات و ئەو دەستکەوتانە دەکەین، بەداخەوە بەشێك لەو تێکۆشەرانە سەریان نایەوە بە بێ ئەوەی بگەنە ئەو ڕۆژگارە، خۆیان و خانەوادەیان سوودمەند بن یان بەهرەمەند بن لەم ماف و ئیمتیازاتانەی کە ئەمڕۆ ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بەڵام بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە دەبێ واقعیانە بیر بکەینەوە، تەماشای هەموو ئەو توێژانە بکەین کە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هەم بەشداریان کردووە، هەم قوربانیان داوە، هەروەها سەهمیان هەبووە لەو مەسیرەیەدا، ئایا بە بەراوردکردنی شەهید پێشمەرگەی دێرین، بە تێکۆشەرە دێرینەکان ئەم ئیمتیازاتانە بەراورد بەو یاسایانەی کەوا دەرکراوە، دەبێ لە ڕاستی دا

جۆرێك له عەدالەتی تێدابێ، له ئەساسی یاساكانیشمان بۆ چەسپاندنی عەدالەتی كۆمەڵایەتی و وەك یەكی بێ لە نێوان هاووڵاتیانی كوردستان دا، چونكە كە ئێمە قسە لەسەر ڕۆژگاری دەسەڵاتی ڕژێمە دكتاتۆرییەكان دەكەین، ئەوانەشی كە زیندانی نەبوون، ئەوانەشی هاووڵاتی ئەو وڵاتە بوون بەشێك لەو میحنەتانەیان چەشتووە، هەر یەكە بە جۆرێك، هەر یەكە بە شێوازێك، بەڵام من ڕام وایە دەبوو لێژنەی یاسایی زۆر وردتر لەسەر ئەم (15) خاڵەی كە بە ئیمتیاز بۆ ئەو بەڕێزانە دەستنیشان كراوە، ڕەئی خۆی بوتایە، بە پێی ئەوەی ئیمكانە بە بەراورد بەو یاسایانەشی كە دەرچوێندراوە، لەو ڕوانگەیەوە من دەستخۆشی دەكەم كە كۆمەڵێ برگەی گرنگ چەسپێندراوە، بەڵام بە تایبەتی لەسەر مەسەلەی بەخشینی ئەو بەڕێزانەی كە سوودمەند دەبن لە مەسەلەی ئەرز، لە بینا كردن، لە خانوو و ئەوانە، لە ڕەسم و باج، ئەوە لە چوارچێوەی عەدالەت دەچێتە دەرەوە، دەكرێ لە مەجالەكانی تردا تەعویز بكرێنەوە، ئەوەی پەیوەندی بە پێشینەی خانوو و بەرەوە هەیە لە ڕاستی دا ڕوون بكرێتەوە، هیچ هاووڵاتییەكی هەرێمی كوردستان بە مینحە وەری ناگرێ، ئەو توێژە بۆ بە تەنیا؟ زەوییان دەدرێتێ مەسەلەیەكی ئاسایی یە، كۆمەڵێ ئیمتیازاتی تر، مەدالیا یەكێكە لە مەسەلە گرنگەكان، دەستنیشان كردنی ڕۆژی زیندانیانی سیاسی لە كوردستان دا، لەو مێژووەدا كە ئاماژەی پێ دەكرێ، مەسەلەیەكی زۆر زۆر گرنگە، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەم كە قسە لەسەر ئەوە دەكات ئێمە بە تەحدید ساڵی 1963 بە دوا كە هاتە سەر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس حیساب بكەین بەدەر لەوەی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2006ی دەزگای زیندانە سیاسیەكان هاتووە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ژیان عمر، فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا ئێمە وەكو برای بەڕێزم كاك سالار وتی هەر شتێ بكەین بۆ ئەو زیندانە سیاسیانە ناگاتە یەك شەویان، شەوێكی تاریكی ژوورە ئینفیرادییەكان كە بەسەریان بردووە، من لەگەڵ ئەوەم و پشتگیری كاك سالار دەكەم، بەڵام من وا بۆی دەچم هەموو شتێ لە دونیادا ئەوە بەسەری دا تەتبیق دەبێ كە دەڵێ/ (الحي قبل الميت)، بەڵام بەسەر شەهید دا تەتبیق ناكرێ، لەبەر ئەوەی تاكو ئێستاش شەهیدی سلێمانی و كەركووك و گەرمیان ئەرزی وەرنەگرتووە، تاكو ئێستا مناڵی شەهید كرێچی یە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەمە هەموو شتێك بكرێ بۆ ئەوان، بەڵام دەبێ بۆ ئەوانیش چاوێ بخشێندرێتەوە بەو یاسایە، تاكو كەی شەهید ئەرز وەرنەگرێ؟ ئەوە ئێمە بیست ساڵە ئازاد بووین، بووین بە حكومەت، بەڵام تاكو ئێستا شەهیدمان ئەرز وەرنەگرێ؟ من لەسەر ئەوە ڕەخنەیەكم هەیە، بۆ نموونە كە دەڵێم/ لەگەڵ شەهید دا، لە برگەی پێنجەم كە دەڵێ بەدەر لە مەرجی تەمەن لە خوێندنی بەرایی و باڵاش دا وەربگیرێ، شەشەم كە دەڵێ حكومەت خەرجی خوێندنی خۆی یان یەكێك لە مناڵەكانی لە زانكۆكانی حكومەت یان ئەهلی لە ناو

هەرێم بگرێتە ئەستۆ، شەهید نیوەی وەردەگرێ، منالّی شەهید نیوە وەردەگرێ، بەلاّم بۆ ئەو گوتراوە بە کاملی، من لەگەڵ ئەوە نیم کە ڕۆژ دیاری بکرێ، چونکە ئەگەر ڕۆژ دیاری بکەین بەعزێ خەڵکمان لێ عاجز دەبێ، موشکیلەیەکمان بۆ دروست دەبێ، لە ماددەی (12) کە دەڵێ حکومەت خەرجی یان گەشت بۆ دەرەوەی وڵات، گەشتی چی؟ ئەگەر لە زیندان دا بریندار بووە، نەخۆشە ئەوە عادی یە بینێرێ بۆ دەرەوە، بەلاّم بۆ گەشت ئەوە موشکیلەیەك دروست دەکات، چونکە دەبێت پێشمەرگە و شەهیدیشمان لە یاد نەچێ، نابێ ئیمتیازی ئەوان لەوان زیاتر بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز نەسرین جەمال، فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی (6) من لەسەر بڕگەی دووەم دوای ئەوە چەند بڕگەیەکی تر، لە بڕگەی دووەم دا باسی فەرمانبەرێك هات، ئەو ماوەی زیندانی کە کاتێك فەرمانبەر بووە لە زیندان بووە، بە خزمەت بۆی حیساب بکرێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێستا زیندانە سیاسییەکانی ئێمە بە ئەوانەی کە فەرمانبەر بوون، ساڵێك بە دوو ساڵ بۆیان حیساب دەکرێ، یەعنی موزاعەفە ئەو خزمەتەی کە بۆیان حیساب دەکرێ، بەلاّم ئەگەر بێیتە سەر بڕگەی چوار دەڵێ بە یەك ساڵ بۆیان حیساب دەکرێ، ئەوە ناعەدالەتییەك لەو دوو بڕگەیە هەیە، لەبەر ئەوەی هەر هەمان زیندان بووە کە دوو کەسی تیایە زیندانی کراوە، ئەوەیان لەبەر ئەوەی فەرمانبەر بووە، ئەوەیان لەبەر ئەوەی فەرمانبەر نەبووە گیراون، ئەمیان بە دوو ساڵ بۆی حیساب دەکرێ، ئەویان بە یەك ساڵ بۆی حیساب دەکرێ، لەوێ دا لەوانەیە ئەو زیندانە هەست بە غوبن بکات کە لە دوایی دا تەعین دەبێت و بە یەك ساڵ بۆی حیساب دەکرێ، لە هەمان کاتیش دا ئەو زیندانی یە سیاسییانەی کە ئێستا بە خزمەت بۆیان حیسابە، ئەو مودەیەی کە بە خزمەت بۆیان حیسابە لە تەقاعودیان لێ دەبڕێ، باشە ئەم زیندانی یە سیاسییەی کە فەرمانبەر بووە، بەلاّم سجن بووە بە دوو ساڵ بۆی حیساب کراوە، ئەوەشی کە لە دوایی دا تەعین دەبێت و بە یەك ساڵ بۆی حیساب دەکرێ، چۆن دەبێ تەقاعودی لێ ببڕێ؟ کاتێك حەقە تەقاعودی لێ ببڕێ، کاتێك کە دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی خۆی، یاخود کاتێ کە دەچێتە دەوام، دوای ئەوە لە خزمەتەکەی تەقاعودی ببڕن، ئێستا حالیەن ئەوەی کە تەعین دەبێ، ئەو مودەیەی کە بۆی حیساب دەکرێ تەقاعودی لێ دەبڕن، ئەوەشی کە فەرمانبەر بووە و گەڕاوەتەوە، ئەو فەترەی کە بە دوو ساڵ بۆی حیسابە تەقاعودی لێ دەبڕن، ئەوە ناعەدالەتییەك لە بڕگەی دووەم و لە بڕگەی چوارەم دا هەیە، لێرە زیندانی سیاسی لە خاڵی (11) هەر چ ڕۆژێك دابنرێ بەڕاستی نازانی چ ڕۆژێ دابنێی لەو

کوردستانە بکرێ بە ڕۆژی زیندانی سیاسی، من هەست دەکەم زیندانی سیاسی زۆر لەوە گەورەترە کە تۆ ڕۆژێك دابنێی یادی بکرێتەوە، زیندانی سیاسی دەبێ ئاوها بێت ڕوو بکاتە هەر چ بەرپرسێك، هەر چ دائیرەیەك، هەر چ شوێنێك بەڕێزەوە ڕێزی لێ بگیرێت، خەڵك ئیحتیرامی بۆ دابنێ، نەك ئەوەی تەنها ڕۆژێك کە یادی بکرێتەوە، خاڵی (12) ئا لێرە ئەم خاڵی دوازدەهەمە حکومەت خەرجی یەك گەشت بۆ دەرەوەی وڵات بۆ زیندانی یان گیراوی سیاسی دەگرێتە ئەستۆ، لە دوای ئەوە ئایا زیندانێکی سیاسی ئەگەر سەردانێکی دەرەوەی وڵات بکات، من تەصەور ناکەم بە پێنج ملیۆن کیفایەتی بێت، کە دەڵێ دەگرێتە ئەستۆ، بە دوای ئەوە (و) دێتە بەینەوە، دەڵێ/ بڕی پێنج ملیۆن دینار بۆ دانی تێچووی گەشتەکەی پێ دەدرێ، یان دەبێ بڵێ/ بیگرێتە ئەستۆ، ئەو کاتە کە گرتی یە ئەستۆ حکومەت، چەندێك مەصاریفی هەبوو ئەو زیندانە سیاسی یە دەبێ بۆی صەرف بکرێ، یان دەبێ بڵێت/ بە بڕی پێنج ملیۆن دینار هاوکاری دەکرێ، یەعنی ئەو دوو جوملەیە دەبێ بکرێ بە یەك جوملە و تەحدید بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عەونی بەزاز، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو ڕایە دەکەم کە بڕگەی (11) لە ماددەی (6) ئیلغا بکرێ، هەروەها قسەکانم لەلایەن ڕێزدار سەرهەنگ و سیوەیل خان کرا، دووبارەیان ناکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز پەیمان عزالدین، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا دوو تێبینیم لەسەر کۆی ماددەکە هەیە، تێبینییەکانیشم پشتگیری کردنە لە ڕاکەی کاك سالار مەحمود، ئەوەی کە پێویستە ئێمە لە کۆی ئەم ماددەیە موراعاتی ئەوە بکەین کە ناعەدالەتی لە نێوان زیندانی سیاسی و لە نێوان شەهید و کەس و کاری شەهید دا دروست نەبێ، چونکە ڕاستە زیندانیانی سیاسی بە شەهیدی زیندوو ناو دەبرێن، بەڵام لانی کەم هەم خۆیان، هەم کەس و کاریان فرسەتی ئەوەیان هەبوو کە ئەو کەسەیان بە زیندوویێتی بێتە دەرەوە و لەگەڵی بژین، کە ئەم فورسەتە بۆ شەهیدان و کەس و کاری شەهیدان نەماوە، بۆیە لانی کەم ئەو عەدالەتە ڕابگرین، تێبینی دووەمم لەسەر کۆی ماددەکە ئەوەیە کە ئەو خاڵانەی پەیوەندی بە ئیمتیازاتی خودی زیندانییەکەوە هەیە کە زۆرترین موعانات ئەو چەشتوویەتی لە زیندان دا، قسەی لەسەر بکرێ و بمێنێتەوە، ئەوانەی کە پەیوەندی بەوەوە نیە، پەیوەندی بە کەسێکی ترەوە هەیە لە خێزانەکەدا، بەڕاستی حەقە قسە لەسەر ئەوە بکرێ کە لابرێ،

چونکە زیندانی سیاسی فەرقی هەیە لە شەهید، لەبەر ئەوەی ئەو باوکی نەماوە، حەقی ئەوەی نەماوە کە جارێکی تر باوکی ببینێتەوە، سوودمەند بێ ماددیەن و مەعنەویەن لە باوکی، لەسەر مادده بە مادده ئەوەی خاڵی یەکەم کە پەیوەندی بە زەوییەوە هەیە، دەبێ ئێمە بۆ ئەوە بگەڕێینەوە سەر دوو خاڵ، یەکەمیان سەر فەلسەفەی دابەش کردنی زەوی لە هەرێمی کوردستان دا، ئەگەر فەلسەفەکە لەوەدایە کە هەر هاووڵاتییەکی ئەم هەرێمە یەکەیەکی نیشتەجێبوونی هەبێ، دەبێ لەوەدا و بە پشت بەستن بەوەی کە لە دیوێکی ترەوە ئێمە بگەڕێینەوە بۆ یاسای ژمارە (4)ی عیراق کە زەوی تیایە بۆ زیندانی سیاسی، ئایا پێشتر وەکو هەرێمی کوردستان زیندانیانی سیاسی لە عیراق زەوییان وەرگرتووە؟ بۆ جاری دووەم لێی سوودمەند بوون، ئەم دوو خاڵە یەکلایی بکرێتەوە، چونکە لە هەرێمی کوردستان دا بەشێکی زۆری زیندانیانی سیاسی سوودمەند بوون لە زەوی، لێرەوە دەبێ ئێمە با بڵێین دژ بە یەکی، هەم لە نێوان فەلسەفەی دابەش کردنی زەوی، هەم لە نێوان ئەم یاسایەوە و ئەو یاسایەی لە عیراق دا دەرچووە دروست نەبێ، لە خاڵی چوارەم کە باسی ئەوە دەکات من پێم ئاساییە کە ئەو کەسەی کە بۆخۆی موەزەف بووە، فەرمانبەر بووە و گیراوە، ئەو مودەیەی بە خزمەت بۆ حیساب بکرێ، بەڵام لە ڕاستی دا زۆر نامەنتیقی و زۆر نا قانونی یە، زیندانێکی سیاسی کە لەبنەچەدا دانەمەزرابێ، لە دوای ئەوەی کە دادەمەزرێ، ڕەنگە بیست ساڵ بەسەر زیندانییەکەی دا تێپەڕێ بێت، ئەوەشی بە خزمەت بۆ حیساب بکرێ، کە ئەوە پێموابێ زۆر نامەنتیقی و ناقانونیشە کە من ڕام وایە ئەو خاڵە لابرێ، دواتر لە دوای چوارەم ئەوەی کە شەشەم کە نەفەقاتی یەکێك لە مناڵەکانی، یەعنی ئێمە بیرمان نەچێ ئێمە زۆرجار کەوتووینەتە خەیاڵێك کە پێمانوایە زیندانیانی سیاسی هەمووی دوێنێ بەربوون، مناڵەکانیان هەموویان لە خوار (18) ساڵەوەیە، یەعنی ئەوە تۆزێك دوورە لە ڕاستی یەوە، بۆیە حەقە ئەوەی کە ڕەبتی بە کەس و کاریانەوە هەیە، من پێشنیازی ئەوە دەکەم کە لابرێ، لەسەر هەشتەم مینحەی زەواج بۆ خۆی هەیە، پێنج ملیۆنیشە، لێرە ئێمە دەقیقەن مەبەستمان چی یە؟ یەعنی ئەگەر ئەو ژنی نەهێنابێ، ژن بێنێ، لە سولفەی ئیعتیادیش وەربگرێت و ئەوەش هەر وەربگرێ، یان چی؟ چونکە ئەوە وازح نیە ئەم خاڵە کە مەفرووزە جگە لەوەی کە زۆرینەی زیندانیانی سیاسی ئەوانەن کە ژنیان هێناوە، لەوەش دا تەحدید نەکراوە، کەواتە بۆ جاری دووەمیشی هەر واردە کە بۆی صەرف بکرێت، لە خاڵی (11) من هەر لەگەڵ ئەوەدام لابرێ، چونکە زیندانی سیاسی حاڵەتێك نیە وەکو ئەنفال، یان وەکو کیمیابارانی هەڵەبجە یەك ڕۆژ ڕوویدابێت، حاڵەتێکە بەردەوامی هەیە، بۆیە ناکرێ ڕۆژی بۆ تەحدید بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عبدالرحمن حسین، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پشتگیری هەموو ئەو بڕگانە دەکەم کە لە ماددەی شەشەم دا هاتووە، چونکە ئەگەر ئێمە بێین سەیری بکەین بڵێین بۆ بەرامبەری شەهید وایە و بۆ شەهید کەمترە و با بۆ شەهیدیش زیاد بکەین، ئەوەی پێمان بکرێ بۆ شەهید بکەین، ئەوە مافێکی ئەوەیان پێ بدەین، من پێموایە هێشتا کەمیشە، چەند پێمان بکرێ پێی بدەین، چونکە ئەوەحەقی خۆیەتی، ئەگەر ڕۆژێك یەکێك لە زیندان بێ، ڕۆژێك یەکێك حیسابی خۆی بکات لە زیندان چەند موعاناتی هەبوو، چەند ناخۆش بوو ئەو کاتە بیر دەکات ئەوە مافێکی خۆیەتی کە سەرەتایەکە پێی بدەین، ئەوەندە دڵی خۆش دەکەین بەرامبەری ڕۆژێکی نیە لە زیندان بێ، بۆیە من پشتگیری هەموو بڕگەکان دەکەم، بەڵام لە بڕگەی (11) کە دەڵێ ڕۆژی (7)ی مانگی شوبات بکرێ بە ڕۆژێکی سیمبول، ڕۆژی گیراوان و زیندانە سیاسییەکان، بەڕاستی ناکرێ ئەو ڕۆژە دەبێ نەبێ، دەبێ لابچێ، بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێ سیمبولێك دابنێین، ڕۆژێك دیاری بکەین، من پێشنیاری هەموو ڕۆژێکمان هەیە، زۆر کەسمان هەیە، زۆر سیمبولمان هەیە، زۆر خەڵکێکی هێژا و بە هەموو شێوەیەکی ڕێك و پێك گیراون و سجن کراون، ئیعدام کراون لەلایەن حکومەتی بەعس، بەڵام ئێستا من پێموایە لەیلا قاسم و هەڤاڵەکانی بخەینە ئەو ڕۆژەی کە لەیلا قاسم و هەڤاڵەکانی گیران، بخەینە ئەو ڕۆژە کە ببێتە سیمبولێك بۆ ئەو گیراو و زیندانە سیاسییانە، چونکە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی بەڕاستی کچ نەبوو لەو ڕۆژە کە ئەو موعاناتەی هەبێ یان ئەو هیممەت و ئەو مەوقیفەی هەبێ کە بەرامبەری حکومەتێکی ئاوا لە کولیە، لە جامیعە مەوقیفێکی وا دەربڕێ بڵێ من تەنزیمێکی سیاسیمە بۆ کورد خزمەتی بکەم، لەوێ بیگرن و زیندانیشی بکەن، لە مەوقیفی خۆیشی تەنازولی نەکردبێ، من پێموایە ئەو ڕۆژە بکرێت بە سیمبولێك و بۆ ڕۆژی زیندانی سیاسیان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئاشتی عزیز، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێکڕا دەمەوێ لەسەر کۆی پرۆژەکە، ئەوەی کە دیدە، یەعنی ئەو دیدگایەی کە دروستی دەکات، بە تایبەت ئەم ماددەیە، ئەگەر موقارەنەی بکەین بەو ئیمتیازاتانەی لە دەرەوەی قانون لە هەرێمی کوردستان دا دەدرێ بە کۆمەڵێك توێژ، بە کۆمەڵێ کەس، بەڕاستی ئەم ئیمتیازە کەمە، کێشەکە ئەوەیە کە ئێمە موقارەنەی بکەین بەو ئیمتیازە زۆرەی کە لە ناو هەرێم دا تەخشان و پەخشان دەکرێ، بەڵام ئەگەر موقارەنەی بکەین بەو ئیمتیازاتانەی کە لە قانون، لە چوارچێوەی قانون دا دراوە بە مامۆستا، بە خێزانی شەهیدان، بە کۆمەڵێك توێژی تر، بەڕاستی ئەم ئیمتیازاتانە عەدالەت پێکناهێنێ، بە پێچەوانەوە کۆمەڵێك ناعەدالەتی کە لەوانەیە کێشەمان بۆ دروست بکات، بۆیە دەبێ ئێمە بەڕاستی وەکو موشەریع بە ئەمانەتەوە بە بڕوای من لە چوارچێوەی یاسادا ئەگەر بمانەوێ وەکو تەشریع ئیمتیازات تەحدید بکەین، ئەم ئیمتیازاتانە زۆر زۆرە، پێویستە چاوی پێدا بخشێنرێتەوە، بەشێکیش لەم ئیمتیازاتانە دەبوایە بە

تەعلیمات دەربچووبایە، ئەم صەلاحیەتەمان جێ هێشتبایە لە دوای قەراری ئەو لیجنەیە کە موکەلەفە بەوەی کێ شموولی ئەم ئیمتیازاتانە دەکەن؟ لەوانەیە ژمارەی مەشمولین ئەوەندە زۆر بێ ، ئەم زۆری ئەم ئیمتیازاتانەی کێشەیەکی گەورە لە هەرێم دا دروست بکات، سەرەتا ئەگەر خاڵی یەکەمی ماددەی شەشەم، من تەئیدی ڕایەکەی کا سەرهەنگ دەکەم، ئەوە مەرجێکی لەگەڵ دا دابنرێ کە ئەو کەسە پێشتر سوودمەند نەبووبێ، خاڵی چوارەم/ تەئیدی ئەوە دەکەم ئەم بڕگەیە بە تەواوەتی لابرێ، چونکە ئێمە خۆمان ئیش لەسەر ئەوە دەکەین کە موەزەف و بەتاڵەی موقەنەعە نەمێنێ، خەڵك ناچار نەکرێ کە شوێنەکانی پڕ بکرێتەوە، کە ئەوە دەفعێکی بۆ دروست دەکات کە ئەو کەسە بچێتە یەکێك لە فەرمانگەکانەوە، ئەگەر ئیختیصاصیشی زەروور نەبێ، لەبەر ئەوەی کە ئەم خزمەتەی بۆ حیساب دەبێ ناچار دەبێ کە خۆی تەعین بکات، سەبارەت بە خاڵی (11) لەگەڵ ئەو ڕایەم کە ڕۆژێك تەحدید نەکرێ، چونکە خۆی تەحدید کردنی ڕۆژ لە ڕووی یادکردنەوە (2) مەبدەئی سەرەکی هەیە، یان بۆ خاتری ئەوەیە کە ئەوە وەکو دەستکەوتێك ئەو یادە لە نیشتیمانێك دا، لە هەرێمێك دا دەستکەوتێکی تیا ئینجاز بووە، ئەم ڕۆژە دادەنرێ بۆ یادکردنەوەی ئەو دەستکەوتە، کە ڕۆژی زیندانی سیاسی ئەم حالەتە نیە، حاڵەتی دووەمیان یان بۆ ئەوەیە کە لەم ڕۆژەدا ڕووداوێك ڕوویداوە بە مەبەستی قەلاچۆکردن و بنبڕکردنی ئەم ڕووداوە ڕۆژێك دادەنرێ بۆ یاد کردنەوە، کە ئەوە زیندانی سیاسی حاڵەتێکی بەردەوامە، هەموو ئەنزیمەیەك بە بەردەوامی ئەگەری هەیە کە زیندانی سیاسی هەبێ، یەعنی ناکرێ ئەو ساڵ لە یادەکەدا بەشدار بێ، ساڵێکی تر ئەو زیندانیە سیاسییە خۆی لە سجن دا بێت، یەعنی ئەوە حاڵەتێکی زۆر زۆر ناسروشتی دروست دەکات، بۆیە من بڕوام وایە کە ئەم ڕۆژە لابرێ، حاڵەتێکی زیاتر عەمەلی یە، سەبارەت بە خاڵی (11) تەئیدی بیرۆکەکەی پەیمان خان دەکەم، سەبارەت بە خاڵی (13) ئەوەی کە دەڵێ/ (تكريماً بميداليات تقديراً لتضحياته في سبيل الحركة التحررية)، ئەگەر ئێمە بە نیەت و بە ئیرادەی ماددەی یەکەم بێ کە ئەوانەی لە هەرێمیش دا، لە شەڕی ناوخۆدا ئەم صیاغەیە ئەوانیش بگرێتەوە، لەوانەیە حەرەکەی تەحەرووری کوردستانی ئەوان نەگرێتەوە، بۆیە پێویستە وشەی موعتەقەدات، چونکە دەکرێ لەسەر عەقیدەی ئەو کەسە، یان ڕەئی جیاواز، یان لە هەندێك ململانێ دا، لەبەر ئەوە بە تەنها حەرەکەی تەحەرووری ئەوانە ناگرێتەوە، بۆ ئەوەی تەواوەن هاوڕا بێ لەگەڵ خاڵی یەکەم دا، سەبارەت بە خاڵی (14) کە دەڵێ/ (تنتقل حقوق و إمتيازات المتوفين منهم إلى ورثته)، باشە ئەوانە کام لە ئیمتیازاتەکان؟ تەحدید نەکراوە، ئایا سولفەی زەواجەکەیە؟ زەوییەکەیە؟ چی یە؟ یان تێکڕا هەموو ئیمتیازاتەکان نەقل دەبێ؟ پێویستە ئەوەش تەحدید بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز گۆران ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتیوانی لە قسەکانی هاوڕێم کاك سالار و خاتوو پـەیمان دەکـەم، دیـارە ئێمـە مەبەسـتمان لـەو یاسـایە بەڕاسـتی کـە ماددەکـانی کـە لـەم فەصـلەدا دادەڕێژینـەوە دەبـێ مەسـەلەی بـەدیهێنانی عەدالـەتمان لەبەرچاو بێ، پێموایە ئەو خیلافەی کە لێرەدا لە نێوانمان دروست بـووە لەگـەڵ بـڕگـە و ماددەکـان ئەوەیـە ئێمە ئێستا ساڵی 1992 نیە ئەم یاسایە دادەڕێژین، واتا هەر ئەو کاتە نیە کە حکومەت ڕووخاوە و مـاف و ئیمتیاز بە زیندانیانی سیاسـی دەدەیـن، ئـەوەی ئێسـتا لـە عـێراق کـراوە دوای سـقوتی نیزامـی صـەدام، ئـەم یاسایە دەرچووە کە خەڵکەکە تازە ڕزگاری بووە لە زیندان دا، بۆیە ئەو ماف و ئیمتیازانەی پێ دراوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان وا ساڵی (2011)یە کە بە دەیەها جۆر لەوانەیە تـەعویز بـۆ زینـدانیانی سیاسـی لـە هەرێمی کوردستان کرابێتەوە، تازە ئێمە هاتووینە لەوەی عیراق باسی زیندانی یـە سیاسـییەکان و مافـەکان دەکەین، لەو جیاوازی نێوان ساڵەدا بۆتە هـۆی ئـەوەی کـەوا هەنـدێك بڕگـەی تیـابێ کـە ئەگـەر تیاشـی بـێ لەوانەیە نـەتوانن لێـی سـوودمەند بـن و، لەسـەر مەسـەلەی عەدالەتـدا ئێمـە کاتێـك موناقەشـەی مینحـەی زیندانیانی سیاسیمان دەکرد موبەریری حکومەت بە بەردەوام ئەوە بوو کە (10) هەزار دینـار بۆیـە کـەمتر دەدات بە زیندانیانی سیاسی بۆ ئـەوەی نەگاتـە ئاسـتی ئیمتیـازاتی شـەهید، مووچـەکەی شـەهید، بـەڵام بـە دیوێکی تردا لێرە دەبینین حکومـەت لـەو ئیمتیازانـەدا پـێش کەوتۆتـەوە، بۆیـە مـن بـۆ گـەورەیی خـەباتی زیندانیانی سیاسی پشتگیری ئـەوە دەکـەم زینـدانیانی سیاسـی مینحـەیان پـێ بـدرێ، خوێنـدنیان بـۆ تـەواو بکرێ کار ئاسانییان بۆ بکرێ، ماوەی زیندانیانیان بە خزمەت بۆ هەژمار بکـرێ، مـەدالیای ڕێزلێنانیـان پـێ بدرێ، کارئاسانیان بۆ بکرێ بۆ خوێندن، لـە بـاج دا ببەخشـرێن، بـەڵام چـەند خـاڵێکی تـر هەیـە پێویسـتە قەیـدی لەسـەر دابنـدرێ لـە ناویـان، لەوانـە مەسـەلەی زەوی بـە مـەرجی سـوودمەند بـوون بـن، خـەرجی چارەسەر کردن بە هۆی نەخۆشی بوو، ئەگـەر بـە هـۆی زینـدانی کردنـەوە تووشـی ببـوو، چـەند بڕگەیـەك لابچێ، یەعنی مینحەی زەواج لابچێ، چونکە لە یەك لە خاڵەکان دا وەك هەر هاووڵاتییەکی تـر سـوودمەند دەبێـت لـە وەرگـرتنی سـولفەی زەواج، مەسـەلەی گەشـت ڕوون نیـە ئەگـەر ئـەوە لـە بـەدیلی ئـەو حەجـە داندرابێت لە قانونی عیراق دا، ئەوە شتێکە و ئەگەر هەر گەشـتەکەی لێـرە دانـدرابێ، بەڕاسـتی لێـرەدا یـان وازح بکـرێ، یـان گەشـتێك بـەو شـێوەیە وازح نیـە، ئـەو خاڵـەی کـە مـاف و ئیمتیـاز بـۆ کـەس و کـاری دەگوازرێتــەوە ڕوون بکرێتــەوە هــەروەك باسـیان کــرد، لەگــەڵ ئــەوەش نــیم ڕۆژێــك دیــاری بکــرێ بــۆ یادکردنەوەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز گەشە دارا، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گشتی دیارە یاسـاکە وەکو هاوڕێکـانم وتیـان، زینـدانیانی سیاسـی شـەهیدی زینـدوون، ئێمـە ئەگـەر هـەر ئیمتیازێکیان بۆ دەستەبەر بکەین پێموانیە زۆر بێ، بەڵام بە کـۆی گشـتی ئەگـەر سـەیری یاسـاکە بکـەین و

بەراوردێکی بکەین لەگەڵ یاسای ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان سەیر دەکەین جۆرێك لە ناعەدالەتی دروست دەکات، لەبەر ئەوە لێرەوە ئێمە دەبێ کار بۆ ئەوە بکەین کە ئەو یاسایەش هەموار بکرێ، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم بە پێدانی پارچە زەوییەك منیش لەگەڵ هاوڕێکانم، لەگەڵ ئەوەدام کە بە مەرجێك سوودمەند نەبووبێ، بەڕاستی لە کاتێك دا دەبینی زیندانێکی سیاسی مامۆستایە، وەکو مەوقیعە وەزیفییەکەی سوودمەند بووە، پارچە زەوییەکی وەرگرتووە، زیندانێکی سیاسی تر لە کارێکی ڕەسمی نیە و زەوی وەرنەگرتووە، لێرەدا ناعەدالەتی لە بەینی دوو زیندانی سیاسیش دا دروست دەکات، بێ لەوەی کە وەك وتمان کەس و کاری شەهیدانیش، پێدانی مینحەی هاوسەری کە بڕەکەی پێنج ملیۆن دینارە بۆ یەك جار، وابزانم پەیمان خان باسی کرد کە زۆربەی زیندانیانی سیاسی زەواجیان کردووە، لەبەر ئەوە پێموایە ئەگەر ئەو مەرجە دابنێین لە کاتی وەرگرتنی سلفەکە زەواجەکە قائیم نەبێ، کاتی ژن هێنانە، یاخود شووکردنە، بە نیسبەت دیاری کردنی ڕۆژەکەوە منیش هاوڕام لەگەڵ هاوڕێکانم کە باسی ئەوەیان کرد پێویستە ئەو ڕۆژە پەیوەندی بە ڕۆژێك لەو ڕۆژانەوە هەبێ کە سەروەری بۆ نەتەوەکەمان بەدی هێناوە، نەك ڕۆژی یەکگرتنەوەی ئەو کۆمەڵەیە، وەکو ئێمە پرسیارمان کرد کە ئەو (7)ی مانگە بۆ ئەوە دانراوە، سەبارەت بەو سەفەرە من پێموایە سەفەر بۆ حاڵەتێکی (إضطرار)ی بێ، بۆ پێویستی ئەو زیندانی یە سیاسی یە بێ، نەك هەر سەفەرێکی گەشت و گوزاری بێ، بۆ نموونە بە هۆی چارەسەری تەندروستی یەوە ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێ کە نەخۆشییەکەشی بە هۆی زیندانی کردنەوە تووشی بووبێ، واتا عیلاقەیەکی سەبەبی هەبێ لە نێوان نەخۆشییەکەشی و زیندانی کردنەکەدا، خاڵێکی تر/ ئەگەر پێویستە زیاد بکرێ لەم ماددەیەدا پلە تایبەتەکان ئیستیسنا بکرێن لەم ماف و ئیمتیازاتانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز فازل بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ هیچ کام لە خاڵەکانی ئەم ماددەیە موخالیف نیم بەڕاستی، زۆریش بە باشی دەزانم هەموو خەڵکە خەباتگێڕەکانی هەرێمی کوردستان و هەموو چین و توێژەکانی هەرێمی کوردستان ئومێد دەکەم لەم جۆرە پرۆژەی بۆ دەربکرێ، بە هەقیشی دەزانم و ئەو ڕۆژەشی پێموایە خەباتیشمان بۆ ئەو ڕۆژە کردووە، وەکو ئەو هاوڕێیانەم باسیان کرد، ئەوەی کە لەلای من جێگەی تێبینی یە بەڕاستی ئەو ئیمتیازاتانەی لێرە بۆ زیندانیانی سیاسی دروست کراوە، بە بڕوای من ئێمە دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی تری گەورە لە ناو خەڵکە خەباتگێڕەکانی خۆمان، چونکە زۆرباش دەزانم، هەمووشمان پێمانوایە کەس و کارمان تووشی ئەو عەزابی سجن و گیران و تەعزیبە بووە، بەشێك لە ئازارەکانمان چەشتووە، ئەگەر بە سۆزی کەسایەتیش یان بە سۆزی هاوپەیمانێتی بێت، بەس بەڕاستی ئەوانەی کە تووشی ئەم عەزاب و دەرد و زەجرە بوون، دەبێ ئاوڕێك لەو پێشمەرگە و خەباتگێڕانەش بدرێتەوە کە (30) ساڵ پێشمەرگەی

سەردەمی شاخ بووە، ئەم ئیمتیازتانەی بۆ دیاری نەکراوە، ئێمە ئەوە چەند ساڵە باس لە مووچە، یەعنی مووچە شتێکی، زۆر حەقێکی ڕەوای خۆیەتی، هەتاوەکو ئێستا ئەو گرفتەمان بۆ چارەسەر نەکراوە کە باسی مووچەی پێشمەرگە دەکات، بۆیە من ئومێد دەکەم قسەکەشم وا وەرنەگیرێ کە من دژی ئەم ئیمتیازاتانەم، بەڵام دەبێ ئاگامان لەوە بێ کە بەرپرسیارێتی ترمان بۆ دروست دەبێ لەبەردەم ئەم ئیمتیازاتانەی کە بۆ زیندانی سیاسی دروست کراوە، تەئیدی هەر هەمووی دەکەم، هەر لە هەمان ماددە لە خاڵی (6) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، باسی ئەندامێك لە خێزانی ئەو گیراوە سیاسی یە دەكات کە مەصرەفی خوێندنی پێ بدرێ، هەرچەندە خوشکی بەڕێزم باسیان کرد، بەڵام لێرە دیاری نەکردووە شێوەی هاوکارییەکەی چۆنە، لە خاڵێکی تری دا باس دەکات لە ناو هەرێم، بەڵکە ئەم کەسە کەسێکی بەهرەمەند بێ و پێویست بێ بنێردرێت بۆ دەرەوەی وڵات، لە وڵاتێکی ئەوروپی بخوێنێ کە سوودمەند بێ بۆ ئەم وڵاتە، لەبەر ئەوە داواکارم و پێشنیاریش دەکەم ئەو خاڵەی بۆ ئیزافە بکرێ ئەو لایەنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ناسك توفیق، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من سەرەتا باس لە ناونیشانی ئەو بەشە دەکەم کە ناومان ناوە ماف و دەستکەوتەکان، لەبەر ئەوەی یاساکە گۆڕا بوو بە ئیمتیازات، بکرێ بە ئیمتیازات، ئەوە یەك، دوو، کاتێ کە دەڵێی زیندان یان گیراوی سیاسی ئەم ماف و دەستکەوت، دەبێ بڵێی ئەم ئیمتیازاتانەی هەیە، لە خاڵی سێهەم دا دەڵێ/ ئەوەی دۆسیەکەی لەلایەن لێژنەکەوە ئەرێ دەکرێ، مینحەیەکی دەدرێتێ، ئەوە دەبێ هەر لە ئەوەڵەوە بینووسی، چونکە هەر لە ئەوەڵەوە پێویست دەکات بڵێی ئەوەی ئەگەر لێژنەی یاسایی ئەم سەرنجە بە هەند وەرگرێ، چونکە دیارە تەنها بۆ مینحەکە نیە، هەر لە ئەوەڵەوە دەبێ دۆسیەکەی ئەرێ بکرێ، لەبەر ئەوە دەبێ لە سەرەتای ماددەکە بنووسی ئەوەی دۆسیەکەی لەلایەن لێژنەوە ئەرێنی دەکرێ ئەم ئیمتیازاتانەی لای خوارەوەی هەیە، ئینجا بێیتە خوارەوە، نەك تەنها بۆ مینحەکە، بۆ هەمووی وایە، یەعنی دەبێ دۆسیەکە ئەرێ بکرێ کە ئەوە زیندانی سیاسی یە، بەڕاستی من لەگەڵ تەواوی قسەکانی کاك سالار و ژیان خان دام و دواتر پەیمان خان و ئاشتی خان کە پشتگیریان کرد، بەس لەوە تۆزێك لەگەڵیان نیم کە دەڵێ/ مەسەلەن ئەوانە لەوانەیە زەواجیان کردبێ، ئێمە بیرمان نەچێ لە خاڵی پێنجەم دا لە ماددەی پێنجەم دا گیراوی سیاسیمان زیاد کردووە کە لە ناو هەرێمی کوردستان دایە، کەواتە ئەوە لەسەر بیروڕای جیاواز شمولی ئەم ئیمتیازاتانە دەکات، کەواتە بۆی هەیە لە دوای نەوەتەکان دا گیرابێت، ئەوانە شموولیان دەکات، خاڵی یەکەم کە دەڵێ/ بێ بەرامبەر پارچە زەوییەکی پێ بدرێ، بڕە پارەیەکی قەرز، ئەوە بە هەموو هاووڵاتییەك دەدرێ، یەعنی هەر هاووڵاتییەك قیتعەیەك ئەرزی هەبێ قەرزی خانوو و بەرەی دەدرێتێ، لەبەر ئەوە پێموایە زیادکردنی ئەم خاڵە لێرە هەر بۆ ئەوەیە پێیان بڵێین مینحەتان دەدەینێ، ئەگینا شتێکی زیادە

نیە، کە خۆی ئەرزی پێ درا ئۆتۆماتیکی دەبێ عەقاری بدرێتێ، قابیلە عەقاری نەدەینێ؟ خاڵی سێیەم کە دەڵێ/ بە مەرجێك ئەو مینحەیەی وەری دەگرێ کەمتر نەبێ لە هاوچەشنەکانی، ئەوەش لە بودجەی ئەو ساڵ دا ئیقرار کرا کە دەبێ هەموو توێژەکان، هەموو مووچەمان وەکو مەرکەز وابێ، بە مەرجێ کەمتر نەبێ، کەواتە ئەوەش هەر زیندانی سیاسی دەگرێتەوە کە مینحەکەی دەبێ لە زیندانیانی سیاسی ئەوێ کەمتر نەبێ، خاڵی پێنجەم بەدەر لە مەرجی تەمەن، من پێموایە با یەك تۆز بیلێیمەوە، ئەوە مانای نیە، من کە خەڵك دەبینم کەس و کاری شەهیدە، بڵێین باوکی نەماوە، هاوسەری نەماوە، شەهید بووە، بەلام حیسابی عومر بۆ کراوە بۆ مەسەلەی خوێندن، حیسابی ئینتیمای سیاسی بۆ کراوە مەحروم بووە لە خوێندن، ئێستا تۆ دێیت بەس ئەم خاڵە تایبەت دەکەی بە زیندانی سیاسی، لێرە ناعەدالەتی دەکەی بەرامبەر کەسوکاری شەهیدان، بۆیە پێموایە ئەو خاڵە هەلگرین لە کاتی خوێندنی بالا یان بیکەینە تەعلیماتێك کە بە جیدی هەر کەس ویستی بخوێنێ موشکیلەی تەمەنی بۆ دانەنرێت، چونکە ئەمە مافێکی سروشتی ئەو کەسە خۆیەتی، خاڵی 8 هەر عەینەن شت من پێموایە ئەمە لابەین، پێدانی مینحەی هاوسەرگیری، چونکە لە 9 کە دەڵێی زیندانی لەو دەستکەوت و سوودانەش بەهرەمەند دەبێ کە حکومەت بە توێژەکانی تری کۆمەڵی دەدا، ئەمە ئەوەش دەگرێتە خۆی، کەواتە 8 لابەین و 9یش بخەینە ئەخیر، بۆ ئەوەی هەرچیەکی تر کە ئێمە پەیمان پێ نەبردووە و توێژەکانی تر شمولی دەکات ئەم خاڵە بچێتە ئەخیر، دیسان جارێکی تر دەیلێیمەوە تەواو پشتگیری ئەو ڕایانە دەکەم کە لەگەڵ ئەوەن هاوسەنگی بکرێت لەنێوان ئەوانەی کە کەسوکاریان شەهیدە لەگەڵ زیندانیەکان، چونکە هەر چۆنێك بێت، ئەوەی کە کەسوکاری تیا چووە و ئەوەی کە زیندانی بووە و بەربووە لە 1991 ەوە ئیحتمالە تەمەتوع بکات بە دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان، بەلام ئەوەی کە شەهید بووە و ڕۆیشتووە و تەمەتوع ناکات، ئەوا کەسوکارەشی کەبەجێ ماوە هەر تەمەتوع ناکات وەکو پێویست، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینەکانم زۆربەی گوتران تەنها دوو تێبینی هەیە کە پێم باشە بیلێم، بەلام بەڕاستی من لەکۆی ئەو ئیمتیازاتانەی کە دانراوە بەڕاستی، چونکە ئیمتیازاتەکان تەنها بۆ زیندانی سیاسی نین، بەلکو بۆ ڕاگیراوانی سیاسیشن، یەعنی هەردووکی دەگریتەوە، خۆی ئەو ئیمتیازاتانە ئەگەر بەوردی تەماشای بکەین و بێجگە لەوەی لەلایەك لەگەڵ چین و توێژەکانی تر کە قوربانی خەباتیان هەبووە و وەکو باسیان کرد و پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی تر کە شەهید و ئەنفالکراو و ئەوانە، جۆرێك لە ناعەدالەتی دروست دەکات هەر لە کۆی ئەو ئیمتیازاتانەی کە بۆ ڕاگیراوانی سیاسی و بۆ زیندانیانی سیاسی دیاری کراوە من پێموایە هەر لەنێوان خۆشیاندا جۆرێ لە نایەکسانی ناعەدالەتی دروست دەکات، چونکە بە بێ تەسنیف کردنی ئەم

زینددانیانی سیاسی و ڕاگیراوانی سیاسی بە بێ تەسنیف کردنیان پێموایە ئەمە بەڕاستی وا تێبینی دەکرێت کە قوربانیان و خەباتگێڕانی زیندانیانی سیاسی ئەگەر تەسنیف نەکرێت، ناحەقیەك و ناعەدالەتیەك لەو ئیمتیازاتانەیان تێدا بەدی دەکرێت کە بۆیان دیاری دەکرێت، سەبارەت بە خاڵی 7 لەو ماددەیە بەڕاستی من پێموایە وەکو خاڵەکە دەخوێنمەوە ئیزافەیەکم هەیە بۆی کە دەڵێ حکومەت خەرجی چارەسەر کردن لە نەخۆشخانەکانی حکومەت لەنێو هەرێم دا دەگرێتە ئەستۆ، من پێم باشە ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، ئەگەر پێویستی کرد بنێردرێتە دەرەوەش بۆ چارەسەر کردن، چونکە بەڕاستی ئەمە حەقێکی ئینسانیە، ئەمە بەدەرە لە هەموو ئەو ئیمتیازاتانەی کە دەڵێم ناعەدالەتی و ناحەقی و نایەکسانی تێدایە، ئەمە بۆ هەر کەسێکی ئاسایی بەدەر لەوانە، پێموایە ئەوەشی بۆ ئیزافە بکرێت باشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 6 دیارە ئەو ماددەیە جەهەری یاساکەیە کە ماف و ئیمتیازاتی زیندانی و گیراوانی سیاسی دیاری کردووە، من چەند تێبینیەکم لەسەر ماددەکە هەیە سەبارەت بە 2 کە باس لەوە دەکات بۆ فەرمانبەر ماوەی زیندانی یان گیران بە ڕاژە هەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی سەر مووچە و بەرزکردنەوە و خانەنیشینی و بۆشی خەرج دەکرێت، من پێموایە ئەو بۆشی خەرج دەکرێت، بە عەرەبیەکەی (تصرف لە) لێرە زیادە و هیچ مەعنایەك ناگەیەنێ، چونکە لێرە باسی لە ماوەی حساب کردنی ماوەی زیندانی یان گیرانیەتی لە زیندان بۆی هەژمار دەکرێت، ئیتر خۆ ئەمە سەرف کردن نیە، لێرە هەژمار کردنە، پێموایە ئەم بۆشی خەرج دەکرێت زیادە، بە نیسبەتی خاڵی 3 کە باس لەوە کرا ئەوەی دۆسیەکەی لەلایەن لیژنەکەوە ئەرێنی دەکرێت مینحەیەکی مانگانەی پێ دەدرێت بە پێی ئەو پرەنسیپ و ڕێنماییانەی ئەنجومەنی وەزیران دەریان دەکات، دیارە لێرە لە ماددەی 8 لە یاسایەکە داهاتووە کە ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پەیڕەو ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە، دیارە لەو خاڵەداهاتووە کە دەبێ مینحەکە لە هاوچەشنانی خۆی لە حکومەتی فیدراڵی کەمتر نەبێت، وابزانم لە عیراق لە 500 هەزار دینار کەمتر نیە و بە پێی ئەو ڕێماییانەی کە حکومەت دەری کردووە لێرە ئەگەر هەر لەسەر ئەو ڕێنماییانە بێت ئەو پۆلینکردنەی کە حکومەت بۆی کردووە، ڕەنگە جۆرێك لە ناهاوسەنگی تێدا بێت، چونکە ئەوانەی کە لە 450 هەزار دینار مانگانە بۆ زیندانیانی سیاسی مەحکومن و ئەوانەی کە لە ساڵێك زیاتر گیراون و 210 هەزار دینار مانگانە بۆ زیندانیانی سیاسی شەش مانگ زیاتر تا ساڵێك گیراون، دوو سەد و پەنجا هەزار دیناریش تەنها بۆ یەك جار و بۆ هەر مانگێك بۆ ئەوانەی لە

یەك مانگ تا شەش مانگ گیراون، من پێموایە ئەو خاڵەی ئەخیر بە تایبەتی بە پێی ئەو ڕێماییانە بێ و حکومەت لەسەر هەمان ئەو ڕێنماییانە بڕوات من وادەزانم ئەوەی کە لە یەك مانگ بۆ شەش مانگ گیرابێ تەنها یەك جار دوو سەد و پەنجا هەزار دیناری پێ بدرێت پێموایە ئەمە کەمە و زۆر ناحەقیە، یان ئەو 250 هەزار دینارەی بە دائیمی پێ بدرێت، چونکە یەك مانگ بۆ شەش مانگیش کەم نیە کە لە زیندانی بەعس دابووبێ بە تایبەتی ئەوانەی کە لە زیندانی بەعس دابوون، یان ئەوەتا ئەم بڕە یەك ملیۆن بێت ئەگەر بۆ یەك جار بێت، لە ماف و ئیمتیازاتەکانی دیکەش بێ بەش نەبێ، سەبارەت بە خاڵی 4 ماوەی زیندانی دەڵێ بەڕاژە هەژمار بکرێت بۆ ئەو کەسەی دادەمەزرێ هەڵبەتە لێرە بە کوردیەکەی غەڵەت نوسراوە دانەمەزرابێ، دادەمەزرێ و پێشتر لە وەزیفەدا نەبووبێ، لەڕاستی دا بۆ ئەوەی کە لە وەزیفە دابووبێ ماوەی دابڕانەکەی بۆی هەژمار بکرێت، پێموایە ئەمەش شتێکی باشە، بەڵام ئەوەی کە موەزەف نەبووە، لە زیندان دابووە، من لەگەڵ هاوکارانم لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی باسم کرد من پێموایە ئەمە پێویستی بە دیقەتی زیاتر هەیە، کەسێك هەرگیز موەزەف و فەرمانبەر نەبووە، بەڵام ماوەکەی بۆ حساب دەکرێت، من وادەزانم ئەو کەسەی فەرمانبەر بووبێ بەڵام دابڕابێ یان زیندانی کرابێ بەهۆی سیاسی یان فەسڵ کرابێ، ئەو کاتە ماوەکەی بۆ حساب دەکرێت، سەبارەت بە خاڵی 7 کە باس لەوە کرا حکومەت خەرجی چارەسەر کردنی لە نەخۆشخانەکانی حکومی لەنێو هەرێم دا دەگرێتە ئەستۆ، دەکرێ ئەم خەرجی لە ئەستۆ گرتنە بۆ نەخۆشخانەکانی حکومی و ئەهلی بێت، چونکە لە نەخۆشخانەی حکومی خۆمان دەزانین مەسروفێك یان خەرجیەکی وای تێ ناچێ، بەڵام لە نەخۆشخانەی ئەهلی لە هەرێم دا ئێستا خەرجیەکە گران بووە، ئەگەر نەبرێتە دەرەوە بۆ چارەسەریش، دوا خاڵم من لەگەڵ ئەوەم کە لابردنی بڕگەی 11 کە ماوە دیاری نەکرێت بۆ ڕۆژی زیندانیان و گیراوانی سیاسی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە هیچ شتێکی تازە نیە ئەگەر هەر یەکێك لە ئێمە دووپاتی ئەوە بکەینەوە کەسێك هەبێ دەرهەقی ئەوانەی کە فعلەن بە شەهیدی زیندوو بە قەناعەتیشەوە ناویان دەبەین و کە هەرچی ئیمتیازێکیش ناگاتە تەعویزی دەقیقەیەك لەو مەینەتی و ئەزیەت و ئازارانەی کە ئەوان چێشتیان لە زیندانە ڕەشەکانی ڕژێمدا، بەڵام من پێموایە هەندێ لەو حوکمانەی یاخود لەو بڕگانەی کە لە ماددەی 6 هاتوون ناعەدالەتیەك لەناو خودی ئەوانەی کە مەشمولن بە ماددەکە دروست دەکات، تەبیعی لە بڕگەی 3 دا ئەوەی کەوا مینحەیەکی مانگانەی پێ دەدرێ بە پێی پرەنسیپەکان ئەوە فعلەن وجهە نەزەرێکی باشی تێدایە، چونکە ناکرێت ڕاگیراوێکی چەند مانگێك کە ڕاگیرا بێت کە ڕەنگە ئەزیەت و ئازاریشی زۆر زۆر کەمتر بێت لەگەڵ کەسێکی کە چەند ساڵی لە زینداندا بردبێتە سەر و بە عەجایبێك ڕزگاری بووبێ، لە پەتی سێدارە ڕزگاری بووبێ، خۆ ئەگەر ئەم خەڵکە وەکو یەك سەیر بکرێت ئەوا خۆی ناعەدالەتیەکە و من باوەڕ دەکەم ئەوەی کەوا ئەم هەموو ئەزیەت و ئازارەی کێشاوە وای لێ دێت ناعەدالەتی خۆ مەوزوع بەراورد کردنە، یەعنی کاتێك کەوا ئیمتیازێك دەدرێتە دوو کەس و لە دوو حاڵەتی زۆر جیاوازیان دەبێت خەڵك شعور بە ناعەدالەتی دەکات، ناعەدالەتی لەوەدا دێتە وجود، بۆیە بە دیتنی من

خاڵی یەکەم هەتا مەوزوعی بەخشینی زەوی، یەعنی ناکرێت بەخشینی زەوی بۆ ڕاگیراوێکی چەند مانگی و بۆ زیندانیەکی وەکو گوتم کە لە پەتی سێدارە ڕەنگە گەڕابێتەوە وەکو یەك ئەگەر سەیر بکرێت ئینجا ئەوەی لە پەتی سێدارە گەڕاوەتەوە چ ئیمتیازێك بۆ خۆی دەزانێ، یەعنی چ شعور بە ئاوڕلێدانەوەیەکی دەکات، بەڕاستی هەندێ شت لێرەدا وا بە موتڵەقی هاتوون باوەڕ دەکەم زۆرتر جانبێکی عاتفی پێوە دیارە پتر لەوەی کەوا هەڵسەنگاندنێکی واقعیانە بێت، ئینجا بەڕێزان ئەم یاسایە دووپاتی دەکەمەوە و دوێنێش قسەم کرد زۆر بەرفراوانتر لێهاتووە لەو تەقدیراتەی کەوا بۆی کرا، یەعنی ئەگەر ئەم مەسەلەیە وا بڕوات و بەو بەرفراوانیانەی کەوا کارمان لێی کرد، خەڵکە موستەحەقە حەقیقیەکە ئەوەی کە یاسای لە پێناو دا بۆ دانراوە ئەوانەی کەوا زۆر سەختی و ئازاریان لە زیندانە ڕەشەکانی ڕژێم دا چێشتوویانە تووشی زەرەر دەبنەوە، بۆ نموونە لە مەوزوعی تەرخان کردنی زەوی فەرقە، حکومەت مولزەم بێ هەزار پارچە زەوی تەرخان بکات، فەرقە حکومەت مولزەم بێ 40 هەزار پارچە زەوی تەرخان بکات، کاتێك وای لێ دێت 4، 5 هەزار قتعەی زەوی تەرخان بکات، ڕەنگە شتێکی وا بۆ ئەم کەسە بکرێت تەئمینی شتێکی بۆ بکرێت، بەڵام کە دەگاتە ئەم ڕێژە بەرفراوانە و ڕاگیراوێك و زیندانیەك کە لە پەتی سیدارە گەڕاوەتەوە وەکو یەك حسابی لە زەوی دا بۆ دەکرێت وای لێ دێت ئەم خەڵکە دەکەوێتە شوێنی واوە ڕەنگە هەر خۆزگە بخوازێ بڵێ خۆزگە ئەو ئیمتیازەشتان هەر بە من نەدابا، بۆیە بەڕاستی بە دیتنی من موتڵەقیەتێکی زۆری تێدایە و ناعەدالەتی دروست لەناو خودی فیئەکەش دا دروستی دەکات، یەعنی لە جیاتی ئەوەی ئێمە دڵیان خۆش بکەین باوەڕ دەکەم بەعزێکیان بەو موتڵەقیەتەوە تووشی مەزلومیەت بێت، خۆ ئەگەر بچینە سەر ئەوەی موقارەنەی شەرائیحەکانیش بێت بەڕێزان ئەو میللەتە ئەوەندە تەزحیەی داوە، تەسنیف کردنی زەحایە بەڕاستی لەناو میللەتی کوردا و لەناو خەڵکی کوردستان دا بە تێ گەیشتنی من باوەڕ دەکەم قورسترین شتە، ڕەنگە بە هەموو مونەزەماتی حقوقی ئینسانیش ئەو تەسنیفە و ئەو لێك جیاکردنەوە و تەسەلسولە نەکرێت، قسەی زۆر باش کران، کاتی من چونکە لە ئەخیر بووم ڕەنگە هەندێکیشی وای لێ بێت و ئەخیر کەسم کەس نیە تەئیدم بکات ئیحتمالە هەر لێشم وەرنەگیرێ، بەڵام منیش قسەکانی خۆم دەکەم، پشتگیری ڕای کاك سالار دەکەم و ڕەئیەکانی پەیمان خان و کاك سەرهەنگیش لەسەر هەندێ لەو تەرخان کردن و مەوزوعی موستەفید بوون و عیبرەت لەوەی کەوا پارچە زەوی بۆ مەوزوعی سەکەنە و بۆ ئیسکان کردنی خەڵکە و ئەو ڕوئیایەی ئێمە زەوی پێ تەوزیع دەکەین، من باوەڕ ناکەم لە چ شوێنێکی دونیا هەبێ زەوی وەربگیرێ بۆ ئەوەی بفرۆشرێتەوە و خەڵك ژیانی پێ باش بکرێت، کە یەکێك موستەفید بوو جارێك لە زەوی و جارێك لە خانوو دروست کردن و جارێك لە سولفە وەرگرتن، واتە ئەم کابرایە ئیسکانی بووە، یەعنی شوێنی حەوانەوەی پەیدا کردووە ئیمتیازێکی تری پێ بدرێت، نەك زەوی ببێتە ئیمتیاز و بازاڕ و بۆ فرۆشتنەوە و کڕین و بۆ ئەوەی خەڵك ژیانی پێ بگۆڕێ، ئەگەر قەرار وایە ژیانی پێ باش بکرێت با ئیمتیازاتی تر بکرێت نەوەکو مەسەلەن، چونکە عیبەرت لە دابەشکردنی زەوی تەئمین کردنی حەوانەوەیە بۆ خەڵك، باوەڕ ناکەم هەدەفێکی تر لەم مەسەلەیە دا هەبێ، لە مەوزوعی وەرسە، ئەگەر بەراوردێك لەگەڵ شەهیدان بکرێت بەڕێزان منداڵی شەهید کاتێك تەمەنی دەگاتە 18 ساڵ لە ئیمتیازاتی وارسی باوکی خۆی مەحروم دەبێت، بە پێی یاسا، مەزوعی چارەسەری من لەگەڵ ئەوەدام پێشنیار دەکەم بەڕێزان ئەوانەی کەوا لە ئەزیەت و ئازارەکانی زیندانەوە تووشی نەخۆشی درێژخایەن هاتوون، چارەسەریان بۆ بکرێت لەهەر کوێیەکی دنیا هەبێت، بەڵام ئەوەی کەوا بەهۆی ئازاری زیندانەوە تووشی نەخۆشی هاتووە، ئەوە نەك مەرج بێ و نە ئەهلی بێ و نە حکومی بێت نە داخلی هەرێم بێ و لە هەر کوێیەکی دنیا چارەسەری هەبێ بۆی بکرێت و من بە هیچ شێوەیەکیش لەگەڵ مەوزوعی سەفەر نیم بەڕاستی من پێموایە یەعنی تەسەور ناکەم تەقدیر کردنێکیشی تێدا بێت، لەگەڵ ئەوەش نیم کەوا هیچ ڕۆژێك دیاری بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕاستی پێشنیارێكی زۆر هات و موقتەرەحاتی زۆر هات، ڕەئی جیاواز هەبوو بۆ ئەوەی بتوانین ئەم پێشنیارە هەمووی بە نەزەرەی ئیعتبار وەربگرین و شتێكی ڕێك و پێك ئامادە بكەین پێویستیمان بە نیو سەعات كات هەیە بتوانین ئەم شتانە هەمووی ڕێك بخەین و صیاغەی بكەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**باشە سێ چارەك بەڕێزان، هەشت كەم چارەك، نیو سەعات؟ باشە، 8,30 لێرە بن.**

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە و بەردەوام دەبین و لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ كارەكەتان.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە هەردوو لیژنەی هاوبەشی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی دوای گوێ گرتن لە هەموو ئەو دیدو بۆچوونە باشانەی ئەو بەڕێزانە كردیان بەهیوای ئەوەی یاسایەكی چروپڕ و ڕێك و پێك دەربچێ و لە خزمەتی سەرجەم زیندانیانی سیاسی دابێ و بتوانێ تۆزێ لە ئازارو ئەشكەنجەكانیان كەم بكاتەوە، هەندێ مولاحەزاتمان بە نەزەری ئیعتبار وەرگرت كە دەگونجێ لەگەڵ ئەوەی روحی یاسایەكە روحیەتێكی بەهێزی هەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا باس لە حقوق و ئیمتیازات كە باسی لەسەر كراوە، ئەوەندە بێ كە موساوی بێ لەگەڵ ئەو ئەهدافانەی كە لە ماددەی 2 ئێمە دەنگمان بۆی داوە كە ئەو ماددەیە تەئكید لەسەر ئەوە دەكاتەوە روحی ئەم یاسایە دەبێ ریعایە بێ و تەكریم بێ و تەعویز بێ بۆ ئەو كەسانەی كە زیندانی سیاسی بوون، بۆیە ئێمە لە دوای ئەو سەرنج و دید و بۆچوونانەی ئەو بەڕێزانە ئەم ماددەیە بەم شیوەیەی خوارەوە دامانڕشتووەتەوە ئێستا پێشكەشی بەریزتانی دەكەین.**

**المادة 6**

**یتمتع السجین او المعتقل السیاسی بالحقوق والامتیازات الاتیة:**

1ـ تخصص قطعة ارض سكنية له بدون بدل على ان لايكون مستفيدا كالسجين السياسى سابقا ومنحه مبلغا مساوي لمبلغ سلفة العقار لبناء وحدة سكنية.

2- تحتسب للموظف فترة السجن او الاعتقال خدمة لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد بغض النظر عن عمر السجين او المعتقل وقت الحكم عليه بالسجن او الاعتقال.

3ـ يصرف لمن يصادق على اضباراته من قبل اللجنة منحة تقاعدية شهرية وفقا للضوابط والتعليمات التى يصدرها مجلس الوزراء على ان لا تقل المنحة التى يتقاضاها عن ما يتقاضاه اقرانهم في الحكومة الاتحادية.

بەنیسبەتی بڕگەی 4 ەوە کە دەڵێ (تحتسب فترة السجن خدمة لمن يعين فى الوظيفة) ئێمە کۆك بووین لەسەر ئەو مولاحەزتانەی ئەو بەڕێزانە دایان و ئەو فەقەرەیە ئیلغا بکەین. فەقەرەی 5 کە دواتر جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لە سیاغەی کۆتایی دا ئیمە ژمارەی بڕگەکان گۆڕانکاری بەسەری دادێنین و ئەو ئیلغایانە بڕگەکانی کە ڕەقەمەکان دەچێتە پێشێ.

5 ـ قبوله فى الدراسات الاولية والعليا استثناء من شرط العمر. وەکو خۆی ماوەتەوە.

6ـ تتحمل الحكومة نفقات دراسته او احد اولاده في احدى الجامعات داخل الاقليم.

7: تتحمل الحكومة تكاليف معالجته في المستشفيات الحكومية داخل الاقليم.

8: يمنح السجين منحة زواج وقدرها (خمسة ملايين) دينار ولمرة واحدة على ان لايكون متزوجا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان _تاسعا) لەسەر داواکاری ئەندامە بەڕێزەکان و ئەو گفتوگۆیە ئیلغامان کرد

10: في حالة كونه موظفاً يحق له الجمع بين المنحة التقاعدية وراتبه الوظيفي لمدة عشر سنوات تعويضا له وله الحق في اختيار ايهما افضل بانتهاء المدة المذكورة.

11: لەسەر داواکاری چەند ئەندامێکی بەڕێز ئەو بڕگەیەشمان ئیلغا کرد، هەروەها ڕەئی هەردوو لیژنەی هاوبەش کۆك بوون لەسەر ئیلغا کردنی ئەو بڕگەیە، ئەوە دوایی دەتوانرێ ئەو ڕێکخراوانە خۆیان لەپەیڕەو و پڕۆگرامەکانی خۆیاندا چارەسەری ئەو بڕگەیە بکەن.

12: ئەوەشمان ئیلغا کرد دوای ئەوەی کە مولاحەزاتی ئەو بەڕێزانەمان وەرگرت کە تایبەتە بە مەساریفی سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات، بە کۆی دەنگی ئەو مولاحەزاتانە وەرگیرا و هەردوو لیژنەش هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئیلغا بکرێ.

13: تكريمه بمداليات تقديراً لتضحياته في سبيل الحركة التحرريه الكوردستانيه .

14: تنتقل حقوق وامتيازات المتوفين منهم المذكورة فى الفقرة الاولى والثالثة فى هذه المادة الى ورثته الشرعيين الباقين على قيد الحياة.

ئێمە بۆیە ئەم حقوق و ئیمتیازاتەی بڕگەی 14 مان بەو شێوەیە واڵێ کرد کە تەنیا حەسر بێت بەو پارچە زەویە و ئەو مینحەیەی کە بە قەدەر سلفەی عەقار دەیدرێتی، ئەو مینحە تەقاعودیەی وەکو تەقاعودی دەیدرێتێ و بۆ کەسوکارەکەی بە گوێرەی قەسامی شەرعی و دوایی خۆیان وەرەسەی شەرعی

قەسامی خۆیان شەرعی تەحدیدی دەکات کێن؟ بۆیە پێمان باش بوو کە ئەو فەقەرەیە زیاتر گونجاو تر دەبێ بەو شێوەیەی کە ئێستا ئێمە باسمان لەسەری کرد و لەوەی کەوا کامل حقوق و ئیمتیازاتەکانی بخات.

خامس عشر:اعفاء السجين السياسي و المعتقل السياسي في حال انجازهم معاملة التسجيل العقاري للعقار الممنوح لهم او بناء الارض او معاملة القرض او المنحة المخصصة لهم من الرسوم والضرائب وفق احكام هذا القانون.

یەعنی ئەوە وەکو خۆی مایەوە، ئەوە کۆی ئەو دید و بۆچوونانە بوو کە ئەندامە بەڕێزەکان پێشکەشیان کرد ئێمەش لە هەر دوو لیژنە کۆك بووین لەسەری و بەم شێوەیەی خوارەوە سیاغە کرا، تکایە بیخەرە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیستا ئەو فەقەرانەی کە باسی ئیلغای کرا دەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی لابچێ، کاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵەکان هاوڕاین لەگەڵی، بەڵام سەبارەت بە خاڵی 15 ئەوەی کە دەڵێ ئیعفا بکرێت لەو باج و زەرائیبەی لەسەریەتی حەقە لێرە ئەوە دەست نیشان بکریت کەوا تەنها مەسەلەی بۆ سەکەن بێت، چونکە لەوانەیە لەهەندێ حاڵەت دا بینایەك دروست دەکات کەسێك باجەکەی لەوانەیە 20 ـ 30 ملیۆن زیاتر بیت، لەوانەیە 100 ملیۆن بێت بەڕاستی حەقە ئەمە دەستنیشان بکری بە مەبەستی سەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

(الممنوح لهم للسكن) ئیزافە بکرێ، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە وتوومانە ئیعفایە لە رسوم و تەسجیل لە کامە؟ لەو ئەرزەی کە بە مینحەکە دراویەتی لە فەقەرەی یەك دا (وفق احكام هذا القانون) تیایە یەعنی ئەوە ئەوزەویەیە کە لەفەقەرەی یەك شمولی کردووە، ئینجا بە زەویەتی دەیفرۆشێ رسوم و زەرائیبی لێ ناسەندرێ یاخود دەیکات بە خانوو و رسوم و زەرائیبی لێ ناسەندری، ئەمە زۆر وازح هاتووە هیچ سەکەنی ناوێ، چونکە دەڵێین ئەو ئەرزەی کە ویفقە ئەو قانونە دەیدرێتێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەرزی سەکەنیە ئیحتماله بیکاتە شتێکی تر، مەبەستی ئەندامان ئەوەندەیە، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی 7 دا هەموو کەسێ لە نەخۆشخانەی حکومی عیلاج دەکرێ و حکومەت مەساریفی دەکێشێ خۆی موهیمەکە ئەوەیە لە خەستەخانە ئەهلیەکان دا حکومەت مەساریفی بکێشێ، نازانم لیژنەی یاسایی گوێیان لێ گرتم هەموو هاوولاتیەك لەم ولاتە لە خەستەخانەی حکومی دا بە بەلاش عیلاج دەکرێ، جا ئەم ماددەیە بۆ دانراوە ئەگەر ئەهلیەکەی لی دەرهێنراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی هاوبەش مانعاتمان نیە لەگەڵ فەقەرەی 1 فەقەرەی 15 دەمج بکەین بە واتا تەنها لەو فتعە عەردە سەکەنەی کە پێی دراوە ئیعفا دەبێ لە رسوم و زەرائیب و زۆر وازحە و ئەشکالی نامێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا لە موستەشفیاتی حکومی ئیش هەیە بە پارەیە مەسەلەن قەستەرەیە بە پارە و بە پێنج ملیۆن و سێ ملیۆن و بە شەش ملیۆن پاشان موستەشفیاتی حکومی ماشاالله ئێستا ئاوەدانە و هەموو کارێکی تێدا دەکرێ، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ئێمە با ریعایەتی ئەوەش بکەین حکومەت تۆزیك باری ئەوەندە قورس نەکەین و هەرچی کەسێك ڕاپۆرتێك بێنێت و یەکسەر داوای ئەوە بکات، دەبێتە دەرگایەکی بەراستی سەفەر و هاتن و چوون و تەکالیفێکی زیاد لەسەر حکومەت و موستەشفیاتی کوردستان ماشاللە ئیختساساتی زۆری تێدایە و زۆر خزمەتی خەڵك دەکەن، ئەمە وەکو عام، ئەگەر پارەی تیدا بێت لەو پارەیە عەفوە، مەسەلەن بچێ قەستەرەی بکات ئیحتماله 4 ملیۆن و 5 ملیۆن و 6 ملیۆن 7 ملیۆن لێتی وەرگرن، ئەم کابرایە و ئەم بەڕێزە عەفوە لەم رسومە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کویستان خان فەرموو.

**بەڕێز کویستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو قسەیەی لیژنەی دارایی دەکەم، بەڵێ خەستەخانەی حکومی زۆر شتی تیا دەکرێت کە بە پارەیە، بەلام یەك پێشنیارم هەیە ئەوەی 13 و 15 شمولی ئەو وارسانە بکات کە زیندانیە و کە مردووە،

چونكە مەدالیایەكە چیە كە بدرێت بە كەسوكارەكەی ئەو ئەرزەش مادام هەر دەیدرێتێ بە كەسوكارەكەی پێویستە ئەویش لە زەریبە عەفو بكرێت، بۆیە یەكەم و سێیەم و 13 و 15 بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئێمە تەمەنامان دەكرد لیژنەی قانونی جارێكی تر نەمان خاتەوە بەردەست ئەو دۆخەی كە ئێستاكە قسە لەسەر ئەم ئیمتیازاتانە بكەینەوەو بۆ ڕەئی عام ئەو توێژە گرنگەی كۆمەڵگا وا هەست بكرێت كە جۆریك لە بەربەست دانان هەیە لە پێدانی ئەم مەسەلەیە، بۆیە تەخویل كران ئەو ئارائانەی زیاد لەچەند كەسێك لەناو پەرلەمانی كوردستان تەركیزیان كردە سەر بە نەزەری ئیعتبار وەربگیردرێت، لە نەسە كوردیەكە لە خاڵی 15 دەست پێ دەكەم و بە وازحی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان لە بەینی دوو فاریزە دا هاتووە دەڵێ یان بیناكردنی زەوی، زەویەكە نەوتراوە زەوی سەكەن، ئەگەر ئەو وشەیە ئیزافە بكرێ تەسەور دەكەم هیچ نابێ، ئەمە یەك، دوو/ هەركەسێ كە زەواجی نەكردبێ سلفەی زەواج دەتوانێ وەرگرێ، ئیتر بۆ بڵێی ئەگەر زەواجی نەكردبێ، ئەمە ئەسڵەن ئیزافەیە، خاڵی یەكەم ئەوەی پەیوەندی بە مینحەی سلفەی عەقارەوە هەیە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بۆ هیچ چین و توێژێكی تر بە تایبەتی شەهیدان و پیشمەرگەی دێرین و توێژەكانی تر دەست نیشان نەكراوە و بە نەزەری ئیعتبار وەربگیردرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە مینحەیە سولفە نیە، سولفەكەش وەردەگرێ و ئەوەش وەردەگرێ، گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دوو ئەندام پەرلەمان من و د.سەروەر باسمان لەسەر ئەوە كرد كە پلە تایبەتەكان ئیستسنا بكرێت لەم ماف و ئیمتیازاتانە، نازانم بەڕێز لیژنەی یاسایی و لیژنەی هاوبەش بۆ قوبلیان نەكردووە؟ وابزانم جەنابشت پشتگیریم دەكەی لەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من موافقم، سەدی سەد لەگەڵتم لە تایبەتەكان، ئاخر كەس جەنابت كەرەمكە.

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی 12 (تتكفل الحكومة مصاریف سفره لمرة واحدة) بە نیسبەت ئەو خاڵە وابزانم ئەوەی دانراوە كە سەرف بكرێت بۆ زیندانیانی سیاسی مینحەیەكە لە بەغداوە دانراوە، وانیە بارگرانی بێت لەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەوە چونكە لە 2006 ەوە هاوولاتی لە بەغدا حەقی خۆی وەرگرتووە لەو سولفەیە،

برگەکانی هیچ دەستکاری نەکراوە تەنانەت لێرە کەم کراوەتەوە حقوق و ئیمتیازاتەکان، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە چەند ساڵە حکومەتی فیدراڵی لە قوتی هەموو نەتەوەکانی عیراق دەبڕێ و تەعویزی کوێت دەداتەوە بە ملیارات دۆلار، یەعنی ئەوە چەند دەکات ئەگەر حقوق و ئیمتیازانی زیندانی سیاسی سەفەرێك چیە بۆ خارج، ئەگەر هەر یەکێك ڕۆژیك لە زیندانەکانی سەدام بووایە دەیتوانی ئێستا دیفاع لەو خاڵە بکات و لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەوەی خاڵی 13 ههەم (تكريمه بمداليات)، ئەو مەدالیاتە چ سیفەتێکی هەیە؟، یەعنی دەبێ شتێکی دیار بکرێت، ئەو مەدالیاتە چیە؟ چ مواسەفاتێکی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئیستا بێخویننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رابعا: تحتسب فترة السجن خدمة لمن يعين في الوظيفة ولم يكن سابقا فيها.

ئەمە چەند ئەندامی بەڕێز داوایان کرد کە ئەوە لابرێ، لەبەرئەوە بیخەرە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەوە ئیلغا بێت تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ رجائەن تیکرار نیە، 50 بەڕێز لەگەڵە ئیلغا بکرێت، کێ لەگەڵ دایە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ 11 بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە کە بمێنێ، بە زۆرینە دەنگ ئیلغا بوو، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تاسعاً: يتمتع السجين بالامتيازات والمنافع التى تمنحها الحكومة للشرائح الاخرى في المجتمع.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە ئەوەیە ئەوە ئیلغا بێت تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ 45 بەڕێز لەگەڵە ئیلغا بکرێت، کێ لەگەڵ دایە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ 12 بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە کە بمێنێ، بە زۆرینە دەنگ ئیلغا بوو، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حادى عشر: اعتبار يوم السابع من شهر شباط من كل عام يوماً للسجناء و المعتقلين السياسين في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە ئەوەیە ئەوە ئیلغا بێت تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ ، بە زۆرینە دەنگ ئیلغا بوو، تەنها دوو کەس لەگەڵ نەبوو، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانی عشر: تتکفل الحکومة مصاریف سفره لمرة واحدة الى خارج الوطن و یمنح مبلغ (5) خمسة ملایین دینار لسداد تکالیف سفره.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە ئەوەیە ئەوە ئیلغا بێت، تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینە دەنگ ئیلغا بوو، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئاخر سیاغەتان ئەوانەی کە حازرتان کردووە بێخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

اولا: تخصص قطعة ارض سکنیة له بدون بدل على ان لایکون مستفیدا کسجین سیاسى سابقا ومنحه مبلغا مساوى لمبلغ سلفة العقار لبناء وحدة سکنیة.

ثانیا: تحتسب للموظف فترة السجن او الاعتقال خدمة لاغراض العلاوة والترفیع والتقاعد بغض النظر عن عمر السجین او المعتقل وقت الحکم علیه بالسجن او اعتقاله.

ثالثا: یصرف لمن یصادق على اضبارته من قبل اللجنة منحة تقاعدیة شهریة وفقا للضوابط والتعلیمات التي یصدره مجلس الوزراء على ان لا تقل المنحة التي یتقاضها عن ما یتقاضاه اقرانهم في الحکومة الاتحادیة.

اربعة: قبوله في الدراسات الاولیة والعلیا استثناءاً من شرط العمر.

خمسة: تتحمل الحکومة نفقات دراسته او احد اولاده في احدى الجامعات داخل الاقلیم.

ستة: تتحمل الحکومة تکالیف معالجته في المستشفیات الحکومیة داخل الاقلیم.

سبعة: یمنح السجین منحة زواج وقدرها (خمسة ملایین) دینار ولمرة واحدة على ان لایکون متزوجا.

ثمانیة: في حالة کونه موظفاً یحق له الجمع بین المنحة التقاعدیة وراتبه الوظیفي لمدة عشر سنوات تعویضا له وله الحق في اختیار ایهما افضل بانتهاء المدة المذکورة.

تسعة: تکریمه بمدالیات تقدیراً لتضحیاته في سبیل الحرکة التحرریه الکوردستانیه .

عشرة: تنتقل حقوق وامتيازات المتوفين منهم المذكورة فى الفقرتين الاولى والثالثة فى هذه المادة الى ورثته الشرعيين الباقين على قيد الحياة.

الحادى عشر: اعفاء السجين السياسي او المعتقل السياسي في حال انجازهم معاملة التسجيل العقاري للعقار الممنوح لهم او بناء الارض او معاملة القرض او المنحة المخصصة لهم من الرسوم والضرائب وفق احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرزبكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ 1 كەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینە دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەی تر كاك فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی چوارەم**

**(حوكمە گشتییەكان)**

ماددەی حەوتەم:

هەر كەسێك بە ناهەق دەسكەوتی زیندانی یان گیراوی سیاسیی دەست كەوت، بە تۆمەتی گوتنی زانیاریی درۆ رەوانەی دادگای تایبەتمەند دەكرێت و هەموو ئەو ماف و دەسكەوتانەی بەگوێرەی ئەم یاسایە لێیان بەهرەمەند بووە، لێی وەردەگیرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الرابع**

**احكام عامه**

المادة السابعة:

**كل من حصل على امتيازات السجين او المعتقل السياسي دون وجه حق يحال الى المحاكم المختصة بتهمة الادلاء بمعلومات كاذبة وتسترد منه كل ما تمتع به من حقوق وامتيازات بموجب هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەرێزان كەس لەسەر ئەو ماددەیە قسە دەكات؟ ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بكەن، یشار، بێریڤان، ژیان، عونی بەزاز، عمر عبدالعزیز، كاك یشار فەرمووو.**

**بەڕێز یشار نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**وەك لەم ماددەیەدا هاتووە بە تۆمەتی گوتنی زانیاری درۆ ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند بكرێت، ئەگەر ئەوەشی بۆ زیاد بكرێت (ئەگەر بەڵگەنامەی ساختەی پێش كەش كردبێ) هەر تەنها وتنی زانیاری درۆ نەبێ، بەڵگەنامەی ساختەشی پێشكەش كردبێ، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**تەزویر لە عقوبات هەیە و جەزای لەسەرە، شكات و مەحامی و شاهێد و حاكم و هەروا بە ئاسانی ناڕوات، بێریڤان خان فەرمووو.**

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لە ماددەی 7 كە دەڵێ هەركەسێك بە ناحەق دەسكەوتی زیندانی یان گیراوی سیاسی دەستكەوت بە گوتنی زانیاری درۆ ئەوا ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند دەكرێت، بەس لێرەدا بە ڕەئی من گوتنی زانیاری درۆ لە ماددەكەدا هەڵەیە، پێویستە بڵێین بەڵگەی زانیاری درۆ، چونكە كەس بە زیندانی سیاسی یان گیراوی سیاسی دانانرێت ئەگەر بەڵگەیەك یان دۆكیۆمێنتێكی نەبێ، یان دوو شاهێدی نەبێ، چونكە ئەوە یاسایە، لە یاسا دەبێ بنووسرێ بەڵگە، چۆن دەنووسرێ گوتنی زانیاری؟، بۆیە بە ڕەئی من ئەوە هەڵەیە و پێویستە ناوی بەڵگە بهێندرێ و زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ژیان خان فەرمووو.**

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**كە دەڵێ بە تۆمەتی گوتنی زنیاری درۆ داوا دەكەم ئەو وشەی (درۆ)یە لابدرێ، چونكە جوان نیە و با بوترێ ناڕاست یان هەڵە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

کاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر گرنگی یاساکەو ئەو کۆمەڵە ئیمتیازاتەی کە تێیدایە من بە باشی دەزانم ئەو ماددەیە عوقەبەکەی توندتر بکرێتەوە، بەو شێوەیەی خوارەوە، (المادة السابعة، 1- یعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة واحدة ولاتزید علی ثلاث سنوات وبغرامة لاتقل عن ملیون دینار ولاتزید علی خمسة ملایین دینار او باحدی هاتین العقوبتین کل من حصل علی امتیازات هذا القانون نتیجة لادلاءه بمعلومات غیر صحیحة وخلافا للحقیقة وتسترد منه کل ما استوفاه من حقوق وامتیازات)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من ئەم ماددەیەم هەر پێ زیادە بەڕاستی، ئێمە قەوانینمان هەیە و ئیجرائات دەکرێ، یەعنی ئەسڵ ئەوەیە کە شتەکە تەحسیل حاسڵە، لە کاتی تەقدیم کردنی موعامەلات دا ئەو شتانە ڕۆتینە دەکرێ ئیتر، من لێرە چ پێویست دەکات ئاماژە بەوە بکرێت تەزویرات بکرێت نازانم چی، من پێم زیادە بەڕاستی جوانیش نیە بۆ یاسا کە شتی وای تیا بێت و لە هیچ یاسایەکی تریش دا شتی وامان نەکردووە، چونکە دەیان حاڵەتی تری لەم بابەتەمان هەیە، چ پێویست دەکات ئاماژەی پێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا دروستە قانون هەیە و عقوبات هەیە، بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی ڕەئیتان و شەرحتان، کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو موقتەرەحەی کەکاك عونی تەقدیمی کرد، ڕاستە ئەوە دڵسۆزیە بۆ پارێزگاری کردنی حقوقی زیندانیە سیاسیەکان و ئەو مافانەی کەوەری دەگرن و پارێزگاریشە بۆ ماڵ و سەروەرتی حکومەت کە خەڵك نەتوانێ بەڕێگای مەعلوماتی درۆ و خوا نەکردە ساختەکاری ئەو ئیمتیازاتانە وەربگرێ، بۆیە کاك عونی پێی وایە عقوبەکە هەرچەند لە پرۆژەکە واهاتووە کە ئیحالەی مەحاکمی موختەس دەکرێ، ئەم تەحدیدی عقوبەکەی دەکات بە ساڵێك و غەرامەکەشی لە ملیۆن کەمتر نەبێ، ڕاستە لەم یاسایەدا ئیمتیازات و حقوقێکی زۆر هاتووە، بیما مەعنا یەعنی جۆرێك لە موغریاتی تیایە بەرامبەر بەو کەسانەی کە بیانەوێ هەوڵی ساختەکاری بدەن خوانەخواستە، بەڵام ئێمە بەڕاستی بابگەڕێینەوە بۆ ماددەی 2 کە ئێمە دەنگمان لەسەری داوە، ئەم یاسایە هەدەفی وایە تەکریمی ئەم خەڵکە بکات و ئەو تەزحیەیەی کە داویەتی ریعایەتی

مەشاعیری بکات و موعاناتی کەم بکاتەوە، بۆ ئەوە نیە عقوبەی بدات، بەڵام ئەگەر هاتو کرداری خراپی کرد، ئەگەر هاتو مەعلوماتی درۆی دا و ئەگەر وەسیقەیەکی مزەوەری تەقدیم کرد، ئێمە قانونی عقوباتی عیراقیمان هەیە، عقوبەی ئەم باب و فەسڵانەی هەموو تەحدید کردووە، ئەخباری کازیب، تەضلیلی قەزا، موستەمسەکات و موستەنەداتی موزەوەر لە 289 و لە 298 عقوباتی بە 5 ساڵی تەحدید کردووە، پرۆژەکەش هاتووە و دەڵێ ئەگەر ئەو کەسە وەری گرت ئیحالەی مەحاکم دەکرێ، کە وتی ئیحالەی مەحاکم دەکرێ تەحسیلێ حاسڵە و قانونی عقوباتی عیراقی بەسەردا جێ بەجێ دەبێ، من پێموایە بەڕاستی ئەو ڕەئیەی کاك عونی زۆر باشە بۆ پارێزگاری یاسایەکە، بەڵام قانونی عوقابتێکمان هەیەو وەك لە یاسایەکەش دا دەڵێ ئیحالەی مەحاکم دەکرێت، کە دەڵێێ ئیحالەی مەحاکم دەکرێت بە تەحسیلێ حاسڵ قانونی عقوباتی عیراقی بەسەردا جێ بەجێ دەکرێ، لەبەرئەوە پێمانوایە ئێمە لە لیژنە ڕامان وایە کە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە وەکو مامۆستا عمر عبدالعزیز وتی یاسا عیقابیەکان خۆیان وازحن و ئاشکران، پێویست بەوە ناکات لێرە بکرێ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**کاك فرست موداخەلەیەکی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمانی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەتی مەعلوماتی درۆ جەریمەیە لە قانونی عقوبات عقوبەی خۆی هەیە، بەڕەئی من نابێت ببێتە دوو قسم، مەعلوماتی درۆ ئەگەر لەو قانونە بێت بە حوکمێك بێتە حوکم کرن، ئەگەر لە مەوزوعەکی تر بێت حوکمەکەی تر بێت، یەعنی نابێت نەفسی جەریمە دوو عقوبەی موختەلەفی هەبێ، ئەوە لە ناحیەك، لە ناحیەی دووەم ئەگەر مەعلوماتی درۆی دا یەعنی ئەومەعلوماتە لە ئیستمارە هاتیە نووسین، لە ئیستمارەی تەقدیمی داواکاریەکە، لازمە ئەو مەعلوماتانە مەدعوم بن بە چەند وەسیقەیەك، چونکە چۆن ئیسباتی دەکات کە ئەوە ڕاستە، چەند وەسیقەیەکی موزەوەر هەیە، ئەو وەختە کە ئیحالەی مەحکەمەی بکات بە مەعلوماتی درۆ، ئیحالە دەکەن بە مەعلوماتی تەزویری وەسائیق کو حوکمی لە 5 ساڵ زیاترە، لەبەرئەوەی بە ڕەئی من هەر ماددەکە نەبێت باشترە، چونکو قانونی عقوبات لەوێیە و عقوبەی لەوێیەو لیژنە کە حەزی لێ بێت ئیحالەی مەحکەمەی بکات ئیحالەی دەکات، نە بە مەعلوماتی درۆ، بە تەزویری وەسائیق، ئەو وەختە عقوبەکە زیاترە و ئیعتیادی تەحسیلێ حاسڵە و ئەگەر ئیسبات بوو مزەوەرە یان مەعلوماتی درۆیە و ئیمتیازەکە سەحب دەبێ و مەعقول نیە ئیمتیازەکەی بۆ بمێنێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا موقتەرەح هەیە چەند کەسێك پشتیوانی لێ دەکەن کە ئیلغا بێ و ئیلغایەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەی 7 لابچێ و ئیلغا بێت، تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ 36 بەڕێز لەگەڵە کە ئیلغا بێ، چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە کە بمێنێ؟ 34 بەرێز لەگەڵە کە بمێنێ، بۆیە بە زۆرینەی دەنگ لاچوو، ماددەی 7 ئیلغا بوو ئێستا بۆ ماددەی 8 لە ئەسڵی پرۆژەکە کە دەبێتە ماددەی 7، کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 8

لمجلس الوزراء اصدار الانظمة والتعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 7 کە لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی 8 ـە.

ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کێشەیەکمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کەس لەسەر ئەو ماددەیە دەیەوێ قسە بکات؟ ئێستا بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 8

لمجلس الوزراء اصدار الانظمة والتعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا بۆ ماددەی 9 لە ئەسڵی پرۆژەکە کە دەبێتە ماددەی 8، کاک خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 9

لایعمل بای نص قانونی او قرار یتعارض مع احکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان لەسەری نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کەس دەیەوێ قسە لەسەری بکات؟، نیە، بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە، کاک خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 9

لایعمل بای نص قانونی او قرار یتعارض مع احکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک احمد فەرموو.

**بەڕێز احمد وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 8

کار بە دەقی هیچ یاسایەك یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دا ناکۆك بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان وەکو ئەوەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا ئێستا بۆ ماددەی 11 لە ئەسڵی پرۆژەکە کە دەکاتە ماددەی 10، کاک خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 10

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 10

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟، کێ لەگەڵە ئەو ماددەیە وەکو ئەوەی خوێندرایەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا بۆ ماددەی 11 لە ئەسڵی پرۆژەکە کە دەکاتە ماددەی 10 ، کاک خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 10

ينفذ هذا القانون اعتبار من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک فەرموو.

**بەڕێز د.احمد وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 10

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان لەسەری نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کەس قسەی هەیە؟، نیە، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا ئێستا بۆ ئەسبابی موجبە کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

من خلال المسيرة النضالية لشعب كوردستان و تعرض الكثير من ابنائه الى الحبس والسجن والاعتقال وانتهاك حقوق الانسان على يد الانظمة المتعاقبة في العراق، لانهم عارضوا هذه الانظمة بالرأي او العقيدة او الانتماء السياسي او انهم تعاطفوا او ساعدوا معارضيها، و قد ترتب عن ذلك الحاق الضرر بالسجناء والمعتقلين، ومن اجل الايفاء بجزء بسيط مما قدموه فداء للوطن وتضحية في سبيل المبادىء التي ضحوا من اجلها، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ دەیەوێ لەسەری قسە بکات؟ کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هۆکاری دەرچواندنی ئەو یاسایە پێم هیچ ئەشکالاتێکی نیە، بەڵام ئێمە ماددەیەکمان زیاد کرد ئەمڕۆ کە پەیوەندی بە زیندانیانی سیاسیەوە هەیە ئەگەر لەسەر هۆکاری سیاسی لە کوردستان گیرابن، دەتوانین لێرە ئەم یاسایە ئەسبابی دەرچوونەکەی دیارە، ئەم یاسایە دەرچوێنرا بەدەر لەوە ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان لەسەر هۆکاری سیاسی گیراون دەگرێتەوە، ئەمە تەعبیر لەو ماددەیەش دەکات کە ڕێك کەوت بووین لەسەری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسبابی موجبەکە زۆر بە وازحی هاتووە هەمووی بە شاملی باسی سوجەنای سیاسی و حەبس و ئیعتقال دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کۆی ماددەکە لەگەڵ ئەسبابی موجبە دەدەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ دوو کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا دەست خۆشیتان لێ دەکەین و سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز زۆر هیلاك بوون لەگەڵی، پیرۆزبایی لەو زیندانیانە دەکەین کە لە نیزاڵ دا تووشی گیرگرفت بوون و ئینشاالله سوود وەردەگرن لەو یاسایە و قەرەبوو دەکرێنەوە، بەڕێزان ئێستا ئەمرۆ $6/30$ ەو ئاخر ڕۆژی خولەکەمانە، دەست خۆشی لە گشت ئێوەی بەڕێزی ئەندامانی پەرلەمان دەکەین و ئەو خوشك و برایانە و لە گشت لیستەکان، کە ئەم خولە خولێکی زۆر زۆر کارا بوو، زۆریش ئیشی باشتان کردووە، دەست خۆشی لە لیجانەکانی دەکەین و بە تایبەتی لە لیژنەی یاسایی بە حەقیقەت کە زۆر زۆر هیلاك بوونە و لەم خولە کاری باش کراوە، زۆریش ماوە و هێشتا خەڵکی کوردستان و خۆمان وەکو پەرلەمانتار چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە کاری زیاتر ئەنجام بدرێت، کاری باشتر بکرێت، ئیشی زۆر کراوە ئێمە لەم خولە 42 دانیشتنمان ئەنجام داوە، 33 دانیشتنی ئاسایی و 9 دانیشتنی نائاسایی، یەکێك لە دانیشتنە نائاساییەکان لە وەختی پشوو بوو، بەڵام ئەوانی تر هەمووی لە ناو خولەکە 11 یاسا و 14 بڕیار لەم خولە دەرچووە، 43 پرۆژە لە خولی پێشووتر کە خوێندنەوەی بۆ کرابوو مابوو، لەم خولەش 26 پرۆژەی تر کە خوێندنەوەی بۆکراوە و لەبەردەستی ئێوەیە و تەمەنا دەکەین ئەو خوشك و برا بەڕێزانە ئەندامانی لیژنەکان هەرکەس ئەو پرۆژانەی کە پەیوەندی بە ئیش و کارەکەیەتی زۆر بە وردی کاربکەن لەسەری بۆ ئەوەی حازر بن و پاشان گفتوگۆی لەسەر بکەن و لە وەختی پێویست، بەڕێزان لەم خولە لە خولەکانی پێشتر زیاتر برا وەزیرەکان و خوشکە وەزیرەکانمان هاتنە پەرلەمان و 17 وەزیر لە لیژنە هەمیشەییەکان ئامادەبوونە و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆ بۆ ئەم هۆڵە بانگکران و ئیستجواب کران و تەرحی سیقە کرا و ئەویش نەتیجەی پرۆسەی دیموکراسیە لە کوردستان هەیە و دەست خۆشی هەم لە ئێوەی بەڕێز و هەم برا وەزیرەکانمان کە بە روحێکی ریازیەوە ئامادەبوون وەڵامی خۆیان دایەوە، 11 وەزیر لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هاتووەتە ناو ئەم قاعەیە، سەرۆکایەتی سێ کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام داوە و 3024 نووسراو هاتوچۆ لە بەینی لیژنەکان و کاروباری ئەنجومەن و ناو سەرۆکایەتی پەرلەمان بووە، شتی وردەکاری تریش زۆر هەیە نامەوێ سەرتان بیەشێنم، ئەوەی کە داوامان لە ئێوەی بەڕێز هەیە زیاتر

خۆمان حازر بکەین بۆ ئەوەی باشتر میزانیە لەبەردەستمان بوو و موناقەشە کرا و دەنگمان بۆی دا و بتوانین لە ڕێی میزانیەوە باشتر چاودێری وەزارەتەکان بکەین و بزانین ئەو پرۆژانەی لەبەردەستیانە و ئەو کارانەی کە هەیانە پێیان سپێردراوە ئەو ئیمکانیەتە مالیەی لەبەردەستیانە بەرێکوپێکی لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بەکاری دەهێنن، ئەو بەڕێزانەشی کە لەم فەترەیە بەکارێك یان لە شوێنێك دەبن ژمارەی تەلەفۆن و شتیان لە کاروباری پەرلەمان دابنێن و لەکاتی پێویست بۆ دانیشتنی نائاسایی ئەگەر زەرور بوو بۆ ئەوەی بتوانین پەیوەندیان پێوە بکەین و حازر بن، جارێکی تر تەمەنا دەکەم باش لەسەر پرۆژەکان کار بکەن، باشتر خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەین و ئەمڕۆش دەست خۆشیتان لێ دەکەین و ئەو خوشك و برایانەی کە لە ژیانیان زەرەمەند بوونە بۆ خەبات و بۆ دیموکراسی و بۆ کوردایەتی و بۆ سەربەرزی لەهەر دین و نەتەوەو قەومێك بوون ئەمرۆ ئێوە هەدیەکی گەورەتان بۆیان داو دەنگتان لەسەری داو پیرۆزبایتان لێیان کردو پیرۆزی لە ئێوەش دەکەین و لەوانیش، ئێستا کۆتایی بە خولەکە دەهێنم خوای گەورە پشتیوانی هەموو لایەك بێ و ئەگەر کەموکورتیەکیش هەبووبێ هەموو خوشك و برایی یەکین و لە یەکتر داوای لێ بووردنتان لێ دەکەین و انشاللە سەرکەوتوو دەبن و هەروەها داوا لە ئێوەش دەکەین لە یەکتر ببورن دەزانین کە لە کاتی راگرتنتان لە قسە کردن کە لە بەرنامە دەردەچوون زۆرتان لە دڵتان ماوە ئەوانەی کە دەیوست ئیلتزام بە وەختەوە نەکات کە ئەوە ئەرکێکی پیرۆزی پەرلەمانە و زۆر لە دڵتانە ئەوانەی دەیانویست ڕاگەیاندن بێننە ناو پەرلەمان زۆر لە دڵیان ما، بەڵام الحمداللە ئێستا ئیشەکانمان مونەزەمە و بە ڕێکی دەڕوات هەموومان بە یەك دڵ لەهەر فراکسیۆن و هەر لیستێکین هەمووومان نوێنەری خەڵکی کوردستانین و خزمەتی خەڵکی کوردستان دەکەین، سوپاسی گەورەشتان دەکەین کە مووچەی خۆتان کەم کردەوە، هی پلە بەرزەکانتان کەم کردەوە، هی تەبەقەی هەژار و فەقیرتان بەرز کردەوە، سوپاسی ئەو روحیەتان دەکەین کە مقارەنەتان بکەین لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران و لەگەڵ پلە بەرزەکانی ئەوێ و راتبی کەمترە، ئەوە نەك کەمکردنەوەیە لە شەخسیەتی ئێوە، بەڵام بەرزبوونی ئێوەیە کە خزمەتی میللەتەکەتان دەکەن ناتانەوێ بودجەی میللەتەکە بەفیڕۆ بڕوا و خوا ئاگادارتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبداللە | د. ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |